
مێژووی بزوتنەوە
نەتەوایەتییەکان
لەئەورووپا
نووسینی:
نورالدین حاطوم
وەرگێڕانی:
خالید هەرکی

نورەددین حاتوم

# مێژووی بزوتنەوە نەتەو ایەتییەکان

بەرگی یەکەم

هوشیاربوونەوەی نەتەوە ئەوروپییەکان

**و/ خالید هەرکی**

ناوی کتێب: مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئەوروپا

ناوی نووسەر: نورەدین حاتوم

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : خالید هەرکی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئیبراهیم سالح

چاپی : یەکەم هەولێر ٢٠١٨

تیراژ: هەزار دانە ١٠٠٠

لە بەڕێوە بەرایەتی گشتی کتێبخانەکانە گشتییەکان ژمارەی (٩١٠) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

# پێشکەش

به گیانی ئاسودەی باوکی ئازیزم کە فێری ئەلف و بێی کوردایەتیی کردم و لەم پێناوەدا دوو جار زیندانی و ئازارەکانی خەباتی شارو شاخی چێشت لێ مخابن هەلمالینی رژێمی بەعسی نەبینی و بەم خەفەتانەوە سەری نایەوە

## پێشەکیی وەرگێڕ

کاتێك مرۆڤ لە دایك دەبێت بە ئازادی دێتە دنیاوە، دواتر هەندێکیان بە هۆی گێژاوی ژیانەوە ئەو ئازادیەیان لێ دەستێندرێتەوە. ئەوان وا دەزانن ئەوەی بەسەریاندا دێت تەنها بەسەر ئەواندا هاتووە، هیچ کەسێك یا گەلێك بەم قۆناغە یا دۆخەدا تێنەپەڕیوە، هەر بۆیە ئەگەر هوشیارو زیرەك نەبێت سەرلێشێواوو سەرگەردان دەبێت. ئەمە وەکو تاك، گەلانیش بە هەمان شێوە، لەم ڕووەوە نموونە و وێنەی خەباتی گەلان زۆرن. بۆ ئەوەی گەلان بە هەمان شێوەی تاك تووشی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی نەبن، دەبێت سوود لە ئەزموونی گەلانی ڕزگاربوو وەرگرن، خۆ دەڵێن (مێژوو دووبارە دەبێتەوە) ئەمە ڕاستە، بەڵام مەبەست ئەوە نییە دەقاودەق دووبارە دەبێتەوە، نەخێر. نە کەس کۆپیی کەسێکی ترە نە هیچ گەلێکیش کۆپیی گەلێکی ترە، دۆخەکانیش بە هەمان شێوە کۆپییان نییە، لێ پەند وەرگرتن هەیە، سوود وەرگرتن لە هەڵەی گەلان لە زانین و هوشیاری و ئاقلمەندی گەلان لە سیستەم و نەخشەڕێگەی گەلان هەیە. بۆیە ئەوانەی لە گێژاوی ئەم تەوەرەدا دەژین و پێیەوە بەندن، ئەوانەی خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن یا خۆیان خستۆتە ژێرباری بەر پرسیارێتی ئەم دۆزە، پێویستە لانی کەم لە ئەزموونی دەوروبەر و دەرو دراوسێ بە ئاگا بن.

ئەوەی من لەم کتێبەدا بۆ ئێوەی خوێنەر وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئازیز، بەشێکە لەو سەرچاوانەی سوودت پێ



دەگەیەنن، ڕووناکیت پێ دەبەخشن بۆ دوورکەوتنەوە لە تەختەی چروك، شارەزابوون لە مێژووی پڕ سەرروەری گەلان، لە مێژووی داگیرکاری ڕژێمە ستەمکارەکان کە هەندێکیان لە هەوای هەناسەمان لە ئێمە نزیکترن. بۆ دەبێ لە هەستیان لە چاوچنۆکییان لە چاوتێبڕینیان لە خوو و نەریتیان لە بەرنامەو پیلانیان تێ نەگەین؟! تا چیتر کڵاومان لە سەر نەنێن، لە ژێر دەستەواژەی پیرۆز و ناسك دەستەڕۆمان نەکەن و وڵاتیشمان بە داگیرکراوی دابەشی سەر خۆیان نەکەن!.

دوا بەشی ئەم کتێبە دێتە سەر ئەزموونی داگیرکاری دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر ناوی (فتوحاتی ئیسلامی) کە پەلی بۆ ئەوروپاش هاویشت و گەلانی بۆ ماوەی زیاتر لە سێسەدد ساڵێك وێران و ژێردەست کرد، خێرو بێری لێ دزیون، کەلتووری لێ سەقەت کردوون و لە زێدی باب و باپیرانی وەدەر ناون. ئەمانە هەمووی بە دەمامکێکی پیرۆز ئاسا ئەنجامی داون، بەڵام ئەوان تا سەر بەم زوڵم و ستەمە قایل نابن، دەکەونە خۆ و دەستی زاڵم لەسەر خۆیان هەڵدەگرن، ئەو نەریتەی ئەوان لەو ماوە درێژەی داگیرکاریدا بەسەریاندا سەپاندن، لە گۆڕینی ناو و قەدەغەکردنی ئاینی و هەڵگەڕاندنەوەی نەوەی نوێیان و بە تورك کردنی کەسە لاوازو کۆیلەکان، ئەو گەلە ئەوروپییانە دوای ڕزگاربوونیان بە ماوەیەکی کورت دۆخەکەیان ئاوەژوو کردەوە، هەڵیانگێڕایەوە سەر بارەکەی خۆی، بە کەمێک لە کەموکوڕییەوە.

ئەگەر بۆ نموونە یەکێك لە دورگەکانی گریکستان وەرگرین کە دورگەی(رودوس)ە، لە ماوەی ساڵەکانی سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە تورکە عوسمانیەکان داگیری دەکەن، پیاوە ئاینیەکانیان ئەوەی دەکوژرێ دەکوژرێ، ئەوانیتر دەربەدەر دەکەن بۆ دورگەی کریت! ناوی شارو شاخ و کوچەو کۆڵانەکانیان بۆ ناوی ترکی دەگۆڕن! ( ئەم ناوگۆڕینە نەریتێکی پێداگرە لای ترکەکان، ئەوەتا لە باشوری وڵاتی خۆشمان تا ئێستا چەندین ناوی بە بنەڕەت تورکی ماونەتەوە کە جێگەی داخە، لەوانە قەرەچوغ، قەرەداغ، قوشتەپە، باشتەپە و هەموو دەستەواژەیەك کە ئەم وشانەی تێدایە تەپەو قەرەو داغ و ئاغلو کە ئۆغلویە لە ڕاستیدا، ئەمانە تا ئێستا لە باشور ماون، لە باکوریش سەرجەم گوند و چیا و شارەکان لای حکومەتی تورك ناوێکی هەیە لای هاووڵاتیان ناوە ڕەسەنەکە). لە دورگەیەکی بچووك وەکو ڕۆدۆس بە دەیان کۆشك بە ناوی مزگەوت بۆ حاکم و والی و پاشا دروستکراون، دەست بەسەر زەوی و سامانی دانیشتوانەکەدا دەگرن تاکە فەرمانبەرێکیش لە دانیشتوانەکەی دانامەزرێنن! بەڵکو هەموویان لە تورکیاوە دێنن و ماوەی زیاتر لە سێسەد ساڵ، واتە تا ساڵی ١٨٢٤داگیری دەکەن. دوای چەندین ڕاپەڕین و یاخیبوون، دواجار بە بازوی خۆیان و پشتگیری و هاوکاری ئاوارەکانیان لە وڵاتانی هەندەران، دەتوانن سوپای تورك وەدەرنێن و دورگەکەیان ڕزگار بکەن. ئێستاش لە دوای بەسەرچوونی تەنها کەمتر لە دووسەد ساڵ تاکە ناوێکی تورکی لەم دورگەیەدا نابینیەوە، کەمترین دابونەریت یا کرێکار و سەرمایەدارو فەرمانبەری تورك، تەنانەت چێشتخانەو دوکانێکی تورکیش لەم دورگەیە نابینیەوە. لە کاتێکدا ئەم دورگەیە تەنهاو تەنها نزیکەی بیست کیلۆمەترێك لە خاکی تورکیا و لە یەکەم شاری تورکیاوە دوورە. ئەمە هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە دی، بەڵکو بە هەستی پۆڵایینی نەتەوایەتی، بە مۆراڵی نیشتمان پەروەری و بە بڕوابەخۆبوون دێتە دی. دە ئێوەش ئەی هاونیشتمان ئەی هاوزمان و هاوچارەنووس و هاوخوێن، دەرسێك لەو دورگە بچووکەی گریکستان وەرگرن کە ڕووبەری زەویەکانی درێژیی(٦٥کم) و پانیی(٢٠کم)ە بەڵام ململانێ و ڕکابەری و تەحەددای دەوڵەتە زەبەلاحەکەی عوسمانیی کرد کە سنوورەکانی ئەوکات لە ڕۆمانیا و

سربیا و مەکەدۆنیاوە گەیشتە مەغریب و لیبیاو سودان ومیسر و عێراق و سوریا و قەوقاز. دە ئەی هاونەتەوەم خۆڕاگرانە ئەم مێژووانە بکە بە پەند و بەرنامەی خۆت تا ئەو کاتەی کەلتورت ناسنامەت نەتەوە و نیشتمانت لەسەر ئاستی دونیا بە فەرمی دانی پێدا دەنرێت و دێتە ڕیزی وڵات و نەتەوەکانی دونیا، تا ئەوکات هەموو کەلتوورێك لە خۆت و خانەوادەت قەدەغەکە، زمانت بە زیندویی بپارێزە، ناوە کوردییەکانت لە هەموو ناو و زمانی دونیا لا پیرۆزتر بێت، نیشتمانەکەت لە سەرجەم خاکی دونیا لە لا پیرۆزتر بێت، نەتەوەی کوردت لە سەرجەم نەتەوەکانی دونیا لە لا شکۆدار و بە بەهاتر بێ . ئەوسا کە بە ئامانج گەیشتیت لەسەر بنەمای یەکسانی بۆ گشت تاکێك بۆ گشت نەتەوە و گەلێك دروشم و بەرنامەی کارتن بێ.

٢٠١٧/٦/٧ ڤێلپ/ هۆڵەند

نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم.

# بابەتی یەکەم

## نەتەوایەتی ونیشتمانپەروەری

## بەشی یەکەم

### پرەنسیپەکانی بنەمای نەتەو ایەتی

دەوروبەری ساڵەکانی نێوان ١٧٦٠-١٧٧٠ بوو کاتێک لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا بانگی مافی نەتەوایەتی بەرز دەبێتەوە، بۆ نموونە:

لە ئیتالیا لەسەر دەستی مێژوونووسان(مافیچی١٦٧٥-١٧٥٥) ومورات Jaochi Murat توری (١٦٧٢-١٧٥٠)، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاش بیزیی باوك لە ساڵی (١٧٦٢ ) مێژووی گەلانی سلاڤیی بولگاری و قەیسرەکان و بولگاریەکانی نووسی، لە هێرشەکەی ڕوسیا دژی تورکیا لە ساڵی ١٧٧٠ بزوتنەوەیەك لە گریکستان سەری هەڵدا ئەم دورگەیەی هەژاند. لە وڵاتەکانی باکوریش لە ساڵی(١٧٦٠) یەکەم میسۆلۆجیای ئەسکەندەنافی بە زمانی ئەڵمانی دەردەچێ، لە ساڵی (١٧٧٢) جیرارد شونینگ بۆ یەکەم جار مێژووی نەرویژ دەنوسێتەوە، هەر دوای چەند مانگێك یەکەم سروودی نەرویژی دادەنێت کە تیایدا هاتوە:

( بێگومان ئێمە ڕۆژێك هوشیار دەبینەوەو كۆت و بەندەكان دەشكێنین و بەسەر هەموو ناخۆشییەكاندا زاڵ دەبین).

هەروەها لە ساڵی (١٧٧١ ) لە فینلەندا هەمان سروود دەنووسرێتەوە، لە ئەڵمانیاش لە ساڵی ( ١٧٧٣ ) گۆتە كۆپلەیەك دەنووسێت بە ( گوتز فون برلیشتنگن) دەناسرێ، ئەمە یەكەم كۆپلە دەبێت كە سیمای نەتەوایەتی ئەڵمانی پێوە بەدی دەكرێت، هەروەها لە وڵاتەكانی تریش سروود بۆ زیندووكردنەوەی ناوی بەلژیك گوتراوە.

ئەم دیاردانە سەردەمێك بوون لەگەڵ بەرنامەی سەربەخۆ و یەكگرتنەكەی (سمۆئیل ئادەمز) دەهاتنەوە، لە ماساتشۆستس ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە ساڵی (١٧٧٢-١٧٧٣ ) بەهەمان شێوە، هەروەها لە دابەشكردنەكەی پۆلۆنیا لە ساڵی ( ١٧٧٣ ) كە ئەوروپای بەم ڕووداوە هەژاند.

ئەم ڕووداوانە وا بە ئاسایی بەڕێ نەكران و بەرنامە و ئامانجەكانیش ئەوەندە ڕوون نەبوون، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئەم ڕووداوانە لە یەك كاتدا هاتن و گشتگیر بوون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لەو سەردەمەدا هەستی نوێ لە ئەوروپا بڵاو بۆتەوە و سەریهەڵداوە.

لەڕاستیدا هەمان كات چەند بیردۆزێكی نەتەوایەتی سەرهەڵدەدەن كە بەسەر دوو قوتابخانەدا دابەش دەبن:

ا/ قوتابخانەی فەرەنسی ب/ قوتابخانەی ئەڵمانی. لەم دوو قوتابخانەیەدا زیرەكی ئەو دوگەلە ڕەنگدەداتەوە، بە ڕوونتر بلێین سیماو كەلتووری ئەو دوو گەلە لەم دوو قوتابخانەیە بەدی دەكرێ، ئەمەش ئاماژەیە كە بە درێژایی مێژوو تایبەتمەندی خۆیان پاراستوە بەجۆرێک بۆتە كەلتوور و تایبەتمەندی كەسایەتییان.

**ا/ قوتابخانەی فەلسەفەی فەرەنسی**

ئەگەر لە ڕووی سیاسییەوە بڕوانینە فەرەنسا، دەبینین لە سەرجەم وڵاتە ئەوروپییەكان پێشكەوتووترە، جگە لە بەریتانیا. ئەوەی فەرەنساش جیادەكاتەوە مێژینی گەلی فەرەنسایە، لە ڕووی

مێژووییەوە پێکهاتە فرەنسیەکان لە وکۆمەڵانە پێکهاتوون کە لە دێرزەمانەوە لە ڕێگەی هێرش و داگیرکاریەوە ڕوویان لە فرەنسا کردووە و لێی نیشتەجێ بوون و لەگەڵ خەڵکە ڕەسەنەکە تێکەڵاویان بووە، ئەمە لە سەرجەم هەرێمە ڕەگەز پەروەرەکانیش ڕوویداوە، بەم شێوەیە گەلێك دروستبووە کە گەلی فرەنسای ئێستایە، ئەمەش بە هەوڵ و پاڵپشتی خانەوادەی ( کالبسی) دروست بووە کە لەم بوارە هەوڵی زۆریان داوە. بۆیە دەبینین گەلی فرەنسی لە کۆنەوە دەوڵەتی فرەنسایان دامەزراندووە و هەستی نیشتمانپەروەریش لای ئەوان خاوەنی دیرۆکێکی کۆنە، ئەوەتا هەموو نووسەر و مێژوونووسەکان بۆ ئەم هەستە ڕاو بۆچوونیان هەیە کە هزرە سیاسیەکان لەم بوارەدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەبووە .

به گوتەی مێژوونووسی فرەنسی ( ئۆگستون تیری) نەتەوەی فرەنسا لەگەڵ (هۆگ کاییت)ەوە دەست پێدەکات، بۆیە زۆربەی مێژوونووسەکان وای دەبینن  ڕووداوی (یوڤین) کە لە نێوان (فیلیپ ئوگستن) و ئیمپراتۆر (ئاوتونی چوارەم ) و هاوپەیمانانی لە ساڵی (١٢١٤) ڕوویداوە، یەکەم ئاماژە و دیاردەی نەتەوەپەروەری فرەنسا بووە. مێژوونووس ( گیزو) وای دەبینێ کە نەتەوەی فرەنسی لە سەردەمی خانەوادەی (فالون) هەستی بە بوونی خۆی کردوە .  مێژوو نووس( میشیلیە)ش وای دەبینێ کە بوژانەوەی فرەنسا بۆ (جاك دارك) دەگەڕێتەوە، مێژوونووسە کۆماریەکانیش وەکو(لافیس واولار) وای دەبینێ کە نەتەوەی فرەنسی لە سەردەمی شۆڕشەوە دەستی پێکردووە، لە ڕاستیشدا هەستی نەتەوایەتی لە فرەنسا کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدەی سیانزەهەم.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگ و مەبەستە ئەوەیە کە هەستی نەتەوایەتی لە فرەنسا کۆنە و زوو دەستی پێکردووە و بۆتە بنەمایەك بۆ مەزهەبی فرەنسی بۆ نەتەوەپەروەری نەك حەزێکی سادە بێت، بەڵکو هەستێکی شاعیرانە و هۆشمەندانەیە کە بە مافێکی ڕەوای گەلی فرەنسای دەزانن. ئەم هەست و مافەش بە هۆی ڕەزامەندی کەسێکەوە نەبێت بۆ کەسێکیتر ناگواسترێتەوە. ئا بەم شێوەیە دەبینین کە بنەمای هەر نەتەوەیەك بە گرێبەست بنیاد دەنرێت.

ئەم بیردۆزەی لەسەر ئەو بڕوایە دروست دەبێت کە نەتەوە پەروەری گرێبەستێك بێت لە نێوان گەل و سەرکردەکەی، لە سەدەی چواردەهەمەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەم درێژەی هەبوو، بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لە پەنای مافی پادشاوە ئەم هەستە ئەگەر نەڵێین لەناو چوو بەڵام بۆگەن بوو. لە سەدەی هەژدەهەمیش ئەو هەستە بووە نەریتێکی کۆن، چونکە تا ئەوکات بۆچوونی باو ئەوەبوو کە خەسڵەتەکانی دەوڵەت ئەوەن کە خاوەن دەسەڵات بێت و ئەو دەسەڵاتەش دەبێ بەدەست پادشاوە بێت. بەڵام لە هەمان سەدەی هەژدەهەم دووبارە هزری نەتەوایەتی سەری هەڵدایەوە و بە هزر و باوەڕی، وەکو مەرجی دەوڵەت دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێت بوونی هەبێت، بەڵام دەسەڵاتەکان بەدەست پادشاوە نەبن، هۆکاری ئەم بانگەوازەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

١/ نەبوونی ڕۆشنایی تەواو و فرە بۆچوون لەسەر ڕەچەڵەکی فرەنسای کۆن و سروشتی هێرشەکانی سەر فرەنسا و ڕۆڵی هەریەك لە فرەنجیەکان و(گالیەکان) لە دامەزراندنی فرەنسادا. ئەم ئەرگومێنتە (هیللو دو تیەو هوتمان) مێژوونووسانی فرەنسی لە سەدەی شانزەهەم دایدەخەن ولە سەدەی حەڤدەهەم درێژەی دەبێت، لە سەدەی هەژدەهەمیش زۆر بەهێز دەتەقێتەوە، بەڵام ئەو دوو مێژوونووسە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك چونکە قسەو باس و لێکۆلینەوە لەسەر ڕەسەنیی فرەنسی بەردەوام بوو هەمیشەش لێی بەگومان بوون. بەهۆی ئەوەوە بوونی نەتەوی فرەنسی دیفاکتۆ بوو بۆیە لەڕووی هزرەوە بڕیاریان دا بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێن نەك لە ڕووی مێژوییەوە .

٢/ چونکە ئەدیب و سیاسەتمەدار وهزروانەکان لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە خزانە ناو دونیای سیاسەت وفەلسەفە، ئەم بوارە پێشتر لەلایەن یاساناس و خواوەندیەکانەوە(ربوی) قۆرخ کرابوو، دواتر کاردانەوەش لە بواری فەلسەفی لە دژی حوکمڕانی ڕەهای پادشا سەری هەڵدا. لە ساڵی ( ١٧٤٧ ) فەیلەسوف( جونیفی بورلاماکی) بڵاوکراوەیەکی بەناوی (بنەماکانی مافی سروشتی) بڵاوکردەوە .

له ساڵی (١٧٤٨)دا (مۆنتسکیو) کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی( ڕۆڵی یاسا)ی بڵاوکردەوە، دواتریش سەرجەم هزرو فەلسەفەکانی قوتابخانەکەی بڵاو دەکاتەوە، لەم دوو تەوەرە (بیردۆزی ئازادی سیاسی) هاتە بەرهەم. بە هەوڵ و هیمەتی ئەو زانا و هزروانانە وشەی(گەل) واتا تەواوەکەی خۆی وەرگرت کە یەکێتیی ڕەسەنە، فکری نەتەوەش واتە ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەم شێوەیە هەموو کێشمەکێشمەکانی پێشتر کە نارۆنی وناتەبایی لەسەر بوو گەیشتنە چارەسەر، لە سەروی هەموویانەوە ڕەسەنایەتی فرەنسا. ئەم گرێکوێرانە بەهۆی ئاقڵمەندی زانایان دەکرێنەوە، بەم کارە هزریە واتای (نەتەوە) دەبەسترێتەوە بە یەکێتی نەتەوە و هۆشیاریەوە و لە هزری مافی دەوڵەتیش جیا دەکرێتەوەو بە هزری ئازادی و هزری ماف دەبەسترێتەوە .


خۆ ئەگەر لەسەر بنەما سەرەتاییەکەی چەمکی نەتەوە لە دونیای هزر بیر کەینەوە، ئەوا مەترسیی لەسەر چەمکی نیشتمانپەروەری دروست دەکات، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم چەمکە بتوێنێتەوەو لە هزری ئادەمیزادی ونیشتمانی جیهانیدا خۆی ساغ کاتەوە. بەڵام ڕوداوەکان بەتایبەتی ڕوداوە سیاسیە دەرەکیەکان ئەم چەمکەیان ڕاستکردەوە، دیسان شەڕەکانی شۆڕشی فرەنسیش هزری نەتەوەیان بۆ باوەشی نیشتمانپەروەری نەتەوایەتی گەڕاندەوە پاش ئەوەی خەریك بوو لە نێو گۆمی نیشتمانپەروەری جیهانیدا ون بێت، (ڕۆبێر) کە یەکێکە لە شوێنکەوتوانی (دانتون) لە کۆنگرەی نیشتمانی فرەنسیدا دەڵێت:

( دەمەوێ ئەو ساتانە لەبیرکەم کە فرەنسا بە پرۆژەکانی دونیاوە سەرقاڵ بوو، دەمەوێ خۆی تەنها بە فرەنساوە سەرقاڵ بکات، من ئەم جۆرە خۆپەرستیە نیشتمانیەم دەوێ، کە بەبێ ئەو ناپاکی لە ئەرکەکانمان دەکەین، من هەموو کەسێکم خۆش دەوێ، بەتایبەتی ئازادی خوازەکان، بەڵام باشترین پیاوە ئازادیخوازەکانی دونیا لای من ئازادی خوازانی فرەنسان ).

ئەمە ئەو هۆکارانەن کە ئەم بیردۆزەی پێ لەدایك بووە، دەبا بە ئومێدی ئەو بیردۆزە بین، ئەم بیردۆزە لە ساڵی ١٧٦٠ دانراوە بەتایبەت لەسەر دەستی (جان جاك رۆسۆ) لە دوو کتێبدا هاتووە: (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) لە ١٧٦٢، ( دیدێك لەسەر حکومەتی پۆڵۆنیا) لە ١٧٧٢.

(جان جاك رۆسۆ) لە کتێبەکەی بەناوی (زیادە گوتار) کە لە ساڵی ١٧٥٤ چاپی کردووە، ووتی ( دەبا هەموو ڕووداوەکان دوور خەینەوە) بە شێوەیەك دەبینێ هەروەکو بینینی پیاوێکی خاوەن زانست( ئینسکلۆپیدی)، گریمانە وەکو سەپاندن بەسەر ڕووداوە کۆنەکاندا نایەت، بەڵام دەکرێت بۆ ڕوونکاری سوودی لێوەربگیرێت، بەتایبەت بۆ ڕووداوە هەنووکەییەکان، ئەو ڕووداوانەش بۆ ئەوەن کە مرۆڤ لە ژیانیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە ئەمانیش: حاڵەتی سروشتی و حاڵەتی بەربەری و دواتر حاڵەتی کۆمەڵایەتی، کە ئەو حاڵەتی حاڵی حازرە کە پڕیەتی لە دیاردەی جوان و ناشیرن تا بەم دۆخە شارستانیەتە دەگەن، دواجار حاڵەتی شارستانیەتە کە مرۆڤ بە گرێبەستێك بە دەوڵەت ویاسا و بەرژەوەندی گشتی دەبەستێتەوە .

جان جاك رۆسۆ پرسی نەتەوایەتیی چارەسەر نەکرد و بە پێناسەیەکی پاراویش نەیناساند، بە پێچەوانەوە ئەو وشەی ( نەتەوە)ی بە واتا هاوچەرخەکەی پێناسە کرد، لە دیالۆگیشدا لەگەڵ خود دەڵێت (ئەو پیاوێکی جیهانیە ڕێزو ستایشی هەیە بۆ یاساو دەستورە نەتەوایەتیەکان). لەکاتێکدا هەندێك لە بیردۆزەکانی جان جاك رۆسۆ بیردۆزی نەتەوایەتین شیکاری و پاساوی باشی



بۆ هێناونەتەوە، یەکەم بیردۆز لەم بیردۆزانە (گرێبەست)ە ئەمەش مەبەستی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە کە بنەمای کۆمەڵگەی شارستانی و کۆمەڵگەی نموونەییە،هەر لەوێش گوتەی( پەیوەستیەکانی هاووڵاتیان بنەمای دروست بوونی کۆمەڵگەیە) سەرچاوەی گرتووە، ئەو ئیرادەی گشتی کە شوێن ئیرادەی تاك دەگرێتەوە لە حاڵەتەکانی کۆمەڵایەتی، دەبێتە دەربڕینی

بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێکی نەتەوایەتی.

به دیدی جان جاك رۆسۆ بوونەوەری کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، بۆیە دەبێت مافی ژیانیشی بسەلمێنین، هەر لە بیردۆزی کۆمەڵایەتی هزری بەستنەوەی دەوڵەتمان دەست دەکەوێت، دەوڵەت وەکو دەزگایەکی سیاسی بەو ڕۆحە نەتەوایەتییە دەبێت هاووڵاتی هاوبەستەگیی لەگەڵدا هەبێت. سەبارەت بە فەلسەفەی تایەبەتی و گشتیی رۆسۆ لەسەر ئاین، بۆ ویژدانی دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە تاك دادەڕێژێت.

یەکێکی تر لە بیردۆزەکانی جان جاك رۆسۆ لەسەر (پەیوەندیەکانی نەتەوایەتی) بەتایبەت لە چەمکی دەوڵەت، دەڵێت:

(ئامانجی یاسادانان پێویستە سیمایەکی نەتەوایەتی بە گەل ببەخشێت و بوژاندنەوەیەکی لە دڵدا دروست بکات، ئەمەش لەژێر کاریگەری پەروەردەی نیشتمانی و ڕەوشت و داب و نەریتەوە دەکرێت) . ئەم بۆچوونانەن کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (دیدێك لە سەر حکومەتی پۆڵۆنیا) لە ساڵی (١٧٧٢ ) زیاتر ڕوونی کردوونەتەوەو لێیان ورد بۆتەوە، دەڵێت :

(بۆیە دەبێت دەوڵەت لەگەڵ ڕۆحی نەتەوایەتی بگونجێنین) بەم شێوەیە هەوڵیدا دەستوری پۆڵۆنیا بنووسێتەوە، بەڵام وای دەبینێت کە دەستوری کۆماری لەگەڵ هەست و سۆزی نەتەوایەتی نایەتەوە تەنها لەپێناو دەوڵەتانی بچووکدایە.

ئەوەی لە جان جاك رۆسۆ بەلای ئێمەوە گرنگە، ڕۆحی بیردۆزەکانی و بیرو بۆچوونی سەردەمیەتی لەسەر هزری دیموکراسی و کۆماری و هزری سەروەری دەوڵەت. چونکە بیردۆزەکانی لەسەر دەستی خوێندکار و شوێنکەوتوانی بە ڕوونی شیکراونەتەوە، لەوانە بۆ نموونە (کانت) لە بواری فەلسەفەی میتافیزیکی، بیرکردنەوەکانی جەختیان لەسەر سەربەخۆیی تاکی مرۆڤ کردۆتەوە، ئەگەر ئەم بیرکردنەوانەمان لەگەڵ هزری نەتەوایەتی بەراورد پێکردن و لەسەریانمان جێبەجێ کردن، دەبێ ڕێز لە ئیرادەی تاك بگیرێت و نابێت ئیرادەیەك لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی بەسەریدا بسەپێندرێت. بە دیدی (کانت) ڕەوشتی تاك هەمان ڕەوشتی نەتەوەیە، هیچ پاساوێك بۆ

دەستدرێژی کردنە سەری نییە، لەکاتێکا (کانت ) هاوولاتیەکی ڕەوشتبەرزی بێ بنەمای نەتەوی و مرۆڤایەتی بوو.

تەواوکەری بۆچوونەکانی کانت لە فرەنسا و بەتایبەتیش لە دونیای سیاسەت (مابیلی) بوو کە بیردۆزەکانیی لە دوو کتێبدا نمایش کردن ( لێدوانەکانی فوسیون لەسەر پەیوەندیی ڕەوشت بە سیاسەتەوە) لە ساڵی١٧٦٣ و (تێبینیەکانی سەر مێژووی فرەنسا) لە ساڵی ١٧٦٥.

بیروبۆچوونەکانی (مابیلی) بۆ سەردەمی خۆی کاریگەر بوون، ئەو بوو پرەنسیپەکانی مەزهەبی یەکسانی و تەنانەت کۆمۆنیستیشی دانا، ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵایەتییەوە هەبوون. لە مێژووی فرەنساش جۆرێك لە بنەماکانی کۆماری نەتەویی فرەنجی و فرەنجیی باڵای دانا. وای دەبینی کە ئەنجوومەنی نەتەوایەتی دەربڕینێکە لە ژیانی نەتەوایەتی جیاناکرێتەوە و پێش پادشایەتیشە. بەهۆی ئەوەی مرۆڤیش یاسای تایبەتیی هەیە، بۆیە ناکرێت لە ئیرادەی تایبەتیی دوور بخرێتەوە، بەم شێوەیە بیردۆزەکانی رۆسۆ، مابیلی و کانت دەبینین کە خۆزگە بۆ دیدێکی نەتەوایەتیی پەیوەست بە ئیرادەی ئازادەوە دەخوازن.

ئەوەی شایەنی باسە بگوترێت ئەوەیە کە ئەم بیردۆزانەی پەیوەندیان بە نەتەوەوە هەیە لە بازنەی فەلسەفە دەرچوونە و بوونەتە دیفاکتۆ. لەوکاتەوە دەبینین کە کەسانێك گرنگی بە کار دەدەن لە کاتێکدا کەسانی خەیاڵین .

(مرکیز دار جانسۆن) لە بیردۆزەکانیدا لەسەر حکومەتی فرەنسا لە بڵاوکراوەکانی ساڵی ١٧٦٤ نەخشەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانیی لەسەر بنەمای نەتەوی داڕشتبوو، بۆیە بە پێشەنگی مژدەبەخش و ئاسۆبینی نەتەوەکانی گریکی و ئاسیای بچووك و فەلەستین و سوریا ومیسرو مەراکش دەناسرێت، ئەم چەمکە تا ئەوروپاشی گرتەوە.

بە دیدی ئەو دەبێت لە نموونەی یەکگرتویی جێرمانی و باتیفی و هلفینی لە سویسرا بێ و یەکگرتوویەکی لە شێوەی دەوڵەتانی ئیتالیشیان هەبێت. هەر لەوکاتانەی خەڵکی پێشوازییان لە بیردۆزەکانی مابیلی و رۆسۆ دەکرد، لەو کاتدا ولایەتە یەکگرتووەکانی فرەنسا سەربەخۆیی

وەردەگرن، هەرچەندە ئەم سەربەخۆییە بەمەبەستی سیاسی دەبێت نەك نەتەوایەتی، بەڵام ئەمە سەرکەوتنێك بوو بۆ هزرە فرەنسیەکان لە پێناو بە ئامانج گەیشتنی دەوڵەت.

لە سەردەمی شۆڕشی فرەنسیشدا بیردۆزی نەتەوایەتی کەوتە بواری جێبەجێکردن و بوو بە مەزهەبێکی ئەم شۆڕشە، دواتریش بوو بە چارەسەرێکی واقعیانەی ئەو سەردەم. جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون ببوون بە دوو بنەمای ئاراستەکانی نەتەوایەتی کە خۆیان لەم دوو ئاراستەیەدا دەبینیەوە:

یەکەم/ سەرەوەری بۆ نەتەوەیە .

دووەم/ یاسا دەربڕی ئیرادەی گشتیی گەلە. هەر ئەو ئیرادە گشتیەیە کە خاوەنی یاسای سەروەری نەتەوەیە، دەوڵەتیش دەبێت بە ڕەزامەندی هاووڵاتییە ئازادەکان بێت. بەم شێوەیە ئەم هزرە ئازادە دەبێتە سەرچاوەی شۆڕش. ئەمەش وادەگەیەنێت کە لە کاتێکدا نکۆڵی لە مافی جیابوونەوە دەکات و لە هەمان کاتیشدا دان بە مافی جیابوونەوەدا دەنێت بۆ گەلانی ژێردەست و چەوساوە، چونکە ئەم مافی جیابوونەوە کارێکی ناڕەوا نییە، تەنها مافی بەرگریە لە بوون. لە ڕاستیشدا لە دەستوری ساڵی ١٧٩١دا بڕگەیەك هاتووە دەڵێت: (نەتەوەی فرەنسی دەست لە هەموو شەڕێك هەڵدەگرێت کە لە پێناو داگیرکاری بێت و هێزەکانیشی دژی ئازادییەکانی گەلان بەکار ناهێنێت). هەر چەند مانگێك دوای ڕاگەیاندنی ئەم دەستورە گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە ڕوونتر ئامانجەکان دیاری دەکات و بڕگە دەستورییەکەش شیدەکاتەوە کە دەڵێت:

(هێزەکانی فرەنسی دەبێت لە ژێر فەرمانی گەلانی دیکەدا بێت لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی).

بەم شێوەیە مافی گشتیی هاتە کاو لە هەمان کاتیشدا ئەم بیردۆزە جێبەجێکرا کە لە بەرژەوەندی فرەنسادا بوو، واتە فرەنسا لە کاتی جەژنی یەکێتیی لە ١٧٩٠/٧/١٤ کاتێك نوێنەری هەرێمەکان دێنە پاریس بۆ واژۆکردنی پەیمانی نیشتمانی، بە پراکتیکی خۆی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)ی

جێبەجێکرد، بەمەش بیردۆزو هزرەکانی رۆسۆی خەیاڵی لە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) جێبەجێ کردن.

شۆڕشی فەرەنسی هەمان بەرنامەی بۆ بەرفراوانکردنی سنوورەکانی فەرەنسا پیادە کرد، کە بەهۆیەوە دوو کێشەش چارەسەر دەکات:

١/ لەخۆ گرتنی هەرێمی (کۆنتافینیسیا).

٢/ کێشە هەڵواسراوەکانی دروستکراو لەلایەن میرە ئیمپراتۆرەکان لە (مالکونی ئەلزاس).

دانیشتوانی (کۆنتادیون)ەکان داوایان لە پاپا دەکرد ئەنجومەنێکی نەتەوایەتیان بۆ دامەزرێنێ بۆ ئەوەی بتوانن بەهۆیەوە کۆنتا فینیسیا و ئەفیون لەگەڵ فرەنسا یەکبخەن، چونکە سەرچاوەو مەرجەعی فەرمیی ئەو پرسە گەل خۆیەتی، هەر ئەو ئەم دەسەڵاتەی هەیە بڕیار لەسەر ئەم پرسە بدات، بۆیە پێویستە ئیرادەی گەل ڕابگەیەندرێت بەر لەوەی ئەم پرسە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی لایەنەکانی دیکە.

کەواتە دەسەڵات و ڕەزامەندی گەل تاقە دەسەڵاتە لەم رووەوە کە بتوانێ بڕیار بدات ئاخۆ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت یان نا. لە ڕاستیشدا ئەنجومەنی کونتانەکان و ئەفیون بڕیاری خستنەوەی سەر فرەنسایاندا، هەر ئەو ڕەزامەندیەی گەلی کانتۆنەکان بوو کە لە فرەنساش نوێنەرانی وڵات ڕەزامەندی و بڕیارەکەیان پەسند کرد. هەندێك لە نوێنەرانی فرەنسا بۆ ئەم پرسە زۆر بە پەرۆش بوون و بەرگری زۆریان لێکرد، لەوانە (ڕۆبسپیر و بتیون و بارنوف) بەڵام هەندێك لە مافپەروەران دژی وەستانەوە، لەوانە (تونشیە بەناوی مافی کۆنەوە و چەند سیاسەتمەدارێکیش وەکو میرابو بەناوی هەلپەرستی). بەڵام دواجار کاتێك ئەنجوومەنی گشتیی فرەنسا بڕیارەکەیان پەسند دەکات، ڕێچکەی یاسایی خۆی وەردەگرێت، هەردوو هەرێمەکە لە ١٧٩١/٧/١٤ دەخرێنە سەر فرەنسا. بەناوی ئەم بیردۆزەوە شۆڕش توانیی ئەم دوو کێشەی میرەکان لە ئەلزاس چارەسەر بکات. بە هۆیەوە میرە ئەڵمانیەکان دەستبەرداری ئەو خاکانە بوون کە لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەیانە، دواتر شۆرش ئەم پرەنسیپەی لە ڕێگەی ڕیفراندۆم

چارەسەرکرد. بۆ چارەسەری کێشەی (نیس و سافوای و بەلژیك و کەناری چەپی ڕوباری ڕاین) و خستەوەیان بۆ سەر فرەنسا بەهەمان شێواز چارە کرا.

ئەوەتا بینیمان کە بیردۆزی فرەنسی سەرچاوەی لە چەمکە فەلسەفیەکانەوەیە.

ب/ قوبخانەی مێژوویی ئەڵمانی

بیردۆزی ئەڵمانی کە خاوەنی بنەمایەکی مێژوویی بوو دژ بە بیردۆزی فرەنسی دەبێ، بەڵام فەلسەفی نەبوو، بۆیە دەتوانین بە بیردۆزی مێژوویی ئەڵمانی ناو بنێین. ئەگەر لە ئەڵمانیاش بیردۆزێکی نەتەوایەتیمان بینی کە جیاوازە لەگەڵ بیردۆزی فرەنسی، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دۆخی مێژوویی هەریەك لەو دوو وڵاتە جیاوازییان هەبووە. هەروەها ئاراستەکانی هەریەك لەم دوو دەوڵەتەش لە کۆتایی سەدەی هەژدەمیندا جیاواز بوون، بۆیە ئاسانە لەم دۆخە تێبگەین کە دەربڕینی فەلسەفی بۆ هزری نەتەوایەتی لە هەریەك لەم دوو وڵاتە جیاوازییان هەیە. هەروەها لە ڕووی گەشەکردنی تاك، بیردۆزەکان جیاوازییان هەیە، ئەلمانیا لە مێژووی دێرینیدا ئەزموونێکی جیاوازی هەڵبژاردووە، ئەمەش وای کردووە ببێتە قۆچی قوربانیی چەرخی ناوەڕاست کە تا سەدەی نۆزدەهەم درێژەی دەبێت، لە کاتێکدا فرەنسا دەتوانێت لەو تەوژمە ڕزگاری بێت.

فکری سەروەری ئیمپراتۆری لە ئەڵمانیا دێتە کا، دواتر دەستەواژەیەکی گشتی وەردەگرێت و پێی دەوترێ (کاسۆلیکی سیاسی)، ئەم دەستەواژەو هزرەش بە خاکەوە نەبەسترابوونەوە، بەڵکو لە سەروی دەوڵەتی ئەڵمانیاوە بوون هەروەك ئیمپراتۆر لە سەروی پادشاوە بوو. ئەم هزرە لەڕوی سیاسیەوە نوێنەرایەتی هزری کریستیی دەکرد هەروەك پاپا لە ڕوی ڕۆحیەوە نوێنەرایەتیی دەکرد، ئەمیش لە ڕووی سیاسییەوە بەهەمان شێوە بوو، جیاوازیەکەش لەوەدابو، پاپا دەسەڵاتەکانی بۆ دەرەوەی ئەڵمانیاش دەچوون.

له ڕاستیدا دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا بەرەو ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و باشوری ئەڵمانیا دوورکەوتنەوە. لە ڕۆژئاوا تا دۆڵی(ڕون) و وڵاتی( لورین) ڕۆیشتن، لەلای باشوریشەوە ئیتالیا و باکور وتەنانەت ناوەڕاست و ڕۆماشی لە خۆگرت. لە بەرانبەریشدا ئەو ئیمپراتۆریەتەی ڕۆمانیی ئەڵمانیی پیرۆز کە لە ڕۆژئاوا و باشوری ئەڵمانیا لە سنوورەکانی دەرچوو، ئەو خاکانەی نەگرتنەوە کە ئەوروپا دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیی ڕۆمانی لەسەر دەستی (ئاوتونی مەزن) دەستی بەسەردا گرتبوو. لەلای باشوری ڕۆژهەڵاتیشەوە بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشە داگیرکاریەکانی ئاسیا بۆسەر نەمسا و بولگاریا دەستی گەیاندە ئەو ناوچەیە، هەر لەلای ڕۆژهەڵاتیشەوە تا سقلیە و هەردوو پۆلۆنیا ڕۆیشت، بەڕادەیەك لە سەدەی هەژدەهەم ئەو ئیمپراتۆریەتە ئەوە نەمابوو پێی بوترێت ئیمپراتوریەتی ئەڵمانی، چونکە ڕووبەرەکەی گەیشتبووە (٦٠٠٠٠٠) کم چوارگۆشە، ژمارەی دانیشتوانیشی گەیشتبووە (٢٨ تا ٣٠ ملیۆن ) کەس. بەڵام ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی لێی پێکدەهات سەرسوڕهێنەر بوو، نەمسا ٥،١٠ ملیۆن لە دانیشتووانی ئیمپراتۆریەتی پێکدەهێنا، لە دەرەوەی ئیمپراتۆریەتیش ١٤ ملیۆن دەژیان، پروسیا ٢،٥ ملیۆن لە کۆی دانیشتووانی ئیمپراتۆریەتی پێکدەهێنا و هەمان ڕێژەش لە دەرەوە دەژیان، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەڵمانیا گەلێك مەزنە.

ئەمەیە داخوازیە نەتەوایەتیەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە ئەگەر بمانەوێ لەسەر بنەمای مێژوو نەتەوەیەك دامەزرێنین. ڕوونتر بڵێین ئەگەر بمانەوێ لەسەر مێژوو بەناوی نەتەوایەتیی دامەزراو کۆمەڵێك گەل کۆکەینەوە، ئەوانەی لە ڕۆژگارێکدا ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیایان پێکهێناوە، ئەم دامەزراوەیە جیا و دابڕاو دەبێت لە هەموو دەستەواژەیەکی سیاسی، ئا لێرەوە بەم شێوەیە دەتوانین لە فرە نەتەوەیی ئەڵمانیا و ڕژێمە سیاسیەکەی بگەین، چونکە دەستەواژەی ئیمپراتۆریەت دەربڕی هزر و سیاسەتی نەتەوەیی ئەڵمانیا نەبوو.

جگە لەمەش ئەڵمانیا ئەزموونێکی دیکەی جیای هەیە کە بە پێچەوانەی ئەزموونەکانی پێشووتریەتی. لە ئەڵمانیا هەندێك دەوڵەتی دەستکرد هەبوون وەکو(پروسیا) ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی خانەوادەی (هوهنترون) دروست بوو کە لە ڕێگەی کڕینی زەوی و دەستبەسەرداگرتنی

خاکی ئەم وڵات و ئەو وڵات بوونە خاوەن خاك و ئەم وڵاتەیان لێ پێکهێنابوو، وردە وردە قەوارەیەکی سیاسیی وەرگرت بەناوی (بژاردەی براندنبورگ)، دواتریش لە ڕێگەی موڵکدارێتی براوە لە ساڵی ( ١٧٣٠ ) لەسەر دەستی بیروکرات وگەورە فەرمانبەران و سوپاوە و دواجاریش لە ژێر کاریگەری (فریدریکی دوەم) فەرمیەت وەردەگرێت و دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

پادشاکان بەهۆی ئەوەی پێویستیان بە جوتیار و کرێکار هەبوو، لە وڵاتە ئەوروپیەکانیان خواست کە بێن لای ئەوان نیشتەجێ بن و خاك و وڵات ئاوەدان کەن. بەم هۆیەوە توانیان پاکتاوی ڕەگەزە نەگونجاوەکان بکەن وهاووڵاتیانیان بەسەر چین و توێژدا دابەشکەن و نەتەوەی پروسی لەسەر دەستی (فریدریك) پێکبهێنن. ئەم نەتەوەش لەڕووی پێکهاتەوە لەگەڵ نەتەوەی فرەنسی و ئینگلیزی جیاوازیی دەبێ چونکە ئەوان ( فرەنساو ئینگلتەرا) بەر لە دامەزراندنی دەوڵەت خاوەن نەتەوە بوون، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە پروسیا دەستەواژەیەکی نوێمان پێ دەبەخشێ ئەویش ئاماژەیەکە بۆ هێزی دەوڵەت و پێمان دەڵێت  دەکرێ دەوڵەت دروستکەری نەتەوە بێ.

لە پروسیا دەوڵەت واتە ( هەموو لە هەمووی) هەر ئەمەش بوو لای پروسیەکان لەسەرحسابی تاك دەوڵەتیان دروستکرد، ئەمەش نموونەیەکی زیندووی فەلسەفەی هیگڵ بوو.

لەڕاستیدا کاریگەری ئەڵمانیا لەسەر پروسیا زۆر بوو، لەم کاریگەریەش ( فریدریکی دووەم) ڕۆڵی دیاری هەبوو، ئەو کەسێکی سەربازی و فەلسەفی بوو بۆیە لای ئەڵمانیەکان مایەی خۆشەویستی و شانازی بوو. تەنانەت (گۆتە)ی شاعیریش شیعر و گۆرانیی پێهەڵگوتووە کە دەڵێت:

(من لەگەڵ پروسیادا بووم، بەتایبەتیش لەگەڵ فریدریك، لە پروسیا چی لای من گرنگە کاتێک خودی پادشا دڵ دەوروژێنێ، من پێی خۆشحاڵ دەبم و سەرکەوتنەکانیم قەبووڵە).

لە گەشتیار و فەرمانبەرە ئەڵمانیەکان ئەوە دەردەکەوێت کاتێك بۆ ئەمریکا گەشت دەکەن چەندە شانازییان بە پادشاکەیانەوەیە، ئەوەندە دەیپەرستن هەروەکو بتپەرستەکان.

سەرهەڵدانی شیعری ئەدەبی لەسەردەمی جەنگی نیشتمانی لەسەر زاری شاعیران( کلالیست و گلایم  و توماس ئیبت ) ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنن، بەڵام ئەمانە هەموویان لەگەڵ واقیعەکە

ناکۆکن چونکە پادشای پروسیا لە هەموو ئەڵمانیەکان کەمتر ئەڵمانی بوو، ئەمەیان یەك، دووەمیشیان (فریدریك)ی پادشای پروسیا دژی نەمسا و ئیمپراتۆریەتەکەی دەجەنگی، ئەو دژی شێوە بنەڕەتیەکەی مێژووی ئەڵمانیا دەجەنگی لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ خۆی لەسەر حسابی ئیمپراتۆریەت.

سەرەڕای ئەمەش ناوە ناوە لەئەڵمانیا وەدەر دەکەوت ئەمەش فرەنسای نیگەران دەکرد.

جاروباریش لە نامەی سیاسەتمەدارو توێژینەوەکانیاندا وشەی نیشتمان دەبینرا ئەمەش ناکۆکیەکی دیکەیە، لەو دیالۆگەی بەهۆی هەرێمی ( سیلیزیس)یاوە لە نێوان فریدریك و ماریا تیرێزا ڕوویدا دەبینین هەردووکیان ڕوویان لە ئەڵمانیا دەکرد، چونکە ماریا تیریزا کاری بۆ پاراستنی ئیمپراتۆریەت دەکرد لە ترسی فریدریك و فرەنساو هاوپەیمانانی. ئەوکاتانەش فریدریك هێرشی دەکردە سەر ئەڵمانیا بانگەوازی ڕزگارکردنی گەلی ئەڵمانیای دەکرد لە چنگی داگیرکەر.

لە ساڵی ١٧٦٩ فریدریك و ماریا تیرێزا بەناوی(مەزهەبە نیشتمانیەکانی ئەڵمانیا) لە دژی فرەنسا ئاشت بوونەوە.

هەردووکیان بەناوی (ئازادیەکانی ئەڵمانی) بانگەوازیان دەکرد بەتایبەتی (فریدریکی دووەم) کە بەناوی بەرگریکردن لە ئازادیەکان (کۆمەڵەی ئەمیرەکان)ی لە ساڵی ١٧٨٥ دژی ئیمپراتۆریەتی جوزیفی دووەم دامەزراند، لەم کارەیدا گلیومی دووەمی برازای پاڵپشت و هاوکاری بوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکانی، لەم ڕووەوە (میرابو) دەڵێت:

ئەم پادشایە ( فریدریکی دووەم) دەزانێت چۆن دەبێتە پیاوێکی مەزن، خۆی کردە ئەڵمانی و سووکایەتیشی بە باڵادەستی فرەنسا کرد، لەکاتێکدا ئەم وتانە ڕاست نین بەڵام سووکە بیانوی سیاسین.

بەڵام هیچ یەکێك لە فریدریکی دووەم و ماریا تیرێزاو یوسف ی دووەم بەم وتانە چەواشە نەکران، چونکە بە دید و بۆچوونی ئەوان ئەم وتانە لایەنێکی کەمی ژیانی ئەڵمانیەکان دەگرێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سۆزە مەزنەی ئەڵمانیەکان بۆ وڵاتی ئەلمانیا هەیانە.

دەرئەنجامی ئەم شیکاریە ئەوەیە بڵێین ئەڵمانیا وڵاتێکی دامەزراوەیی سیاسیی نەتەوایەتی بوو.

ئیمپراتۆریەتەکە لە ٣٦٠ دەوڵەت پێکهاتبوو، تەنانەت ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەڵمانیاش کە لە چەند وردە سیاسەتمەدارێك پێکهاتبوون، ببوون بە دەوڵەت، هەندێکیان جوگرافیەکەیان تەنها شارێك یا گوندێك یا کۆشکێك یا کەلیسایەك بووە. ئەوەتا پروسیا کە مەزنترینیان بوو دانیشتوانەکەی لە ٢،٥ ملیون پێکهاتبوو، جا خۆت مەزندەی ٣٦٠ دەوڵەت بکە. ئەم ٣٦٠ دەوڵەتە بەسەر (١٠)بازنەدا دابەش ببوو هەمویان خاوەن ئەنجوومەنی خۆیان بوون، باجی خۆیان دەدا وبەشداریش بوون لە هێزی بەرگری وڵات و پابەندی هەموو ڕێنماو یاساکانی ئیمپراتۆریەت بوون. پرسە گشتیەکانی ئیمپراتۆریەتیش دەخرایە بەردەم ئەنجوومەنی ئیمپراتۆریەت بۆ بریار لەسەردان و هەر ئەم ئەنجوومەنەش دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی هەبوو، بەڵام ئەو ئەنجوومەنانەی لە ساڵی ١٦٦٣ بانگێشت کرابوون هەڵنەوەشێندرانەوە، بەڵکو تەنها کارەکانیان هەڵپەسێردرا.

ئەنجوومەنەکان لە سێ دەستە پێکهاتبوون ( دەنگدەرەکان، ئەمیرەکان، شارەکان)، بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێکیش دەبووایە زۆرینەی دوو دەستە ڕەزامەندی لەسەر وەربگیرابا. دامەزراندنی حکومەت و سوپاش بە بڕیاری ئەم ئەنجوومەنە دادەمەزرا و جووڵەی سوپاش هەر بەدەست ئەنجوومەن بوو. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە نە دەوڵەتی ئەڵمانی نە هزری سیاسیی ئەڵمانی بوونی نەبووە. ئەڵمانیا بەسەر چەند بەشێکدا دابەش ببوو هەر بەشەو دەنگ وسەدایەکی هەبوو، هەریەکەی لە ئاوازێکی جیادا دەیخوێند. ترسیان لە هەر دانیشتنێك هەبوو کە بە مەبەستی یەکبوونی ئەڵمانیا دەبەسترا. هیچ کامیان سۆزو پەرۆشیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئەڵمانیا نەبوو، جگە لەمەش هیچ پێوەر و خاڵی هاوبەشیش لە نێوانیاندا نەبوو.

لەگەڵ ئەم فرە بۆچوون و پارچەپارچەییە سیاسیەشدا لە دوا ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەم جۆرێك لە هەوڵی یەکبوونی خاکی ئەڵمانیا لە ئارادا بوو بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی هزری ئەڵمانی. بەڕاستی ئەمە ڕووداوێکی نوێ بوو چونکە سەدەی حەڤدەهەم لە دوای شەڕی ٣٠ ساڵە هات کە چەرخی هوشیاری هزریی لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەو سەردەم کەسێکی دیار ناوی نەدرەوشایەوە

جگە لە (لیبنتزی مەزن) نەبێ. دوای ئەوە چەرخی ئامادەباشی دێت، لەو سەردەم دوو کاری ناکۆك وەدەر کەوتن: یەکەمیان/ کاری ئاقڵمەندانی قوتابخانەی (لیبنتز). لەو فەیلەسوفانەش بۆ نموونە [ فولف، توماسیوس، نووسەری درامای کۆچ، کە کاری بۆ شانۆیەکی نێونەتەوبی دەکرد، هەروەها (گیلترت)ی شاعیر].

دووەمیان/ ئەو بزوتنەوە ئاینییە بوو کە پاکسازە پرۆتستانتەکان پێی هەستان، بانگەوازی لەیەکتێگەیشتنیان لەسەر پرەنسیپەکانی( شبیتز) یا ئاشکراخوازەکانی پیاوانی (فایستاوبت) دەکرد.

لە ساڵی ١٧٤٠ەوە دەتوانین قسە لەسەر بوونی ئەڵمانیایەکی ئەدەبی بکەین، ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە لەگەڵ چینی بۆرژوا، واتە چینی مامناوەندی دەهاتەوە کە لە ئەنجامی بوژانەوەی ئابوری و پەروەردەی نەتەوایەتی دروست ببوو. ئەم ڕێنسانسە هزریە لای بۆرژواکان بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بەدی دەکرا و ڕەنگی دابووەوە. ئەوەتا لە ماوەی ساڵەکانی ١٧١١تا ١٧٦١ نزیکەی ١٨٢ گۆڤار دەرکران، هەروەها لە بواری چاکسازی زانکۆکانیشدا ئەم ڕێنسانسە هزریە بەدی دەکرا. لە ساڵی ١٧٣٧ زانکۆی(گوتنگن) لەسەر بنەمایەکی جیاوازی پەروەردە و فێرکردن دامەزرا، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خوێندکاران و ڕۆشنبیران هەبوو، هەر لەو زانکۆیە(گۆتنگن) بوو کە بڕیاری ئازادی بیروڕا و پەیمانی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی خوێندن دەرکرا. بەم هەوڵ و چالاکیانەیان بۆرژواکان لە چاکسازی زانکۆ و هەوڵەکانی دیکەیان لە ئەڵمانیا کۆماری ڕوناکبیریان دامەزراند، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك لە ڕوناکبیران و هزروان و گەورە نوسەران لە کەلتووری چەقبەستوویی فرەنساو ئینگلتەرا دەرچوون، لەوانەش شاعیرەکان [فیلاندو کلابستوك هەڵبەستەوانی (هاتنی مەسیح) کە لە ١٧٤٨ هۆنرایەوە ]، دواتر خوێندکارەکانی جۆرێك لە (ئەدەبیاتی نەتەوەیی) یان دەرهێنا کە بە ڕقئەستوورانی دژ بە فرەنسا ناسرابوون، لەوانە(فوس، بورگر، شتولبورگ) دانەر و پەخشان نووسانیش لە نمونەی (فنکلمان) مێژوونووسی هونەری مێژوو کە بیردۆزێکی نوێی بۆ دونیای جوانیی دانا، هەروەها (لیستنگ) بە یەکێک لە ئازادیخوازانی هزر دادەنرێ و بە دامەزرێنەری شانۆی نەتەویش ناوی دەرکرد، یەکەم تراژیدیای بەناوی( مینا

بارنهلم) له ساڵی ١٧٦٧ بڵاو کردەوە، له دوا ساتەکانی ژیانیشیدا (ناتانی ئاقڵ) له ساڵی ١٧٧٩ بڵاو کردەوە، هەر ئەویش بوو پرەنسیپەکانی ڕەخنەی هونەریی دانا ئەمەش له ژێر دوو کاریگەریدا بووە :

یەك/ هونەری دراما له (هامبورگ)

دوو/ (لائوکون) توێژینەوە لەسەر زانستی جوانیی دەکا، دواییینەکانی سەدە بەم ناودارانە هاتە ناسین ( گۆتە، شیاو، کانت، هودر).

ئیدی وای لێهات ڕەنگدانەوەی هزری ئەم بیرمەندانە بەسەر هزری ئەڵمانیەکانەوە دیاربوو، هەمیشە شانازییان پێوە دەکرد و بۆ هزرو نەریتی فرەنسی و ئینگلیزی هیچ کاتێك ئامادە نەبوون دەستبەرداری بن.

بەڵام ئەم ئەدەبیاتە له بواری سیاسیدا جێبەجێ نەدەکراو کەمترین ئاستی نیشتمانیی سیاسی پێوە دیاربووە، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ نیشتمانپەروەریی ئەدەبی، نیشتمانپەروەریی سیاسی لای ئەو بیرمەندانە ببووە کارێکی شەرم و بێ ئابڕوو، بۆیە هیچ هزرێك لەسەر نیشتمان یا ئەڵمانیا لای ئەوان بەدی نەدەکرا. پێیان وابوو ئەگەر خۆیان بە کاری نیشتمانیەوە خەریك بکەن، بە ئەرکی سەرشانیان هەڵناستن، گۆتە له ساڵی ١٧٧٢ دەنووسێ ( من لەو دەستەواژەیە بێزار بووم کاتێك دەڵێن ئێمە له نیشتمان پەروەریمان کەمە، یا ئێمە نیشتمانمان نیە .. بەڕاستی ئەمە تەنها قسەیەو هیچیتر نا !.. بۆ دەبێ ئەم ماندووبوونە بە فیڕۆ بدەین؟ له پێناو ئەوەی سۆزێك دروستکەین کە هەستی پێناکەین؟، ئەم سۆزە تەنها لای هەندێك له نەتەوەکان و له سەردەمانێکی تایبەتیدا بوونی هەیە، ئەمەش له ئەنجامی هەندێك ڕووداو دێتە پێش).

بە پێچەوانەی ئەمەش هەندێك نووسەر و بیرمەند بەبۆنەی نەبوونی سیاسەت له ئەڵمانیا پیرۆزباییان له یەکتری دەکرد، ئەمەش وا پێدەچوو کە خۆیان بەم هزرانە له تەنگژە تێوەگلاندن دەرباز دەکرد کە بە ئەگەری نیشتمانەوە دەهاتنە پێش. له ساڵی ١٧٨٩ شیلەری شاعیر دەڵێ :

( بەرژەوەندیی نیشتمان هیچ بەهایەکی نییە تە نها بۆ ئەو میلەتانە نەبێ کە هێشتا پێ نەگەیشتوون) واتە بۆ میلەتە پێ نەگەیشتووەکانی دونیایە، بۆیە ئەگەر بۆ یەك نەتەوە نەنووسی ئەوا بێ مۆراڵ دەبین، ئەم ئاستە ئەقڵی فەلسەفی پێی قەبوڵ ناکرێت. دیسان شیلەر دەڵێ:

( نیشتمان هیچ بەهایەکی نییە تەنها ئەگەر ببێتە مەرجی گەشە کردنی ئەقڵ)، ئەوانەی کە خۆشیان بە ئەڵمانی ڕەسەن دەزانی و خۆشەویستییان بۆی هەبوو، پێیان وابوو کە ئەڵمانیا خاوەنی پەیامێکە دەبێ بگاتە ئامانج، هەرچەندە هێشتا بە ئامانج نەگەیشتووە بەڵام ئاسۆیەکی ڕوونی لەبەردەم دایە. ڕۆڵی وڵاتەکانی دیکەی دونیاش لەوانە فرەنسا لەم ڕووەوە کۆتایی هاتووە، ئەم پەیامە پەیامی ئاشتی و شارستانییە.


ئەم هزرانە لە ئەڵمانیا زیاتر لە سەردەمی ئەو دیالۆگەدا ڕوون دەبنەوە کاتێك کۆمەڵەی میرەکان دروستی دەکەن، یا لە کاتی چاکسازیی سیاسەتمەداران بەر لە شۆرش، ئەم چاکسازییانە بیرۆکەی یەکسانیی سروشتیان کردە دروشمی کارەکانیان هەرچەندە هەندێك بۆچوونی نا تەندروستیان لەسەر نەوە و ڕیزبەندی چینایەتی هەبوو، لە پاڵ ئەم هزرەی یەکسانی سروشتیان، هەندێك بۆچوونی باشیان هەبوون لەمانە ئازاد کردنی کۆیلەکان و فێر کردنی گەل بوو کە لە ئەڵمانیا پێیان دەوت(کۆماری).

ئەو پیاوە ناودار و بیرمەندە ئەڵمانیانە بە ڕاستی کەسانی نیشتمان پەروەر بوون چ لە ڕووی هزری و چ لە ڕووی پراکتیکی، ئەمەشیان بە گەشتەکانیان بۆ وڵاتان و دیدەنییان لەگەڵ بیرمەندانی فرەنسا و هۆڵەندا و ئینگلتەرا سەلماند. دەستەواژەی هزری ئەڵمانی بێگەرد بوو، بەڵام ئەوان ئەم دەستەواژەیان بە سیاسەتەوە نەدەبەستەوە کە دەستەواژەیەك بێ گەل و نەتەوە بەیەکەوە ببەستێتەوە. تێگەیشتنی ئەوان لەم دەستەواژەیە جیا بوو لە تێگەیشتنی نەتەوەی فرەنسی. هزری یەکێتی بیرکردنەوە کە نیشتمانی لێ پێکدێت لای ئەڵمانەکان  تا ڕادەیەك لە بیرکردنەوەی رۆسۆ دەچێ کە لای ئەو مرۆڤ و چاکسازی مرۆڤ لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. بێگومان جان جاك رۆسۆ کاریگەری زۆری بەسەر ئەڵمانیەکانەوە هەبوو، بەڵام ئەو کاریگەریە کاریگەری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) نەبوو، بەڵکو کاریگەری (ئیمیل) و (هیلویزی نوێ) بوو، ئەوەتا دەبینین دیدی ئەدەبیی

ئەڵمانیی کە لە ڕووی فکرەوە تێی دەڕوانن نەك لە ڕووی سیاسەتەوە، بە جۆرێك لە دەستەواژەی نەتەوە دەڕوانن کە ئەم تێڕوانینە لە هزری فرەنسیدا نابینین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئەڵمانیا نەتەوە سەقامگیر نییە، لە گۆڕاندایە و بە پێی ڕۆژگار دەگۆڕێت.

بەم شێوەیە دەبینین لە دواییەکانی سەدەی هەژدەهەم ئەم نەتەوایەتیی هزر شتێکی نوێ دێنێتە کایە، لە کاتێکدا ئەم نەتەوەی ئەڵمانی نەتەوەیەکی جیهانیشە لەهەمان کاتدا یەکێك لە توندڕەوترین کەسەکانی دژی بیردۆزی نەتەوایەتی بیردۆزێکی نوێ دادەنێت کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر داهاتوو هەبوو، ئەویش (هۆردر)ی فەیلەسوف بوو.

هۆردەر(١٧٤٤-١٨٠٣)



یوهان گوتفرید فون هردەر، لە پروسیای ڕۆژهەڵات لەدایك بووە، باوکی مامۆستای خوێندنگایەکی هەژار بووە، لە دۆخێکی گۆشەگیردا ژیاوە و لەژێر کاریگەری دەرەکی بواری بلیمەتی و زانایی بۆ دەکرێتەوە. قەشەی گوندەکەیان کتێبخانەیەکی بچووکی دەبێت، هوردەر بەبەردەوام هامشۆی دەکات. بە هەڵکەوت دەبێتە شاهێدی ئازارو ستەمەکانی سوپای ڕوسیا کە بە

ناوچەکەیاندا تێدەپەڕن، هەست بەو ئێشوئازارانە دەکات، چاکەو خراپە باش لێکدەکاتەوە. بۆیە دەچێتە (کونیکسبورگ) بۆ خوێندنی نەشتەرگەری، بەڵام دواتر پەشیمان دەبێتەوە و دەست بە خوێندنی خواوەندی(تیولۆژی) دەکات، واش ڕێکدەکەوێت ببێتە بەخێوکەری یەکێک لە میرە بچووکەکانی هولشتاین، بەهۆیەوە لە هەموو ئەوروپای رۆژئاوا دەگەڕێت و سەر لە شارستانیان دەدات و شارەزایی و ئاشنایی لەگەڵ سەرجەم هزرو بیرکردنەوەکانیان پەیدا دەکات. لە یەکێك لە گەشتەکانیدا لە ساڵی ١٧٧٠ چاوی بە گۆتە دەکەوێت و دۆستایەتی لە نێوانیان پەیدا دەبێت، کاتێکیش گۆتە لە مینمار دەبێتە وەزیری پەروەردە لە ١٧٧٦ بەدوای هوردەردا دەنێرێ و دەیکات بە پشکنەری خوێندنگاکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی (میللیی پرۆتستانی).

ئەم فاکتەرە دەرەکیانە کاریان کردە سەر ژیانی هوردەر، لە ڕاستیشدا باسکردن لە ژیانی هردەر باسکردنە لە هزرو بیرەکانی، ئەوەی زۆر پێیەوە دیار بوو لە خەسڵەتە دیارەکانی، زۆریی کارکردن و ئارەزووی بۆ زانین بوو، بیردۆزەکانی هردەر بۆ قۆناغەکانی ژیانی دەگەڕێنەوە کە بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشکراون:

قۆناغی یەکەم/

قۆناغی هەرزەکاری و لاوێتی لە (کونیکسبورگ)، لەو قۆناغەدا هوردەر کاتەکانی بۆ خوێندنی خواوەندی(تولۆژی) تەرخان دەکات لەسەر دەستی مامۆستا و هاوڕێکەی بەناوی (هامن). وانەکانی کانت و ناودارانی بواری ئەدەب وەکو (شکسپێر، دانتی، ئوسیان) دەخوێنێت و خۆی فێری زۆربەی زمانەکانیش دەکات بۆئەوەی سەرچاوەی ئەدیبەکان ڕاستەوخۆ لە زمانەکانیانەوە بخوێنێت. ساڵی ١٧٦٤ وەکو مامۆستا دەگەڕێتەوە (ریگان)، ئەوکات لە کەشوهەوای ئاوارەیی دوور لە ئەڵمانیا دەکەوێتە ژێر کاریگەری خوێندنەوەی هەڵبەست و چیرۆك و ڕۆمانە کۆنەکانی گەلی فینلاند و لابونی، کتێبی پیرۆز و هەڵبەستی ڕۆژهەڵاتیی لەگەڵ ئەدەبی ئەڵمانی و هەڵبەستەکانی دەریاوانە باشوریەکان هەروەها هەڵبەستە حەماسیەکانی سەردەمی شەڕی ڕێگریی ئەسکەندنافیەکان و دەریاوانیان دەخوێندەوە. لە کۆی بەرهەمی ئەو خوێندنەوانەیدا بەرهەمێکی لە ١٧٦٧ بە چاپ گەیاند بەناوی ( چەند کۆپلەیەك لە ئەدەبی ئەڵمانیی نوێ) لەو کتێبەدا جەخت

لەسەر ڕەخنە دەکاتەوە ئەویش نەك بۆئەوەی بەرهەمەکان هەڵسەنگێنێ، بەڵکو بۆ ئەوەی نوسەرەکان تێبگەیەنێت کە بگەڕێنەوە بۆ زانستی جوانیی و بە ڕەسەنایەتییان شارەزا بکات. ئەم توێژینەوەیە ڕۆحێکی نویێ بە گەلان دەبەخشێت و مانای زانایيان باشتر بۆ ڕوون دەکاتەوە.

قۆناغی دووەم/

قۆناغی بوژانەوە و فەلسەفی، ئەوکاتەی لە ریگان بوو وەکو مامۆستایەك بیری لە نوێکردنەوەی فێرکاری دەکردەوە، بەدیدی ئەو خوێندنگا پێویستە باخچە بێت نەك زیندان. بۆ ئەم بیرۆکەی چاکسازییە بە پێویستی زانی لێکۆڵینەوەیەك لە سەرجەم بوارەکانی فێرکاریدا بکات بۆ ئەوەی نەخشەیەکی نویێ دارێژێت. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی گەلێك وڵاتی ئەورووپیی کرد لەوانە فرەنسا، چاوی کەوت بە گەورە بیرمەندانی ئەو وڵاتە و سەردانی چەندین کتێبخانەشی کرد، ئەوکات بوو پێشنیاری بەخێوکەری میری بچووکی هولشتاین یان بۆ کرد، لە ڕێگایدا بۆ گەیشتن بەو میرنشینە بە خاکی ئەڵمانیا تێدەپەڕێت و بە هامبۆرگدا دەڕوات و لەگەڵ (لیسینگ) کۆدەبێتەوە. دواتر لەگەڵ خوێندکارانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا دەگەڕێت. لە ١٧٧٠-١٧٧١ سەردانی (ستراسبورگ) دەکات و چاوی بە گۆتە دەکەوێت، لەم هەموو گەشت و سەردانانەیدا هەڵبەست و گۆرانیی هەرێم و وڵاتەکانی دیکەی کۆدەکردنەوە، بەتایبەت گەلەریەکان دیالیکتەکانی نەتەوەکانی دەخوێند و بڵاوی دەکردنەوە. بەرهەمی ئەو گەشت و بڵاوکراوانەی نووسینی کتێبێك بوو بەناوی ( ڕەچەڵەکی زمانەکان) لە ١٧٧٢ لە ستراسبورگ بڵاویکردەوە.

قۆناغی سێیەم/

قۆناغی نیشتەجێ بوونی لە (فیمار)، پاش ئەوەی چەندین کارو پۆست وەردەگرێت لەوانە مامۆستا لە زانکۆی (گوتنگن) لە ١٧٧٥، گۆتە بانگێشتی دەکات بۆ فیمار، ئیدی لەوێ دەمێنێتەوە و ناڕوات، تا ١٧٨٨ کاتێك دەچێتە ئیتالیا. لە فیمار خەریکی چەندین بابەتی دیراسی دەبێت، لەوانە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لەسەر کتێبی پیرۆز و دونیای ڕۆژهەڵاتی کۆن دەکات، بەرهەمی ئەو خوێندنەشی کتێبێك بوو بەناوی (ڕۆحی شیعری عیبری) لە ١٧٨٥ دەری دەکات. ئەوەی جێی

ئاماژەیە کتێبی پیرۆزی لەڕووی ئاینییەوە نەخوێندەوە، بەڵکو لەڕووی بە یەکگەیاندنی بە شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی نوێ و لە ڕووی مرۆڤایەتیەوە خوێندیەوە، لە ١٧٧٨ دیوانی(دەنگی گەل)ی بڵاوکردەوە کە کۆمەلە شیعرێکی گەلەری سەرجەم گەلانی دونیا بوو.

ئاراستەیەکی نوێی گرنگ لە بیرکردنەوەکانیدا دەبینین ئەویش فەلسەفەی مێژووە، لە ١٧٨٤ تا ١٧٩١ کتێبێکی بەناوی (هزر لە فەلسەفەی مێژوویی مرۆڤایەتیدا)دەرکرد، لە ١٧٩٥ یش کتێبی (نامەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی) دەرکرد و بە دەرکردنی دیوانی شیعری ئیسپانی بەناوی (هونراوەی بەڕێز) کۆتایی بە بواری هزریی خۆی هێنا.

لە ڕاستیدا کارەکانی هوردەر مەزن و هەمەڕەنگ بوون، بۆیە کەسایەتیەکی بەرفراوانی هەبوو، سەرکەوتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ  پاراوی زمان و زمانی شیعر و هەندێك لایەنی دیکە کە بۆ بیرکردنەوەی خودی خوێنەر جێیدەهێڵم.

هوردەر بە نووسین و کتێبەکانی توانیی گەلی ئەڵمانی و هزری ئەڵمانی ئاراستە بکات،  توانیی ئاراستەی هزرەکانی ئەڵمانی بگۆڕێت، لە فەلسەفەی ڕووناکی ئەقڵەوە بۆ ڕۆڵی باهۆز، ئەمەش لە بواری ئەدەبیدا پێی دەوترێت (باهۆز و هەڵمەت). هوردەر داهێنەری خوێندنگای مێژوویی بوو بۆ نموونە مێژوونووسی فرەنسی ( گیزو) کە هێشتا لاو بوو لە ڕێگەی نووسین و هزرەکانی هوردەرەوە پێگەیشت و پەروەردە بوو.

لە ڕەنگدانەوەکانی هزری هوردەر ئاماژە بە چەند دەستەواژەیەك دەدەین کە بۆ توێژینەوەکەمان گرنگن، لە بواری فەلسەفەی گشتییدا دەبینین کە دژی ئاقلمەندی فرەنسی و کانتی بووە، چونکە هوردەر بۆ فەلسەفەی (بە دۆکۆمێنت کردن) دەگەڕێتەوە زیاتر لەوەی بۆ دەرهاوێشتەکانی ئەقڵیی یا خەیاڵیەکان بگەڕێتەوە کە فەیلەسوفە فرەنسیەکان پێی دەناسرێنەوە. بەدوای یاساکانی پەرەسەندنی مرۆڤدا دەگەڕا، چاوی لەوە بوو ببێتە نیوتن لە زانستی (ڕەوشت) لەسەر ئەو بنەمایە نەخشەی پەرەسەندی مرۆڤایەتیی لەسەر چەند قۆناغێك داڕشت، بەدیدی ئەو لە هەر قۆناغێکدا جۆرێك لە ئادەمیزاد دێنە مەیدان کە ئیرادەی مرۆڤ لەم رووەوە هیچ ڕۆلێکی نییە

هەروەك بیرکردنەوەی ئاقڵمەندەکانی فرەنسیش وا بیر دەکەنەوە. ئەم دروست بوونە بە هۆکاری دەرەکی و بەکار هێنانی ئامرازی ئارەزومەندانە دێنە بەرهەم، دەڵێت ئادەمیزاد وەکو وڵات وایە هەمووکەسێك لێێ ون دەبێت، هێزی ئەقڵیش تیایدا زۆر لاوازە لە توانایدا نیە هەموو کارێك ئەنجام بدات. بەشێوەیەکی گشتیی هوردەر بوارێکی زۆر بۆ هێزی ون جێدەهێڵێت، ئەمەش ڕێگر نییە لە بەردەم گەشبینیی لە هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی بڕواکانیدا.

هوردەر ئەوەندەی لە ئەدەب دەگەیشت کەمتر نەبوو لە تێگەیشتنەکانی لە فەلسەفە، لە تێگەیشتنە کانیدا لە ئاسەواری ئەدەبی هەوڵی داوە بلیمەتی گەل وەدەرخات، بۆیە دەبینین کاتێك دەرهاوێشتەیەکی ئەدەبیی مەزن لە هونەرێك دەردەچێ پرسیار ناکات بەڵکو بە پێچەوانەوە لێکۆڵینەوە لە مەزنی و زانایی گەل دەکات لەم دەرهاوێشتەیە بەدوای تواناکانی گەلدا دەگەڕێت، بەدوای کەلتوور و داستانەکانی گەلدا دەگەڕێت. ئەو مەترسیی لە هەموو لاسایی کردنەوەیەکدا هەبوو، لەم بیرکردنەوەیەدا بەرنامەی نوێخوازیی ئەدەبیی دەردەکەوێت، لێرە بەدەردەکەوێ کە ڕەگەزە بنەڕەتییەکەی هوردەر زمانە، زمان لەڕووی ڕەسەنایەتییەوە. هوردەر پێی وایە کە هەموو بوونەوەرێك هەموو ئەندامێك لەدایك دەبێت و دەژی و دەمرێت، ئەویش ڕۆحی ئەو گەلەیە بەو ڕۆحە داواکاریەکانی هزرو بۆچوونەکان و ڕەسەنایەتیی دەردەبڕێت.

ئەوەی لە کۆتاییدا لەم هزرە دەستمان دەکەوێت ئەوەیە کە گەشە سەندنی زمانی گەل کلیلی گەلت پێ دەبەخشێت، نووسەری مەزنیش ئەو نووسەرەیە کە زمانەکەی لە زمانی نوسەرێکی تر نەتەویتر بێت، سەرچاوەی نووسین و ئەندێشەکانی لە گەلەوە بێت و دوورکەوێتەوە لە لاسایی کردنەوەی بێگانە و داهێن بێت. ئەرکی هەموو ئەدیب و نووسەرێکیشە هەروەکو ئەرکی هەموو پیاوێکی خاوەن هەستە شارەزای زمانەکەی بێت و بە پاراوی بیزانێ و هەمیشە بۆ سەرچاوەی زمانی بگەڕێتەوە چونکە هەر بە زمان گەل هوشیار دەبێتەوە و ئێمەش بە زمان ئاشنا و شارەزای گەلان دەبین.

بەم بیرکردنەوانە شارەزای هزرەکانی هوردەر لەسەر نەتەوایەتی دەبین، ئەو نەتەوە بە ئەندامێکی زیندوو دەزانێت، پێی وایە بوونی هەیەو خۆشەویستیشی بۆ سروشت خۆشەویستیەکی ژیاریە، ئەم

نەتەوەیەش بە خۆرسك خۆی بە زمانەکەی و ڕەوشت و دابونەریتەکەی دەناسێنێ، بۆیە نەتەوایەتی شتێکی سروشتیە و ژیانێکی مێژویی هەیە. هەموو شیکاریەکانی هوردەر شیکاریە فەلسەفی و زمانەوانی و زانستی جوانیی هەموویان سەرچاوەیان لە ئەزمونی گەلی ئەڵمانیەوە گرتووە، بەڵام ئەم چەمکە لای هوردەر دوورە لە هزری نەتەوایەتی، لە ١٧٦٥ یاداشتێکی بەناوی (ئایا ئێمەش وەکو خەڵکانی دیکە خاوەنی کۆمارێك و نیشتمانێکین؟) دەرکرد، کۆتایی بەو ڕووبەر و بوونەوە هات کە لەگەڵ کۆمەڵگە کۆنەکاندا هەبوو، ئەوانەی لەسەر بنەمای نیشتمانی بنیاد نراون وەکو کۆمەڵگەی کریستی کە لە هیچ شوێنێک گەل نابینن تەنها لە مرۆڤایەتیدا نەبێت، مرۆڤایەتیش لای ئەو سومبلی سیاسی و کۆمەڵایەتیە. شارستانیەتی کریستیش پێی وایە دیواری نێوان کۆمەڵگەو شارستانەکان دەروخێنێت، ئەوەتا دەڵێت ( وا خۆم دەبینم کە لە نێو نەمراندام، ئەوەی نەتەوە بە نەمر دەزانێت گەمژەیە وەکو ئەوکەسە گەمژەیە کە سامان و سەروەت بە نەمر دەزانێت). لە ١٧٩٤ و ساڵە دواییەکانی تەمەنیشیدا دەنووسێت (وڵاتە کۆکراوەکان دژی وڵاتەکانی دیکە لە ململانێیەکی خوێناویدان، ئەمەش بێ ئابڕووترین بەربەریەتی ئادەمیزادە) . ئەو هیچ ململانێیەکی لە نێوان گەلاندا پێ قەبوڵ نییە، تەنها ململانێ و کێبەرکێ لەسەر پێشکەوتنی شارستانیەتدا نەبێت، لە جیاتی ئەوەی دڵگران بێت کە ئەڵمانیا لە ڕووی سیاسیەوە پێگەی نیە ئەو دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێت، پێێ وایە بۆ ئەڵمانیا ئەوە باشە ببێتە سەنتەری فرەلایەنی سیاسی نەك تاکلایەنی سیاسی، بەهۆی ئەم سیاسەتەی ئەڵمانیاوە ڕەگەزە ڕەسەنەکانی ئەڵمانیا دەبوژێنەوە. سەبارەت بە جوگرافیای ئەڵمانیاش هیچ بیرۆکەیەکی بۆ فراوان بوونی نەبووە، بە پێچەوانەوە ئەو ئومێدی بۆ ئەڵمانیایەك دەخواست کە بە هەموو تواناکانیەوە کار بکات و لە ڕووی فکریەوە خۆی پێ بگەیەنێت. بەم شێوەیە دەبینین کە چەمکی نەتەوە لای هوردەر جیاوازە لەگەڵ چەمکی نەتەوە لای فرەنسیەکان.

چەمکی نەتەوە بە تێگەیشتنی هردەر لە ئەڵمانیا بە دوو جۆر بڵاو بۆوە :

- جۆرێك لە ڕێگەی ژیانی ئەدەبی.

-جۆرێکیش لە ڕێگەی ژیانی زانستییەوە.

له بواری ئەدەبیدا بەهۆی داهێنانە ئەدەبیەکان کە گوزارش لە ژیانی سەرەتایی ئەڵمانیەکان دەدا.

له ڕێگەی زانستیشەوە کۆمەڵێك لە پێشەنگان لە بواری زمان و مێژوو ڕابەرایەتیان دەکرد.

ئەم دوو بزوتنەوە ئەدەبی و زانستیە لە زانکۆکان پێگەی تایبەتیان دروستکرد کە خوێندکاران بە بیردۆزەکانی هوردەر لە سەر نەتەوایەتی ناویان دەبرد.

دیارە ئەم بیردۆزە نەتەوایەتیەی هوردەر لە ئەنجامی مێژووە ناتەباکەی ئەڵمانیا هاتە کایەوە کە لە یەك کاتدا لە نێوان ڕاین و ئەودەر سەرپەهەڵدابوو و گەلەکەشی لە ژێر چەپۆکی داگیرکەردا دەینالاند، بەهۆیەوە بیرۆکەی دەوڵەت هەموو خەسڵەتەکانی جوگرافیی لەدەست دا، ئەوەی مابۆوە نەتەوە بوو، خاڵە هاوبەشەکەش زمان بوو کە دەربڕی یەکێتی گەلە.

## بەشی دووەم

## ڕەچەڵەکی مێژوویی نەتەوە ئەوروپیەکان

نەتەوە ئەوروپیەکان تەنها خاوەنی ڕەچەڵەکی فکری و باوەڕیی نین، بەڵکو خاوەنی ڕەچەڵەکی مێژووییشن، چونکە ئەو نەتەوانە وەکو باقی نەتەوەکانی دیکە خۆیان بە ئازادی و سەربەخۆیی بینیوەتەوە، لەژێر کاریگەری هەندێك دۆخدا خۆیان بینیوە کە هەندێك نەتەوە لە هەندێکی تر بەهێزتر و باڵادەستتر بوونە، بەو ئەگەرە هێرشیان کردۆتە سەر یەکتری و خاکی یەکتریان داگیرکردووە و گەلەکانیشیان خستۆتە ژێر ڕکێفی فەرمانڕەوایی خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان هێنان و بردنیان پێ کردووە، ئەم دۆخە بەسەر چەندین نەتەوەدا گوزەری کردووە تا ئەو کاتەی هوشیار بوونەتەوە و خۆیان بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری ئامادە کردووە. لە خوارەوە باس لە دۆخی ژیانی هەندێك لەو نەتەوانە دەکەین کە لە سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەم دۆخانەدا تێپەڕیون :

### پۆڵۆنیا

پۆڵۆنیا یا وەکو خۆیان دەیڵێن(پۆلۆ) نموونەیەکمان نیشان دەدات کە دراوسێکانی هێرشیان کردۆتە سەری و داگیریان کردووە و لە نێوان خۆیاندا خاکەکەیان دابەش کردووە. خۆئەگەر دەوڵەتی پۆڵۆنی وەکو کەسایەتیەکی سیاسی لە نێویش ببرێت، بەڵام خۆ گەلی پۆڵۆنی ماون و زیندوون، ئەمەیە کە دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی بڵێین تا چەند نەتەوەی پۆڵۆنی بەرانبەر بە هەلومەرجی پارچەکردن و داگیرکردن بەرگرییان کرد و کاری لەم بابەتەیان ئەنجام دا؟.

پۆڵۆنیا دەوڵەتێکی نەتەوی نەبوو، دەوڵەتێکیش نەبوو بە ناتەندروست دابمەزرێندرێ، ئەم دەوڵەتە لە مێژیندا لەسەر بنەمای جوگرافی دانەمەزراوە، جەوهەری ئەم دروستبوونەش ئەوەیە کە پێی دەڵێن دەوڵەتی پۆڵۆنیای مەزن و پۆڵۆنیای بچووك، واتە هەرێمی بۆزن و وارسوفیا لەلایەك، هەرێمی کراکۆفیا و لوبلن لەلایەکیتر. دەوڵەتی پۆڵۆنیا لە ژێر کاریگەری سێ ڕووداو لەم هەرێمانە دروست بوو :

ڕووداوی یەکەم/

ڕووداوی یەکگرتن لە ئەنجامی هاوسەرگیری لە نێوان کچی پادشای پۆڵۆنیا (لویس ئەنجو) بە شازادەی لیتوانیا (باجلون) لەساڵی ١٣٨٦، بەم هاوسەرگیریە پۆڵۆنیا ڕووبەرەکەی مەزن دەبێت، بە یەکگرتنی هەریەك لە لیتوانیا و ڕوسیای سپی لەگەڵ پۆڵۆنیا.

ڕووداوی دووەم/

داگیرکردنی ئۆکرانیا و کۆچکردنی جووتیارە ئۆکرانیەکان بۆ کیف و دنیبەر و باشور تا نزیك سنوورەکانی تورکیا و تا دارگوفیتز.

ڕووداوی سێیەم/

چاکسازی پرۆتستانتەکان، بەهۆی ئەم چاکسازیەوە میرەکانی پروسیای ڕۆژهەڵات و لیفونیا و کورلاند دەستیان بەسەر سامانەکانی کەلیسادا گرت و بۆئەوەی ئەم کارەیان بۆ بچێتە سەر بڕیاریاندا بچنە ژێر سەروەری پۆڵۆنیا.

لە مێژوودا سنوورەکانی پۆڵۆنیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەندێك جار گەیشتۆتە مۆسکۆ، بەڵام دواتر سنوورەکان بەرتەسك دەبنەوە، کیف لەدەست دەدرێت، میرنشینی پروسیا لە ژێر سەروەری پۆڵۆنیا دەردەچێت. لە ساڵی ١٧٧٢ دانیشتوانی پۆلۆنیا لە ١٥ ملیۆن پێکهاتبوو، بۆیە دەتوانین بڵێین پۆلۆنیا لەوساڵەدا ڕووداوێکی مێژوویی سادە بوو.

هەروەها پۆڵونیا ئەوكات ڕوویەكی سیاسیی نەبووە، چونكە هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی چینی ئوروستوكراتەكاندا بوو كە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ڕەها بوون. ئەم چینی ئوروستكراتە لە ١٠٠ نەجیبزادە (نبلاء) پێكهاتبوون، ئەمان هیچ هەستێكی بەدەوڵەتبوونیان نەبوو، دەتوانین بڵێین ئەوان بەم ڕەفتارانەیان دەوڵەتیان لەناوبرد:

١/ بە مافی ڕەتكردنەوە (ڤیتۆ)، بەپێی ئەو بڕیارە هەر یەكێك لە نەجیبزادەكان(نبیل) مافی ڕەتكردنەوەی هەر بڕیارێكی هەیە كە ئەنجوومەنی میرنشینەكان دەیدەن، كاتێك بۆ بەرژەوەندی وڵات كۆدەبنەوە و گفتوگۆ دەكەن.

٢/ بە ئەنجوومەنی جوداخوازی نەجیبزادەكان (ئەنجوومەنی یەكێتی نەجیبزادەكان)، بڕیارەكانی ئەم ئەنجوومەنە بەسەر هەموو وڵاتدا دەسەپێندرا.

٣/ بە تێكدانی دەسەڵاتی پادشایەتی.

سەرباری ئەمە ئەو ئوروستوكراتانە هیچیان لە بەرژەوەندی نەتەوە و گشتیی نەدەزانی، هیچ هاوبەستیەكیش لە نێوان ئەوان و دانیشتوواندا نەبوو، هەروەكو كەمینە دەوڵەمەندەكانی تری ئەوروپا لە ناز و نیعمەتدا بوون، لەوپەڕی شارستانیەتدا دەژیان و لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوون لەگەڵ خانەوادە ڕۆژئاواییەكان. كەواتە ئەوان نوێنەرایەتی میللەتیان نەدەكرد تەنها لەسەر ئەستۆی ئەوان دەژیان.

لە ژێر ئەو چینە ئوروستوكراتە چینی مامناوەند نەبوو، چونكە چینی بۆرژوای ئەڵمانی تەنها چەند سەد كەسێك بوون لە شارەكان، ئەوان ژیانیان لە مەترسیدابوو هەمیشە لە ژێر نەفرەتی گەلدا بوون. لە نێو خۆشیاندا هیچ یەكگرتن و تەبابییەكیان نەبوو. دواجار چینی جووتیارەكان دێت، ئەوان لە ژیانێكی كولەمەرگیدا بوون لەم ڕووەوە پاپا ئاوەها دەڵێت:

(دیدێكی حكومەتی پۆڵۆنیا، ئەمیرەكانی پۆڵۆنیا هەرگیز بیرناكەنەوە كە جووتیارەكان لانی كەم وەكو ئەسپەكانیان مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت).

گەلی پۆڵۆنی هیچ بایەخێکیان بە سەرۆك و بەرپرسەکانیان نەدەدا، ئەوان لە حاڵەتی خەوێکی قووڵدا دەژیان، ناوە ناوە لە ژێر هەستی ئاینیدا ڕادەچڵەکین و هوشیار دەبوونەوە، بەڵام ئەوانیش هیچ هاوبەستیەکیان لە نێواندا نەبوو کە وەکو هێزێك بێنە مەیدان، تەنانەت پرۆتستانیەتیش کە پۆڵۆنیەکانی بەیەکەوە دەبەستەوە نەبوو بە هێزێك تا بتوانن بەرگری هێرشەکانی ڕوسیا و ئەڵمانیای دراوسێ بکەن، کەچی لە نێو پۆڵۆنیەکاندا لۆسەری وئەرسەدۆکسیش هەبوون.

بەم شێوەیە لە ساڵی ١٧٧٢ بلەتێك لە پۆڵۆنیا دەبێتەوە بێ ئەوەی هیچ لایەنێکی دەوڵەت بەرگری بکات، لەو ساڵەدا پۆڵۆنیا بەشێکی ڕوسیای سپی لەدەستدا، ئەو بەشە بوو کە دای بە ڕوس و، (بومیرانیا)ی دا بە ئەڵمانەکان کە ئێستا پێی دەڵێن پروسیای پۆڵۆنی، (لودومیری ڕوسیای سور) یشی دا بە نەمسا کە ناوی گالیسیا یان لێنا.

بەڵام گەورەیی و بچووکی خاکی ئەم جۆرە وڵاتە مەزن و سنوور والایانە لە ڕووی نەتەوایەتیەوە هیچ ناگەیەنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە دابەشبوونی خاکی پۆڵۆنیا لە ساڵی ١٧٧٢ لە ڕووی سیاسیەوە هیچ زیانێکی نەبوو، تەنها برینێك بوو لە جەستەی ئوروستوکراتیی وڵات. لە ڕاستیشدا گورزێکی گەورە بوو بەر ئەم ئیمپراتۆریەتە مەزنە و ئوروستوکراتیە باڵادەستەکەی کەوت کە بە هەردوولایان دەوڵەتیان پێکدەهێنا. هەر لەبەر ئەم هۆیانە ناتوانین بڵێین گورزی ١٧٧٢ کە بەر پۆڵۆنیا کەوت دەستدرێژی نەبوو بۆ سەر نەتەوەی پۆڵۆنی.

وەکو کاردانەوەیەکی نەتەوایەتی لە ئەنجامی ئەم دابەشبوونەدا چەند بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی دروست دەبن، لەوانە:

بزوتنەوەی یەکەم/

مەبەست لەم بزوتنەوەیە پێکهێنانی دەستەیەکی چاکسازی بۆ دام و دەزگا حکومیەکان و کۆتایهێنان بەو گێرەشێوێنیە ئازادەی کە هەیە وکۆتایهێنان بەو پەیمانانەی بە پادشا و ئەنجوومەنی جوداخوازی نەجیبزادەکان درابوو. بەم پێیە مەبەستیان دروستکردنەوەی دەوڵەتێکە لەسەر بنەمای نوێ، بە دامەزراندنی سوپا و هێزێکی ترەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم

گروپە لە دەوری چەند نەجیبزادەیەك كۆبوونەوە، لەوانە (چارتوریسکی و بوتوکی و زامواسکی)، بۆ ئەنجامدانی ئەم ئامانجانە ئەنجوومەن لە فارسوفیا لە ١٧٧٨/١٠/٦ كۆدەبێتەوە بەڵام خۆیان گیرۆدەی سیاسەتێك كرد كە ئامرازەكانیان نەبوون خۆیان بە پرۆپاگەندە و ئەو پرۆژەیەوە خەریككرد كە وەزیری پروسیا لە پێناو وەدەستهێنانی چەند دەنگێكی ئەنجوومەن پارەیەكی زۆری بە ئەندامانی بەخشی بۆ نەزۆك كردنی چاكسازیەكە، لە كاتێكدا دەبووایە ئەم بەرنامە و پارە خەرجكردنە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی چاكسازی بووایە. ئەوان دەنگیان لەسەر پڕچەككردنی ١٠٠٠٠٠ سەدهەزار سەرباز دا و بڕیارياندا سوپای ڕوسیا لە خاكی خۆیان دەركەن و دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پروسیا بكەن بۆ بەستنی هاوپەیمانێتیەك و بەرنامەی چاكسازیش بۆ ساڵێك دوا بخەن.

بزوتنەوەی دووەم/

ئەم بزوتنەوەیە بەرنامەیەكی قووڵی ستراتیژییان هەبوو بۆ چاككردنی بەرنامەی پەروەردە و فێركردن و ڕەوشتچاكیی بەرانبەر بە نیشتمان. ئەم بیرۆكەیە لە نیوەی یەكەمی سەدەی هەژدەهەم سەر هەڵدەدا كاتێك قەشەی ناسراو بە (باوكە كونارسكی) لە ساڵی (١٧٠٠-١٧٣٣) ئەم بەرنامەیە دەڵێتەوە، بیرۆكەكە پشت بە بڵاوبوونەوەی هزرەكانی فەرەنسی لە پۆڵۆنیا دەبەستێت، بەتایبەتی هزرەكانی فیزوكراتیەكان، دواتر ڕەتكردنەوەی ڕێبازی كریستیەكان لەلایەن پاپاوە لە ساڵی ١٧٧٤، ئەم ڕەتكردنەوەیە ڕووبەڕووی ناڕەزاییەكی زۆر دەبێت چونكە عیسەویەكان لایەنگریان لە پۆڵۆنیا گەلێك زۆرە، بەڵام ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ فێركردنی گشتی بە هاوكاری سامانی عیسەوی و ئەندامانی كۆمەڵە، لە ساڵی ١٧٧٤ لیژنەیەكیان دانا بە ناوی (لیژنەی پەروەردەی نەتەوی ) سیستەم و بەرنامەی تایبەتیان بۆ دانا كتێبی پەروەردەییان بڵاوكردنەوە و چاكسازی پەروەردەییان لە زانكۆكانی (كراكۆفیا وفیلنا) ئەنجامدا. ئەم بەرنامەی چاكسازی پەروەردەیە بە سەرپەرشتی (میشێل بونیاتوسكی) بەڕێوە دەبرا.

دەکرێ ئەم چاکسازییەی پەروەردە ڕۆژێك ببێتە ڕۆحیەتێکی گشتی و نەتەوی و سیاسیش، بەڵام ئەم هەوڵانە کۆشش و ماندووبوونێکی زۆریان دەوێت، کەچی لەژێر کاریگەری هەندێك ڕووداو وەستاون.

ئەم چاکسازیی پەروەردە و ڕەوشتی سیاسیە کاتێك نمایشکرا وڵات بە دۆخێکی پڕ لە گێژاو و پیلانی دابەشکردندا تێدەپەڕی لە ساڵەکانی ١٧٧٢ لەکاتێکدا ئەم دابەشبوونە هیچ جیاوازکاریەکی لە نێو خەڵکدا زیاد نەکرد، بەڵکو بووە مایەی زیاتر یەکگرتن.

بەم شێوە دەبینین کە بەسەر ئەو دابەشبوونەدا زاڵ بوون و ئاسەوارەکانی نەمان، بەڵام ئەم دابەشبوونە لەکاتێکدا ئەنجام دران کە هزرەکان زیاتر گەشەدەکەن و هەنگاوەکانیش بەرەو پێش دەڕۆن، ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە ناڕەزاییەکان و ئاژاوەکان بهێنن و بەم واقیعە قایل بن کە هەیە. دەگوترێت کە زۆرێك لە دەستەکانی ئەوروپی و پیلان و بەرژەوەندیە نا یاساییەکان تێکەڵاوی کێشەکانی پۆڵۆنیا ببوون و ڕۆلیان تیادا هەبوو، دواتر شۆڕشی فەرەنسی هەڵدەگیرسێت و دەستی هاوکاری بۆ پۆڵۆنیا درێژ دەکات، بۆیە دەبینین کە پرسی پۆڵۆنیا بە کراوەیی مایەوە و دانەخرا یا دوا نەخرا. ئەم پرسە تەنها لە پۆڵۆنیا بە کراوەیی نەمایەوە بەڵکو لە نێو مەحافلی دبلۆماسی ئەورپیش بە کراوەیی مایەوە. بەڵام ئەم کێشەیە بوو بە کێشەی ئوروستوکراتەکانی پۆڵۆنیا، نەك هی گەلە ڕەشوڕووتەکەی، بەم پرسە هەستی نەتەوایەتیی وڵات نەبزوت، بۆیە هەر دەبێ لەم کێشەیە تێوەگلێن تا دواجار بگەنە ئەنجام.

## هەنگاریا

هەنگاریا نموونەیەکی دیکەی دەوڵەتی مێژووییمان پێ دەبەخشێت کە دەکەوێتە ناو دەوڵەتێکی دیکە و تایبەتمەندێتی خۆشی دەپارێزێت، ئەوەی مەبەستمانە لەم باسەدا ئەوەیە بزانین کە ئەم ڕووداوە تا چەند کاری کردۆتە سەر هەستی کەسێتیمان ؟.

هەنگاریا بەهۆی ئەوەی دۆخێکی تایبەتیی هەبووە بە پێویستی دەزانین کە شی بکەینەوە، چونکە لەم ڕووداوە جێبەجێکردنی بیردۆزی( مافە مێژوییەکان) دەبینین کە دواتر دەبێتە سەرچاوەی گشت مافەکانی نەتەوایەتی لە هەموو وڵاتێك. پادشا نشینی هەنگاریا قەوارەیەکی کۆنی هەبوو توانیی هەژموونی خۆی بەسەر هەموو سەرۆکە نوێکانیدا بسەپێنێ کاتێك لە ١٥٢٦ ڕادەستی خانەوادەی (هابسبورگ) کرا، ئەوکات نەمسا فەردیناندیان بە پادشا دیاریکرد، ئەو یەکگرتنەش لە نێو ئەنجوومەنەکاندا وەکو هاوپەیمانێتیەك لەپێناو پاراستنی دەوڵەت سەیر کرا، بەڵام بۆ میرەکان وەکو پێدان وبەخششێک وا بوو، ئەوکات دەستوری هەنگاری دانی بەو دۆخە نوێیە ناو دواتریش بەهۆی چەند ئەگەرێکی مێژویی ئەو دۆخە سەقامگیر دەبێت. بەڵام مافی سەربەخۆیی هەنگاریا تاڕادەیەك سەربەخۆیی سیاسی بوو بەهۆی خەبات و کاری ناوەکی و دەرەکیەوە پارێزرا، بۆ نموونە یەکێك لەو هۆکارانە دەبینین کە هەنگاریا تا ماوەیەکی دوور و درێژ بەسەر سێ بەشدا دابەش ببوو:

١/ هەنگاریای ژێر دەسەڵاتی تورکیا .

٢/ هەنگاریای ژێر دەسەڵاتی خانەوادەی (هابسبورگ).

٣/ میرنشینی ترانسیلڤانیا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکاندا مافی ئۆتۆنۆمیی نیمچە سەربەخۆی هەبوو.

له لایەکی تریشەوە هەنگاریەکان دژی خانەوادەی (هابسبورگ) بەبەردەوامی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی یاخیبوونیان ئەنجام دەدا، ئەم بزوتنەوانە لە ساڵی ١٥٢٦ تا ساڵی ١٧١١ درێژەیان هەبوو کە لەلایەن دیبلۆماسیی ئەوروپی بەگشتی و فرەنسی بەتایبەتی هاوکاری دەکران بۆ ئەوەی خانەوادەی هابسبورگ لاواز بکەن. لە ئەنجامی ئەو بزوتنەوە یاخیبووانە ئەوەبوو کە پادشاکانی هەنگاریا توانیان دەست بە سەر حوکمی هەنگاریادا بگرن و بە هەوڵی خانەوادەی هابسبورگیش توانرا دەسەڵاتی ڕۆکەکان لە وڵات وەدەرنێن و کەسایەتی خۆیان بپارێزن، ئەم هەڵمەتەی وەدەرنانیش لە ڕێگەی سوپاو بە فەرماندایەتی (ئۆجین) ی میری هەنگاریەکان ئەنجامدرا. لە ١٦٨٦ تورکەکانیان لە بودابێست وەدەرنا و ڕزگاریان کرد، هەروەها لە ١٦٩٦ لە زانتا وەدەرنران و ناچارکران بە پێی پەیماننامەی کارلوفیتز لە ١٦٩٩ بە تەواوەتی دەست لە خاکە داگیرکراوەکانی هەنگاریا هەڵگرن. بەم شێوەیە هیچیان بەدەستەوە نەما جگە لە هەرێمی (تیمیسفار) نەبێ کە ئەویش بە پێی پەیماننامەی (باساروفیدز) لە ١٧١٨ ڕزگار کرا و هەندێك لە خاکەکانی سربیاو ئەفلاقیشی خرایە سەر.

هەنگاریا لەو دوو سەدەیەدا وەکو پادشانشینێکی سەربەخۆ مایەوە، بەرگریەکانیشی دژی گەورەکانی بە پەیماننامەی (زاتمار) لە ١٧١١ کۆتاییهات، دوای ئەم پەیماننامەیە چەند یاسایەك دەرچوون کە ئەنجوومەن بڕیاری لەسەردان لە ١٧١٢ تا ١٧٢٣. یەکێك لەو یاسایانە ئەوە بوو کە هەنگاریەکان بە پادشایەتی خانەوادەی (هابسبورگ) قایل دەبن، هەروەها لە ١٦٣٧بە سیستەمی بۆماوە(ویراسی) قایل دەبن، ئەم قایلبوونەش لەژێر کاریگەری دژایەتیان بوو بۆ تورکەکان. لە بەرانبەریشدا خانەوادەی (هابسبورگ) ناچار دەکەن قایل بن بەو یاسایانەی کە خۆیان دەگرێتەوە و لەسەریان جێبەجێ دەکرێت، بەڵام دواتر ئەو یاسایانە هەموار دەکرێنەوە بە شێوەیەك لە ڕووی سەربازی و دادوەری و ئیداریەوە لەگەڵ دەوڵەتە نوێکەدا بێنەوە. ئەوەی شیاوی باسیشە ئەوەیە کە خانەوادەی (هابسبورگ) لە سەدەی شانزەهەمەوە تا نیوەی سەدەی حەڤدەهەم لە هەوڵی لەناوبردنی پادشانشینی ( بوهیما) دا بوو کە بەشێك بووە لە پادشانشینی ئەوان، لە کاتێکا بە پێچەوانەوە دەبینین کە هەنگاریا لەوپەڕی ئازادی و دەستڕۆیشتوویدایە لە

نێو پادشانشینی خانەوادەی (هابسبورگ)دا، ئەمەش بنەمای حوکمی دووقۆڵیی نەمساو هەنگاریایە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ١٨٦٧ ەوە بەڕێوەدەبرێت.

لە سەدەی هەژدەهەم هەنگاریەکان بە هۆکاری چەند ڕووداوێك سەربەخۆیی وەدەست دەهێنن :

ڕووداوی یەکەم /

ویراسەی (هابسبورگ) بوو کە بەپێی دوو بڕیارنامە یەکلایی کرایەوە :

ا/ یەکلایی کردنەوەی یەکەم:

لەسەر دەستی لوبولدی یەکەم بوو لە ١٧٠٣ کە بەپێێ ئەو بڕیارنامەیە سامانەکانی خانەوادەی (هابسبورگ) یان گەڕاندەوە بۆ هەردوو کچەکەی یوسفی یەکەمی کوڕی کە ماریا جوزیف و ماریا ئەمیلی بوون.

ب/ یەکلایی کردنەوەی دووەم:

لەسەردەستی شارلی شەشەم بوو لە ١٧١٣ چونکە یوسفی یەکەم ( ١٧٠٥ تا ١٧١١) لە ١٧١١ کۆچی دوایی دەکات و جگە لە دوو کچ هیچ کوڕێك لە دوای خۆی جێ ناهێڵێت، دواتر شارلی شەشەمی براشی کە (١٧١١تا ١٧٤٠) حوکم دەکات و دوای یوسف دەبێتە ئیمپراتۆر، ئەویش جگە لە کچ هیچ کوڕی نابێت، کەواتە تەختی پادشایەتی بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟ یوسف یا شارل؟.

بەڵام شارل ئەو یەکلاییکردنەوەیەی باوکی کە لە ١٧١٣ ئەنجامی دابوو پێێ قەبووڵ نەکرا، بۆیە بڕیاری یەکلاییکەرەوەی نوێی دا کە پێی وترا (پراگماتیك سانکسیۆن ) بەهۆیەوە دەسەڵاتی پادشایەتی درا بە کچەکانی دوایین پادشا نەك بە برا گەورە کە پێشتر لەسەر حوکم بووە و کۆچی دوایی کردووە.

ئەوکارەی کە شارل پێیەوە سەرقاڵ بوو جێبەجێ کردنی میرات و بۆماوەکانی بووە، هزرو بیرەکانی ئەوە بوون کە سامانە جێماوەکان بدرێن بە ماریا تیرێزای کچی کە لە ١٧١٧ لەدایك ببوو. ئەم ڕووداوە سیاسەتمەدارەکان تیرو توانجیان لەسەردا، ئەم پرسەی جێماوە بوو بە کێشە لە نێوان

هەنگاریەکان و شارلی شەشەم و دانوستانی لەسەر کرا، بەڵام هەنگاریەکان مەرجیان بۆ قبووڵکردنی پرەنسیپەکانی شارلی شەشەم هەبوو، کاتێکیش ئەو مەرجانە ڕەت دەکرێنەوە بە چارەسەریەکی مامناوەندی چارە دەکرێت، ئەویش ئەوەبوو کە ئەنجوومەنەکان لە ١٧٢٣ پرنسیپەکانی شارل کە تایبەت بوون بە ویراسەت قەبووڵیان کرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەنگاریەکان قەبووڵی ئەم جۆرە ویراسەیان کردووە و قایلن ئەم سیستەمەش گشتگیر بکرێ و ئیمپراتۆریش قایل نەبێت لەسەر دابەشبوون و جیاوازکاری لە هەنگاریا، واتە هەنگاریا ناتوانێت لە نەمسا جیابێتەوە، واتە ئاڵوگۆڕی گرێبەستی لە نێوان دوو لایەن، ئەگەر هەنگاریا نەتوانێت لە نەمسا جیا بێتەوە کەواتە نەمساش یەکگرتنی هەنگاریای  پێ قەبووڵە و  دان بە هەنگاریادا دەنێت.


شارلی شەشەم

هەنگاریەکانیش بەم مەرجانە بە پرەنسیپەکانی شارل قایل بوون:

١/(کاتێک (پراگماتیك سانکسیون) دەچێتە نێو یاساکانی پادشانشینی هەنگاریا واتە پادشای نەمسا بەو یاسایەی ویراسیی قایلە وەکو ئەوەی کە کەسێکی هەنگارییە نەك نەمسایی.

٢/ پێویستە پادشا پەیمان بدا کە حوکمی وڵاتی هەنگاریا بکات بە پێی یاسا و دەستوری هەنگاریا.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمێکی دوو سەرە هەیە بە فەرمی لەلایەن خانەوادەی (هابسبورگ)ەوە دانی پێدا نراوە.

ڕووداوی دووەم/

بەهۆی دانانان بە قەوارەی سیاسیی هەنگاریاوە بوو کە لەلایەن ماریا تیرێزا ئەنجامدار، چونکە ماریا تیرێزا لەوکاتەی هاتە سەر تەختی پادشایەتی ڕووبەڕووی کێشەیەکی مەزن دەبێتەوە ئەویش ئەو هێرشە گەورەیە بوو کە لەلایەن پادشای پروسیا (فریدریکی دووەم) دەکرێتە سەری، بۆیە ئەویش پێویستی بە کۆکردنەوەی هێزو یەکڕیزی هاووڵاتیانی هەبوو تا بەرگری لە وڵاتەکەی بکات، ئەو هێزەش هەنگاریەکان بۆیان کۆکردەوە بێ کێشە. لە بەرانبەردا تیرێزا ڕەزامەندیی لەسەر ئەو ئیمتیازانە دان کە بە هەنگاریا درابوون، کاتێکیش ئیمپراتۆر لە جەنگ تەواو دەبێت سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی گرتە بەر لە نەمسا، لەو سیاسەتانە سیستەمێکی نوێی ئیداری و دادوەریی جیاوازی دانا وەکو چاکسازی ئیداری، بەڵام ئەم چاکسازیانە نەگەیشتنە هەنگاریا، هەر لە ڕوباری (لیتا) نەپەڕینەوە ئەو ڕوبارەی نەمسا و هەنگاریا لەیەکتر جیا دەکاتەوە. لە ڕاستیشدا دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆر بەسەر هەموو نەمسادا بە تەواوی بڵاو بۆوە، بەڵام لە هەنگاریا سیاسەتێکی تری گرتە بەر، هەنگاریەکان ئەو دانانەیان لە ماریا تیرێزا وەرگرت کە (تانسلفانیا و کرۆواسیا) وەکوو دوو بەشی لکێندراو بن بە هەنگاریاوە .

ڕووداوی سێیەم/

لە شکستهێنانی چاکسازیەکانی جۆزێفی دووەمەوە بوو، جوزیفی دووەم پادشایەکی فەیلەسوف بوو، هەوڵیدا لەسەر بنەمای ئەقڵ دەوڵەتە لەیەك نەچووەکانی نەمسا یەکبخات، بۆیە ڕووبەڕووی کاردانەوەی خراپ بووەوە  بە جۆرێك کە بەر لەوەی لە ١٧٩٠ کۆچی دوایی بکات لە چاکسازیەکانی پەشیمان بۆوە، دوای مردنی هەنگاریەکان گەڕانەوە بۆ یاسا کۆنەکانیان، بۆیە جێگرەوەی جوزیفی دووەم کە براکەی بوو (لوبولد) ناچار دەبێت دەستبەرداری بەرنامە

چاکسازیەکەی بێت. دواتر خۆی ڕایگەیاند کە بەرنامە چاکسازیەکەی جۆزیفی دووەم بەهۆی بەهێز بوونی دەنگی ڕەگەزپەرستی هەنگاریەوە ڕووبەڕووی کاردانەوە بۆتەوە.

دوای مردنی جۆزیفی دووەم لیژنەکان کۆدەبنەوە و ئەنجوومەنێکی یاسادانان پێکدەهێنن کە چەند بڕیارو یاسایەك دەردەکەن. بەپێ یاسای نوێ پێویستە پادشا یەکەم شەش ڕۆژی دوای تاج لەسەرنان لە بۆدابێست بباتە سەر، بەر لە تاج نانەسەریش بە تەواوی دەسەڵاتەکان وەرناگرێت، ئەنجوومەنەکان هەر ٣ ساڵ جارێك دەبێت کۆببنەوە، پادشا بۆی نیە بەبێ ئەنجوومەن سوپا دروست بکات و باج بسەپێنێت، ئەم ئەنجوومەنە بە هاوبەشی لەگەڵ پادشادا یاساکان دادەنێن یا هەڵدەوەشێننەوە، دواجار دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری دەبێت بەپێی یاساکان کاری خۆیان بکەن.

لە ماددەی دەیەمی ئەم دەستورەدا هاتووە:

(پادشای خاوەنشکۆ دەبێت، دان بە هەنگاریادا بنێت کە وەکو نەمسا لەگەڵ ئەو هەرێمانەی سەر بەون، بۆخۆیان پادشانشینێك دامەزرێنن، هەرچەندە هەنگاریا سەربە نەمسایە بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر، واتە سەربە هیچ پادشانشینێکی دیکە نابن و سەربەخۆ دەبن. خاوەنی یاسا و دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان دەبن و ئەو پادشایەی بە فەرمی دەکرێتە پادشای وڵات بەپێی یاسا و دەستوری ئەو وڵاتە کار دەکات، ئەمەش دانپێدانانێکی ڕاشکاوانەیە بە دەوڵەتی هەنگاریا، هەرچەندە لەمەدا هیچی نوێ نییە چونکە ئەم دەستورە پێشتر هەبووە بەڵام دوپاتکردنەوەی دانپێدانانی فەرمیە بە دەستوری وڵات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەنگاریا لە نەمسا جیا بۆتەوە نەخێر بە پێچەوانەوە، بەڵکو واتای ئەوەیە کە سەر بە نەمسایە و پادشای نەمساش دەستور و یاسای هەنگاریای قەبووڵە.

دەبێ ناوەرۆکی ئەو دەستورە تایبەتیە چی بێت ؟

ئەم دەستورە شێوەیەکی دەرەبەگیی مێژوویی هەیە : ئەم دەستورە دەرەبەگیە، چونکە ئەم دەوڵەتە لە دوو ڕەگەزی دەرەبەگیی پێکهاتووە، یەکێکیان پادشا و ئەوی دیکەیان میللەت. دیارە

که دەسەڵاتی هیچکامیشیان بە تەواوەتی لەم بوارەدا بە سیستەم و یاسا دیاری نەکراوە. کاتێك دەڵێین مێژووییە لەبەرئەوەیە بە ڕووداوی مێژوویی ئەم دۆخە دروست بووە لە ئەنجامی دروست بوونی هەردوو هێزی پادشا و میللەت، پەیوەندیەکانیشیان بە پێی ڕۆژگار گۆڕانکاریيان تێکەوتووە.

مافەکانی پادشا گەلێك زۆر و فراوان بوون، چونکە خۆی خاوەن دەسەڵات و خاوەنشکۆیە، لە ڕێگەی دەست بەسەرداگرتن و زەوتکردنی موڵکی خەڵك توانیویەتی سنووری دەسەڵاتەکانی بەرفراوان بکات. بە پشت بەستنیش بەپێگەو دەسەڵاتەکانی لە ناو کۆمەڵگەی دەرەبەگیدا توانیویەتی زیاتر خۆی دەوڵەمەند بکات. دواتر بەهۆی ئەوەی لە لوتکەی دەسەڵاتە و ئەو نەجیبزادانەی تاوانی ناپاکییان لەسەر دەسەلمێندرا لە وڵات دەریدەکردن و دەستی دەگرت بەسەر موڵك و سامانی ئەوانیشدا.

پادشا خۆی سەرۆکی کەلیسایە دامەزراندنی پیاوە ئاینیەکانیش بەدەست ئەون، خۆی دۆخی ئاین ڕێکدەخات و پۆستەکان دابەش دەکات، بۆیە دۆخی ژیانی پرۆتستانتەکان لەو وڵاتانە پەیوەندیی بە ئیدارەی پادشایەتیەوە هەیە، کەوابێ پادشا گەورەی شارەکان و خاوەنیەتی. دواجار خۆی گەورەی دادوەرەکانی وڵاتە، دامەزراندنی دادوەر و پەسندکردنی بڕیارەکانیان بەدەست ئەون، ئەگەر پێویستیش بکات دەتوانێت حوکمەکانیشیان دەستکاری بکات.

کەوابێ پادشا بە دیدی دەرەبەگایەتی هەموو شتێکە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو ڕەهەندەکاندا هەیە، تەنانەت دەسەڵاتی دەستوریشی هەیە، دەسەڵاتەکانی سەربازیی ڕەها و بێ سنوورن بەسەر هەموو جومگەو چالاکیە سەربازیەکاندا دەڕوات، لە دامەزراندن و فەرماندە و بەڕێوەبەری و کاروباری دەرەوەی وڵات. لە ڕووی داراییشەوە سەربەخۆو بێ چاودێرە، داهاتی لە داهاتی زەویەکان و باجە سەپێندراوەکانی سەر شارەکانە، داهاتی گومرگ بۆ ئەوە، دەستی بەسەر سەرجەم کانزاکانی وڵات و بەرهەمە سروشتیەکاندا دەڕوات. سەبارەت بە دەسەڵاتەکانیشی لەسەر سوپا و سیاسەت ودارایی و دبلۆماسیەتی وڵات ئەو دەستوالایە، ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بیکات و ئەنجامی بدات. بەهۆی ئەوەی لە یاساکانی هەنگاریا بەدەرە بۆیە ئەوەی ئارەزوی بێ دەیکات بێ ئەوەی پێشێلی دەستوربێت.

جگە لەمەش دەسەڵاتەکانی پادشا ئەوەندە زۆرن شۆڕدەبنەوە ناو وردەکاریەکانی دەستور کە پەیوەندیان بە مافی گشتیی نەمساشەوە هەیە بە هەنگاریاشەوە. پادشا خۆی بەرپرسی کاروبارە هاوبەشەکانە، واتە کاروباری دەرەوە کە تایبەتە بە ئەنجوومەنە تایبەتیەکان، هەروەها بەرپرسی کاروباری سەربازییە کە دادگای باڵا بەڕێوەی دەبات و هی کاروباری داراییەکانیشە کە لەلایەن ئەنجوومەنێکی باڵا بەڕێوەدەبرێت. پادشا وەکو ئەوەی کە پادشای هەنگاریاشە دەتوانێت دەست بخاتە ناو هەموو کاروبارەکانی ئەو وڵاتە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو جومگەکانی وڵاتدا دەشکێت، هەر لە سوپاوە تا فەرمانبەر و گەورەکاربەدەستانی و ئەنجوومەنی دارایی کە زۆربەیان لە ئەڵمانیەکانن لەو بوارەدا کار دەکەن، چونکە جوامێرەکانی خانەوادەی پادشایەتی لە خۆیان ناگرن کار لەم بوارە بکەن، بۆیە نزیکەی نیو ملیۆن ئەڵمانی لە هەنگاریا لەم بوارە کار دەکەن، بەم شێوەیە دەبینین پشکی پادشا لە دەسەڵاتەکان ئەوپەڕی مەزن و بەهێزە.

ئەو دەزگایانەی هاوکاری دەسەڵاتەکانی هەنگاری و پادشا دەکەن، لە ڤیەنناو هەنگاریا بارەگایان هەیە. لە هەنگاریا ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی پادشا هەیە کە نوێنەرایەتی پادشا دەکات و بەسەر جێبەجێکردنی یاساکاندا چاودێرە بۆئەوەی هەنگاریەکان پێشێلی یاساکان نەکەن. لە ڕاستیشدا ئەم ئەنجوومەنەی پادشایەتی هیچ دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نییە، تەنیا ئامرازێکە بەدەست پادشاوە. لە ڤیەنناش دەزگایەك هەیە بەناوی دەزگای گشتیی کە وەزارەتێکی هەنگاریە دوو ئەرکی هەن:

یەك/ دەرکردنی هەر بڕیار و یاسایەك کە پەیوەندیی بە هەنگاریاوە هەبێت.

دوو/ نوێنەرایەتی میللەتی هەنگاریا دەکات لە بەردەم پادشادا لە ڤیەننا.

ئەم وەزارەتە پادشا لەو بڕیارانە ئاگادار دەکاتەوە کە لەگەل دەستوردا ناکۆکن. دەکرێت ڕۆڵی ئەنجوومەنی پادشا ببینێ لە کاروباری هەنگاریادا، دەشکرێت یەکسان بێت لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی ڤیەننا. لە ڕاستیدا بوونی ئەم وەزارەتە لە ڤیەننا ئەوە دەگەیەنێت کە لە ژێر کاریگەری

ئەڵمانیادایە و ڕاستەوخۆش لەژێر دەسەڵاتی پادشادایە. لەم ڕووەوە پادشا هەوڵی زۆری دا تا بە یاسایی هەنگاریا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆیە ئەو لەم بوارەدا دەستکەوتی باشی گیرکەوت.

بەڵام لەبەردەم پادشادا دەزگای نەتەوی هەیە کە زۆر گرنگە بۆ ئێمە کاتێك لە پرسی نەتەوایەتی دەکۆڵینەوە.

ئەو کۆسپ و تەگەرەی دەکەوتە بەردەم حوکمی ڕەها ئەو مافە دووسەرەی هەنگاریا بوو:

یەکەمیان/ هەنگاریا مافی ئەوەیان هەبوو یاسایەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت، دواتر ئەم یاسایانەش فەرمیەت وەرناگرن تا ڕێککەوتنێك لە نێوان ئەنجوومەن و پادشادا لەسەری نەکرێت.

دووەمیان/ مافی ئەوەیان هەبوو کە یاساکانیان لە ڕێگەی دام و دەزگا فەرمیەکانی خۆیانەوە جێبەجێ بکەن کە پێیان دەوتن (فەرمانگە). کەواتە ئەوان دوو جۆرە دەزگایان هەیە ( ئەنجوومەن بۆ یاسا دانان، فەرمانگە بۆ جێبەجێ کردن).

**ئەنجوومەنەکانی هەنگاری:**

ئەنجوومەنەکان لە کۆنەوە بریتی بوون لە ئەنجوومەنی نەجیبزادەکان( النبلاء)، لە ساڵی ١٦٠٨ بەولاوە بوو بە دوو بەش:

یەکەم/ ئەنجوومەنی ماگنا کە گەورە نەجیبزادەکان و پیاوە ناودارەکان کۆبوونەوەیان تیادا دەکرد، کە بارونەکان و گەورە پیاوانی ناودار و کەسایەتی و میرەکان بوون.

دووەم/ ئەنجوومەنی چینەکان، ئەمەش لە نوێنەری فەرمانگە حکومیەکان و نوێنەری کەلیسا و شارەکان و پیاوە ئاینیەکان پێکهاتبوو. هەر چینێك لەم چینانە یەك دەنگی هەبوو، شێوەی دەرکردنی یاساکانی زۆر ئاڵۆز بوو، یاساکان دەبوایە بە ڕێککەوتن لە نێوان ئەنجوومەنەکان و پادشادا بووایە، چونکە پادشاش نوێنەری لە نێو ئەجوومەندا نەبوو، بۆیە دەبووایە دانوستان لە نێوان پادشا و دامودەزگا حکومیەکان و ئەنجوومەنەکاندا بکرابایە تا دەگەیشتنە ڕێککەوتنێك. ئەمەش جۆرێك لە بیرۆکراسی و ئاڵۆزی بەڕێوەبردنی کارەکان بوو. بۆ پەسند کردنی یاساکانیش

دیسان دەبووایە دانوستان و ڕێککەوتن لە نێوان ئەو دوو ئەنجوومەنەی سەرەوەش ئەنجام بدرابا، ئنجا یاساکە بەناوی دادوەرانی پادشا دەردەکرا. دوای تەواو بوونی دانوستانەکان لە نێوان ئەنجوومەن و پادشا و لە نێوان هەردوو ئەنجوومەنەکە، دواتر دەنێردرایە ڤیەننا بۆ وەرگرتنی بیروبۆچونەکانی وەزارەتی هەنگاری لەسەریان، وەزارەتیش پرسی بە سەرجەم کەسایەتیە باڵاکانی نێو وەزارەت دەکرد، دوای گفتوگۆ و ڕەخنە و پێشنیارەکان یا ڕەتدەکرایەوە یا پەسندیان دەکرد. خۆ ئەگەر بڕیارەکە ڕەت بکرابایەوە ئەوا پێویستی دەکرد دانوستانەکانی نێوان ئەنجوومەن و پادشا هەڵبوەشێندرێتەوە، بۆیە دەرکردنی هەر بڕیارێك کارو گفتوگۆی زۆری دەویست.

ئەنجوومەنی هەرێمەکان(کۆمیتەکان)، کۆمیتەکان دەزگایەکی نەتەوایەتیی کاریگەرتر بوون، پێکهاتبوون لە سەرجەم (نەجیبزادە) کانی هەرێم. کاری ئەم کۆمیتانەش بریتی بوو لە جێبەجێکردنی سەرجەم بڕیارەکانی ئابوری و سیاسی و مافپەروەری هەرێم، هەر سێ ساڵ جارێکیش ئەو فەرمانبەرانەیان دەستنیشان دەکرد کە لە ژێر فەرمانەکانیاندا کاریان دەکرد، دواتر دەستنیشانی یاساکانی ئەو هەرێمانەیان دەکرد کە لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوون و سەرپەرشتی جێبەجێکردنەکانیان دەکردن. خۆی لە ڕاستیدا کۆمیتەکان سەربەخۆ بوون، تەنها پادشا (کۆنت)ی دەستنیشان دەکرد بۆ سەرپەرشتی کۆمیتەکە کە هەر سێ ساڵ جارێك لەو کۆبوونەوەیەدا دەگۆڕدرا کە فەرمانبەرەکانیان لێ دەگۆڕین. لەو کۆمیتەیە دوو ئەندام نوێنەرایەتی نەجیبزادەکانیان دەکرد و سەربەخۆیی خۆیان هەبوو، کۆمیتە شوێنی حکومەت و هەموو دەنگە ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتی تیا دەبۆوە.

ئەم سیستەمەی هەنگاری نە سیستەمێکی پەرلەمانیی نوێ بوو نە سیستەمێکی مێژوویی نوێی ئینگلیزی نە سیستەمێکی نوێنەرایەتیش بوو، تەنها سیستەمێکی دەرەبەگایەتی بوو کە بەهۆیەوە بتوانن پارسەنگ و دڵی پادشا لەو حوکمە ڕەهایەی بپارێزن و بەرژەوەندیەکانی خۆشیان بەڕێوەببەن، تا بتوانن یەکێتی وڵات لە ژێر دەسەڵاتی پادشا بپارێزن. ئەمە بوو ئەو دەستورە مێژووییەی کە هەنگاریەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا واتە تا شۆڕشی ١٨٤٨ لە پادشایان دەخواست.

کەواتە لە چ ڕوویەکەوە ژیانی نەتەوی لەم دەوڵەتەدا یەکسان بووە؟ لە ڕواڵەتیشدا ئێمە لەبەر دەم نەتەوەدا نین بەڵکو لەبەر دەم کۆمەلگەیەکی دەرەبەگیداین.

دانیشتووانە ڕەشوڕووتەکەی هەنگاریا بەرانبەر بە بۆرژواکان کە ڕێژەی ٪٩٦ پێکدەهێنێت، هیچ ناگەیەنێت چونکە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و سەربازی و پلە و پۆستەکان شوێنیان نییە، ئەوەی هەیە چینی بۆرژوا دەستی بەسەردا گرتووە. سەرجەم پۆستە باڵاو هەستیارەکان لەدەست نەجیبزادەکاندا بوون کە لە ڕێگەی داگیرکاریەوە هاتبوونە هەنگاریا و زۆرینەشیان لە مەجەری وئەوانەی بە ڕەزامەندی وڵات هاتبوونە هەنگاریا و خۆیان کردبوو بە هەنگاری و لەو کەسانەی بە شێوەیەکی نایاسایی دەستیان بەسەر سامانی وڵاتدا گرتبوو، خۆیان کردبوو بە نەجیبزادە، هەرچەندە پادشا ئەم پلەیەی لە زۆربەیان سەندبۆوە. خەسڵەتی نەجیبزادە ئەو کاتە لێ دەسەندرایەوە کە فەرمانەکانی پادشای جێبەجێ نەکردایە، یا ناپاکی لەگەڵ چینی دەرەبەگدا بکردایە. دەستکەوت و مافە پێدراوەکانی نەجیبزادەکان ئەوەبوو کە لە باجدان بورابوون، هەر چەندیش لە ڕووی ماف و ئیمتیازەکانەوە یەکسان بوون، بەڵام لە نێو خۆیاندا ناکۆك و پڕ کێشە بوون. جیاوازیەکانیش ئەوەبوون کە هەندێکیان بێتوانا و شەکەت بوون، هەندێکیشیان موڵکداری مەزن و دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر بوون. لەسەر شارستانێتی ئەوروپا ڕاهێندرابوون هەندێکیان خاوەنی پانتاییەکی زۆری زەوی و زار بوون کە لە پانتایی هەرێمەکان زیاتر دەبوو، ئەمان چینی ئوروستوکراتەکانیان پێک دەهێنا.  لە نێوان ئەم دوو چینەدا چینێکی تری نەجیبزادەی مامناوەند هەبوو کە گەورەی کۆمیتەکان بوون، بەڵام لەم چینە ئۆپۆزسیۆن و سیاسەتمەداری لێ هەڵدەکەوت،  ئەم چینە هەنگاریە زۆر کەم فەرهەنگ و کەم ڕۆشنبیری بوون هیچیان لە دەستەواژەی نەتەوایەتی نەدەزانی، ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان بوو بەرگریان لێدەکرد. لە نێو چینی نەجیبزادەی سیاسەتمەداردا هیچ کەسێکت نەدەبینیەوە دژی دەسەڵاتەکانی پادشای نەمسا بێت، هەژموون و کاریگەریەکانی پادشا لەسەر ئەم چینە لە دوو کەناڵەوە دەبینرێت:

کاریگەری یەکەم/

دەوڵەتی هەنگاریا لە سەردەمی چاکسازی ئاینی ببووە دەوڵەتێکی پرۆتستانتی، بۆیە چاکسازی کاسۆلیکی کاریگەری زۆری لەسەر هەبوو، تەنانەت ژمارەیەکی زۆریان گەڕانەوە بۆ باوەشی کەلیسای کاسۆلیکی. کەلیسا خزمەتێکی زۆری بە ڕەچەڵەکی نەمسایی کرد و چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی حوکمدارانی نەمسایی بەستەوە کە زۆر دەوڵەمەند و بەهێز بوون. ئەوان کاکڵی ئەنجوومەنی (ماگنا) بوون، لە کۆمیتەکان لە هەرشوێنێك بوونایە خاوەن فەرمان و پۆست بوون، کاتێکیش کێشە لە نێوان پادشا و چینی نەجیبزادەکاندا لەسەر دانانی یاسایەك دروست دەبێت ئەوان دەبوونە میانگێر لە نێوان هەردوو لادا بۆ چارەسەری کێشەکان. بۆیە ئەم چینەی هەنگاری لە نێو کەلیسای کاسۆلیك بە فاکتەری یەکێتی لە نێوان هەنگاریاو ناوەند دەهاتە ناسین.

کاریگەریی دووەم/

کاریگەریی ئوروستوکراتی، کاتێك تورکیا هەنگاریای داگیرکرد زۆربەی خانەوادە ئوروستوکراتیە هەنگاریەکان ڕوویان لە نەمسا کرد بەتایبەتیش ڤیەننا. لە سەدەی هەژدەهەم لە سەردەمی لویسی شانزەهەم و ماریا تیرێزادا ژیانی خانەوادەی پادشا بەرفراوان بوو، ژیان لە ڤیەننا ڕەونەقێکی دیکەی گەشاوەی هەبوو، ئەوکات ماریا تیرێزا سیاسەتێکی نوێی گرتە بەر کە بریتی بوو لە لەیەك نزیك خستنەوەی نەوەی چینی نەجیبزادەکانی نەمسایی و هەنگاری لەڕێگەی ژنخوازی و تێکەڵاو بوونی هاوسەرگیریەوە. ئەمەش بۆ بەرژەوەندی وڵات بوو، چونکە ئەم تێکەڵاویە شێوازێکی لەیەك نزیکبوونەوەی شارستانیە، بە خۆشیەوە هامشۆ و تێکەڵاوی ئەنجام دەدرێت.

نەجیبزادەکانی هەنگاری زۆربەیان لە ڤیەننا نیشتەجێ بوون و پەیوەندیشیان لەگەڵ پادشا خۆش بوو، ئەوان بەچاوێکی سیاسیانە سەیری پرسەکانیان دەکرد نەك بەچاوی نەتەوایەتی، جگە لەوەش بە فەرهەنگ و کەلتورێکی ئەوروپی دەژیان، بۆیە پەیوەندیان لەگەل چینی ئوروستوکراتی فرەنسی و ئینگلیزیش خۆش بوو. بەم شێوەیە چینی ئوروستوکراتی هەنگاری تا دەهات زیاتر پابەندی پادشا وفەرمانەکانی دەبوون بە ڕادەیەك ئەنجوومەنی ( ماگنا) لە نێو کۆمیتە ببووە گاڵتەجاڕی دەستی ئیمپراتۆر.

ئەم نەجیبزادانەی هەنگاری ببوونە هۆکاری بوژانەوەی نەمسا لەسەر حسابی دەوڵەتی نەتەوی. نەمسا توانیی سیاسەتەکانی لە بوهیما جێبەجێ بکات و تا ئاستێکی زۆریش لە پەلکێشکردنیدا سەرکەوتوو بوو. هەنگاریاش هەر مایەوە بەڵام ناتوانین وەکو نەتەوەیەك سەیری بکەین کە خاوەن کۆمەڵگەیەکی نوێیە، چونکە کۆمەڵگەکەی تا ئێستاش سیمای کۆنی پاراستووە، وێڕای هەوڵەکانی نەمسا، هەنگاریا ئیمتیازەکانی خۆی لەدەست نەدان. بۆیە هەنگاریا سەربەخۆیی سیاسی و ژیانی نەتەوایەتی تایبەتی خۆی پاراست، بەڵام وەکو وڵاتێکی پەرلەمانی و نوێنەرایەتیی نەتەوە نەمایەوە، تەنها ئەو کاتەش هەستت بە نەتەوایەتی هەنگاری دەکرد کاتێک لەژێر سۆزی سیاسیانەو لە پێگە حکومیەکان دەبیسترا لە نیو چینی نەجیبزادەکانی مامناوەند، ئەمەش هەر لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەبیندرا. بە پێی ئەم توێژینەوەیە دەبینین کە هەنگاریا دەوڵەتێکی مێژوویە خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆیەتی، دەوڵەتێکی نەتەوی نییە.

## گریك

لە گریکستان هەست بە بوونی نەتەوەیەك دەکەین خاوەنی کەلتووری خۆی بێ، بەڵام بوونی نەتەوایەتی خۆی پێ ناسەلمێندرێت. کەواتە خەسڵەتەکانی نەتەوە چین؟

لە گریکستان دەوڵەتێک نییە لە ژێر هەستی هزرە نوێکان بژی، بەڵکو نەتەوەیەك هەیە کە تەنها هەست بە بوونی خۆی دەکات.

لە چەرخی ناوەڕاست حوکمی تورك لە گریکستان زاڵ بوو، لەگەڵ ئەمەش دا گریکەکان توانیان وەکوو نەتەوە لە ژێر سایەی دەوڵەتی تورك کە لە ڕاستیدا دەوڵەت نەبوو خۆیان بپارێزن بۆیە

لەناوچوون. دەوڵەتی تورك كاتێك ئەم وڵاتەی داگیر كرد لە ڕووی سەربازیەوە داگیری كرد، بەڵام بۆ چارەنووسی نەتەوایەتی سەرفرازی كردن، چونكە ئەو تەنها باجی لێ دەویستن ئەمانیش باجیان دەدا، باجەكانیش بریتی بوون لە باجی زەوی و زار لەگەل باجی دەیەك كە پێیان دەوت باجی خۆشی پێبردن. جگە لەوە توركەكان باجێكی دیكەیان دەسەند، لە یاسای ئەواندا یەك لەسەر پێنجی كچ و كوڕانی ئەو وڵاتەیان دەبرد و سوپایەكیان لێی پێكدەهێنا پێیان دەوت سوپای (ئینكشاری)، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەم یاسایە بوردرابوون دەبووایە ئەم باجە بدەن. ئەم باجەش لە سەدەی حەڤدەهەم و بەتەواوەتیش لە ساڵی ١٦٨٥ هەڵوەشێندرایەوە. بەم شێوەیە عوسمانیەكان هەرچەندە وڵاتەكەیان لێ داگیر كردن و بەسەریانەوە بوونە كەڵەگا، بەڵام لە ڕێگەی پێدانی باج ئەمان لە چاودێری و ڕێگریەكانی دیكەی نەتەوایەتی ئازاد كرابوون. بەهۆیەوە توركەكان هیچ كاتێك لەهەوڵی تواندنەوەی ئەماندا نەبوون لە نێو ڕەگەزی توركدا یا لە نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. بەم شێوە گریكەكان تایبەتمەندی نەتەوایەتی خۆیان پاراست و عوسمانیەكانیش دانیان بە بوونی نەتەوەی گریكیدا نا.

**كەلیسا**

یەكەم مۆركی نەتەوایەتی وقەوارەی سیاسیی گریكەكان كەلیسا بوو. سوڵتان محەمەدی دووەم دەستی بۆ كەلیسای ئەرسەدۆكسی درێژ نەكرد، وەك خۆی هێشتیەوە، بەم هۆیەوە ئەم كەلیسایە كاتی داگیركردنی پایتەختی بیزەنتیەكان لەلایەن عوسمانیە كانەوە كەلیسایەكی ڕوخێنەر و هاوكاری توركەكان بووە لە سیاسەتەكانی یەكێتی ڕازی نەبوو كە دوایین ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیەكان بەڕێوەی دەبرد بەناوی (قوستەنتین درئاگازیس)، ئەم ئیمپراتۆرە لە هەوڵی نزیككردنەوەی هەردوو كەلیسای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بوو.

گرێبەستێكی ڕاستەقینە لە نێوان سوڵتان محەمەدی فاتح و بەتریركی گریكستان (جینو ئەتیوس) ئەنجام درا كە دوای ئەو دوو سەركردەیە جێگرەوەكانیشان هەمان گرێبەستیان درێژە پێدا. بەپێی ئەو گرێبەستە دەبێ توركەكان ڕێز لە سەندوقی بەتریركی بگرن و جزیە(سەرانە)یان لێ وەرنەگرن. لە بەرانبەردا كەلیسا ساڵانە گوژمەیەك پارە بە سوڵتان بدات. لە بەرانبەریشدا

سولتان دەسەڵاتەکانی ئیداریی کەلیسا بۆ ئەوان جێ بهێڵێت و دادگای کەلیساش بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە. بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری کەلیساش لیژنەیەکی دە کەسی هاوکاری بەتریرك دەکەن کە بەتریرك خۆی دەستنیشانیان دەکات. لەگەڵ ئەم دە مەترانە، چوار مەترانی دیکەش لەگەڵیاندا دەبن( هەرقەلە، سیزیك، کالسدوان، درکوس)، دەبنە چواردە کەس هەروەها بە فەرمیش دان بە دەسەڵاتی دادوەری بەتریرك و ئەنجوومەنەکەیدا نرا لە سەرتاپای وڵاتی گریکستان وهەموو دورگەکان و ئاسیای بچووك و نیمچە دورگەی بەڵکان. کاتێکیش کەلیسای ڕوسی دامەزرا بەتریرکی قوستەنتینیە ڕوحانیانی مۆسکۆی لەم پۆستە ئاینیەدا دادەمەزراند.

لای تورکەکان چەمکی ئاین و نەتەوە یا ئاین و دەوڵەت یەك واتای دەبەخشی. سوڵتان دانی بە کەلیسای گریکیدا ناو سەرفرازیشی کرد و دەسەڵاتی نوێنەرایەتی گشتیشی پێدا: دانی نا بەوەدا کە لە تەك بوونی کەلیسای ئەرسەدۆکسدا دەزگایەکی سەربەخۆ هەیە، بەم مەرجانە ڕۆحانیە هاوچەرخەکان و نیزامیەکان گەشەیان کرد و لە ڕووی سامانیشەوە دەوڵەمەند بوون، بەڵام ڕۆحانیە نیزامیەکان کە لە ژێر سایەی (دامەزرێنەری ڕێبازەکەیان لە سەدەی چواردەم)دابوون، چەندین تایفەی دەوڵەمەندیان لە خۆ گرتبوو بەتایبەت لە دورگەی ئەمیرەکان. ئەم دورگەیە دورگەیەکی بچووکە کەوتۆتە نێو دەریای مەڕمەڕە، دێرەکان مافی ئەوەیان لێی هەبوو لەم شوێنە زەنگی دێر لێبدەن، بەڵام سەنتەری ئەم ژیانە خوا پێداویە چیای پیرۆز بوو، کە پێی دەوترا چیای(ئاتوس) دەکەوێتە باشوری نیمچەدورگەی سالۆنیك. ڕەبەنە ئەرسەدۆکسەکان لە هەموو کونجێکی دونیای ئەرسەددۆکسی لە ڕوسیا و بولگاریا و گرکیستان ڕوویان تێدەکرد، قودسیش سەنتەرێکی پڕ بەهای ڕەبەنە ئەرسەدۆکسەکان بوو، هەرچەندە ئەم دێرانە باجیان بە سوڵتان دەدا بەڵام لە سەرپەرشتیاری سنوورەکانیان سەربەخۆیی خۆیان هەبوو بەهۆیەوە گەشەیان کرد.

هەر لەوکاتەی ئەم کەلیسای ئەرسەدۆکسیە هاوپەیمانیی لەگەڵ سولتان بەست، ململانێ و ناکۆکیی لەگەڵ کەلیسای کاسۆلیك دروست بوو، ئەم دژایەتی و ناکۆکیەش بە شێوەیەکی تایبەتی بوو کاریگەری خۆی هەبوو. لە کاتی سەربەخۆ بوونی گریکستان لە سەدەی نۆزدەهەم، ناکۆکیەکان سەرچاوەیان لەوەوە گرتبوو کە ئەرسەدۆکسیەکان قایل نەبوون لە سەرەدمی دوا

ئیمپراتۆرەکانی قوستەنتینیە لەگەڵ یەکێتی ڕۆما یەکگرن، هەر ئەم ناکۆکیەش هۆی ئەوە بوو کە داگیرکاری و گەورەیی تورکەکان لەسەر خۆیان قەبوڵ کەن. لە سەدەی حەڤدەهەم کەلیسای ئەرسەدۆکس بە توندی لە هەوڵی لەناوبردنی عیسەویەکاندا بوو چونکە ئەوان سەربە کەلیسای ڕۆما و ڕۆژهەڵات بوون. لەم ڕوانگەیەوە ئەرسەدۆکسەکان هاوکاری تورکەکانیان دەکرد لە داگیرکردنی (بیاو بۆنیز ودورگەی کورفو ی سەر بە بندوقیە ) لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم.

بۆیە دەبینین کە کەلیسای ئەرسەدۆکس لە نێو هەناوی تورکەکان هەستی نەتەوایەتی خۆیان پاراستووەو بە جۆش و خرۆشەوە ئەم هەستەیان بە هەستی ئاینیەوە لکاندووە، هیچ جیاوازیەکت لە نێوان سۆزی ئاینی و سۆزی نەتەوایەتی لای ئەرسەدۆکسەکان بەدی نەدەکرد، هەردووکیان دوو ڕووی یەك سۆز و ئاوات بوون، بۆیە داوای مافی ئۆتۆنۆمیان لە حوکمی عوسمانی دەکردو خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی حوکم دەزانی، لەهەمان کاتدا ئۆپۆزسیۆنی کاسۆلیکەکانیش بوون. دورگە کاسۆلیکیەکانی گریکستان لە نێو دەوڵەتی تورکدا دورگەی نامۆو پەراوێزخراو بوون، هەرچەندە دورگەی بچوک بوون کاسۆلیکەکان تیایدا زۆرینە بوون، وەکو دورگەی: (سیکلاند، ناکسوس، ئەندروس، باروس، سانتوران، میاو، سیرا) ئەم دورگانە بەهۆی کاسۆلیک بوونیانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی فرەنسا تایبەتمەندیان هەبوو، مافی نوژەنکردنەوەی کەلیسایان هەبو و بەفەرمی دانیان پێدانرابوو. ئەم ململانێیەی نێوان کەلیسای ئەرسەدۆکسی گریکی و کاسۆلیکی گریکی لە کاتی سەربەخۆ بوونی گریکستان زیاتر ڕوون و چڕ دەبێتەوە. ئەم سیستەمەش لە سەرجەم وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پیادە کرا.

**شارەوانیەکان**

خۆی لەتەك کەلیسای ئەرسەدۆکیدا، شارەوانیش هەبوون، لەوکاتەی سوڵتانی عوسمانی ئەم دەوڵەتەی لەسەر کەلاوەی دەوڵەتی بێزەنتی دامەزراند بایەخی بە دامەزراندنی دەزگای بەڕێوەبردن

دا. لە جێگای فەرمانبەرە بیزەنتیەکان فەرمانبەری تورکی دامەزراردندن، بەڵام ئەم سیستەمە لە فەرمانگەکانی خوارەوە جێبەجێ نەکرا چونکە ژمارەی فەرمانبەرە تورکەکان بەشی ئەوەی نەدەکرد هەموو شوێنێکیان پێ پڕ بکاتەوە، بۆیە بەڕێوەبردنی شارۆچکە و گوندەکانی بۆ خەلکەکە جێ هێشت تا خۆیان هەڵبژاردنی لێ ئەنجام بدەن. شارۆچکەکان لە لایەن نوێنەری مەترانەکان بەڕێوەدەبران کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن لەلایەن دانیشتووانی شارۆچکەکان دەست نیشان دەکران، ئەوان خاوەنی پاسەوانی تایبەتی خۆیان بوون پێیان دەوترا ( بالیکار) فەرماندە کانیشیان پێیان دەوتن( ئەرماتولی). ئەم شارەوانیانە لە دورگەی (بیلوبونیز) لە سەردەمی دەسەلاتی بندوقیە کاتێك تورکەکان داگیریان کرد بەهێز کرابوون. لەو دورگانەی کە بە دروستی تورکەکان داگیریان نەکردبوون شارەوانیەکان سەربەخۆ و بەهێز بوون، خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبرد، تە نها دورگەی (رودس) نەبێ لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا بوو، بەگێکیان وەکو حاکمی دورگە بۆ دانابوو بەڵام بەرێوەبردنەکە بەدەست دانیشتوانەکە بوو. دورگەی( تازوسی مەزن ئەویش لە ڕێگەی نوێنەری مەتران بەڕێوەدەبرا، خۆی دەست نیشانی دەکرد. دورگەی ( ئەگارا) ش لە نزیك (کیو) حاکمەکەی لەلایەن دانیشتووانەکەی لە گۆڕەپانی شار دەستنیشان دەکرا وەکو نەریتی کۆنی گریکەکان، دورگەی (هیترا) کە دورگەیەکی بچووك بوو مەڵبەندی بزوتنەوەی ڕزگاری گریکستان بوو تاکە تورکێکی لێ نەبوو.

ئەم دورگانە لە شێوەی دەوڵەتۆکەی نەتەوی بوون، کاتێك لە سەردەمی چەرخی کۆن لە دیموکراسیی دەوڵەت چەندین دەوڵەتۆکەی بچووك لەم شێوەیە لە گریکسان هەبوون.

بەهۆی بوونی کەلیسا وشارەوانیەکان کە بە فەرمی لەلایەن سوڵتانەوە دانیان پێدا نرابوو، ژیانێکی پڕ لە هەستی نەتەوایەتیی گریکی هاتبووە کایە. بە هەرهۆیەك بێ تورکەکان ڕێزیان لەم سیستەم و کەلتوورە گرتبوو، ئەوان نیازیان نەبوو ئاینی ئیسلامی بڵاو بکەنەوە، ئەم کەلتورە لە مێژینەوە بۆیان مابۆوە لە ڕێگەی شیعر و سەربوردە گێڕانەوە لە باب و باپیرانیانەوە بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە بۆیە بە زیندویی مابۆوە.

له سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم واتە لە ساڵی ١٨٢٤ (فوری) نووسەرێکی فرەنسی دیوانێکی بەناوی( گۆرانیی گەلەری لە گریکی نویێ) بڵاو کردەوە ( دەبێ لە گریکی نوێ فێر بین نەك لە گریکی هاوچەرخ بەڵکو گریکی چەرخی ناوەڕاست) ئەم ژیانە رۆحیەی ئەوکاتیش چەندین کتێب وخوێندنگای تایبەتی خۆی هەن و لە کەلیساکان پارێزراون. فەرهەنگ و کەلتووری بیزەنتی لە هەندێك لە سەنتەرەکان بە زیندوویی مایەوە وەکو ( کورفو، کریت) کە لە سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی بەتریکی جیهان (سیریل لوکاریس) خوێندنگا کانیان نوژەن دەکرێتەوە و بەرفراوان دەکرێن، هەر خۆشی بوو یەکەم دەزگای چاپخانەی لە گریکستان لە گەڕەکی فەنار لە قوستەنتینیە دامەزراند، لە نێو سەنتەرەکانی تری رۆشنبیری لە قوستەنتینیە و سیدونیا و یانینا وئارتا و چیای ئاتوس ومیسولونگی.

لە ساڵی ١٧٤٠ سەنتەرێکی دیکەی گرنگ کرایەوە ئەویش سەنتەری کۆزانی بوو لە مەکەدۆنیا، لە کیوش زانکۆیەکی گریکی هەبوو کە بریتی بوو لە خوێندنگایەکی هونەری بەناوی (پۆلۆتەکنیك)، خوێنکارەکان بە (فرەنسیی رۆژهەڵات) ناویان دەبرد، هەروەها لە( یاسی و بوخاریست) سەنتەرێکی زمانەوانی و کەلتووری هەبوو (هوسبودار) ی ئەمیر لە ڕەگەزی گریکی بەڕێوەی دەبرد.

تورکەکان دەستکاری ئەم کەلتوور و خوێندگایانەیان نەکرد. ئەگەر ئاماژە یەکیش بەو گەنجانە بدەین کە لەو سەنتەرانە پەروەردە کراون ئەوان بۆ تەواوکردنی خوێندنیان ڕوویان لە ئەوروپای رۆژئاوا دەکرد، بەتایبەتی لە فرەنسا، بەم جۆرە دەبینین هیچ دابڕانێك لە هەستی نەتەوایەتیی گریکیدا نەبوو، تا ئێستاش گریکەکان ناوی منداڵەکانیان بە ناوە گریکە کۆنەکانەوە دەنێن بە تایبەت ناوی سەرکردە کۆنەکان وەکو جەنەراڵ تیمستول یا بە ناوی شەڕ و داستانەکانیان.

بەم ئیرادە پۆڵایینە گریکەکان لەبەردەم تورکەکان بڕوا و ئیرادەی خۆیان سەلماند . بەڵام کەمینەیەك لە بیرمەندانی گریکی بڕوایان وایە کە ئەم سەروەریە بۆ سەرکردە تورکەکانیان دەگەڕێتەوە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەم فەرهەنگە گریکیە سەرچاوەی لە فەرهەنگی بیزەنتی و کەلتووری گریکە کۆنەکانەوە وەرگرتوە. بەم شێوەیە ئەوروپیەکان لە سەردەمی

بزوتنەوەی هیلینی نەوەکانی(میلتیاد و تیمیستوکل ) دەبینن، لێرەدا لەیەکتێنەگەیشتنێك دێتە پێش سەبارەت بە گریکستان بیزەنتیە نەك گریکی کۆن.

لەتەك ئەم سیستەمە کە بەهۆیەوە گریکەکان توانیان پابەندیی خۆیان بە نەتەوە و ئاینەکەیانەوە ببەستن، تایبەتمەندی نەتەوایەتیشیان بپارێزن، ئەمە سیستەمێکی واقعی بوو بەو هۆیەوە لە چالاکیەکانیان بەردەوام دەبن و لێی دانابڕێن لەگەڵ ئەمەشدا توانیان بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی دژی تورکەکان دروست بکەن بەم هۆکارانە :

یەکەم/ بوونی چینێکی ئوروستوکراتی یا بورژوا لە قوستەنتینیە کە کەلتووری هیلینیان پاراستبوو، ئەمانە بۆ چەند ڕەچەڵەکێك دەگەڕانەوە، هەندێکیان بۆ خانەوادەی ئیمپراتۆرەکان وەکو خانەوادەی (ئەرجیرو بولو)یا خانەوادەی(بیسلنتی) هەندێکیشیان ئیتالی بوون. لە خانەوادەی بەناوبانگی (بون) کە لە سێ خانەوادەی مەزن پێکهاتبوون لە چەرخی ناوەڕاستدا لەو ناوانە جێنیش ببوون وەکو ( خانەوادەی مانوو کوزین) نزیکەی بیست خانەوادەی تریش هەبوون وەکو ( خانەوادەی کانتا کوزین و هاندێری ومافرو وکوردانو و ریزودانجی و یوتزو و ستوردزا) ئەم ناوانە لە مێژووی گریکەکاندا بەدی دەکرێن، ئەندامانی ئەم خانەوادەیەش لە کۆشکەکانی گەڕەکی فنار دادەنیشتن، خاوەنی خزمەتچی و سەرمایەیەکی زۆر بوون، چەندین پرۆژەی زەبەلاحیان هەبوو، کانزاکان و بازرگانیی مەزن دواتر شارەزاییان لە سەرجەم زمانەکانی گۆمی دەریای سپیی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەوروپادا هەبوو، خاوەنی پەیوەندیەکی بەرفراوان بوون کەسانی بەرژەوەند پارێز و خاوەنکار بوون، لەگەڵ بەتریرکا خۆش گوزەرو گونجاو بوون و پارەیان پێدەدان بۆ هاوکاری کەلیسا ودێر و خوێندنگاکان.

دووەم/ لەتەك ئەو فناریە دەوڵەمەندانە هەندێك بازرگانی گریکیی چالاکیش هەبوون کە بە بازرگانیی دەریایەوە خەریکبوون و خاوەن سامانێکی زۆر بوون. سەرجەم کەشتیەکانی تورکیا گریکی بوون، چ ئەوانەی بازرگانی دووریان دەکرد یا ئەوانەی لە کەنار دەریاوە بوون. سەردەمانێك لەگەڵ بازرگانە جووەکان یا لەگەڵ ئەو کۆچبەرانەی لە ئیسپانیا یا لە پورتوگالەوە هاتبوون و لە سالونیکا نیشتەجێ ببوون کێبەرکێیان بووە. لە سەدەی هەژدەهەم بازرگانی دەریاوانیی بندوقیە

داتەپی، دەریا بەڕووی بازرگانە گریکەکان کرایەوە بەمەش توانیان بازرگانە ئیتالیەکان لە دەریای ئەیونی دەرکەن. لە سەردەمی شۆڕشی فرەنسیشدا ئینگلیزەکان هەم شەڕیان بوو هەم کێبرکێیان بوو لەگەڵ فرەنسیەکان بەمەش بازرگانە فرەنسیەکان دەردەکرێن و گریکەکان شوێنیان دەگرنەوە. بەم شێوەیە دەبینین گریکەکان لە دەریای رۆژهەڵات شوێن فرەنسیەکان وئیتالیەکان دەگرنەوە و دەست بەسەر دەریادا دەگرن و قۆرخی دەکەن.

دواتر لە سەرجەم وڵاتەکان کۆچبەری گریکی هەبوون، ئەوان هەمیشە ئامادەی ئەم کارە بوون خۆیان و کەشتیەکانیان، بەهۆیەوە بوونە خاوەن سەرمایەو دەسەڵات لەو ناوچانە، هەندێکیشیان وەکو خانەوادەی( نوتراس و فاتاتزیس و کانتا کوزین و بالیولوگ) لەم بوارەدا ناویان دەرکرد.

ئەم کۆچبەر و بازرگان و هەروەها فەناریەکانیش کەسانی خۆپەرست نەبوون، ئەوان تامەزرۆی کەلتووری بیزەنتی بوون، ئارەزوو دڵسۆزیان بۆ هەر شتێك هەبوو کە هی وڵاتەکەیان بووایە، پارەو سامانیان دەبەخشیە وڵاتەکەیان بۆ کردنەوەی خوێندنگا و هاوکاری دەزگا خێرخوازیەکانی وڵاتەکەیان دەکرد. کۆچبەرە گریکەکان وێڕای هاوکاریەکانیان دەستی یارمەتیشیان بۆ بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گریکستان درێژ دەکرد لە شەڕی ڕزگاریی١٨٢١.

بوونی کەسانی گریکیی لەم جۆرە دەوڵەمەند و ئوروستوکرات و بورژوایانە کاریگەریان لەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبوو، چونکە ئەوان وردە وردە لە دەسەلاتی تورکی دەچوونە پێش و پۆست وپایەی باڵایان لە ئیدارەی تورکی دەگرتە دەست، هەندێکیان وەرگری باجەکان و بەڕێوەبەری بانکەکان بوون. لە ناوەڕاستی سەدەی شازدە و ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە دەوڵەتی عوسمانی بۆ پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوروپا پێویستی بە پیاوی دبلوماتکارو زیرەك هەبوو، پێویستی بە وەرگێڕ هەبوو لەکاتێکدا سەرجەم کارە وەرگێڕیەکان بەدەست گریکەکانەوە بوون، بۆیە یەکەم سەرۆکی بەرژەوەندیی وەرگێڕان پیاوێکی گریکی بوو بەناوی (بانایوتیس ) خەلکی کیو بوو ئەوانەی دوای ئەویش هاتن هەر گریکی بون بەناوبانگترین سەرۆکی رێکخراوی وەرگێرکاران (ئەلیکسەندەر مافرو کورداتو) بوو لە سالی ١٦٣٦ تا ١٧٠٩ ژیاوە کە بە نهێنی پارێز بەناوبانگ بوو

خۆی گریکی بوو لە ئەوروپا لە بواری تەندروستیی خوێندوە، ژیانی لە پولون و دواتریش لە قوستەنتین بوە دواتر دەبێتە راگری نهێنیەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، هەر ئەو بوو ئاشتەوایی (کارلویتز لە ١٦٩٩ برد بەرێوە لەهەمان کاتدا نوسەریش بوو کتابی(مێژوی پیرۆز) ی بە گریکی نوسی و لە بوخارێست لە ١٧١٦ بلاو کرایەوە.

لە بواری پۆست و پایەدا گریکەکان لە نێو ئیدارەی تورکەکان لەمەش زیاتر دەرۆن، (نیکۆلای کوری ئەلیکسەندەر مافرو کورداتو) سولتانی عوسمانی لە ١٧٠٧ دەیکا بە (هوسبودار) حاکمی بەغەدانن(مولدافیا) و دواتر دەبێتە حاکمی ئیفلاق(فالاشیا لە ١٧١١) لەوکاتەوە بۆتە نەریت ئەو دوو هەرێمەی دانوب دەبێ حاکمەکانیان لە گریکەکانی فەنار بن، هەروەها قوستەنتینی برای نیکولا لە ١٧٣٥ دەبێتە حاکمی (هوسبودار)ی فلاشیا کە خۆشی وەکو باوکی نوسەر بوو بە لاتینی دەینوسیێ، ئەم دوو هەرێمەی بەغەدانن و ئیفلاق لە ژێر سایەی سولتان دەمێننەوە بە یاسای تایبەتی خۆیان لە بەرانبەر دانی باج بە سولتان، پۆستی حاکمی دەبوایە لە سولتانەوە وەربگیرێ بەناوی پاشا یا حاکم دەبو، هەروەها رەزامەندی بەتریرکیش مەرج بوو کە دەکرایە (دسبوت) واتە رێبەری کریستیەکان، حوکمرانی ئەم دوو هەرێمەی دانوب تایبەت مەندیەکی وای هەبو کە دەسەلاتێکی هاوبەش بوو لە نێوان دەسەلاتی عوسمانیەکان و گریکەکانی فەناریدا، ئەم شێوە بەرێوە بردنە وەکو ئەزمون وەرگیرابوو ئەگەر بکرێ لە داهاتو بۆ هەرێمەکانی تریش پیادە بکرێ کە خانەوادە گریکەکان کاریان پێدەکرد.

کەوابێ لە گریکستان جۆرێک لە دیاردەی واقعی نەتەوی بونی هەیە ئەم دیاردەش لە سیمای گریکی بەدی دەکرێ کە هەست بە بون و کەسایەتی خۆیان دەکەن، دەبێ لە کاتی گونجاو ئەمان ببن بە سەرکردەو فەرماندەی ئەم گەلەی گریکی، بۆیە ئەگەر هەر روداوێکی نەخوازراو بێتە پێش دەتوانین بلێین ئەمان دەزگاو ئامرازی ئامادەی خۆیان لەبەر دەستە، رێنماکانیان لە چوارچیوەی خواستەکانی دەولەتی عوسمانی وەرگرتوە .

لەتەك ئەم خانەوادە هوشیار و دەوڵەمەندانەی گریکی دەبینین قەوارەیەکی دیکەی گونجاو هەیە بۆ هەر ئەگەرێك کە لە داهاتوودا ببنە پێکهاتەیەکی چالاك بۆ ڕزگارکردنی گریکستان، ئەم

پێکهاتەش لە دەرەوەی یاسادایە بەڵام فاکتەرێکی بەهێزە بۆ سەربەخۆیی. ئەمە دیاردەیەکی گشتیی دەریای ناوەڕاستە، چونکە شێوەی جوگرافیای ئەم وڵاتانە ئەم دیاردە و خواستەی هەڵبژاردووە جیوپۆلەتیکی وڵاتان شێواز و دیاردەکان دروست دەکەن. گریکستان وڵاتێکی پارچە پارچەیە لە ژمارەیەك دورگە پێکدێت، خاکی دورگەکانیش پێچاو پێچ و شاخاوین گونجاون بۆ ئەوانەی لە یاسا دەرچن لێ حەشاربدرێن و جەردە و ڕێگریی بکەن و تیادا بحەوێنەوە. بۆیە پێویست دەکات سەرجەم هاووڵاتیان ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندیە بکەن، ژیانی ئەوێ دۆخەکەیان لەبارە بۆ پێکهێنانی گروپی چەکدار کە لە گریکستان ناوی جیا جیایان هەیە، لە هەندێك شوێن پێیان دەڵێن(کلفەت) واتە یاخی بوو، دز،ڕێگر، جەردە، لەم جۆرە لە دورگەی (کریت) زۆر دەبینرێن بە ژمارەی ١٥ کەسی بەیەکەوەن لە شاخ دەژین دوور لە چاوی هاووڵاتیان و لەسەر حسابی ئەوان بە ڕێگری و دزی دەژین. دورگەکانی سیکلادیش لەم جۆرە ڕێگرانە بێبەش نین، سرودەکانی گریکی گەلێک جار دەبینرێ بەم گروپانەدا هەڵدەڵێن، بە سەرەرۆییە کانیان بە کارە مەترسی دارەکانیان.

بۆیە ئاساییە لە کاتی هەر گۆڕانکاریەکدا ئەم دزو ڕێگرانە یاخی بن. یەکەم جار ئەم شێوازە لە شەڕی ڕوسیا و تورکیا لە ساڵی ١٧٧٠ تاقیکراوەتەوە. ئەو کاتەی ڕوسیا هێرشێکی دەریایی دەکاتە سەر تورکیا لە دەریای ئیجە، بەر لەم هێرشە ئاژاوەو شلەژانێکی مەزن لەو دورگە گریکیە ڕوویدا یا دروستی کرد، بۆ هەمان مەبەست ڕوسیا ئەفسەرێکی بەڕەگەز گریکی بەناوی( باباز ئوغلو) ناردە دورگەی تسلیا بۆ نانەوەی ئاژاوە و پشێوی بەناوی شۆڕش هەڵگیرساندن بەر لە هێرش بردن، کاتێکیش هێزەکانی ڕوسیا بەسەر هێزەکانی تورکیا لە باشوری ڕوسیا و دورگەی قەرەمدا زاڵدەبن، ئیدی فەرماندە خۆجێیەکانی (کونت ئورلوف) پەیوەندیان بە فەرماندە ڕوسیەکانەوە کرد. هەروەها لە بندوقیە و لیفورنەش بەهەمان شێوە دژی تورکەکان هەمان پلانیان جێبەجێ کرد لە پێناو یەکخستنی هەوڵەکانی دژ بە، کاتێکیش ڕوسەکان هەوڵ دەدەن پێگەیەك لە مۆرەی سەر بە بەندەری کورون داگیرکەن، لە کاتی دابەزاندنی هێزەکانی ڕوسی لەو بەندەرە دانیشتووانە خۆجێیەکان هوتافیان بۆ سەربازە ڕوسەکان دەکێشا، ئیتر لە هەموو دورگەکانی کریت وکارمانیاو بە پیل سوپاکەوە دەهاتن. ڕوسەکان و گریکەکان لە ڕووداوەکەی تریبولیتزاو بەشدار بوون لە

بنکەی مانیای ستراتیژی، بەڵام ئەم رووداوە شکست دەهێنێ تەنانەت ئەو دوو گەمارۆیەی تورکەکان هەوڵی لێدانیاندا لە تریبولیتزا گریکەکان توانیان هەڵیگرن، لە ئەنجامدا تورکەکان ڕژانە ناو شارو ٣٠٠ گریکی سڤیلی دەکوژن. سوپایەکی تورکی پێکهاتبوو لە ١٠٠٠٠ سەرباز بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش دەڕژێنە ناو شەقامەکان، لە پەرینەوەشیان لە ڕوباری ئەسپروپوتاموس یشدا کریستوف گریفاسی گریکی ئازایانە خۆی و ٣٠٠ چەکداری گریکی ڕێگە لە سوپای تورك دەگرن و دەست بەسەر پردی ئەرجیلو کاسترۆ دادەگرن تا ڕێگەی پەڕینەوەیان نەمێنێ، بەهۆیەوە خۆی و چەکدارەکانی سەرجەمیان بوونە قوربانیی ئەو پێشڕەویە سەربازیە.

وا دەبینین کە ئەو یاخیبوونەی هێرشەکەی روسیای ١٧٧٠ لەگەل خۆیدا هێنای زۆر لە بزوتنەوەکەی ساڵی ١٨٢١ دەچوو، هەموو جۆرە کەسانێکی لەگەڵدا بوو، هەر لە هاووڵاتیان تا ئەوانەی لە یاسا دەرچووبوون وچەکداری نایاسایی بوون کە هانی خەڵکیان بۆ ئاژاوە دەدا. دواتر دەسەڵاتە ئاینیەکان و بەتریرکیش بەشداریان کرد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تورك سزایەکی توندی ئەو خەڵکە دەدەن لە مسیو لوتگی وبتراس و بیولیا و وڵاتی میگارو کورانشە و موردە، هەردوو سەرکردە نیشتمانیەکە لەوێ دەکوژرێن ( مافرو میخالیس و کورەکەی ) ودەسەڵاتیشیان لە بەتریرک میلیتیوس ی دووەم سەندەوە و متمانەیان پێی نەما.

لەگەڵ ئەمەشدا ڕوسەکان لەو پەیماننامەی کە بەسەر تورکەکاندا سەپاندیان دوای سەرکەوتنەکانیان لە ئەزمیر بە ناوی پەیماننامەی (کینارجی)، لێبوردنێکی گشتییان بۆ گریکەکان دەرکرد. بە لێخۆشبوونیان لە دانی باج یا دواکەوتنی و ڕێزگرتن لەو تایبەتمەندیانەی بە دورگەی دانوب درابوون. لەم پەیماننامەیەدا دوو خاڵی گرنگ هەبوون ئەوە دەسەلمێنن کە ڕوسەکان دەست دەخەنە ناو کاروباری تورکەکان، ئەوانیش بەرگری لە کریستە ئەرسەدۆکسیە کانە کە لە ماددەی (٧ و ١٧ ) دا ئاماژەیان پێدراوە، مادەی حەوت دەڵێت:

( دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئاینی کریستی لە هەموو کەلیساکاندا بپارێزێت، دەبێ ڕێگەش بە وەزیری قەیسەریی ڕوسیبدا چاودێری لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروباری کەلیساکاندا بکات، ئەم گلەیی و پێشنیارانەش دەبێت بە دڵێکی فراوان وەرگرن بەهۆی ئەوەی لە دەوڵەتێکی دراوسێ و

دڵسۆزیەوە پێیدەگات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕوسیا مافی دەستێوەردانی لە کەلیساکانی قوستەنتینندا هەیە ).

ماددەی حەڤدەهەمیش دەڵێت:
(دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران لەمڕۆ بەدواوە هیچ چەوسانەوەیەك لەسەر کریستیانیەکان نەهێڵێت، نابێت ڕێگری لە چاکسازی و نوژەنکردنەوەی کەلیساکانیان بکات، هەتا هەتایە نابێ ڕێگە بە گاڵتە پێکردنی کەلیساکان بدات بە هەرشێوەیەك لە شێوەکان بێت. . ئیدی نابێت شۆڕشی ساڵی 1770 بە بزوتنەوەیەکی نەتەوی بزانین، هەروەك چۆن نابێت کلفتی و ڕێگەگرەکان بە نیشتمانپەروەری گریك بزانین، دەکرێت ببنە کەسانی ئۆپۆزسیۆن و لە داهاتووشدا ببنە یاریدەدەری بزوتنەوەی نەتەوی.

دواتر دەبێت لە توێژینەوەکانی نەتەوەی گریکی تێبینی ئەوە بکەین کە هێشتا ئەوان لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەرش و بڵاون، وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ دورگە گریکیەکانن کە ژمارەیان حەوت دورگەن مەزنترینیان کورفوو کوفالونیا و چوار قەڵای دیکەن کەوتوونەتە سەر کەنارەکانی ئەبیروس، ئەوانیش شارەکانی بوترینددوو بارگاو برەفیزاو فونیتزان، ئەم چوار قەڵایە و سێ دورگەکە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی بندوقیەی کۆنن لە گریکستان.

دورگەی مالتاسیان لە حوکمی ئیسلامیی وەرگرت، بەڵام تورکەکان دەستیان بەسەردا نەگرت، لەم دوو دورگەی ئەیونی ئاینی کریستی کاسۆلیك و ئەرسەدۆکس هەبوون و هیچکامیان بە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئاینی کریستی هەڵنەدەستان، تەنها ئەرسەدۆکسەکان کەمێك جووڵەیان هەبوو. پرۆتوپاپا واتە بەتریرکی کەلیسای ئەیونی، سەر بە بەتریرکی قوستەنتنیە بوو، هەرچەندە ئەم دورگەیە لە ڕووی سیاسیەوە سەربە بندوقیەش بوو.

لە ژێر سایەی حوکمی بندوقیە ئەم دورگانەی گریکی فێری پرەنسیپەکانی ئیداری و فێرکاری ببون، ئەوەی حوکمرانی ئەم دورگانەشی دەکرد (بروفیدیتور)ی بندوقی بوو، هەندێك فەرمانبەری گریکی و ئیتالیش یاریدەدەری بوون. نەجیبزادە گریکەکانیش لە ئەنجومەنێکی ١٥ کەسیدا کۆدەبوونەوە،

ئەم ئەنجومەنە سێ کەسی هەڵدەبژارد وەکو نوێنەری دورگەکانی بندوقیە، کاتێکیش ئەم نەجیبزادانە لەم ئەنجوومەنە کۆدەبوونەوە دیارە تەنها بەرگریان لە مافەکانی دەرەبەگایەتی خۆیان کردووە لە بەرانبەر حوکمی بندوقی، بەڵام مافی ئەوەشیان نەبوو چاودێری حکومەتی بندوقیە لە دورگەکان بکەن، ئەمەو بندوقیە ڕێگەی بە گریکەکان نەدەدا مافی دەریاوانیان هەبێت لەو دورگانە، نەبادا کێبەرکێیان لەگەڵ کورفونیەکان دروست بێت. بۆیە گریکەکان ڕقیان لە ئیتالیا هەبوو کە حوکمی وڵاتەکەیانی دەکرد. دواجار دەبینین دورگەی کورفو دەبێتە سەنتەرێکی هزری و ڕۆشنبیری، ڕەنگدانەوەی لەسەر گریکستانیش دەبێت.

ئیدی دورگە ئەیونیەکان دەبنە خاڵی هاوبەش و بەیەکگەیاندنی گریکستان و دونیای ڕۆژئاوا، هەروەها ببوونە پردی پەڕینەوەی شارستانیتی ڕۆژئاوا و ئاینەکەیان لە نێوان ئەوروپاو دورگە پەرش و بڵاوەکاندا کە تا ئەوکات گەلەکەی شێوەیەکی دیاری بەخۆوە نەبینیبوو، سەرەڕای ئەوەی هەموویان کریستی بوون و لەژێر حوکمی سوڵتانی عوسمانیدا بوون.

ئەگەر سەیرێکی گریکستانیش بکەین دەبینین هەموو ئامراز وخەسڵەتەکانی نەتەوەیان تێدایە لە زمان و ئاین، بەڵام ئەم نەتەوەیە هێشتا دیارنیە. ئەمان لە ڕێگەی دیاردەی هاوبەشی هزری و سۆزیەوە هەست بە نەتەوە بوون دەکەن، دیارە ئەمەش بەندە بە تواناکانی سیاسیەوە. ئەم دیاردە و حاڵەتە سیاسیەی شۆڕشی فەرەنسی دەبێتە فریادڕەس و لە حاڵەتی پەرش و بڵاویەوە دەیگوازێتەوە بۆ قۆناغی نەتەوایەتی.

**ئیرلەندا**

ئیرلەندا لە هەموو ڕووەکانیەوە حاڵەتەکانی جیاوازن، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی یا سیاسی، بەڵام بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی لەسەریەتی، زۆر ماندوو بووە، تەنانەت لە دۆخی نەتەوایەتی خۆی بێ ئاگا بووە، کاتێک کە هەست دەکات هیچ بەرگری وهێزێکی لەبەردا نەماوە.

ئیرلەندا وا دەناسرێت کە نەتەوەیەکە بە هەموو خەسلەتەکانیەوە : خاک، زمان، ئاین، ڕەگەز و مێژووی هاوبەش، واتە بە هەموو پێوەرەکان نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام بەهۆی ئەو پەرژینە مەزنەی دەوری دراوە، ئینگلیز ڕێگربووە لە بەردەم تێکەڵاو بوونی لەگەڵ ئەوروپا. ئەمە وێڕای ئەوەی لە دێرزەمانەوە داخوازیەکانیان لە ژێر حوکمی ئینگلیزیدا لەناو براون، سەبارەت بە ئیرلەندا مێژوونووس (ماکولی) ئاوەها دەنوسێ:

( ئێمە تەنها لە میانەی یەك ئیداره و بیست ئیدارەدا بە شمشێر حوکمی ئیرلەندای کاسۆلیکمان نەکردوە، بەڵکو بە درێژایی سەدەکان لەگەڵیاندا وا بووین. برسیمان کردن و هەموو یاساکانی دراکۆنیشمان لەگەڵیاندا بەکارهێنا، بێڕادە هەوڵی لەناوبردنمان داون، نەك بۆ ئەوەی ڕەگەزێك بپارێزین، بەڵکو تەنها بۆ ئەوەی ئەم نەتەوەیە لە وڵاتێك لەناو ببەین کە تیایدا لەدایك بووە و تیادا ژیاوە، چونکە خۆشمان نەویستون ).

لەگەڵ ئەمەشدا ئیرلەندا هەر ماوە بەڵام چ مانێك! هێزی بەرگرییان لە ناوچوو، ئەوەی ماوە بەچاوی بەزەیی و لاوازی و ڕق و کینەوەیە.

ئیرلەندا هەمیشە ڕووبەڕووی کاری دڕندانەی داگیرکاری بۆتەوە، یەکەم جار لە سەدەی دوانزەدا ئیرلەندا لەلایەن ئیمپراتۆر ئەنگلو نورماندۆوە داگیرکراوە، لەوکاتەوە پێی وتراوە بەربەست یا کۆشك یا پاسەوانگە. کەناری ڕۆژهەڵاتی ئیرلەندا گوایە سەرێکی پردی سەربازیی داگیر کراوە، بەڵام سەرەکەی تری پردەکە وردە وردە درێژ بۆتەوە، چونکە نەجیبزادە ئینگلیزەکان پەرەیان پێی داوە، تا چینێکی تایبەتیان لەو ناوچەیە پێکهێناوە بەناوی چینی نەجیبزادەکانی ئەنگلۆ ئیرلەندی.

لە سەردەمی خانەوادەی تیودورو لە کاتی حوکمرانی ئێلیزابیس و خانەوادەی ستیواردا ڕژێمی داگیرکەر بە تەواوەتی دەستی بەسەر هەموو جومگەکاندا گرتن، بە ئاگرو ئاسن حوکمی کردن، دەستدرێژی و زۆرلە خەڵك کردن لە هەڵکشاندا بوو، بۆ نموونە لە سەردەمی ئیلیزابیس لە ناوچەی ئولستەر لە ئیرلەندا نزیکەی بیست تا سی هەزار ئیکوسی لەم ناوچەیە نیشتەجێ کران وخرانە شوێن هاووڵاتیە دەرکراوەکان. دیارە کاتێك ئەم دەستدرێژیە دەکرێتە سەر هاووڵاتیانی

سڤیل،بە بێ ڕاوەڕووت و تاڵان و کاولکاری ئەنجام نادرێت، کاتێکیش لەو سەردەمەدا ئینگلیزەکان چوونە سەر مەزهەبی پرۆتستانت کەلیسای ئەنگلیکانیان بردە ئیرلەندا و دەستیان بەسەر سامان و موڵکەکانی کەلیسای کاسۆلیکدا گرت کە ئیرلەندیەکان لەسەر ئەو مەزهەبە بوون، بەهۆیەوە چەوساندنەوەی ئیرلەندیەکانی لێکەوتەوە.

ئەم سیستمەی لە ١٦٤١ پیادە کرا، بووە مایەی لەیەك گیربوون وبەگژیەکداچوونی ئیرلەندی وئینگلیزەکان کە چەندین کاری دڕندانە و ناڕەوای لێکەوتەوە، لە کوشتن و بڕین. ئەم یاخیبوون و بەگژ یەکداچوونە بەردەوام دەبێ تا ئەوکاتە کرومول لە ١٦٤٩ بە دەستێکی بێ بەزەییانە لە ئیرلەندیەکان دەدات، لە ئەنجامی ئەم کارە توندو تیژانە لە سەردەستی چەتەکان لە ماوەی یانزە ساڵدا ٦١٦٠٠٠ کەس لە کۆی دانیشتوانی ١٤٦٦٠٠٠ کوژران و بێ سەرو شوێن بوون. بۆ مەبەستی درێژکردنەوەی ئەم کوشتارگەریە لە ئیرلەندا دادگایەکی تایبەتی بەناوی (دادگای کوشتارگەری) دامەزرا، بەهۆیەوە نزیکەی سی تا چل هەزار کەس لە ئیرلەنداوە بەرەو ئەوروپا یا ئەمریکا ڕاپانکرد. ئینگلیزەکانیش هەر لەم میانەیەدا شەست هەزار ژنی ئیرلەندیان بە جامایکا فرۆشت، بۆیە ژمارەی دانیشتووانەکەیان بۆ کەمتر لە نیو ملیۆن دابەزی! ئەم بۆشاییەش بە سەربازەکانی کرومول پڕ دەکرایەوە کە دەستیان بەسەر زەوی و زارو موڵکەکانی ئیرلەندیاندا دەگرت، بە تایبەتی لە هەرێمەکانی واولستر، مونستر. ئیرلەندیەکانیش ئەوانەی لەبەر شاڵاوەکانی ڕاوەدونان و تاڵانکردن دەمانەوە ڕوویان لە ناوچەکانی کونوت لە ڕۆژئاوای وڵات دەکرد. بەڵام سیستەمی ئینگلیز وای دەخواست لەو ناوچانەی ئیرلەندیە کانیان لێ دەرکردووە هەندێك لە هاووڵاتیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بهێڵنەوە.

کاتێك ئیرلەندیەکان پشتگیری لە جاکی دووەم دەکەن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، جارێکی دیکە لەلایەن گلیومی سێیەم داگیر دەکرێتەوە، ئەنجامەکەشی بە وەدەرنانی پادشای کاسۆلیکەکان دێت، کە لە ١٢ی تەموزی ١٦٩٠ لە ڕووداوەکەی (بوین) شکست دەهێنێت. دواتر لە ١٦٧١ ڕێککەوتنێکی ئاشتەوایی بەناوی ڕێککەوتنی (لیمریک) لە نێوان ئیرلەندیەکان و ئینگلیزەکان ئەنجام دەدرێت لەو ڕێککەوتنە ئینگلیزەکان پەیمانی ئەوە دەدەن ڕێز لە ئیرادە و یەکسانی هاووڵاتیان

بگرن، بەڵام ئەوەندەی نابات ئەم ڕێککەوتنە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە پێشێل دەکرێت بە دەست بەسەردا گرتنی ملیۆنێک هێکتار زەوی بۆ نیشتەجێ کردنی ژمارەیەکی نوێ لە ئینگلیزەکان لە ئیرلەندا، بەمەش دەرکەوت کە ئینگلیزەکان مەبەستیان بوو ئیرلەندای ئینگلیزی لەشوێن ئیرلەندای نەتەوی دابنێن.

ئیتر ئیرلەندا ڕووبەڕووی سیستەمێک بۆوە بەناوی (یاسای سزادان) کە پەرلەمانی ئیرلەندا لە ساڵەکانی ١٦٩٥ تا ١٧٠٩ دەری کردبوو، ئینگلیزەکان لە ئیرلەندا سیاسەتی بەیەکەوە ژیان و یەکتر قەبووڵکردنیان لە نێوان ئینگلیز و ئیرلەندیەکاندا پیادە نەدەکرد، بە پێچەوانەوە سیاسەتی چەوساندنەوە و تۆقاندنی لە ڕێگای سەربازگەکان و کەلیسا پرۆتستانتە کانەوە جێبەجێ دەکرد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت درێژەدان بە حاڵەتی شەڕ لە ژێر پەردەی سیستەمی سیاسی.

**ئامرازەکانی حوکمر انی ئینگلیز لە ئیرلەندا چین؟**

**١/ سیستەمی سیاسی-**

سیستەمی سیاسی سەپێندراو بەسەر ئیرلەندا نیشانەی دەستڕۆیشتوویی ئینگلیزەکان بوو. یاسای (بوینینگ) ساڵی ١٤٩٥ دەسەڵاتەکانی یاسادانانی ئینگلیزیی گەیاندە ئیرلەندا و بەهۆیەوە پەرلەمانی ئیرلەندا خرایە ژێر سایەی کۆشکی پادشایەتی ئیگلیزەوە. لە واقعیشدا ئیرلەندا مافی ئۆتۆنۆمیی هەبوو، لە لایەن چەند کەسانی سەر بە کۆشکی پادشایەتی و پەرلەمان بەرێوەدەبرا. کۆشکی حاکمی ئیرلەندا بریتی بوو لە لوردی نوێنەری پەرلەمان و ئەنجوومەنێکی تایبەت بە ئیرلەندای لەگەڵدا بوو، بەڵام هەردووکیان لەلایەن پادشاوە دادەمەزران. لوردەکە لە دبلن دانەدەنیشت یەکێك لە نوێنەرەکان و ئەنجومەنێکی فەرمانبەران کارەکەیان بەڕێوەدەبرد کە هەموویان لەلایەن ئینگلیزەوە دەستنیشان دەکران، لە تەك کۆشکی حوکم. پەرلەمانیش هاوشێوەی پەرلەمانی ئینگلیز ئەنجوومەنی لۆردەکان و ئەنجومەنی گشتی هەبوو. ئەنجوومەنی لۆردەکان لە سەرۆکی ئەسقفەکانی ئینگلیزی و سەرۆك هۆزە ئیرلەندیەکان کە بە بۆماوەیی بۆیان

مابۆوە یا ئەوانەی پادشا دایاندەمەزرێنێت کە ژمارەیان ٢٠٠ کەس دەبوون پێکدەهات. ئەنجوومەنی گشتیی ئیرلەنداش بەهەمان ئەو شێوەیە هەڵبژاردنی بۆ دەکرا کە بۆ ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانی دەکرا. دەنگدەرە ئینگلیزەکان لە خاوەن زەویەکان و خاوەن خانوو پێکدەهات، چونکە موڵکی ئیرلەندیەکان هەمووی دەستی بەسەردا گیرابوو، بۆیە تەنها ئینگلیزەکان مافی دەنگدانیان هەبوو. خاڵە لاواز و گەندەڵەکانی سیستەمی پەرلەمانیی ئیرلەندا هەروەکو سیستەمەکەی ئینگلیز بوو، لە شاری بۆگەن و شاری باش پێکهاتبوو.

لە سیستەمی پەرلەمانیی ئیرلەندا هەر دوو ساڵ جارێك خولی پەرلەمان دەست پێ دەکات، دەسەڵاتەکانیشی سنووردارن، چونکە ئەو یاسایانەی بڕیاری لەسەر دەدەن دەکەونە ژێر دەسەڵات و ڕەزامەندی ئەنجوومەنێکی تایبەتیی ئیرلەندا کە ئەویش لە ژێر دەسەڵاتی پادشا و ئەنجوومەنەکەیەتی، مافی ڕەتکردنەوە یا هەموار کردنەوەی ئەو یاسایانەیان هەیە کە پەرلەمانی ئیرلەندا بڕیاریان لەسەر دەدات. لێرە هەندێك حاڵەت هەن لەم یاسایە بەدەرن، ئەویش ئەو پرۆژە هاوبەشانەن کە پەیوەندیان بە هەردوو لاوە هەیە بەتایبەت یاسا ئابوریەکان پێیان دەوترێت (یاساکانی ستمنستر). پیاوەکانی کۆشکی حوکمڕانی و پەرلەمان یا ئینگلیز بوون یا پرۆتستانت، تەنها تاکە ئیرلەندیەکیشیان لە ناودا نەبوو، پڕۆژە یاسایەکیان هەبوو بەناوی یاسایتیست، بە پێی ئەم یاسایە سەرجەم کاسۆلیکەکان لە کارو پۆستە گشتیەکان بێبەشن، ئیدارەش هەروەکو ئینگلتەرا بە دادگا سپێردرابوو، ئەمانیش پرۆتستانت و ئینگلیز بوون.

## ٢/ کەلیسای ئینگلیکانی

ئەم کەلیسایە ئامرازی دووەمی دەسەڵاتەکانی ئینگلیز بوو، کەلیسایەکی بێ ئیماندارببوو، بەهۆیەوە دەستی بەسەر جومگەکانی ژیانی ئیرلەندیەکاندا گرتبوو. لە ئیرلەندا تەنها لە باکوری وڵات لە هەرێمی (ئولستەر) پرۆتستانت هەبوون، کەلیسای ئینگلیکانیش لە ڕێورەسمە ئاینیەکان

و سەرجەم چالاکیەکانی سەربە پەرلەمان بوو. بۆ دەستنیشانکردنی مەتران و قەشە دەبوایە پادشا دەستنیشانی بکات. لە ئیرلەندا نزیکەی ٢٢ قەشە و ٣٠٠٠ ڕۆحانی هەبوون، زۆربەی قەشەکان لە ئینگلتەرا دادەنیشتن.  ئەم کەلیسا ئینگلیکانیە بەهۆی ئەوەی دەستی بەسەر مومتەلەکاتی کەلیسای کاسۆلیکدا گرتبوو، خاوەن سامان و سەروەتێکی زۆر بوو. وێڕای ئەوەی داهاتی لە زەوی و زارەکانەوە بۆدەهات، خۆی بە خاوەنی هەموو کەلیسە کاسۆلیکە کۆنەکان دەزانی، لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی ئەوەی هیچ بڕوادارێکی خۆی تیادا نەبوو بایەخی هیچی پێنەدەدا، لە دەیا یەکی داهاتی هاووڵاتیانی وەردەگرت. جگە لە داهاتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ئەوانەی لە بواری فێرکردن و کاروباری کەسی وبوارەکانی تر کاریان دەکرد، خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها بەسەرجوتیار و زەویەکانیاندا هەبوو، ئەمەش وا نیشان دەدا کە خاوەنی داهاتێکی زەبەلاح بوو بێ ئەوەی هیچ کارێك ئەنجام  بدات یا لە بەرانبەردا خزمەتگوزاریەك پێشکەش بکات.

سیستەم و یاساکانی ئەم کەلیسایە لەسەر تایفەکانی ئەلیکوسیش جێبەجێ دەکران کە لێرەو لەوێ لە هەرێمی (ئولسترا) دەژیان.

### ٣/ موڵکدارەکان

فاکتەرو ئامرازی سێیەمی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ئیرلەندا موڵکدارەکان بوون، ئەوان لە هەردوو ئامرازەکانی دیکەی دەسەڵاتداری ئیگلیز بەهێزتر و کاریگەرتر بوون، چونکە زەویە کشتوکاڵیەکان هەمووی موڵکی ئینگلیزەکان بوون یا موڵکی تایبەتی یا دەستبەسەردا گیراو بوون، کە دواتر گەورە دەربەگەکان دەیانخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە.

موڵکدارەکانیش دوو جۆر بوون:

ا/ گەورە موڵکدارەکان خاوەنی پانتاییەکی زۆری زەوی و زار بوون، ئەوان لە ئیرلەندا دانەدەنیشتن، لە ڕێگەی سەرکارەکانیانەوە ئەم زەویانەیان بەڕێوەدەبرد.

ب/ موڵکدارە مامناوەندیەکان، ئەمانیش جۆرێك لە ئوروستوکراتیی(جێنتەری)یان پێکدەهێنا و لە ئیرلەندا دادەنیشتن، ئەوان لە ڕێگەی دەسەڵاتە ئیداریەکانیانەوە بەرژەوەندیەکانی ئابوری خۆیان بەڕێوەدەبرد، چونکە شارەکانیان بەڕێوەدەبرد، داهاتی هەریەکەیان بە ٢٠٠ تا ١٠٠٠ جونیە لە ساڵێکدا مەزندە دەکرا. زۆربەیان لە کونتەی لینستەر لە سەر کەنارەکانی ئولستەر لە هەرێمی مونستەر دادەنیشتن، ئینگلیزەکان مافی ئەوەیان هەبوو میراتەکەیان بدرێتە کوڕە مەزنەکانیان لە ژێر ناوی مافی نۆبەرەدا، جگەلەمەش بەپێی یاسای نوێنەرایەتی مافی ئەوەیان هەبوو پێشوەخت بەشێك بۆ نەوەکانیان دیاری بکەن. ئەو ئیرلەندیانەی لەسەر ئەو زەویانە لە ژێر سایەی موڵکدارەکان دەژیان مافی پاسەوانێتی ئەو زەویانەیان پێ نەدەدرا، چونکە ئەمە بە یاسای دەرەبەگایەتی بوو کە بەو پێیە مافی جوتیارەکانی فەرامۆش دەکرد، هیچ سوودیان لە سیستەمی کشتوکاڵی نەدەکرد چونکە موڵکدارەکان کەمترین پارەیان بۆ چاککردن و بوژاندنەوەی ئەم زەویانە تەرخان نەدەکرد.

ئیرلەندیەکان زەویەکانیان لە موڵکدارە ئینگلیزەکان بۆ ماوەیەکی کورت بەکرێ دەگرت لە ٢٠ تا ٣٠ ساڵ، جگەلەمەش موڵکدارەکان کاری سوخرەشیان بە جوتیارەکان دەکرد، هەندێك جاریش ڕۆژانەیەکی کەمیان پێدەدان. سیستەمی موڵکداری بەڕاستی سیستەمێکی ستەمکار و زاڵم بوو، چونکە سیستەمێك نەبوو لە سایەیدا خزمەتی زەویەکان بکرێت و مافی جوتیارانیشی تێدا پارێزراو بێ.

بەهۆی ئەوەی ئینگلیزەکان خەڵکی پێشەنگی ئیرلەندی جۆرێک بوون لە بۆرژوازیی گوندنشین، لە خزمەت موڵکدارە ئینگلیزەکان دا بوون، بەهۆیەوە بەرەوپێش چوون و پەرەیان سەند. لە سەدەی هەژدەهەم لە هەرێمی (لیمریك، تبیراری، کلار، میت و ترفورد) هەندێك لە زەویی کشتوکاڵی ئیرلەندیەکان کرانە لەوەڕگە، ئەو لەوەڕگانە داهاتی ساڵانەیان لە ٣٠٠٠ وە تا ١٠٠٠٠ جونەی بوو، خاوەنەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە لاسایی ژیانی (جەنتەری) ئینگلیزیان دەکردەوە.

جۆرێکی دیکەی بۆرژوای ئیرلەندی هەبوو کە گروپێکی میانگێڕ بوون، کاری کشتوکاڵیان دەکرد، زەویە لەوەڕگەکانیان لە میرەکان بەکرێ دەگرتەوە و خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، یاخود بەشێکی زەویەکانیان دەکێڵا و بەشەکەی تریان دەستیان پێوە دەگرت بۆ پێویستیەکانی خۆیان، ئەوەی تر کە دەمایەوە پارچە پارچەیان دەکردو بەکرێیان دەدا بە کرێچیەکان، بەشێوەیەک دەیان بەستەوە کە نەتوانن خۆیان لە پێدانی کرێکە دەرباز یا بشارنەوە. ئەو کرێیانەی میانڕەوەکە لە کرێچیەکانی وەردەگرت، هەمیشە لەوە زیاتر بوو کە دەیدا بە موڵکدارەکە، بەهۆیەوە پارەیەکی باشی بۆ دەمایەوە. ئەم میانگیرانە ئیرلەندی بوون و موڵکدارەکانیش ئینگلیز. ئەمان(میانگێڕان) لای هەموو لایەك چارەگران بوون، لای جوتیارەکان و لەلای موڵکدارەکانیش. بە دیدی جوتیارە ئیرلەندیەکان ئەمانە ناپاك و خۆیان کردووە بە ئینگلیز، هەرچەندە هەردوو لا، موڵکدارە ئنگلیزەکان و میانگێرە ئیرلەندیەکان، کەسانی بێ فەرهەنگ و تێنەگەیشتوو بوون.

ئەمەیە سێ ئامرازەکەی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ئیرلەندا. هەرسێکیان سیستەمی گەندەڵین، دەکرێ ببنە هۆکار بۆ لەناو بردنی ژیانی ڕۆحی و مادیی هاووڵاتیان.

یەکەم کارێك کە کەلیسای ئەنگلۆپرۆتستانی پێی هەستا بریتی بوو لە ئەشکەنجەدانی ئیرلەندیەکان، هەر لە سەرەتاوە هەرچی ڕێوڕەسمی ئاینی هەبوون لێیان قەدەغە کردن، ڕۆحانیە کاسۆلیکەکان لێیان لە ژواندا بوون بچوکترین بیانویان پێدەگرتن، تەنانەت لە ساڵی ١٥٩٨ سەرجەم قەشە و چاودێرەکانی ڕێگاوبانیان وەدەرنان. پیاوە ئاینیەکانی تر کە ڕێگەیان پێدرابوو لە ئیرلەندا بمێننەوە لەلایەن حکومەتەوە ناونووس کرابوون و بۆیان نەبوو هیچ ڕێنماییەکی ئاینی بڵاو بکەنەوە، دەبووایە سوێندی سیاسی و ئاینی بخۆن. بەڵام ڕۆحانیەکانی کاسۆلیك لە دەرەوەی یاساوە بوون، پاداشتیان دیاری کردبوو بۆ ئەو کەسەی کاهینێك یا مەترانێك ئاشکرا بکات، بۆ مەتران ٢٠ جونەی و بۆ کاهینیش ٥٠ جونەی پاداشت هەبوو، ئینگلیزەکانیش ناویان لە ڕاوکەرانی کاهین و مەتران نابوو ( ڕاوچیی کاهینەکان).

بۆیە دەبینین کاسۆلیك لە ڕووی یاساوە لاواز بوون، مافی بەناوکردنی موڵکیان نەبوو، بۆ گرێبەستی کرێگرتنیش تەنها بۆیان هەبوو گرێبەستی ٣٠ ساڵ بکەن. بۆیان نەبوو پیشە ئازادەکان

و زۆربەی کارە پیشەسازیەکان بکەن، جگە لە پیشەی پزیشکی. دیارە بەپێی پرۆژە یاسای(تیست) لە هەموو مافەکانی فەرمانبەرێتی دوور خرابونەوە. تەنانەت بۆیان نەبوو چاودێری منداڵەکانیشیان بکەن و بیان نێرنە دەرەوە بۆ خوێندن. کاسۆلیکەکان بۆیان نەبوو میراتی خزمە پرۆتستانتە کانیان وەرگرن، بۆیان نەبوو هاوسەرگیری لەگەڵ پرۆتستانتەکاندا بکەن، لەکاتێکا پرۆتستانتەکان مافی پێدانی میراتیان هەبوو بیدەن بە کوڕە نۆبەرەکانیان. سیستەمی میرات لای کاسۆلیکەکان ئەوەیە سەرجەم ئەندامانی خانەوادە مافی وەرگرتنی میراتیان هەیە، وەزیری دادی ئینگلیزی جارێك وتی:

(یاساکەمان ڕێگە بە بوونی کاسۆلیکی ڕۆمانی نادات) نووسەر و فەیلەسوفی ئینگلیز(بورك) بەم شێوەیە بۆچوونی ئینگلیز لەسەر ئیرلەندا دەخاتە ڕوو: ( تەواو شورەییە، کۆیلایەتیە، ناشیرنترین جۆری مامەڵەی ستەم و زۆرداریە لە گەڵ مرۆڤایەتی).

ئەمەیە سیستەمی شەرعیی کاسۆلیك، ئیرلەنداش لە قەیرانێکی ئابوریدا بوو چونکە لە ژێر سیستەمی داگیرکاری ئینگلیزدا دەیناڵاند. یاساکە بۆئەوان وابوو کە دەبێت ئابوریەکەیان لە خزمەت ئینگلتەرادا بێت. پیشەسازیەکانی ئیرلەنداش بەهۆی باری قورسی باجە سەپێندراوەکان، یەك لە دوای یەك داتەپی و ڕما. لە ساڵەکانی دوایی سەدەی حەڤدەهەم پیشەسازی خوری پاشەکشەی کرد و ڕووخا، دواتر پیشەسازی فەخفوریش. هیچ کارگەیەکیان لە ئیرلەندا نەهێشت جگە لە پیشەسازی کوتاڵ و کەتان و لۆکە لە شارەکانی باکوری ئیرلەندا. بەم جۆرە ئیرلەندا هیچ سودێکی لە شۆڕشی پیشەسازیی ئینگلتەرا نەبینی کە لە سەدەی هەژدەهەم ڕوویدا.

لە ڕووی کشتوکاڵیشەوە ئیرلەندا بۆ زەوی کێڵان و دروێنە هەر لەسەر ئامێرە کۆنەکان مایەوە، شێوازی چاندنیش هەر وەکو خۆی مایەوە چونکە ئامێرەکان کۆن بوون. ڕێگاوبانێکی ئەوتۆ نەبوو، ماشێنی گواستنەوە نەبوون، هەوڵی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیان نەدەدا چونکە گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ جوتیارەکان کارێکی ئاسان و سوودبەخش نەبوو. ئەگەر چاندنی گەنم لە باشوری ڕۆژئاوا دەربێنین کە بۆ پیشەسازی ویسکی دەچێندرا، ئەوا چاندنی پەتاتە زۆرترین بەرهەمی کشتوکاڵیی ئیرلەندا بوو. بەهۆی ئەوەی زەویەکان بەسەر چەندین پارچەی بچووکدا دابەش

کرابوون بەرهەمهێنانیش بۆ جوتیارەکان کارێکی سوودبەخش و پراکتیکی نەبوو. بۆ ئەم دابەشکردن و پارچە پارچە کردنەی زەویەکان چەند هۆکارێك هەن :

١/ بۆ ئەوەی میراتەکە بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر میراتگرەکاندا دابەش بکرێت.

٢/ بۆ ئەوەی زەویە تێکەڵاوەکان بە یەکسانیی بەسەر دانیشتووانی گوندەکاندا دابەش بکرێن، بۆیە تا دانیشتوانەکان زۆرتر بن پارچەکان بچووکتر دەبن.

٣/ نەبوونی مەرجی بەکرێدانی زەویە کشتوکاڵیەکان، هەمو ئەوەی لە ئارادا بوو زەویەکان بە مەرجی خراپ بە جووتیارەکان دەدران، دواتر زووبەزوو لێیان دەسەندرایەوە. ئەو زەویانەی ئیرلەندیەکان بەکاریان دەهێنا بە ١٥ تا ٢٠ ئاکەر مەزەندە دەکرێت، هەر ئاکەرێکیش دەکاتە(٤٠٠٠) چوار هەزار مەتری چوارگۆشە.

لەبەر ئەم هۆیانە ئیرلەندا زۆر لەو بزوتنەوە پێشکەوتنەی بواری زانستی کشتوکاڵیەوە دور بوو کە لەو سەردەمەدا بریتانیای مەزن و بەشێکیش لە فرەنسای بوژاندبۆوە. ئێمە ئێستا ئەوە دەنووسین دەڵێێن هەڵوێستی ئیرلەندیەکان لەم سیاسەتە توندوتیژەی کە بەسەریاندا سەپێندرابوو چی بوو؟

گەلی ئیرلەندی بە گەلێکی نیان ناسراون، لە سەدەی هەژدەهەم نزیکەی پێنج ملیۆن هاووڵاتی لەم وڵاتەدا لە حاڵەتی هەژاریدا دەژیان، ئەم زوڵم و زۆرداریەی ئینگلیزەکان زۆر لە نووسەرەکان ئاماژەیان پێ داوە، بۆ نموونە سویفت ی نووسەر لە ١٧٢١ لە کتێبەکەیدا بەناوی ( چاوخشاندنێك بە حاڵەتی ئیرلەندا) هەروەها لە کتێبێکی تردا لە ١٧٢٩ بڵاوکرایەوە بەناوی(پێشنیارێکی ئاسایی بۆ ئەوەی هەژارەکان نەبنە بارگرانی بەسەر خانەوادەکانیان و وڵاتەکانیانەوە)، کتێبەکە دەڵێت ژیانی ئیرلەندیەکان لە ژیانی سواڵکەرانی بریتانیا خراپترە. هەمان پێناسە لە (برك) دەبینی بۆ حاڵەتی ئیرلەندیەکان، هەروەها(شسترفیرد) ئیرلەندیەکانی بەم شێوە ناساندوە کە ژیانیان لە ژیانی کۆیلەکان خراپترە، ناوی لێنابوون (گەلی کۆیلەی سواڵکەر). هەروەها (ئەرسریانگ) ئابوریناس و ئەندازیاری کشتوکاڵی بە هەمان شێوە پێناسەیان دەکات و دەڵێت: لە

ساڵە دواییەکانی سەدەی هەژدەهەم ئیرلەندیەکان لە کۆخدا دەژین، لە خانووی دروستکراو لە قوڕ و کا، بێ کەلوپەلی ناوماڵ،چەندین کەس لە یەك ژوردا لە تەك ژوری ئاژەڵەکانیان دەنوون، بێ ئەوەی هەریەکەی ژووری تایبەتی خۆی هەبێت، برسێتی و نەداری تەنگی پێ هەڵچنیون. لە ماوەی بیست ساڵدا ڕووبەڕووی چوار قاتوقڕی و برسێتی بوونەتەوە، برسێتیەکەی ساڵی ١٨٤٠-١٨٤١ نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ چوارسەد هەزار کەسی لە برسا لە ناوبرد، تەنها لە هەرێمی مونستر سێیەکی جووتیارەکان لە برسا لە ناوچوون.

بۆ خۆدەرباز کردن لەو برسێتیە کەسە بەهێزەکان کۆچیان دەکردە ئینگلتەرا، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدەدرا وەکو جووتیارێك لە گوندەکانی ئەواندا کار بکەن، بەهۆی ئەوەی ڕێگەپێدراو نەبوون لە گوندەکان، ڕوویان لە شارەکان دەکرد، دەبوونە کرێکاری کارگەکان، بەم هۆیەوە لە شارەکانی لیڤەرپول و مانشستەر کۆچبەرێکی زۆر لەیەك کۆبوونەوە .

هەندێك لە ئیرلەندیەکان ڕوویان لە دەرەوەی وڵات دەکرد، لە ئیسپانیا و پورتوگال و فەرەنسا، لەوێ دەخزانە نێو پیشەی سەربازی و لە بەرانبەر کرێ و ڕۆژانە دەبوون بە سەرباز. لە فەرەنسا سوپای پادشایەتیی خۆبەخش (تیپی ئیرلەندی)هەمیشەیی باوی هەبوو، هەندێکیشیان لە ڕیزی سوپای نەمسادا خزمەتیان دەکرد. ئەو ئیرلەندیانەی کۆچیان دەکرد بە (قازی کێوی) ناودەبران. ژمارەی مردووان لە سوپای پادشایەتی فەرەنسی لە سەدەی هەژدەهەم گەیشتە ٤٥٠٠٠٠ سەرباز، هەندێکیان لە فەرماندەکانی خانەوادەی (لاللی و دیللون) بوون. لە ئیسپانیاش خانەوادەی (ئونیل و وول) و لە نەمساش هەندێك ژەنەراڵ و خانەوادەی( لاسی) کە هەموویان ئیرلەندی دەبن لە ڕیزی سوپای ئەو وڵاتانە دا بوون، جگە لەمەش هەندێك لەو ئیرلەندیانە بۆ ئەمریکا کۆچیان کرد.

کاردانەوەی ئەم نەداری و برسێتیەش زۆر قورس بوو، بووە مایەی ئەوەی ئیرلەندیەکان گوێ بە دواڕۆژ نەدەن و بایەخ بە کاردانەوەی کارە ناڕەواکانیشیان نەدەن، ئەمەش دەبێتە خەسڵەتی ناسینەوەی ئیرلەندیەکان، ئەوان بە ڕەزامەندی خۆیان ئەم دۆخە ناهەموارەیان قەبووڵ بوو. مەزنایەتی ئینگلیزەکانیان قەبووڵ بوو، تەنانەت لە کاتی بەکرێگرتنی زەویەکان لایان گرنگ نەبوو بێ هیچ گرێبەستێکی نووسین دەستیان بە کارەکانیان بکردایە. بەم نەهامەتیە دەستبەرداری

هەموو دەسەڵات و کەرامەتێکی تایبەتی بوون، گەنجەکان کەوتبوونە ژێر باری خەمەکانیان، توانای هیچ جووڵەیەکیان نەبوو، بۆیە زۆر ئاسایی بوو ئینگلیزەکان بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئیرلەندیەکان بکەن و بڵێن ئەمانە هیچ ڕێگەچارەیان نییە بۆ لەیەکتێگەیشتن تەنها سووکایەتی و ستەم و زۆرلێکردن نەبێت، بە ناپاك و درۆزن ناویان دەبردن. بەڵام هەرچیەك بوترێت ئەمە بیروبۆچوونی خۆیانە. مرۆڤ هەق بڵێت ئەو خەسڵەتە خراپانەی دەیاندانە پاڵ ئیرلەندیەکان لە ڕاستیەوە دوور بوون، ئەوان کەسی بێ دەسەڵات و هەژار خاوەن ڕەوشتی بەرز بوون، بەڵام هەژاری و بێدەسەڵاتی وای کردبوو لە هەموو دەسەڵات و کاریگەریەك بەدەر بن، هۆکارە سەرەکیەکەش ڕژێمی ئینگلیز بوو کە ئەمەی بەسەرهێنان. ئەوەندە بێ دەسەڵات و بێ ورە ببوون لە هیچ چالاکی و پرسێکی نەتەوایەتی بەشدار نەدەبوون، تەنانەت لە ئاژاوەکەی(یەعقوبی)ش لە سەدەی هەژدەهەم بەشداریان نەکرد، کە دەکرا دەرفەتێك بووایە بۆ بوژانەوە و ڕزگار بوونیان.

تاکە شت کە بەدەستیانەوە مابوو، ئومێدێك بوو بۆ ئاواتە نەتەوایەتیەکانیان، ئاین بوو، چونکە ئینگلیز هەموو شتێکی لێ خاپوور کردبوون،هیچیان نەمابوو دەستی پێوە بگرن تەنها کەلیساو قەشەکانیان نەبێ کە تاکە ئومێدێك بوو بۆیان ڕۆژێك ڕابەرایەتییان بکەن. سیستەمی کەلیسا لە ئیرلەندا هەروەکو خۆی مایەوە وەکو بەر لە داگیر کردنی ئینگلیز کە ئەوکات ٢٦ مەترانی هەبوون لەوانە چوار سەرۆکایەتیی مەترانی و هەزار پلەی حۆری و ٩٠٠ یاریدەدەری حۆری هەبوون، دانانی مەترانەکانیش سەردەمانێك بەدەست خانەوادەی ( ستوارت)ەوە بوو ( جاکی دووەم، جاك ئەدوارد و دواتریش چارلس ئەدوارد) کاتێکیش چارلس کۆچی دوایی دەکات دەبووایە ڕێگەیەکی دیکە بۆ دانانی مەتران بدۆزرێتەوە، ئەوکات لیستی مەترانەکان لەلایەن ڕۆحانیان دادەنرا، بەڵام مەترانەکانی دیکە لەلایەن پاپاوە هەلدەبژێردران.

کەلیسەکانی ئیرلەندا سامانەکانی لە کورتی دان، بەڵام ئایندار و دەوڵەمەندەکان هاوکاریان دەکرد چونکە وڵاتەکە خۆی هەژار بوو داهاتی مەتران لە ساڵێکدا ٣٠٠ جونەی بوو، ڕۆحانیەکانیش لە ٦٠ تا ٧٠ جونەی بوو. بەهۆی ئەو یاسا توندەی کە دانرابوو کەلیسا بە نهێنی مایەوە، خاوەنی هیچ خانوو و ئەپارتمانێکی تایبەتی خۆی نەبوو چونکە کەلیسای ئەنگلیکانی

دەستی بەسەر سامانەکانیدا گرتبوو، هیچی بۆ نەهیشتبوون تەنها هەندێك کەلیسای بچووك نەبێ کە زۆر جار ئەم جۆرە کەلیسایانە لە شێوەی کۆخ و زۆر لە ئاستێکی نزمدا بوون،و مایەی سووکایەتی پێکردن بوو. بۆنموونە لە هەموو شاری بلفاست تەنها یەك کەلیسای بچووکی لەم جۆرەی لێبوو، هیچ خوێندگایەکی ئاینیی لێ نەبوو بۆ پێگەیاندنی ڕۆحانیەکان یا ڕۆشنبیرکردنیان. بۆ خوێندن ناچار دەبوون بچنە کوفن یا پاریس  یا دویە یا سالمنکا لە ئیسپانیا. کۆلیژە کانی پێگەیاندنی لاهوتەکان لە دەرەوە هەموویان سەر بە بیردۆزەکانی گالیکانی بوون و دەوڵەت یارمەتی مادی دەدان، بۆیە دەبووایە سەر بۆ داواکاریەکانی پادشا دابنەوێنن، بەهۆیەوە ڕۆحانیانی ئیرلەندی گیانی شۆڕشگێڕییان تیادا نەبوو، ئەوەی حکومەتی ئینگلیز پێی دەسپاردن دەبووایە جێبەجێی بکەن، دەبوایە فەرمانبەری داد بچێتە لای حۆریەکان بۆ گەڕان بەدوای تاوانبارەکان تا جووتیارەکان لە دەوڵەت یاخی نەبن.

گەلی ئیرلەندی گوێڕایەڵی کاهینەکان بوون، ئەوان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بە بڕوادار دەناسران. لە ئیرلەندا هیچ بزوتنەوەیەکی ئاقڵمەندی دروست نەبوو کە بانگەوازی وەلانانی ئاین بکات و کار بە ئەقڵ بکات، بۆیە بڕوای ئاینی تاکە بنەمای سۆزی نەتەوایەتی بوو.

تاکە شوناس و قەوارە کە ئیرلەندیەکان خۆیانی تیا دەبیننەوە، جیاواز لە ئیگنلیزەکان ئەوەبوو کە کاسۆلیکن. ئەو چەوسانەوەی ڕووبەرووی بوون سۆزی نەتەوایەتیان پێی زیاتر بوو، خۆشەویستی و هەستە ئاینیە کەشیان بۆ بوو بە هەست و خۆشەویستی نەتەوایەتی، چونکە فێربوون تەنها بۆ کەلیسای ئەنگلیکانی بوو و فێربونی زمان و سروود و مێژووی ئیرلەندیش قەدەغە بوو! بۆیە ڕۆحانیەکانی ئیرلەندی خۆیان خەمیان لە فێرکردن و ژیاندنەوەی کەلتووری ئیرلەندی خوارد. لە دبلن زانکۆیەك هەبوو بەناوی (کۆلیژی سالوس) لە ساڵی ١٥٩١ دامەزرابوو، بە تەواوی ببووە ئینگلیزیەکی پرۆتستانتی. لە ڕووی فێرکردنی سەرەتاییش ئیرلەندیەکان هیچ خوێندگایەکی سەرەتاییان نەبوو، جگەلە چەند فێرگەیەك بەناوی ( خوێندنگای پەرژین)، لەو خوێندنگا سەرەتاییانە ڕۆحانیەکان منداڵانی گوندانیان فێری خوێندن دەکرد کە لە زۆربەی شوێنەکان لە دەرەوە دەبوو هیچ خانوو و خێوەت و کۆخێکیان نەبوو تیایدا بخوێنن. لە سەرەتای سەدەی

نۆزدەهەم دوای یەکگرتن چەند کۆمەڵەیەکی ئاینی بۆ فێرکردنی منداڵان دامەزران وەکو( کۆمەڵەی برا کریستیەکان) یا( برایانی قەدیس باتریك).

کەواتە لە نێوان کاسۆلیك و سۆزی نەتەوایەتی بۆشاییەک هەیە، بۆ پاراستنی کەلتووری ئاینیش جگە لە پێداگری لە سەر هەستی نەتەوایەتی هیچ ئەڵتەرناتیفێکی دیکە نییە. لەمەودواش بۆ ئەم سۆزە هیچ پێویست بە سیاسەت و هەستێکی تر ناکات، چونکە ئەم بڕوابوونە ئاینیە گەلێك مکوم و پۆلایینە، بۆ دەستبەرداربوونی ئیرلەندیەکان لە سۆزی ئاینی ئینگلیزەکان هەموو ڕێگاکان تاقی دەکەنەوە بەڵام هەوڵەکانیان سەرناگرن. ئیزلی سەرۆکی ئسول گەرابیەکان حەڤدە جار لە دەریاوە ڕووی لە ئیرلەندیەکان کرد تا دەست لە ئاینزاکەیان هەڵگرن، بەڵام بێ سوود بوو هەموو جارێک شکستی دەهێنا.

لەگەڵ ئەو قاتوقڕیەشدا ئیرلەندیەکان بێ هوشیاری لە دژی ئینگلیزەکان ناوەستنەوە، دەبینین کە بە چەند ساڵێك بەر لە شۆڕشی فرەنسی برسێتی بووە هۆکاری هەڵگریسانی شۆڕش و بەرگری، لە نێوان ساڵەکانی ١٧٦٠و ١٧٧٠ دا گروپی چەتەکانی جووتیاران دامەزران بەناوی( گەنجانی سپی) ئەم ناوەش لەو کراسە سپیەوە هات کە دەیانکردە بەریان، ئەمان کاری تۆڵە سەندنەوە و کوشتن و ڕاوەدونانیان ئەنجام دەدا، ئەم بزوتنەوەیە وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك بوو لە موڵکدارەکان، جووتیارانی یاخی ئەم بزوتنەوەیە هێرشیان دەبردە سەر خزمەتچیو کرێگرتەکانی موڵکدارەکان. بزوتنەوەکان وەکو شۆڕشێکی پەرش و بڵاو و لەیەك دابڕاو بوون، لە ئەنجامی دروستکردنی پەرژینەکان دروست ببون، کاتێك زەویەکانی ئیرلەندا پەرژین دەکران وەکو پەرچەکردار بزوتنەوەکان سەر هەڵدەدەن، هاو شێوەی لە ئینگلتەرا هەبوو، ناویان لێنابو ( بزوتنەوەی پەرژین کردن).

لە ئینگلتەراش چەتەی هەمان شێوە لە ١٧٧٠ لە ئەنجامی دروست بوونی کێشە لە نێوان ئنگلتەراو ئەمریکا دروست دەبن. ئەوکات دەگوترا ( کێشەکانی ئینگلتەرا لە شانسی ئیرلەندا دابوو)، ئەم کێشانەی ئەمریکا بووە هۆکاری ئەوەی ئیرلەندیەکان بتوانن هەندێك لە مافەکانیان وەدەست بێنن، بۆیە دەبینین لە ئیرلەندا ئەم کێشانە دوو ئەنجامی دەبێت:

١/ بەرفراوان بوونی بزوتنەوەی یاخی بووەکان لە ئیرلەندا، لەم میانەدا بزوتنەوە زیادیان کرد لەوانە (کۆمەڵەی گەنجە سپیەکان، کۆمەڵەی پارێزگاری، گەنجانی ماف، لە ١٧٨٥ ەوە هەروەها ( گەنجانی دارستانی بەڕوو).

هەندێك یەکێتیش بەمەبەستی یەکێتیی ئاین و پاراستنی ئاین دروست بوون، هەندێکیشیان دژی باجی خۆجێیی و باجی دەیەکی تایبەتی بۆ دیاری کردنی کرێی زەویەکان و هێشتنەوەی زەویەکان بەدەستی جووتیارەکانەوە، هەروەها لە باکوری وڵاتیش چەند بزوتنەوەیەك دامەزران وەکو یەکێتیی(دڵی پۆڵایین) لە ١٧٧٢ و ١٧٧٣ ئەم یەکێتیە ڕێکخراوێکی یەکگرتنی دیموکراسیەکان و جووتیارەکان بوو دژی موڵکدارە مەزنەکانی ئەنگلیکانی دەجەنگین، بەلام ئەم بزوتنەوانە بزوتنەوەی کەسانێك بوون بۆ داخوازی هەژارەکان دەجەنگین، هیچ ئامانج و داخوازیەکی نەتەوایەتی یا سیاسیان نەبوو.

٢/ لەتەك ئەم بزوتنەوە و یاخیبووانە بزوتنەوە و یاخیبوونی دیکەی ئەمریکی دامەزران، ئەمان داخوازی سیاسیان هەبوون بۆ دونیای پرۆتستانتیی ئیرلەندا، بازرگان وموڵکدارە پرۆتستانیەکانی ئیرلەندا بەهۆی یاسا قورسەکانی ئینگلیزەوە لە ژێر بارێکی گراندا بوون هەرگیز گەشەیان نەدەکرد، هەروەها هاووڵاتیەکانیش بەهۆی یاسا توندەکانی ئینگلیزەوە بۆیان نەبوو ببن بە فەرمانبەر، ئەم حاڵەتە ئەمریکیەکانیش بەدەستیانەوە دەیانناڵاند و هەمان داواکاریان هەبوو، بۆیە هاوشێوەی ئەمریکیەکان تیپێك لە ٤٠٠٠٠ چل هەزار خۆبەخش پێکدەهێنن و دەست بەکار دەبن لە هەڕەشە کردن لە بازرگانە ئینگلیزەکان لە ئیرلەندا. لەژێر فشاری ئەم هێزەدا توانیان هەندێك دەستکەوت لە ئینگلیزەکان بستێنن و دەنگی ناڕەزاتیان بەرزکەنەوە، بەڵام ئەم بزوتنەوانە بزوتنەوەی نەتەوایەتی نەبوون، چونکە ئیرلەندیەکان لە داواکردنی داخوازیەکانیاندا باسی جیابوونەوەیان لە ئینگلیز نەدەکرد، دواتر ئەم پرۆتستانتە ئیرلەندیانە لە ژێر سایەی پادشادا بوون و خۆیان بە لایەنگری پادشا دەزانی و لە ژێر تاجی ئەودا دەژیان، بۆیە ئەو بزوتنەوانەی لە سەدەی هەژدەهەم لە ئیرلەندا دروست بوون و سەریان هەڵدا نابێ بە بزوتنەوەی نەتەوی بزانین، لە ڕووی نەتەوایەتیەوە هیچ واتایەکی نەبوو.

له ساڵی ١٧٧٩ هەندێك جووڵانەوە لە پەرلەمان و ستمنستەر ڕوویاندا بۆ نەهێشتنی ئەو قەدەغە بازرگانیانەی سەر ئیرلەندا، بەهۆیەوە ئیرلەندیەکان توانیان مافی هەنارده کردنی خوری بۆ ئەوروپا وەدەست بێنن، لە ساڵی ١٧٨١ مافی سەربەخۆیی یاسادانانیان بۆ پەرلەمانی ئیرلەندی وەدەستهێنا، جگە لە ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی پادشا کە لەسەر یاساکانیان دەدران. بەم جۆرە پرۆتستانتە ئیرلەندەنیەکان توانیان جۆرێك لە سەربەخۆیی پەرلەمانی و یاسادانان لە ئینگیلز وەدەست بێنن.

هەرچەندە ئەم بزوتنەوانە پرۆتستانتی بوون بەڵام کاسۆلیکەکان سوودیان لێ وەرگرتن، گاتانی سەرۆکی پەرلەمان کە سەرۆکایەتی هەڵمەتەکەی دەکرد، لە پێناو یەکگرتن و سەربەخۆیی هەموو ئیرلەندیەکان خەباتی دەکرد، ئەو دەیوت من شەرم لە خۆم دەکەم کاتێك بۆ ٦٠٠٠٠٠ کەس هەوڵ دەدەم، لە کاتێکدا دەمتوانی ئازادی بۆ یەک ملیۆن کەس وەدەست بێن.، کەواتە ئەو مەبەستی بوو یەکگرتن لەگەڵ کاسۆلیکەکان ئەنجام بدات بۆئەوەی بزوتنەوەکە کاریگەرتر بێت، بەهۆی ئەم هەڵوێستانەوە کاسۆلیکەکان چەند سوودێکیان لەم هەڵمەتانە وەرگرتن:

هەندێك سزای یاسایی کە بەهۆی مەزهەبەوە بە قورسی بەسەریاندا سەپێندرابوون بۆیان سووککران.

لە ساڵی ١٧٧٨ مافی یەکسانی لە میرات و کرێی زەویوزاریان پێ درا.

لە ساڵی ١٧٨٢ حکومەت مافی بە ئازادی فێربوون و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیانی پێدان.

کاتێك پەرلەمانی ئیرلەندی دەستبەرداری ئەم مافانە بۆ کاسۆلیکەکان دەبێت، لە نێو پرۆتستانتە کانیش ڕایەکی گشتیی لەسەر دەستی دوو نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی زمانی لە دایکبووی ئیرلەندا بڵاو دەبێتەوە، هەر چەندە پرۆتستانتی دەبن بەڵام بە شێوەیەکی جیا وێنەی ئیرلەندا دەکێشن کە سەرنجی ڕای گشتیی بەلای خۆیدا دەکێشێ.

ئەم دوو نووسەرەش یەکێکیان (سویفت)ی گاڵتەجار دەبێت کە لە ساڵی ١٧٤٥ کۆچی دوایی دەکات، ئەوی دیکە (بریکلی)ی فەیلەسوف دەبێت کە لە ساڵی ١٧٥٣ کۆچی دوایی دەکات.

هەروەها (وود و لوکاس)ی ئیرلەندی لە پارتی (هریگ) لە پەرلەمانی ئینگلیز دژی ستەم و زۆرداری سەر ئیرلەندیەکان پێشڕەوی هەڵمەتێکیان کرد.

بەر لەوەی سەدەی هەژدەهەم تەواو بێت (بورك) ساڵی ١٧٦٥ دەچێتە پەرلەمان و لەگەڵ گراتانی ئیرلەندی کە سەرپەرشتی هەڵمەتەکەی پرۆتستانتی دەکرد، بەم شێوەیە هۆشداری دەدەنە ڕای گشتیی و دەڵێن: (تا ئیرلەندای کاسۆلیك کۆیلە بێت ئیرلەندای پرۆتستانت ئازاد نابێت، تا ئیرلەندای کاسۆلیکیش کۆیلە بێت ئێمە یاخی دەبین، بۆیە لە بەرژەوەندی پرۆتستانت و کاسۆلیکەکانی ئیرلەندایە کە لەگەل یەك بە خۆشی بژین).

بەم شێوە کەسانی نەتەوی لە ئیرلەندا کۆبوونەوە بەڵام ئەم نەتەویە ئەو هەستەیان کەم بوو کە بە ئاشکرا خۆیان ڕابگەیەنن و بڵێن ئێمە هەین. تائێستا لای ئیرلەندیەکان تەنها سۆزی بەزەیی پیاهاتنەوە هەیە، ئەم سۆزەش ئەوەیان نیشان دەدات کە ئەوان لەگەڵ ئینگلیزەکان جیاوازن. ئەم هەستی بەزەییە گەلێك کاریگەری دەروونیی خراپی لەسەر ئیرلەندیەکان هەبوو، شکۆی کەسایەتیان شکابوو، هەستیان بە مەزنی خۆیان نەدەکرد، بەجۆرێك کەسایەتیان تێکشکێندرابوو بە هیچ شێوەیەك وەکو ئەو کاتی بەر لە داگیرکردنیان لەلایەن گینگلیزەوە نەمابوون. ئەو هەست و سۆزەی نێوان ئەوان و ئینگلیزەکان کە مابوو هەستێکی تاڵ بوو یادێك بوو هەرگیز خۆشیی بەدواوە نەهاتبوو.

ئەمە حاڵی ئەو پێکهاتانە بوو کە بە ناو نەتەوە بوون، بەڵام هەرگیز لە ئاستی نەتەوە و هزری نەتەویی سەدەی هەژدەمدا نەبوون، لە توێژینەوە سەبارەت بەم چوار نەتەوەیە کە بە فاکتەری هێز هەبوون ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە:

دەبینین هەریەك لەم چوار نەتەوەی کە باسمان کرد(پۆلۆنی، هەنگاری، گریك، ئیرلەندی) هەریەکەیان تایبەتییەکی مێژوویی خۆیان هەیە، چونکە ڕووداوەکانی مێژوو خەڵکانی ئەم میللەتانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لەم میانەیەشدا هەندێك جیاوازی بەدی دەکەین:

له پۆڵۆنیا و هەنگاریا خەڵکە ڕەشوڕووتەکە لە ژیانی دەوڵەت و مێژوی نەتەوە بەشدار نابێت، بە هۆی ئەوەی هەموو شتەکان بەسەریدا تێدەپەڕن و ئەو هەستی پێناکات. خۆ ئەگەر نەتەوەش بوونی هەبێت ئەوا لای هەندێك چینی باڵا بوونی هەیە، ئەمەش بە پێچەوانەی حاڵەتی گریك و ئیرلەندایە، لەو دوو وڵاتە چینە ڕەشوڕووتەکە لە دروست کردنی مێژووی نەتەوە و کاروباری دەوڵەت بەشدارە.

لەم دوو وڵاتە چینی ئوروستوکرات وچینە تایبەتەکە نیە، سیستەمەکە کە لە داهاتوو بۆ ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر دەستی چینە هەژارەکە دروست دەکرێت، ئەمەیە وامان لێدەکات بلێێن: هزری نەتەوایەتی لە ژێر کاریگەری ئەم جیاوازیەدا دروست دەبێت.

دواتر شتێکی دیکەش هەست پێدەکەین ئەویش ئەوەیە کە نەتەوەکان هێشتا بە ڕوونی خۆیان نەناساندوە و دەرنەکەوتوون، بەڵام سۆزێکی بەهێز هەستی پێدەکرێت کە هەندێك جار دەگاتە ئاستی ئازاردانی تاك بەتایەبت لە ئیرلەندا. ئەو هەستە پڕ ئازارە لە ئەنجامی ئەو جیاوازکاریە ئاینی و نەتەویە کە لەلایەن دەوڵەتەوە پیادە دەکرێت پەیدا دەبێت. ئەو بەهۆی جیاوازی ئاین لە گریکستان هەست دەکات لەگەڵ دەوڵەت جیاوازە، ئەرسدۆکسەکان لەگەڵ گەورەکانیان کە موسوڵمانن جیاوازن، یا لە ئیرلەندا کاسۆلیکە چەوساوەکان لەگەڵ پرۆتستانتە ئینگلیکەکان و لە هەنگاریا زمان و ڕۆلی سیاسی هۆکاری جیاوازی دەبن. لە پۆڵۆنیاش خەبات دژی زەوتکار دەبێتە هۆکاری جیاوازی، ئەم سۆزە لەگەڵ سۆزی جیاوازی لە ڕەگەز وخوێن دەبنە هۆکاری ناکۆکی. بۆیە لە نێو ئەم نەتەوانەدا کە هێشتا خۆیان ڕانەگەیاندووە و پێنەگەیشتون دوو فاکتەری یەکگرتن هەن، فاکتەرێکی مرۆیی مێژوویی، فاکتەری سروشتیی بۆماوەیی، ئەم دوو جۆرە ڕووداوە بەردەوام لە نێو بزوتنەوە نەتەویەکان دەبیندرێن.

---

# بەشی سێیەم

## شۆڕشی فەرەنسی ونەتەوە ئەوروپیەکان

## بەشی سێیەم

## شۆڕشی فرەنسی و نەتەوە ئەوروپیەکان

ئەوروپا لە ساڵەکانی نێوان ١٧٩٢ تا ١٨١٥ دۆخێکی بەسەرداهات پڕ بوو لە ڕووداو و گۆڕانکاری لە مێژوودا هاوشێوەی نەبووە، ئەوروپای بە حاڵەتی سیاسی و بە بەرگێکی نوێوە لێی دەردەچێت. لەم ماوەیە شۆڕشی فرەنسی هەڵدەگیرسێت و دواتریش ئیمپراتۆریەتی ناپۆلیۆن سەرهەڵدەدات. ئەم ڕووداوانە تەنها باری سیاسیان نەگرتەوە، بەڵکو شتێکی نوێی هێنایە کایە ئەویش سەرهەڵدانی جووڵانەوەی هزری بوو. شۆڕشی فرەنسی مافەکانی گشتی و بنەماکانی کۆمەڵگەی ئەوروپیی هێنایە سەر شانۆ، مەبەستی ئەم شۆڕشە ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانە نەبوون کە ئەوروپای لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕی، بەڵکو مەبەستی فەلسەفەی کۆمەڵ و مافی گشتی بوو، واتە فەلسەفەیەك لە ئارادابوو لەگەڵ فەلسەفەیەکی دیکە ناکۆك بوو.

لە ئەنجامی ئەم ململانێ هزری و فەلسەفیەدا لە بواری سیاسیدا چەند بزوتنەوەیەکی نەتەوی سەرهەڵدەدەن و لە دوای ساڵی ١٨١٥ یش زیاتر گەشە دەکەن.

ئەم وڕووداوانەش لە دوو سەردەمدا تۆمار دەکرێن:

ا/ سەردەمی شۆڕش

ب سەردەمی ئیمپراتۆریەت.

هەندێك مێژوونووس بڕوایان وایە کە ئیمپراتۆریەت تەواوکەری شۆڕش بوو لە شێوەیەکی نوێدا. ئەم دوو سەردەمە لە گەلێك ڕووەوە جیاوازیان هەبوو، بۆیە دەمانەوێ هەر سەردەمێك بە جیا باسی لێوە بکەین. یەکەم جار باس لە مەزهەبی شۆڕش و سیاسەت و ڕەنگدانەوە و کاریگەریەکانی لەسەر بزوتنەوە نەتەویەکان دەکەین، کە ئەمەش مەبەستمانە.

**مەزهەب و سیاسەتی شۆڕش**

شۆڕش بانگەوازی یەکسانی و دادوەریی دەکرد و کاری بۆئەوە دەکرد ئەقڵ جێگای هێز بگرێتەوە. ئەمە کاکڵی ئەو هزرە بوو کە پێیەوە هاتن، بەڵام خۆ شۆڕش خەسڵەتی جیهانیی هەیە پێیەوە دەناسرێت. چونکە بیردۆزەکانی شۆڕش لەسەر هەموو دونیا جێبەجێ دەکرێن نەك تەنها فرەنسا و فرەنسیەکان، تەنانەت نووسەری فرەنسی (دوبان) لە ساڵی ١٩٧٣ دەنووسێت (شۆڕشەکە جیهانییە، حاڵەتێکی تایبەت نییە بە فرەنسیەکانەوە).

هزرە فرەنسیەکان چی بوون کە پرەنسیپەکانی یاسای مافی گشتیان لە ئەوروپا سەرەوژێر کرد؟

شۆڕشی فرەنسی مەزهەبی (رۆسۆ)ی کردە کارنامە و بەرنامەی سیاسی خۆی، چونکە لە سنووری داواکاریی مافەکانی نەتەوایەتی نەوەستا، بەڵکو شەڕێکی توندی لەپێناو مافەکانی مرۆڤ و نەتەوایەتیدا بەرپا کرد. زۆر لە نووسەرەکان لە ساڵی ١٧٩١ وە لە نموونەی (کامل دی مولان و ماراو لینگە) لە نووسینەکانیاندا داوای ئەوەیان دەکرد فرەنسا لە بەرژەوەندی گەلانی ئەوروپا دەست بخاتە نا وکاروباری وڵاتان، کاتێکیش جیرۆندیەکان پارتیان دامەزراند ئامانجەکانیان لە پێناو ئازادی و پرۆپاگەندە بۆ هزرەکانی فرەنسی بوو. کاتێك کێشەی ئەلزاس لە نێوان میرە ئەڵمانیەکان و ئیمپراتۆرە گیرمەنیە ڕومانیەکانی پیرۆز لەلایەك و فرەنسا لەلایەکی دیکە سەرهەڵدەدات، بریسۆ لە ١٧٩١/١١/٢٢ ڕێنماییە فەرمیەکانی فرەنسا بۆ نوێنەری دەرەوەی وڵات دەنێرێت، تیایدا دەڵێت: (بە دەوڵەتە بێگانەکان بڵێن ئێمە پەیمانێکی ئاینیمان داوە نیازمان نیە هیچ وڵاتێك داگیر بکەین و ڕێز لە یاساو دەستورەکانیشیان دەگرین، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوەیە ڕێز لە یاساکانمان بگیرێت. پێیان بڵێ ئەگەر کاربەدەستانی ئەڵمانیا ئاگر و ئاسنمان بە ڕوودا بەرز کەنەوە ئێمە بە ئازادی و پشتگیری لە ئازادی وەڵامیان دەدەینەوە، بۆیە هیچیان بەدەستەوە نەماوە تەنها ئەوەندە نەبێت کە بزانن کاردانەوەی هوشیاربوونەوەی میللەتان چیە؟).

له ۱۷۹۱/۱۱/۲۹ ئیسنار یەکێك له سەرکردەکانی جیرۆندیەکان له سەر سەکۆی ئەنجوومەنی یاسادانان ڕایگەیاند:

(ئەگەر حکومەتەکان هانی پادشاکانیان دا دژی گەلان بجەنگن، ئەوا ئێمەش هانی گەل دەدەین دژی ستەمکاران بجەنگن، ئەوکات شەڕی دەستەو یەخە له نێوان گەل و پادشای بێ گەل ڕوو دەدات).

له ۱۷۹۱/۱۱/۲۹ شۆڕش بڕیاری شەڕی له بەرانبەر پادشای بوهیما و هەنگاریا دا، دەقی بڕیارەکه بەم شێوەیه بوو:

(شۆڕشی فرەنسی پشتگیری شەڕی نەتەوەیەك له دژی نەتەوەیەکی دیکه ناکات، بەڵکو دژی پادشایەکی ستەمکار دەجەنگێت)، له هەمان ڕۆژیشدا (کۆندورسه) لەبەر دەمی ئەنجوومەن و بەناوی لیژنەی دبلۆماسی که بڕیاری شەڕی دابوو ڕایگەیاند:

(هەموو میللەتێك مافی دانانی یاسا و هەموارکردنەوەی یاساکانی بۆ خۆی هەیە، کاتێکیش لایەنێك ئەم مافه لەو نەتەوەیه دەسێنێتەوە، مانای ئەوەیه ڕێز له یاسا و بنەماکانی ناگرێت، ئەمه ڕاگەیاندنی دوژمنکاریه که دەکاته ناپاکی بەرانبەر بەنیشتمان و دژایەتی مرۆڤ). شۆڕشگێرەکان به دەستگرتن به بنەماکانی ئاشتی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، هەروەک له دەستوری ساڵی ۱۷۹۱ دا دەبینین. ئەم جەنگەش که لەسەر بنەمای هزری تووشی هاتن، بەم دەستەواژەیه دەریان بڕی(جەنگ له دژی پادشاکان و ئاشتی لەگەڵ نەتەوەکان).

دواتر چەند هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەیان هاویشتن: له کۆتاییەکانی ساڵی ۱۷۹۲ کۆنگرەی نیشتمانیان بەست و تیایدا له ۱۹/تشرینی دووەم بەناوی نەتەوەکانی فرەنسی ئەم بڕیارەیان دا:

(ئێمه دەستی یارمەتی و هاوکاری برایانه بۆ هەموو ئەو گەل و نەتەوانه درێژ دەکەین که به مەبەستی ئازادی و پاراستنی گەلان خەبات دەکەن و پێویستیان پێمانه. هەر لەم بارەیەوە فەرمان و ڕێنمایی به بنکه و لایەنه تایبەتیەکان درا که دەست بەکار بن بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی ئەوانەی لەم چوارچێوەدا خەبات دەکەن).

لەسەر ئەم بنەمایە شۆڕشی فرەنسی داوا لە گەلان دەکات هەستنە سەرپێ و پشت بەو ڕێنما و یارمەتیانە ببەستن لە پێناوی وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیاندا. ڕوونیشی کردەوە کە ئەم سیاسەتە ڕاگەیاندنی شەڕ و داگیرکاری نییە، دەست خستنە ناو کاروباری هیچ وڵاتێکیش نییە.

هەروەها ئەو بڕیارەی کە لە ١٧٩٣/٤/١٣ لەسەر پێشنیاری (دانتون) درا،ڕادەگەیەنێت ( کۆمار، واتا فرەنسا، بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان دەست ناخاتە ناو کاروباری حوکمی هیچ وڵاتێك)، زۆر بەڕوونی داخوازیەکانی گەلانی ئاشکرا کرد لە ئازادی و مافی نەتەوایەتی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلان و پشتگیری لەو بانگەوازەی (کارنو) بەناوی لیژنەی دبلۆماسی ڕایگەیاندبوو بۆ ئەو دەوڵەتانەی بەو ڕێنمایانە بیانەوێت لەگەڵ فرەنسا یەك بگرن، کە بریتی بوون لە :

( ئەو وڵاتەی داوا دەکات لەگەڵ فرەنسا یەکبگرێت پێویستە بە خواستی خۆی بێت نەك بە زۆر، هیچ یەکێتی و یەککگرتنێکیش ئەنجام نادرێت ئەگەر بە ڕێگەی گرێبەست نەبێت، ئەویش بە تەواوی ئازادی ڕادەربرینەوە دەبێت، چونکە ئەم بڕیارە تەنها لە دەسەلاتی گەلدایە، بۆیە دەبێ بە ئازادی ڕا دەرببڕدرێت. نابێ گەلێك گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە، ئەمە پرۆسەیەکی ئارەزومەندانەیە نەك بەزۆر و سەپاندن)، ئەم لێدوانەش پێداگریەکی دیکەیە لەسەر سیاسەت ومەزهەبی میسالیەکان. ئەمە ئەو دەنگەیە کە گەلانی ئەوروپا دەیبیستن کاتێك هەست بە لەکەدار کردنی ناوبانگی دەکرێت.

بەم شێوەیە شۆڕش بووە ڕێگر لەبەردەم بەکارهێنانی هێز و بەرژەوەندیەکان کە دژی سیاسەتی حکومەت دەوەستانەوە. لەو کاتەی لەسەر مافی گەلان سوور دەبێت، لەهەمان کاتدا پێداگریش لەسەر مافە کۆنەکانی خۆی دەکات، چونکە ئەوکات پۆڵۆنیا بۆ جاری دووەم دابەش دەکرایەوە. شۆڕش بە تێکەڵکردنی هزرەکانی ئازادی و نەتەوی جۆرێکی نوێ لە ئینجیل دەخاتە بەردەم سیاسەتی حکومەتەکان، شۆڕش ئەم بنەمایانەی بە وردی لەگەڵ ئەو وڵاتانە جێبەجیکردن کە لەگەڵ فرەنسا یەکیان دەگرتنەوە، ئەوەتا (کارنو) ئاماژە بەم مافە دەدات کە گەل مافی خۆیەتی ئەم گۆڕانکاریە قەبووڵ بکات یان نا. بەم بڕوایانە بانگی گەلان کران دەنگ لەسەر گۆڕانکاریەکان بدەن، هەر بە ئەگەری ئەم دەنگدانەوە بوو توانرا هەرێمی سافوا بخەنەوە سەر فرەنسا. لە

١٧٩٢/١٠/٢١له کۆی ٦٥٨ شار ٥٨٣ یان ڕەزامەندییاندا لەگەڵ فرەنسادا یەکبگرن. لە هەمان ڕۆژیشدا لە نیس ڕیفراندۆمێك لەسەر ئەم پرسە کرا. لە ١٧٩٣/١/١٦ (لیبیج) یەکخستنی خۆی ڕاگەیاند بە ١١٠٠٠ دژی ٤٠ دەنگ لە بەلژیك. هەروەها لە مانگی ئاداری هەمان ساڵدا ڕیفراندۆمێك بۆ هەمان مەبەست ئەنجامدرا، لە ڕووی چەپی ڕوباری ڕاینیش بە هەمان شێوە ڕیفراندۆم کراو ڕاوێژ بە ئەنجوومەنی شارەوانی کرا، لە ١٧٩٣/٣/٢١ کۆنگرەی ڕینانی بەسترا و دەنگ درا لەگەڵ فرەنسا یەکگرن، لە شوباتی ١٧٩٤ دا مونبلیاریش داوای یەکگرتنی لەگەڵ فرەنسا کرد.

بەڵام ئەم مەزهەبە نموونەییە ئەوەندەی نەبرد لادانی تێکەوت، بە هۆی ئەوەی ئەم هزرە لە فرەنسا هەست و ئارەزوەکانی نەتەوی و خۆبە زلزانی بوژاندەوە، لە لایەکی دیکەشەوە توباویە شۆڕشگێڕەکان خۆیان لەبەردەم چەند کێشەیەکدا بینیەوە: ا/ کێشەی بەڕێوە بردنی زەویە دەست بەسەرداگیراوەکان

ب/ کێشەی ئابوری و بەرگری، مەرجەکانی سەربازیش دەگۆڕدرێن، بەم هۆکارەش کێشەی دی دروست دەبن، لە بنەڕەتیشدا هیچ خەباتێکی هزری لە ئارادا نەبوو، بۆیە وردە وردە کەلتوورە کۆنەکەی جارانی سیاسەتی دەرەوە لە ژێر دەمامکی بیردۆزی نوێی مافی گەلان دەبوژێتەوە. لە پرۆسەی یەکگرتنی بەلژیك و بەری ڕۆژهەڵاتی ڕایندا هەندێك کاری نابەجێ ئەنجامدران کە نەدەبوایە ڕووبدەن، چونکە لە هەندێك شوێن بەڕێوەچوونی ڕاپرسیەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەڕێوەدەبران، بەڵام لە هەندێك شوێنی دیکە بە ساختە و بێ گوێدانە پرەنسیپەکان بەڕێوەدەبران، لە هەموو شوێن دەنگی هاووڵاتیان بەگشتی وەرنەدەگیرا، بەڵکو دەنگی کەمینەیەك وەردەگیرا وەکو ئەوەی لە بەلژیك وبەری چەپی ڕوباری ڕاین ئەنجامدرابوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٧٩٤ قۆناغی دووەمی پرۆسەکە دەست پێدەکات کە بریتی دەبێ لە دیاری کردنی سنوورە سروشتیەکان کە وەکو چاودێرێکی مێژوویی لە سەدەی هەژدەم لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا. ئەم سنوورانەش فرەنسای کۆن بە سنوورەکانی (گالیا) وە دەبەستێتەوە، دواتریش لەگەڵ گالیای ڕۆمانی تا ڕوباری ڕاین درێژەی دەبێت.

(دانتون) یەکەم کەس دەبێ داوای سنووره سروشتیەکان دەکات کاتێك لە ١٧٩٣/١/٣١ لەسەر سەکۆی ئەنجوومەن ڕادەگەیەنێت و دەڵێت :

[سروشت سنوورەکانی بۆ دیاری کردووین ئێمەش لە هەرچوار لاوە بۆی دەچین و پێی دەگەین (بۆزەریا، بۆ باکوری ڕووباری ڕاین، بۆ چیای ئەلب و بۆ بیرینە) دەبێت سنووری وڵاتەکەمان تا ئەم خاڵانە بڕوات و هیچ وڵات و کەسێکیش بۆی نییە ڕێگریمان لێ بکات].

دووباره پرسی سنووره سروشتیەکان لە ١٧٩٤،١٧٩٥ کەوتەوە نێو باس و خواس، لە نامیلکەوە تا نووسین و یاداشتەکان باس دەکرا بەتایبەتی دوای شۆڕشی ترومیدی (شۆڕشی ترومیدی لە ١٧٩٤/٧/٢٧ لەو شۆڕشەدا ڕۆبسبیر دەڕووخێت و میانڕەوەکان دەسەڵات دەگرنە دەست).

بەڵام بیردۆزی سنووره سروشتیەکان بیردۆزی مافی گەلانی گۆڕی، چونکە لە سەرەتای ساڵی ١٧٩٥ ڕێبازێکی دیکە سەرهەڵدەدات، بەڵکو لادانیش بێت لە بیردۆزەکانی پێشتر ئەویش هزری ئاشتیی وڵاتە. کامباسیریس ئەم هزرەی لەسەر سەکۆ لە ١٧٩٥/٣/٥ بەرفراوانتر کرد و وتی:

(پێویستە ئەوروپا بگەڕێنینەوە سەر بنەماکانی دادپەروەری بێ ئەوەی پێشێلی مافی گەلان بکرێت، ڕاستە دەبێت لە داهاتوودا ئاشتی شوێن جەنگ بگرێتەوە، کۆمارەکەشمان لە لای باکورەوە دراوسێی مومتەلەکاتی بێگانەیە، دیارە ئەم دراوسێتیە و بوونی ئەو مومتەلەکاتانە و چاو تێبڕینەکان بوونەتە هۆکاری نانەوەی شەڕ و جەنگ لە نێوانماندا، بەڵام دەبینن ئامۆژگاریەکانی سروشت و ئەزموونەکانی ڕابردوو ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەم سنوورانە بە دڵێکی ئاسوودە و دڵنیاوە بنیاد بنێن). بەم شێوەیە بیرۆکەی دروستکردنی سنوورەکانی فەرەنسا بە شێوەیەکی باش هاتە ئارا. لەم ڕووەوە ( دوبوا دو کانسی)ی وەزیری جەنگ ئاوەها کورت و پوخت دەریدەبڕێت (سروشت و ئارەزووی گەلان و بەرژەوەندی کۆمار لە کەناری لای چەپی ڕاین دەخوازێت تا هەتایە ئازادیەکان بەکراوەیی بمێننەوە).

باوکە سیس لە نیسانی ساڵی ١٧٩٥ پرۆژەی ئاشتەوایی لە لیژنەی ئاشتیی گشتی خواست، بە هەمان بیانوو کە سنووره سروشتیەکانی فەرەنسای پێ بپارێزرێت. ئەمەش هەمان بیرۆکە بوو کە

وەکو ڕێنما (بارتلمی و رینیاو کامباسیریس) پیاوانی دەوڵەت بەناوی کۆنگرەی نیشتمانی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٩٥ بۆ باڵیۆزەکانیان نارد.

هەردوو پەیماننامەکەی (بال) کە لە نێوان فرەنسا لەلایەك و پروسیا و ئیسپانیا لەلایەکی دیکە بەسترا و پەیماننامەی لاهای کە لە هۆڵەندا بەسترا داوا دەکەن کە بەلژیکا و کەناری چەپی ڕوباری ڕاین لەگەڵ فرەنسا یەککگرن. ئەم سێ دەوڵەتە لەگەڵ فرەنسا لەو کات دان بە مومتەلەکاتی فرەنسادا دەنێن، بۆ پاکانە کردنیش لە پەیماننامەکانی (بال) لەبەر دەم ئەنجوومەن هەریەك لە (کارنو و روبرجو) کە هەردووکیان کاهنی کۆن و دانوستانکاری بەتوانان لە کۆنگرەی نیشتمانی و (بواسی دانگلاس)یش لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەم بیرۆکەیان بەرفراوانتر کرد کە باس لە ئاشتی فرەنسا و سنوورەکانی سروشتی و مافی گەلان دەکات.

ئەمە ئەسڵی بیردۆزی سەرەتاییە. ئەوەی لە هزرو بیری پیاوانی کۆنگرەی نیشتمانیدا جێگیر بووە ئەوەیە کە ئاشتەوایی لەگەڵ پروسیا جگە لە درێژە پێدانی جەنگ لەگەڵ نەمسا هیچی دیکە ناگەیەنێت، ئەم جەنگەش دەبێت ئەڵمانیا لە ژێر فشارەکانی نەمسا ڕزگار بکات. ئێمەش لەو ڕێنماییانەی کە بۆ (بارتلی)ی ئەندامی شاندی دانوستانەکانی پەیمانامەی ١٧٩٥/١/١٥ ەوە دەبینین کە تیایدا هاتووە:

(ئەوکاتە گەیشت کە ئەڵمانیا لە ژێر فشارەکانی نەمسا دەرچێت، ئەو چاوتێبڕینەی کە ماوەی ٣٠ ساڵە هەیەتی بۆ ئەوروپا وەکو نەخۆشی وابوو ڕیزەکانی تێکدان).

(باوکە سیسی) لە یادەوەریە کانیدا لەسەر ئاشتەوایی ئاوەها دەنووسێت:

(ئەو دوو دوژمنە سەرسەختەی کە دەبێت فرەنسا بەسەریاندا زاڵ بێت بۆ ئەوەی قەوارەی مسۆگەر بێت، ئینگلتەرا و ڕوسیان، هەردوو دوژمنی مافی گەلانن).

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە باوکە سیسی ستایشی ئەڵمانیا دەکات لەسەر بنەمایەکی ئازاد و کۆماری. بە هۆی ئەم سیستەمەوە دەستی ئینگلتەرا و ڕوسیا دەبڕدرێت و نەمسا و پروسیاش

چاویان دەکەوێتە سەر ڕۆژهەڵات بۆ پێکهێنانی پێشەنگی وڵاتان کە ئەو قەڵایە دەبێت ئەوروپا لە هێرشەکانی ڕوسیا بپارێزێت.

دوا قۆناغی ئەم لادانە ئەوەبوو کە حکومەتی ئیدارەی(دیرکتوار) سیاسەتێکی واقعیانەی گرتبووە بەر، سیاسەتی بەرژەوەندیە کانی دراوو جەنگ، دەستگرتنەوە بە دراو مەبەستی پاشەکەوتکردنی سامانەکان بوو بۆ خەزینەی دەوڵەت، چونکە پەیمانی بە سوپا دابوو ئازوخە و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات. ئەم سیاسەتە لە پەنای مەبەست و ئامانجەکانی نەتەوایەتیدا بوون، ئامانجیشیان دەستگرتن بووە بەسەر لای چەپی ڕوباری ڕاین و بەلژیکدا، بۆپاراستنی فرەنسا. بەهۆی دروستکردنی (شەقامە سەربازیەکان) لە کۆندا بەم ناوە ناسرابوو، واتە (کۆمارە براکان) بریتی بوون لە هوڵەندا، سویسرا، و بەشێکی زۆر لە ئەڵمانیا کە پشتی فرەنسای دەگرتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا سیاسەتی (دیرکتوار) لەگەڵ ڕێبازی شۆڕش ناکۆك نەبوو  چونکە ئەوەی لە بەلژیك و کەناری چەپی ڕوباری ڕاین وەدەست هات پشت بە ڕاو بۆچوونی گەل کراوە و کە دواتر هۆڵەندا دەکرێتە کۆماری (باتافیە)، ئەمەش کۆمارێکی برای کۆماری فرەنسا بوو،  بۆیە لەسەر شێوەی هۆڵەندیەکانیش خۆیان (دیرکتوار) بینیەوە.

سیاسەتی (دیرکتوار) دوور بوو لە سیاسەتەکانی کۆمەڵەی دامەزرێنەر و یاسادانانی و سەرەتای کۆنگرەی نیشتمانیی. لەم سیاسەتانەش ناکۆکتر سیاسەتەکانی (بونابرت) بوون لە پەیماننامەی (کمبو-فورمیو) لە مانگی دەی ساڵی ١٧٩٧.

ئەم لادانەی سیاسەتی فرەنسی لە بواری هزریەوە زۆر گرنگ بوو، چونکە نیشانمان دەدات کە هزری ئازادی و نەتەوی نابێت وەکو هزرێکی مەزهەبیی ڕووت بمێننەوە. ئەم هزرانە دەبێت بگۆڕدرێن و لەگەڵ واقیعدا بێنەوە، نابێت لە چوارچێوەی بیرکردنەوەدا قەتیس بن، دەبێ گرنگی بە هەندێك لایەنی تایبەتی بدرێت، وەکو لایەنی جوگرافی وستراتیژی و ئابوری و فاکتەرە سیاسیەکان وەکو هێزی پرەنسیپەکانی ناوەخۆی دەوڵەت وهاوکێشە نێودەوڵەتیەکان.

کاتێکیش لە تیوریەوە دەچیتە قۆناغی پراکتیکی، گەلێك شتی ئاڵۆز و قورست لا ئاسان دەبن، گرێکوێرەکان دەکرێنەوە، دواتر پرەنسیپەکانی نەتەوایەتی دەبێت بە بڕواوە بن، نابێت شاراوە بن، دەکرێ لە ژێر پەردەی هزری نەتەوایەتی پەرە بە کەسایەتی و ئیرادەی خۆت بدەیت، چونکە شۆڕشی فرەنسی بەم ئەزموونەدا تێدەپەڕێت هەروەك لە داهاتوودا لە سەدەی نۆزدەهەم دەیبینین.

## کاریگەری شۆڕش لەسەرولآتە دراوسێکان

لە ڕاستیدا ڕێبازی شۆڕشی فرەنسی تەنها لە فرەنسا نەمایەوە، بەڵکو ئەم ڕێبازە لە وڵاتانی دراوسێدا بەهۆی ئەنجامە سیاسیەکانەوە یا بەهۆی بڵاو بوونەوەی هزرەکان بڵاوەی کرد. دەکرێت بڵێین شۆڕش ئامرازێکی تەقاندنەوەی لە بواری مافەکانی گشتی و سیاسەتی گشتیدا خستە داهێنان و ڕژێم و بنەماکانی سیاسەتی سەردەمیشی گۆڕی. بەڵام کاریگەریەکان لە کۆمەڵگە یەکەوە بۆ کۆمەڵگە یەکی دیکە جیاوازی هەبوو: بۆ نموونە هەندێك وڵات سیاسەتەکانی فرەنسای دەگرتەوە و لەژێر هەژموونی ئەودا بوون، وەکو ئیتالیا و سویسرا و ئەڵمانیای ڕاینی. جەنگ لەو وڵاتانە ڕوویدا و دۆخی سیاسی ئەوانیش گۆڕدرا.

### ئیتالیا:

هەر لەسەردەمی حکومەتی (دیرکتوار)ەوە دەسەڵاتەکانی فرەنسا لە ئیتالیا بەرفراوان دەبن، لەوکاتەوە بۆ تێکدانی دۆخی ئیتالیا سیاسەتی حکومەتی فرەنسا و خەباتی سەربازیی دژی نەمسا دەستپێدەکات. ئەو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە بە دڵ خۆشترین سەردەم و ئارام ترینیان بووە. ئەوەتا لە پەیماننامەی (ئیکس-لا- شبیل ١٧٤٨)ەوە ئاشتی باڵی کێشابوو

بەسەر ئاسمانی وڵاتدا، ئەوکات ئیتالیا بەسەر دە دەوڵەتی جیادا دابەش ببوو کە هیچ هاوبەشیەکی سیاسی نەیدەبەستنەوە، ئەم دەوڵەتانەش ئەگەر لە ڕووی سیستەمی سیاسییانەوە جیاوازیان هەبوو، بەڵام کۆك و تەبا بوون، هەموویان سەر بە ڕژێمێکی ستەمکار بوون کە لەسەر بنەمای چینایەتیی کۆمەڵایەتی دارێژرابوو. لە ڕووی هزریشەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو هزرانەی لە ڕێگەی کەلیسا و خوێندنگا و زانکۆکانەوە لەسەری ڕێککەوتوون، ئەگەر پێویستیش کرا ئەوا بەهۆی سیاسەتەوە ڕێکدەکەون. ئەم سیستەمە لە زۆربەی ئەو وڵاتە ئیتالیانە جێگیر بوو کە ئارامی و یاسا بەرقەرار بوو، سەردەمی ئاژاوە کە ئیتالیای پێ ناسرا وەکو چەرخی ڕێنسانس، بەسەرچوو، چونکە ئەوەی دەبینرا بە سیستەماتیك کرابوو. لە ڕوویەکی دیکەشەوە ئیتالیا دەوڵەمەند بوو، دەوڵەمەندیەکەشی هی سەردەمی چاکسازی بوو. هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و پیادەکردنی شێوازەکانی نوێی کشتوکاڵ و چاککردنی شێوازی ئاودێری بوو لە سەدەی هەژدەهەمدا، دواتر ئەم دەوڵەمەندیەی ئیتالیا بەشێکی بۆ ئەو خۆشگوزەریەی دەگەڕێتەوە کە ماوەی ٣٠ ساڵە کەڵەکەی کردووە. ئەم دەوڵەمەندیەش بە ڕوخسار دەبیندرێ یەکەمیان بە سەرمایەکانیان و بە ئاسەوارە هونەریەکانیان، کە کەلیساو ماڵە دەوڵەمەندەکان و کۆشکی ئەمیرەکانی لێ پڕ ببوو، سەرباری ئەمەش دەستکەوت و داهاتی کەلیساکانی کاسۆلیکی کەلیساکانی پڕ کردبوو. ئەم داهاتانە بەشی هەندێك لە نەجیبزادەکان و بیرۆکرات و ڕۆحانیەکان بوو.

پیشەسازی لەم وڵاتەدا لاواز بوو تەنها بۆ پێویستیەکانی هاوڵاتیان کاریدەکرد و بەرهەمی دەهێنا.

بازرگانیش ئەگەر بەراوردی پێبکەین لەگەڵ جاری جاران، لە حاڵەتێکی داتەپیودا بوو، لەگەڵ ئەمەشدا پیشەسازی و بازرگانی ئەگەر وەکو سەردەمی سەدەی ناوەڕاستیش پێشکەوتوو نەبن بەڵام پێداویستیەکانی هاووڵاتیانی جێبەجێدەکرد، بەشی تێرکردنی جووتیاران و کرێکارانی دەکرد، بەهۆیەوە چینەکانی خوارەوەی گەلی ئیتالی هیچ جۆرە یاخیبوونێکیان لێ ڕوونەدەدرا.

دواجار ئیتالیا وادەبینین کە ولاتێکی خاوەن هزر و ئەقڵێکی پێشکەوتووە، لە سەدەی هەژدەهەمدا خوێندنگای زانستیی هەبوو، لەم خوێندنگایە کەسانی زانای بەناوبانگی لێ دەرچوو

بۆ نموونە (سباللانزانی) زانا لە بواری بایۆلۆژی (زیندەوەرزانی)و، فۆلتیر لە بواری فیزیك، هەر لەم خوێندنگایە بزوتنەوەیەك پێدەگات لەڕووی هزرەوە:

دەرکەوتنی مێژوونووس ( مورات Jaochim Muratنتوری و فیچە )و ژمارەیەك لە ڕەخنەگر و مێژوونووسان لە بواری ئەدەبدا (بتینلی و گاروتی و گوزی)، لە خوێندنگای دادوەری و ئابوریناسی (باوکە گالیانی و فیلان جیری و بکادی) لە سایەی ئەو ئابوریناسانەدا ئەوروپا دۆخێکی دیکەی بەخۆوە بینی کە بووە مایەی گۆڕینی یاساکان لەسەردەمی (جوزیفی دووەم) لە ئیتالیای باکور بەتایبەتیش لە (میرنشینی لیوبولد و توسکانەی مەزن)، یاساکانیش کە بە یاسای(لیبولدی) هاتنە ناسین، بە پێشکەوتووترین یاسا دانران لە ڕووی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا.

لە ڕووەکەی تریشەوە:

لە ئیتالیا ئەدەبێکی باڵا هەبوو لە بەناوبانگترینیان (کارلو گولدونی) بوو لە ساڵی ١٧٠٣تا١٧٩٣ ژیاوە) دانەری (خوایە) بوو چەند کۆپلەیەکی کۆمیدیی لە خۆ گرتبوو، شاعیر (جیوسیب بارینی ) لە ساڵی ١٧٢٩تا١٧٨٠ ژیاوە، فیریش دانەری(تراژیدیاکان) لە ساڵی ١٨٠٣ کۆچی دوایی کرد. ئەم دانەر و ئەدیبانە لە سەردەمی شۆڕشدا ژیاون و لە دوایین ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمدا کۆچیان کردووە.

ئەم بزوتنەوە هزریەی ئیتالیا پەیوەندیی لەگەڵ هزرەکانی فرەنسیدا هەبوو، لە هەمان کاتدا بزوتنەوەیەکی هزری جیهانی بوو، کەسایەتیەکانیان یەکیتیەکی ڕۆحی و فکریان هەبوو. (فیری) شاعیرێکی بیمونی بوو، بوو بە ئیتالی و لە بیمونیەتی دەرچووبوو. ئەو بیرمەندانە ئارەزوویان لە هزری ئازادی بوو کە لە ڕێگەی فەیلسوفە فرەنسیەکانەوە پێی تۆمەتبار کرابوون. لە ئیتالیا نەتەوەی ئیتالی بوونی نەبوو، ئەو بیرمەندانە بەناوی نیشتمانەوە قسەیان دەکرد، تەنانەت (فیری) لەم ڕووەوە مەزنترین نیشتمانپەروەری ئازاد بوو.

ئیتالیا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بەم شێوەیە دەردەکەوێت وەکو مێرگێکی بۆنخۆشی جوان و ڕازاوە کە چەرخی ڕێنیسانس و هەستانەوەی لێ نابڕێت. دوای ئەوەی شۆڕشی فرەنسی

دەکەوێتە نێو ئیتالیا وەکو هێزێکی زەبەلاح، ئیتالیا بەم هەموو جوانی و توانایییەوە خۆی لەبەردا ناگرێت و دەهەژێت.

چوونی فرەنسیەکان بۆ ناو ئیتالیا گورزێکی جەرگبڕ بوو بەر شارستانیەتی ئەم وڵاتە کەوت، چونکە بەهۆی شۆڕشی فرەنسیەوە دارمانێکی مەزنی بەخۆوە بینی، لە ڕووی سیاسی و خاکەوە ئیتالیا ڕووبەڕووی دوو هێرشی مەزنی داگیرکاری فرەنسا دەبێت:

یەکەم/

هێرشی یەکەم لە ئیتالیای باکور لە ساڵی ١٧٩٦ تا ١٧٩٧، هێرشی دووەمیشیان لە ساڵی ١٨٠٠تا ١٨٠١.

یەکەم/ هێرشی یەکەم تەلاری میرنشینی نەمسایی لە میلانو تێکشکاند و کۆماری بندوقیەشی لەناو برد و کۆماری (جنوە) ی خستە سەر فرەنساو دەسەڵاتەکانی پاپاشی نەهێشت. ئەم هێرشانە ئیتالیای ناوەڕاست و باشوری گرتەوە، بەشێوەیەکی کاتیش لە ساڵی ١٧٩٩ کۆماری ڕۆمای بارتنوبونی لە شوێن پادشانشینی (ناپۆلی) دامەزراند ( بارتنوبونی ناوە کۆنەکەی ناپۆلی یە).

سەربازە فرەنسیەکان (بیمونت)یان داگیرکرد و لەگەڵ (جنوە)دا کردیان بە سەنگەری پێشەوەی هێرشەکانیان.

دووەم/

هێرشی دووەم لە ساڵی ١٨٠٠ دەستپێدەکات، لەم هێرشەدا لە باکوری ئیتالیا (کۆماری ئەودیو چیای ئەلب) دادەمەزرێت بە ناوی کۆماری ئیتالی. ئەم کۆمارە دەوڵەتی بندوقیەی کۆن تا نەمسای لەخۆ گرت، ئەم دوو دەوڵەتەش لە دەوڵەتەکانی پاپا بەدەر دەبن. لە باشوریش دەوڵەتە کۆنەکە بنیاد نرایەوە بەڵام هەر بە ناسەقامگیری مایەوە.

کۆمەڵگە و ژێرخانی ئابوری وڵات وسیستەمی زەوی و سیاسەت بەهۆی بەتاڵانبردنی سامانە کەڵەکە بووەکانی ئیتالیا لەلایەن سوپای فرەنسیەوە دەڕووخێت. سەربازەکان ئەوەی بکەوتبایەتە

بەردەستیان تاڵانیان دەکرد و دەستیان بەسەردا دەگرت، باجی زۆریان بەسەر خەڵکدا سەپاندبوو، لەم باجە زۆرە ڕێژەیەکی کەمیان بە خەزینەی حکومەتی بەڕێوەبردن(دیکتوار) دەدا، سەرباری ئەمەش موڵك و سامانەکانی کەلیسایان لەبەردەست کەلیسا دەرهێنا و فرۆشتیان. سەربازەکان بانکەکانیشیان لە تاڵانکردن نەپاراست، ئەم کارو ڕەفتارانە چینی دەوڵەمەندی لە موڵك و سامان بێبەش کرد.

لێرەوە دەبینی چۆن شۆڕشی فەرەنسی ژێرخانی ئابوری و سیستەمی سیاسی وکۆمەڵایەتیی ئیتالیای بەسەردا ڕووخاند، لە کاولکاری بەولاوە هیچی بۆ نەمایەوە، لەو ماوەیەدا هیچ کار و پرۆژەیەکی بیناکاریی لێ ئەنجام نەدا، تەنها ئەوە نەبێت بواری بۆ هزر و سیستەمێکی نوێ لە وڵات ڕەخساند.

## سویسرا

سویسراش تامی ئازارەکانی شۆڕشی فەرەنسیان چێشت، ئەوکات سویسرا دەوڵەت نەبوو کۆنفیدراسیۆن بوو، واتە کۆمەڵە یا یەکگرتنێك لە نێوان ١٣ دەوڵەتۆکە، بۆ مەبەستی بەرگری لە نێو خۆیاندا هاوپەیمانێتیەکی هاوبەشیان واژۆکردبوو، ئەم کۆنفدراسیۆنە هەموو سویسرای نەدەگرتەوە، چونکە (جنیف و فالیەو گریزۆن) لە گەڵیاندا نەبوون، (نوشاتل) سەربە پادشای پروسیا بوو (سن گال) هی باوکە دێر بوو (بال)یش هی مەترانەکان بوو. چەند کانتۆنێکی دیکەش هەبوون سەر بە لایەنەکانی تر بوون وەکو (ئەرگوفیا، تورگوفیا، فود، تیسن، فالتیلین).

سیستەمی حوکمڕانی کانتۆنەکان ئورستوکراتی بوو، دەسەڵات دەدرایە بۆرژوا تایبەتەکان و باقی هاووڵاتیانی شاریش دەبوو لە ژیانی سیاسی دوورکەونەوە. جگە لە هاووڵاتیانی شار، کۆچبەرەکانیش مافی دەستوەردانی سیاسەتیان نەبوو.

له ده‌یه‌كانی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌هه‌م واته له ساڵی ١٧٧٠ چه‌ند ناكۆكیه‌ك ده‌كه‌ونه نێو پێكهاته‌كانی كانتۆنه‌كان، به‌ڵام كۆتاییه‌كه‌ی به سه‌ركه‌وتنی ئوروستوكراتیه‌كان و دوورخستنه‌وه‌ی ژماره‌یه‌ك له‌و فه‌رمانبه‌رانه دێت كه وه‌كو په‌نابه‌ر ڕوویان له ولاتانی دراوسێ ده‌كرد، وه‌كو فه‌ره‌نسا. هه‌ندێكیان ڕۆڵی مه‌زنیان له‌م پرۆسه‌یه‌دا بینی، وه‌كو (كلافیر) كه پێشتر وه‌زیری دارایی بوو به‌ر له شۆرش و له سه‌رده‌می تیرۆریشدا خۆی كوشت. جان بول ماراش كه سه‌رنووسه‌ری ڕۆژنامه‌ی( هاوڕێی گه‌ل) بوو، به ده‌ستی شارلوت كوردای كوژرا.

شۆڕشی فره‌نسی هه‌ستی هاوولاتیانی بۆ داواكردنی حوكمی دیموكراسی وروژاند، به‌ڵام ئوروستوكراته‌كان كه ده‌ستیان به‌سه‌ر حوكمدا گرتبوو به ئاگر و ئاسن وه‌ڵامیان دانه‌وه. له ده‌ریشه‌وه كۆچبه‌ره سویسریه‌كان له چه‌ند چالاكیه‌كدا داوایان له حكومه‌تی فره‌نسی كرد ده‌ست بخاته ناو وڵاته‌كه‌یانه‌وه، له‌م داخوازیه‌یان مه‌به‌ستیان ئه‌وه بوو فره‌نسا به ڕێگه‌ی سه‌ربازی ودبلۆماسی پشتگیری داواكارییه‌كانی هاووڵاتیانی سویسری بكات. ئه‌م كۆچبه‌رانه به درێژایی سه‌رده‌می كۆنگره‌ی نیشتمانی له‌سه‌ر داواكانیان له حكومه‌تی فره‌نسا به‌رده‌وام بوون، ئه‌م داواكاریانه له سه‌رده‌می (دیركتوار كاریگه‌ریان زۆرتر ده‌بێت، ڕۆبل كه دوای كوده‌تاكه‌ی (فروكتیدور) له ١٧٩٧/٩/٤ به‌ڕێوه‌به‌ری یه‌كه‌می سیاسه‌تی ده‌ره‌وه ده‌بێت په‌یوه‌ندیی به كۆچبه‌ره سویسریه كانه‌وه ده‌كات.

هه‌ندێك هۆكار هه‌بوون كاریان كرده سه‌ر فره‌نسا كه ده‌ست بخاته ناو كاروباره‌كانی سویسرا، پێی باش بوو ئه‌و هێلانانه تێكبدات كه له‌وێ پیلانه‌كان دژی فره‌نسا ده‌هوندرێنه‌وه، چونكه لایه‌نگرانی پادشایه‌تی ئه‌وانه‌ی دژایه‌تی فره‌نسایان ده‌كرد له سویسرا بۆ دژایه‌تی كردنی فره‌نسا نماینده‌یه‌كی كاریان دامه‌زراندبوو هه‌موو ئه‌وانه‌ی ببوونه قوربانیی كوده‌تاكه‌ی (فروكتیدور) خۆیان له‌وێ ده‌بینیه‌وه. به‌ریتانیا هاوكاری ئه‌م نماینده‌یه‌ی ده‌كرد كه یه‌كێكیان(فرانسیس دیفرنوی سویسری وویكامی ئینگلیزی ) بوون، فاكته‌رێكی ستراتیژی ئه‌وه‌بوو كه سوپای فره‌نسی له ئیتالیای باكور خه‌ریكی شه‌ڕ و جه‌نگ بوو بۆیه مسۆگه‌ر كردنی ڕێگای نێوان فره‌نسا و ئیتالیا كه به ڕێگه‌ی سامباون و جنێف دا تێده‌په‌ڕێت پێویست بوو له ژێر ده‌سه‌ڵاتی فره‌نسادا بێت.

له ساڵی ١٧٩٨ حکومەتی فرەنسا بڕیاری لەسەر بەرنامەی کاری سویسری دا و بەرنامەی ئاوارەکانی سویسریی قەبووڵ کرد کە ئوکس لە پاریس ڕایگەیاندبوو. بەم پێیە دەستورێکی یەکگرتوی دیموکراسی بۆ سویسرا دادەنێت لە شێوەی دەستورەکەی (دیکتوار)، بە پێی ئەم دەستورە دەبێت کانتۆنەکان ڕزگار بکرێن و لە یەك دەوڵەتدا یەکبخرێن. لە کانتۆنەکان فیدراسیۆنێك پێکدێت هەر وەکو حکومەتی بەڕێوەبردن (دیرکتوار) لە فرەنسا. بە پێی ئەم بڕیارە دەبێت ئەمە سەرەتای دامەزراندنی ناوەندێتی سویسرا بێت.

سەربازانی فرەنسی بە دوو قۆناغی هێرش چوونە ناو سویسرا:

هێرشی یەکەم/

بەرەو (برن) چوون، یەکەم کانتۆنی ئوروستوکراتی و بناغەی سەرەکیی کۆنفیدراسیۆن. ئەم کانتۆنە لە ژێر فشارو هێرشەکانی فرەنسی ناچار دەبێت لە ٦ی ئادار دان بە دەستورە نوێکەدا بنێت. لەم هێرشانەیدا فرەنسا دەست دەگرێ بەسەر بانکەکانی برندا، نیوەی سەرمایەی لە شەڕەکانی میسردا خەرج کرد.

هێرشی دووەم/

بەرەو کانتۆنەکانی شاخاوی بوو کە نیمچە سەربەخۆییەکی دیموکراسییان هەبوو، وەکو کانتۆنی (شویتز) کە ئەمیش لە مانگی ئایار سەری بۆ دەستور دانەواند و قەبووڵی کرد. هەڵمەتەکان بە دان پێدانانی کانتۆنەکان و دروستبوونی کۆماری سویسرا لە ١٢ ی نیسان کۆتاییان هات.

بە شێوەیەکی کاتی شاری (ئارو) یان کردە پایتەخت وهەڵبژاردنێکی ئازادیش لە هاوینی ساڵی ١٧٩٨ ئەنجامدرا، حکومەت لە مانگی ئاب دامەزرا و پەیماننامەیەکی لەگەڵ فرەنسا واژۆکرد.

بە هەوڵی دەستێوەردانی فرەنسا ئەم حکومەتەی سویسرا دادەمەزرێت کە لە چەند کانتۆنێك پێکدێت، کاتێکیش دەڵێین دەوڵەتی سویسرا واتای ئەوە نییە دەڵێین نەتەوەی سویسری، چونکە ئەم نەتەوە دواتر وردە وردە دروستدەبێت.

## هەرێمی ڕینانی

سیستەمی ئەم هەرێمە شتێك نەبوو بە ئەڵمانیاوە بیبەستێتەوە، ڕینانی هەرێمێك بوو لە هەموو هەرێمەکانی دیکە پارچە پارچە و فرە ڕەنگ بوو، تیایدا هەبوو دەوڵەتی کەلیسا بوو تیاشیدا بوو میرنشینی جۆراو جۆر بوون، هیچ میرنشینێکی مەزنی تیادا نەبوو، تەنانەت مەزنترین دەوڵەتی ئەکلیرکی شتێکی ئەو تۆ نەبوو. بەشێوەیەکی گشتی هەرێمێکی دواکەوتوو بوو، جووتیارەکان بە مەرجە کۆنەکان زەویان دەکێڵا و بەکرێ دەگرت. ڕێژەی خوێندەواریان کەم بوو، وڵات بەشێوەیەکی گشتی لە کار وەستا بوو، بۆیە کاتێك ئەم ڕژێمە دەڕمێت شتێکی ئەوتۆ نییە بۆی نیگەران بن. ڕیسوایی ئەم ناوچەیە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە فرەنسیەکان داگیری دەکەن بێ ئەوەی کەمترین بەرگری هەبێت یا هەڵوێستێکی ناڕەزایی. گەورەترین تەگەرە کە فرەنسیەکان لە داگیرکردنی ئەم هەرێمە دەکەوێتە پێشیان ئەو ترس و تۆقینەی دانیشتووانەکەی بوو لە سوپای فەرەنسی کە ئامادە نەبوون بۆ بەرگریکردن دژی سوپای فرەنسی خۆیان بخەنە مەترسیەوە. ئەم هەرێمە پێشتریش لە لایەن وڵاتانی دیکەی دراوسێ بەم ئەزموونەدا تێپەڕیوە، بەڵام زوو دەپچڕێت، چونکە دەنگدەرە ئەکلیریەکان ئەم ڕێگەیان تاقیکردبۆوە لە کاتی شۆڕشی فرەنسیەوە لەو ناوچەیە نەمان، بەڵام هەندێك شار وەکو(بون، ماینس) ئەم ڕووناکیەیان بەهۆی هەندێک کەسی دیموکراسەوە بینی، وەکو ( ئیلوج شنیدر)و خوێندکارەکانی ئەو دیموکراتخوازانە بوون کە هزرەکانی ئەویان بڵاو دەکردەوە. ئەوان لە سەرەتای شۆڕش لە یانەی ماینس و لە کۆنگرەی ڕینانی بوون لە ئاداری ساڵی ١٧٩٣ دەنگیان بە یەکخستنی ڕینانی بۆ سەر فرەنسا دابوو، بەلام هیچ یەك لەم ستەمکارانە بەهۆی هێرشی سوپای فرەنسی نەمان کە هەرچی ئەمیر و نەجیبزادە هەبوو ڕایانکرد. لە هەمان ساڵیشدا دیموکراتەکان بە گۆڕانکاری دۆخەکان دەگۆڕدرێن و ڕادەکەنە فرەنسا یا بەدوای کاردا یا لە ترسی تۆڵە لێسەندنەوە.

له هاوینی ساڵی ١٧٩٤ بەهۆی دوو ڕووداوەوە دۆخەکان لە ڕینانی دەگۆڕدرێن، هێرشی فرەنساو داگیرکردنی هەرێمەکە و لەناوبردنی ڕۆبیر و چەسپاندنی دەستوری بۆرژوازی، کە پێی دەوترا دەستوری گشتیی سێیەم لە ساڵی ١٧٩٥. لە زستانی ١٧٩٤-١٧٩٥ لە شارە مەزنەکانی، ڕینانیی کۆماری دامەزرا ئەمەش سەرەتای بزوتنەوەی کۆماری ڕینانیە لە ساڵی ١٧٩٧ ئەم بزوتنەوەیە لە لایەن فرەنسیەکانەوە هاوکاری دەکرا. چەند گەنجێکی خوێنگەرم پێی هەستابوون، زۆربەیان لە چینی مام ناوەند بوون، واتە ئەوانەی لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ڕووناکیدا بوون. خاوەن پیشە ئازادەکانیش لەگەڵیان هاوسۆز بوون، ڕەخنەشیان لە خۆدوورخستنەوەی ڕۆحانیەکان و چینی نەجیبزادەکان هەبوو.

له ناو ڕیزی ئەم بزوتنەوەیەدا مامۆستای ئازاد هەبوون کە هەندێکیان سەربە کەلیسا بوون، دواتر لێی دابڕان وەکو(جان باتیست گایش ) لە کۆلۆنیا مامۆستابوو، لە بۆن هەروەها( جان جاک هان) ئەمیش لە گوندەکان مامۆستا بوو. جگەلەمە ڕۆحانیی تێدا بوو جلی قەشەیەتی فڕێدابوو وەکو(بیرگانز)، پارێزەری تێدابوو بۆ نموونە (کریستیان سومر، میشیل فنیفی لە کۆلۆن)، هەندێکیشیان فەرمانبەری کۆن بوون وەك (جان باتیست هترروت)، بەناوبانگترینیش لەم گەنجانە (جوزیف گورز) کە ڕۆڵێکی بالای لە بزوتنەوە ئاینیەکەدا بینی لە ساڵەکانی دوای سەردەمی ئیمپراتۆریەت.

جوزیف گورز لە کولبلانتز لە ساڵی ١٧٧٢ لە خێزانێکی بازرگانی دەوڵەمەند لە دایك بووە، وا ڕێککەوت منداڵەکەیان ڕوو لە خوێندنی پزیشکی دەکات، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا ئەم گەنجە هاتوچۆی یانەی (ماینس) دەکات، دواتر دەچێتە ڕیزی یانەکە و دەبێتە ئەندام تیایدا، دواتریش بوو بە هەڵگری نهێنیەکانی لە کۆبلانتز لە ساڵی ١٧٩٧، ئەم زۆر ڕقی لە دەسەڵاتی ڕۆحانی و ئورستوکراتەکان دەبۆوە، سۆزو خۆشەویستیشی بۆ هزرەکانی فرەنسی و ئازادی هەبوو، کانت یشی دەپەرستن، مەبەستی بوو بە کردەوە هزرەکانی کانت بڵاو کاتەوە. لە ساڵی ١٧٩٧ کتێبێکی بە ناونیشانی ( ئاشتی هەمیشەیی، نموونەی باڵایە) بڵاو کردەوە، پێی وابوو هزرەکانی کانت لە ئاشتی

سەرتاسەری بە دامەزراندنی یەکێتی(کۆنفدراسیۆن) گەلانی ئەوروپا بە سەرۆکایەتی فرەنسا دێتە دی. لە ڕووی سیاسیەوە ئەمە دروشمی سەرەکیی پارتەکەی ڕینانی بوو کە لە فەلسەفەی ڕووناکی وەرگرتبوو بە لەخۆ گرتنی ئازادی سیاسی و تێگەیشتنی فرەنسی. یەکێکی تر لە ئامانجەکانیان نەهێشتنی ئیمتیازەکانی دەرەبەگەکان بۆ ئەمیرەکان و نەهێشتنی باجی دەیەك بۆ ڕۆحانیەکان بوو، بەرگری لە مافی جووتیارەکان و موڵکی تایبەتی دەکرد.

لە ڕووی ئابوریشەوە ئەندامانی ئەم پارتە داوای ئازادی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە دەکەن. ئەم بەرنامەیە لە لای پارتەکانی فرەنسی و پارتە دیموکراتە ئەڵمانیە کانیش بەدی دەکرێت، لە تەك ئەم داواکاریە سیاسیانە دەبینین ئەم پارتە چەند خەسڵەتێکی تایبەتیشی هەیە ( ڕێچکەی کانت و مەیلی ڕەوشت پاکی ) یە، ئەندامانی دەڵێن:

پیادە کردنی ئازادی ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیە، ئەگەر مرۆڤ یاسای ڕەوشت پیادە نەکات، شایستەی ئازادی نیە، ئەرکی دەوڵەتیشە مرۆڤ ناچار بکات ڕێز لە یاسای ڕەوشت بگرێت. لەو پیاوانەی بڕوایان وابوو ( کریستیان سوکر) پێی وابوو دەبێت دەوڵەت سەرفراز بکرێت تا کۆمەڵگە ناچار بکات یاساکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەن، بۆئەوەی ڕەوشت لە نێو کۆمەڵدا جێگیر بێت. ڕینانیەکان وای دەبینن کە دەبێت ئەم مافە سیاسیانە بۆ ئەوە بە کۆمەڵگە بدرێ تا بە هوشیاریەوە ڕێز لە ڕەوشت بگرن و نابێت یاساکانی سیاسیش بە زۆر بسەپێندرێت، چونکە هاووڵاتی دەبێت خاوەن ڕەوشت و پەروەردەیەکی باش بێت، ئەوسا ئازادی دەبێتە پاداشتی ڕەوشتی باش. ئەمە هەموو تێگەیشتنەکانی ئەڵمانیان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم کە لە فەلسەفەی کانت دا بەدی دەکرێت.

ئەمەیە پوختەی دروشم و ئامانجەکانی ڕینانیەکان کە بە تێگەیشتنی ئەوان ئەم ئامانجانە تەنها بە پێشڕەوی فرەنسا ئەنجام دەدرێت، بە دیدی ئەوان دەبێت فرەنسا پێشڕەوی هەموو دونیا بکات.

لە هاوینی ساڵی ١٧٩٥و ١٧٩٦ چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێك دەرکەوتن لەوانە ( ڕۆژنامەی بۆن، دۆستی ئازادی) هەردووکیان (گایش) دایمەزراندن. لە کۆلۆنیش ڕۆژنامەی (دۆستی گەلی کۆلۆن)ی

دەرکرد، (برگان)یش ڕۆژنامەیەکی دژی ڕۆحانیەکان دەرکرد بە ناوی ( پرۆتۆسی ئازاد) لە چەند شارێکی تری ئەڵمانیاش ڕۆژنامەی هەمان شێوە دەرچوون کە هەموویان داوایان لەو خەڵکە دەکرد هاوکاری فرەنسا و داوای سەروەری دیموکراسی بۆ کۆمەڵگە بکەن.

**ئەم هەڵمەتانە ڕووبەڕووی هەندێك ئاستەنگ بوونەوە:**

١/ قورسایی داگیرکاری فرەنسی و زەبەلاحیی باجە سەپێندراوەکان و گەندەڵی دامودەزگا سەربازیەکان لە بەکارهێنانی داراییدا، ئەمە یەکێك لە هۆکارەکانی ساردی تێکەوتنی هاوکاری بۆ فرەنسیەکان بوو.

٢/ فەرمانبەرە کۆنەکان و ڕۆحانیەکان ڕقیان لە سیاسەتی هاوکاری هەبوو، لە ڕێگەی شۆڕشەوە هەڵمەتیان دژی ڕۆحانیەکان بەرپا کرد. هەر زوو دەرکەوت کە پاشەڕۆژ جێی متمانە نییە و مەترسی لە گەڕانەوەی ڕژێمە کۆنەکەدا هەیە، چونکە ناپۆلیۆن پۆناپەرت کاتێك لە ئیتالیا سەرکەوتن بەسەر نەمسادا بەدەست دێنێ، لەسەر پرۆسەی ئاشتی دەکەوێتە گفتوگۆ لەسەر بنەمای مانەوەی ئیمپراتۆریەت و گەڕانەوەی دەسەڵاتەکانی ئەڵمانیا بۆ کەناری چەپی ڕوباری ڕاین. دواجار جەنەرال هوش کە فەرماندەی سوپای فرەنسی بوو سیاسەتێکی تایبەتی خۆی لە کەناری چەپی ڕاین پیادەکرد ئەویش خۆنزیککردنەوە بوو لە دانیشتووانەکەی، بەمەش مەبەستی ئەوەبوو دەسەڵاتی دانوستانە سەربازیەکان کە بە خراپی دەبینی، لە ناو بەرێت. بەم هۆیەوە ئیدارەیەکی خۆسەری لە کەناری چەپی راین دامەزراند بە هەماهەنگی لەگەڵ (دەسەلاتی مامناوەندی)ی لە بۆن. ئیتر دانیشتووانەکەی هاوکاری و هەماهەنگی هۆش یان کرد و بەرنامەی کۆماری ڕینانیان لە حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٧ ڕاگەیاند. لەم ڕێگەیەوە بارەگایەکی ناوەندیی کۆنفدراسیۆنی ڕینانیان لە بۆن و چەند بارەگایەکی هاوپێچیشیان لە کۆلن و کوبلانتز و نیس و چەند شوێنێکی دیکە دامەزراند.

بەڵام هەندێك شاری دیکە کە لەم بزوتنەوەیە دوور بوون، بە خواستی خۆیان داوایان کرد بخرێنە سەر فرەنسا لەوانە (تریف وایکس، لا، شابیل).

ڕینانیەکانیش لە ١٣ی تشرینی دووەم چەمکی سەروەری گەلیان بەسەر ڕوباری ڕاین و موز و موزیل دا ڕاگەیاند. خەڵکیان لەسەر واژۆکردنی یاداشتی پرۆپاگەندە بۆکۆماری ڕینانی ڕاهێنا. بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەیان دروستکردن تا لە کۆنگرەی ئاشتەوایی (کمبو-فورمیو) کە بۆ مەبەستی دارشتنەوەی جوگرافیای سیاسیی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەبەسترێت ئەم چەمك و تێگەیشتنانەی ئەوان هەرس بکرێن و پەیامەکەیان زەلال بێت، بەلام بەهۆ مردنی کتوپڕی هۆش بەرنامە و پلانەکانی ڕینانی هەرەسیان هێنا. لە ١٩ی ئەیلولی ساڵی١٧٩٧لە پاریس لەسەر دەستی فروکتیدو کودەتایەك ئەنجامدەدرێت، کەسانێك حوکم دەگرنە دەست لە نموونەی (ڕوبل) کە بە لایەنگری سیاسەتی داگیرکاری و خۆسەپێن دەناسرا.

لە کۆنگرەی(کمبو-فورمیو) ناپۆلیۆن خاڵێکی بەسەر نەمسادا سەپاند، بەو پێیە نەمسا دەبێت دەستبەرداری کەناری چەپی ڕاین بێت و بۆ فرەنسای جێبهێڵێت. حکومەتی کاربەڕێوەبەر کۆمیسەرێکی ناردە کەناری چەپی ڕاین بەناوی (رودلو) بۆ ڕێکخستنەوە و بەڕێوە بردنی. کۆمیسەرەکە پرسی بە هاووڵاتیانی ڕینانی نەکرد سەرەرای ئەوەی داوای هاوکاریشیان لێ کرد، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی هونەری بانگێشتی کۆنە فەرمانبەرەکانی کرد ئەوانەی سوودیان لەو دەرفەتە وەرگرتبوو و پشتگیری فرەنسایان کرد و پشتیان لە ڕینانی کردبوو.

خەڵکی ڕینانی لەم هەڵوێستەی ڕودلو بێزار بوون، بۆیە خەڵکانێکیان بە نوێنەرایەتی خۆیان ناردە پاریس بۆ بەرزکردنەوەی یاداشتی نارەزایی کە (گورز) بوو بەڵام کاتێك دەگاتە پاریس کودەتاکەی (ڕومیر) ڕوودەدات کە ناپۆلیۆن بۆناپەرت دەسەڵات دەگرێتە دەست ئەوساش بیرۆکەی کۆماری ڕینانی پشتگوێ دەخات.

کاتێک بیرۆکەی کۆماری ڕینانی نەزۆك دەبێت، ڕینانیەکان بەدرەنگ وەختە بیر لە یەکگرتنەوە لەگەڵ فرەنسادا دەکەن، ئەوکاتیش کۆمەڵێك گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ لە فەرمانگە حوکمڕانیەکان کران و بزوتنەوە نەتەویەکان لە ئەڵمانیا سەرهەڵدەدەن و دواتریش حوکمی ناپۆلیۆن دەڕووخێت. دواتر هەندێك کەسایەتی رایانگەیاند کە هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی کۆماری ڕینانی تەنها بۆ دوورکەوتنەوە بوو لە یەککگرتن لەگەڵ فرەنسا، ئەمەش نیشانەی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیمانە

بۆ ئەڵمانیای نیشتمان. هەرچەندە مێژوونووسەکان ئەم گوتارانەیان قەبوڵ بوون بەڵام دواجار لەگەڵ واقیعەکە ناکۆك بوون، لەوانە (گورز) لەو بەرنامەی لە ساڵی ١٧٩٦ بۆ ئاشتی دابینابوو داوای یەکگرتنی لەگەڵ فەرەنسا کردبوو و سەروەری فەرەنسای لەسەر ڕینانی قەبووڵ بوو. هەروەها ئەو بانگەوازەی ئۆجیرۆ بۆ ئەندامانی کۆنفیدراسیونی ڕینانی و کوبلانتز کردبووی لە ١٧٩٧/١٠/١٥تیایدا داوای قەبوڵکردنی یەکگرتنی لەگەڵ فەرەنسا کردبوو کە هۆکارەکەی دەگێڕایەوە بۆ:

١/ ڕینانی دەبێتە بەشێك لە وڵاتە زەبەلاحەکەی فەرەنسا بەهۆیەوە سوودی پێدەگات.

٢/بەم یەکگرتنە متمانە لە پاراستنی وڵاتەکەمان دروست دەبێت لە مەترسیەکانی کۆنەپەرستانی ئەمیر و ڕۆحانیەکان.

٣/ بەرژەوەندیە ئابوریەکانی هەرێم لە یەکگرتنەوەدایە لەگەڵ فەرەنسا.

ڕۆژنامەکانی ئەوکات کار و پرۆپاگەندەیان بۆ ئەم بیرۆکەیە دەکرد بەتایبەت ڕۆژنامەی (سور) کە شوێن ڕۆژنامەی (بۆنی یەکەم)ی گرتبۆوە. ڕینانیەکان لە سەرەتاوە دانیان بە بیرۆکەی(سنوری سروشتی)دا نابوو وەکو ئەوەی ڕینانی ببێتە دوا سنوورەکانی فەرەنسا.

لەم ڕووەوە (هتزروت) دەنووسێت:

(نەتەوەکان ناتوانن متمانە بە درێژبوونی ماوەی ئاشتی و پاراستنی کەلتووری وڵاتەکەیان بدەن ئەگەر بە دروستی سنوورەکانیان دیاری نەکەن، کاتێکیش سنوورەکان دیاری دەکرێن وڵاتەکان هاوکاری یەکدی دەکەن) ئەمەیە تێگەیشتنی (گورز).

هەر ئەمەش بیرکردنەوەی ڕینانیەکانە لە سەر فەرەنسا کە خۆیان بە سەرچاوەی ڕووناکی و شارستانیەت دەزانی، هەروەکو فەیلەسوفە ئەڵمانیەکان پێیان وابوو ئەوان هاووڵاتی جیهانین و دەچنە پاڵ وڵاتێکی وەك فەرەنسا، دیسان (هتزروت) دەڵێت:

(وپێم وایە هاوڵاتیانی جیهان بەر لە هەموو شتێك پێویستە پشتگیری ئەو حکومەتە بکەن کە بەپێی فەلسەفەی (ڕووناکی) کار دەکات، ئەمەش هەمان دەربڕینی (فیختە) یە کە لە ساڵی ١٨٠٥دا باشتر ڕوونی دەکاتەوە و پێیان وایە بەم بۆچوونەیان هیچ ناکۆکیەکیان

لەگەڵ ئەڵمانیای سومبول دا نییە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوان هەریەك لە (هتزرت و فینیدی) پێیان وایە فرەنسا سومبولی ئەوانە.

ئەوەندەی نەبرد ئەو ڕینانیانەی چوونە پاڵ فرەنسا هەست بە تاڵی و سوێری کارەکەیان دەکەن، بەتایبەت کاتێك دەبینن فرەنسیەکان چەندە قوربانی بۆ ناپۆلیۆن دەدەن. دوای کودەتاکەی ڕومیریش کاتێك گورز دێتە پاریس پەشیمانی خۆی لەو نامیلکەیە دەردەبڕێت کە بەناوی (ئەنجامی گرنگ لە پاریس) لە ساڵی ١٨٠٠ دەریکردبوو، کەدەبینن فرەنسیەکان قوربانی بە ئازادیە کانیان دەدەن لە پێناو دەسەڵاتی کۆنسوڵی یەکەم ئەوکات لەو بیرۆکەیە پەشیمان دەبنەوە کە پێیان وابوو فرەنسا لە پێناو نوێکردنەوەی مرۆڤایەتیدا تێدەکۆشێت. ئەم بێ ئومێدیە لەو جیاوازکاریە دروست بوو کە لە نێوان ڕەگەزی ئەڵمانی و فرەنسیدا هەبوو، وردە وردە ئەو دەستەواژەیە  دەبێتە جێگری کە هزری دەوڵەت و گەل یەك هزرن، هیچ کاتێك دەوڵەتێکی بەهێز دروست نابێت ئەگەر پشت بە کەلتووری گەلەکەی نەبەستێت.

ئەم گۆڕانکاریە لە تێگەیشتن لە دەستەواژەی نەتەوە لە هزری رۆسۆوە بۆ هزری کانت بووە مایەی ئەوەی (گورز) ببێتە پێشەنگی سیاسەتی ئەم هزرە. ڕینانیەکانی تریش وەکو (کریستیان سومەر) خۆیان حەشاردا و هەندێکیشیان بوونە فەرمانبەر لە فەرمانگەکانی حکومەتی  فرەنسی لە ژێر سێبەری ئیمپراتۆریەتدا.

بزوتنەوەی ڕینانی بووە بزوتنەوەیەکی کەمینە، مەزندە دەکرا ژمارەیان لە ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار کەسێکدا بن، ئەو سیاسەتمەدار و هزرمەندانەش لە دۆخێکی چەقبەستوودا قەتیس مابوون. ڕێژەی سێ لەسەر چواری دانیشتووانی بێ جووڵە وەستابوون یا ڕق و کینەیان لە هەڵوێست و ڕەفتارەکانی سوپای فرەنسی هەڵگرتبوو. ئەگەر ڕینانیەکان بەدوای سیاسەتی بزوتنەوەکەیان نەکەون ئەوا دەبێت بەدوای سیاسەتەکانی ناپۆلیۆن بکەون کە دژی داخوازیەکانیان هەنگاوی دەنا، کاری بۆ سەقامگیری حوکم و پاراستنی ئاین و بە گرێبەستی (کۆنکۆرتاد) و هاندانی بازرگانی و پیشەسازی وڵات و بوژاندنەوەی

ئابوری و کشتوکاڵ دەکرد. ئەم سیاسەتەش کاریەگەرییەکی خراپی لەسەر بانگەوازەکانی ڕینانیدا هەبوو، ئەم دەستکەوتانە بوونە مایەی ئەوەی هاووڵاتیان بچنە پاڵ ئیمپراتۆریەت. لەم هەرێمەی ڕینانی هیچ ئۆپۆزسیۆنێکی نەتەوی نەبوو، بەتایبەت لە سەردەمی ئیمپراتۆریەت، بە پێچەوانەوە بیرەوەریەکانی ڕۆژانی داگیرکاری فرەنسی بۆ ئەوان بیرەوەری خۆش و پڕچێژ بوون. دەستیان بە هزرەکانی ڕۆسۆوە گرت، کاتێکیش ڕەخنەیان لە فرەنسا دەگرت بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوان فرەنسایان بە سومبولی خۆیان دەزانی، پێیان وابو دەبێ پەیامەکەی هەمیشە پارێزراو بێت، واتە ڕکابەریان تەنها لەبەر ئەوە بوو کە خۆیان لە فرەنسیەکان بە فرەنسی تر دەزانی.

## کاریگەری شۆڕش لەسەروڵاتە دوورەکان

ئەمە ئەو کاریگەریانەی شۆڕش بوون لەسەر ئەو دەوڵەتانەی ڕاستەوخۆ هەستیان بە تەکانەکانی شۆڕش کردبوو، بەڵام هەندێك دەوڵەت کە دوور بوون، لە ڕێگەی ڕەنگدانەوە سیاسیەکانەوەوە کاریان تێدەکات، ئەم کارتێکردنەش وەکو بڵاوبوونەوەی فکری وابوون. چونکە کاردانەوەی هزری فرەنسی لای حکومەتە کان وەکو کاردانەوەی گەلان نەبوو. لای حکومەت شۆڕش مەترسییەکی مەزن بوو لێی وەدەرکەوت، چونکە هانی هێزە بەرگریەکانی دەدا ئەوانەی دژی حکومەت وەستابوونەوە یاخود توانیبوویان چەند یاخیبوونێك بتەقێننەوە و شۆڕشێك بەرپا بکەن بۆیە بۆ حکومەت شۆڕش دەرفەتێك بوو تا خۆیان توند کەنەوە و زیاتر دەست بە جومگەکانی دەسەڵاتەوە بگرن، وەکو ئامادەکارییەك بۆ هەر ئەگەرێکی نەخواستراو. هەر بەم هۆیەوە شۆڕش لە داخوازیەکانی نەتەوەی و سیاسی خۆی کەمێك پاش خست: لە بارەی داواکاریەکانی نەتەوی بۆ نموونە دەبینین هەنگاریا لە دامەزراندنی لیژنەکان وەستا و چاودێریەکی توندیشی خستە سەریان، بۆیە لە ساڵی ١٧٩٥ پیلانێکی ئاشکراکرد کە لەلایەن کۆمەڵەیەکی نهێنیەوە بە مەبەستی دامەزراندنی کۆماری

نەمسا دارێژرابوو، توانیان ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی ئەم پیلانە دەستگیر بکەن. سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە کەسێکی هەنگاری بوو بەناوی (مارتینو فیکس). چینی نەجیبزادەکانیش لە کاری حکومەتی نەمساییدا بەشدار بوون، دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی هەنگاری تا ساڵی ١٨١٥ ڕووداوەکانی دونیاش لە دوای ئەو وەستان.

لە ترسی شۆڕش چیتر داوای ئازادیش نەدەکرا، لەو کارانەش کەوەستان چاکسازیەکانی ئیسپانیاو پورتوگال بوون کە ( ستەمی ڕووناك) دەستی پێکردبوو.

لە ئینگلتەراش لە ترسی شۆڕش شەڕ دەست پێدەکات و دواتریش پارتی شۆڕشگێڕ، واتە کۆنەپارێزەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و بە شێوەیەکی کتوپڕ پرۆسەی چاکسازی ڕادەگرن.

**پۆلۆنیا**

شۆڕش هاوکاری حکومەتەکانی کرد تا ڕێوشوێنی سیاسی بگرنە بەر، سوودیان لە لاوازی کاتیی فرەنسا بینی کاتێك بەهۆی شۆڕشەوە دەستبەرداری کاری دبلۆماسی دەبێت و بە کاروباری ناوەخۆوە خەریك دەبێت. بەم هۆیەوە کارەکانی لە پۆلۆنیا کۆتایی دێن. کەواتە شۆڕشی فرەنسی بۆ دراوسێکانی لەوانە پۆلۆنیا دەرفەتێك بوو تا پرۆژەی نوێی دابەشکردنی بکەوێتە کار.

پۆلۆنیا لە سەرەتای بەرنامەی بزوتنەوەی نەتەویدا بوو، ئەم بزوتنەوە نەتەوەییە بەر لە شۆرش نەخشەی خۆی کێشابوو، ئاراستەکانی دژی ڕوسیا و لە بەرژەوەندی شۆڕشی فرەنسادا بوو. گەنجەکانی پەروەردەی ئەو خوێندگایە بوون کە لیژنەی پەروەردەی گشتی دایمەزراندبوو، بەرنامەکانیشیان پشتیان بە فەلسەفەی فرەنسی و زانستی بیرمەند و مامۆستاکان دەبەست کە پێیان دەوت ( ئەکادیمیست) بەتایبەتیش مامۆستاکانی زانکۆی کراکۆفیا و ڤینا و هەندێك لە بۆرژوا فارسوفیەکان.

لەبەردەم هزرە چاکسازیەکانی فرەنسیدا، بەر لە شۆڕشی فرەنسا و دوای ئەویش هەڵمەتەکانی بیرمەندە پۆلۆنیەکان لە پێناو بەرگری لە هزرە نوێکان چڕتر دەبنەوە، لەوانە: دەرچوونی ژمارەیەك

له نامیلکه بەتایبەتی نامیلکەکانی (کوللونیاج)، هەندێکیان دەقاودەقی نامیلکەکەی باوکە سیس بوون . گەلێك لە پیاوانی پۆڵۆنیش پەیوەندیان بە فرەنسیەکانەوە کرد تا لە بەرنامەی شۆڕشی فرەنسی شارەزابن و لە پۆڵۆنیا بڵاوی بکەنەوە. لەوانە بۆ نموونە ( مالا کووسکی)، هەواڵەکانی فرەنسا ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی بۆرژواکاندا لە پۆڵۆنیا بڵاودەکرانەوە. لە ساڵی ١٧٨٩-١٧٩١) لە ئەنجوومەنەکان بەرنامەیەکی چاکسازی بڵاوکرایەوە، لە سێ ڕووەوە هزرەکانی فرەنسیی تیا بەدی دەکرا:

١/ دەبێت حکومەت بەهێز بکرێت و سیمایەکی نوێنەرایەتیی پێبدرێت و دەسەڵاتە سیاسیەکانیش ئەوانەی لەگەڵ ژیانی نەتەوایەتی ناکۆکن وەکو ئازادی (ڕەتکردنەوەی نەجیبزادەکان) نەمێنن.

٢/ ڕێگری لە چینی بورژوا نەکرێت لە وەرگرتنی سەرجەم پۆستەکان، تەنانەت ئەگەر هەندێك پۆستی گشتیش وەرگرن و پێی ببنە نەجیبزادە.

٣/ دەبێت هەندێك چاکسازی لە بەرژەوەندی جووتیارەکان ئەنجام بدرێن.

ئەم بەرنامەیە لە ئەنجامی ئەو کودەتایەی لە ٣ی ئایاری ١٧٩٥ لەسەر دەستی پادشا (ستانسیلاس ئوگست بونیا توفسکی) بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتێکی ناو ئەنجومەن ئەنجامدرا جێبەجێ کرا.

ئەمان دەستورێکی پادشایەتی بۆماوەییان ڕاگەیاند، تەختی پادشایەتیان لە دوای مردنی ستانیسلاس ئوگست بە خانەوادەی ساکس دا. ئەم دەستورە لە دەستوری فرەنسی وەرگیرابوو کە ئەنجوومەنی دامەزرێنەر کاتی خۆی دایبنابوو.

شتێکی ئاسایی بوو ڕوسەکان لەم بزوتنەوە چاکسازیە نیگەران بن چونکە ئەمە دەبێتە مایەی بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی پۆڵۆنیا و ڕێگرتن لەبەر دەم داگیرکاری ڕوسەکان. کاتێکیش کاترینای دووەمی قەیسەری بەهۆی ڕێکەوتننامەی سیاسی لە ساڵی ١٧٩٢ کۆتایی بە شەڕەکان لەگەڵ تورکەکان دێنێت، زۆر بە توندی دەست دەخاتە نێو پۆڵۆنیا بە هاوکاری ئەوانەی دژی چاکسازیەکە بوون. بەم هۆیەوە چینی نەجیبزادە باڵاکان خۆیان لە باوەشی ڕوسەکاندا بینیەوە بە

دامەزراندنی (کۆنفدراسیۆن)ی تارکۆفیتز، گوایە ئەوان بەرگری لە ئازادیەکانی پۆڵۆنیا دەکەن، لە ڕاستیشدا بەرگریان لە ئاژاوەکانی پۆڵۆنیا دەکرد. ئیدی پۆڵۆنیەکان بۆ هاوکاری پشتیان بە پروسیا بەست لە دژی ڕوسەکان، بەڵام پروسیەکان نەیانتوانی هاوکاریان بکەن ئەگەر ڕەزامەندی ئینگلیزەکانی لەگەڵدا نەبووایە، یا ئینگلیزەکان خۆیان هاوکاری پۆڵۆنیەکان بکەن لە ڕێگەی دەریاوە. کاتێکیش سەرۆك وەزیرانی پروسیا ئەم داوایەی پۆڵۆنیەکان ڕەتدەکاتەوە، کاترینای دووەم لە ١٥ی ئاداری ١٧٩٢ داوا لە پۆڵۆنیا دەکات خەرجی شەڕی لەگەڵ فرەنسادا پێ بداتەوە، بۆیە پۆڵۆنیەکان بێ هاوکاری مانەوە. ئیدی لە ١٩ی ئایار فرۆکەکانی ڕوسیا هێرش دەکەنە سەر سنوورەکانی پۆڵۆنیا و نیشتمانپەروەرەکان سنگیان لێدەگرن، بەڵام ڕوسەکان لە تەموزدا ڤارسۆفیا داگیردەکەن. لە ٢٢ی تەموز حکومەتی ڕوسی دەستورە کۆنەکەی گەڕاندەوە، ئەوکات ستانیلس دەستی لە چاکسازیەکان هەڵگرتبوو دانوستانی لەگەڵ ڕوسەکاندا دەکرد.

بەم شێوەیە دەبینین کە ئەو چاکسازیە نەتەویەی هزروانە پۆڵۆنیەکان بە هەماهەنگی بۆرژواکەی دەستیان پێکردبوو وڵاتی خستە بارێك لە مەینەتی و کارەسات.

لە ٢٣ی کانونی دوەمی ساڵی ١٧٩٣ پروسیا و ڕوسیا کەوتنە دانوستان، بەهۆیەوە دووبارە پۆڵۆنیایان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردەوە. ڕوسەکان ئوکراین و ڕوسیای سپییان وەرگرت کە دانیشتووانەکەی نزیکەی ٣ ملیون کەس بوو، پروسیاش دانتزیگ و تورن و بوزن و کالیسری وەرگر، واتە نزیکەی یەك ملیۆن دانیشتووان. بەم شێوەیە پاش ئەوەی پۆڵۆنیا لە ساڵی ١٧٧٢ دانیشتووانەکەی پێکهاتبوو لە ١٥ ملیۆن کەس، ئێستا دوای دابەشبوون ٤ ملیۆنی بۆ مایەوە.

کارەساتەکە بە دروستبوونی پارتێکی نەتەوی کۆتایی هات، لەسەر دەستی هەندێك لە نیشتمان پەروەران شۆڕشێك دامەزرا پیاوەکانیان ڕوویان لە ساکس یا فرەنسا کرد بە سەرۆکایەتی کوسیوز کو داوای هاوکاریان لە کۆنگرەی نیشتمانی فرەنسی کرد، بەڵام فرەنسیەکان بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئەوروپا لە حاڵەتی شەڕدا بوون نەیانتوانی هاوکاریان بکەن، ئەوەی توانیان بیکەن ئەو هاوکاریە ئەفلاتونیە بوو کە بە نانەوەی هەراو پرۆپاگەندە بۆکردن بوو، نەیانتوانی ڕاستەوخۆ دەست بخەنە نێو کارەکانیان و هاوکاری باشتریان بکەن.

له مانگی ئاداری ساڵی ١٧٩٤ بزوتنەوەی شۆڕش هەڵگیرسا، لە هەما کاتیشدا لە کراکوفاو ڤارسوفیاش بە سەرۆکایەتی کوسیوزکو لە ٢٤ی ئادار بانگەوازی نەتەوایەتیی ڕاگەیاندرا و توانیان ڤارسوفیا لە سەربازە ڕوسەکان پاك کەنەوە. بە داڕووخانی کاتیی ورەی ڕوسەکان دۆخەکە لەبار دەبێ تا پروسیەکان هێرش بکەنە سەر کراکوفیاو دەستی بەسەردا بگرن و لەگەڵ فرەنسیەکان بکەونە دانوستانی ئاشتەوایی بۆئەوەی بواریان بۆ برەخسێنن و مەیدانیان بۆ چۆڵکەن.

ڕوسەکان سوپایەکیان بە فەرماندەیی (سوفوروف) دامەزراند، لەمانگی تشرینی یەکەم لە شەڕی (ماسیجوفیچ)دا توانیی بەسەر (کوسیوزکو)دا زاڵ بێت. لە ٤ی تشرینی دووەمیش ڕوسەکان ڤارسۆفیایان داگیرکرد، ئەوکات سەربازەکانی نەمسا لە (گالیسیا) بە بیانوی دیبلوماسی کەڵەکەیان کردبوو، کاتێکیش پروسیەکان لە پەیماننامەی (بال) لەگەڵ فرەنسیەکاندا لە دانوستاندا بوون، لەوکاتەدا بەهۆی دانوستانەکانی نەمساو کاترینای دووەم بۆ جاری سێیەم پۆڵۆنیا دابەش دەکرێتەوە. لە کۆبونەوەی ئامادەکاریەکەدا بەم شێوە دابەش کرابو: ڤارسوفیاو باکوری بومیرانیا تا ڕوباری نیمن بۆ پروسیا، ئیتر لە ٣ی کانونی دوەمی ١٧٩٥ دابەش کردنی سێیەم تۆمارکراو پۆلۆنیای جاران نەما.

ئەم یاخیبوونە کە بووە مایەی تیاچوونی پۆڵۆنیا شێوازێکی جیا لە شێوازی یەکێتیە کۆنەکەی وەرگرت کە بەڕاستی بزوتنەوەیەکی نەتەوی بوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئامادەباشی بزوتنەوەی یاخیبوونەکە بوو، چونکە گەنجەکان ئەوانەی پرۆپاگەندەیان بۆ ئەم بزوتنەوەیە دەکرد لە خوێندگاکانەوە دەیانخوێند، بۆ نموونە خوێندکارانی خوێندگای (لودزیمیرزلە باشوری وڵات سروودێکیان دەخوێند کە لە سروودی نیشتمانی فرەنسی نزیك بوو، پێیان دەوت (لامارسیز) ئەمەش یەکەم کۆپلەیەتی:

( ئەی ئەو گەنجانەی لە نەژادی ئازاد پەروەرانەوە هاتوون کە هەمیشە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکات، دژی توندوتیژین لە هەموو شوێنێك، جەستەو ڕۆحتان ڕۆشنبیر کەن و پێ بگەیەنن) ئەم بانگەوازە لەسەر مافی مرۆڤ لە فرەنسا ڕەوایە.

دوا بڕگەی ئەم سرووده دەڵێت:

( چەك هەڵگرن ئەی ڕۆڵەكانی كودیوسكی!

ئارەق نێوچەوانتان بۆ خانەوادەی سوبیسكی و چارنیكی بێت!

فێری خەبات بن و ڕێگە بە پارچە بوونی وڵاتەكەتان مەدەن!

دواجار دەبا بە سوێندێكی پیرۆز وابەستەی ئەم خاكە بین !

دەبا هەموو كەسێك سەربازێك بێت، بە خوێن و سامان و هزریەوە مۆمی نیشتمان بێت!

بەم شێوەیە دەتوانین هێزی دوژمن لەناو بەرین، یا دەگەینە باپیرانمان لە گۆڕستان!

ئەنجوومەنیش بانگەوازێكی نەتەویی لە ٢٠ ی ئایاردا بڵاوكردەوە كە بیراموفیكوو كوللونتاج نووسیانەوە بە هەمان شێوازی نەتەوی نوسرابۆوە:

( پۆڵۆنیا ئەمڕۆ لە دۆخی بەرگریدایە دژی سوپای موسكۆفی... ئێوە لە پێناو كوشتارگەكانتان، كەلیساكانتان لە پێناو یاساكانتان، ئازادیتان و سەروماڵتان دەجەنگن).

لە نێو ڕیزەكانی ئەم یاخیبووانەدا دەبینین توێژەكانی پۆڵۆنیا تێكەڵاو بەیەك بوون:

لە وسیای بچووك لە شەڕی ڕاگلاوس لە ٤ی نیسانی ١٧٩٤ جووتیارەكان بە داس وشەنەی سەرشانیان سوپای ڕوسیان ڕاونا. لە نێو سوپای یاخیبووان وئەنجوومەنی نەتەوایەتی كەلە دەوروبەری كوسیوز و لە ڤارسوفیا دامەزرابوو، هەموو جۆرە توێژ و پێكهاتەیەكی لەخۆ گرتبوو، لەوانە مامۆستای زانكۆ و ئەكادیمیكك و بۆرژوا و نەجیبزادە، هەبوون پرۆتستانت، وەكو (ئان تورن و دانتزیگ) هەردووكیان لە وڵاتە پرۆستتانتیەكان بوون و بەرگری سوپای ڕوسیان دەكرد. هەروەها دەبینرا كە كالفنیەكان دەچوونە ڕیزی كاسۆلیكەكان و لە دژی ڕوسەكان لە لیتوانتا دەجەنگین، ئەمەش یەكەمین جارە دبینرێت كە ئاین دەكرێتە قوربانیی نەتەوایەتی. لەم پێكهاتانە بۆرژوای شارەكان هێزە بنەڕەتیەكەی یاخیبووان بوون. دیسان ئەمجارەش دەبینین كە بۆرژواكان لە تەك چینی نەجیبزادەكاندا لە پێناو ئازادی نیشتمان دەجەنگن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە

سۆزی نەتەوایەتی لە پۆڵۆنیا بەهێزە. دواتر ئاماژە نیە بۆ ئەوەی چینی ئوروستوکرات لە پێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان ململانێ بکەن، بەڵکو لە پێناو بەرژەوەندی دەوڵەت و گشتی دایە. لەو کاتانەی کە هێزەکانی ڕوسیا لە سەروبەندی گرتنی بوزاندا بوون خوێندکارێك گوتارێك ئاراستەی جەنەرالێکی ڕوسی دەکات و پێی دەڵێت:

(سەرتاپای ئەوروپا دان بەوەدا دەنێت کە ئەم نەتەوەیە پێویستیی بە ئازایەتی نییە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، پێویستی بە جۆشدان نییە بۆئەوەی هزر و کەلتووری بپارێزێت). لە ڕاستیدا پۆڵۆنیا دەست بە هزرەکانیەوە دەگرێت بۆئەوەی بتوانێ بژی، بەو هۆیەوە نیشتمانپەروەرەکان ناچار دەبن لە سەرجەم ئەوروپا پەرشوبڵاو دەبنەوە، بەتایبەت لە فەرەنسا، خۆیان دەخزاندە نێو ڕیزەکانی سوپای ئەو وڵاتانەی کە دژی ڕوسیا دەجەنگن. لە ئەیلولی ساڵی ١٧٩٨ (دوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا دیرکتوار لەگەڵ کوسیوزکو ڕێکدەکەون لەسەر پێکهێنانی سوپایەك لەخۆبەخشانی پۆڵۆنیا و هەڵاتووانی ڕیزەکانی سوپای ڕوسی و نەمسایی). بەم شێوەیە هزری نەتەوی لای پۆڵۆنیەکان لەدەرەوە بە لەیەك نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەوروپای ڕۆژئاوا بە خۆرسك دروستدەبێت.

بەڵام کێشەکە لەم دواییەدا و لە چەند ساڵێکیش پێشتر تەنها کارتێکی یارییێکردنی دبلۆماسی بوو، تەنانەت لای فرەنسیە کانیش، لە ساڵی ١٧٩٨ باوکە سیس بالوێزی فرەنسا لە بەرلین ئاماژەیەك بە پروسیا دەدا تا ببێتە هاوپەیمانی، لە بەرانبەردا هەموو پۆڵۆنیای پێ بدات. بەم جۆرە شۆڕشی فرەنسا بۆ پۆڵۆنیەکان شوم بوو چونکە بووە مایەی دابەشبوونی پۆڵۆنیا و دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی.

ئەگەر بە بۆچوونی گەلان نەك حکومەتەکان، سەیرێکی شۆڕشی فرەنسی بکەین دەبینین کە لای گەلە پێشکەوتووەکان بانگەوازی ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری بوو، لە دەوری ئەم بانگەوازە سۆزی ڕزگاری لای هەندێك کەس لەدایك دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە شۆڕش لەدایك دەبێت و جۆرێك لە هزرو بوژاندنەوە لای ئەو گەلانە خولقا کە ژێردەستن و بەدەست نەبوونی ئازادیەوە دەناڵێنن.

ئەمەش یەکەم کڵپەی ئاگری ئەو شۆڕشانە بوو کە لە گریکستان و ئیرلەندا و سربیا دژی داگیرکاری تورك هەوڵیاندا و شۆڕشیان لە ١٨٠٤ بەرپا کرد.

ئاسەواری شۆڕش لە سێ وڵات سەرهەڵدا، ئەڵمانیا، ئیرلەندا، گریکستان کە شایەنی ئەوەیە بە وردی لێکۆلینەوەیان لەسەر بکەین، تا ئاستی ئەو کاریگەریانە بزانین.

**ئەڵمانیا**

شۆڕشی فرەنسی تەنها کاریگەری لەسەر ئەڵمانیا نەبوو، بەڵکو گۆڕانکاریی لە ئیمپراتۆریەتیشدا دروستکرد. لە ڕەنگدانەوەکانی شۆڕشی فرەنسی لە ئەڵمانیا چالاک کردنی بزوتنەوە هزریەکان بوو کە هێشتا زوو بوو بۆی، ئەم بزوتنەوانە لای ئەڵمانەکان لەسەر شانۆی سیاسی نمایش کران نەك لەسەر شانۆی نەتەوی، جا ئەگەر مەبەستیان حکومەت بووبێت یا هاووڵاتی. کاردانەوەی حکومەتی ئەڵمانی لەسەر شۆڕشی فرەنسی دوژمنکارانە بوو، بانگخوازەکان داوای هەڵگیرساندنی شۆڕشیان دەکرد دژی حکومەت، ئەمەش بۆ ئەوان مەترسیدار بوو. بەهۆیەوە سەرجەم بزوتنەوە چاکسازیەکانیش لە کار وەستان. نەمسا لە ساڵی ١٧٩٠ ەوە هەموو بڵاوکراوەکانی قەدەغە کردن، ئەوانەی دەبنە مایەی وروژاندنی هزری سیاسی و چاودێری و سیخوڕیشی لەسەر دانان. فەرمانگەکانیشی لە کەسانی مەترسیدار پاککردەوە. پروسیاش هوشیار بۆوە و مەترسیی لە کۆچبەران پەیداکرد و هەندێکیشیانی قەدەغە کرد، بەتایبەت کۆچبەرە فرەنسیەکان، ئەوانەی گومانی هەڵگری هزری فرەنسیان لێدەکرا. لە حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٢ هەموو بڵاوکراوەیەکی فرەنسیی قەدەغە کردن و ڕێگەی بە ڕۆژنامە کانیش نەدا باس لە هیچ هەواڵێکی سیاسی بکەن. لە حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٢ بەشی دووەمی کتێبی (ئاین و سنووری ئەقڵ)ی قەدەغە کرد، کە لەژێر ڕۆشنایی و هزرەکانی کانت نوسرابۆوە. دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی جووتیاران لە

سیلیز لە ساڵی ١٧٩٠ لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی نامەکان بەناوی(نامەی زێرین بۆ گەشتیارەکە) بەرگریەکانی پروسی توندتر دەبێت، کۆمەڵە نهێنیەکانی ئەڵمانیاش وەکو (تیپی ئاشکرایان) لە باڤاریا یەکیان گرتەوە.

کاتێك شازادەی ڤیماری مەزن سکاڵا دەکات، ئەوکات کۆمەڵە نهێنیەکان فەرمان دەردەکەن و پروسیاو ساکسیش هاوکاریان دەکەن. لە ٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٣ دەسەڵاتی ئەنجوومەنەکان هەموو سەندیکا خوێندکاریەکان قەدەغە دەکەن، (فیختە) مامۆستای زانکۆی ئابینا لە ساڵی ١٧٩٨ بە بیانوی بێبڕوایی لەسەر کار لادەبەن. لە ساڵی ١٧٩٠کاتێك ( لوبولد) بە ئیمپراتۆر هەڵدەبژێردرێت دەنگدەران ئەم مەرجەی بەسەردا دەسەپێنن:

(نابێت ڕێگە بە هیچ بڕیارێك بدات کە دژی بیروباوەڕە گشتیەکان و ڕەوشتی نەتەوی بێت). بەم شێوە لە مەیدانی ڕۆح و سیاسەتدا مەترسیەکانی سەر حکومەتی ئەڵمانی بەدەر دەکەون. لە رووی سیاسیشەوە شەڕکردن لەگەڵ فرەنسا بووە کارێکی ئەستەم، بۆیە حکومەتەکان هەڵوێستی بەرگریان لە فرەنسا وەرگرت.

دەبینین هزری فرەنسی لای هاووڵاتیان و هزرمەندان بۆتە باو، بەتایبەت لە نێو چینی ڕۆشنبیر و چینە باڵاکانی کۆمەڵگە بە پێچەوانەی دیدی حکومەت. بە بۆچوونی مرۆڤایەتی سەیریان دەکرد نەك بە بۆچوونی ئەڵمانی. پێشتر وتمان کە بزوتنەوەی هزرەکان لە ئەڵمانیا پەیوەندیی بە فەلسەفەی فرەنساوە هەبوو، (فەلسەفەی روناکی)ی ئەڵمانیش هاوتایە لەگەڵ بزوتنەوەی پیاوە زاناکانی فرەنسی، ڕای گشتیی فرەنسیش بە سۆزەوە سەیری بزوتنەوە شۆڕشگێریەکانیان دەکرد کە دژی ئەمریکاو ئینگلیز بوون. هەروەها ڕای گشتیی ئەڵمانیش لەسەر فرەنسا باش بوو، خۆزگەیان پێ دەبرد، ئەم خۆزگەیەش لای پیاوە زاناکان و شاعیرانی گۆرانی بەدی دەکرا، لەوانە شاعیری گۆرانی (فیلاند و شتولبرگ)، هەروەها مێژوونووس (جان مولەر) کە نووسیبووی ( ڕۆژی ١٤ ی تەموز جوانترین ڕۆژە کە دیبێتم لەوەتەی دەسەڵاتی ڕۆمانی لە دونیادا نەماوە، لە پێناو هەندێك کۆشك و تەلاری دەوڵەمەندان و لە پێناو ژیانی هەندێك گەورەپیاو کە زۆربەیان تاوانبارن، من ئازادیم بە نرخێکی هەرزان کڕی)، ئاماژەی بەوە دابوو کە دەکرێ شۆڕش بەرەو

ئەڵمانیاش هەڵکشێت، (ئایا ئەوکەسانەی ئەمڕۆ لە ترسی پادشا ستەمکارەکانیان دەلەرزین دەڕووخێن؟)

لە ساڵی ١٧٩٠ (ئەرنست فەردیناند کلاین) لە نامیلکەیەکدا دەنووسێت (هەبوون و ئازادی) کە وەکو بەرگریەك وابوو لە هزرەکانی کۆمەڵەی دامەزراندنی چاکسازی لە فرەنسا. (جۆرج فورستەر) بەهۆی ئەوەی ئوقرە و ئارامیی لێ بڕابوو نوسینگەکەی داخست، دەیویست هزرەکانی فرەنسی لە ڕوباری ڕاین بپەڕنەوە، ئەوەندە بە هزرەکانی فرەنساوە دڵخۆش بوو لە نامەیەکیدا بۆ (گلیوم هومبولدت) زانای شوێنەوارناس نووسی و تیایدا سەرسامی خۆی بە فرەنسا دەربڕی. کانت یش بە وردی چاودێری گۆڕانکاریەکانی شۆڕشی فرەنسیی دەکرد، ئەوەتا لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕەخنەی دەسەڵات) کە لە ساڵی ١٧٩٠ بڵاوی کردەوە ئاماژە بەو هزرانە دەدات و لەسەر فرەنسا دەنووسێت ( ئەمە ئەو نەتەوەیە کە تا ئاستێکی باڵا لە ڕێکخستن بەرز بۆتەوە).

بەهەمان شێوە (فیختە)ی فەیلەسوفیش کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە لوتکەی بزوتنەوەی نەتەوی لە ئەلمانیا، چەندین نامیلکەی لە بەرژەوەندی هزرەکانی فرەنسی نوسیەوە، لە ساڵی ١٧٩٣ بڵاوکراوەیەکی بە ناوی ( داواکاریەکانی ئازادی هزر ئاراستەی ئەمیرە ئەوروپیەکانە ئەوانەی تا ئێستا پێشێلی دەکەن) بڵاوکردەوە، لە ساڵی ١٧٩٤ نامیلکەیەکی دیکەی بەناوی (ڕاستکردنەوەی حوکمەکانی جەماوەر، ئەوانەی پەیوەندیان بە شۆڕشی فرەنسیەوە هەیە) بڵاوکردەوە، ئەم نامیلکانەی بە شێوازێکی گوتاری بە هزرەکانی رۆسۆ نووسیەوە تیایدا دەڵێت ( دەوڵەت دروست نابێت تەنها بەپێی گرێبەستێك لە نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەتدا نەبێت)، یاسا بە ئاستی پابەندبوونی هاووڵاتیان پێیەوە دەبێتە یاسا. نابێت کەلیسا چاوەڕوانی هاوکاریەکانی حکومەت یا سامانی دەوڵەت بکات، هەریەکەیان مافی ئەوەی هەیە لە کەلیسا جیا ببنەوە و داوای بەشێك لە سامانەکانی بکەن.

ئەم هزرەی فرەنسی لە هەموو ئەڵمانیا و سەرجەم شارەکان و لە نێو گشت چین و توێژەکان بەدی دەکرێت، ( لای نەجیبزادەکان وەکو کرامەر کە لە ساڵی ١٧٩١ ئەو دەستورەی وەرگێڕا کە ئەنجوومەنی گشتیی فرەنسی دەنگی لەسەر دابوو، لە نێو شازادەکانیش وەکو گوتا، بەڵام

زۆربەیان ڕۆژنامەنووس و مامۆستا و ئەدیب بوون. ئەوەتا لە ماینس دەبینین ( جان مولەر و جورج فورستەر لە لوتکەی بزوتنەوەکەدا بوون)، لە کارلسروه مامۆستا بوسلت و لە سواب و فرانکونیا و خوێندکارەکانی زانکۆی توبنگن، لەوانە هیگل و شیلینگ کە لە داهاتوودا دەبنە فەیلەسوف لەگەڵ ئەدیبانی وەکو شوبارت و هولدرلین و ربمان پێشەنگی ئەم بزوتنەوانە بوون.

لە باکور و ناوەڕاستی ئەڵمانیاش هەمان دیاردە دەبیندرێت، لە زۆربەی شارەکان وەکو: گوتنگن شاوزر و شتولبورگ لە دۆرتموند ئیفالدی ڕۆحانی لە هامبورگ کلوبستوکی شاعیری نەتەوەیی ئەو سەردەم، لە فیمار هوردەری جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلەری و فیولاندی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (مرکور) و جان بول ڕیختەر و گوتە و شیلەر لە فریبورگ فەیلەسوف جاکوبی، لە کیل زانکۆ بەسەر دوو بەشدا دابەش ببوو، ئەوانەی دژی هزرەکانی فەرەنسی بوون وەکو (نیبور)ی مێژوونووس، ئەوانەی لەگەڵیشیدا بوون وەکو (وایلیرز)، ئەوکات لە ئەڵمانیا نزیکەی حەوت هەزار نووسەر هەبوون، زۆربەیان لەسەر هزری فەرەنسی بوون.

لە دەرەوەی بواری نووسین گەنجان لە ڕەگەزی نێر و مێ سۆزیان بۆ هزرەکانی فەرەنسی هەبوو، لەو نموونانە کاتێك کارولین برومەر نامەیەك بۆ خوشکەکەی دەنووسێت ( نازانم ڕوو لە کوێ بکەم! لەم ڕۆژانە ڕۆژنامەکان شتی وا بە پێز و سەیرو سەرنجڕاکێش دەنووسن کە من بۆیان دەسوتێم).

لە هامبورگ لە یادی هێرشەکەی سەر بەندیخانەی باستیل لە ١٤ی تەموزی ساڵی ١٧٩٠ ڤیستیڤاڵێکی مەزنیان بەم بۆنەیەوە سازکرد، لە کەژاوەکەدا ژنان بە کراسی درێژ و سپی ڕەنگکراو بە ڕەنگی شین و سووری ئاڵای فەرەنسی، لە پێشەوەی ڕێپێوانەکە (کلوبستوک) خۆی و دروشمە سێ گۆشە ڕەنگیەکەوە بوو، سرووودێکی دەوتەوە کە بۆ ئەم بۆنەیە هۆنیبوویەوە، تیایدا ستایشی فەرەنسای دەکرد و داوای بوردنی لێ دەکرد کە لە کاتی خۆیدا ئاشنایی لەگەڵدا نەبووە کۆپلەیەکی دەڵێت:

( ئێمە بە تاجێك پیرۆزكراوین كە هیچ تاجێكی دیكە شان لە شانی نادات، ئەم تاجە رووناكترین تاجە، لەو تاجە بە بریقەتر و ڕووناكترە كە بە خوێن سووركرابوو، كاتێك كە منداڵ بووم هەوڵم دەدا بە شیعرەكانم ئەم خۆشیە دەربڕم كە ئێستا ڕۆحی گەل دەوروژێنێت). ڕۆژنامەكان زۆر بە وردی دەخوێندرانەوە و ڕەواجیان هەبوو، لە پیشانگای فرانكفورت پڕفرۆشترین كاڵا ئەو دەستماڵە بوو كە مافەكانی مرۆڤیان لەسەر نوسرابوو.

ئەو كۆچبەرە فرەنسیانەش كە ڕوویان لە ئەڵمانیا كردبوو حكومەتەكان و ئوروستوكراتەكان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ كردن و ئاهەنگیان بۆ سازدان بەڵام چینەكانی دیكەی گەل بە ساردی لێیان دەڕوانین، چونكە ڕای گشتی لێیان بێزار بوو، بە خراپی باسیان دەكردن، لەم ڕووەوە (فیلاند) ئاوەها دەنوسێت:

( تاكە شتێك كە زۆرت لێدەكات لە تووڕەییا بە ددانە كانت بیگەزیت ئەم كارە شەرمنانەن كە ئەوكەسانە ڕێگەیان بە خۆیان داوە لەسەر خاكی ئەڵمانیا ڕووبدەن، بەڵكو بیانەوێت ئەزموونێكی مەترسیدار بخولقێنن، پیویستە ئەوە بزانن كە ئەوكات ئەڵمانیەكان هێمنی و ئارامیان نامێنێت).

دواتر هەندێك گۆڕانكاری لە بۆچوونی ئەڵمانیەكاندا ڕوویاندا، بەتایبەتی دوای ڕوودانی كوشتارگەی ئەیلول. ئەوكات شۆڕش بەڕێوە بوو، بەڵام تاموچێژی نەمابوو، بیروبۆچوونەكان دابەش بوون، هەندێكیان بەهۆی ئەوەی كە شۆڕش ببووە كوشتارگە لێی هەڵگەڕانەوە، ئەمەش كۆتاییەكانی ئومێد بوون، لەوكەسانە (هوردر و كلوبستوك ) ئومێدەكانیان ڕووخاند. لەم بارەیەوە (شتولبورگ) دەنوسێت:

(كەواتە ئەمە فەرەنسیەكان خۆیانن، گەلان تەنها بە ڕەوشت و چاكە شایەنی ئازادین).

لە ساڵی ١٧٩٣ گانتز ئەو نووسینەی وەرگێڕا، نووسینەكە ڕۆڵێكی دبلۆماسی باشی بینی بەهۆی ئەوەی كرێكاری مترنیخ Klemens von Metternich و هوتاف كێشی شۆڕشی فرەنسی بوو. ئەوەی لە پێشەكی ناوێكی باشی دەركرد مافەكانی زەویوزار و جیاوازی پێویستیەكانی گەل بوو.

(گولیم هومبولدت) لەسەرەتادا هزرەکانی فرەنسی کاریان تێکردبوو، بەڵام دواتر پشتی تێکرد و رووی لە زانستی شوێنەوار کرد. ئەم گۆڕانکاریانە لە بیرکردنەوەی ئەڵمانیەکان لە رۆژنامە بەناوبانگەکەی گۆتە و رۆمانەکەی بەناوی (هرمان و دوروتیە) دەبینرا، تیایدا باس لەو سۆز و خرۆشەی ئەڵمانیەکان دەکات لە سەرەتای شۆڕشی فرەنسی، دواتر چۆن ئومێدەکانیان دوای کارە کۆکوژیەکان هەرەس دەهێنێت، دەڵێت:

( پاش کەمێکی تر ئاسمان ستەم دەکات، ئەم ستەمە ململانێ لەگەڵ ئارەقێکی گڵاو دەکەن، ئەمە کاری پیاوچاکان نیە، یەکتر سەردەبڕن، ڕق لە دراوسێ هەڵدەگرن، لەکاتێکدا پێشتر داوای برایەتیان لە یەکتر دەکرد، ئاژەڵی دڕندە خۆماڵی ترە).

لە بەرانبەر کاردانەوەی تۆڵەسەندنەوەدا لەو کارە نەشیاوانەی شۆڕشی فرەنسی ئەنجامی دان، گەلێك لە ئازادیخوازە ئەڵمانیەکان ڕایانکردە فرەنسا، وەکو (ربمان وکرامر و بارون دوترانك و ریخاردت)، بەڵام گەلێکیشیان بەرگەی ئەو ستەم و زۆرداریەیان گرت و لەسەر دلسۆزی خۆیان مانەوە و لە ئەڵمانیا نەچوونە دەرەوە، لەوانە (بنیامێن کونستان لە برنشویك)، هەروەها هەردوو شاعیر و داهێنەر (تیك و واکنرودر) تا دوایی پارێزەری نوێنەرایەتی باڵای فرەنسا بوون.

واترودر بۆ تیك دەنوسێت:

لەگەڵ سۆز و خۆشەویستیەکانتم بۆ فرەنسیەکان، ئەوانەی خەندە دەکەن با گەشکە بە خۆیان بگرن، بە لەناوبردنی پادشا بەرلین دەستبەرداری سەرکەوتنەکانی فرەنسا بووە، تەنها من نەبم هەر لەسەر بیرکردنەوەکانی خۆمم.

(فۆرستەر)یش دەنوسێت:

( ئەنجامی ئاژاوەگێڕی، کە هەڵگرانی زوڵم و ستەم لەبەر چاوی خەڵکیان ڕەش کرد، هیچ بەهایەکی نییە، ئەمە گەمەی منداڵانە لەتەك گەمژەیی ستەمکاران).

(فیختەو شیلەر وکانت) لەسەر بیروباوەڕەکەی خۆیان مانەوە، بەڵام ئەم ئازادیخوازە ئەڵمانیانە ڕێگەیان بە خۆیان نەدا هیچ چاکسازیەك لە ئەلمانیادا بکەن بەر لەوەی گەلی ئەڵمانی پەروەردەیەکی باش وەرنەگرێت.

ئەم جیابوونەوەیەی نێوان ئەوانەی لە شۆڕشی فەرەنسی هەڵگەڕانەوە و ئەوانەی لەسەری مانەوە، جیابوونەوە نەبوو لە هزری نەتەوایەتی و نیشتمانی، بەڵکو تەنها لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیەوە جیا ببوونەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی نوێ هاتە نێو ئەم باسە: ئەویش شەڕی نێوان فەرەنسا ودەوڵەتانی ئەڵمانیا و بەتایبەتیش پروسیا و نەمسا بوو. ئەم شەڕە هیچ گۆڕانکاریەکی لەسەر بیرکردنەوەی ئەو ئەڵمانیانە نەکرد کە بڕوایان بە کۆماری هەبوو. ئەڵمانیا ئەوەندە گوێی بە شکستهێنانی پروسیا و نەمسا نەدا، لەهەمان کاتدا هیچ بایەخێکی بەو خۆبەخشانەش نەدا کە چوونە ڕیزی سوپای فەرەنسی و دژی وڵاتانی دژ بە فەرەنسا جەنگین، لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان بۆ بانگێشکردنی سوپا سیستەمی( تیروپشك)یان پیادە دەکرد. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم شەڕە هیچ بزوتنەوەیەکی نەتەوی لە ئەڵمانیا دژی فەرەنسا دروست نەکرد، بە هۆی ئەوەی کە فەرەنسیەکان هیچ ڕق و کینەیان لە ئیمپراتۆر نەبوو. شەڕەکە لە نێوان ئەمیرەکانی ئەڵمانی و شۆڕشی فەرەنسیدا بوو کە لای ئەڵمانیەکان گرنگ نەبوو، پەیوەندیی بە حکومەتەوە هەبوو نەك گەل. لە ڕووی هزر و سیاسەتیشەوە بەرژەوەندی گەل لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا بوو کە بانگەوازی چاکسازی و ئازادی سیاسیی دەکرد، نەك لە گەل حکومەتدا بێت کە نوێنەرایەتی ستەم و فشار و توندوتیژی دەسەڵاتی دەکرد.

دواجار ڕای گشتیی ئەڵمانی ئەوە بوو کە زۆربەی نووسەران دەریانبڕی و بەرپرسیارێتیەکەیان خستە ئەستۆی ئەمیرە ئەڵمانیەکان نەك فەرەنسیەکان. بەڵام کاتێك بزوتنەوەی نەتەوایەتیی ئەڵمانی دادەمەزرێت مێژوونووسە ئەڵمانیەکان بە هەڵە یا بە ئەنقەست لۆمەی شەڕەکانی ساڵی ١٧٩٢ و ١٧٩٣ یان خستە ئەستۆی فەرەنسا، بەڵام ئەڵمانیە هاوچەرخەکان ڕۆشنبیرتر بوون ئەوان بەرپرسیارێتیەکەیان خستەئەستۆی حکومەت و ڕۆحانیەکانی ئەڵمانی.

گرنگی نەدان بە جەنگ ڕووبەڕووی ئەنجامە کاولکاریەکانی جەنگ دەبینەوە، کاتێك موڵکەکانی کەلیسایان لەدەست دەرهێناو دەسەڵاتەکانیان بەرتەسك کردنەوە، یا موڵکی تایبەتیان دەست بەسەرداگرتن لە ساڵەکانی ١٧٩٧ و ١٧٩٨و ١٨٠٢ هیچ دەنگێکی ناڕەزایی لە ئەڵمانیا نەبیسترا، چونکە لای گەل گرنگ نەبوو دەوڵەتێکی بچووك دەڕوات یا دەوڵەتی ڕۆحانیان دەڕوات. کاتێکیش لە ئەنجامی کوشتنی نوێنەری فرەنسا لە راشتاد لە ساڵی ١٧٩٨ شەڕ هەلدەگیرسێت، لەم بارەیەوە(فیلاند) دەنووسێت:

(یان هەر ئێستا یانیش نا، کاتەکەی هات بۆئەوەی سیاسەتێکی ڕاستەقینەی ئەڵمانیمان هەبێت، بەڵام من لەبیرم چوو کە ئێمە نەتەوە نین، بەڵکو پێکهاتەیەکین لە زیاتر لە دووسەد گەل پێکهاتووین).

هۆکاری ئەم گوێ پێنەدانە بەرانبەر بە ئاڵوگۆڕی زەویەکان کە لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا دەیبینین، فەیلەسوفەکان لەسەریان نووسیوە، فیختە دەڵێت:

(داتەپینی هزر و ناخەکان حاکمە بەدرەوشتەکانی گرتۆتەوە، چونکە ئەوان هیچ لە ژیانی ئەو خەڵکە نازانن تەنها ڕابواردن دەزانن. هەریەکەیان بەدوای ڕابواردندا دەگەڕێت بۆ ئەوەی خەمی هاووڵاتیانیان هەبێت، هیچ کاتێکیش لە خۆیان ناپرسن ئاخۆ ژیانی لەمە باشتر هەیە یان نا؟. خۆپەرستی و تاکپەرستی خەسڵەت و ڕەوشتی باوی ئەم سەردەمەن)، ئەمەشی لە وانەی سێیەمی (بنەماکانی چەرخی ئێستا)دا نووسی لە ساڵی ١٨٠٤ . هەر لەسەر خەسڵەتەکانی ئەلمانیای ئەو سەردەم مەدام دوستال لە کتێبەکەی بەناوی (لە ئەڵمانیاوە) دەنووسێت:

(لاوازیی ڕوخسار بەرانبەر بە هێزی فکر بووەتە خەسڵەتی ئەڵمانیای هاوچەرخ).

بێدەربەستی ئەڵمانیەکان لە ئاڵوگۆڕی زەویەکانیان کە لە ئیمپراتۆریەکەیان ئەنجام دەدرا، نیشانەی لاوازی دەوڵەت نەبوو، بەڵکو هۆکارێکی دیکە بوو: هزرمەندە هاوچەرخەکانی ئەڵمانیا ئارەزوویان لە پاراستنی ئەو پەیوەندیە جوانەی مرۆڤەکان هەبوو، ئەم بیرۆکەیان لە

فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە وەرگرت، ئەویش ئەوەیە کە مێژوویەکی نوێ بۆ گەلان بنووسرێتەوە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتیان بۆئەوەی لە مانای ژیانەوە بگەین.

شیلەر هیچ لە نەتەوایەتی نازانێت تەنها بە دیدی هزرەوە نەبێت، لەم خاڵەوە دەکرێت تەبایی لە نێوان سەرجەم نەتەوەکاندا هەبێت.

بەم جۆرە دەبینین کاتێك توندوتیژی ئەڵمانیەکان دەترسێنێت، بیروبۆچوونیان لەسەر فرەنسیەکان جۆراو جۆر دەبێت، چونکە بەرژەوەندیی تایبەتیی جۆراو جۆر هەن هیچ بەرژەوەندی و سۆزێکی نەتەوی بوونی نییە. دیسان فیختە لە وانەی چواردەهەم لە (بنەماکانی چەرخی ئێستا)دا دەنووسێت:

( کەواتە من دەپرسم ئەی نیشتمانی ئەوروپیی کریستیی، شارستانی ڕاستەقینە کوا؟ دەبێت ئەوروپا بەگشتی بێ و بە تایبەتیش ئەو دەوڵەتەی لە لوتکەی شارستانیەتە، کەواتە کەی گرنگە ئەگەر گەلێك لە پێشوەچوون وەستا؟ یا لەدەستی کەوتە خوار یا گەلێکی تر پێشی کەوت؟، دەبا ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە هەر بمێنن کاتێك تەنها خۆڵ و ڕوبار و چیایان گەرەکە، ئەو دەوڵەتەی دەشکەوێ خۆ هاووڵاتیەکانی خۆشەویستیەکەیان بۆ نیشتمان هەر دەمێنێت، بەڵام هزر کوڕی ڕۆژە هیچ کاتێك لەناو ناچێت. بەم واتا جیهانیە دەتوانین گۆڕانکاریەکانی مێژوو و ڕووداوەکانی بە چاوی خۆمان ببینین و لە خۆمان و لەوانەی لە دوامانەوە دێن دڵنیاین هەتا هەتایە).

بەم شێوەیە ئەڵمانیەکان جیهانپەروەری بە نیشتمانپەروەری دەزانن. شیلەر لە نامەیەکیدا لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٨٩ بۆ کۆرتری هاوڕێی دەنووسێت:

(پێویستە هەموو ڕووناکبیرەکان وەکو نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان سەیری فرەنسا بکەن).

کەواتە شۆڕشی فرەنسی نەبووە هۆی لەدایکبوونی نەتەوەپەروەری ئەڵمانیا، نەتەوەی ئەڵمانیاش وەکو شتێکی خەیاڵیی مایەوە، شۆڕشی فرەنسی هیچی لەو چەمکە نەگۆڕی.

**یەکەم بزوتنەوەی نەتەویی گریکی**

شۆڕشی فرەنسی نەتەوەی گریکیی هەژاند، سەرەڕای بوونی مەرجی خۆناساندن بەڵام ئەوان هێشتا خۆیان نەناسیبوو.

لە ڕاستیدا ڕاهێنانی نەتەوەی گریکی لەسەر هەستی نەتەوایەتی لە دەرەوە هاوردە کرابوو. یەکەم هەوڵی لەم جۆرە بۆ تێگەیاندن لە دەولەتی گریکی و بە ئەنجام گەیاندنی لە دەرەوە هاتبوو، بۆیە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی گریکی ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە دەبێت لە دەرەوە و ناوەوە هان بدرێت. ئەمە بوو کە شۆڕشی فرەنسی دەبێتە یەکەم دەرفەت بۆ گریکستان.

بەر لە شۆڕشی فرەنسی هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی کلاسیکی دەردەبڕدرا، لە نموونەی بزوتنەوەی فەناری و پیاوە ڕووناکبیرەکان و پیاوە نازوکیە سیاسیەکان ودبلۆماتەکان، کە کاری فەرمانبەریان لە دەرەوە  ئەنجام دەدا و دەستیان لەگەڵ وڵاتان تێکەڵ دەکرد. لەم سەردەمەش سەنتەری بزوتنەوەی گریکی لە میرنشینی دانوبی و لە خودی کەسایەتی (هوسبودارین لە بەغەدانن و ئیفلاق) دەبینیەوە کە خۆیان و خانەوادە و کەسوکاریان و ڕەوەندی بازرگانان و هزرمەندانیان لە بودابێست دادەنیشتن.

فەناریە گریکیەکان چاویان لە ڕوسیا بوو، بەتایبەتی دەیانویست سوود لەو ناکۆکیانەی تورکیا وەرگرن کە لەگەڵ دەرودراوسێدا هەیبوو، بەتایبەتی لەو ناکۆکیانەی بەر لە شۆڕش لە نێوان کاترینای دووەم و جوزیفی دووەم لەلایەك و تورکیا لەلایەکی دیکەدا هەبوو. ئەوکاتە سوودیان لێ وەرگرت کە ویستیان لە ساڵی  ١٧٨٥ پیلانێك لە ڕێگەی (هوسبودار ئیبسیلانتی لە ئەفلاق) ئەنجام بدەن، بەڵام پیلانەکە  ئاشکرا دەبێت. ئەگەر هوسبودار نەبووایە ئەو دوو گەنجە ڕزگاریان نەدەبوو کە بەهۆیانەوە پەیوەندیە کانیشی تێکدەچن. دەڵێن هوسبودار خۆی دەستی لەو پیلانەدا هەبوو، چونکە بەر لەوەی هوسبودارێکی دیکە بۆ ئەفلاق دامەزرێنن ئەم دەستگیر دەکەن. لەم پیلانەدا دەست بەسەر چەند نامەیەکدا دەگرن، تیایدا هاتووە داوایان لە ڕوسیا

کردووە هاوکاریان بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەلکانی لە سایەی پاراستنی ڕوسیادا.

لەسەردەستی هاوڕێکەی (مافرو کورداتو) بزوتنەوەیەك لە هەمان شێوە بۆ (بەغەدانن) دامەزرا، ئەم بزوتنەوە فناریە جێبەجێ ناکرێت، چونکە هیچ بایەخێکی بە گریکستان و بەلکان نەدەدا. لە ڕاستیدا ڕووبەڕووی چەند کۆسپێك بووەوە ئەویش ئەوەبوو کە هوسبودارین( یبسیلانتی و مافروکورداتو) لایەنگری ڕوسیا بوون. لە فەناریەکان یەکێك هەڵدەستێتەوە لایەنگری تورکەکان دەبێت، ئەویش جەنەرال ( مافرویینی) بوو کە وەکو هوسبودارین بۆ هەردوو میرنشینەکە دامەزرا و فەرماندەیی سوپای تورکیشی پێ سپێردرا بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشی سوپای نەمسا و ڕوس بداتەوە. بەڵام ڕوسەکان توانیان بەسەر مافروینی دا زاڵ بن و لە ساڵی ١٧٩٠ سەری سولتانیش دەپەڕێنێت.

ئەمە ئەو تێگەیشتنە کۆنانەی شۆڕشی فرەنسی بوون. بەڵام هەر لە ژێر کاریگەری شۆڕشی فرەنسیدا چەند ئاراستەیەکی سیاسی نوێ سەرهەڵدەدەن، چونکە بزوتنەوەکە روخسارێکی نەتەوایەتی وەردەگرێت کە پێشتر ئەم ڕوخسارەی نەبووە.

**بڵاوبوونەوەی هزری شۆڕشگێڕی**

هزرەکانی فرەنسی لە گریکستان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕێگەی هەواڵ و زانیاریەوە تەشەنەیان کرد، ئەستەم بوو پێشی لێ بگیرێت. ئەم بڵاوبوونەوەیە هیچ ئاسەوارێکی دۆکۆمێنتی لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە دەتوانین پانتایی ئەو بڵاو بوونەوەیە بزانین کە بە ڕێگەی ڤیەناوە گەیشتوون.

بۆ توركيا جوگرافياى ئيمپراتۆريەتى نەمسا گەلێك گرنگ بوو، چونكە سنووری جوگرافیای نەمسا لە باكور و ڕۆژئاواوە دەوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی داوە. لە شارە مەزنە نەمساییەكان هاووڵاتیی گریكی زۆربوون، لە ڤیەننا كۆچبەری گریكی لەناویاندا بازرگانی زۆر هەبوون، دواتر حكومەتی نەمسا لە ساڵی ١٧٨٧ بە فەرمی دانی بە بوونی كۆچبەری یاسایی گریكی نابوو، ئەم كۆچبەرانەش بۆ ئیمرپراتۆریەتی نەمسا مایەی ناڕەحەتی نەبوون بەتایبەتی كاتێك توانیی وەكو ئامرازێك بۆ دەستخستنە ناو كاروباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەكاریان بهێنێت. لە تشرینی یەكەمی ساڵی ١٧٩٦ بە فەرمی دانی بە كەلیسای گریكیدا نا لە ڤیەنا، دواتر لە ساڵی ١٨٠٤ خوێندگایەكی گریكیی بەفەرمی كردەوە، گریكەكان لە ڤیەننا هاوكاری مادیی كۆچبەرە گریكیە كانیان دەكرد و هانیان دەدان بۆ ئەوەی مێژوو و زمانی گریكی بخوێنن. ئەوەی دەوڵەمەندیش بوایە كارەكەرێكی گریكیی بۆ منداڵەكانی دەگرت. بەم شێوەیە ڤیەنا بووە سەنتەری بەیەكگەیشتنی ڕووناكبیر و هزروانانی گریكی، چەندین خانەی بڵاو كردنەوەی گریكی لە ڤیەنا دامەزران كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هزرمەند و نووسەرانی بەگەدان و ئەفلاقدا هەبوو، حاڵەتی یاساییان وەكو كەسێكی نەمسایی وابوون، بۆیان هەبوو هەموو كارو پەیوەندیەكان ئەنجام بدەن، بە پێچەوانەی توركەكان كە بۆیان نەبوو هەموو چالاكی و جووڵەیەكی سەربەخۆ ئەنجام بدەن. بەهۆی پاسپۆرتی نەمسایی كە بۆیان هەبوو هەڵیگرن لە سەرجەم سنوورەكانی ئیمپراتۆریەتی نەمسایی و عوسمانیشدا ئازاد بوون.

لە سەردەمی شۆڕشدا نەمسای گریكی بووە سەنتەری بڵاوبوونەوەی هزرەكانی فەرنسی، یەكەم ڕۆژنامەی گریكی لەوێ دەرچوو، (مولیوس و ماركیدوس) كە دوبرای گریكی بوون خەڵكی ماكدونیا بوون ڕۆژنامەی (ئیفیمیریس) یان دەركرد، یەكەم ژمارەی لە ١٧٩٠/١٢/٣١ بە وێنەیەك دەركرد كە ئاماژە بە ژیانەوەی گریكستان دەدات. یەكەم وتاری بۆ هاوڕێیەكی خوێنەری بەم شێوە دەنووسێت:

(ئەوەتا ئەمە ئەو ڕۆژنامە چاوەڕوانكراوەیە كە دەمێكە لە چاوەڕوانیدای، بە زمانێكی گەلەری نووسیومە، وەكو ڕووەكێك وردە وردە دەڕوێت و گەورە دەبێت، دواجار بەرێكی بە سوود دەدات).

ئەم ڕۆژنامەیە هەفتەی دوو جار بە هەشت پەڕەی مەزن دەردەچوو، دواتر بووە ١٦ ی ناوەنجی و دواجار بووە ٢٠ لاپەڕ.

ساڵی ١٧٩٣ گەڕایەوە سەر هەمان مەبەست، ناوی نا (کۆمەڵەی گرنگترین ڕووداوی سەردەم و هاوڕێیانی دونیا) وەکو مێشهەنگوین زۆر لەسەرەخۆ و بە ئارامی لێێ ورد بۆوە، دەیوت:

قەبووڵ ناکەم تەنها نەتەوەی ئێمە، ئەو نەتەوەی کە دونیای بە ئەقڵ و زیرەکی خۆی ڕووناك کردۆتەوە، بەبێ ڕۆژنامە بێت.  دیارە ئاساییە کاری ڕۆژنامەکە ڕووبەڕووی هەندێك ئاستەنگ ببێتەوە، وەکو چاودێریەکانی نەمسایی و پرەنسیپەکانی تورکی. بۆیە ئیفیمیریس بڕیاریدا ئەو ڕۆژنامانەی دەچنە دەوڵەتی عوسمانی دەبێت هەندێك هەواڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی تێدا بێت. سەرنووسەرەکانیش کە بەردەوام لەلایەن چاودێرە نەمساییەکانەوە چاودێری  دەکران، نەدەبووایە باس لە ئازادیەکان بکەن، تەنها وتار و باسی ڕووداوە مێژووییەکانی گریکی و شانازیەکانی خۆیان دەکرد. خوێنەرەکانیشیان لە هەواڵەکانی شۆڕشی فرەنسی ئاگادار دەکردەوە، هەندێك جاریش سەرزەنشتی شۆڕشی فرەنسیان دەکرد، ئەمەش بۆ ڕێگەپێدانی بڵاوکردنەوەکان بوو، ئەوان باسیان لە ڕووداوە مەزنەکانی فرەنسا و شۆڕشی فرەنسا و ڕووداوەکانی لە سێدارەدان و هەواڵە سیخوڕییەکانی ئەفسەرە فرەنسیەکان و توندوتیژیەکانی شۆڕشی فرەنسا دەکرد، وانەیان لەسەر ڕژێمی کۆماری و دەستورەکەی و دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی فرەنسا و مافەکانی مرۆڤ، بە خوێندکارەکان دەدا. بەم شێوەیە پەیوەندییەکی مکوم لە نێوان گریکستان و نەمسا و گریکەکانی دەرەوە دروست بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرجەم وڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بڵاو دەبۆوە، ئامرازێکی پەروەردەیی وخەباتی بوو بە شێوەیەکی هوشیارانە کاری دەکرد. بەڵام دەزگا چاودێریەکانی عوسمانی دەسەڵاتیان لە نیازەکانی ڕۆژنامەکە ئاگادار کردەوە کە بۆ شۆڕشی فرەنسی پرۆپاگەندە دەکات.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەوکات نەمسا لە گەڵ فرەنسا حاڵەتی شەڕدا بوو، ڕاپۆرتەکانی پۆلیسی نەمسایی دەڵێن کۆچبەرانی گریکی لێمان بوونەتە ژەهر، بۆیە ڕۆژێك دادێ دەبینین کە ئەم گریکانە بەشداری پیلانێك دەکەن لە دژمان.

له دەرەوەی نەمسا هزرەکانی فرەنسی بە ڕێگایەکی دیکەدا دەگەیشتنە گریکستان، ئەویش ڕێگەی گریکیی تایبەتی بوو، چونکە گریکەکان خۆیان لە ڕێگەی دەریاوانەکانەوە دەیانگواستنەوە، کاتێك کەشتیەکانی گریکەکان لە بەندەرە فرەنسیەکان یا ئەو بەندەرانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوون لەنگەریان دەگرت، لەوێ هەرچی زانیاری و پێویستی ڕاگەیاندن و هەواڵسازی هەبوو لە فرەنسیەکانیان وەردەگرتن، یا لێیان فێردەبوون و دەیانگواستەوە بۆ گریکستان. ئەم هەواڵ و زانیاریانە بوونە فاکتەر و هەوێنی شۆڕشەکەیان، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەکە دەڵێت:

(ئەوان گەنم و شیرنی دەفرۆشن، لەبەرانبەردا دەستەواژەی ئازادی و بیروبڕواکان وەردەگرن).

ئەوەتا هەندێك لەو دەریاوان و خاوەن کەشتیانە دواتر بەشداری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گریکی دەکەن، وەکو (میائولیس)، گریکەکان پرۆپاگەندەکانیان لە گریکستان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، چونکە لەگەڵ وانەکانی خوێندنگا و ڕێنسانسی فکری دەقاودەق هاتنەوە، هەرچەندە هەندێك لەو کەشتیوان و بازرگانانە بە کرێگرتەی سیاسەتمەدارەکان دەرچوون کە لە هەردوو میرنشینەکەی دانوب دەخولانەوە و پرۆپاگەندەیان دەکرد.

ئامرازێکی دیکەیش بۆ گەیاندنی ئەو هزرانە لە ڕێگەی ڕێکخراوە ماسۆنیەکانەوە بوو، لە گریکستان لە ئودیسیا و بوخارێست و پاریس وهەندێك شاری ئەڵمانی چەندین دامەزراوەی ماسۆنی دروستبوون، زۆربەی کۆچبەرە گریکەکانی دەرەوە چوونە ڕیزیانەوە. تێبینی بکەن ئەم ڕێکخراوە ماسۆنیانە لە وڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش هەبوون، لە هەرێمی تسالیا لە شاری ئەمبیلاکیا لە نزیك دۆڵی تامبە لە حەوت دورگەکە. ئەمە هەموو سازیەکانی ماسۆنی بوون، دیارە نابێ ژمارەیان زۆر بێت، ماسۆنیەکان لە گریکستان ڕێگەیان بە گریکەکان دەدا لەسەر بنەمای نەتەوایەتی یەکبگرن وکار بکەن. دیارە نهێنی دامەزراندنی ماسۆنیش هەر بۆ ئەم مەبەستە بووە، دەبا ئەوە بڵێین کە سەرجەم ئەوانەی لە ساڵی ١٨٢١ بەشداریان لە دامەزراندنی کۆمەڵە یا یەکێتیدا کرد هەموویان ماسۆنی بوون .

شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانی سەنتەری بەیەکگەیشتنی سەرجەم ڕێکخراوەکانی چالاکی گریکی بوون . ئەوەی هێزی گریکەکان دەسەلمێنێت ناردنی ئەو شاندانە بوو بۆ پاریس لە هەریەك لە ئەستەنبول و پاریس و لەندەن و میلانۆ، تا داوا لە فەرەنسا بکەن هاوکاری گریکستان بکات، لە بەرانبەریشدا پێشنیاریان بۆ فەرەنسا کرد کە ئەوان دەستبەرداری هەندێك لە دورگەی گریکی دەبن لە دەریای ئیجە بۆ فەرەنسا و پەیمانیش دەدەن کە بازرگانی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا ناکەن جگە لە فەرەنسا. ئەمەی ئەم زانیاریانە پشتڕاست دەکاتەوە ئەو دۆکۆمێنتانەن کە لە ڤیەنا لە ساڵی ١٧٩٧ ەوە پارێزراون کە تیایدا باس لە هەموو ڕووداوەکانی ئەوسەردەم دەکات. ئەوەی هێزی ئەو پرۆپاگەندەیەش دەسەلمێنێت مەترسیەکانی مەترانی قوستەنتینیە بوو، مەتران لایەنگری ڕوسیا بوو چونکە حکومەتی ڕوسی ئەرسەدۆکسی بوو، پەیوەندیشی لەگەڵ فاباریە دەوڵەمەندەکاندا هەبو.، سەرچاوەی مەترسیەکانی ئەوەبوون لە بێ ئاینی فەرەنسیەکان و بوژانەوەی هزری ماسۆنی و دیموکراسی ترسی هەبوو،و کە هەمویان مەترسین بۆ سەر موڵکدارە دەوڵەمەندەکان و بازرگان و ئوروستوکراتە فەناریەکان.

مەتران گریگوری دووەم کە تورکەکان لە ساڵی ١٨٢١ لە سێدارەیان دا، ئاگاداریەکی بۆ مەترانەکان بڵاوکردەوە تیایدا داوای لێکردن هزرەکانی فرەنسی لەناو بەرن. پێش ڕاگەیاندن ئەم ئاگاداریەم لە هەموو بڵاوکراوەکانتانا لە ڕۆژنامە و ناميلكە و تەنانەت لە گۆرانیەکانیشدا بڵاوکەنەوە، خەڵکی لێ ئاگادار بکەنەوە و بۆ ئەستەنبۆلیشی بنێرن، لە قوستەنتینیەش چاپخانەیەکی تایبەتی دامەزراند بۆ لەناو بردنی هزرەکانی فرەنسی و پرۆپاگەندە کردن لە دژیدا.

دواجار لە سەردەمی حکومەتی (دیرکتوار)دا پرۆپاگەندە بۆ هزرەکانی فەرنسی بوو بە ئامرازی کاری سیاسی، حکومەت لایەنگرانی خۆی بۆ هەموو شوێنێك نارد بەتایبەت بۆ هەرێمەکانی دانوب، کونسولخانەی فرەنسی لە بوخارێست بوو بە بنکەی پەخش و بڵاوکردنەوەی هزرەکانی فرەنسی و لەخۆگرتنی چالاکیەکانی، ئەو کونسولە دواتر دەبێتە باڵوێزی فرەنسا لە ئەستەنبول و هاوسەرێکی گریکیش دەهێنێ کە خەڵکی دوورگەی (ناکسوس) بوو.

نمایندەیەکی دیکەی (دیر کتوار) ناوی ساتامانی و گریکی بوو، لە ساڵی ١٧٩٦ وەکو کونسولی فرەنسا لە ئەستەنبوڵ دامەزرا، بەڵام سولتانی عوسمانی وەکو بالوێز قەبووڵی نەکرد بە بیانوی ئەوەی خەڵکی گریکستانە، وەکو ڕاوێژکار قەبووڵی بوو، ئەویش چووە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی فرەنسا لە ئیتالیا بۆ ئەوەی دوا ڕێنماکانی حکومەتی فرەنسی وەرگرێت.

پشتگیری پوناپەرت بۆ دیرکتوار کاریگەری زۆری هەبوو چونکە پۆناپەرت لای ئیتالیەکان بە قارەمان سەیر دەکرا. پێیان وابوو ئەگەر ئەو نەبووایە نەمسایەکان لە ئیتالیا دەرنەدە کران و ئەو ئازادیەش بەدی نەدەهات، ئەی بۆهەمان شت بۆ گریکەکان ناکات؟ ماوەیەکی زۆر بەسەر داگیرکاری کۆماری بندوقیەدا چووە کە بێ ئیرادە و خواستی خۆی گریکستانی داگیرکردووە، ئەوان چەپڵەیان بۆ ڕووخانی بندوقیە لێدا. هەندێك کەس بینییان کە بازراگانێکی گریکی لە ساڵی ١٧٩٧ لە پیشانگایەکی لایبزگ ٣٠٠ وێنەی پۆناپەرتی کڕی تا لە وڵاتی خۆی بڵاویان کاتەوە. دەڵێن وێنەی پۆناپەرت لە گوندەکانیش لەتەك وێنەی ئەیقونە ( مەریەم و هەردوو قەدیسی کەلیسەی گریکی) هەڵدەواسن، وەکو ئامێرێکی ئازادیبەخش سەیری دەکەن. ئەم پڕۆپاگەندانە بوونە هاوکار بۆ داگیرکردنی دوورگەکانی گریکی و کەنارەکانی دالماسیا لەلایەن هێزەکانی فرەنسیەوە.

بەم شێوەیە هەندێك لە ناوچەکانی گریکستان کەوتنە ژێر کاریگەری هزری فرەنسی و تیایاندا سەنتەری هزرەکانی نەتەوی و شۆڕشگێڕی دامەزران، لەو هەرێمانە: دانوب، ماکدونیا، تساليا، ئەبیروس، بیلوبوتیز و دوورگەکانی دەریای ئیجە. ئەوەتا هەموو هەرێم و دورگەکانی گریکی کەوتنە ژێر کاریگەری هزرەکانی فرەنسی لە ساڵەکانی ١٧٩٦ و ١٧٩٧ ناوچەکە بە تەواوەتی گڕی گرتبوو و لە خرۆشاندا بوو. گریکەکان بۆ سروودەکەی خۆیان گەڕانەوە سروودە فرەنسیەکە (لامارسیز) ئەمەش کۆپلەیەکی ئەو سروودەیە کە دەیانوتەوە:

هەستن ڕۆڵەکانی هیلانی

ڕۆژی شانازی گەیشت

بۆئەوەی شایەنی ئەو کەسانە بێت کە ئەم ڕێبازەیان پێ بەخشین

دەبا ئازایانە ستەم وەلا نێین

دژی هەر سووکایەتیەکی نیشتمان ڕاپەڕین

دەست بدەینە چەك و بەرەوپێش ڕۆڵەکانی هیلنی

دەبا خوێنی دوژمنان لە ژێر پێکانمان شەپۆل بدەن

گریکەکان لە دۆخێکدا بوون تەنها چاوەڕوانی سەرکردەیەکیان دەکرد پێشیان کەوێت، لەم میانەیە لە ساڵی ١٧٩٧ ئەم دەرفەتە دەڕەخسێت و دوو سەرکردە دێنە پێش. کاتێکیش فەرەنسا کۆماری بندوقیە داگیردەکات و دوورگەکانی ئەیونیش دەست بەسەردا دەگرێت، بە پێی پەیماننامەی (کمبورفورمیو) ژەنەراڵێکی خەڵکی کورسیکی بۆ دوورگەکان نارد، پۆناپەرت پشتیوانیی لێکرد تا دوورگەکان وەرگرێت و کاروباریان بەڕێوەببات. ئەو کارەی پۆناپەرت بە ژەنەراڵی سپارد ئەوەبوو گریکەکان لە مێژوو و ڕەسەنایەتی خۆیان و دێرینی دیرۆکیان شارەزا و ئاگادار بکاتەوە، بۆ هاوکاری کردنیش ئەرنولی فەرەنسیی کردە یاریدەدەر کە ئەندامی ئەنجوومەنی فەرەنسی بوو، پێی ڕاگەیاند کە بانگەوازە فەرەنسیەکان وەرگێڕێتە سەر زمانی گریکی، ئەم بانگەوازانە پڕ بوون لە یادەوەری کۆن و شانازی و بانگخوازی ئازادی.

بەشێك لەم بانگەوازانە:

(بە هێزی خۆتان ناوی مەزنی گریکی کۆن و شکۆی جاران بۆ گریکستان بگێڕنەوە) یان ( ئەو مافانە فەرەنسا بۆتان دەپارێزێت، فەرەنسای ڕزگارکەری ئیتالیا و دەستە سپیەکان، بەناوی پۆناپەرت و بە ئیرادەی فەرەنسا، دڵنیاتان دەکەمەوە کە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی هەموو گەلانی ئازادین..) .

لە دوورگەکانی ئەیونی زۆر بە ڕێکوپێکی هەواڵ و پرۆپاگەندەکان بڵاو دەبوونەوە، نمایندەکان بۆ هەموو شوێنێك نێردران، بۆ کەنارەکانی ئیتالیا و دوورگەکان و دوو سەنتەری پرۆپاگەندەش لە

(ڕاگوزه و ئەنگونه )کرانەوە، ساتامانیی کۆنە کونسل بە ئەرکی ناردنی بانگەواز و هەواڵەکان بۆ نمایندەکان هەستا.

دەسەڵاتدارانی فەرەنسی لە ڕێگەی تریستاوە پەیوەندیان لەگەڵ گریکستان و نەمسادا هەبوو. گریکەکانیش لە وڵاتی خۆیانەوە لە هەوڵی دروستکردنی ئەو پەیوەندیانەدا بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی فەرەنسی، بۆیە لە ساڵی ١٧٩٧ (زونەت بەگ) نامەیەك بۆ پۆناپەرت دەنێرن بۆ ئەوەی دوورگەی مانیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی کەشتیەکانی فەرەنسیەوە، نامەکەش کاتێك پۆناپەرت لە هێرشەکەی ستیریای نەمسایی دەگەڕێتەوە میلانۆ بەدەستی دەگات.

لەتەك ناپۆلیۆن چەندین هاوڕێی دڵسۆز هەبوون بۆ کێشەی گریکستان، وەکو ( مەدام جۆنۆ ) کە دواتر دەبێتە شازادەی (ئیرانتس) خۆی خەڵکی گریکستان بوو، گوایە دەگەڕێتەوە سەر خانەوادەی ئیمپراتۆرە قوستەنتینیەکان.

بۆ وەڵامدانەوەی نامەکەی (زونەت بەگ) ناپۆلیۆن و دیرکتوار کە پزیشکێکی ڕووەکی بوو خەڵکی کورسیکا بوو، لە گوندێکی بچووکی ئەوێ بوو بە ناوی (کارجیز)، ئەوکات لە گریکستان دادەنیشت پزیشکەکە ناوی ( تیمو ستیفا نوبولی) بوو، ناپۆلیۆن ئەرکی گەیاندنی نامەکەی پێ سپارد. لە نامەکەدا ناپۆلیۆن ڕێز و ستایشی خۆی بۆ (زونەت بەگ) دەربڕی و سوپاسی هەڵوێستی ئەو و خەڵکی دوورگەی مانیای بچووك و قارەمانی کرد، لە ستایشەکەدا دەڵێت:

(خەڵکی قارەمانی دوورگەی مانیا کە خەڵکی ڕەسەنی گریکین خۆیان دەزانن چۆن ئازادی وەدەست دێنن. مانیەکانیش لە نەوەکانی ئەسبارتەن).

ستیفانوبولی و زونەت بەگ بەرنامەیەکیان بۆ مانگرتنێکی نەتەویی بەرفراوان داڕشت، بۆ ئەم مانگرتنە بانگی سەرکردەکانی دیکەشیان کرد، ئەوانەی لە ئەسینا و کریت وماکدۆنیا و ناوەڕاستی گریکستانەوە هاتبوونە مایونیا. ئەنجوومەنی سەرکردەکان بیرۆکەی شۆڕشێکی مەزنیان قەبووڵکرد، بەو مەرجەی فەرەنسا بە هێزێکی شەش هەزارکەسی هاوکاریان بکات بە سەرۆکایەتی

ژەنەراڵ ناپۆلیۆن خۆی و چەك و تەقەمەنیی فرەنسا، کاتێکیش داگیرکاری فرەنسا بۆ گریکستان جێگیر دەبێت ئەوکات فەرماندە گریکیەکان دوو مەرجیان دەبن:

١/ ڕێز لە ژنەکانیان بگرن.

ب/ چەکەکانیان لەدەستدا بمێنێت، دیارە لە ساڵی ١٧٩٧ گریکەکان لەو بڕوایەدا بوون کە لە ئامادەباشیدان تا بە هاوکاری فرەنسا وڵاتەکەیان ئازاد بکەن.

ئەم پیلانە نیشتمانییە هەمان ساڵ فەرماندەیەکی گریکیی دۆزیەوە خەڵکی تسلیا بوو بەناوی (ریگاس فیلیستینایس) واتە خەڵکی شاری فیلیستینو بوو.

ئەو خەسڵەتانەی لە کەسایەتی ڕیگاس دا هەبوون هەمان ئەو خەسلەتانە بوون کە لە کەسایەتی هەموو شۆڕشگێڕە گریکیەکاندا هەبوون، دواتریش لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازیەکەدا سەریهەڵدا، لە ساڵی ١٧٧٥ لە تسالیا لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیری بازرگان لە دایك بووە. هەرێمی تسالیاو شاری فیلیستینو سەنتەری ڕۆشنفکری هزروانانی گریکی بوون، لە شارەکانی زاگورا و ئەمبیلاکا کتێبخانەی مەزن هەبوون، ڕیگاس ژیانی بە پیشەی مامۆستایەتی دەست پێدەکات، بەڵام بەهۆی ڕووداوێکەوە کە نازانم بە تەواوەتی چی و چۆن بووە لەگەڵ کەسێکی تورك تووشی دەمەقاڵە دەبێت و کوشتنیشی لێ دەکەوێتەوە، بەهۆیەوە لە تەمەنی ١٧ ساڵیەوە ڕیگاس ڕوو لە چیاو چۆڵەکان دەکات، دواتر دەچێتە قوستەنتینیە و لە گەڕەکی فەناری دەژی. لە ماڵی یبسیلانتی دەبێتە بەخێوکەری منداڵی هوسبوردیەکان. لەم دۆخە ئاوێرتە فێری زمانەکانی فرەنسی، ئەڵمانی، ئەفلاقی(فلاشی) واتە ڕۆمانی دەبێت.

کاتێکیش یبسیلانتی بە هوسبودار لە رۆمانیا وەکو ڕاگری نهێنیەکان دادەمەزرێت، لەگەڵ خۆیدا دەیبات، لە بوخاریست ڕیگاس تێکەل بە دەوروبەرێکی ڕۆشنبیر دەبێت و لە بواری یاسای جیهانیدا شارەزایی پەیدا دەکات. لەم نێوەندە ڕۆشنبیریە سیاسیەدا پێدەگات. لەگەڵ یبسیلانتی لەو پیلانەدا بەشدار بوو کە لە ساڵی ١٧٨٥ خانەوادەی یبسیلانتی ئەنجامیاندا، بەڵام ئەو بە زیندوویی مایەوە، پەیوەندیی لەگەڵ زانای زمانەوان (فانتوتیسی) هەبوو، لە مولدافیا کە

شوێنەواری ئەگریکیەکانی بڵاوکردبوونەوە، فەرهەنگێکی دانابوو و چاودێری بلاوکراوە گریکییەکانیشی دەکرد کەلە کتێبخانەی باومیاسر لە ڤیەنا بڵاودەکرانەوە.

ڕیگاس وەکو ڕاگری نهێنی لای فیناریەکی دیکەش کاریکرد ئەویش ( مافروبنی) بوو، ئەم جیاوازیی هزریی هەبوو لەگەڵ خانەوادەی یبسیلانتی چونکە کاری بۆ تورکەکان دەکرد. وا پێدەچێت ڕیگاس بە کوشتنی مافروبنی زۆر تێکدەچێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ ڕوسەکان کوژرابوو، ئەگەر پاشای تورك باسفان ئوغلو نەبووایە ڕیگاس کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنا. دوای نەمانی مافروینی ڕیگاس لە بوخارێست دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەدیب و گەورەپیاوانی دەولەمەندی گریکی لە هەرێمەکانی دانوب هاتوچۆ و پەیوەندی پەیدا دەکات.

لە ساڵی ١٧٩٤ چەند سەردانێکی بۆ ڤیەننا کرد و خۆی بۆ توێژینەوە ئەدەبی و فەلسەفی وسیاسیەکان تەرخانکرد. لە ساڵی ١٧٩٠ دوو کتێبی دەرکرد بەناوەکانی: (خوێندنگەی ئاشقە نیانەکان) کە درامایەکی بچووك بوو. دووەمیان کورتکراوەیەکی زانستی بوو بەناوی(ڕەگەزەکانی فیزیك) بە زمانی گریکی ئاسانکاریی خستە ناو وانەی فیزیکی فەرەنسی و ئەڵمانیەوە.

ئەوەندەی لە ژیانی ڕیگاس بزانین هێشتا کەمی لێ دەزانین، بەڵام وێنەیەکی دیاری کەسایەتیی نیشان دەدەین. ڕوناکبیرێکی مەزن و نیشتمان پەروەرێکی بێ گەرد بوو، لەتەك هەموو ڕداوەکانی فەناریی گریکی و هەرێمەکانی دانوبی نەمساییدا بوو، کاتێکیش بیردۆزە فرەنسیەکان دەردەکەون کاردەکەنە سەر هزرەکانی دیموکراسی و نەتەویی، بۆیە هەر لەسەرەتاوە دەچێتە ڕیزی ئەو بزوتنەوە ئازادیخوازانەی لە فرەنسا دروستدەبن، لە ساڵی ١٧٩٢ پەیوەندی بەو گریکیانەوە دەکات کە هەڵگری هزرەکانی فرەنسین و لە هەندەران بەدوای پرۆپاگەندە بۆ هزرەکانی دیموکراسیی فرەنسی ئەم وڵات و ئەو وڵات دەکەن. پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ کۆنسولی فرەنسی پەیدا دەکات، بەتایبەتی ساناماتی، زۆر هەواداری پۆناپەرت دەبێت بۆیە دیاریەکی بۆ دەنێرێت کە بریتی دەبێت لە قوتویەکی جگەرەی بەرهەمهێنراو لە دۆڵی تامبە، بەڵام وەکو زاندرا ئەو دیاریە نەگەیشتە دەست پۆناپەرت، دواتر ڕیگاس لەگەل دونیای ئەدەب و هەموو ئەوکەسانەی بایەخ بە هزری دیموکراسی دەدەن تێکەڵاو بوو، لەم ڕێگەیەوە ناوبانگ دەردەکات.

ڕیگاس خاوەن ئیرادەیەکی سەقامگیر بوو مەبەستی بوو هەموو گریکستان ڕزگار بکات، بەڵام سەرەتا لە ڕووی سیاسیەوە، لە ساڵی ١٧٩٠ دەنووسێت:

( من لە پێناو خۆشەویستیمدا بۆ گریکستان بە گریان نەوەستام، بەڵکو مەبەستمە بە ئامرازی تایبەتی خۆم هاوکاریی بکەم) ئەوەی گرنگە ڕیگاس لە نووسین و ڕاگەیاندنەکانیدا بە زمان و شێوازی گەلەریی دەنووسی، جارێکی تر دەنووسێت:

( گەل هەست بەو کەسانە ناکات کە لە سەر سوودەکانی دەنووسن، تەنها ئەگەر بەو زمانە بنووسن کە لە بێشکەوە دەیناسن) ئەو کات زمانی هیلانی زمانێکی هەرێمی بوو دواتر دەبێتە زمانی ئەدەب وشوێنەواری ئەو سەردەم، لە پێناو هوشیارکردنەوەی گەلی گریکی بۆ خۆشەویستی نیشتمان ڕیگاس کتێبی باوکە (بارتلمی) بەناوی ( گەشتی ئەنا خارسیسی گەنج)ی لە ساڵی ١٧٧٩ وەرگێڕایە سەر زمانی هیلینی. بۆ ڕیگاس کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم لە فرەنساو ئەوروپا سەرکەوتنێکی مەزن بوو.

لەم وەرگێڕانەدا ڕیگاس تێبینی و ئامۆژگاریەکانی خۆی بۆ نەوەی گریکی زیادکردن و کردنی بە ڕێنمای پەروەردە و فێرکردن بە هاوپێچ لە گەڵ کتێبە وەرگێڕدراوەکاندا چاپی کردن، چەندین بەڵگەو دۆکۆمێنتی مێژوویی کە وێنەی دونیای هیلینیی دەکێشا و دێرینی و مێژوویی ئەم گەلەی نیشاندەدا، ئەلبومێکی وێنەی لەگەڵدا بوو لە ١٢ بەرپەڕ پێکهاتبوو کە پڕواتا و زانستیانە بوون، تیایدا وێنەی هیلینیی بێزەنتیی لەگەڵدا بوو کە کەنارەکانی ئاسیای بچووکی دەگرتەوە لەگەڵ بەشی کشوەریی بەلکان.

ڕیگاس هەرکارێکی بۆ بڕەخسابایە بۆی دەچوو، پڕۆژەکانی پۆناپەرت لە ئیتالیا و پڕۆپاگەندەکانی دیکتوار لە ڕۆژهەڵات کاری تێدا کردبوون، لە ساڵەکانی ١٧٩٦و ١٧٩٧ کە بۆ ئەو بە ساڵی هەڵمەتی پرۆپاگەندە سیاسیەکان دێتە ئەژمار، چەندین نامیلکەی بەرهەمهێنا و لە ڤیەننا بە نهێنی بڵاویکردنەوە، لە ئابی ١٧٩٧ سەردانی ڤیەنا دەکات، بەهۆیەوە کونسولی نەمسا لە بۆخاریست ئاگاداری حکومەتەکەی دەکاتەوە کە ڕیگاس لە ڤیەننایە و لەوپەیوەندیانەی ئاگادار

کردنەوە کە لەگەڵ نمایندەکانی شۆڕشی فرەنسی هەیەتی، بە گەیشتنی بۆ ڤیەننا چەندین گەنج و کۆچبەری لە خۆ کۆکردەوە بۆ پیلانگێران، کۆبوونەوەیەکی بەو هەوادارانە کرد، بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری لە دەوڵەمەندەکان هەموو ڤیەننا گەڕا، ڕۆژنامەی (ئیفیمیریس ) کە دەساڵ لەوەو بەر دامەزرابوو ببووە ئامرازی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئەو بزوتنەوەیە. ئەو بیرۆکانەی ئەو ڕۆژنامەیە بڵاویدەکردنەوە گەلێك مەترسیدار بوون، بۆیە کونسولی نەمسا لە بۆخارێست بەم هەواڵە ترسناکانە حکومەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە. ڕیگاس لەگەڵ بولیوس کیدیس خاوەنی ڕۆژنامەکە بە نهێنی ڕێکدەکەون لەسەر بە چاپگەیاندنی نامیلکەیەکی شۆڕشگێری و دەستوری گریکستان و سرودی جەنگ بەناوی(توریوس).

ڕیگاس دەستورێکی بۆ گریکستان ئامادەکرد بۆ ئەو کاتەی شۆڕش هەڵدەگیرسێت، دەستورەکە لە ٣٥ برگەو ١١٤ ماددە پێکهاتبوو، ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی گریکستان بوو لە بەڵکان، کە گریکستان و بەشێك لە کشوەری بەڵکان واتە بولگاریا و مەکدۆنیا و باشوری سربیای ئێستا بگرێتەوە، تیایدا یەکسانی بۆ سەرجەم پێکهاتە ئەتنی و ئاینیەکان دەخواست، ئەم دەستورە بۆ سەرجەم پێکهاتە ئەتنیەکانی دیکەش وەکو سلافی و تورك بوو، ئەمەش لە دەستوری فرەنسیی ساڵی ١٧٩٣ سەرچاوەی گرتبوو کە ساڵی سێیەمی شۆڕش بۆی دانرابوو. بەپێی ئەم دەستورە لە سەرووی دەسەڵاتەکانی هیلینی دیرکتوارێك دەبێ لە پێنج ئەندام پێکدێت و دەسەڵاتەکانیش هی گەل بن کە بە هەڵبژاردن نوێنەری خۆیان دیاری بکەن.

لە ڕووی جوگرافیشەوە ئەم دەوڵەتە گریکستان و بەڵکان وئاسیای بچووکی دەگرتەوە، تاکە سوودیش کە گریکستان لێی دەبینی، زمانەکەی دەبووە زمانی فەرمی وڵات، کەواتە لەم دەستورەدا دوو شت دەبینین:

١/ کەلتووری ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی کە لە گریکستان پێی دەوترێت (بیرۆکە مەزنەکە).

٢/ لەخۆ گرتنی هزرەکانی فرەسنی

سروودی جەنگ کە توریوس ی پێدەوترا لەگەڵ دەستوردا بوو کردی بە ئامرازێکی سەرەکیی پرۆپاگەندەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوی و شۆڕشگێڕی بەتایبەتی لە نێو چینە نەخوێندەوارەکاندا، ئەوانە لە ڕێگەی نامیلکەوە هەواڵ و ڕیکلامەکانیان پێناگات، ئەم سرووده لە ١٢٦ دێڕ پێکهاتوە تیایدا ڕیگاس باس لە کۆیلایەتی و بەرگریکردنی دژ بە تورکەکان دەکات، لە دوو دێڕیدا دەڵێت:

(یەك کاتژمێر بە ئازادی باشترە لە چل ساڵ لە زیندان و کۆیلایەتی) لەو سرووده‌دا داوا لە سەرجەم گریکەکان دەکات تەنانەت ئەوانەی لەدەرەوەش دەژین خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا بکەن، دەڵێت:

(ماندوبوون لە پێناو نیشتمان باشترە لە هەڵواسینی لوولەی زێر بە شمشێرێك کە خزمەتی دوژمنی پێ بکەی) هەر لەم سرووده‌دا داوا لە ستەملێکراوانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و سلافیەکانی بەڵکان و تەنانەت (باسفان ئوغلو) ی پادشای شاری (فیدین) یش دەکات کە لەوپەڕی ڕۆژئاوای ڕۆمانیا بوو دژی سوڵتان ڕاپەڕی، دەڵێت:

(سوێند بە خوا بخۆن و دژی ستەم ڕاپەرن)، سرووده‌کەی ڕیگاس لەمە زیاتر باس ناکات کە بانگخوازە سلافی و تورك و موسوڵمان و ئەرسەدۆکسەکان دەیکەن ئەگەر پێویست بکات بانگی کاسۆلیکەکانیش دەکات، دواجار داوا لە هەموویان دەکات لە پێناو ڕزگارکردنی گریکستان یەکگرن.

ئەم پیلانگێڕانە لە سەرووی هەموویانەوە ڕیگاس هەوڵیان دا بە هەر ڕێگەیەك بێت پەیوەندی بە فرەنسیەکانەوە بکەن، بۆ ئەم مەبەستە ڕیگاس لە ڕێگەی بازرگانێکی خەڵکی (بال) نامەیەك بۆ پۆناپەرت دەنێرێت کە لە بارەگای فەرماندەیی بوو لە ئیتالیا، بەڵام وا پێدەچێت ئەم نامانە نەگەنە دەستی، دواتر نامە بۆ سیس و بارتلمی دەنێرێت کە کوڕی باوکە بارتملی بوو خاوەنی کتێبی ( گەشتی گەنجێك بۆ ئانا خارسیس) بەڕێوەبەر بوو لە حکومەتی دیکتوار، دواتر جان مافروینی کە برازای هوسبوداری پێشوو بوو دەینێرێتە پاریس لە ئەیلولی ساڵی ١٧٩٧ بۆئەوەی پەیوەندی بە

(دولا کروا)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنساوە بکات، ئەم بە فرانکفۆرتدا تێدەپەڕێت دیارە ئەویش سەنتەری پرۆپاگەندەکانی هیلینی و ماسۆنی بوو، دوو مانگ لەوێ دەمێنێتەوە لەو ماوەیەدا هەندێك ڕووداو دێنە پێش بەهۆیانەوە ئاراستەی کارەکان دەگۆڕدرێن.

ڕیگاس خۆی لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٧٩٧ ڤیەننا بەرەوتریستا جێدەهێڵێت، مەبەستی بوو لەوێوە خۆی بگەیەنێتە گریکستان تا بە پیلانگێڕەکانی دیکە بگات و هانی ئاژاوەنانەوە بدات، دیارە ڕیگاس بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەی هەر پشتی بە هاوکاریەکانی فەرەنسی بەستوو.

بەڵام ئەم هەوڵانە و هەوڵەکانی دیکەش بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش و ئازاد کردنی گریکستان بەفیڕۆ دەچن، کاتێك ستیفانۆ بولی تەتەری پەیوەندیەکانی نێوان بەگ و فەرەنسیەکان بەو بەڵگە و دۆکۆمێنتانەوە دەگەڕێتەوە پاریس کە لە لاکونیای وەدەستی هێنابوو، کاتێك دەگاتە ئەوێ دەبینێ سیاسەتەکانی فەرەنسا لەمەڕ پرسی گریکستان گۆڕدراون، ناپۆلیۆن نایەوێت ببێتە سەرلەشکری ڕزگارکردنی ڕۆژهەلات چونکە ئەم بەرنامەیەکی دیکەی لە مێشکدا بوو. بەم جۆرە دیکتوار ناتوانێت هاوکاری گریکەکان بکات، بۆیە پرۆژەی ٦٠٠٠ سەربازی فەرەنسی وەکو مەرجی هەڵگیرسانی شۆڕش هەرەس دەهێنێت و لە ساڵی ١٧٩٨ جگە لە چەند ڕووداو یا شۆڕشی بچووك هیچی دیکە ڕوونادەن و لەوکاتەدا هەواڵی مردنی ڕیگاس بڵاودەبێتەوە.

ڕیگاس هەروەکو پێشتر باسمان کرد لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٧٩٧ ڤیەننا جێدەهێڵێت و لە دەی مانگ دەگاتە تریستا، پێشتریش چەند نامەیەك دەنووسێت و وەکو ڕێنمایی بۆ شارەکانی گریکستان و دەوروبەری دەنێرێت. بۆ بەدبەختی ئەم نامانە دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەکەونە دەست دەسەڵاتدارانی نەمسا، ئەو شەوەی ڕیگاس دەگاتە تریستا دەستگیر دەکرێت. بە دەست بەسەرداگرتنی ئەم دۆکۆمێنت و دەستور و سروود و نامانە هیچ گومانێك لە ئامانجی دەستگیرکراوەکان نەما و بوونە یارمەتیدەر بۆ لێکۆڵینەوە لە بیست گومانلێکراو کە هەشتیان لە کۆچبەرانی تورك بوون.

ئەو کات نەمسا بۆ چارەسەری هەندێك کێشە لەگەڵ تورکیا لە دانوستاندا بوو، یەکێك لەو کێشانە ئەوەبوو نەمسا داوای ئەو پۆڵۆنیانەی لە تورکیا دەکرد کە پەنایان بۆ ئەوێ بردووە، هەروەها سەبارەت بە کەشتیە بازرگانیەکانی بندوقیەی کۆن کە بە پێی پەیماننامەی (کامبو-فورمیو) بوونەتە موڵکی نەمسا و هێشتا مۆڵەتی کارکردنیان لە دەسەڵاتی عوسمانیەکان پێنەدراوە، بەم شێوەیە ئەم ئاڵوگۆڕیە کرا لە بەرانبەر دەستهەڵگرتن لە هاوکاری گریکەکان، دەسەڵاتی عوسمانی پۆڵۆنیەکان ڕادەست بکاتەوە و ڕێگە بە کەشتیە بازرگانیەکان بدات، لە بەرانبەریشدا حکومەتی نەمسا ڕیگاس و ژمارەیەك لە پەنابەری تورك کە زیندانی کرابوون ڕادەستی تورکیا بکاتەوە. دوای ڕادەستکردنی زیندانیەکان لە بەلگراد لە ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٨ لە سێدارە دران. دیارە پاش ئەوەی پیلانەکان لە پۆلیسی نەمسا ئاشکرا دەبن، ئەوانیش هوشیار دەبنەوە و سانسۆری زیاتر دەخەنە سەر چالاکیەکان، لەوانە داخستنی ڕۆژنامەی (ئیفیمیریس) و دەستبەسەرداگرتنی چاپەمەنیەکەی.

دواتر فەرەنسیەکان خۆیان لە هەڵوێستێکی هەستیاردا بینیەوە، چونکە سیاسەتەکانی ئەوان بوو دۆخی جەنگی هێنایە پێش. ئیتالیا بە سوپای دیرکتوارەوە ون دەبێت، پادشای تورکی (علی تبلین) دەست بەسەر سێ قەڵای ئیونی لە کەنارەکانی دلماسیادا دەگرێت، کەشتیگەلی ڕوسی و تورکیش لە ئاداری ساڵی ١٧٩٩ لە بەرانبەر کورفو دەوەستن و نەجیبزادەکانی کورفوش پێشوازیان لێدەکەن و دەچنە ڕیزیانەوە. بەهۆیەوە سەربازگەی فەرەنسی ناچار دەبێت خۆی ڕادەست بکات، بۆیە چاوەڕوانی هیچ هاوکاریەك لە فەرەنسا ناکرێت.

دوورگەکانی ئەیونی وەکو کۆمارێکی سەربەخۆ بۆ تورکیا دەگەڕێنەوە، بەڵام ڕوسیا داگیریان دەکات، دەستورێکی ئوروستوکراتیان بەو دوورگانەدا بە پشتگیری نەجیبزادەکانی لایەنگرانی تورك و ڕوس بۆ تا ڕکابەری لایەنگرانی دیموکراتخوازە فەرەنسیەکان بکەن.

بەم شێوەیە خەونی گریکەکان، ئەوانەی لە ڕێگەی ڕیگاس یا پیلانەکانی مانیا بە هاوکاریەکانی فەرەنسی لەناو دەچن. ئەوەی لەم میانەیەدا ماوە ئەو داستانە شۆڕشگێڕیە بوو کە ڕیگاس تۆماریکرد و لە مێشکی نەوەکانی داهاتوودا مانەوە و ڕۆژانە دەیڵێنەوە:

(من تۆوەکەم کرد، ڕۆژێکیش دادێ وڵاتەکەم بەرهەمی ماندووبوونەکەم دەچنێتەوە). ڕیگاس بووە شەهید و قارەمانێکی نیشتمانپەروەر و سومبولی سەربەخۆیی. لە ساڵی ١٨٠٦ پزیشکێکی گریکی بەناوی (کولیتیس) نامیلکەیەك دەردەکات تیایدا دەنوسێت: (ڕۆژێك دادێ پێگەیەکی مەزنی لە شۆڕشی گریکیی داهاتوودا دەبێت)،مەبەستی ڕیگاسە. سروودی نیشتمانیی گریکی کە بەناوی (توریوس) ناسرابوو لە سەرتاپای وڵاتدا بڵاوبۆوە، خەڵکی پێ جۆش دەدرا و سۆزی نەتەوایەتی پێ دەوروژا. ئەم سرووده تا ساڵەکانی ١٨٣١ مایەوە. گەشتیار و کۆچبەران دەیانگێڕایەوە کە کاتێك دانیشتووانی ئەوێ گوێبیستی ئەم سرووده دەبوون بۆی دەگریان.

بە دڵنیاییەوە کاری ڕیگاس و هاوەڵانی کارێکی پێشوەخت بوو، بەڵام هزری نەتەوی بەم تەوژمانە نەکوژایەوە، خوێندگا و بزوتنەوەکان بەردەوامییان هەبوو، لە بوخارێست لە ساڵی ١٨١٠ خوێندگایەکی دواناوەندی گریکی و کۆمەڵەی دۆستانی ئەدەب کرایەوە، لە ڤیەنناش ئەدیبە گریکیەکان بە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەی سیاسی ڕێگەپێدراو نەبوو، ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیان دەرکرد. یەکەم ژمارەی لە ١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٨١١ دەرکرا، مانگیی دوو ژمارەی لێ دەردەچوو، سەرنووسەرەکەی زانایەك بوو بەناوی (ئەنتیم گراسیس)، وەکو کۆبەندێکی زانستی و ئەدەبیی گریکی بوو بۆ سەرجەم خوێندگاکان دەنێردرا، ماوەی سێ ساڵ زۆر بە پەرۆشەوە ئەم ڕۆژنامەیە دەخوێندرایەوە. لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەیەکی دیکە بە ناوی (بروسکی هلینی) لە ٢ی تەموزی ساڵی ١٨١١ دەرچوو بە پاشکۆیەکی ئەدەبیەوە، پێشتر هەفتانە بوو لە ١٨١٢ بوو بە ڕۆژانە. هەروەها کاتی داگیرکردنی دوورگەکانی ئەیونی لەلایەن فرەنساوە ڕۆژنامەیەك بەزمانی ئیتالی بەناوی (دوورگەکانی ئەیونیی ئازاد) دەردەچێت، مانگی جارێك بە زمانی گریکی کورت دەکرایەوە.

ئەم ڕۆژنامانە کە لە کشوەری ئیمپراتۆر دەردەچوون لە داهاتوودا ڕۆژنامەی دیکەیان لێ دەبێتەوە، ئەم بزوتنەوە نەتەویە بە بزوتنەوەی سەربەخۆیی دەبەستنەوە:

لە ساڵی ١٨١٩ لە ڤیەننا ڕۆژنامەیەك بە ناوی (کالیوبی) دەردەچێت. لە پاریسیش لە ١٨١٩ ڕۆژنامەیەك بە ناوی (میلیسا) واتە مێش هەنگوین دەردەچێت، بە دەرچوونی ڕۆژنامە لە پاریس و ڤیەننا پەیوەندیەکیان لە نێوان هەردوو بزوتنەوەی نەتەوی و ئازادیدا دروستکرد. ئێستا وای

دەبینین کە بزوتنەوەی گریکی گواسترایەوە دەرەوەی وڵات، بەڵام گریکستان پەیوەندیەکانی لەگەڵ هاووڵاتیە کۆچبەرەکانیدا نەپچڕابوو، ئەوەی لە دەرەوە کاری بۆ دەکرا لە ناوەوە جێبەجێدەکرا، لە ناوخۆش گریکەکان گوێیان لە هەواڵی وڵات دانەخستبوو، بزوتنەوە نەتەویەکە ئێستا لە فێرکردن و ڕاهێنان و هوشیارکردنەوە باش تێدەگات، کە ئەمانە پێویستە بەر لە کاری سیاسی ئەنجام بدرێن. لێرەوە گواستنەوەی کارەکان لە ڕۆحانیەوە بۆ کاری شۆڕشگێڕی دەستپێدەکات، بۆیە لەم قۆناغەدا کاری شۆڕشگێڕی وەستێندرا و بۆ کاتێکی نادیار هەڵگیراوە.

**کوریە**

ئەو کەسەی ئەم جۆرە خەباتە لە گیانیدا بەرجەستە بووە، زانایەکی هلینی بەناوی (ئادامانتیوس کوریە)ی نوێنەری هلینیەکان بوو. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی فرەنسی، پیاوێکی دڵسۆز و زانایەکی خەڵکی گریکستان و دوورگەی (کیو) بوو، لە کەشوهەوایەکی ئەدەبی و فکریدا لەوێ گەورە ببوو. لەو دوورگەیە کتێبخانەی مەزن هەن، باپیرەی لەگەڵ ئەوەی لە چینی بازرگانەکان بووە بەڵام خووی بە کتێبەوە گرتبوو، باوکی لە ئەزمیر بازرگان بوو، لەوێ لە ساڵی ١٧٤٨ ئادامانتیوس لە دایك دەبێت، هەرچەندە خۆی گریکی بوو بەڵام بە فەرهەنگ ئەوروپی بووە، باوکی بۆ فێربوونی بازرگانی ناردبوویە ئەوروپا، لە ئەمستردام لە بواری بازرگانی و بانکەکان دەخوێنێت، چەند ساڵێك لە هوڵەندا دەمێنێتەوە دواتر لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بە ڤیەننا و تریستا و بوندقیەدا تێدەپەڕێت، ماوەی دوو ساڵێك دوور لە ئەزمیر لێیان دەمێنێتەوە، لە ساڵی ١٧٨٢ دەچێتە مونبلیە لە فرەنسا تا ١٧٨٨ لەوێ دەمێنێتەوە و لە بواری پزیشکیدا دەخوێنێت، لە وێشەوە بەرەو پاریس کۆچ دەکات کە پێی دەگوت (ئەسینای نوێ)، ئیتر لە پاریس دەمێنێتەوە تا شۆڕشی فرەنسی دەست پێدەکات. کوریە سۆزی بۆ هزرە نوێکان دەچێت بەڵام لەو کات بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی گریکەکان بووە، کاتێکیش ناپۆلیۆن بە کودەتای برومیر دەسەڵات دەگرێتە دەست ئەم ڕقی لەو ستەمە دەبێتەوە.

له ساڵی ١٧٩٨ كاتێك ڕیگاس له سێداره دەدرێت، كوریه نامەیەكی بچووك بڵاودەكاتەوه، تیایدا ناڕەزایی بەرانبەر هەڵوێستی نەمسا دەردەبڕێت كه ڕیگاسی ڕادەستی توركیا كردۆتەوه، لەو نامەیەدا داوای شۆڕشی له گریكەكان كردووه. له نامەیەكی دیكەیدا باسی دۆخی گریكستانی كردووه، شارستانێتی گریكستان و مەزنێتیی لەو سەردەمەدا. ئەو نامەیه له ١٨٠٣ درایه ئەنجوومەنی زانستی كه پێی دەوترا ئەنجوومەنی پاوانی مرۆڤ. ئەم شۆڕشگێڕەی كوریه درێژەی نابێت به هۆی ئەوەی ڕوو له كارێكی مەزنتر و قووڵتر دەكات ئەویش كاریگەریە هزریەكانی بوو.

له ڕاستیدا كوریه بوو زمانی گریكی نوێی كرده زمانی ئەدەبی و شارستانێتی، واته ئەم ئەو چەكەی به وڵاتەكەی بەخشی كه پێشتر كەس پێی نەبەخشیبوو، چەكی زمان و هەستی ئەدەبی، ئەمەش به وەرگێڕانی چەند كتێبێك له بواری پزیشكی و ئینگلیزی و ئەڵمانی، ئەو كتێبەی ناوبانگی پێ دەركرد ناوی ( تاوان وسزاكانی) بوو له ١٨٠٢ . هەر لەوكاتەی ئەو كتێبه زانستی و مافپەروەریانەی وەردەگێڕایه سەر زمانی گریكی، لەهەمان كاتدا بەرهەمی نووسەره گریكییەكانیشی بڵاودەكردەوه، وەكو بەرهەمەكانی (ستاربون) له ١٧٩٩و هیوفراست ودكتۆر هیبوكرات و ڕۆماننووس لونوگراس و مێژوونووس و ئەدیب بلوتارك و ...هتد. له ساڵی ١٨٠٧ كتێبخانەی گریكیی دامەزراند، كه بەرهەمی نووسەره گریكییه بەناوبانگه كۆنەكانی تێدابوو، لەم كارەی بەردەوام بوو تا مردنی له تەمەنی ٨٥ ساڵیدا له ١٨٣٣.

له كاریگەریەكانی كوریه ئەوەبوو كه ئەوروپا به هزرەكانی گریكی بناسێنێ، ئەو یەكەم كەس بوو بزوتنەوەی (خۆشەویستانی هلینی)ی دامەزراند، بەڕاستی نەتەوەی گریكی هەستی به بوونی خۆی كرد و هوشیار بۆوه، ڕۆحی گریكستان له دەرەوه و جەستەیەكی دەستەوەستان له ناوەوه له ژێر دەسەڵاتی توركیدا، ئەم ڕزگاریەش نایەته دی تا ئەو دوو بزوتنەوەیه یەك نەگرن وله بزوتنەوه و كۆمەڵەی نهێنیدا كاری سیاسی و شۆڕشگێڕی ئەنجام نەدەن. ئەوەتا له ساڵی ١٨٢١ یەكەم بەرهەمی ئەو بزوتنەوەیه شۆڕشەكەی دەبێت، بەڵام له ساڵەكانی دوایی سەدەی هەژدەهەمدا لەباردەچێت، ئەم لەبارچوونەش نابێته ڕێگر لەبەر دەم خەسڵەتی نەتەوایەتی.

**ئێرلەند**

ئەگەر شۆڕشی فرەنسی بۆ گریکستان دەرفەتێك بێت تا بوونی خۆی بسەلمێنێت و تیایدا ئامانجە نەتەویەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەوا لە هەندێك شوێن بە پێچەوانە دەبێت، وەك لە ئێرلەندا.

شۆڕشی فرەنسی ئێرلەندیەکانی خرۆشاند و بە هۆی هەڵەکانیانەوە بەسەر دوو بەشدا دابەشبوون، دواتر هەڵگیرسانی شۆڕش لە ئینگلتەرا دۆخەکەی لە بزوتنەوەکانی ئێرلەندا هەستیارتر و مەترسیدارتر کرد، بەهۆیەوە ئامادەباشی زۆرتر وەرگیران.

بەر لە شۆڕش یا لە ساڵی ١٧٨٢ واتە لەو کاتەی سەربەخۆیی یاسادانانی پەرلەمانی دبلنی سەرفراز کرد، لە نێوان ساڵەکانی ١٧٨٢تا ١٧٩٠ ئومێدێك بۆ چاکبوون هەبوو، سیماکانیش لە چاکبوونی باری ئابوریەوە دەرکەوتن، کاتێك بواری ناردنە دەرەوەی گەنم و بوژانەوەی کشتوکاڵ ڕەخسان بوونە مایەی پێشوەچوونی پیشەسازیی قوماش. ئەمە مشتێکە لە خەرمانێك، چونکە حکومەتی ئینگلیز دەرگای بە ڕووی داواکاریەکانی ئێرلەندادا داخستبوو، لە ١٧٨٥ پڕۆژەیەکیان پێشکەش کرد کە دەکرا ببێتە مایەی ئازادی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان و دانانی یاسای نوێی ئابوری. پیشەساز کارانی ئینگلیز پێیان خۆش بوو کرێدەستی کۆچبەرانی ئێرلەندی هەرزان بێت بۆ ئەوەی باری ئابوری خۆیان باشتر بێت، هیچ یاسایەکیان لەو سیستەمە نەگۆڕی تا باری قورسی جووتیاران سووك بکات. لەگەڵ بەردەوامی قەیرانی ئابوریی وڵات دەبینین گروپی (کوڕە سپیەکان) دەردەکەونەوە کە لەسەر دەستی پەرلەمانی ئێرلەندی ئازار و ستەمێکی وایان پێ گەیشتبوو بە ڕادەیەك لە سەر دەستی پەرلەمانی ئنگلیزی ئەمەیان نەدیبوو.

لەو چاکسازیانەی لە ئێرلەندا ئەنجامدران، جگە لە چینی جەنتەریی پرۆتستانتی کەسی دیکە سوودی لێ وەرنەگرت، ئەوانیش بە تەواوی دەستیان بە ئیمتیازەکانی خۆیانەوە گرتبوو، بۆیە کێشەی ئێرلەند دەستی لێنەدرا، چونکە پەرلەمانی ئێرلەندا لەبەردەم پەرلەمانی ئینگلیزی بێ هیچ هێنان و بردنێك فەرمانەکانی پەرلەمانی ئینگلیزیی جێبەجێکردن، بەهۆی ئەوەی هەموویان

پرۆتستانتی بوون کوتلەی کاسۆلیك لەو چاکسازیە بێبەش بوو. گراتان هەمواری یاسای هەڵبژاردنی بە شێوەیەک کرد کە کاسۆلیکەکانیش مافی دەنگدانیان هەبێت، بەڵام پەرلەمانی ئیرلەندا ئەمەی ڕەتکردەوە. بەم شێوەیە پرۆتستانتەکان کە حوکمی پەرلەمانیان بەڕێوەدەبرد هیچ دەرفەتێکیان بە کاسۆلیکەکان نەدا بەشداری لە پەرلەمان و جێبەجێکردنی کارە ئیداریەکانی وڵاتدا بکەن. ئیدی کار و دەسەڵات لەدەست چینی ئوروستوکراتە پرۆتستانتیەکان توندتر کرا و لایەنگرانی کاسۆلیکیش کەمێك بە ناین و بەزەیی پێداهاتنەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

لەم دۆخە نالەبارەدا شۆڕشی فرەنسی ئەنجامێکی جادوکەریی بەدەست هێنا، لە ئیرلەنداش گەردەلولی نیشتمانپەروەری و داواکانی هەڵدەکرێت، فەرماندەکەی گەنجێکی بلفاستی پرۆتستانتی بوو بەناوی (تیوبالدو)، سەرجەم ئیرلەندیە شۆڕشگێڕەکانی لە خۆ کۆکردنەوە، لە ساڵی ١٧٩١ ڕێکخراوێکی بەناوی (ئیرلەندیە یەکگرتوەکان) دامەزراند، ئەنجوومەنێك بەڕێوەی دەبرد لە شێوەی (دیرکتوار) لە پێنج ئەندام پێکهاتبوو.

ئیرلەندیە یەکگرتوەکان مافەکانی مرۆڤیان ڕاگەیاند، داوایان کرد چاکسازی لە پەرلەماندا بکرێت و یەکسانی بپارێزرێت، هەڵمەتێکی مەزنیشیان دژی ستەمی لۆردەکان و پیاوانی کەلیسەی ئەنگلیکانی ڕاگەیاند. ئەم بزوتنەوەیە کە دژی ئوروستوکراتیی دەسەلاتدار ڕاگەیەندرابوو دیموکراتخوازەکانی ئولتەر و ئیرلەندیە کاسۆلیکەکان چوونە پاڵی، چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی نهێنیان پێکهێنا، وەکو کۆمەڵەی (گەنجانی بەرەبەیان) سەرکردەکانیشیان لە خوێندکارانی رۆسۆ بوون، وەکو تاندی و ئەیمیت و ئۆکونیلو فیترگراند، لە ساڵی ١٧٩٢ گەلێك یەکێتیی سیاسیان پێکهێنا وەکو (لیژنەی کاسۆلیکی) کە هەوڵیدا لەم یەکێتیە سیاسیە فیدرالیزمێك پێکبهێنێت، داوایان کرد یاسای (تیست) هەڵبووەشێندرێتەوە و مافی دەنگدانیش بە کاسۆلیکەکان بدرێت. گراتان ئەم پرۆژەیاسایەی دایە دەست پەرلەمان، بەڵام پەرلەمان ڕەتیکردەوە، بەهۆیەوە تیمێك لە بلفاست داوای جیابوونەوەیان لە ئینگلتەرا کرد.

ئینگلتەرا لەوکات کێشە و ئاستەنگی هەبوون، لە ئەنجامی قاتوقڕی و نەبوونی نان و خراپی دۆخی ژیانی هاووڵاتیان بزوتنەوەیەکی گەلەری لە زستانی ١٧٩١- ١٧٩٢دامەزرابوو، لە بەهاریشدا

مانگرتن سەرجەم شارە پیشەسازیەکانی گرتەوە، ئەم مانگرتنانە بوونە هۆکاری بڵاوبوونەوەی هزری فرەنسی لە ئینگلتەرا.

بەهۆیەوە پارتێکی ڕادیکال لەسەر ڕێبازی هزرەکانی فرەنسی دامەزرا و داوای کۆنگرەی نەتەویی ئینگلیزیان کرد. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٩٣ کۆنگرەیەك لە ئیکوسیا بەسترا، نوێنەرانی ئیرلەندا بەشداریان تێدا کرد، لەو کۆنگرەیەدا ئینگلیزە دیموکراتخوازەکان داوای مافی ئازادی ئیرلەندیەکانیان کرد، بەریتانیا ترسی لەم بزوتنەوەیە پەیداکرد لەوەی تەشەنە بکات، بۆیە هەندێك ئیمتیازی بە ئیرلەندیەکان دا، بۆ نموونە لە ١٧٩٣ ڕێگەی بە کاسۆلیکەکان دا ببنە سوێند خۆرو مافی دەنگدانیشی بەو کەسانە دا کە ڕێژەی ٤٠ شلین باج دەدەن، بەڵام مافی خۆپاڵاوتنی پێنەدان. لە ساڵی ١٧٩٤ فیتزولیم وەکو جێگری پادشا چووە ئیرلەندا بە سیفەتی حاکمی ئەو هەرێمە، بەهۆی مەترسیان لە سەرکەوتنی بزوتنەوەی دیموکراسی لە فرەنسا ئەو ئیمتیازانە وەستێندران.

شۆڕشی ١٠ ی ئاب لە بەریتانیا و هەڵبژاردنی کۆنگرەی نیشتمانی بە دەنگدانی گشتی دوای کوشتنی پادشا بووە مایەی بێبەشبوونی فرەنسا لە سۆز و خۆشەویستی ئینگلیزەکان، جگە لەمەش ئاستەنگ کەوتنە ڕێی کاری دبلۆماتکاران. ئینگلیزەکان لە کردنەوەی ڕێڕەوی دەریای ئالایسکۆ ناڕەحەت بوون، بەوەندە نەوەستان لە مانگی شوباتی ١٧٩٣ شەڕ لە نێوان ئینگلیز و فرەنسا ڕاگەیەندرا، دواجار ئیرلەندیەکان بوونە قۆچی قوربانی، ئەوان باجی ئەم ناکۆکیەیان دا. ئەوەی لەسەر پادشا جۆرج ی سێیەم دەزاندرێ بۆ ناوخۆ ئارام و ئاشتیخواز بوو، بەڵام ڕقی لە کاسۆلیکەکان بوو، بۆیە ئەمجارەیان توندوتیژیی لەگەڵدا بەکارهێنان، لۆردە ئیرلەندیەکان بانگی فیتزولیمیان کرد و لە شوباتی ساڵی ١٧٩٥ دووریان خستەوە، حکومەتی ئیرلەندی کۆمەڵەی ئیرلەندیی یەکگرتوویان هەڵوەشاندەوە، بۆیە فیتزوجیرالدو و ولف تون ناچار دەبن پەنا بۆ فرەنسا ببەن. دواتر پرۆتستانتیە کان لە ئیرلەندا خۆیان لە کاسۆلیکەکان جیاکردەوە، بۆیە ڕۆحانیەکانی کاسۆلیك ترسیان لێ نیشت لە بڵاوبوونەوەی کاری توندوتیژی لە گوندەکان و هەستی ڕق وکینە لە فرەنسیەکان، بەهۆیەوە پشتیان لە شۆڕشگێڕە ئیرلەندیەکان کرد.

فرەنسا بیری لەوە کردەوە کە سوود لەم دۆخە وەرگرێت، بۆیە هانی ولوف تونی دا کە پەنای بۆ فرەنسا بردبوو، مەبەستی بوو ئیرلەندا بۆ شەڕی دژی ئینگلیز بەکاربهێنێت. لیژنەی ئاشتیی گشتی قەشە جاکسۆن دەنێرنە ئیرلەندا بەڵام دەسەڵاتدارانی ئینگلیز دەستگیری دەکەن، ئەویش لە زیندان خۆی ژەهرخوارد دەکات.

ولف تون سەردانی ئەمریکای کرد بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریەکان و لە شاباتی ١٧٩٦ دەگەڕێتەوە ئیرلەندا فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان دەکات، بزوتنەوەیەکی ناوخۆ لە ئیرلەندا و دەرەکی لە فرەنسا پێکهێنا. لە بریست نزیکەی ٣٠ هەزارباریجە و ١٥ هەزار کەشتیی فرەنسیی لەژێر فەرماندەی بوفیە کۆکردەوە.

ئەم هەوڵەیان بەهۆی خراپی باری دەریا سەرناگرێت وناچار لە ٢١ی کانونی یەکەمی ١٧٩٦ هێزەکە دوای هەشت ڕۆژ دەگەڕێتەوە بنکەی خۆی. کاتێك هۆش لەسەر ژوان دەچێتە ئەو شوێنەی بۆیان دیاریکردووە هیچ لە کەشتیەکان نابینێت جگە لە دوو کەشتی، ناچار لە ١٣ی کانونی دووەمی ١٧٩٧ دەگەڕێتەوە لاروشل. ئینگلیز هاوکاریی فرەنسیەکان بۆ ئیرلەندیەکانی بە پیلان و ناپاکی دایە قەڵەم.

لە ١٧٩٧ بەهۆی خراپی دۆخی ئینگلیز لە ڕووی ئابوریەوە فرەنسیەکان هەوڵێکی دیکە دەدەن، هەرچەندە ئەوکات ئینگلیزەکان هەڵوێستیان لەسەر ئیرلەندا باشتر ببوو سۆزیان بۆیان هەبوو بەهۆی ئەوەی (یاکوبیەکان) بیرۆکەی ئیرلەندیان لە خۆ گرتبوو. لە نیسانی ١٧٩٧ کەشتیوانە ئینگلیزەکان شۆڕشێکیان هەڵگیرساند، ئینگلیزەکان لەوە ترسان فرەنسیەکان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆیە ناچار لەگەڵ حکومەتی دیرکتوار کەوتنە دانوستان لە تەموزی ١٧٩٧.

ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی لە مەترسی ئیرلەندیەکان ڕزگاریان بێت، هەستان بە ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوە لە نێوان ئیرلەندیەکان خۆیاندا، لە نێوان ئیرلەندیی کاسۆلیك و ئیرلەندیی پرۆتستانتدا دووبەرەکییان دروستکرد.

له ساڵی ١٧٩٥ له ناوچەی ئولستەر كۆمەڵەی ئۆرنجی دامەزرا و گروپی چەته بۆ لەناوبردنی كاسۆلیكەكان كەوتنه خۆ و به فیتز گیبونی حاكمیان ڕاگەیاند كه بیانچەوسێنێتەوه، حكومەتی ئینگلیز مەبەستی بوو یاخیبوون بوروژێنێ تا به یەكجارەكی ئیرلەندیەكان له ناو بەرێت، بۆیه حاكمێكی توندیان بۆ ئیرلەندا نارد به ناوی كاستریگ.

مەبەستی ئەو بزوتنەوەیه دەركردنی جووتیاره كاسۆلیكەكان بوو له كانتۆنەكانی باكوری ڕۆژهەڵاتی ئیرلەندا كه كانتۆنی سەر سنووری ئولستر و كانتۆنی ئارماگی هاوسنووری بوون، لەبەرئەوەی جووتیاره كاسۆلیكەكان له كێڵگەی پرۆتستانتەكاندا كاریان دەكرد. چەته پرۆتستانتیەكان توانیان له ماوەی دوو ساڵدا چەته كاسۆلیكەكان لەو دوو كانتۆنه وەدەرنێن، بەم جۆره هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ڕادیكالەكان و ئیرلەندیه كاسۆلیكەكاندا نەما. به درێژایی سەدەی نۆزدەهەم پرۆتستانتەكان هاوپەیمانیان لەگەڵ ئینگلیزدا هەبوو له دژی ئیرلەندیەكان، بۆیه هیچ مەودایەك بۆ یەكگرتنەوەی ئیرلەندیەكان نەما، چونكه بوونه دوو بەش، ئیرلەندیه كاسۆلیكەكان له لایەك و كانتۆنەكانی باكوری ڕۆژهەڵاتی پرۆتستانتی له لایەكی دیكه.

ئەم سیاسەته توندەی ئینگلیز له ساڵی ١٧٩٨ ئیرلەندیەكان ناچار دەكات شۆڕش بەرپا بكەن، بەڵام شكستیان هێنا.  ئەم شۆڕشه هەڵوێستی ئینگلیزی سەبارەت به ئیرلەندا گۆڕی و هەڵوێستێكی ڕادیكالیی لێ وەرگرتن به پەشیمانبوونەوه له سەربەخۆیی، یەكخستنی لەگەڵ ئینگلتەرا به پێی یاسای یەكگرتن.

**یاخیبوونی ١٧٩٨**

بۆ هەمان سەرچاوە دەگەڕێینەوە کە ولف تون هانی دیرکتوار دەدات هەڵمەتێکی دیکە دژی ئینگلیز بەرپا بکات، بەڵام ئەوکات سیاسەتی فرەنسا بە هەڵمەتی سەر میسرەوە سەرقاڵ بوو، باراس لەبەر خاتری ئیرلەندیەکان بە هەڵە پشتگیری شۆڕشەکەیان دەکات.  ناپاکێکی ئینگلیز هەموو ڕووداو و پیلانەکان دەگەیەنێتە ئینگلیز بەر لەوەی ڕوو بدەن، لە ٢١ی شوباتی ١٧٩٨ سەرکردەکانی بزوتنەوەکە لە دبلن دەستگیر دەکرێن، بەڵام فیتز جیرالد دەتوانێت لەدەستیان ڕابکات. لە ٢٤ ی ئایاریش لە باشوری وڵات لە هەرێمی لینستر ڕاپەڕین ڕوودەدات، جووتیارەکان بە ئەگەری برسێتی یاخی دەبن و ڕادەپەڕن  بە بەشداری ڕۆحانی و قەشەکان (مورفی و ڕوش و پرۆتستانتیەك بەناوی هارفیە)، لە کانتۆنی ویکسفورد و کیلدار ڕاپەرین و یاخیبوونێکی مەزن بوو، حکومەتی ئینگلیز بۆ سەرکوتکردنیان ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار سەرباز بە فەرماندەیی کورونوالیس دەنێرێتە سەریان، ناوبراو لە شەڕەکانی ئەمریکا بەشداریی کردبوو، بەڵام شۆڕشگێڕە یاخیبووەکان لە بەرگریەکی نابەرانبەردا لە فینگارهێل و نیوروس و چیای ویکلو شکستیان هێناو لە ناوچوون. لە باکوریش توانرا شۆڕش سەرکوت بکەن و سەرۆکەکانیشیان ماک کریکن و مونرو لە سێدارە بدەن و فیتزجیرالدیش دەستگیر بکەن، کە دواتر لە زیندان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لە دەست دەدات.

درەنگ وەختانێکیش هێرشی فرەنسی بە سێ بەش دەستپێدەکات:

بەشی یەکەم/

لە ژێر فەرماندەی ژەنەرال همبیر لە ڕوسفولت کۆدەبێتەوە و لە ٢٢ی ئاب لە کیلالی لە هەرێمی کونوت بە هەزار سەربازەوە دادەبەزێت، سەرەتا سەرکەوتوو بوو، بەڵام دواتر سەربازەکانی گەمارۆ دران و ناچار لە ٩ی ئەیلول خۆی ڕادەست کرد.

بەشی دووەم/

لە بریستەوە بە فەرماندەیی هاردی و ولف تون بەڕێ کەوتن، بەڵام دوا کەوتن، بەهۆی ئەوەی ئینگلیزەکان توانیبوویان کۆمسیۆنی هەڵمەتەکە بکڕن، ئەویش هەواڵەکانی سوپاکەی بڕگە بە بڕگە پێڕاگەیاندبوون، بۆیە ئینگلیزەکان لە دەریاوە پێشوازیان لە هێرشەکە کرد، دەستیان بەسەر هەموویدا گرت و ولف تونیش دوای دەستگیرکردنی لە زیندان خۆی دەکوژێت.

بەشی سێیەم/

یاخیبوون و هێرشەکانی فرەنسی بێ ئاکام بوون، وەڵامی ئینگلیزیش بۆ ئیرلەندیەکان کوشتن و تاڵانکردن و سەرپەڕاندنی بێ بەزەییانە بوو، کە بەهۆیەوە ئومێدەکان لەبار دەچن.

بۆئەوەی حکومەتی ئینگلیز بە تەواوی لە پرسی ئیرلەندا دڵنیا بێت، بەڕێوەبردنی دوورگەی خستە ئەستۆی خۆی. خۆی دەیتوانی بە ڕێگەی توندوتیژی ئیرلەندا  بەڕێوە ببات، بەڵام وای نیشاندا کە ئیکوسیا بە بەڕێوەبردنی لەلایەن ئینگلیزەوە کەوتۆتە خۆشگوزەرانیەوە بۆیە ئەمەش بەسەر ئیرلەندا جێبەجێدەکرێت، یەکەم هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە پاکتاوکردنی دامودەزگا گشتیەکان لە فەرمانبەرە ئیرلەندیە نیشتمانپەروەرەکان بوو، بە سەدان بەڵکو بە هەزاران خەڵکانی ئاست نزم و گەندەڵی لە ڕێگەی پارە و پێدانی نازناوی بێ بنەما کڕین بۆ ئەوەی دەنگەکان مسۆگەر کات. پەیمانیشی بە کاسۆلیکەکان دا هەر کاتێك لەگەڵ ئینگلتەرا یەکی گرتەوە بە تەواوی ئازاد دەبن، بەم ڕێگایە توانیی سەرکردە لە نێو کاسۆلیکە ئیرلەندیەکان بکڕێت، لەوانە سەرۆکی مەترانیی دبلن.

کاتێکیش زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێنا لە ٥ی شوباتی ١٨٠٠ دەنگی لەسەر (یاسای یەکێتی) دا و پەرلەمانی وستمنستر یش لە مانگی ئایار پەسندی کرد و لە یەکی کانونی دووەم ١٨٠١ کەوتە بواری جێبەجێ کردن. یاسای یەکێتی پەرلەمانی ئیرلەندای وەدەرنا، نوێنەری لۆردەکان تیایدا نوێنەرایەتیان دەکرد، بە سەد ئەندام بە ڕێژەی دوو ئەندام بۆ هەر کانتۆنێك و ئەوانی دیکەیش بۆ ٣٦ شار، مافی دەنگدانیشی بە چەند مەرجێك بەستەوە لەوانە خاوەندارێتی زەوی و لوردەکان.

ئەم یاسایە مافی ئاڵوگۆڕی لە نێوان ئیرلەندا و بەریتانیای مەزن  ئازاد کرد، باجە کانیشی بە ڕێژەی دوو لەسەر دە لە بودجەی ئینگیلز بەسەر ئیرلەندادا سەپاند و قەرزەکانیشی تێکەڵاو بەیەك نەکردن، بۆیە قەرزەکانی ئیرلەندا وەکو خۆی بەسەریدا مانەوە. دوا بڕیار ئەوە بوو کە سیستەمی دادوەری بەبێلایەن بمێنێتەوە.

نوێنەرایەتی ئیرلەندا لە پەرلەمانی ئینگلیز نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینە نەبوو، مەزن ترین بەڵگە ئەوە بوو کە نوێنەرەکانیان ئینگلیز بوون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٠٧ لە نێو٣٦ نوێنەری شارەکان ١٣ یان ئینگلیز بوون، بۆیە دەسەڵاتی یاسادانان بەدەست ئینگلیزەوە بوو، لەکاتێکدا کە پێشتریش دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردن هەر بەدەست ئەوانەوە بوو. بۆیە لەم میانەدا هیچیان بۆ نەمابۆوە، لە هەموو پۆستەکان تەنها ئەمینی وەزارەتیان بۆ هێشتبۆوە. سوپاو کەلیسا بە یاساکانی ئینگلیز تێکەڵاو کرابوون، هیچ پارێزبەندیەکی سیاسیان نەبوو دژی دەسەڵاتی ئینگلیز.

دوای دروستکردنی ئەم دۆخە ئیرلەندا لە دۆخێکی چەقبەستوودا مایەوە، لەم ڕووەوە شیللی دەنووسێت:

(ئیرلەندا لە پشوویەکی بۆگەنیدایە و داوای دارمان دەکات، هەموو تاکێکی ئیرلەندیش وەکو حوکمدراوێك بە کاری قورس لە نێو دەریایەکی هێمندا وەستاوە، وا پێدەچێ لێدانی دڵی ئەو میللەتە وەستابێت و وڵاتیش تووشی ئیفلیجی هاتبێت).

لەگەڵ ئەو هەموو ڕوداوە تراژیدیانەی بەسەر ئیرلەندا دێن هێشتا لێرەولەوێ وردە بەرگریەك دەمێنێت، هەرچەندە لە ئاستی داستان و شۆڕشی مەزندا نین چونکە هیچ هاوکاری و یارمەتیەکیان نە لە فرەنسا نە لە هیچ لایەنێکەوە پێناگات، جگە لە بەتالیۆنێك لە نیو سوپای فرەنسی بەناوی (بەتالیۆنی ئیرلەندی) کە هاوشانی سوپاکەی فرەنسا شەڕی دەکرد.

ئەم یاخیبوونە سەربازیانە زیانیان بۆ ئیرلەندیەکان هەبوو، بوونە مایەی سەپاندنی چەند یاسایەکی توند بەسەریاندا، لەوانە یاسای سەربازی و توندتر کردنی سانسۆرەکانی ئینگلیز بەسەر کاروبارە ئابوری و بازرگانیە کانیان، پەیوەندیەکانی نێوان ئولستر و ئیرلەندیە کانیشی وێران کرد.

تاکە ئامرازی بەرگریکردن لە ستەمی ئینگلیزەکان کەلیسا بوو کە ببێتە پاڵپشتی ژیانی نەتەوایەتی لە ئیرلەندا، سەرەتا بەهۆی خراپی باری دارایی کەلیسە ملکەچ بوو، لە ڕاستیشدا هیچ شتێك بەناوی کەلیسا نەبوو (قابیلە) هەبوون مەتران و ڕۆحانیەکان ناچار بوون ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیان لە دەشتودەر یا لە کۆخە ڕووخاوەکان بەڕێوە ببەن، ڕك و کینەی فرەنسیەکان لە ڕۆحانیەکان وای کرد ڕۆحانیە ئیرلەندیەکان لە هزرە ئازادەکان دوور کەونەوە.

لە ساڵی ١٧٩٩ دانوستان لە نێوان دە مەتران و حکومەتی ئینگلیز بۆ ئەوەی پرس یا ڕاوێژ بە هاوەڵەکانیان بکەن دەستیپێکرد، دانوستانەکان لەلایەن جون موتری جێگری پاپا بەڕێوە چوو و بەم شێوەیە ڕێکخرا:

پێویستە حکومەتی ئینگلیز مووچەی ڕۆحانیە کاسۆلیکەکان بدات، لە بەرانبەردا دەبێت دان بە مافی ڤیتۆدا بنێن، واتە مافی دامەزراندنی مەترانەکانی هەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتی ئینگلیز مافی ئەوەی هەیە ڕەخنە لە لیستی پاڵێوراوانی مەترانەکان بگرێت بەر لەوەی بچێتە ڕۆما، دەبێت (خوارمەکان)یش لەبەر دەم ئەو مەترانە سوێند بە پشتگیریکردنی حکومەت بخۆن.

دانوستانەکان درێژەیان کێشا پاش ئەوەی لەلایەن مەترانەکانی دیکەوە بەهۆی بەشداری پێنەکردنیان ڕەخنەیان لێگیرا، لەو ڕەخنەگرانە بۆ نموونە: ئوریلی سەرۆکی مەترانەکانی ئەرماگ و مویلاند سەرۆکی مەترانەکانی کورك کە بەرووی سەرۆکی مەترانەکانی دبلندا هەستانەوە چونکە پشتگیری لە دانوستانەکان دەکرد. لەم میانەدا دەنگی ناڕەزایی گلۆبالیزمەکانیش بەرز بوونەوە، لەوانە لاول مرە و هو ئوکتیل.

لە نێو ئەم دەنگە ناڕەزاییانەی ڕای گشتی مەترانەکاندا دانوستانەکانیان ڕاگرت، بە کۆی دەنگیش ڕایانگەیاند کە هیچ ڕێگایەك بۆ گۆڕانی دۆخی کەلیسا نییە، بەم شێوەیە پرسەکە بە هەڵواسراوی مایەوە.

هەرچەندە هەندێك لە ئینگلیزەکان لە نموونەی فوکس سەرۆکی پارتی ئازادیخوازان دەیانخواست کاسۆلیکەکان ئازادبکرێن. لە ساڵی ١٨١٣ پێشنیارێك پێشکەش کرا لە بەرانبەر متمانە پێدان بە ئیرلەندیەکان، کاسۆلیکەکان ئازاد بکرێن  بەڵام ئەم پێشنیارە لە ١٨١٣ ڕەتکرایەوە. ئیتر ئیرلەندیەکان گەیشتنە ئەو بڕوایە کە ئیدی ناگەنە هیچ چارەسەرێك، کاتێکیش کۆشکی ڕۆما ئامۆژگاری دەکات کە سیاسەتی سازان پیادە بکەن بۆ گونجان و پێکەوە ژیان، مەترانەکان یاداشتێکی توند ئاراستەی ڕۆما دەکەن و دەڵێن:

ئێمە هیچ کاتێك لەو بڕوایەدا نین کە ئەو ترسەی هەمانە بە نامەیەکی سەرکورسی دەڕەوێتەوە و چارەسەر دەکرێن، ئەمە بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و بڕیارانەمانە کە بۆ بەرگری لە خۆمان وەرمانگرتووە. یەکێك لەو کەسانەی کە هەمیشە دژی دانوستانەکان بووە دویل مەترانی کلیدار بوو کە لە داهاتوودا باسی لێوە دەکەین کە دێینە سەر باسی بزوتنەوەی (گالتیی سلتی).

بەم شێوەیە دەبینین مەترانەکانی ئیرلەندا کە لە سەرەتادا گوێڕایەڵی بڕیارەکان بوون، دواجار دەنگ بەرز دەکەنەوە و بەرگری لە پرسی ئیرلەندا دەکەن. ئامادە نین بیکەن بە قوربانی لە پێناو بەرژەوەندییەك کە کەلیسا لێی بێبەشە. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دڵنیا بوون لەوەی داوا کردنی هەر ئیمتیازێك لەلایەن ئینگلیزەکان مایەی قەبووڵ نیە. لەگەڵ ئەوەی کە پادشا دژی هەر داواکاریەکی لەم جۆرە بوو، هەر جارێك داوایەکی لەم جۆرە بەرز کرابێتەوە ئینگلیزەکان وەکو یەك کوتلە دژی ئیرلەندا دەوەستانەوە.

بەم شێوازە هزرەکانی ڕۆحانیانی ئیرلەندی ئاراستەیەکی نەتەوی وەردەگرن: بە شێوەیەك ئەرکی ڕۆشنبیرکردنی پیاوانی گرتە ئەستۆ و بە پاڵپشتی یاسای ١٧٩٥ توانییان لە ١٧٩٦ خوێندگایەکی ڕۆحانی لە مانبوس بکەنەوە، مامۆستا سەرەتاییەکانیشی لە پیاوە ئاینیەکانی فەرەنسی بوون، لە دکتۆرەکانی زانکۆی سۆربۆن، وەکو باوکە دولا هوگ لە پاریس  و ئاهرون لە چارتەر و دلوست لە بوردو بە زانستە گالیکانیەکانیانەوە ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد کە گوێڕایەڵی حکومەت بن. ژمارەیەکی زۆری کوڕە جووتیار چوونە ڕیزی ئەم خوێندگا ڕۆحانیە،  دیارە ئەوان لە هەموو کەسێك زیاتر باری قورسی سەر شانی خانەوادەکانیان دەزانی و لە ستەم و زۆرداری ئینگلیزەکان شارەزا

بوون کە بەسەر ئیرلەندیە کانیاندا دەهێنا، بۆیە زۆر لێیان بە رِك و کینە بوون بەتایبەت لە لۆردەکان. لەم خوێندگایە چەندین مامۆستا و مەترانی نەتەوەپەروەر دەرچوون، یەکەم کار کە پێی هەستان هەلپەرستەکانیان ناچار کرد کە بێدەنگ بن و هەموو کارەکانیشیان لێ ڕەتکردنەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆحانیەکان پشتگیری بزوتنەوەیەکی بەرگرییان کرد بۆ دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز لە ئوکتیل ئالانەوە.  بایەخیان بە کاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیرکردنی هاووڵاتیانی ئیرلەندی دا و ڕێگریشیان لە پرۆپاگەندەکانی ئەنگلیکانی کرد، بۆ نموونە ئەنگلیکانیەکان چەند ڕێکخراوێکی ڕۆحانیان دامەزراند بۆ گەوجاندنی ئیرلەندیەکان و ڕێکلامکردن و فریودانیان بە پێدانی دیاری و خۆراك، ئەم ڕێکخراوە کە ئەنگلیکانیەکان دایانمەزراند ناویان نا ( شلە خۆرەکان) بەڵام ئیرلەندیەکان هەستی نەتەوایەتیان بە شلە نەفرۆشت. لە ساڵی ١٨٠٢ کاهینەکان کۆمەڵەی ( برا کریستیانیەکان) یان دامەزراند، لە ساڵی ١٨٠٧ پەیمانگای برا قەدیسی باتریك دامەزرا، هەردوکیان بایەخیان بە پەروەردەی منداڵانی سەرەتایی دەدا، هەروەها کۆمەڵەی (خوشکانی چاکە) بایەخیان بە ڕۆشنبیری کچان دەدا.

بە دڵنیاییەوە وەدەستهێنانی ئەنجام لەم دەزگایانە پێویستی بە کات هەیە، هەر بۆیە تا ساڵی ١٨١٥ هیچ هێزێك نابینین وەکو کاردانەوەی ئەو چالاکیانە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیرلەندیەکان تا ئەو کات هەستیان بە یەکڕیزی خۆیان نەکردبوو تەنها ئەوە نەبێ هەستی نەتەوایەتی هوشیاری کردبوونەوە.  کتوپڕ بزوتنەوەیەك سەرهەڵدەدات چونکە ئەوان خاوەن مێژوو و شەهید و خەباتی خۆیانن کە شانازیی پێوە دەکەن ئەوەتا کەلیسا دەبێتە فریادڕەسی هزری ئیرەلندی و سۆزی ئاینیش دەبێتە فریادڕەسی ڕۆحی ئیرلەندیی کاسۆلیکی، بەم شێوەیە نەتەوایەتی ئیرلەندی یەکەم جار خۆی لە ئایندا دەبینێتەوە.

ئەمە ئەم جۆرە بزوتنەوانەن کە کاریگەری شۆڕشی فەرەنسیان لەسەر بوو، ئەگەر ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئیتالیای لێ بەدەرنێین، هزرەکانی شۆڕشی فەرەنسی ڕەنگدانەوەیان  لە کردارەکانیان زیاتر بوون. ئەم بوو فەلسەفەی جان جاك رۆسۆی بڵاوکردەوە و هێزی پێ بەخشی.

بەڵام دەپرسین ئەنجامەکانی ئەم ڕەنگدانەوانە لە ڕووی نەتەویەوە چی بوون؟

شۆڕشی فرەنسی سەرەڕای ڕوخساری ئەقڵی وگشتگیریی، داهێنانێکی نوێی لە هزرکردنەوەدا داهێنا کە پێچەوانەی هزرەکانی کریستیی کۆن بوون.

ئەم هزرە نوێیانەش یەکێتی ڕۆحیی ئەوروپی بوون، چونکە ئەو هزرانەی کاریان بە تاکی شۆڕشگێڕەکان کرد، دەکرا هەمان کاریگەریان لەسەر مرۆڤەکان هەبێت لە هەر شوێنێکدا بن، ئەوەتا دەبینین بە پێێ ئەو بڕیارەی لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٧٩٠ درا هەر کۆچبەرێك یا بێگانەیەك بۆی هەبوو دوای مانەوەی پێنج ساڵ لە فرەنسا مافی بەناوکردنی موڵك وهاوسەرگیری و کاری بازرگانیی هەبێت. تاکە مەرجیش کە داوایان لێدەکرد سوێند خواردنی مەدەنیانە بوو. کاتێکیش فرەنسا لەگەڵ وڵاتانی نەمسا و پروسیا لە حاڵەتی شەڕدا بوو، ئەنجوومەنی یاسادانان بڕیارێکی لەسەر ١٨ مرۆڤی مەزن لە بیرمەندی بێگانە دەرکرد، هۆکاری دەرکردنی ئەو بڕیارەش نیشانەی تێگەیشتن و ستایشی ڕۆڵی ئەو پیاوانە بوو، ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:

(لەبەر ئەوەی ئەم پیاوانە خزمەتی ئازادی و کارئاسانیان بۆ شەڕی ڕزگاری گەلان کردووە لە ڕێگەی نووسین و داهێنانەکانیانەوە نابێت وەکو کەسانێکی بێگانە سەیر بکرێن، چونکە مەرجی پێنج ساڵیشیان بڕیوە، کە بەسە بۆ ئەوەی بێگانە مافی هاووڵاتیبوونی پێبدرێت، بۆیە ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتە دەبێت بەو جۆرە کەسانە بدرێت ئەگەر لە سەر هەر خاکێك بژین، چونکە ئەمان بازویان لە ڕاماڵینی ئیمپراتۆر و دیکتاتۆرەکانی ئەم میللەتەدا هەڵماڵیوە و قەبووڵی ستەم و زۆرداریان نەکردووە. پێویستە ئێمەش ئومێد بخوازین کە ئەو کەسانەی مایەی ئازادی و سەرفرازی گەلانن لە بەرامبەر یاسادا لەگەڵ دۆست و هاوبیرانیان یەك خێزان پێک بێنن، برایەتی خۆیان دەربڕن لەگەڵ سەرجەم گەلان، دواجار بەهۆی ئەوەی کۆنگرەی نیشتمانی هەر دەبێت ببەسترێت، پێویستە داوا لە هەموو کەسانی ڕۆشنفکر بکرێت تا بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکەن کە بەهۆی داهێنان و نووسینەکانیان مافی خۆیانە.

بە بڵاوکردنەوەی ئەم هزرانەی شۆڕشی فرەنسی بۆمان دەسەلمێندرێت کە خەمی یەکەمیان برایەتی و تەبایی سەرجەم گەلانی ئەوروپایە دوور لە هزری نەتەوایەتی تەسك.

لەگەڵ ئەمەشدا لەو بانگەوازەی کە شۆڕشی فرەنسی بڵاویکردەوە داوا لە گەلان دەکات کە سیستەمە کۆنەکە هەڵوەشێننەوە و لەسەر بنەمای سیستەمی نەتەوی کار بکەن، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شۆڕشی فرەنسی پشتگیری گەلانی ژێردەستی کردووە، بەڵام لای شۆڕشگێڕانی فرەنسی دەستەبەرکردنی مافی ئازادی و دامەزراندنی دەزگای ئازادی نەتەوی لە کارە بەرایییەکانی دابوو، لەم شیکاری وبانگەوازە شۆڕش لە پەیامە بنەڕەتیەکەی دەرنەچووە کە برایەتی سەرجەم گەلانی دونیایە.

لە هەردوو حاڵەت دا کاریگەری شۆڕش لە کاریگەری مادی بەسەرەوەتر بوو، ئەم هزرە نەتەویە تا ماوەیەکی دوور ئاسەواری لای ئەوروپیەکان مابوو، شۆڕش دوای لەناوچوونیشی هەر ژیا، لە مێشکی گەلاندا وەکو چیرۆك و داستانی گەلان وەکو هزر و بەرنامە، بۆیە بەڕاستی دەبێت هزری نەتەوی بۆ شۆڕشی فرەنسی بگێڕینەوە.

--------------------------------

# بەشی چوارەم

## ئەوروپای ناپۆلیۆنی و نەتەوەکان

لە دوایین ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمدا شۆڕشی فرەنسی کۆتایی دێت، دواتر ناپۆلیۆن حوکم دەکات، بەڵام ئایا ناپۆلیۆن درێژەپێدەری شۆڕشی فرەنسی بوو یان نا؟

لەم ڕووەوە مێژوونووسان بوونە دوو بەش: هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدان کە ناپۆلیۆن کەسایەتی شۆڕشی فرەنسی بوو، هەندێکیشیان دژی ئەم بۆچوونەن. بە دیدی جورج لوڤیر خاوەنی کتێبی (ناپۆلیۆن)، دەبێت ئەوروپا بە چاوی شۆڕشی فرەنسی سەیری ناپۆلیۆن بکات، ئەوەی پێی دەوترێ سیاسەتی ناپۆلیۆنی کشوەری ئەمە شیکاریەکی ناپۆلیۆنە بۆ ئەوروپا لەسەر بنەمای هزری شۆڕشگێڕی لە دونیای نەتەوایەتی، دەتوانین ئەم بیردۆزانە جێبەجێ بکەین:

(کە ئیمپراتۆریەت لە شۆڕش زیاتر بە ڕووی نەتەوەکاندا کرایەوە ئەمە لە ئەنجامەکەیدا بەدی دەکرێت، ئەم ئەنجامانەش گەر ئەوانە بوون کە ئیمپراتۆریەت مەبەستی بوو یا لە ئەنجامی کاردانەوە لە دژی ئیمپراتۆریەت هاتنە کایە یا ئەمە بەشێك دەبێت لە داستانەکەی ناپۆلیۆن کە لە دوورگەی هیلانە ئەنجامیدا و لویسی برازای یا هەوادارانی لێکیان دایەوە. بەڵام ئایا بەڕاستی دەبێت ناپۆلیۆن ئەم سیاسەتانەی بۆ نەتەوەکان گەرەك بووبێت؟ ئەوەی کە دەبێت زۆر لێی بەئاگا بین ئەوەیە کە ناپۆلیۆن لەسەر خودی خۆی وتوویەتی چونکە ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانیدا ناکۆکی زۆر دەبینین، بۆیە بەر لەوەی دوا بڕیارمان لەسەری بدەین دەبێت لە هزرو سیاسەتی ناپۆلیۆن شارەزا بین).

## هزروسیاسەتی ناپۆلیۆن

ئەگەر ناپۆلیۆن بە گشتی وەرگرین پێویستە ڕەچاوی ئەو کات و ساتانە بکەین کە ڕوخساری لێ گۆڕدراوە و هەڵوێستەکانی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، چونکە ئەوەی لە ڕۆژگارێکدا لە ژیانی ناپۆلیۆن ڕاست بووە لە ڕۆژگارێکی دیکەدا مەرج نیە هەمان شت ڕاست بێت، بۆیە دەبێت ڕۆڵەکان بە پێێ کات جیاکەینەوە.

ناپۆلیۆن خاوەنی ئەقلێکی تایبەتی خۆی بوو، هەڵگری فەرهەنگێکی لاسایی کەرەوە بوو، مێژووی لە کتێبەکانی هینوی سەرۆکی پەرلەمانی پاریس (١٦٨٥-١٧٧٠)و یسوعی فرەنسی فیللی(١٧٠٩-١٧٥٩) خوێندوە، لەبەر ئەم هۆکارە جیایانە ئەو تێگەیشتنێکی هزریی لەسەر نیشتمان نەبوو وەکو هزری شۆڕش. لای ئەو نیشتمان واتە خاك و وڵات، هەموو ئەوەی لە شۆڕشی فرەنسیش فێری بووە بریتی بوو لە سنووری سروشتی، هەر ئەمەش بوو تا دوایی دەستی پێوە گرتبوو بە درێژایی شۆڕش و کونسولیەتیی، خۆ ئەگەر داگیرکردنی دوورگەی ئەلبا لە ٢٦ی ئابی ١٨٠٢ و بیمونت لە ١١ی ئەیلول ی هەمان ساڵ مان لێی دەرکردبا ئەوا ناپۆلیۆن پێی وابوو کە کەسێکی دەستپاك و دڵسۆزی مەزهەبی سنوورەکانی سروشتی بوو، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت یان نا ئەو پێێ وایە کە بۆ هزری فرەنسی و سنوورەکانی سروشتی تا دوایی دڵسۆز بوو.

لە ١٨٠٧ بۆ شاندێکی بورژوازیەکان لە بەرلین ڕایگەیاند:

(من شەڕم ناوێ، ڕاین بەشم دەکات) کاتێکیش لە کانوونی یەکەمی ١٨١٠هامبورگ و لوبک ی خستە سەر ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی بە پێچەوانەی کارەکانی قسەی دەکرد، خۆی دەڵێت:

(هیچ گومانی تیا نیە نیەتمانە دەوڵەتمان لە ڕاین تێپەڕ نەکا) تەنانەت لە دانوستانەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان لە (١٨١٣-١٨١٤) فرەنسا بە دیدی خۆی فرەنسای شۆڕش بۆ فرەنسا ئەلب تا ڕاین بوو.

چەمکی هزریی شۆڕش، چەمکی ناپۆلیۆن نەبوو چونکە چەمکی شۆڕش بۆ فرەنسا سنووری جوگرافیای بریتی بوو لە بیرینە و ئەل و ڕاین.

ناپۆلیۆن لە سەرەتاوە یاریی بە مافی گەلان کرد، کاتێك ڕاپرسی لەسەر دەستوری هۆڵەندا کرا، ئەو دەستورەی کونسولگەری پێشکەشی کردبوو ٢٥٠٠٠ بە نەخێر و ١٦٠٠٠ بە بەڵێ دەنگیان بە دەستور دابوو واتە دەستور بە نەخێر دەنگی پێدرا، بەڵام ناپۆلیۆن دەنگی ئەوانەی کە ئامادە نەبوون دەنگ بدەن خستنیە سەر دەنگدەرانی بەڵێ کە ژمارەیان ٣٤٧٠٠٠ دەنگ بوو، جگە لەمەش ناپۆلیۆن بێ ئەوەی پرسی گەل بکا هۆڵەندای خستە سەر ئیمپراتۆریەتی خۆی، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتانەن کە لە سەردەمی شۆڕشدا بینیمان.

کۆماری ئیتالیای لە ١٢ ی تشرینی دووەمی ١٨٠٢ بەبێ ڕاپرسی کردە پادشانشین. لە ٤ی ئابی ١٨٠٢ بێ ڕاپرسی گەل دەستورێکی بەسەر کانتونی ڤالێ سویسریدا سەپاند، پێویستە ئەوەش بڵێین کە جیاوازی هەبوو لە نێوان ڕیفراندۆمەکانی ناپۆلیۆن کە بۆ چەسپاندنی ئەمری واقع ئەنجامی دەدا لەگەڵ ڕیفراندۆمە ڕاستە قینەکانی تر بۆ وەرگرتنی ڕای گەل. بۆیە دەبێت بڵێین کە ناپۆلیۆن بە نرخێکی هەرزان ئەو گرێبەستەی دەفرۆشت کە لەسەر بنەمای ڕەزامەندیەکی ئازاد و هاوپەیمانێتیەکی ئازادی گەل یەکێتی نەتەوی دروست دەبوو.

بەڵام دوای ئەم چەند ساڵانەی بەرایی لە تەمەنی ئیمپراتۆریەت لە ڕووی چەمکی(یەکێتی ئەوروپیەوە) سەرکەوتن بەدەستدێنێ، لە ساڵی ١٨٠٥- ١٨٠٦ ەوە دەسەڵاتی فرەنسا لە ئەوروپا گەشەی کرد و تا ١٨١٠ ئەم گەشە کردنە بەردەوامی هەبوو، کاتێك لە ڕووی زانستیەوە نیوەی ئەوروپا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فرەنسا، ئەم فراوان بوونەی دەسەڵاتی فرەنسی بیردۆزی یەکێتی

نەتەوی ڕەتدەکاتەوە، تەنها ئەگەر چەمکی یەکێتی ئەوروپی لای ناپۆلیۆن یەکێتی نەتەوەکان بگەیەنێت واتە یەکێتی وڵاتانی ئەوروپی.

ئەو پرۆپاگەندانەی ناپۆلیۆن دژی ئینگلیز بڵاویدەکردنەوە گوایە دەسەڵاتەکانی ئینگلیز لە ئەوروپا گەشەیان کردووە و تا ئەودیو سنوورەکانی فرەنسا ڕۆیشتوون، بۆیە ئەم یەکێتی ئەوروپیە دژی ئینگلیز و بەرنامەکەیەتی. ناپۆلیۆن سوودی لەم پرۆپاگەندانە وەرگرت چونکە پشتیان بەو ڕك و کینەی فرەنسیەکان بەستبوو کە دژی ئینگلیزەکان هەیانبوو. بیرۆکەی یەکێتی ئەوروپی کە مەبەستی بوو دژی ئینگلیز ئەنجامی بدات، زاناکانی سەردەم هیچ گوتوبێژێکیان لەسەری نەبوو، ئەمە تەنها شیکردنەوەی سیاسەتەکانی ناپۆلیۆن بوو، ئەگەر گلەیی و تۆمەتەکانی ئەو جەنگە بخەینە لاوە ئەی دەبێت ڕاستیەکان چۆن بن؟  چونکە پەیماننامەی برسبورگ ی ١٨٠٥ و تیلیسیت ی ٨ی تەموزی ١٨٠٧ و پەیماننامەی ڤیەننا هەموویان لەگەڵ ئەو خەباتەی فرەنسا دژی ئینگلیز ناکۆکن، بەندەکانی بە پێچەوانەی کردارەکانن، ئەوەی لەم میانەدا سیاسەتی فرەنسا پێناسە دەکات ئەو گەمارۆ کشوەریەیە کە وەکو چەکێکی ئابوری وایە دژی ئنگلیز، بەم چەکە یەکێتی ئەوروپا دەسەپێنێ و ئەوەش دەسەلمێنێ کە ئەوروپا یەکێتیەکی ئابوریە دژی دوورگەی ئینگلیزە و دەرگاکانی بەڕوویدا دادەخات.

لە ڕاستیدا ناپۆلیۆن ناچار بوو ئەم گەمارۆ ئابوریە بخاتە سەر ئینگلیز تا دەست بەسەر کەنارەکاندا بگرێت و دژی ئینگلیز بەکاریان بێنێت. ئەگەر یەکێتی ئەوروپی لە یەکێتیە ئابوریەکەیدا دەبینێتەوە ئەوا ئەم یەکێتیە تەمەنی کورتە و بە درەنگ وەختیش هات، بۆیە هیچی پێ ناکرێت. ئەو ئاستەنگانەی کەوتنە پێش ناپۆلیۆن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکە لە ناوەخۆیەوە ڕووبەڕووی بوونەوە لە ئەنجامی سیستەمی نوێی سەربازیی بە زۆر و باج و باری گرانی حوکمڕان. لە واقیعدا گەمارۆ کشوەریەکە سۆزێکی نەتەویی ئەوتۆی دروست نەکرد کە شوێن سۆزە گلۆبالیزمیەکەی شۆڕشی فرەنسی بگرێتەوە کە بانگەوازی بۆ دەکرد، یا هەر نەبێ ببێتە مایەی نەهێشتنی خەسڵەتە نەتەویەکانی کۆن، بۆیە نابێت بیرۆکەی یەکێتی ئەوروپی بکەینە ئەڵتەرناتیفی نەتەوە.

ئیمپراتۆر بیرۆکە جیاواز و ناکۆکەکانی لە تەك یەکدا دانابوون، بیردۆز و بیرۆکەکانی لە سیاسەتە پیادە کراوەکە و ڕووداوەکانی ڕۆژانە بەدی دەکران. ئەوەتا لەسەرەتادا دەستی بە کەلتووری شۆڕشەوە گرتبوو کە بریتی بوو لە سنووره ناسراوە سروشتیەکانی لەگەڵ ئەو خاکە داگیرکراوانەی ئیتالیا، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم چەمکەی بەم سنوورە دەبینی چەمکێکی فراوانخوازی بوو کە دواتر شتێکی نوێی بێگانە دێنێتە نێو دروشمەکانی، ئەویش کۆماری ئەلبی بوو کە دواتر دەبێتە کۆماری ئیتالی. لە سەرەتاوە ناپۆلیۆن بیرکردنەوەیەکی تایبەتی خۆی بۆ ئەم پرسە هەبوو، ئەویش دامەزراندنی پادشانشینێك بوو بۆ خۆی، بەڵام ئەم بیرۆکەیە هەر زوو با دەیبات پاش ئەوەی بیرکردنەوەکان لەوە بەر فراوان تر بوون و ناپۆلیۆن خۆی وەکو گەورەی پانتاییەك بیبیەوە زۆر لەو دەوڵەتە مەزنتر کە بیری لێدەکردەوە، تەناتە لە دەولەتی ئیتالیش مەزن تر، ئەویش دەولەتی فرەنسا بوو دوای کودەتاکەی برومیر، لە ساڵی ١٨٠٥ کۆمارەکە بووە پادشانشینی ئیتالی.

لەسەر بنەمای یەکەمی ئیمپراتۆریەتی فرەنسی چەمکە نوێکە دەگۆڕدرێت بە (باڵا دەستی کشوەری)، ئەم بیرۆکەیە لە بیرۆکەکانی لویسی چواردەهەم نزیك بوو، واتە چەمکی دەوڵەتی مەزنی نەتەوی. بەم پێیەش فرەنسا پشت بە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبەستێت لە ڕاستیشدا لە ژێر پاراستنی فرەنسادان و پەیوەندیەکی کەسی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە لە ژێر پارێزبەندی فرەنسادا دەبن، هۆڵەندا بە دەستوری کونسلیی ١٨٠٢ وکۆماری هلفینی(سویسری) ساڵی ١٨٠٣ و یەکێتی ڕینانی تەموزی ١٨٠٦ ئەم دوو کۆمارەی دوایی پەیوەندیەکی تایبەتیان لەگەڵ ناپۆلیۆن دا هەبوو، چەمەکی دووەم چەمکی شۆڕش نیە ئەمە سیاسەتەکانی سەردەمی لویسی چواردەمان بیر دێنێتەوە کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا هەبوو.

بەڵام ناپۆلیۆن لەم سنوورەدا نەوەستا، کاری بە چەمکی (میساقی خانەوادە) کرد، واتە خانەوادەی ناپۆلیۆن، براکانی و زاوا و کەسە نزیکەکانی بوونە ئامرازی سیاسەتی فرەنسی، لە ١٨٠٦ یەکێك لە زاواکانی بەناوی(مورات Jaochim Murat) کردە شازادەی براگ، لە ١٨٠٦ لویسی برای کرد بە پادشای هۆڵەندا لە ١٨٠٦جوزیفی برای کرد بە پادشای ناپۆلی، جیرومی برای کرد بە پادشای

وستفاليا، بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی بە شێوەیەکی زنجیربەند کردە یەکێتیەکی فیدراڵی لە ئەندامانی خێزانەکەی. دواتر یەکێتی ڕینانی بە جۆرێك مەزن دەبێت کە هەموو ئەڵمانیا دەگرێتەوە، دروشمی پادشایەتیی بەسەر فرتنبرگ و باڤاریا و هانۆڤەردا دابەشکرد کە ئەوانیش کەوتنە ژێر سێبەری تاجی ئیمپراتۆریەت، لە ڕۆژهەڵاتیش شازادەیەکی بۆ پۆڵۆنیا نارد بۆ ڤارسوفیای مەزن کاری بەڕێوە بردنیشی بۆ یەکێك لە ساکسیەکان جێهێشت، بەم جۆرە چەمکی ئیمپراتۆریەت لە ١٨٠٧ بەرەو چەمکێکی نوێ هەنگاو دەنێت ئەویش چەمکی یەکێتی ئەوروپیە.

ئەم سیاسەتە ئەوەندە ناخایەنێت کاتێك لە ١٨٠٩-١٨١٠ ناپۆلیۆن بەرەو سیاسەتی چەمکی یەکخستن دەڕوات، واتە دەستی بەسەر چەند بەشێکی ئەوروپادا گرت و لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی فرەنسیی یەکیخستن، بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گەمارۆی ڕێوشوێنی یەکخستنی گرتە بەر، لە ١٨٠٩ دەوڵەتی پاپای خستە سەر ئیمپراتۆریەت، لە ١٨١٠ هۆڵەندای خستە سەر ئیمپراتۆریەت، هەر لەهەمان ساڵدا چەند هەرێمێکی تریشی بەهەمان شێوە یەکخستن وەکو هانسی، لیرلی واتە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ئەدریاتیك و پورتوگالی لەگەڵ ئیدارەی فرەنسی یەکخست.

لە نێو ئەو هەموو چەمکە ناکۆك و جیایانەدا دەبێت چەمکێکی دیکە زیاد کەین ئەویش (چەمکی دەرەبەگی)یە، چونکە ناپۆلیۆن لە ناوەوەی ئەوروپا زەویی دەبەخشیە ژەنەراڵ و مارشاڵەکانی خۆی، بەتایبەتی لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و بەهۆی پێدانی زەویەوە دەیکردن بە دەرەبەگ.

بۆیە دەبینین کە ئیمپراتۆریەتی ناپۆلیۆن لە ژێر چەمکی جیادا و هەندێك جاریش ناکۆکدا دروستبووە بەبێ هیچ لەیەکچوونێك. ئەوەی هاوبەشە لەم چەمکە جیاوازانەدا چاوتێبڕینەکانی ناپۆلیۆنە بۆ دەسەڵات کە خۆی لە بەرژەوەندیەکانی دارایی و ئابوری و سەربازیدا دەبینیەوە، بەم هۆیەوە ئەو سیاسەتانەی وەکو سیاسەتی فرەنسی بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا سەپاندن. لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە لەم چەمکانەدا هیچ شوێنێك بۆ چەمکی نەتەوی نابینینەوە. دەتوانین بە ڕوونتر سیاسەتی ناپۆلیۆن لە ڕێگەی ئەزموونەکانیەوە نیشان بدەین، بۆئەوەی لە ئەزموونەکانیش بگەین پێویستە بزانین حوکمی ناپۆلیۆن بۆ پیاوەکانی سەردەمی خۆی لەو ماوە کورتەی نێوان ساڵەکانی ١٨٠٥تا ١٨١٠ کە ساڵەکانی جەنگ بوو چۆن بوو؟، زەویەکان لە کەسێکی بەدەسەڵاتەوە بۆ

کەسێکی دیکە دەگواسترایەوە بێ ئەوەی هیچ ناڕەزاییەك لە دا نیشتووانەکان بەدی بکرێت. ئەم ئاڵوگۆڕە کە وەکو گەمەیەکی ناپۆلیۆن بوو لە ژێر ناوی بەرژەوەندیە گشتیەکاندا ئەنجام دەدرا، ئەمەش جۆرێك بوو لە ستەمی حوکمڕانیی. ئێمە چاك دەزانین ئەم گەمە سیاسیانە چ کاریگەریەکی لەسەر پیاوەکانی ئەو سەردەم هەبوو، هیچ متمانە و دڵنیاییەکیان نەبوو، لە دۆخێکی ناسەقامگیردابوون، ئەوەی لەم دۆخە دەستماندەکەوێت ئەوەیە کە دۆخی ئەوروپا لە دڵەڕاوکێدا بوو، هاووڵاتیان لە بارێکی دەروونی خراپدا و بوون، دایکی ناپۆلیۆن ئەم دۆخەی بە دوو قسە دەربڕی وتی:

(گرنگ ئەوەیە لە حوکمدا بەردەوام بین).

بێگومان لەو هەلومەرجەدا دۆخی ئەوروپا بۆ بنیادنانی سیاسەتێکی سەقامگیر لەبار نابێت، بۆیە دەبێت لە ئەنجامەکانی بڕوانین کە زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هەبوو.

**کاریگەری ئیمپر اتۆریەت لە ئەڵمانیا :**

یەکەم تێبینی لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئەڵمانیا ڕوویاندا لە سەر زەوی و سنوورەکان زۆر بوون، بەڵام گۆڕانکاریە سیاسیەکە ئەوە بوو کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی جەرمانیی پیرۆز دەڕووخێت بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاریەك لە ڕای گشتیدا ڕووبدات. تاکە دەنگی ناڕەزایی بۆ ئەم گۆڕانکاریانە لەو کەسانەوە دەبیستران کە هێشتا ئارەزووەکانیان بە مەبست نەگەیشتبوون یا ئارەزوی دیکەیان هەبوون، ئەویش هەندێك لە بارونەکانی ئیمپراتۆریەتی جیرمانی بوون کە هیچ کاریگەریەکیان لەسەر ڕای گشتی دروستنەکرد.

ناتوانین بڵێین کەسێك ناڕازی نەبوو لەم گۆڕانکاریانە، بەڵام ڕای گشتی بێلایەن مایەوە.

## هەموارکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی جیرمانی لە ٢٣ی شوباتی ١٨٠٣

لە ڕووی گەورەیی ئەم گۆڕانکاریانەوە ئەنجامەکانی زۆر لە هی پەیماننامەی وستفالیای ١٦٤٨ دەچوون، هۆکاری ئەم گۆڕانکاریانەش بۆئەوە بوو تا قەرەبووی میرە ئەڵمانیەکان بکەنەوە لە ئەنجامی یەکخستنەوەی بەری چەپی ڕوباری ڕاین بە ئەڵمانیاوە. ئەمان زەوی و مومتەلەکاتیان لەدەست چوون و زیانیان پێکەوت، ئەم پرۆسەیە وەکو سازشێك وابوو میرە ئەڵمانیەکان لە پاریس بە پێدانی بەرتیل لە نووسینگەی تالیران پێی هەستان.

ئەم ڕاستکردنەوەیە بە ڕەزامەندی ڕوسیا و فرەنسا لە دژی نەمسا لە ١٨ی ئابی ١٨٠٣ ئەنجامدرا و ڕادەستی کۆشکی ڤیەننا کرا.

زۆربەی ئەم گۆڕانکاری و هەموارانە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕوویاندا، واتە لە شوێنێك کە زۆرترین دابەشی و وردە دەوڵەتی لێبوو، لەم گۆڕانکاریانەدا سێ ڕێگە چارە گیرانە بەر:

یەکەم /

گۆڕینی ئیمپراتۆریەتی جیرمانیی پیرۆز، ژمارەی نوێنەرەکانیان بوونە ١٠ نوێنەر کە چواریان نوێ دامەزرابوون، شازادەی فرتامبرگ، شازادەی باد، شازادەی هس، کاسل.

دوو نوێنەری مەترانیش دوورخرانەوە کە بریتی بوون لە نوێنەری کۆلۆنیا و تریف، شەش نوێنەرە کۆنەکان بریتی بوون لە: باڤاریا-بالاتینا، بوهیما، براندبورگ، هانۆڤەر، ساکس و ماینس. لە دەستەی نوێنەرەکان چواریان کاسۆلیك بوون: سەرۆکی مەترانیەی ماینس و سالسبورگ و پادشای بوهیما و پادشای باڤاریا. شەشیان پرۆتستانت بوون: (هانۆڤەر، براندنبورگ، ساکس، فرتامبرگ، هس- کاسل و باد).

دەستەی نوێنەرانی شاریش کەمێکیان نەبن ئەوانی دیکە doorخرانەوە. کاتی خۆی ٥١ شاری ئازاد هەبوو، بەڵام ئێستا جگە لە شەشی پرۆتستانت هیچی دیکە نەبوون: (فرانکفۆرت، بریم، لوبیك، نورمبێرگ و ئۆگسبورگ).

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە جوگرافیە دەستەی میرەکان دەگۆڕدرێت، چونکە بە دابڕان لە ئیمپراتۆریەت نوێنەرایەتی دەوڵەتە بچووکەکان نامێنن، ئەمەش زیاترین کاریگەری لەسەر دەوڵەتە کەلیسیەکان بوو چونکە ئەوان لە دەستەی میرەکان بە ڕێژەی ٪٣٧ نوێنەرایەتیان هەبوو، ئەمەش نەما. لە دەستە نوێکە ٧٠ دەنگی پرۆتستانت هەبوون ٥٤ دەنگی کاسۆلیك، ئیمپراتۆریەت ئەمەی بەسەر هەشت بازنە لە جیاتی دە بازنەدا دابەش کرد، بەم گۆڕانکاریە سیمای ئیمپراتۆریەتیش لەڕووی سیاسیەوە دەگۆڕدرێت، میرنشینەکان بوونە پرۆتستانتی، کاسۆلیکەکان نوێنەرایەتیەکی کەمیان بۆ مایەوە،بەو هۆیەوە کاریگەریان کەم بۆوە.

دووەم/

بە نەمانی دەوڵەتی کەلیسا و چینی نەجیبزادەکان جەخت لەسەر زەویەکان دەکرێتەوە و دانیشتووانیان چڕتر دەبێت. لە دەوڵەتە کەلیسیەکان جگە لە ماینس هیچ دەوڵەتێکی دیکە نەمایەوە، ئەویش زەویەکانی لە بەری ڕاستی ڕوباری ڕاین مەترانیەی ڕاتیسبون مابوونەوە.

چینی باروناتی ئیمپراتۆر و شۆڕەسوارانی کە بە (ڕیتر شافت) دەناسران هیچیان نەمان، لەم میانەدا هەندێك دەوڵەت پەرەدەسەنن و مەزن دەبن: باڤاریا، فرتامبرگ، میرنشینی باد، هس، دومشتاد، پروسیا کە پێشتر ڕووبەرەکەی ٢٧٥٩ کم چوارگۆشە بوو دواتر بوو بە ١٢٠٠٠کم چوارگۆشە، ژمارەی دانیشتووانی لە ١٢٥٠٠٠ بوو بە ٥٠٠٠٠ هانۆڤەریش بەهەمان شێوە.

لە ئەنجامی ئەو چڕبوونەوەیەی دانیشتوواندا دەوڵەتە ئەڵمانیەکان لە ٣٦٠ دەوڵەتەوە بوون بە ٨٠ دەوڵەت.

سێیەم/

ڕێکخستنەوەی ئیمپراتۆریەتی پیرۆز بووە مایەی ئەوەی نەمسا  لە ئەڵمانیا بچێتە دەر، پاش ئەوەی زۆربەی مومتەلەکاتە تایبەتیەکانی لێسەندنەوە، وەکو ئەو شارانەی کەوتبوونە سنووری ڕینانی و هەندێك موڵکی بچووك لە دارستانەکانی ڕەش.و قەرەبوی هەندێك لە خزمانی کردەوە لە ئیتاڵیا لە تۆڵەی ئەو زەویانەی لە ئەڵمانیا لەدەستیان دابوو، ئەمەش ڕێکخستنەوەیەکی کاتیی بوو لەم ئاڵوگۆڕانەدا بریسکوو ئۆرتینوی دا بە میرنشینی مودینا.

میرنشینی توسکانای مەزنیشی لەگەڵ میرنشینی سالزبورگ یەکخست، لە بەرامبەردا هەندێك زەویی لە ئەلب وەرگرتن.

نەمسا پانتاییەکی زۆری زەویی لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا لەدەست دان، بەم هۆیەشەوە دەسەڵاتی سیاسیشی لەدەست دا.

بەم جۆرە  ئیمپراتۆریەتی پیرۆز دەگۆڕدرێ بۆ ئیمراتۆریەتی نەمسا، چونکە لە تەك خۆیدا ئیمپراتۆریەتێکی زەبەلاح وەکو ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا دەبینێ کە تاکە ئیمپراتۆریەتی ئەوروپا بوو لەو کاتەدا، نەمسا وردە وردە لە ئەڵمانیا دوور دەکەوێتەوە و ژیانێکی تایبەتی بۆ خۆی دەستپێدەکات و لە داهاتوودا زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوە تا دەستبەرداری ئەڵمانیاش دەبێت بۆ پروسیا.

هەموار کردنەوەی ئیمپراتۆریەت بۆ ئەڵمانیا بووە خاڵی وەرچەرخانی ئەڵمانیایەکی نوێ، چونکە لە نێو خۆیدا چەندین کوتلەی مەزن هەبوون، وەکو بارونەکانی ئیمپراتۆریەت و سوارچاکانی و دەوڵەتی کەلیسا و دواتر ڕژێمی دەرەبەگایەتیی کۆنیشی هەڵوەشاندەوە، بەڵام هیچ سۆزێکی نەتەوی بەدی ناکرێت، واتە شوێنی نەتەوایەتی بە دەستەواژەی ئەڵمانی بوونی نەبوو.

ئەم گۆڕانکاریەی بەسەر ئیمپراتۆریەتدا هات  کورتمەودا بوو، نە لە ڕوی سیاسی و نە لە ڕوی جوگرافی درێژەی نەکێشا. لە ڕوی جوگرافیەوە دەبینین کە تاقیکردنەوەکانی ناپۆلیۆن گۆڕانی خێرایان بەسەردا دەهات و ناسەقامگیر بوون، بۆ نموونە: دەوڵەتێکی هەڵدەوەشاندەوە کە پێشتر خۆی دروستی کردبوو، لە ساڵی ١٨٠٦ سێ شاری دیکە هەڵدەوەشێنێتەوە و سێیان دەمێننەوە، وەکو: هامبورگ وبریم و لوبیك کە لە ١٨١٠ ئەوانیش هەڵدەوەشێنێتەوە. هەندێك دەوڵەتیش

هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێشتر هەبوون، لەوانە دەوڵەتی هس و مابورگ لە ١٨٠٦ و میرنشینی برنسویك لە ١٨٠٧ میرنشینی ئولدانبورگ لە ١٨١٠ لە ١٨٠٦ خاوەندارێتی ئیمپراتۆریەتی بۆ میرەکان هەڵوەشاندەوە. بڕیاری دا هەر میرێك یا بارونێك خۆیان ڕازی نەبن لە کۆنفدراسیۆنی ڕاین وەربگیرێن دەبێت ڕاستەوخۆ ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتە داوابکەن و وەرگرن کە لێی دەژین، ئەمەش فەرمانێکی زۆرەملێیە.

لەو بەدواوە هیچ میر یا هاوڵاتیەك نەما ڕاستەوخۆ سەر بە حکومەتی ناوەند بێت، هەریەکەیان دەبێت سەر بە شوێنێکی دیار بێت.

ناپۆلیۆن ئەو دەوڵەتانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە یارمەتیان دا، وەکو هس-کاسل کە لە هەموارکردنی ئیمپراتۆریەت دروستیکرد و لە ١٨٠٧ هەڵیوەشاندەوە.

دواجار سوێد دەستی لە ئەڵمانیا بەربوو، پاش ئەوەی هەرێمی بومیرانیا هەبوو، پروسیاش نیوەی خاکەکانی لەدەست دا. ئەم گۆڕانکاریانە نیوەی خاکە جێماوەکانی ئیمپراتۆریەتی دەست بەسەردا گرت، چونکە دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا لە دوای ئیمپراتۆر لە ٨٠ دەوڵەتەوە بوونە ٣٨ دەوڵەت، خاکی بێگانەشیان لێ سەندنەوە، واتە هەموارەکەی ئیمپراتۆریەت پەیماننامەیەکی هەمیشەیی لەسەر زەوی جێ نەهێشت و ئەو ڕژێمەی ناپۆلیۆن لە ئەڵمانیا دایمەزراند، ئەویش درێژەی نەکێشا. لە پەیماننامەی برسبورگ ئیمپراتۆریەتی پیرۆزیان لەسەر نەمسا نەهێشت، ئەمەش لە ٦ی ئابی ساڵی ١٨٠٦ ڕاگەیەندرا، بەم بڕیارە نەمسا لە ئەڵمانیای ناپۆلیۆن دابڕێندرا. لەهەمان کاتیشدا ناپۆلیۆن تیجانی پادشایەتیی بە باڤاریا و فرتامبرگ دەبەخشی و لە ١٢ی تەموزی ساڵی ١٨٠٦ کۆنفدراسیۆنی ڕینانیی لە جێگای ئیمپراتۆریەتی پیرۆز دانا، ئەم یەکگرتنەی ١٦ میری ئەڵمانی ڕۆژئاوا و باشوری دەگرتەوە، دواتر بەرفراوانی کرد لە ١٨٠٨ سی و حەوت ئەندامی تری خستنە سەر، واتە نزیکەی سەرجەم دەوڵەتە ئەڵمانیەکان، جگە لە پروسیا و نەمسا ی گرتەوە.

دەستورێکی بۆ یەکێتی ڕینانی دانا تیایدا مافی دەوڵەتان و ئەرکەکانیان و کاری بەڕێوە بردن و بەرژەوەندیەکانی دیاریکرد. لە ڕاستیدا دەستور بە ئەرکی خۆی هەڵنەستا، بۆیە ناپۆلیۆن بە

پارێزەری ڕاین هاتە ناساندن، خۆی(ناپۆلیۆن) سیاسەتی دەرەوەی بەڕێوەدەبرد و فەرماندە سەربازیەکانی دیاریدەکردن، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کۆنفدراسیۆنی ڕینانی لە جێگای دەوڵەتی ئەڵمانی بوو، چونکە لە قەوارەدا هەمان ڕۆڵی دەبینی بۆ یەکخستنی دەوڵەتەکان ئەگەر بە چاوی پارچە بوونی جاران سەیری بکەین.

لەم هەموو ئاڵوگۆڕەدا شتێك نابینین شێوەی بنەماکانی شۆڕشی تێدابێت، باس لە مافی گەلان و حکومەت بکات یا شتێك هەبێت نیشانەی نەتەوە بێت. ئەم گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانە هەمووی ستەمکاری بوون، باشترین بەڵگەش ناسەقامگیری و بەردەوامی لە گۆڕین و هەڵوەشاندنەوە بوو، ئەمانە هەمووی چارەسەری کاتیی بوون بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی ناپۆلیۆن، هیچ ئاماژەیەك نەبوو کە ناپۆلیۆن چەمکێکی نەتەویی ئەڵمانیی هەیە.

هەرچەندە ناپۆلیۆن هیچ چەمك و پێناسەیەکی بۆ نەتەوایەتی ئەڵمانی نەبوو، بەڵام کاریگەریەکانی سوودیان بۆ دامەزراندنی نەتەوەی ئەڵمانی هەبوو. لێرەدا دەبێت ئەم پرسیارە بکەین ئاخۆ تا چەند ناپۆلیۆن کاریگەری لەسەر دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی ئەڵمانی هەبوو؟

پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە چڕبوونەوەی خاکی ئەڵمانیا و هاتنەوەیەکی لە ٣٦٠ دەوڵەتەوە بۆ ٣٨ دەوڵەت ئەمە هەنگاوی یەکەمی ئەو کاریگەریانە بووە، چونکە ئەڵمانیا جارێکی دیکە بۆ ئەو پارچەپارچە بوونە ناگەڕێتەوە و نابێتەوە بە دەولەتی کەلیسا یا خاوەنی شاری ئازاد. لە ئەڵمانیای ناپۆلیۆنیدا تەنها سێ دەوڵەتی بچووك مانەوە کە دانیشتووانی هەر یەکەیان ٥٠٠٠ پێنج هەزار کەس بوون، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیە کەسیەکان و خزمایەتی لەم یەکگرتنەدا ڕزگاریان بوو، ئەوانەش براکەی ناپۆلیۆن لە میرنشینی جیرولسك بوو، هەروەها ئیزنبورگ و ولشتنشتاین.

لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین کە گۆڕانکاریەکانی ناپۆلیۆن ئامادەسازی بوو بۆ یەکگرتن، ناسەقامگیری سیاسی خەسڵەتەکانی یەکێتی و بنەماکانی دەوڵەتیان ڕماندن، ئەو سۆزە کۆنەشی نەهێشت کە لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەت دادەمەزرا و پێکهاتەکان بەیەکەوە دەژیان. ئەنجامێکی

دیکەیش ئەوە بوو کە ئەم سیاسەتە بەشێك لە چینی نەجیبزادەکانی ئەڵمانیان لە باروناتی ئیمپراتۆریەت و سوارچاکانی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵتەکاند. ئەمان ڕاستەوخۆ سەر بە ئیمپراتۆریەت بوون بەهۆی لێسەندنەوەی زەویەکانیان هیچ دڵسۆزیەکیان بۆ ئەڵمانیا نەبوو. چونکە ئەم چینە پارێز بەندی ئیمپراتۆریەتیان لەسەر هەڵدەستێت هیچ ژیانێکی سیاسیان بۆ نامێنێتەوە تا ئارەزووی ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو بکەن.

ئەمە ڕاستیەکانی ئەو کاتە بوون، بەڵام لە داهاتوودا بۆ پرسی یەکگرتن بەرهەمی دەبێت.

## کاریگەری ئیمپر اتۆریەت لە ئیتاڵیا

لەبەرئەوەی ناپۆلیۆن لە ئیتالیا لە کارەکانیدا سەرفراز و ئازاد بوو، کاریگەریەکانی ڕوونتر بوون لەوەی وەك لە ئەڵمانیا هەیبوو، سیاسەتی ناپۆلیۆن لە ئیتالیا سیاسەتێکی نەتەوی بوو، بە دروستبوونی نەتەوەی ئیتاڵیش ئیرادەی خۆی سەلماند، ناونانی کۆماری ئەلب و پادشانشینەکەی بەناوی ئیتالیا خۆی لە خۆیدا دەربڕینی سیاسەتی ناپۆلیۆنە کە مەبەستی بووە ئەم شێوە سیاسیە بەم دوورگەیە بدات. کاتێکیش مالزیی سەرۆك کۆماری کۆنیان هێنا تا تاجی ئیتاڵیا ڕادەستی ناپۆلیۆن بکات لە ساڵی ١٨٠٥، ناپۆلیۆن پێی وت:

من هەمیشە نیازم ئەوە بووە نەتەوەی ئیتاڵی بە ئازادی و سەربەخۆیی ببینم، من ئەم تاجە قەبوڵ دەکەم و لەو ڕۆژگارەی کە بەرژەوەندیەکانم دەخوازێت هەڵیدەگرم.

کەواتە ئیتاڵیا تاکە وڵاتێك بووە کە ناپۆلیۆن ویستویەتی نەتەوەی هەبێت، بەڵام ئایا نەتەوەی لێ بینی؟ خاڵی دەرچوونی کارەکانی ناپۆلیۆن لە ئیتاڵیا بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی بوو. کاتی خۆی خەونی بەوەوە دەبینی کە شوێنێکی لە ئیتاڵیا هەبێت، ئیتالیا یەکەم گۆڕەپانی چاوتێبڕینەکانی بوو، هەر لەوێش بیری لە هەنگاوەکانی دەستبەسەرداگرتنی دەریای ناوەڕاست و سیاسەتی ڕۆژهەڵات دەکردەوە، بۆیە ئیتالیا لە پێگەی سیاسەتەکانیدا بۆ دەریای ناوەڕاست گرنگی هەبوو. لە توانایدا بوو ئیتاڵیا ڕێکبخاتەوە، بەڵام شۆڕش ئیتالیا کۆنەکەی بەسەر یەکدا ڕماند. لە ساڵی ١٨٠٥ بەپێی

پەیماننامەی برسبورگ نەمسا لە ئیتالیا وەدەرنرا، بۆیە ئەو کات ناپۆلیۆن دەستکراوە بوو لە ئیتالیا واتە هەموو شتێکی پێدەکرا ئەگەر بیکردبایە.

لە ئیتالیا ناپۆلیۆن بەرنامەی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکات و سیاسەتی دژ بەیەك پیادە دەکات. لەسەر یەکگرتن هیچ بەرنامەیەکی مسۆگەری بەدەستەوە نەبوو، هەموو بەرنامە و دەسەڵاتەکانی قۆرخ کردبون، خستبوونیە ژێر فەرمانی خۆی، هاو شێوەی ئەڵمانیا هەمان دەستەواژەی جۆراوجۆری بەکاردەهێنا کە لەگەڵ یەك ناکۆك بوون. سنوورە کۆنەکەی پادشانشینی ئیتالیا بوو کە لە ساڵی ١٨٠٥ دامەزرا، بریتی بوو لە ناوچەی بوندقیەی ئاشتەوایی برسبروگ و نوێنەرایەتی پاپا لە باکوری ڕاین، ئەمە لە شێوەی یەکێتی ئیتاڵیای باکورە. جنوە و بیمونت خرانە سەر ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا.

میرنشینی دوسکانا کرا بە پادشانشینی ئیتروبیا لە بەرژەوەندی شازادە بارما، بەڵام ئەم کۆچی دوایی دەکات و میراتەکە بۆ ماری تیرێزای ڕاسپێردراوی دەمێنێتەوە و دواتریش لە ١٨٠٣ بۆ کوڕەکەی.

لە ساڵی ١٨٠١ ناپۆلیۆن کۆماری لوقا و میرنشینی ماسا-کارارەیەی بە (ئەلیزا بوکشیو کشی)ی خوشکی بەخشی. دواجار لە ساڵی ١٨٠٥ بڕیاری بە ڕووخانی خانەوادەی ئال بوربون دا لە ناپۆلی، پادشانشینەکەشی بە جوزیفی برای بەخشی لە ٣٠ی ئاداری ١٨٠٦، لە ساڵی ١٨٠٨ زاواکەی لە جێگا دانا.

ناپۆلیۆن زەویەکانی لە ١٢ دەرەبەگ سەندەوە بۆ مارشال و ژەنەراڵەکانی خۆی لەگەڵ دوو میرنشین: میرنشینی بینیفن ی دا بە تالیران و میر نشینی بونت_کورفری لە (کامبانیا) دا بە برنادوت و هەروەها پادشانشینێکی تایبەت بەخۆی دامەزراند، نەك بە فەرەنسا.

واتە ناپۆلیۆن چوار ڕێچکەی گرتە بەر:

١/ ڕێچکەی تایبەتی

٢ / ڕێچکەی فیدرالیزم، هاوشێوەی ئەوەی لە ئەڵمانیا بینیبوومان.

٣/ ڕێچکەی زنجیربەندی/ ئەویش بە دامەزراندنی میرنشینی ناپۆلی بۆ براکەی و لۆقای خوشکی بوو.

٤/ ڕێچکەی دەرەبەگایەتی، ئەوەی ئەنجامیدا بۆ مارشاڵەکان و تالیران و برنادوت.

دوای ئاشتەوایی تیلیست لە ٧ی تەموزی ١٨٠٧ هەندێك گۆڕانکاری ڕوویاندان، کە بریتی بوون لە: هەڵوەشاندنەوەی پادشانشینی ئیترووریا و خستیە سەر ئیمپراتۆریەت دوای ئەوەی کردی بە شازادەنشینێکی مەزن و لیزای خوشکی کرد بە شازادەی ئەویّ لە ٢٤ ی ئایاری ١٨٠٨ . بارماو بلیزای خستەوە سەر ئیمپراتۆریەت و لە نیسانی ١٨٠٨ زەویەکانی پاپا کە لە نێوان گوندەکانی ڕۆمانی و ئەدوباتیك گەمارۆ درابوون خستنیە سەر پادشانشینی ئیتاڵیا. لە شاباتی ١٨٠٨ ڕۆمای داگیرکرد، دەوڵەتی پاپای لە ٢٧ی مایسی ١٨٠٩ لەگەڵ ئیمپراتۆریەت یەکخست.

دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانین جیاوازیەکانی نێوان ئیتاڵیاو ئەڵمانیا دەستنیشان بکەین، لە ئیتالیا هەموو شتێك بە سێ نازناوی جیا لە ژێر دەسەڵاتی ناپۆلیۆندا بوو:

١/ دەوڵەتی کەسی: لەلایەن جێگرێکی پادشاوە بەڕێوەدەبرا، وەکو( پادشانشینی ئیتاڵیا) و توسکانا کە ئەلیزای خوشکی بەڕێوەی دەبرد.

٢/ دەوڵەتێك ڕاستەوخۆ سەر بە دەسەڵاتی فرەنسا دەبێت: ڕۆما، جنوە، بیمون، کە ببوونە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی فرەنسی.

٣/ دەوڵەتێك کە لە ڕێگەی کەسێکەوە یا دەوڵەتێکەوە بەڕێوەدەبرێت، وەکو پادشانشینی ناپۆلی.

بەم شێوەیە ڕژێمە کۆنەکەی ئیتالیا نەما، لە ئیتاڵیا تەنها جەختکردنەوە لەسەر زەوی بوونی هەبوو: پادشانشینی توسکانا، دەوڵەتی کۆنی پاپا، پادشانشینی ناپۆلی، ئەمانە هەموویان هەبوون، لە تواناشدا بوو یەکیتی ئەنجام بدرێت بەڵام نەکرا.

بۆیە ناتوانین بڵێین ناپۆلیۆن لە ئیتاڵیا یا لە ئەڵمانیا سیاسەتێکی نەتەویی هەبوو یا دروستیکرد. ئەی ئەو سیاسەتە چی بوو کە ناپۆلیۆن لە ئەوروپا پیادەی کرد؟

ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانەی ناپۆلیۆن ئەنجامیدان لە پارچەپارچەبوون دەکرێت بڵێین دەبووە مایەی یەکبوونی نەتەوی، مامۆستا لوفیگەر بیردۆزی سیاسەتی ناپۆلیۆنی نمایش کرد و ناوی نا سیاسەتی ناپۆلیۆنی کشوەریی دوای پەیماننامەی تیسلیت. بە دیدی خۆی گوایە ناپۆلیۆن ویستوویەتی ئەوروپا بە یەکخستنی ئیمپراتۆریەتی فرەنسی کە لە ١٨٠٥ دایمەزراندبوو یەکبخات، بەم شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو دەبێتە ئیمپراتۆریەتێك هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، ئیمپراتۆریەتی یەکگرتووی خاوەن یەك سیاسەت، وا پێدەچێت کە ناپۆلیۆن بەم ئیمپراتۆریەتە تازەپێگەیشتووە ویستوویەتی  کاری بەڕێوەبردن و مەرجە کۆمەڵایەتیەکان ڕێکبخات، هەر ئەم هۆکارەش بوو بیرۆکەی (یاسای مەدەنی) یا (یاسای ناپۆلیۆنیی ) دانا.

ئەم گریمانەیە بەهێزە، مامۆستا لوفیگەر لە کتێبی (ناپۆلیۆن) زیاتر دەوڵەمەندی دەکات، بەڵام ئەگەر ئەم گریمانەیە لە دیدی نەتەوی سەیر بکەین، کە هەر ئەمەشە مەبەستمان، دەبینین لەگەڵ بنەماکانی نەتەوایەتی ناکۆکن، چونکە جۆرێکە لە نوێکردنەوەی مۆدەی سەدەی هەژدەهەم لە هزری پادشایەتیی گشتی کە لە سەدەکانی شانزەهەم و حەڤدەهەم لە بەرژەوەندی شارلۆکان ولویسی چواردەهەم گەشەیان کردبوو.

چەمکی سیاسەتی کشوەری بە دیدی بیردۆزی فرەنسی جگە لە یەکخستنی ئەوروپا بە فرەنساوە هیچی تر نیە، دیارە ڕوونیشە کە ناپۆلیۆن بۆ سوودی فرەنسای بوو نەك ئەوروپا، چونکە ئەو ڕێنماییانەی کە بەو پادشا و حاکمانەی دەدا،کە خۆی دایمەزراندبوون، هەموویان یەك ڕێنمایی بوون. بە لویسی برای وتبوو: ( دەبێ تۆ فرەنسی بیت). بۆ مورات Jaochim Murat دەنووسێت: ( ئاگادار بە کە من تۆم کردووە بە پادشا بۆ ئەوەی سیاسەتەکانم بەڕێوەببەیت). بۆ کارۆلینی خوشکی دەنووسێت: (بەر لە هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە بکەیت کە بۆ فرەنسا گونجاوە، ئەگەر پادشانشینەکانمان دروستکردن، دەبێت فرەنسا سوودیان لێ وەرگرێت). ئەگەر ئەوەی ناپۆلیۆن پێێ ڕاگەیاندوون جێبەجێیان نەکردبا و سیاسەتی ئەویان پەیڕە و نەکردبایە ئەوا ڕەخنەی

لێدەگرتن و ئەگەر پێویستی بکردبا لەگەڵ فرەنسا یەکیدەخست و میرنشینەکەی لێ هەڵدەوەشاندەوە، هەروەك لە هۆڵەندا کردی.

لە ڕاستیدا سیاسەتی ناپۆلیۆن لە هەموو شوێن و کات وەك یەك نەبوو، لە گەلێك شوێن ناکۆك بوو، بۆ هەر دەوڵەتێك بە جۆرێك بوو.

دەبوو هەندێك جار ناپۆلیۆن مەودایەك بۆ هزری نەتەوایەتی جێبهێڵێت، بەڵام ئەمەی وەکو ئامراز بەکاردەهێنا، ئەوەتا لە ڕێگەی شاعیرێکی هەنگاری بە ناوی باکسانی لە ١٥ی ئابی ١٨٠٩ بانگەوازێکیان بۆ بڵاودەکاتەوە:

دەڵێت:( دەبا وەکو نەتەوە هەست بکەن) بەڵام هەنگاریەکان بە پیر ئەم بانگەوازەوە نەچوون، چونکە دەیانزانی ئەمە ئامرازێکە بۆ مەبەستێکی تر.

وتەکانی ناپۆلیۆن بۆ لویسی برای لە هۆڵەندا هزری ناپۆلیۆن لەسەر نەتەوایەتی ئاشکرا دەکەن، ئەو سوودەکانی هۆڵەندای بۆ دیاریدەکات ئەگەر گوێڕایەڵی بێت، ئەگەر لویس گوێڕایەڵ بووایە ناپلیۆن هۆڵەندای بە باکوری ڕۆژئاوای ئەڵمانیاوە دەلکاند، هەروەها دەڵێت:

(ئەگەر وا بوویتایە دەبوویتە هەوێنی ئەو گەلانەی کە ڕقیان لە ئەڵمانیایە، ئەمەش ئامانجی سیاسەتە کەمە) ئەوەتا ئەم لێدوانەی بە پێچەوانەی نەتەوایەتیە، چونکە بەم بیرۆکەیە ئەڵمانیەکان ڕۆحی نەتەوایەتی ون دەکەن.

**کاریگەری ئیمپر اتۆریەت لە پۆلۆنیا:**

باشترین نموونە کە تیایدا بۆچوونی ناپۆلیۆن لەسەر یاریکردن بە چەمکی نەتەوایەتی ئاشکرا دەکات پۆلۆنیایە، بوونی قەوارەی پۆلۆنیا لە ڕاستیدا جگە لە کارتێکی یاریی دبلۆماسی و سەربازی لە نێوان ناپۆلیۆن و ڕوسیای قەیسەر هیچی دیکە نییە. لە لای قەیسەرەوە نیشانەکانی سەلماندن زۆرن: لەوانە چارتوریسکی لە کانوونی دووەم و نیسان و کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٠٦ یاداشتێکی

دایە قەیسەر و زۆر هەوڵی لەگەڵ دا تا وەکو پادشای پۆلۆنیا بکات، بینێرێتە دەوڵەتی پۆ پۆڵۆنیا و لە دەوری ڕوسیا یەکیتیەکی فیدراڵی سلاڤی ڕابگەیەنێت  بۆ پاراستنی ڕوسیا، پێی گوت ئەمە باشترین چارەسەرە وەکو بنکەیەکی سیاسی ڕوسی کە مەبەستیەتی دەست بەسەر تورکیا و دەریای ناوەڕاستدا بگرێت، بەڵام قەیسەر گوێی پێنەدا.

لەلای ناپۆلیۆنیش پۆڵۆنیا هەمان شت بوو، چونکە تورکیا و پۆلۆنیا لە ڕۆژئاوا و باشورەوە هاوسنوورن لەگەڵ ڕوسیا و لە دەریای ناوەڕاست و ئەوروپای دادەدەبڕن و لێێ دوور دەخەنەوە. پۆڵۆنیا وەکو ئامێرێك بەدەست ناپۆلیۆن مایەوە، لە کۆتایی ساڵی ١٨٠٨ دانوستان لە نێوان ناپۆلیۆن و شازارەدی خوشکی کاترینا بوو بۆ هاوسەرگیریان، ئەوکات پۆڵۆنیا لە سازشدا بوو بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردن، ئەو کات ناپۆلیۆن بەوە ڕازی بوو پۆلۆنیا بدات بە قەیسەر لە بەرانبەر هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکیدا. لە ساڵی ١٨٠٩ ناپۆلیۆن خواستی ئەوەی هەبوو هاوپەیمانێتی لەگەل ئەلیکسەندەر ببەستێت لە دژی نەمسا و گالیسیاش وەکو بەشی نەمسا بە قەیسەربدات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ناپۆلیۆن لەم کارەیدا ڕەچاوی هەستی پۆڵۆنیەکانی نەکردووە.

لە ساڵی ١٨٠٩ لەو ئۆپەراسیۆنە جەنگیەی ڕوسیا و پۆلۆنیا دژی نەمسا لە گالیسیا، دەبینین کە پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ڕوسی و پۆڵۆنی ڕوودەدات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سیاسەتەکان دژ بەیەکن، لە پەیماننامەی ڤیەنا لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٠٩ ڕوسیا دەستی بەسەر بەشێکی گالیسیادا گرت کە هی نەمسا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پۆڵۆنیەکان سۆزیان بۆ ناپۆلیۆن هەر هەبوو، وەکو ئەلبیر سوریل دەڵێت:

(هێزی ئەفسانەی پۆلۆنیەکان تەنها لەگەڵ هێزی قوربانیەکانیان یەکسانە)

کاتێك ناپۆلیۆن دێتە ڤارسوفیا دوای تێکشکاندنی سوپای پروسی لە ساڵی ١٨٠٦ پۆڵۆنیەکان لێێ دەئاڵێنەوە و ژمارەیەکی زۆریشیان چوونە ڕیزی سوپای فەرەنسی و متانەی زۆریان بە ناپۆلیۆن هەبوو، ئومێدیان دەخواست کە ڕۆژێك پۆڵۆنیا لەسەر دەستی ئەو ببوژێتەوە، گوایە ناپۆلیۆن دوای ئازاد کردنی تیلیست مەبەستی بووە دەوڵەتێکی میرنشینی ڤارسۆفیای مەزن دامەزرێنێت کە

پۆڵۆنیەکان ئەمەیان پێ نەدەکرا. میرنشینی ڤارسوفیا لەلایەن فرەنساوە دامەزرا نەك لەلایەن شازادە نوێکەی (ساکس پادشا) کە لە دریسدن مایەوە بێ ئەوەی بایەخ بە دەوڵەتە نوێکەی بدات.

پۆڵۆنیەکان لە ٢٢ی تەموزی ساڵی ١٨٠٧ بوونە خاوەنی دەستوری خۆیان، ئەنجوومەنی یاسادانانیان لە دوو ئەنجوومەن پێکدەهات: یەکەمیان لە نەجیبزادەکان و دووەمیان لە ڕێگەی دەنگدانەوە لەو نوێنەرانە پێکدەهات کە باجی دەوڵەتیان دەدا، ئەم نوێنەرایەتیە شتێکی گرنگ نەبوو چونکە لە ماوەی دوو ساڵدا تەنها ١٥ ڕۆژ کۆدەبوونەوە. لەتەك ئەم حکومەتە ناوەندییە ناپۆلیۆن دۆخێکی نوێی دروستکردبوو بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی حکومەت لەسەر سیستەمی فرەنسی، بۆ یەکەم جاریش بوو پۆڵۆنیا ببێتە خاوەن بەڕێوە بەرایەتی گشتی و دەستەی تایبەتی و فەرمانبەری پیشەیی خۆی. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئیمپراتۆر بوو لە ساڵی ١٨١٠ یاسای مەدەنیی لە میرنشینی ڤارسوفیای مەزن پیادەکرد، دوای ئەوەی یاسای کۆیلایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە ئەمەش ئەو دەستکەوتانە بوون کە بۆ جووتیارەکانی جێبەجێکردن.

پۆڵۆنیای ناپۆلیۆن خەسڵەتێکی ئوروستوکراتیی هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا نەجیبزادەکان لە سیاسەتی ناپۆلیۆن نیگەران و بە دڵەڕاوکێ بوون، چونکە لەوە دەترسان کە ناپۆلیۆن لەمە زیاتر بەلای جووتیارەکاندا بشکێتەوە و لە پێناو ئازاد کردنی جوتیاران لێیان بەدور کەوێتەوە، تەنانەت گەورە موڵکدارەکانیش دابەشی سەر دوو لایەن ببوون، هەندێکیان وەکو چارتوریسکی ڕقیان لە فرەنسا بوو سۆزیان بۆ ڕوسەکان هەبوو، هەندێکی دیکەیشیان بە پێچەوانەوە لایەنگری فرەنسایان دەکرد، وەکو بونیا تروسکی. بەڵام ڕۆحانیەکان حاڵیان باش بوو، دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا بوو، چونکە حوکمی فرەنسی دەستی لە سامان و سەروەت و دەسەڵاتەکانی ئەوان نەدابوو بەدەستیانەوە مابۆوە، بەڵام ئەوان لە دۆخی میرنشینی ڤارسۆفیای مەزن دەترسان کە ئازادی بڕوا پەرستیی ڕاگەیاندبوو، ئەمەش لە نێو ماسۆنیەکاندا بڵاوەیکردبوو. هەروەها ترسیان لە جووەکانیش هەبوو کە مافی ئازادیان پێ درابوو، بەڵام ئەم هەڵوێستانە دەگۆڕدرێن کاتێك پاپا لەلایەن ئیمپراتۆرەوە دەچەوسێندرێتەوە.

له میرنشینی ڤارسۆفیای مەزن کێشەی مەزن خرانە پێش ناپۆلیۆن، بەڵام ئەم میرنشینە درێژەی نەکێشا، پۆلۆنیاش نەیتوانی بەم دۆخە خواستەکانی نەتەوەیی پۆلۆنیا جێبەجێ بکات، تەنها کەمێك نەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا پۆڵۆنیەکان ئەم دۆخە ئارامەی دوور لە ئەوروپیەکان و لەژێر سێبەری ناپۆلیۆنیان پێ باش بوو بە هەندیان دەزانی، ئەوان ٥٣ هەزار سەربازیان پێشکەش بە ناپۆلیۆن کرد، لە هێرشەکەی ڕوسیاش ٩٠ هەزار سەربازی پۆلۆنی لە نێو سوپاکەی فرەنسیدا هەبوون کە ١٣ یان ژەنەراڵ بوون، لەوانە دووانیان دەکوژرێن یەکێکیان مارشاڵ بونیا تووسکیی بەناوبانگ بوو. ٦ سەرکردەی پۆڵۆنیش لە سوپای فرەنسی لە ساڵی ١٨١٥ پلەی ژەنەراڵیان پێدرا، تا دواییش بەشێك لەو سوپایەی پۆڵۆنی لە فرەنسا  وەکو کۆچبەر لە نێو ڕیزەکانی سوپای فرەنسیدا مانەوە.

پۆڵۆنیا نموونەی سیاسەتی ناپۆلیۆنە لەسەر نەتەوەکان، بۆیە ناتوانین بڵێین کە ناپۆلیۆن هاوکاری بزوتنەوە نەتەوەیەکانی ئەوروپای کردووە. لە ڕاستیدا نەتەوەکان هیچ سوودێکیان لە حوکمی ناپۆلیۆن وەرنەگرت، تەنها کاردانەوەی ئەوان دژی دەسەڵاتی ناپۆلیۆن بۆتە هاوکاری بۆ هەستانەوەی نەتەوەکان.

**کاردانەوەی نەتەو ایەتی دژی حوکمی فرەنسی:**

هەڵبەت ئەگەر سوودەکانمان لێ وەدەرنان، ئەوەی لە شۆڕش زیانی پێکەوت ئەگەر لایەنی حکومی بێت یا خاوەن ئیمتیازە تایبەتیەکان، دەبینین کە بە شێوەیەکی گشتی ئەوروپا پێشوازیی لە شۆڕش کرد. ئەو دەستکەوتە مەزنەش کە فرەنسا لە ئەنجامی شۆڕش بەدەستی هێنا، هەر زوو ناپۆلیۆن لە ناویان دەبات، بۆیە لە هەموو لایەکەوە کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە مایەی دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی لە لایەن ئەو گەلانەی کەوتنە ژێر دەستی ناپۆلیۆنەوە. بەم

شێوەیە ناپۆلیۆن نابێتە خاوەنی دروستبوونی ئەم هەستەی نەتەوایەتی بەڵکو ئەم هەستە دژی چەوسانەوە و حوکمی ناپلیۆن لەدایك دەبێت.

گوایە کاردانەوەکان وەکو یەك نەبوون، لە هەموو وڵاتەکانیش ڕوویان نەدا. لەو وڵاتانەش کە ڕوویداوە هۆکارەکان وەکو یەك نەبوون. ئێستا توێژینەوەیەك لەسەر ئەو کاردانەوانە دەکەین بە پێی سروشتی ڕووداوەکە.

**١/ ئیسپانیا**

بەر لە هەموو شوێنێك خەباتی نیشتمانی وەکو کاردانەوە دژی ناپۆلیۆن لە ئیسپانیا سەریهەڵدا. ئەوەی شیاوی باسە ناپۆلیۆن نە لەو بڕوایەدا بووە ئەمە ڕوو بدات نە پێشی نیگەران بووە. ئیسپانیا لە سەردەمی پادشا ماری لویزەوە بە هێمنی و ئارامی ژیانیان بەڕێوە دەبرد، تا ئەو کاتەی فرەنسا هەوڵی دا پێ بخاتە ناو خاکەکەیان، ئیدی لەو دەمەوە کاردانەوەکان دەستیان پێکرد. ناپۆلیۆن لە پرۆسەی مامەڵە کردن لەگەڵ ئیسپانیەکان ئەو پەڕی بێ بەزەیی بووە و دڕندەیی بەرانبەریان بەکارهێناوە، بەڵام ئەو لەوە بێ ئاگا بوو کە ئیسپانیەکان خەسڵەتێکی تایبەتیان هەیە، دەیگوت:



(ئیسپانیەکانیش وەکو گەلانی دیکە بە ڕژێمی ئیمپراتۆریەت دڵخۆش دەبن).

لەگەڵ ئەمەشدا دژایەتیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئیسپانیای کرد، بەهۆیەوە هێزەکانی پەرشوبڵاو بوون بۆ دامرکاندنی ئاگری شۆڕش، دابەشکردنی سوپاکەی لەو تیلمە درێژانەی خاکی

ئیسپانیا، سوپاکەی تووشی شپرزەیی و شکست کرد کە بە دروستیی ڕێکی نەخستبوون، هەروەها سەرکردە سەربازیەکانی باش پەروەردە نەکردبوو، ئەوان لە نێو خۆیاندا ناکۆك بوون، بە دووری ناپۆلیۆن سەربەخۆ دەجووڵانەوە، ئەگەر ناپۆلیۆنیش ئامادە بوایە یەکگرتوو بوون! دیارە ئەگەر بە هاوکاری سوپای ئینگلیز نەبووایە نە سوپا نیزامیەکەی ئیسپانیا نە شۆڕشگێڕەکانی لە توانایاندا نەبوو لە فرەنسیەکان ڕزگاریان بێت، باڵادەستیی کەشتیەکانی ئینگلیز لە دەریاکاندا بووە مایەی بەردەوامی بەرگریەکان تا کۆتایی.

لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە باس لە ڕووداوەکانی ئیسپانیا بکەین، ئەوەی گرنگە لامان کاردانەوە نەتەویەکانە، یەکەم خاڵی داگیرکردنی ئیسپانیا لە باکورەوە بوو بە بیانوی پاراستنی ڕێگەی گەیاندنی سوپای فرەنسی بۆ پورتوگال کە ژەنەرال جونو لە دواییەکانی ساڵی ١٨٠٧ و سەرەتاکانی ١٨٠٨ فەرماندەیی دەکرد. مورات Jaochim Murat لە ئادار چووە ناو مەدریدەوە، ئەم هەنگاوە کارەکانی ئاڵۆز کردن و بووە مایەی دەستلەکارکێشانەوەی پادشا شارلی چوارەم و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بایونا. ناپۆلیۆن نارەزایی خۆی بۆ فردیناندی کوڕی شارلی چوارەم دەربڕی بەرانبەر بەم کارەی باوکی. لە ٥ ی ئایاردا تاجی پادشایەتی درا بە ناپۆلیۆن، ئەویش دای بە جوزیفی برای وکردی بە پادشای ئیسپانیا، ئەنجوومەنێکیان هەڵبژارد، دیارە حکومەتی فرەنسیش ئامادەکاریی بۆ کردبوو لە نێو چینەکاندا دەست نیشانی کەسانی گونجاوی کردبوو، لە ١٥١ ئەندام تەنها ٥٩ ئەندامیان ئامادە دەبن، هەر چۆنێك بێت ئەم ئەنجوومەنە بە دانانی جۆزیف پۆناپەرت وەکو پادشای ئیسپانیا قایل دەبن و دەستورێکی پادشایەتی لە ٢٠ تەموزی ١٨٠٨ بۆ ئیسپانیا دادەنێن. هەر زوو کاردانەوەی ئیسپانیا بەرانبەر بەم کارەی فرەنسا دەرکەوت، لە ١٧و ١٨ ئادار بزوتنەوەیەکی یاخیبوون لە ئارانجویز دژی حکومەتی گودوا دەستیپێکرد و توانیی حکومەتەکەی بڕووخێنێت.

دوای دوو مانگ لە هاتنی فرەنسا بۆ ناو مەدرید لە ٢ی ئایار بزوتنەوەیەك دەتەقێتەوە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ مورات Jaochim Murat زۆر نامرۆڤانە سەرکوتی دەکات، ئیسپانیەکان بەمە

نەوەستان، بەڵكو سەرلەنوێ دەستیان بە هەلگریسانی شۆڕش كردەوە. ئەی ئەم شۆڕشە لە كێ پێكهاتبوو؟:

لە ئیسپانیا بۆرژوازی نییە تەنها لە بەندەرەكان نەبێت، بەتایبەت لە قادس، بۆیە فرەنسا پێویستی بە چینێك بوو وەكو شوێنەكانی دیكەی ئەوروپا قبووڵی دەسەڵاتەكانی بكات، بەڵام لە ئیسپانیا هەموویان دژی وەستا بوونەوە.

**سوپای نیزامی**

نابێت وەكو یاخیبوونێكی گەلەری سەیری شۆڕشی ئیسپانی بكەین، چونكە ڕاستەوخۆ سوپای ئیسپانی دژی داگیركاری فرەنسا وەستایەوە و بوو بە دوو بەش، لە باكور تا باشوری وڵات، لەلایەك لە ئەندەلوس و لەلایەكی دیكەش لە گالیس و كاتەلۆنیا ڕووبەڕوویان بوونەوە، سەركردەكانی ئەم سوپایە: كاستانوس بالا فاكوس، گالوزو، بوون. ئەگەر هاوكاریەكانی ئینگلیز نەبووایە سوپای ئیسپانیا بەرانبەر بە سوپای فرەنسی هیچیان پێ نەدەكرا، ئەوەبوو ئینگلیز سوپای لە پۆرتوگال دابەزاند. ئەوەی لە ئیسپانیاش ڕوویدا بە پێچەوانەی ڕووداوەكانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا بوو كە سوپاكەیان هاوكاری داگیركەریان دەكرد، بەڵام لە ئیسپانیا هیچ هاوكاریەكی سەربازی لە نێوان ئیسپانیا و فرەنسادا نەبوو.

**گەل**

گەلی ئیسپانی سەلماندی كە دۆستی داگیركەر نیە و دەمارگیریی ئاینییان هەیە، تەنانەت ئەم هەستەیان بەرانبەر بە ئینگلیزەكانیش نیشاندا، هۆكاری ئەم دەمارگیریەیان دژی فرەنسیەكان دەگەڕێتەوە بۆ داگیركاری و ئەو زیانە مادیانەی بە هاووڵاتیان گەیاندبوو. پێویستە تێبینی ئەوەش بكەین كە ئەو یاخیبوونە یەكەم جار لەو شوێنانە سەر هەڵدەدات كە داگیر نەكرابوون و تا ئەوكات سوپای فرەنسی نەچووبوونە ناوی، بۆیە هەستەكان سەرچاوەیان لەو زیانانە گرتبوو كە

به هاووڵاتیان گەیشتبوون، بەو هۆیەوە هەموویان لەگەڵ یەکتر هاوسۆز بوون، بزوتنەوەکە سەرەتا لە هەرێمی ئەستوریا و گالیس ئەندەلوس سەریهەڵدا.

هۆکارێکی دیکەی هەستانەوەی گەل بە ڕووی داگیرکاری فرەنسیدا، ڕۆحانیەکان بوون کە هانی جووتیارەکانیان دا دژیان بووەستنەوە، هەروەك ئەوەی لە ئیسپانیەکان دەزاندرێ کە دژی بێگانەن ئەو بێگانەیەش داگیرکەری فرەنسیە کە هۆکاری کاولکردن و وێرانکردنی کەلتوور و ژێرخانی وڵاتە بۆیە وەستانەوە لە دژیان ئەرکێکی نیشتمانیە.

**چینی نەجیبزادەکان**

چینی نەجیبزادەکان بەوە ناسرابوون کە هەستێکی خۆبەزلزانییان هەیە بەرانبەر بە سەروەری نیشتمان، هەروەك ئەم هەستە لای گەلی ئیسپانی بەگشتی دەبیندرێت، ئەوەی زیاتر ئەم هەستەی وروژاند ڕەخسانی دۆخی سیاسیی وڵات و هێنانەخواری حکومەتەکەیان بوو بۆیە دژی گۆداو دواتریش دژی فەردیناد وەستانەوە ئەوکاتەی کە زانیان دەستی خستۆتە نێو دەستی بێگانە، دواتر ئەوان لە هەموو توێژەکان زیاتر دژی هەر چاکسازیەکی فرەنسی بوون، چونکە بەهۆیانەوە ئیمتیازەکانیان لەدەست دابوون، بەتایبەت ئیمتیازە کۆمەڵایەتیەکان، دواتر کاتێك هەست دەکەن ئەم چاکسازیانە لە شێوەی چاکسازیەکانی ئینگلیزن، هەڵوەشاندنەوەی مافی دەرەبەگایەتی و یەکسانی هاوڵاتیان بۆ نەجیبزادەکان واتای کۆتایی پێگەی کۆمەڵایەتیانە. بەم شێوەیە و بەم هۆکارانەوە لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٠٨ مارکیز سانتا کزوز لە ئوفیدو شۆڕشی ڕاگەیاند.

## ڕۆحانیەکان

ڕۆحانیەکان یا پیاوانی ئاینی لە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونەکەدا کەسانی بنەڕەتی بوون، بۆیە ناپۆلیۆن ناوی نا ( یاخبوونی ڕۆحانیەکان)،ئەمان لە ئیسپانیا ژمارەیان زۆر بوو، ٦هەزاری هاوچەرخ و ١٠٠ سەد هەزاری نیزامییان هەبوو، ئەمان لەبەر چەند هۆیەك ڕقیان لە فرەنسیەکان بوو:

١/ شۆڕشی ڕۆحانیەکانی چەوساندبۆوە.

٢/ ڕژێمی فرەنسی نوێنەرایەتی ڕژێمێکی گلوبالیزمی کۆمەڵایەتیی دەکرد، ناپۆلیۆن خۆشی کاری ناڕەوای دژی پاپا ئەنجام دابوو کە ببووە مایەی ناڕەزایی ڕای گشتیی کاسۆلیکەکان. ئەگەر هەندێك کەس دەرکەین، دەتوانین بڵێین هەموو ڕۆحانیەکان دژی فرەنسا وەستانەوە و سەرکردەکانیان (بزوتنەوەی کێشەکانیان) دامەزراند.

لە ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٠٨سەرۆکی ئەسقوفەکانی ئەشبیلیە لە ڕۆما بۆ برادەرەکەی دەنووسێت و دەڵێت:

(تۆ باش هەست دەکەی کە ئێمە نابێت دان بە پادشایەکی لۆسەریی ماسۆنی وەکو ئەو پۆناپەرتی و فرەنسیانەدا بنێین)، لە یاخیبوونەکەشدا هەندێك لە ڕۆحانیان ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو، وەکو سەرۆك ئەسقوفی گەرناتە و سەرۆك ئەسقوفی ئەشبیلیە و ئەسقوفی سانتاندر. ئەسقوفەکان نامەیان بۆ ڕۆحانیەکان دەنارد تا ئەوان چیان پێ باشە بیکەن بە بەلاغ و بڵاویانکەنەوە، هەندێك لەو بەلاغانە دەستیان بەسەردا گیرا. لە یاخیبوونەکەشدا هەمیشە پیاوە ئاینیەکان سەرپەرشتی و فەرماندەیی شۆڕشگێڕە خۆجێیەکانیان دەکرد، وەکو کالفۆی یاساناس کە لە ڤالانسیە لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشگێڕەکان بوو، کە ٣٣٨ فرەنسیی کوشت! . لەگەڵ ئەمەشدا ڕژێمی فرەنسی ڕێزی لە پیاوانی ئاینیی دەگرت!، لە دەستوری بایوندا پرسی گلۆبالیزم کردنی وڵات پرسێکی سەرەکی نەبوو، بەڵکو پرسی بە فەرمی ناساندنی مەزهەبی کاسۆلیك وەکو تاکە ئاینی وڵات پرسی سەرەکی بوو. کاتێکیش ناپۆلیۆن مەدرید داگیر دەکات دادگای پشکنین هەڵدەوەشێنێتەوە و دێر و

کەلیساکانیش دەستیان بەسەردا دەگیرێت و موڵك و سامانیان لێ زەوت دەکات، دیارە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ڕاپەڕینی ڕۆحانیان لە دژی فرەنسا.

بەم شێوەیە لە ئیسپانیا هیچ شتێك بەدی ناکرێت کە پشتگیری هزرەکانی فرەنسی بکات، خوێندکاران لە کالیە وسالامنکا و فلادولیدا لە پێشەوەی جەنگاوەران بوون. ڕژێمە کۆنەکەی ئیسپانی کاری کردبووە سەر بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی و ئاینی لایەنگرانی فرەنسی. لە کۆمەڵگای ئیسپانیای هاوچەرخدا هیچ هێزێك نەبوو دژی بزوتنەوەکانی بەرگری بوەستێتەوە و پشتگیری لە فرەنسیەکان بکات. بەم واتایە دەتوانین بڵێین کە سەرجەم کۆمەڵگای ئیسپانی دژی هێزەکانی فرەنسی بوون.

ئەم کێشەو مل ملانێ یە خەسڵەتێکی تایبەتیی هەبوو کە پێویستە ڕوونی بکەینەوە:

**یەکەم/ دژواریی کێشەکە**

دژواری کێشەکە لەو خەسڵەت و تراژیدیانە بەدی دەکرێن کە لە ئەنجامی داگیر کاری فرەنسیدا بە سەر ئیسپانیەکاندا هاتن، کێشە و ململانێکە شێوەی توندوتیژی و کوشتار و تیرۆری وەرگرت. زیندانیەکان ئەشکەنجە دەدران، باشترین نموونەش ئەوەبو کە بەسەر تیپەکەی ژەنەراڵ دوبون دا هات، ئەم ڕووداوە لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکدا دەبێت بەناوی (ڕادەستکردنی بایلن) کە لە ٢٢ی تەموز واژۆ دەکرێت. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کاتێك تیپەکە گەمارۆدرابوون برسێتی و تینوێتی تەنگیان پێ هەڵدەچنێت، دەبوایە لە ڕێگەی دەریاوە ئەندامانی تیپە سەربازیەکە ڕەوانەی وڵاتی خۆیان بکرێنەوە، بەڵام ڕەوانەی زیندانی دوورگەی کابریکا کران و بە برسی کردن تا مردن حوکم دران. دیارە ئاساییە کاتێك ئیسپانیەکان بەم جۆرە مامەڵە دەکرێن ئەوانیش لە کوشتن و سووتاندنی بەرانبەریان درێغی نەکەن، دژواری شەڕ و ململانێکە نیشانەی نیشتمانپەروەری ئیسپانیەکان بوو. دەکرێت لێرەدا نموونەیەك لەسەر ئەو دژواریە بێنێن، ئەویش گەمارۆی سرقستە یە، ئەم گەمارۆیە ماوەی دوو مانگ دەخایەنێت تا لە شوباتی ساڵی ١٨٠٩ ماڵ بە ماڵ

دەستی بەسەردا دەگیرێت و دە پشکێندرێت، لەو ئۆپەراسیۆنە ٦٠٠٠٠ شەست هەزار هاووڵاتی دەکوژرێت و ٥٨٠٠٠ پەنجاو هەشت هەزاریش بەهۆکاری نەخۆشیەوە گیان لە دەست دەدەن.

**دووەم/ گشتگیریی بزوتنەوەکە**

بزوتنەوەکە لە گالیسەوە سەرپهەڵدا و دواتر لە ئەستوریا، لە ئەندەلوس و شوێنەکانی دیکەیش تا سەرتاپای دوورگەکە دەگرێتەوە، شێوەی یاخیبوونەکە بە پێکهێنانی لیژنەی خۆجێیی دەستیان پێکرد، کە پێیان دەوت (خونتە) واتە (لیژنەی شۆڕشگێڕەکان) چەکدارەکانی لە خۆ دەگرت، ئەم چەکدارانە لە شارو کۆڵانەکان دەخولانەوە ئەرکی پۆلیسیان بەڕێوەدەبرد، ئەم چەکدارانە لەگەڵ چەکدارە میلیشیاکان هاوکاری سوپای نیزامیان دەکرد، هەندێك جاریش ئەگەر سوپایان لەتەك نەبووایە بە تەنها دەجەنگین. لەم میانەدا نزیکەی ١٧ لیژنەی شۆڕشگێڕی لە هاووڵاتیان دامەزران. هێزەکانی فرەنسی و ئۆپەراسیۆنەکانیان لە بەرانبەر بەشداری سەرجەم هاووڵاتیاندا شلەژان، هەرچەندە سوپای فرەنسی لە هەندێك شوێن سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، بەڵام ئەمە لە بەرانبەر ئەو بەرگریە گەلەریەی ئیسپانیەکاندا هیچ ناگەیەنێت، دەبووایە هێزەکانی ئیسپانی بە بێ هاوکاری ئینگلیزەکان هیچ سەرکەوتنیکیان بەدەست نەهێنابا، بەڵام هێزەکانی یاخیبووان لەتوانایاندا بوو سنگ بە دوژمن بگرن و پێشوەچوونیان لێ ڕاگرن.

**هوشیاری هەستی هەرێمچیایەتی**

ئاڵان لە دەوری شۆڕش بە واتای یەکێتی نایەت، لیژنە شۆڕشگێڕیەکان (خونتە) لە ناوخۆدا ڕکابەری یەکتریان دەکرد، ئەوان دووتیپ بوون: تیپی باکور و تیپی باشور، خونتەی گالیس خۆنتەی ئەستوریای و قشتالە ی کۆن و لیون ی لەگەڵ خۆ یەکخست، بەڵام دووانەکەی دوایی جیابوونەوە.

له باشوریش خونتەی ئەشبیلیە بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە خۆی خونتەی ئیسپانیا و هندە، بەڵام حکومەتێکی هاوبەشی پێکنەهێنا، تەنانەت ژەنەراڵ کونت تیللی ڕازی نەبوو کە سوپای خۆنتە لە هەرێم دەرچێت، خونتەی گەرناتەش کە دراوسێی بوو دانی بە دەسەڵاتی خونتەی ئیسپانیادا نەنا، لە ساڵی ١٨٠٩ خونتەی مورسیٚ کە لە ژێر فەرماندەی فلوریدا بلانکادا بوو پێشنیاردەکات کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکان بکرێت بە نوێنەرایەتی خونتەی هەرێم لە ئارانجوویز، ئەو ئەنجوومەنە لە نەجیبزادە و ڕۆحانیەکان پێکهاتبوو. لە دیالۆگ و گوفتارەکان لەسەر دەستەواژە سیاسیەکان بووە دەمەقاڵەیان لە سەر شێوازی حوکم، لەم میانەدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە وەزارەتێکی سەربەخۆ بۆ ئیسپانیا دامەزرێنن، چونکە ژەنەراڵەکان قەبووڵیان نەبوو بچنە ژێر باڵی خونتەکان و مەبەستیان بوو بە بێلایەنی بمێننەوە، بەڵام ئەم وزارەتە دەسەڵاتەکانی تەنها بەسەر دوو هەرێمدا جێبەجێ دەبوو، ئەوانیش قشتاڵەی کۆن و لیون بوون، ئەم ئەنجامە بۆ ئێمە گرنگە: چونکە لەم پرسەوە هەستی هەرێمچێتی ئیسپانیەکانمان بۆ دەردەکەوێت، ئەگەر ستەمی ناوەندیش نەبێت، ئەمە خەسڵەتی بزوتنەوە ئیسپانیەکان بوو لە سەدەی نۆزدەهەم بە گشتی و بەشێك لە سەدەی بیستەم.

ئەوەتا لە یاخیبووندا تۆوی دابەشبوون بەدی دەکەین، کە دواتر ڕەنگدانەوە و کاریگەریەکانی باشتر دەبینین، لە ساڵی ١٨٠٩ جافلانوس توانیی ڕەزامەندی خونتە وەدەست بێنێت بۆ ئەنجام دانی کوبونەوەی کورتز، واتە ئەنجوومەنی نەتەوایەتی، کورتز لە ئەیلولی ١٨١٠ لە قادس کۆدەبێتەوە، ئەندامانی کورتز لەلایەن خونتەی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەو هەرێمانەی کە تا ئەوکات لە لایەن فرەنساوە داگیر کرابوون، بۆیە نەدەکرا هەڵبژاردنی لێ ئەنجام بدرێت، ئەندامەکانیان یا لە قادس لە لایەن کۆچبەرانی هەرێمەکانیان دیاری دەکران یا ئەنجوومەنی ڕاسپاردن دیاری دەکردن. بەم شێوەیە ٣٦ نوێنەر لە کۆلۆنیالەکانی ئەمریکی دامەزرێندران، ئەمە نیشانەی پێکهاتەی ئازادی ئەنجوومەنەکەیە، قادس ئەوکات تاکە شوێن بوو کە بۆرژوازی و هەڵگرانی هزری ئازادی لێ بوو، بۆیە ئەو ئەنجوومەنەی لەم جێگایە و لەم دۆخەدا دادەمەزرێت لەگەڵ بۆچوونەکانی ئیسپانیا نایەتەوە، ئەم ئەنجوومەنە جێگای ڕەزامەندی ڕای گشتی ئیسپانی و

یاخیبووەکانی نابێت، یاخیبووەکان دژی شۆڕش بوون، ئەوان لایەنگری ڕژێمە کۆنەکە بوون، ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٨١٢ دەستورێك دادەنێت کە هاوشێوەی دەستوری فرەنسای ساڵی ١٧٩١ دەبێت بە دەستکاریەکی زۆر کەم، ئەویش داننان بە ئاینی کاسۆلیکی وەکو تاکە ئاینی وڵات و ئاینەکانی تر قەدەغە دەبن، لەگەڵ ئەم هاوبەستەگیەی ئاینیش ڕۆحانیەکان ئەم دەستورەیان ڕەتکردەوە، ئەندامانی ئەنجوومەن بڕیاریان دا دادگای پشکنین هەڵوەشێننەوە و ژمارەی دێرەکانیش کەم کەنەوە. ئەم دەستورە ئازادە کە ئیسپانیای کۆنەپارێز لە ساڵی ١٨١٢ لەخۆی گرت کاریگەریی لەدوای خۆی جێدەهێڵێت:

بوو بە بنەمای دابەشبوونی سیاسی لە ئیسپانیا لە ساڵەکانی دوای کۆنەپەرستی، لە ساڵەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ئیسپانیەکان لەگەڵ یەکتردا لە شەڕێکی سیاسیانەدا بوون، دژ یا لە پێناو دەستوری ١٨١٢، دواتر ئەم دەستورە زیاتر بایەخی دەبێت، چونکە دەبێتە کارنامەی شۆڕشگێڕەکان لە ئیتالیا دژی پادشا ستەمکارەکان و پەیماننامەی پیرۆز.

لەم بزوتنەوە نەتەویە جۆراوجۆرانەی ئیسپانیادا دیاردەیەکی تایبەت دەبینین، ئەویش هەستی بەهێزی نەتەوایەتیی ئیسپانی تێکەڵاو بە هەستی نیشتمانپەروەری و کەلتووری ئیسپانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لە بەرانبەر کاردانەوەیەکی توند داین، بەڵام لە ڕووی هزرەوە زۆر سادە وئاسانە، چونکە کاردانەوەیەکی نیشتمانیە دژی داگیرکەرێکی بێگانە.

## ٢/ ڕوسیا

له ڕوسیا شتێك دەبینین هاوشێوەی ئیسپانیا، ڕوسەکان بەو ڕووداوە دەڵێن شەڕی ١٨١٢ (شەڕی نیشتمانی) . خۆی له ڕاستیدا هێرشەکەی ڕوسیا داگیرکاری و مەترسیدارترین هێرش بوو، لەوەتەی شەڕی سوێد له دژی (بوترسی مەزن) ڕوویداوە هێرشی لەم جۆرەی به خۆوە نەبینیوە، دەکرێ ئەمەش هەڵەیەکی ناپۆلیۆن بێت له ترسی به گەلەریکردنی شەڕەکە، ناپۆلیۆن کاتێك پۆڵۆنیای داگیر کرد و خستیه سەر ئەو هەرێمانەی ڕوسیا له میرنشینی ڤارسۆفیای مەزن داگیریکردبوون، ئەوکات ئەو بوێریەی نەبوو لای پۆڵۆنیەکان شەڕەکه بکاته شەڕی گەلەری، دواتریش مەبەستی بوو پۆڵۆنیا و لیتوانیا یەکبخات و بۆ ئەم مەبەستەش نیازی بوو دانوستان لەگەڵ ڕوسیادا بکات بەڵام ترسی هەبوو، نەیتوانی جووتیارە ڕوسەکانیش بێنێ زەوییان بەسەردا دابەش بکات و یاسای کۆیلایەتی هەڵوەشێنێتەوە. ئەگەر ئەم دوو هەنگاوەی بهاویشتبایە به دڵنیاییەوە جووتیارە ڕوسەکان و سەرجەم پۆڵۆنیەکانی بۆلای خۆی ڕادەکێشا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی ئەم دەرفەتەی لەدەست دا.

خەسڵەتی نەتەوایەتی زۆر بەڕوونی به شەڕی ساڵی ١٨١٢ وە دیار بوو، ئەمەش له دوا کتێبی مێژوونووسی ڕوسی (تارلیە) کە  به ناونیشانی (هەڵمەتی ١٨١٢) نووسیبووی ئەم بۆچوونه دەسەلمێنێت.

کاردانەوەکانی نەتەوی دژی فەرەنسیەکان ئەوە بوو سەرجەم ڕوسەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون که به هیچ شێوەیەک دانوستان لەگەڵ فەرەنسیەکاندا نەکەن که چەندین جار ناپۆلیۆن هەوڵی دا لەگەڵ حکومەتی قەیسەر ئەلکسەندەر دابنیشێت، تا دوا ساتەکان لەم هەوڵانەی بەردەوام بوو بەڵام قەیسەر ڕازی نەبوو. هێرشەکەی ناپۆلیۆن دوو پرسی خسته بەردەم ڕوسەکان:

١/ یا شەڕەکه به بەرگریکردن کورت کەینەوە و خاکەکانمان ڕزگار کەین، ئەمە بۆچوونی مارشاڵی پیر کونوزوف و پیرەکانی ڕوسی بوو.

٢/ یا بە پێچەوانەی ئەمە درێژە بە شەڕەکە بدەین و دوای ڕزگارکردنی خاکەکانمان ڕاوەدوی ناپۆلیۆن بنێین تا لە ئەوروپا وەدەری دەنێین و دەیڕووخێنین،  ئەوروپیەکانیش ڕزگار دەکەین، ئەمەش بۆچوونی قەیسەر ئەلیکسەندەر و دەورو بەر و کۆچبەر و بێگانەکان بوو.

شتەکانمان بۆ ڕوون دەبنەوە، زیاتر لە وەی لە کتێبەکەی تارلیە دا هاتووە:

ئەویش ئەوەیە کە بزوتنەوە چەکداریەکانی نەتەوی بوون و هێزەکانی فەرەنسایان شکست پێهێنا، خاپورکردنی گوندەکان و وێرانکردنی ئاواییەکان بوونە هۆکاری لەناوچوونی سوپای فەرەنسی نەك سەرما و بەستەڵەك هەروەکو باسی دەکەن، چونکە سەرمای ئەوێ ساڵێ ئەوەندە  سارد نەبوو، دواتر ئەو کاتەی سوپای فەرەنسی دەستی بە شکان کرد کەش و هەوا خۆش بوو، دوای ئەوەی سوپا شکاوەکەی فەرەنسی گەیشتە سمولنسك ئینجا سەرماکە دەستیپێکرد. کاتێکیش سوپاکەی فەرەنسا بە سەر ڕوباری بیریزینادا تێدەپەڕێت ڕوبار بەستەڵەك نەبوو، کەواتە سەرما نەبووە هۆکاری شکستەکەی فەرەنسا، بەڵکو بەرگری چەکدارە گەلەریەکانی ڕوسیا بوون.

سوپاکەی ناپۆلیۆن لە ڕوسیا ڕووبەڕووی بەرگریەکی توندی خەڵکی ڕوس دەبێتەوە، ئەم هێرشە بۆ ڕوسەکان بووە مایەی یەکگرتن و کاردانەوەی توند دژی هزرە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوا. ئەم بزوتنەوەیە بە دوو ناوی ناودار دێتە ناسین، یەکێکیان مۆسیکژەنە ناوی (گلنا) یە، ئەوی دیکەیان مێژوونووس (کارامزین)ە، ئەمان دامەزرێنەری ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی ڕوسی بوون، لە هزری فەرەنسی و ئەقڵیەتە نورانیەکەی تێر ببوون، بەڵام کاتێك بە چاوی خۆیان هێرشە دڕندانەکەی سوپای فەرەنسی دەبینن لێی هەڵدەگەڕێنەوە.

### ٣/ هۆڵەندا

کەلتووری نەتەوایەتی لە هۆڵەندا زۆر بەهێز بوو، کاتێکیش هێرشەکانی فەرەنسا دەستپێدەکەن زیاتر دەست بە کەلتوورەکانیانەوە دەگرن. کۆماری باتافی چاکسازیە سیاسیە بنەڕەتیەکانی جێبەجێ کردن، بۆیە توانیی سەربەخۆیی خۆی بەرانبەر بە فەرەنسا بپارێزێت، کاتێکیش ناپۆلیۆن لویسی برای کردە پادشا لە هۆڵەندا، لویس لەجیاتی ئەوەی ڕێنماکانی براکەی جێبەجێ بکات، لایەنگری هۆڵەندیەکانی دەکرد لە دژی فەرەنسا، بەمەش تاجی پادشایەتی لە دەست دەدات. هۆڵەندیەکان ناڕازی بوون لە چاکسازی زەویوزار کە فەرەنسیەکان مەبەستیان بوو بەسەریاندا بسەپێنن، دیارە لە ١٨١٠ بەدواوە بەرژەوەندیەکانی هۆڵەندا بەهۆی ئەو گەمارۆ کشوەریەی ناپۆلیۆن بەهێز سەپاندبووی زیانی ئابوریيان پێدەکەوێت، بەهۆی ئەم زیانە ئابوریانە سۆزی نەتەوایەتی هۆڵەندیەکان زیاتر دەبێت.

هۆڵەندیەکان قایل نەبوون یاسای مەدەنی و یاساکانی فەرەنسی و کەمکردنەوەی سێیەکی سوودەکانی قەرز و زیاد کردنی باجەکانی فەرەنسی لە وڵاتیان جێبەجێ بکرێن، بۆیە سوودە مادیەکان هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبوون جگە لە کاریگەری مەعنەوی نەبێت.

یەکێك لە ئەنجامەکانی حوکمی فەرەنسی ئەوەبوو کە خانەوادەی پادشایەتی هۆڵەندا کە خانەوادەی ( ئۆرنج) بوون لای خەڵك خۆشەویستتر دەبن، بەم هۆکارە بوو کە لە ساڵی ١٨١٥ لە سەرەتای حوکمی پادشایەتی کۆن خەڵك پێی ڕازی دەبنەوە و دەنگی پێ دەدەن.

لەم ڕووداوانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کاردانەوەی نیشتمانی لەو وڵاتانە دەردەکەوێت کە پێشتر نەتەوە بوون، ئەوانیتر تەنها ڕوخساری ڕق و کینەیان تێدا دەبینرێت نەك هزری نەتەوایەتی، ئەم دیاردانەش تەنها دیاردەی تاکە کەسین بەرانبەر بە سۆزی نیشتمانی دژی داگیرکاری ناپۆلیۆن دەریدەبڕن. ئەم کاردانەوەیەش یا لە تاکی کۆمەڵەوە دەبێت یا لە حکومەتەکان بە جیا.

ئەگەر کاردانەوەکە لە حکومەتەوە بێت ئەمە نیشانەی بەهێزی مەرکەزیەتی دەوڵەتە لەهەمان کاتیشدا سۆزی نیشتمانپەروەری و نیشتمانچێتییە کە ڕێگرە لە توانەوەی دەوڵەت، وەکو پشتگیری بۆ ئەم بیرکردنەوەیە نموونەی دوو دەوڵەت دەهێنینەوە:

باڤاریا و پروسیا.

## ٤/ باڤاریا

باڤاریا لە سەردەمی حوکمی فرەنسی گەیشتە قۆناغی دەوڵەتە نوێکان، ئەمەش بە هۆی ئەو چاکسازیانەی (کونت دوموگلاس)ی وەزیری باڤاری ئەنجامی دابوون لە ساڵی ١٨٠٠ دەستیپێکرد و لە دەستپێکی ١٨٠٧ ی حوکمی پادشایەتیدا بەردەوام دەبێت، لە ١٨٠٨ دەستوری وڵات دادەنێت. ئەم بزوتنەوە چاکسازیە بە پشتگیری فرەنسا ئەنجام درا، دەرەنجامی ئەم چاکسازیانە بەهێز کردنی بنیاد نانەوەی دەوڵەت بوو، چەند خزمەتگوزاریەکی گشتیی بنیاد نانەوە، وەکو پەروەردە وفێرکردن و پۆست و ئەمبولانس و چەند بوارێکی دیکەی خزمەتگوزاری ئابوری و باجەکانی وڵاتی یەکخستن، لەم ڕووەوە هەندێك باجی نوێی بەسەر هەمووواندا سەپاندن و گومرگی ناوخۆی هەڵوەشاندەوە، باجی لەسەر زەویەکان دانا.

حکومەتێکی ناوەندیی لە شێوەی وەزارەتەکان دامەزراند لەگەڵ ئەنجوومەنی دەوڵەت و ئەنجوومەنی نوێنەرانێکی خەیاڵی چونکە بەڕێوەبردنی حکومەت پەرلەمانیی نەبوو، وڵاتی بەسەر چەند بازنەیەکدا دابەشکرد، بۆ هەر بازنەیەك ئیدارە و شارەوانی خۆی هەبوو. موڵکەکانی پادشا و خەرجیەکانی لە بودجە و کۆی خشتەی دەوڵەت جیاکردەوە، بەم شێوەیە دەوڵەتی نوێی باڤاریای دامەزراند .

لە ڕووی ئاینیشەوە دۆخەکان بەم شێوەیە دەگۆڕدرێن:

له ١٨٠٣ لێبوردنی ئاینیی دەرکرد .

له ١٨٠٥ بڕیاریدا خوێندکاری ئاینه جۆراوجۆرەکان وەرگرن.

له ١٨٠٩ دۆخێکی تایبەتیی بە پروتستانتەکان بەخشی.

له ١٨٠٢ و ١٨٠٣ سامانی دێرەکانی دەست بەسەردا گرتن.

حکومەتی باڤاری کاری بە ڕێنماییەکانی (یوسفی) کرد کە لە ساڵی ١٧٨١ دەرچووە (بەهۆیەوە کەلیسا لە ڕووی بڕواوە پابەندی پاپا دەبێت، ئەندامەکانیشی سەربە دەوڵەت دەبن).

دیارە بڕیارنامەی لێبوردەیی ئاینیشی لە ساڵی ١٨٠٩ لەم وەرگرتوە، بەم پێیە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆما پەیوەندیی حکومەتەکان دەبن، ئەم ڕێکارانە نابنە مایەی دروستکردنی سازانێکی تایبەتی چونکە پاپا قەبووڵی نەبوو.

حکومەتی باڤاریا بە چاکسازی کۆمەڵایەتیش هەستا، بەڵام نەك بە ئاستی چاکسازی سیاسی:

له ١٨٠٧و ١٨٠٨ چینی تایبەتیان نە هێشت لەگەڵ ئەنجوومەنەکانیان و باجی کەسی و چینی کۆیلەکان.

چینی بارونات ئەوانەی لە ئیمپراتۆریەتی جیرمانی جیاببونەوە وەك خۆی هێشتەوە، هەر چەندە ئەم چاکسازیە کۆمەڵایەتیانە تا سەر نامێنن بەڵام هەرچۆنێك بێت ئاماژەیەك بوون بۆ نەمانی سیستەمە دەرەبەگایەتیە کۆنەکە و دروستبوونی کەسایەتیەکی سیاسیی تاك بەئومێدی ئەوەی ببێتە مایەی یەکبوون لە داهاتوودا.

حاڵەتی هاوشێوە لە وڵاتانی دەوروبەر بە جیاوازیەکی کەمەوە دەبینین هەروەك (فرتانبورگ) ومیرنشینی (باد)، دەتوانین بڵێین ئەم دوو قەوارەیە بوونە ڕێگر لە یەکگرتنی باڤاریا لەگەڵ ئەڵمانیا، لەم حاڵەتانە ناوەندێتی دەوڵەت خۆی دەسەلمێنێت لە کاتێکدا پێشتر تاکڕەوەی سیاسیمان دەبینی، ئەم ناوەندێتیەش جۆرێکە لە پێشکەوتنی نەتەوی، بەڵام نەتەویی خۆجێیی بۆ دامەزراندنی یەکێتی هەندێك هەستیارە.

### ٥/ پروسیا

ئەم حاڵەتە لەسەر پروسیاش جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئەنجامەكانی لە ئەنجامی وڵاتانی تر مەزنترن، لە پروسیا گۆڕانكاری تاكە كەسی ناوەخۆیی ڕاستەوخۆ لە سەرتاسەری ئەڵمانیا بەدی دەكرێت، چونكە ڕێكخستنی پروسیا بۆ ئەڵمانیا لە ڕێكخستنی باڤاریا  گرنگتر بوو، هەرچەندە هەردووكیان لە ژێر چاودێری و سانسۆری فەرەنسادا بوون، بەڵام پروسیا تاكە دەوڵەتی ئەڵمانیا بوو كە سەربەخۆیی خۆی لەم ڕووەوە پاراست، وێڕای ئەوەی نیوەی ڕووبەرەكانی بەدەستەوە مابوون لەگەڵ ئەوەشدا دەستی بە كەلتووورە كۆنەكەی خۆیەوە گرتبوو.

ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی بۆ نوێكردنەوەی پروسیا دران دەبووایە هەموو ئەڵمانیا لە ژێر دەستی فەرەنسا ڕزگار بكرێت چونكە ئەم بزوتنەوانە بە ڕاشكاوی دژی فەرەنسیەكان بوون جا ئەم ئیرادەیە ئەگەر لای خەباتگێڕان هەبووایە یا بەهۆی ئەو كاولكاری و ستەمەی فەرەنسیەكان هەستی هاوڵاتیانیان پێ ببزواندبا و بە ئەمری واقع قایل بوونایە.

نوێبوونەوەی پروسیا كارێكی پروسی خۆی بوو هی حكومەت و سوپاكەی نەك لە ئەنجامی شۆڕش ڕوویدابێت، ئەمەش لە ژێر كاریەگەری نەتەوی و ڕووداوەكاندا ڕوویدا، ئەم پارتە نەتەویە پروسیە پارتێك بوو لە شێوازی پارتە كۆنەكان بوو، حەزی تەنها لە شەڕوشۆڕ بوو، لە دیوانی پادشایەتیدا بوو هیچ نوێبوونەوەیەكی بەخۆوە نەدیبوو جگە لە هاتنە ناوەوەی چەند كەسێكی بێگانە كە لە ئەڵمانیاوە هاتبوون. ئەم پارتە وێڕای ئەو دۆخە قورسانەی وڵات پێیدا تێدەپەڕی كاری بۆ دامەزراندنی هێزێكی پروسی دەكرد، لەوكات حكومەت تەنها لە كونیكسبورگ بوو سوپای فەرەنسیش تا ئەوسا براندبورگی داگیركردبوو تا ١٨٠٨ لێی مایەوە.

سازیی پروسیا لەمانە پێكهاتبوو:

## دامەزراندنی سوپا

شارنهورست کە خەڵکی هانۆڤەر بوو بەم ئەرکە هەستا و دواتر ڕووی لە پروسیا کرد، لەم کارەی هەر یەك لە گنیزنون ئەلسکسوتی و چەند ئەفسەرێك لە پروسیا وەکو کاوز ویتز هاوکاریان کرد، سەرەتا ئەرکی شارنهورست و هاوڕێکانی پاکسازی بوو لە نێو فەرماندەکانی سوپا و ڕێکخستنیان، سوپای پروسیان کرد بە شەش هەزار سەرباز، خوێندگایەکی سەربازی و فەرماندەیەکی گشتیی جەنگیان لە نوێوە لەسەر سیستەمی فرەنسی دامەزراند، بەتالیۆنی هاوەنیان نوێکردەوە و سەربازی یەدەگیان پێشنیارکرد، بەهۆی ئەم نوێکاریانە سەرکردایەتی پروسی ئەو پەیماننامەیە واژۆ دەکەن کە دەبێت سوپای پروسیا لە ٤٢ هەزار زیاتر نەکات، بۆ زیاد کردنی سوپا بڕیاریاندا ڕێنماییە سەربازیەکان بدەن بە جووتیاران کە زانیاریان نیە و بۆ سەربازی ئاسایی بانگ ناکرێن، پێدانی ڕێنماکان بەم شێوەیە دەبێت کە بۆ ماوەی مانگێك بانگی سەربازگەکان دەکرێن و لەوێ فێری زانیاری و ڕێنماکانیان دەکەن و دواتر دەگەڕێندرێنەوە شوێنەکانی خۆیان. لە شوێنەکانی خۆشیان ئەفسەرەکان یا کۆنە سەربازەکان لە کاتی مۆڵەتدا لە ڕۆژانی پشوودا ڕاهێنان و مەشقیان پێدەکردن، ئەم جۆرە سەربازانە کە دوای مانگێك لە پێدانی ڕێنما و زانیاری سەربازی پێیان دەوتن کرمبر( سواری فریاکەوتن). بەم شێوەیە فەرماندەکانی سوپای پروسی توانیان سوپایەکی یەدەك لەم جووتیارانە دروستکەن بۆ کاتی پێویست لە کاتێکدا جووتیاران ڕێنما سەرەتاییەکانی سەربازیشیان نەدەزانی. هەوڵێکی دیکەیان بۆ نوێکردنەوەی سوپا ئەوەبو کە بورژواکان بخزێننە نێو سوپای پروسی پاش ئەوەی بە پشکنین و ڕاهێنانی ڕێنما سەربازیەکاندا تێدەپەڕن.

بەڵام سوپای پروسی بەلای هەندێك کەسەوە چ فرەنسی یا بە تێگەیشتنی نەتەوی هەمان سوپا کۆنەکەی جاران مایەوە کە سوپای نەجیبزادەکان بوو نەك هی گەل و چینە ئاساییەکەی میللەت.

لەو سوپایە تەنها نەجیبزادەکان پلەی ئەفسەریان هەبوو، پێدانی پلەی ئەفسەریش تەنها بەدەست پادشا بوو، ئەو ئەفسەرانە لە کاتی بوونی شوێنی خاڵی پالێوراوی تایبەتی خۆیان بەرز

دەکردەوە بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکان، دەزگای دادگای شەرەف و ئەفسەرە کۆنەکان بەدەست خۆیانەوە بوو، ئەم دوو دەزگایەش بە هەستی دژایەتی بۆ فرەنسیەکان جۆش درابوو.

**چاکسازی حکومەت و ئیدارە:**

جگە لە سوپا پرۆسەی چاکسازیی حکومەت و ئیدارەشی گرتەوە، ئەمە کاری شتاین بوو دواتر هاردنبرگ گرتیە دەست، لەم پرۆسەیەدا سیستەمی حوکمڕانیی کۆن هەڵوەشێندرایەوە کە بۆ سەردەمی فریدریکی دووەم دەگەڕایەوە، حکومەتی پادشایەتی گۆڕدرا بە حکومەتێکی شەش وەزارەتی، سیستەمی هەرێمەکانیش گۆڕدرا، بۆ هەر هەرێمێك حاکمێك دانرا، لە ساڵی ١٨١٠ هاردنبورگ دەسەڵات دەگرێتە دەست، بۆ هەر وەزیرێك ڕاوێژکارێك دادەمەزرێنێت و وەزارەتەکانیش پەیوەندییان بەخۆیەوە دەبێت.

لە ساڵی ١٨٠٨ شتاین سیستەمی شارەوانیەکانی گۆڕی، هەمووی خستنە ژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنێکی ڕاسپاردە، بۆ هەر شارەوانیەکیش ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو دانرا کە دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆکی شارەوانی و یاریدەدەری هەبێت. ئەم ئەنجوومەنە لە سەر بنەمای ڕێژەی باجدان دادەمەزرێت نەك بە سیستەمە کۆنەکە. لە ساڵی ١٨١٢ تیپی (دەرەك) سوپای خۆبەخش، دامەزرا. بەم شێوەیە حکومەت بووە خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز کە بتوانێت بەسەر ئاژاوە سیاسیەکانی (فردریك گەلیوم)ی سێیەم و هەموو ڕکابەرە ناوخۆییەکانیدا زاڵ بێت، کە لە دەوری کۆ ببونەوە و بەهۆیانەوە لاوازی پروسیا دەرکەوتبوو، لەم ڕووەوە شتاین دەڵێت: ( پێویستە دەوڵەت بە ئۆرگانیك بکرێت نەك ئامێریی بێت).

**چاکسازی کۆمەڵایەتی:**

ئەو زیانانەی لە ئەنجامی شەڕو پێکداداندا لە ڕۆژهەڵاتی پروسیا کەوتن، بوونە هۆی ئەوەی چاکسازی زەویەکان و دووبارە کۆکردنەوەیان لەلایەن میرەکانەوە کارێکی یەکجار پێویست بێت:

- لەساڵی ١٨٠٧ بڕیاردرا میرەکان مافی ئەوەیان هەبێت جووتیارەکانیان لە زەویەکان بێبەش کەن.

- کۆمەڵە جووتیارێك بە زەویەکانیانەوە لەگەڵ زەویەکانی خۆیان یەکخەن.

بۆ پاراستنی بەرژەوەندی جووتیارەکانیش:

- هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی.

- پێدانی مافی بەخاوەنبوونی زەوی بە جووتیاران بڕیاری لەسەر درا.

- هەروەها بڕیار درا کە دەبێ میرەکان زەویی دیکە بۆ جووتیارەکان ئامادە بکەن لە بەرانبەر ئەو زەویانەی لێیان سەندراونەتەوە. ئەمەش چارەسەریەکی مامناوەندیە لە نێوان هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و پاراستنی مافی نەجیبزادەکان.

لە هەمان کاتدا باجی داهاتیان خستە سەر هاووڵاتیان بۆ پەیداکردنی داهاتی دەوڵەت. ئەم دوو چاکسازیە، چاکسازی دەرەبەگایەتی و چاکسازی باج، ئەنجوومەنی (لاندتاگ) لە پروسیای ڕۆژهەڵات پەسندی کردن، بەم هەنگاوە نوێنەرانی بۆرژوازی زیاد دەکەن و هاوکات دەنگدان بووە لەسەر بنەمای کەسی نەك چینایەتی. دواتر ئەم چاکسازیانە بە گشتگیری بەسەر هەموو هەرێمەکاندا دابەشکران و لە ساڵی ١٨٠٧ جووتیاران لە وەرگرتنی موڵکی کۆیلەکان سەرفراز کران.

هاردنبرگ لە ساڵی ١٨١١ چاکسازی دیکەی خستە سەر ئەم چاکسازیانە، کە بریتی بوون لە:

- بەخاوەنکردنی بەکارهێنەرانی زەویەکان.

- نەدانی سوخرە و کرێی زەویەکان بە دەرەبەگەکان، بەمەرجێك جووتیاران لە سێیەکی زەویەکان دەستبەردار بن بۆ میرەکان.
- هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەکان بووە هۆکاری ئەوەی جووتیاران ببن بە کرێکاری بە ڕۆژانە.

ئەم چاکسازیانە لەلایەن نەجیبزادە پروسیەکانەوە ناڕەزایی لێکەوتەوە، گەیشتە ئەو ئاستەی کە شتاین و هاردنبرگ خەریکبوو پشت بە ڕای گشتی ببەستن بۆ جێگیر کردنی ئەو بڕیارە. شتاین وای دەبینی کە دەکرێت ئەنجوومەنی هەرێمەکان چاك بکرێن و ئەنجوومەنێکی نەتەویش بەپێ دەنگدانی سەرانە دابمەزرێندرێت، بەڵام لە بەر ناڕەزایی ئۆپۆزسیۆن لە بۆچوونەکەی پەشیمان دەبێتەوە. ب هاردنبرگ لە ساڵی ١٨١١ ئەنجوومەنی کەسایەتیەکانی دروستکرد بۆ ڕاوێژکردن لەسەر چاکسازی، وێڕای ناڕازیبوونی نەجیبزادەکان لە ١٨١٢ ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی دامەزراند، بۆ هەر هەرێمێك دوو نوێنەر و بۆ گوند و شارەکانیش مەرجی موڵکداریی بۆ دانان، لەڕاستیشدا ئەم ئەنجوومەنە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیی نەبوو.

بۆیە پروسیا وەکو دەوڵەتێکی ئوروستوکراتی مایەوە و چینی نەجیبزادەکانیش دژی ڕێکخستنی نەتەوی وەستانەوە، پێیان وابوو ئەمە خۆی شۆڕشێکە، تەنانەت ئەو کاتەی لە ٢٤ تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٠٨ ناپۆلیۆن شتاینی لە کار لادا، ئەوان دڵخۆش بوون. لەم بارەیەوە یورك لە ٢٦ی هەمان مانگ دەنووسێت و دەڵێت:

(ئا ئەوەتا سەرێك لە سەرە شێتەکان پان دەکرێتەوە، هێلانەکانی دیکەی مارەکان بە ژەهری تایبەتی وێراندەکرێن، ئاقڵتر و دڵنیاتر ئەوەیە بە هێوری ئارام لەسەر ڕووداوە سیاسیەکان بگرین، وروژاندنی دوژمن کارێکی شێتانەیە..ئەڵمانیا هەرگیز ئامادە نییە بۆ کوشتارگەیەکی دیکەی وەکو سقلیە ی ساڵی ١٢٨٢یا شەڕی فاندیە ڕووبەڕوو ببێتەوە.

جووتیاری پروسی هیچ هەنگاوێك نانێت ئەگەر لە پادشاکەیەوە فەرمانی پێ نەدرێت و هێزی کەتیبەکانیش لەتەك خۆیەوە نەبینێت، ڕەوشی ئێمە لە ناوەوە و لە دەرەوە بەرەو چاکبوون دەچێت).

ئەلیونکەرز یا نەجیبزادەکانی پروسی توانیان چاکسازیەکانی هاردنبرگ بلۆك بکەن، جگە لە چاکسازیەکانی باج و ڕێوشوێنە ئابوریەکان و پشتگیری پادشا نەبێت.

بەم شێوەیە پروسیا ویستی لەسەر ئەم ڕەوشە نەتەوییەی پروسی بمێنێتەوە کە خۆی مەبەستی بوو، وێڕای ئەوەی دژی فرەنسا بوو، بەڵام باکی نەبوو ئەگەر بەرژەوەندیە سیاسیەکانی پروسیا بخوازن هاوکاری فرەنسا بکات، بۆیە دەبینین کە پروسیا لە ساڵی ١٨٠٨ لەگەڵ ئەڵمانیا کۆنفدراسیۆنێکیان پێکهێنا بە نیاز و ئومێدی ئەوەی ببێتە مایەی ڕزگاربوونی لە دەست داگیرکاری فرەنسی. لە ١٨١٢ لەگەڵ فرەنسا بەشداریی لەو شەڕەدا کرد کە دژی ڕوسیا بوو، ژمارەیەك سەربازی بە (لەشکری نەتەوەکان)ی بەخشی.

لە باڤاریا و پروسیا کاردانەوەکانی دژی فرەنسا تەنها لەلایەن حکومەتەوە دەبن، هەروەها هێزی سیاسی پتەو دادەمەزرێن، بەڵام ئەم هێزانە پێیان ناوترێ هێزی نەتەوی، دواتر کاردانەوەی نیشتمانیی تاکەکەسی دەبینین بەبێ هیچ پەیامێکی نەتەویی.

هەڵبەت چاکسازیەکانی فرەنسی زیانیان بە بەرژەوەندیەکانی پێکهاتەی ڕیتر شافت (بارون وسوارچاکانی ئیمپراتۆریەت) گەیاند کە مافی خاوەندارێتیان لە سەر زەویەکانیان هەڵگرت لە بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتدا و هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەرەوە نەما، بۆ نموونە وەکو شتاین. چینی نەجیبزادەکان و بورژواکانیش بەهۆی گۆڕانکاری لە بەهای سوودی زەویەکان و نەهێشتنی مافی دەرەبەگایەتی و قەدەغە کردنی وەرگرتنی کرێی زەویەکان زیانیان پێ دەگات.

لەولاشەوە ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەر و ئەفسەرەکان لە سەردەمی حوکمی پارێزبەندی فرەنسیەکاندا بەر هەڵمەتی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی ئیداری کەوتن، بەهۆیەوە کارەکانیان لەدەست دەدەن، گەنجەکانیش کە بەئومێدی ئەوەبوون ڕۆژێك پۆستە خاڵیەکان پڕدەکەنەوە، لەم هەڵمەتەدا و لەگەڵ قورسایی باجەکانی فرەنسی لەسەر وڵات ئومێدیان نەما. بەکورتی ڕق و کینەی نیشتمانیی بەرزدەبێتەوە،جا یا بەهۆی ئەم ڕێکارانەوە یا لە ژێر کاریگەری نەمانی سوودەکانەوە.

**بەرەنگاریەکانی تاکەکەسی:**

لەژێر ئەم کاریگەریانەدا لە بەشی ئەوروپای ناپۆلیۆنی چەند شۆڕش و بەرەنگاریەکی تاکەکەسی ڕوویاندا، لەو نموونانە:

- بڵاو کردنەوەی نوسینەکانی نووسەر (بالم) کە چەند نامیلکەیەکی دژی فرەنسا بڵاو کردەوە، بەڵام لە ١٨٠٦ دەستگیر دەکرێت و دواتر گولەبارانی دەکەن.
- ئەم ڕوداووانە لە کاتی شەڕی نەمسادا زۆر جار دووبارە دەبوونەوە، لە کۆشکی شنبرن دوای ڕووخانی ڤیەننا لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٨٠٩ گەنجێک بەناوی فریدریك شتابز هەوڵی تیرۆرکردنی ناپۆلیۆنی دا.
- چەند ئەفسەرێکی پروسی و وستقالی دژی سوپای فرەنسی بزوتنەوەیەکی یاخیبوونیان ڕاگەیاند.
- یەکێك لەو ئۆپەراسیۆنانە ئەفسەرێکی دوو ئەستێرە بەناوی کات بە سوپاکەیەوە هێرش دەباتە سەر ماکدبورگ و لە شتاندال لە ٣ی نیسانی ١٨٠٩ دەوەستێندری.
- دورنبگر سەرۆکی پاسەوانانی جیروم پادشا لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٠٩ خۆی و پیاوەکانی لە وستڤالیا بە هەڵگیرسانی شۆڕشێك هەستان، بەڵام بە ئاسانی لە نزیك کاسل بڵاوەیانکرد.
- هەر دوای چەند ڕۆژێك مێجەرێکی پروسی بەناوی شیل ڕاهێنەری تیپی سوارەکان بوو لە ٢٩ی نیسانی ١٨٠٩ بەرەو کاسل بەرێ کەوت، وادیار بوو ڕێگاکەیان لێ داخستبوو بۆیە بەرەو باکور هەنگاو دەنێت، بەڵام لە ٣١ ئادار لە شترلساند دەستگیر دەکرێت .
- دواجار شازادە برنشویك ئەوبز کە فەرماندەیی تیپی هسیەی دەکرد لە (هس)ی بوهیما لیبزگ داگیر دەکات و لە دەریاوە ڕوو لە ئەڵمانیا دەکات، دواتر ئینگلیزەکان پێشوازیی لێدەکەن، ئەو تیپەی ئەو سەرپەرشتیی دەکرد ناویان نا (گروپی ڕەش).

به دڵنیایەوە هەموو ئەم بزوتنەوانە گۆشەگیر بوون، پەیوەندی لە نێوانیاندا نەبوو، هیچ دەنگدانەوەیەکیان لە ڕای گشتیدا جێ نەهێشت و هیچ واتایەکی نەتەویشیان نەبەخشی، بۆیە دەڵێین چەند بزوتنەوەیەکی بەرگریی تاکەکەسی بوون.

**بزوتنەوە تیرۆلیەکان:**

گەورەترین دەستکەوتی شۆڕش لە تیرۆل ئەو بزوتنەوەیە بوو کە لەسەر دەستی ئەندریاس هوڤوی خاوەن ئوتێل و ڕاهیبێکی کبوشی بەناوی هاسبنگو ڕوویدا، کە بووە داستانێکی بەناوبانگ لەو ناوچەیە. ئەم ڕووداوە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٠٩ وڵاتی هەژاند، ماوەیەك لەو شاخانە دەنگۆی ئەم ڕووداوە بوو، پاش ئەوەی دووبارە بزوتنەوەکە سەر هەڵدەداتەوە، ئەندریاس هوڤو دەستگیر دەکرێت و لە ٢٠ ی شوباتی ١٨١٠ لە میلان لە سێدارە دەدرێت چونکە خۆی لەوێوە هاتبوو. لە واقیعدا ئەم بزوتنەوە تیررۆلیە سەرجەم دانیشتووانەکان پێی هەستابوون، بەڵام ناکرێت سیما و نازناوێکی نیشتمانیی ئەڵمانی پێ ببەخشین، چونکە یاخیبوونێکی دژی باڤاریا بوو کە تیرۆلی لەخۆ گرتبوو، هۆکارەکەشی سیاسەتی باڤاریا بوو کە (لاندتانگ)ی قەدەغە کردبوو، ڕێنماکانی یوسفیی لەسەر کاسۆلیکان پیادە دەکرد بۆ بەڕێوەبردنی دێر و کەلیساکان، ئەمە سەرباری ئەوەی گەمارۆکانیش ببوونە بارگرانی زیاتر بەسەر ئەو خەڵکە هەژارو نەدارەوە، ئەمانە هۆکارەکانی شۆڕشن. کەواتە تەقینەوەی تیرۆل دژی دەسەڵاتدارانی باڤاریا بوو نەك فرەنسیەکان، بێگومان دەنگۆی ئەم شۆڕشە لە باکوری ئیتالیا و دۆڵی ئادیج و ڕۆمانیو دەنگی دایەوە.

**کۆمەڵەی چاکە:**

دوایین بزوتنەوە لەم کۆمەڵە بزوتنەوانە (یەکگرتوی نهێنی) بوو کە پێی دەوترا (توگندبۆند) واتە کۆمەڵەی چاکە، ئەم کۆمەڵەیە لە کونیکسبورگ دامەزرا، نەژادی ئەم کۆمەڵەیە ماسۆنی بوو کە سێ کەس دروستیان کردبوو: (لیمان و باردلین و باراش)، مەبەست لە دامەزراندنی توگندبوند

چاودێریکردنی هاووڵاتیانی ئەڵمانی بوو، ئەوانەی هاوکاری فرەنسیەکان دەکەن، ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا ئەڵمانیایان لێ ئاگادار بکەنەوە. به هۆی ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە لە بنەچەدا ماسۆنی بوو بۆیە ڕەسەنایەتی و دسپلینی ڕێکخستنی خۆیان پاراستبوو، وایان نیشان دەدا کە کارەکانیان گەلێك گرنگن، بەڵام بە وتەی سادە و ئاسایی دەریاندەبڕی. ئەم داهێنانە بووە نهێنی مانەوە و سەرکەوتنیان، بارەگا گرنگەکانیان لە کونیکسبورگ و بەرلین و سیلیزیا بوون. لە ساڵی ١٨٠٩ نزیکەی ٢٥ تیپ یا گروپیان هەبوو، ژمارەیان دەگەیشتە ٧٠٠ کەس.

پیاوانی توگنبوند چاوپێکەوتنیان لەگەل پادشا و شاژنی پروسیا کرد و ئەم بیرۆکەیان پێشکەشکرد، ئەوانیش زۆر لێی ڕازی بوون، بەڵام بە پێچەوانەوە پیاوەکانی حکومەت وەکو شتاین و شارنهورست بە چونێکی نارەزاییەوە لێیان دەڕوانی بۆیە لە ١٨١٠ حکومەتی پروسیا ئەندامانی توگندبوندیان پەرش وبڵاوە پێکرد.

کەواتە ئێمە هەندێك ئاژاوەی نیشتمانی لە ئەڵمانیا دەبینین، حوکمی فرەنسی لەوێ حوکمیکی گەلەری نەبوو بۆیە کاردانەوەی نیشتمانی ڕوودەدەن، هەرچەندە ئێمە ئەو بزوتنەوانە نابێ بە ڕووداوی نەتەویی مەزن بزانین، بەڵام ئەڵمانیەکان کاتێك باس لە ڕابوردووی خۆیان دەکەن بە شانازیەوە ئەم ڕووداوانە وەکو ڕووداوی نەتەوی دەبینن و باسیان لێوە دەکەن، ئەوان بە شێوەیەکی جیاواز لەڕووداوەکانی ئەوسەردەم دەڕوانن و بە بەشێك لە مێژووی خۆیانی دەزانن.

بەرەنگاریەکانی نیشتمانیی کەمترین دەربڕی هەستی نەتەوی بوون، بەڵام ئەم هەستە نەتەویە لە زیادبووندا بوو بەرەو نەخشە کێشانێکی نوێ دەچوو کە بە چاو هەستی پێدەکرا، چونکە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی بە بزوتنەوەیەکی هزریی سووکدا تێپەڕی، ئێمە سەرەرای ئەوەی لە دوای ئاشتەوایی ڤیەنناو پرۆسەی هاوسەرگیری ناپۆلیۆن لەگەڵ ماری لویز کەمترین یاخیبوون بەدی ناکەین، بەم ڕووداوانە هەموو ئومێدەکانی بەرەنگاربوونەوە بن چاڵ بوون و ئەڵمانیا گەیشتە قۆناغی خۆڕادەستکردنەوە، پادشا لویز هاوسەری فریدریکی سێیەم هاوار دەکات و دەڵێت:

(ناتوانم هیچ ئومێدێکم هەبێت)، دڵەڕاوکێ مادیەکانی ئەڵمانیاش لە پەرەسەندندا بوون: چونکە گەمارۆکە نرخی کاڵا و خواردمەنیەکانی بەرزکردەوە بەتایبەت قاوە، نرخی هەر کیلۆیەك لە قاوە بووە ٥٥ فرەنك، شەکر ٣٠ فرەنك، کاکاو ٨٠ فرەنك، سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و قەیرانانە دانیشتووانەکە لە دۆخێکی کپ و بێدەنگیدا بوون. بەڵام لەلای هەندێك چین و توێژ لە ئەڵمانیا جووڵەیەکی دیکە سەرهەڵدەدات، ئەویش جووڵەی هزریی بوو لە نێو چینی ڕوناکبیران، هۆکارەکەی ئەوە بوو پروسیا کە دوا قەڵای بەرگری و بەرخۆدان بوو دژی فەرەنسا لە ڕووخاندا بوو، لای بێباك و خەم نەخۆرانیش کارەساتی ڕووخانی پروسیا مانای دروستبوونی دۆخێکی نوێی دەگەیاند بە ئاراستەیەکی نیشتمانی.

**نیشتمانپەروەری ئەدەبی**

لە ڕاستیدا نیشتمانپەروەری ئەدەبی پێکهاتبوو. (هوردر)ی تواناساز لەدایك دەبێت، ئەم تواناسازە سەرەتا سەرنجی هزروان و ڕوناکبیرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام تواناسازەکانی نەوەی دووەم سۆز و پەرۆشیان بۆ ڕابوردووی ئەڵمانیا هەبوو، تەنها بەرهەمە ئەدەبی و شێوەکاریەکان بەس نەبوون بۆ تێر کردنی حەزو ئارەزوەکانیان، ئەوان ئارەزوویان لە ڕابوردووی وڵاتەکەیان هەبوو، بۆیە دەبینین لە تەك دروستبوونی کەسانی ئەدەبی و هزروان کەسانی مێژوونووسیش دروستدەبن کە لە هەموو سەنتەرەکانی وڵات کار دەکەن، سەنتەری سەرەکییان لە شاری هایدلبێرگ بوو.

لە ساڵی ١٨٠٦ لە هایدلبێرگ هەردوو ئەدیب (برنتانو و ئارنهیم) گۆڤارێکی سەیریان دەرکرد بەناوی (زوڕنای مندالێکی سەیر) بریتی بوو لە کۆمەلێك لەو گۆرانیانەی لە ساڵەکانی ١٨٠٦تا١٨٠٨ دەوترانەوە. لە ساڵی ١٨٠٨ ڕۆژنامەی (ناسك)یان دەرکرد، لە تەك ئەمانەدا کۆمەڵێك نووسەر و ئەدیب لەیەك کۆبونەوە لەوانە لاهوت –فوکە کە کەسێکی فەرەنسی بوو لە خانەوادەیەکی پرۆتستانتی و کاتی خۆی کۆچی کردبووە ئەڵمانیا ئەو کاتەی لویسی شانزەهەم

بڕیارنامەی نات هەڵدەوەشێنێتەوە لە ١٦٨٥، ئەفسانەی سیگوردی کۆنی ئەڵمانیی ژیاندەوە. هەروەها گورز کە لە فرەنسا هەڵگەرابۆوە بەهۆی دەستبەرداربوونی فرەنسا لە ئازادی ئەم لە ١٨٠٧ پێیان دەگات و چەند چیرۆکێکی گەلەریی ئەڵمانی بڵاودەکاتەوە.

سەنتەرێکی دیکەی کۆکردنەوەی ئەدیبان، کاسل بوو کە لەوێوە چەند چیرۆکێکی کۆنی ئەڵمانی بڵاوکرانەوە. هەروەها سەنتەری کۆڵۆن لەوێ بزوتنەوە ئەدەبیەکە شێوەی توێژینەوەی ئاسەواری کریستیی وەرگرت، چەرخی بووژانەوەی ئاینی لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی بواسیریە سەرهەڵدەدات لەسەر ئەم ڕووداوە، دواتر شتاین دەنووسێت: (لە هایدلبێرگەوە ئەو ئاگرە هەڵدەگیرسێت کە فرەنسیەکان وەدەر دەنێت).

لەم شارە مەزنانە ئەو بزوتنەوە ئەدەبیە سەرهەڵدەدات کە دواتر لە سەرجەم ئەڵمانیا بڵاودەبێتەوە:

- لە ساڵی ١٨٠٧ لە دریسدن دەرکەوت لە (ساکس) گۆڤاری (فوبوس) بە بەڕێوەبردنی ئادم مۆلری پروسی دەرکرا تایبەت بوو بە (پاراستنی هونەر وزانستی ئەڵمانیەکان).
- لە ڤیەننا ئوگست شلیگۆی برادەری مادام دوستال و بەخێوکەری منداڵەکانی، ژمارەیەك وانەی لەسەر ئەدەبی ئەڵمانی وتنەوە تیایدا هێرشی دەکردە سەر کەلتووری فرەنسی و هەوڵی دەدا ئەدەبی ئەڵمانی لەژێر کاریگەریەکانی ڕۆژئاوا ڕزگار بکات.
- جگە لە نوسەر و ئەدیب و مێژوونووس و شارەزایانی زمان، هاووڵاتیانیش کاریان لەسەر نمایشکردن و ئاشکراکردنی بەڵگەکان کرد بۆ توێژینەوەکردن لە نموونەی مێژوونووس ڕاومر.
- چەند شاعیرێکی نیشتمانی کە بۆ وڵات شیعریان دەنووسی، وەکو کورنەر بە ناوی تیرتە ناو نرا، دواتر لە لایبزگ لە ڕیزی سوپای هاوپەیمانانندا دەکوژرێت.
- بەناوبانگترین شاعیری نیشتمانی ئەو کات (ئارندت) بوو، لە بنەڕەتدا مامۆستای مێژوو بوو لە زانکۆی گرایفسفالد لە( بومیرانیا)، لە کاتی داگیرکاری فرەنسا ڕوو لە سوێد دەکات و دواتر دەچێتە ڕوسیا.

ئارندت کاتی خۆی هاووڵاتیەکی جیهانی بوو وەکو هزروانەکانی دیکەی ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٠٢ بڵاوکراوەیەکی لە هاوشێوە و هاوتەریبی فیختە بڵاوکردەوە، ناوی نابوو(ئەڵمانیا و ئەوروپا)، برسێتی و نەبوونی وای لێدەکات هەڵبگەڕێتەوە و ڕوو لە نیشتمانپەروەری بکات، ڕقی لە ناپۆلیۆن و فەرەنسیەکان بوو، ئەم ڕق و کینەیە لە کتێبێکدا دەربڕی کە جیاواز بوو لەگەڵ کتێبی پێشووی بەناوی (ڕۆحی سەردەم)، لەو کتێبەدا باس لە ژیانی سەردەمی ئەڵمانیا دەکات لە سەدەی شانزەهەمدا، لە بۆچوونەکانیدا دەڵێت:



(بە بێ گەلان مرۆڤایەتی بوونی نیە، بەبێ مرۆڤی ئازاد گەل بوونی نییە، پیاوی مەزنیش بەبێ گەلی مەزن بوونی نیە، گەلی مەزنیش بێ نیشتمانپەروەری بوونی نییە).

کەواتە ئەو نیشتمانپەروەریەی لە ئەڵمانیەکاندا دەیبینین هەموو ئەڵمانیەکان دەگرێتەوە، نەك تاکە هەرێمێك وەکو تیرۆلیەکان کە تەنها دژی باڤاریا جەنگین.

**فیختە**

لە نێو ئەو هزروانانە فیختە کاریگەریەکی زۆری هەبوو، ئەو باشترین نموونەی گۆڕانکاریە هزریەکانی ئەڵمانیا بوو، دوای کارەساتەکەی ئەڵمانیا لە (ئیینا)، فیختە لە کاتی شەڕدا بیری لەوە کردەوە بچێتە ڕیزی سوپاوە نەك وەکو سەرباز، بەڵکو وەکو گوتارخوێن و هاندەر بۆ

بەرزکردنەوەی ورەی سوپا. ئەوە بوو هەر دوای کارەساتەکە پەیوەندیی بە کۆشکی پادشایەتیەوە کرد لە کونیکسبورگ، سەردانێکی  کۆنهاگن دەکات و هەر زوو دەگەڕێتەوە بەرلین. وێڕای داگیرکاری فرەنسا کە مەترسیی زۆری لەسەر بوو، دەڵێن فیختە لەم ڕووەوە زۆر ئازا بووە، ئەو مەترسیانەی گوێ پێنەدا و لە گوتارخوێندنەوەکانی بەردەوام دەبێت. لە ١٨٠٧-١٨٠٨ دەست بە وانە وتنەوەکانی دەکات لە ژێر ناونیشانی (گوتار بۆ نەتەوەی ئەڵمانی)، کەواتە ئەو گوتار بۆ نەتەوەی ئەڵمانی دەدات نەك بۆ گوێگران یا پروسیەکان، خەونی بە یەکێتی ئەڵمانیاوە دەبینی، لە یەکەم گوتاریدا دەڵێت:



( من ڕوو لە گشت ئەڵمانیەکان دەکەم بێ جیاوازی و هیچ زانیاریەکم لەسەر دابەشبوونەکانیان نییە کە بووە مایەی کارەسات، من قسە بۆ ئامادە نەبووەکان دەکەم هەروەکو بۆ ئامادە بووان، ئومێدەوارم دەنگم بەوپەڕی ئەڵمانیا بگات).

لە وتارەکانیدا هەندێك ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی کۆنی پێوە دیار بوو، وەك فەلسەفەی کانت، گوتاری ئاراستەی سەرجەم توێژەکانی ئەڵمانیا کرد، لە ئەرك و بەرەنگاریەکانی دژی فەرەنسای داگیرکەر ئاگاداری دەکردنەوە، بە تایبەتی ڕوو لە لاوان دەکات و دەڵێت:

(هەموو کەسێك بەرپرسیارە لە پاراستنی ئازادی ئەڵمانیا بەرانبەر بە نەوەی داهاتوو، نابێت ئەڵمانیا پشت بە هیچ هاوکاریەکی دەرەکی ببەستێت، بەڵکو پێویستە پشت بە خۆی و بە داهاتە ناوخۆییەکانی ببەستێت، بەم نیشتمانپەروەریە دەتوانین ئومێدی ئاشتی بخوازین).

بۆ دروستکردنی ئەم ئیرادەیەش دەبێ سەرەتا چاکسازی لە پەروەردەی نیشتمانیدا بکەین تا کەلتووری ئەڵمانیا بپارێزین، ئەم بۆچوونەی لە کانت وەرگرتووە کە دەڵێت:

(دروستکردنی ڕۆحی ئەڵمانی بە چاکسازی تێگەیشتنەکانی گشتی دەبێت، بە دەستپێکردن بە پەروەردەی نیشتمانی بۆ پاراستنی ئەم کەلتووری نیشتمانیە، بە گشتیی دەبێت)

بۆ ئەم پرسە ئەو دوورتریش دەڕوات، پێی وایە پێویستە نەوەی نوێی داهاتوو لە کارە قێزەوەنیەکان دوور خەینەوە کە ئەڵمانیایان بەم ڕۆژە گەیاند، ئەمەش وا دەبێ کە منداڵەکان لە دایك و باوکیان دوور خەینەوە و بە یەکجارەکی لێیان دابڕێنین، هەموویان لە یەك خوێندگا و بەشی ناوخۆیی بەخێوکەین و یەك زانستیان فێر کەین، بۆ ئەوەی ڕەوشتی ڕابوردوو نەزانن و هەڵنەگرن، لە شوێنێ تایبەتی بیانخەینە سەر کاری کشتوکاڵی و دەزگاکانی دیکەی بەرهەمهێنەر، داهاتەکەشی بۆ بەشە ناوخۆییەکانیان خەرج بکرێت، ئەوەی زیادی کرد بخرێتە خەزینەی دەوڵەتەوە. پێی وایە بەم شێوەیە کۆمەڵگایەك دروستدەبێت دوور لە کۆمەڵگا کۆنەکە، دوور لە هەستی ڕق و کینە، بەمەش پەروەردەیەك دێتە ئارا کە تێکەڵاوە لە پەروەردەی هزری و پەروەردەی دەستکاری. هەرچەندە ئەم جۆرە پەروەردە و پێگەیاندنە جۆرێکە لە خەیاڵ، بەڵام ئەوەی لای ئەو گرنگ بووە نوێکردنەوەی هێزی مورات Jaochim Murat(ی بووە کە ئومێدی دەخواست لەسەر ئەو بنەمایە نەوەی داهاتوو بنیاد بنرێت. ئەوەتا لێرەش خەونەکانی کانت بەدی دەکرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە فیختە لە پرسی نەتەوایەتی هزرەکانی هوردر دەگرێتە خۆ، لای ئەو ڕەگەزی ئەڵمانی ڕەگەزێکی بێگەرد و بێ هاوتا بووە لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی نییە. ئەم بۆچوونەی لە ناساندنی زمانی ئەڵمانی بەدی دەکرێت، کاتێك دەڵێت: (ئەم زمانە تاك و ڕەسەنە، تاکە زمانە بە پاراوی و لەسەر ڕەسەنایەتی خۆی ماوەتەوە، ئەم زمانە لەو کاتەوە قسەی پێدەکرێت کە نەتەوەکان لەگەڵ ئەڵمانیەکان یەکیان گرت، واتە زمانی ئەڵمانیی سەرەتاییە، زمانی دایکە، زمانێك نییە لە زمانەکانی دیکە وەرگیرابێت و زمانی ڕۆمانسی بێت وەکو زمانی ئیتاڵی و ئیسپانی و فرەنسی یا زمانێکی تێکەڵاو لە چەند زمانێك بێت وەکو زمانی ئینگلیزی، ئەم زمانە ڕۆمانسیانە ڕێزمانێکی دەستکردیان هەیە، مرۆڤ بەرەو لاساییکردنەوە دەبات، واتە ڕەسەن نین).

بەڵام زمانە سەرەتاییەکانی ئەڵمانیا زمانێکە ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە. پیاهەڵدانی زمانی ئەڵمانی و پاراوی و ڕەسەنایەتیی لەلایەن فیختەوە نیشانەی ئەوەیە نەتەوەی ئەڵمانی لای ئەو نەتەوەیەکی نەجیبزادەو پێگە بەرزن.

پێی وایە گەلی ئەڵمانیا هەروەکو زمانەکەیان زمانێکی سەرەتاییە خۆشیان گەلێکی سەرەتایین، ئەوان ئەو گەلەن تا ئێستا ئەو تۆوەیان پاراستووە کە یەزدان لێی ڕوواندوون، بۆیە بەو چاوەوە سەیری ئەدەب و کەلتووری ئەڵمانیی دەکرد وەکو پەیامێکی خواوەندی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. کاتێکیش باس لە مێژوو دەکات ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی گەلی ئەڵمانی دەدات لە پاراستنی ڕەسەنایەتیی، بەتایبەت لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی کە گەلی ڕۆمانی بە درۆزن و چەواشەکار ناو دەبات بۆ دەستخەڕۆکردنی کەلیساکان.

لەم هەموو پێناسە کردنانە کە بە ناوی (نامەیەك بۆ ئەڵمانیا) ناوی دەبات دەڵێت:

(لە پێناو مرۆڤایەتی و ڕزگارکردنیاندا نابێت هزری ئەم نامەیە ون بکرێت و بەفیڕۆ بچێت، چونکە ئەڵمانیایە ڕێگەی ڕاست و مرۆڤایەتی و ئاقڵمەندی نیشانی دونیا دەدات و ڕزگاری دەکات، هەر ئەقڵی ئەڵمانییە چارەسەری کێشەکان دەکات، چونکە ئەقڵی فرەنسی بەرەو دوورکەوتنەوە لە خواپەرستی و نزیکبوونەوە لە کێشەکانمان دەبات).

ئەمە پوختەی گوتارەکانی فیختە بوو کە لە ژێر ناوی (گوتار بۆ گەلی ئەڵمانی)دا بوو. تێبینی دەکەین کە بە بەراورد لەگەڵ جاران دۆخی گۆڕدراوە و لە هزرەکانی جارانی هەڵگەڕاوەتەوە، هەمیشە دەڵێ مرۆڤ تا چەند ئەڵمانی بێت ئەوەندە زیاتر دەتوانێت خزمەتی مرۆڤایەتی بکات. بەڵام کاتی خۆی نیشتمانپەروەران دەیانوت تاچەند مرۆڤدۆست بیت ئەوەندە دەتوانی خزمەتی ئەڵمانیا بکەیت، ئا بەم شێوەیە فیختە شارستانیەتێکی داهێنا لە دونیای نەتەوایەتیی دەوڵەت، بەمەش گەیشتە بڕوای (نەتەوایەتیی تەواو ).

گوتارەکانی فیختە لە پروسیا و ئەڵمانیای باکور کاریگەری زۆریان هەبوو، بۆ ئەڵمانیەکان پێگەیەکی نەتەوایەتیی دروستی دامەزراند کە مافی نەتەوایەتی خۆیان بوو، هەروەها لاوانیش بۆ ئەم بیرۆکە و هزرە بە پەرۆش بوون.

لەهەمان کاتدا لە بەرلین قەشەیەکی پرۆتستانتی هەبوو ناوی شلێر ماخۆ بوو، لە ساڵی ١٨٠٨ وە لە گوتارەکانیدا هەمان پەیامی فیختەی بەجێ دەگەیاند و بانگەوازیی بۆ دەکرد، دیارە هزرەکانی فیختە و قەشە شلێر ماخۆ چالاکیەکانی ماسۆنی و ڕێکخراوە نهێنیەکانیان بوژاندنەوە. شیاوی باسە ئەم هزرانە بەردەوام بوون و درێژەیان کێشا، فیختە تەنها نەبووە پەیامبەرێکی ئەڵمانی، بەڵکو لە دانشگاکاندا هزرەکانی ئەو دەخوێندرا، لەوانە (دانشگای گیرمەنی)، بە دیدی فیختە نیشتمانی ئەڵمانیا کۆتایی نایەت، بە دیدی ئاردت هەموو شوێنێك دەنگی ئەڵمانیای لێ دێت. ئەم نامە موژدەبەخشە لە ساڵەکانی ١٨٠٨-١٨٠٩ بڵاودەکرێتەوە و بە خاڵی وەرچەرخان لە بڕواکانی ئەڵمانیدا دێتە ئەژمار، بۆ ئەوکات کاریگەری زیاتری دەبوو ئەگەر لە زانکۆی بەرلینیش جێ پێیەکی هەبووایە.

**زانکۆکان:**

دونیای مامۆستایانی زانکۆ لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەم و ساڵەکانی دواتریش گرنگی زۆری لە ئەڵمانیادا هەبوو، زانکۆکان ڕۆڵی گرنگیان لە هزرەکانی ئەڵمانیدا بینی کە لە بواری سیاسەتیشدا ڕەنگدانەوەیان هەبوو، زۆربەی هزروانەکانی ئەڵمانیا لە بنەڕەتدا مامۆستای زانکۆ بوون، هەر لەو زانکۆیانەشدا گشت بزوتنەوە فکریەکان سەریانهەڵدا و دروستبوون، بۆنموونە: لتیر و هوهنتزولرن مامۆستای زانکۆ بوون. سەرەتا ئەم ڕۆڵە زانکۆی کونیکسبورگ دەیگێڕا، دواتر سەرجەم زانکۆکان پێی هەستان، کاتێکیش لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٧٠١ لە سەردەمی

فریدریکی یەکەمدا پادشاکانی پروسیا تاجیان نایەسەر، ئەوکاتەی دوای تیلیست نیوەی ئەڵمانیەکان کۆچ دەکەن زانکۆیەکیان لە هالیە دامەزراند، گەلیومی سێیەم دەڵێ:

(پێویستە توانا مادیەکانمان قەرەبوو بکەینەوە کە بە توانا هزریەکانەوە بێ هێز بوون ).

لە ١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٠٦ شلیر ماخی لە هالیە وە دەنووسێت:

(کاریگەری مامۆستایانی زانکۆ لەسەر ئەقڵی خوێندکاران لە هەموو کاریگەریەك مەزنترە، من دڵنیام کە ئەڵمانیا دڵی ئەوروپایە، ماوەیەکی دیکە ڕوخسارێکی جوانتر لە جاران بەخۆیەوە دەبینێت).

دواتر دەچێتە بەرلین و لەوێ دەست بە گوتارە ئاینیەکانی دەکات و هزروانان لە سەنتەرێکی نوێدا لە خۆی کۆدەکاتەوە، لە پێناو دوو مەبەستی سیاسی و هزریدا زانکۆی بەرلین دادەمەزرێنێت. ئامانجی لەم زانکۆیە بە ئەنجام گەیاندنی چاکسازی هزری بوو کە مەرجی هەستانەوەی ئەڵمانیایە. هەروەها شلێر ماخی دەڵێت:

( بەرلین دەبێتە سەنتەری چالاکیەکانی هزری لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئەڵمانیای پرۆتستانتی، ئەم خاکەشی لە بارە بۆ گەیاندنی پەیامی تایبەت بە دەوڵەتی پرۆتستانتی).

بەرلین چەند خوێندگایەکی تێدا بوو بەڵام زانکۆی نەبوو، هالیە زانکۆی هەبوو بەڵام لە ئەنجامی پەیماننامەی تیلیست پروسیا لەدەستی دەدات. لە براندن بورگ جگە لە چەند خوێندنگایەك تەنها زانکۆی فرانکفۆرت دەمێنێت، پاش ئەوەی براندنبورگ جیا دەبێتەوە مامۆستاکانی هالیە شاندێك بۆ لای پادشا دەنێرن داوای لێ دەکەن کە زانکۆی بەرلین بۆ هالیە بگوازێتەوە. هەرچەندە پادشا لاریی لەمە نەبوو، بەڵام فرەنسا ئەوە قبووڵ ناکات زانکۆیەك بگوازێتەوە ئەو بەرەی کە دەسەڵاتی پروسیای بەسەردا نییە. پادشا بیری لە شتێکی تر کردەوە نەك گواستنەوەی دەسەی زانکۆ لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، ئەویش دامەزراندنی زانکۆیەکی نوێ بوو، بەڵام هەندێك ئاستەنگ بوونە ڕێگر و جێی مشتومڕی ئەوانیش:

**١/ ئاستەنگی دارایی**

بەهۆی ئەوەی وڵات لە دۆخێکی قەیرانی داراییدا بوو، کارێکی قورس بوو لەوکات ئەم گوژمە پارەیە لە پرۆژەیەکدا خەرج بکرێت کە بەرهەم هێنەر نەبێت.

**٢/ ئاستەنگی مۆرالی**

ئەم ئاستەنگە زانکۆی فرانکفۆرت دروستیکرد بە بیانوی ئەوەی پێی خۆش نییە زانکۆیەکی تر ململانێی بکات.

**٣/ شارەوانی بەرلین نارەزایی خۆی دەردەبڕی**

شارەوانی بەرلین پێێ وابوو بوونی ئەو خوێندکارانە لە بەرلین ڕەوشتی هاووڵاتیان تێکدەدات بۆیە ناڕازی بوو.

**٤/ دامەزراندنی مامۆستا بۆ زانکۆ نوێکە**

دواتر ئاستەنگەکان یەك لە دوای یەك چارەسەر کران، دوو بۆچون لەبەر دەستدابوون لەسەر ئاراستە و بەرنامەی زانکۆ، یەکێکیان پێێ وابوو لەسەر بنەمای هزری فیختە بێ، کە بە پێی فەلسەفەی ئەو زانکۆ لە شێوەی دێرێکی گلۆبالیزم دەبێت، بۆچوونی دووەم ئەوە بوو کە لەسەر هزری شلیر ماخر بێت، بەپێێ ئەو بۆچوونەش زانکۆیەکی ئاسایی دەبێت.

گەلیوم هومبولدی بوو بە دامەزرێنەری زانکۆکە، ناوبراو لە زمان و ئاسەواری ئەڵمانیدا پسپۆر بوو، دوای دامەزراندنی ئەم زانکۆیە گەلیوم لە ساڵی ١٨٠٩ ڕادەستی وەزارەتی پەروەردەی پروسی کرد.

بارەگای زانکۆکەیان کردە کۆشکی هنری برای فریدریکی دووەم کە جوانترین کۆشکی بەرلین بوو، گوژمەی ٥٦٠٠٠ فلورین یان بۆ تەرخانکرد و پۆستی تایبەتیان بۆ مامۆستاکان دابین کرد بۆ ئەوەی باشترین مامۆستا ڕووی تێبکەن. لە هەڵبژاردنی مامۆستاکان مەرجی دڵسۆزیان بۆ پروسیا

کردە مەرجێکی سەرەکی، فیختە کرایە سەرۆکی ئەم زانکۆیە و دوای چەند مانگێکیش شلیر ماخیشی دامەزراند. دواتر بەناوبانگترین مامۆستای لە سەرتاپای ئەڵمانیاوە بۆ هێنا. لە ١٨١٠ ئەم زانکۆیە ٢٥٦ خوێندکار وەردەگرێت، ئەم ژمارە زیادی نەکرد تا لە ساڵی ١٨١٣ بەهۆی شەڕی بەرەنگاربوونەوەی ناپۆلیۆن خوێندکاران دەچنە ڕیزی سوپاوە ژمارەیان بۆ ٢٣ یا ٢٩خوێنکار دا دەبەزێت، بۆیە ناتوانین وەکو سەنتەرێکی هزری لە ساڵەکانی بەراییدا سەیری زانکۆی بەرلین بکەین، بەڵام دواتر ئەم زانکۆیە هەمیشە وەکو سەنتەری بڵاوکردنەوەی هزرو هوشیاری دەمێنیتەوە.

**پیاو انی کار**

هزروانان لەسەر ئەم شێوەیە نەخشەی نەتەویی ئەڵمانیایان کێشا، لای توێژێکی دیکە هەمان شت دەبینین بەڵام بە شێوە و ئامرازی دیکە، ئەویش توێژی پیاوانی کارن. ڕاستە پیاوانی هزروان بۆ پرسی نەتەوی پێگەیەکی بەهێز پێکدەهێنن، بەڵام پێگە و کاریگەری پیاوانی کار کە ڕاستەوخۆ لە خەباتی نەتەوی بەشدارن لەوان کەمتر نییە. لەم ڕووەوە شتاین لە هەموویان شێلگیرتر و پڕ بایەختر بوو بۆ هزری نەتەویی ئەڵمانی، بۆیە دەکرێت بە فەرماندەی ئەم بیرۆکەیەی بزانین.



شتاین لە ساڵی ١٧٥٧ لە دایك بووە، یەکێک بووە لە بارۆنەکانی ئیمپراتۆریەتی گیرمەنی، زەویەکانی لە دۆڵی لاهن بوو، دوای ئەوەی دەستی بەسەردا دەگرن لەگەڵ ناسۆ لە ١٨٠٤ یەکیاندەخەن، بەم هۆیەوە شتاین هیچ پەیوەندیەکی بە دەوڵەتێکی سەر بە ئەڵمانی نامێنێت، ڕاستەوخۆ سەر بە حکومەتی ناوەندی ئەڵمانیا دەبێت. ئەو وەکو نەریتێکی سوارچاکانی ئیمپراتۆریەت و کەلتوورە کۆنەکەی هیچی بۆ جووتیاران نەکردبوو، ڕقی لە فەلسەفەی لاهوتی و نیشتمانپەروەری جیهانی و لەهەموویان زیاتریش لە هزری کۆمەڵایەتیانەی شۆڕش هەبوو،

پیاوێکی خۆپارێز بوو لە زانکۆی گۆنتنگن فێری ڕۆشنبیری ببوو، خولیای  مێژوو بوو، کاتێك دەستبەرداری سیاسەت دەبێت لە ١٨١٥ کۆمەڵەیەکی دۆکۆمێنتاری  بەناوی (کۆمەڵێك بنەمای مێژووی ئەڵمانی)دادەمەزرێنێت.

لە واقیعدا شتاین هەندێك خەسڵەتی کەلتووری ئەڵمانیی هەبوون، وەکو ئەندازیارێك دەستی بە خزمەتکردنی پروسیا کرد، دواتریش لە ١٨٠٤ دەبێتە وەزیری دەوڵەت و خاوەن ئەزموونێکی باش لە خزمەتگوزاری. ئەو بایەخی بە وردەکاریەکانی ئێستایی نەدەدا ئەمەی بۆ بەردەستەکانی جێدەهێشت وەکو گەندەڵی دامودەزگاکانی دەوڵەت و ئاسەوارەکانی کارەساتی (ئیینا) کە وڵاتی بەرەو هەڵدێر برد. یاداشت بە دوای یاداشتی بۆ پادشا بەرزدەکردەوە، تیایدا ڕەخنەی لە گەندەڵیەکان دەگرت و ڕێگەچارەکانی بۆ دیاریدەکردن، داوای کرد لە بنەڕەتەوە چاکسازی لە حکومەتدا بکرێت کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی فریدریکی دووەم دەگەڕایەوە. پاش ئەوەی گەندەڵیەکان باشتر ڕوون دەبنەوە و دەوڵەتیش مایەپووچیی خۆی ڕادەگەیەنێت، ئەم لە ئاداری ١٨٠٧ دەچێتە ناسۆ لەوێ نیشتەجێ دەبێت، یاداشتێك بۆ پادشا دەنووسێت بە (یاداشتی ناسو) ناو دەبرێت، دووبارە داوای چاکسازی دامودەزگاکانی دەوڵەتی کرد و ئەم چاکسازیەش بخرێتە دەنگدانی گشتیەوە، لەم چاکسازیانەوە دەزانرێت کە ناوەرۆکی یاداشتەکە چی بووە.

پادشا لە ٣٠ ی ئەیلولی ١٨٠٧ داوای لە وەزارەت کرد لە جیاتی هاردنبرگ کاربکات، ماوەی سیانزە مانگ کاری کرد ئەنجامەکانی لەو ڕاگەیاندنەدا بەدی کرا کە بۆ ئازاد کردنی کۆیلەکانی دەرکرد، هیچ کارێکی بۆ ئەم بڕیارە نەکردبوو چونکە بەر لەوەی بگاتە لوتکەی دەسەڵات ئەم بڕیارەی ئامادە کردبوو:

- لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٨٠٨ چاکسازیی لە شارەوانیەکاندا ئەنجامدا.
- لە ٢٦ی کانونی یەکەم ١٨٠٨ چاکسازیی لە ئیدارەدا ئەنجامدا.
- لە ٢٤ ی تشرینی دووەمی ١٨٠٨ بە فەرمانی ناپۆلیۆن دەسەڵات جێدەهێڵێت، چونکە گومانی ئەوەیان لەسەری هەبوو کە دەستی لە شۆڕشی سیلیزیادا هەبووە و مەبەستیەتی پروسیا بۆ

پشتگیری نەمسا بەشداری لەو شەڕەدا بکات کە نزیکبوو ڕوودات. ڕۆڵی شتاین لە کاتی حوکمڕانیدا بەدی کرا کە کاری بۆ نەهێشتنی بیروکراسیەت لە دەسەڵاتدا دەکرد، بە بوێری و توانای خۆیەوە پرۆسەی چاکسازیی زوو بە ئەنجام گەیاند.

پاش ئەوەی شتاین لە حوکمدا نامێنێت ڕوو لە نەمسا دەکات چونکە ناپۆلیۆن لە ئیمپراتۆرەکەی دەکاتە دەر، لەوێوە دژایەتی ئەو چاکسازیانەی دەکرد کە شتادیون گرتبوونیە بەر چونکە مەبەستی بووە ئامادەسازی بکات بۆ شەڕێکی دژ بە فەرەنسا بۆ تۆڵە لێ وەرگرتنەوە. سەرەتا ڕوو لە برون دەکات دواتریش لە براگ، هانی ئەو خەڵکە ئەڵمانیانە دەدا تا دژی فەرەنسا بجەنگن، ئەو لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوو لەگەڵ هاردنبورگ و نیشتمانپەروەرە پروسیەکان. ئەو کاتەی بە تەواوەتی نێوان ناپۆلیۆن و ئەلیکسەندەر تێکدەچێت لە ١٨١٢ براگ جێدەهێڵێت و لە تەك قەیسەر لە سانستراسبورگ دادەنیشێت. ئیتر لەوساوە لە ئەڵمانیا دەرنەکەوت تا ڕووداوەکەی سوپای مەزن (سوپای ناپۆلیۆن) لە ڕوسیا، کاتێکیش لە ٢٣٢ی کانوونی دووەمی ١٨١٣ سەربازەکانی پروسی بە فەرماندەیی یورك جیا دەبنەوە، دەگەڕێتەوە کونیکسبورگ.

شتاین ماوەیەکی زۆر و توانایەکی باشی لە خزمەت پادشای پروسیدا بردە سەر و خەرجکرد، بەڵام ئاراستەکانی پروسی نەبوون بەڵکو ئەڵمانی بوون، ئەمە کار و خەسڵەتەکانی شتاینە کە جیاوازن لەگەڵ هاردنبورگ وشارنهورست و نیشتمانپەروەرەکانی دیکەی پروسی. کاتێك دەستیان بەسەر زەویەکانیدا گرت ئەو بەرگریی لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی نەکرد، دەڵێت:

(سەربەخۆیی وسەقامگیری ئەڵمانیا هیچ سوودێك لەم دەستبەسەرداگرتنەی زەویەکاندا ناکات کە بەر هەمواری ئیمپراتۆریەت دەکەون)، چونکە ئەوەی لای ئەو گرنگە بۆچوون و دیدی ئەڵمانیەکانە نەك بۆچوونی تایبەتی خۆی، بۆ ئەوەی ئەڵمانیا سوود لەم دەستبەرداریە وەرگرێت دەبێت لە ئەڵمانیا تەنها دوو دەوڵەت بوونی هەبێت ئەوانیش نەمسا و پروسیا بن. دوژمنی دەوڵەتە بچووکەکان و میرەکان بوو، زۆر توند بوو لە بەرفراوانکردنی پانتایی زەویەکانیان، کاتێك پەنایان بۆ فەرەنسا دەبرد، ئەو کاتەش کە هەموارەکەی ئیمپراتۆریەت ئازاری دەدات داوا لە میرەکان دەکات لە پێناو سەروەری ئەڵمانیادا قوربانیی بدەن.

شتاین مەبەستی بوو دەوڵەتی ئەڵمانیا بەهێز بکات بۆ ئەوەی بتوانێت دووبارە درێژە بە شەڕەکانی لە دژی فرەنسا بدات، لە یاداشتێکیدا بۆ شتایون دەنووسێت:

(دەبێت هەموو ئەڵمانیەکان لە ئەرکەکانیان بەرانبەر بە ئەڵمانیا ئاگادار بکرێنەوە، دەبێت ناچاریش بکرێن کە بەرەنگاری ئەو دوژمنە هاوبەشە بن کە دژی ڕەگەزی بەشەریەت و ئەڵمانیایە).

لە یاداشتێکی تریدا کە لە ئاداری ١٨١٠ نووسیویەتی، ئاراستەیەکی تایبەتی وەردەگرێت، دەڵێت:

(دەبێت گەلی ئەڵمانیا پەروەردەیەکی نوێ بکرێت)، ئەم پرۆسەیە بە پێویست و مەرجی سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا دەزانێت، دەڵێت:

(چونکە ڕۆژگارەکان لە گۆڕاندان ئەگەر هێزی مۆرال لەناوچوو پێویستە بەسەر هێزی سروشتدا زاڵ بین، کتێبەکان کاریگەریان لەسەر گەلی ئەڵمانی زیاتر هەیە وەك لەسەر گەلانی دیکە، ئەگەر بڕوا خراپەکان (مەبەستی فرەنسا) بە ئەگەرێك لە ئەگەرەکان سەرکەوت، ئەوا هێزی هزرو مۆرال دەتوانێت شکستیان پێ بهێنێت).

لەو یاداشتەی لە ١٨ی ئەیلولی١٨١٢ بۆ قەیسەری ڕوسیای دەنووسێت، بۆچوونی خۆی لەسەر ئەڵمانیا ئاوا دەربڕی:

(ئەڵمانیا دەبێت سەرکەوتن بەسەر فرەنسادا وەدەست بێنێت و لێی ڕزگار بێت ئەوسا دەبێ لە دۆخی کۆنی ئەڵمانیا دوورکەوێتەوە. پەیماننامەکانی وستفالیا پەیماننامەی شووم بوون، ئەوان ئەڵمانیایان بەم دۆخە گەیاند، لە بەرژەوەندی ئەڵمانیاو ئەوروپادایە ئەڵمانیا سست و هەڵوەشاوە نەبێت، تاکە بەرژەوەندی و چارەسەری ئەڵمانیا لەوەدایە دەوڵەتێکی بەهێزو یەکپارچە بێت، خاوەن پادشا و دەسەڵاتێکی بەهێز بێت، تیایدا دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی بەرقەرار بێت. ئەگەر ئەم یەکگرتنە لە توانادا نەبوو، ئەوا یەکێتیەك لە نێوان دەوڵەتی پروسیا و نەمسا لە نێوانیاندا چەند وردە دەوڵەتێکی کەم هەبن لە شێوەی یەکێتیەکی کۆنفیدراسیون ئەنجام بدرێت. دەوڵەتانی باکور لە دەوری پروسیا، دەوڵەتانی باشوریش لە دەوری

نەمسا، بەم شێوەیە دەوڵەتە بچووکەکان ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیەنن یا پەیماننامە لەگەڵ وڵاتانی بێگانە ببەستن و چارەنووسیان دەکەوێتە دەست دەوڵەتە مەزنەکانەوە.

دواجار لە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٨١٢ دەنووسێت: (من کار بۆ ئەڵمانیا دەکەم نەك بۆ پروسیا، من هیچ نیشتمانێکم نییە جگە لە ئەڵمانیا کە ئەو پەڕی دڵسۆزیم بۆی هەیە)، پێی وایە کە هەموو نەژادەکان یەکسانن، ئەوەی مەبەست و ئاواتیەتی ئەڵمانیایەکی بەهێز و ئازادە تیایدا ئازادیەکانی نەتەوی دەستەبەر بکرێن، پێی وایە ئەمە بەرژەوەندیەکانی ئەوروپایە، دەڵێت:

(مەبەستم ئەنجامدانی یەکگرتنە، ئەگەر ئەم یەکگرتنەش نەیەتە دی ئەوا هەنگاونان بەرەو یەکگرتن). هزرەکانی شتاین دەربارەی ئەڵمانیا یەکگرتنی ئەڵمانیایە، مەبەستی ئەڵمانیایەکی یەکگرتووی بەهێز لە ڕووی نەتەوی و فەرمانڕەواییەوە.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین هزر و بیرکردنەوەکانی شتاین زۆر لە هزری کەسانی دیکە لەپێشتر بوون، ئەو لە حکومەتی ئەڵمانیاش لە پێشتر بوو بۆ بەرژەوەندیەکانی، لە پێش ڕای گشتی ئەڵمانیشدا بوو کە لە پرسی نەتەوی بێباك بوون، لەم ڕووەوە لە ژمارەیەکی زۆری هزروانانی ئەڵمانی لە پێشتر بوو، ئەوانیش وەکو ئەو ڕقیان لە ناپۆلیۆن بوو، بەڵام وەکو پروسی مانەوە نەك ئەڵمانی.

### ٦/ ئیتاڵیا

لەو ماوەیەدا دۆخ و ڕەوشەکانی ئیتاڵیا وەکو ئەڵمانیا ڕوون نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتاکانی هزری نەتەوی بەدی دەکران، دژی دەسەڵاتەکانی فرەنسی بزوتنەوە لەسەر بنەمای ڕای گشتی و واقع دروستبوون، بەڵام ئەم بزوتنەوانە بزوتنەوەی نەتەوی نەبوون : بزوتنەوەی ( ئابر) کە دواتر پادشانشینی ناپۆلیش دەگرێتەوە، ئەم بزوتنەوەیە لە سازدانی پادشا (ماری – کارۆلین) بوو دژی جوزیف پۆناپەرت. لە تەموزی ساڵی ١٨٠٧ سوپای ئینگلیز هاتنە هاوکاریی، سەرکردەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە هەموو ڕەگەزێك پێکهاتبوون، لە نەجیبزادەکان (رودیو)ی تیابوو، لە یاخیبووان (فرادیا فولو)، لە ڕۆحانی و تەنانەت مافیاشیان لەگەڵدا بوو، قاچاخچی و شوان و جووتیار،

هەندێکیان لە پێناو تاڵانکردن و ڕاوەڕووت بەشدارییان کردبوو، هەندێکیشیان لە بێزاری باری قورسی سەرشانیان لە ئەنجامی باجی زۆر و دەستکورتی. بە هەرحال ئەم سوپایە جۆرێك بوو لە ئاژاوەگێڕی کە لە ژێر پەردە و دەمامکی نیشتمانپەروەریدا خۆی حەشار دابوو. چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی نهێنی دژی فرەنسا دامەزران، لەوانە (کۆمەڵەی خەڵوزکەران)، لە بنەڕەتیشدا ناوەکەی بەم جۆرە بوو،تایبەت بە منداڵانی خاوەن کارگەی خەڵوز بوو، ئەوان خەڵکی فرانش کونتە بوون. ئەم کۆمەڵانە لە سەردەمی حوکمی مۆرا دروشمی یەکێتی ئیتاڵیایان بەرز کردبۆوە.

بەم شێوەیە دەبینین کە ئەم کۆمەڵانە ببوونە ئامرازی یەکێتی ئیتاڵیا، چونکە لە ساڵەکانی نێوان ١٨١٥-١٨٤٨ ڕێکخراوی (بزوتنەوەی ئازادی) بەڕێوەدەبات، لەڕوویەکی دیکەشەوە مۆرا ڕەچاوی هەستی خەڵکانێکی دەکرد کە ناوچەگەرێتی دەکەن، بۆ نموونە دەیوت:

(من پادشا نیم تا گوێڕایەڵی فەرمانەکانت بم) مەبەستی ناپۆلیۆن بوو، ئەمەش بۆ هاندانی ئیتاڵیەکان بوو، بە تەوسەوە وەهای دەوت. ژمارەیەك لە ئیتاڵی ناسراو بە دوژمنداریێتیان بۆ ناپۆلیۆن لەخۆ کۆکردبوونەوە، وەکو گالونی وەزیر و ماگهلالی بەڕێوەبەری پۆلیس، ئەو لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوو لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە نهێنیەکان، وا دەردەکەوت بیری لە ئیتاڵیایەکی یەکگرتوو دەکردەوە لە ژێر فەرماندەیی سولجان مورات Jaochim Murat، دیسان دەیگوت: نابێت بزوتنەوەی نەتەوی دژی خانەوادەی بۆربۆن ئەنجام بدرێت ئەو خانەوادەیەی کە پەنایان بۆ دوورگەی سقلیە و ساردینا بردبوو لە ئەنجامی ناکۆکیەکانی نێوان فەرمانبەرە حکومیەکان و پاپا، کە بەهۆی یەکخستنی دەوڵەتەکانی پاپا دروست بووبوو.

لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتەکانی فرەنسی لەنیمچەدوورگەکە گۆڕانکاریان خستنە نێو مەرجەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەم گۆڕانکاریانە دەتوانرێت وەکو ئامادەکاریەك بێت بۆ یەکێتی، کە ئاساییە لە ئیتاڵیاش هەروەکو لە ئەلمانیا بێتە دی. دیارە زۆر لەو سیستەمانەی ناپۆلیۆن لە ئیتاڵیا جێگیریکردن ناکۆك بوون، لەگەڵ بوونی جیاوازی لە کات و شوێن بەڵام دەتوانین بڵێین کە ناپۆلیۆن:

١/ سیستەمی دەرەبەگایەتیی لەناوبرد

٢/ مافی تایبەتی میرەکانی هەڵوەشاندەوە، دای بە دەوڵەت و بەرژەوەندی گشتی.

٣/ نەجیبزادەکانی لەڕووی خاوەندارێتی زەویەکانیانەوە خستە ژێر یاسای گشتیی وڵات.

٤/ باجی دەیەکی هەڵوەشاندەوە کە دەدرا بە ڕۆحانیەکان.

٥/ دانی پارەی سوخرە بە میرەکانی هەڵوەشاندەوە.

٦/ لە هەندێك شوێنی ئیتاڵیا چاکسازی زەویوزاری ئەنجامدا.

بەم گۆڕانکاریانە حوکمی فرەنسی بووە بارگرانیەکی قورس بەسەر شانی هاووڵاتیانەوە، لەو بارقورسیانە هەڵوەشاندنەوەی ژمارەیەك لە پلە و پۆستی فەرمانبەران لە بواری ئیداریدا، چاکسازیی لە توێژی فەرمانبەراندا ئەنجامدا و خستنیە ژێر چاودێریەکی توندەوە هاوشێوەی سیستەمی فرەنسی.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ژیانی هاووڵاتیان و فەرمانبەران بە تایبەتی ڕێکخران، کە تا ماوەیەکی زۆر کاریگەریەکانی دەمێن، بۆ نموونە ئەو کەسانە دەکرانە فەرمانبەر لە چینی بۆرژوا کە دڵسۆزیان بۆ دەسەڵات هەبوو و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون، ئەوان لە دەستەی ماسۆنیەکان بوون کە یەکێتیەکیان لە نێو خۆیاندا پێکهێنابوو بەناوی (ماسۆنیەتی پادشا خوازی ئیتاڵی) خەڵکی ئیتاڵیای باکور بوون.

توێژێکی دیکە کە ئەم سیستەمە دەیگرێتەوە سوپا بوو: لە ئیتاڵیا زۆر بایەخ بە سیستەمی تیروپشك دەدرا، سەرژمێری قوربانیەکانی ئیتاڵی لە نێو سوپای ناپۆلیۆن کرابو کە ٦٠٠٠٠ شەست هەزار سەرباز تیاچووبو، بەهۆی سیستەمی تیروپشکەوە یەکڕیزییەك کەوتە نێو ئیتاڵیەکان، سەرجەمیان لە فرەجۆر و فرەچەشنی یەکخران، لە ساڵی ١٨١٠ ژمارەی سوپای پادشانشینی باکوری ئیتاڵیا گەیشتبووە ٤٩٠٠٠ چل و نۆ هەزار سەرباز، لە ١٨١١ ببوون بە ٩١٠٠٠، تێبینی کرا کە حەشامەتێکی زۆر لەو خەڵکە لە هەموو ناوچەکانی ئیتاڵیاوە هاتبوون، ئەمە پێشتر ڕووی

نەدابوو. بۆ یەکەمجار بوو ناپۆلیۆنیەکان و میلانۆییەکان و باشوریەکان و ساردینیەکان بەیەکەوە بن، یەکەمجاریش بوو سەرکەوتنی ئەمانە بەیەکەوە بێت، بەڵام ناپۆلیۆن ئەفسەرەکانی لە چینی بۆرژوا و نەجیبزادەکان وەردەگرێت، لە ڕێگەی دروستکردنی پاسەوانی تایبەتی لە نەجیبزادەکان هەوڵی لەخۆ نزیککردنەوەی دەدان، بۆیە نەجیبزادەکانی ناچار دەکردن تا ناوی خۆیان لەم گروپە بنووسن. دواجار دەتوانین بڵێین ئەو سیستەمە ئابوریەی ناپۆلیۆن لە ڕێگەی گەمارۆوە بەسەر ئیتاڵیەکاندا سەپاندی دوا هەوڵی بوو بۆ لەیەك نزیككردنەوەی ئیتالیەکان لە یەکتری.

بەم شێوەیە دەسەڵاتی فرەنسی ئەگەر شتێکیشی بە ناوی نەتەوەی ئیتاڵیا نەکردبێت، ئەوا ئیتاڵیەکانی لەیەك کۆکردەوە کە بووە بناغەی یەکێتی نەتەوەیی ئیتاڵیا بۆ داهاتوو.

**ژیانی هزری و مۆرالی:**

پێویستە ئەمە بە هێمایەکی گرنگ وەرگرین کە ژیانی هزری و مۆراڵیی هاووڵاتیانە، لە ئەڵمانیا بینیمان کە لەم دۆخەدا بناغەی دروستبوونی نەتەوە چۆن هاتە ئارا، بەڵام لە ئیتاڵیا ئەمە لە دوا قۆناغەکانی کلاسیکیی ئەدەبی دەی بینین واتە بەر لە قۆناغی داهێنان، تائێستا هەندێك نووسەر بە زمانی خۆجێی و دیالەکتی ناوچەکان دەنووسن، ئەوان نوێنەرایەتی ژیانی گەلەری دەکەن، بەڵام دوایین کەس بوون کە نوێنەرایەتی ئەم مەدرەسەیان دەکرد، وەکو : نیلی کە خەڵکی سقلیە بوو لە ١٧٤٠ تا ١٨١٥ ژیاوە، کارلو بورتا لە ١٧٧٧ تا ١٨٢١ ژیاوە خەڵکی میلانۆ بوو، هەردووکیان بە نووسەری هەرێمی دادەنرێن. زۆربەی نووسەرەکانی ئیتاڵیا لای حکومەتی ئیمپراتۆریەت فەرمانبەر یا مامۆستای زانکۆ بوون، هەموویان مووچەیان لە حکومەت وەردەگرت، هەندێکیشیان نوێنەر بوون لە ئەنجوومەنی یاسادانانی پادشانشینی ئیتاڵیا وەکو بوتا، یاخود لە هزرەکانی دیموکراسی مەست ببوون بە بیردۆزەکانی فرەنسی، هەندێك جاریش ستایشی شۆڕشیان دەکرد و جاروباریش هی ناپۆلیۆن.

ئەو نووسەرانە کاریگەرییان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی لە ئیتاڵیا لە ڕووی نەتەوی لە گەلێك ڕووەوە هەبوو: لەوانە پێدانی ڕوخسارێکی ئەدەبیی جوان بە پرسی نەتەوایەتی لە ئیتاڵیا، دیاردەیەکی نەتەوی بوو چونکە زۆربەی ئەو نووسەرانە هزری نەتەوایەتیان بەرز دەنرخاند، هەرچەندە لە خزمەتی فەرەنسا دا بوون بەڵام هەستێکی نەتەویی هەرێمیان هەبوو، لە بەناوبانگترین نووسەرانی ئەو سەردەمە (ئوگۆ فۆسکولو، فیشانتۆ مونتی) بوون.

فۆسکولو لە نێوان ساڵەکانی ١٧٧٨تا ١٨٢٧ ژیاوە، بە کتێبەکەی کە ناوی نابوو (دوا نامەی جاکوبو ئورتیز) ناوبانگی دەرکرد، لە ساڵی ١٨٠٢ بڵاویکردەوە. ناوەرۆکی ئەم کتێبەی باس لە ئازارەکانی کەسێکی بوندقی دەکا کە نیشتمانەکەی لەدەست دەدات و بەهۆیەوە بێ خۆشەویست دەمێنێت، لە ئەنجامی ئەم لەدەستدانە خۆی دەکوژێت. فۆسکولو بە ژمارەیەك پەخشانی دیکە زیاتر ناوبانگ دەردەکات بەناوی ( گۆڕەکان) لە ١٨٠٧ بڵاویکردەوە. تیایدا ئەو خاکە پیرۆز دەکات کە گۆڕی چەند کەسێکی مەزن لە باوەش دەگرێت.

مونتو لە سەردەمی فۆسکولودا ژیاوە بەڵام لەو کۆنتر بوو لە ساڵی ١٧٥٤ لە دایك بووە، شیعرەکانی زۆر کاریگەر بوون تیایدا ئیلهام و پەیامەکانی بە گوێرەی دۆخەکان دەگۆڕدرێن. شیعرێکی لە ١٧٩٣ داناوە بۆ گیانی ئەو کەسەی بە کاروباری فەرەنسا هەڵدەستا لە ڕۆما دەکوژرێت. بۆ نیشتمان شیعری وتووە، تا دواتر دەبێتە ستایشکاری ناپۆلیۆن. لە شیعرەکانیدا لە ١٨١٤ خۆی ڕادەستی کۆشکی نەمسا دەکات و دەستبەرداری بزوتنەوەی ئازادی دەبێت ( لیبرالیزم)،بۆیە هیچ یەکێتیەك لە پەیامی ئەودا نابینین تەنها ئەوە نەبێت لە هەموو ڕۆژگارەکان و قۆناغەکاندا بەدوای مەزنی ئیتاڵیادا دەگەڕا.

دواجار ئەم ڕەوشتە نەتەوی بووە، چونکە لە ئیتالیا کاری زمانەوانی بۆ ئەم شێوازە دەکرا ئەمەش جۆرێك بوو لە پاراستنی نەتەوایەتی لە بواری زمانەوە، لە کۆڕ و کۆبونەوەکاندا هەموویان بە گشت پێکهاتە و توێژەکانەوە بەیەکەوە دادەنیشتن، تەنانەت ئەوانەی چووبوونە سەر مەزهەبی فەرەنسیش یاخود بێلایەن یا دژایەتی فەرەنسایان دەکرد، ئەوانیش بەشدارییان دەکرد لەم جۆرە دانیشتنانە.

له ڕێگەی خوێندنی ڕێزمان و ڕێنوسی زمانەوە کاریان لەسەر پاراوکردنی زمانەکەیان دەکرد، زمانی توسکانیان کردبووە بنەمای زمانەکەیان کە لە دێر زەمانەوە زمانی فەرمیی ئیتاڵیا بووە، هەوڵیان دەدا ئەم زمانە لە هەموو وشەکانی بێگانە پاك بکەنەوە. بۆ ئەم کارەیان ناپۆلیۆن هاوکاریی کردن و لە ساڵی ١٨٠٩ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. دواتر زمانی ئیتاڵییان بەسەر دامودەزگا فەرمیەکاندا سەپاند، تەنانەت ئەو فەرمانگە و شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی فرەنسیشدا بوون، لە ١٨١٢ ناپۆلیۆن قایل دەبێت ئەکادیمیای فلورەنسی دابمەزرێندرێ کە بە ئەکادیمیای کروسکا دەناسرا ئەو کاتەی لە ١٥٨٢ دامەزرابوو.

ئەم سەروەریە دەبێت بۆ ئیتاڵیەکان بنووسرێتەوە لەتەك سەروەریەکانی دیکەی هونەری و موزیکی.

بەم شێوەیە پرسی نەتەوی لە ئیتاڵیا بووە پرسێکی زارەکی هەرگیز بە سیاسی نەکرا، ئەوەی کرا ئەوەبوو کە خرایە سەر کەلەپوری ئیتاڵی، لە ڕاستیدا بەهۆی ئەوەی هاوکاری فرەنسیەکانیان دەکرد نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی پێی بڵێین هزرێکی نەتەویە، بەڵام لە داهاتوو پەیامیکی نەتەوی لەو کەسانە وەردەگرین کە بەم کارە هەستاون.

**شەڕی ڕزگاری**

ئەمە ئەو کاردانەوە گەلەریانەن بۆ پرسی نەتەوی لە سەرتاپای ئەروپا کە ئێمە دەتوانین دەستنیشانیان کەین لە ئەنجامی داگیرکاری فرەنسی، بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە ساڵەکانی ١٨١٣،١٨١٤ لە ئەنجامی شەڕی ڕزگاری کۆتاییان پێدێت، ئەم کۆتاییە بە لەناوبردنی سوپا لە ڕوسیا و داگیرکردنی ئەڵ مانیاو لەناوبردنی نەمسا ئەنجام درا. دەتوانین بڵێین ئەوەی بینیمان تەنها تاقیکردنەوەیەکی نەتەوی بوو لە سەرتاپای ئەروپا ڕوویدا. لێرەدا دەپرسین ئایا بزوتنەوە سیاسی و سەربازیەکان تا چەند بەشداری و ڕۆڵی دەرکردنی ناپۆلیۆنیان هەبوو لە ئەوروپای ناوەڕاست؟ کە دواجار بە یەکجارەکی لە ١٨١٤ فرەنسا تێکدەشکێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە هەنگاو بە هەنگاو بەدواداچوون بۆ ئەوە بکەین ئاخۆ تاچەند هێز بە پراکتیك

کراوە و هزری نەتەوی چەند سەرکەوتنی سیاسی و سەربازیی وەدەستهێناوە و چۆن لەسەر کەلاکەی ئیمپراتۆریەتی فرەنسی دروستبوون؟

### ٧/ پۆڵۆنیا

یەکەم وڵات کە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارەی دەکەینەوە ئەو وڵاتە دەبێت کە یەکەم وڵات بوو شکۆی فرەنسیی تێکشکاند و هێزەکانی لە سەر خاکی خۆی وەدەرنا ئەویش پۆڵۆنیایە. لەوکاتەی فەرماندە سەربازیەکان کە ناپۆلیۆن پشتی پێ دەبەستن و دۆستی ئەو بوون جێگەی متمانەی ناپۆلیۆن بوون وەکو بونیاتوسکی، بەڵام سیاسەتمەدارەکانی لە خەمی پاراستنی شکۆی پۆڵۆنیا و قەوارەی نەتەویدا بوون، کە خۆی لە میرنشینی ڤارسوفیا دەبینیەوە.

چاوتۆریسکی کە لایەنگرێکی ڕوسیا بوو بۆ ئەو ئاسایی بوو لە قەیسەری ئەلیکسەندەری یەکەم داوا بکات کە تاجی پادشایەتی پۆڵۆنیایان بۆ بگێڕێتەوە، ئەم تاجەش بنێتە سەری یەکێك لە براکانی، واتە بداتە شازادەی مەزن لە ڕوسیا چاوتۆریسکی پێی دەڵێت (کاتێك گەلی پۆڵۆنی بەنیازدەبێت تۆڵە لە داگیرکەر بکاتەوە و ئێوەش ئەو کەسە بن کە دەستی هاوکاریی بۆ درێژدەکەن دەبێت لە تۆڵەی ئەم چاکەیە ئەنجامێکی سحریی هەبێت، بۆ ئێوە شتێك ڕووبدات کە هەرگیز لە چاوەڕوانیدا نەبووبن، منیش پەیمانتان پێ دەدەم کە ئەو کەسەبم ئامادەبم هەموو شتێکتان بۆ واژۆ بکەم بەبێ دواکەوتن).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پۆڵۆنیا ئامادەیە خۆی ببەخشێتە ڕوسیا لە بەرانبەر گێڕانەوەی تاجی پادشایەتی و دامەزراندنەوەی پۆڵۆنیا، تەنانەت ئەگەر لەژێر حوکمی ڕوسی و بە یەکگرتویی لەگەڵ لیتوانیاشدا بێت.

نیشتمانپەروەرە ڕوسەکان لە نموونەی نیساردو بارون شتاین دژی ئەم بیرۆکەیە بوون، هەرچەندە ئەمانە لە ڕاوێژکارەکانی قەیسەر بوون، شتاین ڕوو لە بترسبورگ دەکات و لەوێوە لە ٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨١٢ دەنووسێت:

(دەبا دژی بیرۆکەی دامەزراندنی پادشانشینی پۆڵۆنیا بوەستینەوە هەرچیەکی لەسەرمان بوەستێ، دەبا ئینگلتەرا و نەمسا دژی ئەم ئارەزووە شێتانیە کۆببنەوە).

ئەو لەوە دەترسا ئەم دامەزراندنە ببێتە ناکۆکی نێوان ڕوسیا و نەمسا، بەمەش ئەو هاوپەیمانێتیە دروست نابێت کە دژی فەرەنسا بە نیازە دروستیکەن، لە ژێر فشارەکانی نیساردو و شتاین، قەیسەر بیرۆکەی پۆڵۆنیەکانی بە زمانێکی نیان ڕەتکردەوە و لە ١٣ کانوونی دووەمی ١٨١٣ دەستخۆشیی لێکردن بۆ ئەم چاکەیە. ئەمەش بەس بوو تا پۆڵۆنیەکان هیچ جووڵەیەك نەکەن، بەڵام بێ وەرگرتنی هیچ هەڵوێستێك ڕووخانی میرنشینی ڤارسوفیایان بینی چۆن بێ ئەوەی جووڵە بکەن ڕوسیاش بێ زیان و تەقە لە ٩ی شوبات١٨١٣ دەستی بەسەر ڤارسوفیادا گرت.

لە دەستوەردانەکەی شتاین تەنها وێنەکەیمان لە بەرچاوە، هێشتا بەتەواوەتی لێمان ڕوون نەبۆتەوە، پێویستە ئەوە بزانین کە نەتەوەی ئەڵمانیا دژی نەتەوەی پۆڵۆنیا بووە. پۆڵۆنیەکان هەر کارێکیان لە سوودی نەتەوەی پۆڵۆنی ئەنجام بدابایە ئەڵمانیەکان دژیان دەوەستانەوە، لە بوونی ئەم جۆرە ناکۆکیانەی نێوانیان بۆمان دەردەکەوێت کە شتێکی نەگۆڕ هەیە ئەویش ناکۆکیەکانی نێوان ئەڵمان و سلاڤەکانە.

### ٨/ پروسیای ڕۆژهەڵات

پروسیا دووەم دەوڵەت بوو کە هێزەکانی فەرەنسیی لێ وەدەرنران. یەکەم دیاردەی نەتەوەیی ئەڵمانیش بە دروستبوونی ئەم هەرێمە سەرهەڵدەدات، ئەو کارەساتەی لە ڕوسیا بەسەر ئیمپراتۆریەتی فەرەنسادا هات زوو هەستی پێ نەکرد، زیانەکانی لە ڕوسیا بەر ناپۆلیۆن کەوتن وردە وردە لێی دەردەکەوتن، چونکە هێڵەکانی بەرگری فەرەنسی لە پاشەکشە دابوون، بەکشانەوەی خاکەکانی ئەڵمانیا ڕزگار دەبوون تا گەیشتنە هێڵی فیستون، لەوێشەوە بۆ ڕوباری ئودەر، لە شوباتی ١٨١٣ دواجار بۆ پشتی چیاکانی ئەلب کشانەوە، سوپای فەرەنسی کە لەوپەڕی باکور بوو دەبووایە لە نیوەی دووەمی کانوونی یەکەم لە ڕوباری نیمن بپەڕێتەوە. لە ١٨ی کانونی یەکەمی

١٨١٣ ماكدۆناڵد كه فەرماندەی لای چەپی سوپاكەی فرەنسا بوو فەرمانی پێ گەیشت كه بكشێتەوه بۆ تیلیست، له كشانەوەیدا له نیمینەوه بۆ فیستول خاكی پروسیای ڕۆژهەڵات ڕزگاری دەبێت.

لەسەر بنەمای ئەم ڕووداوانه شۆڕشی پروسی لەبار بوو، ماكدۆناڵد فەرماندەی لای چەپی سوپای دەیەمی دەكرد له سوپا مەزنەكە، كورلاندی داگیركرد، له نێو ئەو سوپای دەیەمەدا سەربازی پروسی له ژێر فەرماندەی (ژەنەراڵ یورك) بەشدار بوون، ئەم پیاوه ئوروستوكراتیەكی پروسی بوو ڕقی له هەموو بزوتنەوەیەكی شۆڕشگێڕی بوو، دانی به كوشتارگەی سقلیه و شەڕی ڤاندیەدا نەدەنا، ئەو ئەفسەرێكی فریدریكی بوو لەسەر نەریتەكانی فریدریكی مەزن دەڕۆیشت، خۆی هۆكاری ئەو كارەساته بوو كه بەسەر سوپای پروسیادا هات.

ژەنەراڵ یورك سەرپەرشتی لای چەپی لەشكری پروسیی دەكرد له نێو سوپای فرەنسی، فەرمانەكانی زوو پێدەگەیشتن زوتر له ماكدۆناڵدی بەرپرسی، ماكدۆناڵد له گۆشەگیری و ناتێگەیشتندا نقوم ببوو، یورك له ئەیلولی ١٨١٢ له دواوەی كاروانەكە بوو له پێگەیەكی ڕوسی ماوەی دوو مانگ له نێوان سوپای ڕوسی و ماكدۆناڵدا له دڵەراوكێدا بوو، ئاخۆ كامیان بگرێته خۆ یا بەلای كامیاندا بشكێ سوپای ڕوسی یا ماكدۆناڵد. لەو ماوەیەدا له بەرلین دەمێنێتەوه بێ ڕێنمایی هەرچەنده داواشی كردبوو، لەم میانەدا یورك ویستی دانوستانەكان درێژه پێبدات تا پەیمانی دامەزراندنی پروسیا وەدەست دێنێت، له ١٨ی كانونی یەكەم پەیمانێكی ڕاشكاوانەی له قەیسەر وەرگرت كه ڕوسیا چەكەكانی لێ وەرناگرێتەوه تا پروسیا دانەمەزرێنێت، خۆ ئەگەر ئەم دەوڵەته هەموو خاكی پروسیاش نەگرێته خۆ ئەوا دەكرێت به شێوەیەك بێت دۆخێكی باشی بۆ فەراهەم بكرێت تا بتوانێت له نێوان ئەو دەوڵەته زلهێزانەدا لەسەر پێ بوەستێت. بەم شێوەیە دەبینین كه فەرمانده سەربازیه دوورخراوەكە دانوستانه سەربازیەكە له پێناو ڕادەستكردنی چەكەكان دەكاته دانوستانی سیاسی، كاتێكیش له ٢٩ی كانوونی یەكەم له ماكدۆناڵدەوه فەرمانی پێ دەگات كه بێته لای له تیلیست و له پشتەوەی نیمین، نەختێك دادەمێنێت دواتر دەكەوێته دەست ڕوسەكان له توروگین له ٣٠كانونی یەكەمی ١٨١٢ . ڕادەستبوونی توروگین به ڕوداوێكی

گرنگ و خاڵی وەرچەرخانی ئەڵمانیا دێتە ئەژمار، چونکە ماکدۆناڵدی ناچارکرد کە دواجار دەستبەرداری پروسیای ڕۆژهەڵات بێت، لەم ڕووداوە مەزنە کە بە ناپاکی یورك تەواو بوو دەبێت کاردانەوەیەکی سەربازی نیشتمانی ببینین لەسەر دەستی فەرمانداندەیەکی پروسی نەك بزوتنەوەیەکی ئەڵمانیی نەتەوی.

بە گرتنی توروگین دۆخەکان دەگۆڕدرێن، پروسیای ڕۆژهەڵات بووە قوربانیی شەڕەکان:

١/ یەکەم جار لە هێرشەکەی ١٨٠٧ داگیر دەکرێت، واتە هێرشەکەی ئایاو فریدلاند.

٢/ دووەم جارلە ساڵی ١٨١٢ لەکاتی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕوسی کە لەسەر دەستی فرەنسیەکان لە ناوبران داگیردەکرێت. بۆیە ئەوان پاساویان بەدەستەوەیە کە ڕقیان لە فرەنسیەکان بێت.

٣/ لەلایەکی دیکەیشەوە بەهۆی ڕووخانی سوپای فرەنسی و ڕاکردنی ژمارەیەکی زۆری سەربازانی کە لە هەندێك حاڵەت تەقەشیان لێدەکردن سوپا لە دۆخێکی شپرزەییدا بوو.

٤/ دواتر فەرمانبەرانی پروسیای ڕۆژهەڵات کەسانی نیشتمانپەروەر بوون،بۆیە ئەم هەرێمە شۆڕشی هەڵگیرساند.

٥/ سەرۆکی ئیدارەی ئەم هەرێمەش (شۆن) ئەندام بوو لە نێو گروپە نیشتمانپەروەرەکان کە لە دەوری شتاین و شارنهۆرست گنیزنو کۆببوونەوە. بۆیە یاخیبوونەکە بە هاوکاریەکانی ئیدارە و ژەنەراڵ پۆلۆف کە فەرماندەیەکی پروسیی ڕۆژئاوا بوو پەرەیان سەند، ئەم بوو بە سەربازەکانی ڕاگەیاند کە لە ڕۆژانی پشوودا خزمەت بکەن. لەهەمان کاتیشدا یورك هێرشی دەبردە سەر دواییەکانی کاروانی سەربازانی فرەنسی، لە کاتێکا حکومەتەکەی هاوپەیمان بوو لەگەڵ ناپۆلیۆن، لە هەموو حاڵەتەکاندا دەمانبینی کە ئیدارە و سوپا بێ پرسی حکومەت لە چوارچێوەی پروسیادا کاریان دەکرد، ڕووداوە گرنگەکەش ئەوە بوو کە لە ٢٢ی کانوونی دووەم شتاین گەیشتە کونیکسبورگ دیارە ئەویش لەلایەن قەیسەر ئەلیکسەندەرەوە هەموو دەسەڵاتەکانی پێ درابوون کە دژی فرەنسیەکان بەکاریان بهێنێت.

که تێبینیمان دەکرد شتاین بە هزر و بیرکردنەوەی ئەڵمانی بیر لە پروسیا ناکاتەوە و پرسی پروسیا هەرزانفرۆش دەکات، تەنها کاری بۆ دژایەتی فرەنسا دەکرد. بۆیە بە دیدی شتاین شۆڕشی پروسی تەنها بۆ ئەوەیە ئەڵمانیای پێ ڕزگار بکات و دووبارە ڕێکی بخاتەوە:

١/ ڕاستەوخۆ گەمارۆ و باجەکانی سەر کەنارەکانی پروسی هەڵگرت کە باری ژیانی لێ گران کردبوو.

٢/ فەرمانیدا بە نۆبەت پارەی ڕوسی بەکار بهێندرێ.

٣/ ڕێگەی نوێی بۆ بەرەنگاربوونەوە دۆزینەوە.

٤/ ئەنجوومەنی هەرێمی کۆکردەوە و داوای لێکردن دەنگ لەسەر دەستوری سوپا بدەن.

٥/ بەهۆی نەبوونی حکومەتی پادشایەتی کاری بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی خۆجێیی کرد لە کەسانی هەرێمەکە.

لە ٥ی شوبات ئەنجوومەن کۆبووەوە، لە ٧ی شوباتیش دەنگی بۆ ئەو دەستورە دا کە شتاین ئامادەی کردبوو، ئەوکاتە شتاین ئەوێ جێدەهێڵێت و دەگاتە ڕوسەکان کاری ڕێکخستنی یاخیبووەکانیش بۆ هەڤالانی جێدەهێڵێت. ئەنجوومەنی هەرێم لە حەفتا ئەندام پێکهاتبوو نیوەیان لە چینی نەجیبزادەکان بوون نیوەکەی دی نوێنەری شارو پیشەسازیە ئازادەکان بوو، لە ڕاستیدا ئەم ئەنجوومەنە سەر بە نەجیبزادەکان بوو چونکە هیچ نوێنەری گەلی تیادا نەبوو، گەل وەکو بێگانە لەو پرسەدا مایەوە، بەڵام تەنها کۆبوونەوەی ئەو ئەنجوومەنە و وەرگرتنی هەر بڕیارێك وەکو شۆڕشێك وابوو دژی مافەکانی پادشا بوون، چونکە بەبێ ئاگاداری پادشا کۆدەبوونەوە و بڕیاریان دەردەکردن، بڕیارەکانیشیان وەکو بڕیاری حکومەت وابوون، لە لێدوانەکانیاندا هەوڵی تێکدانی دۆستایەتی خۆیان و پادشایان دەدا. لەم ئەنجوومەنە دوو خەسڵەت دەبینین کە دواتر لە بزوتنەوەی پروسیدا هەمان شت بەدی دەکرێن:

یەکەم / بزوتنەوەی پروسی بزوتنەوەیەکی نەجیبزادەکان بوو، واتە بزوتنەوەی چینی باڵا بوو.

دووەم / ئەم بزوتنەوەیە لەوە نەدەترسا کە لە دەرەوەی حکومەت کار بکات و بانگەواز بۆ هەوڵەکانی شۆڕش بکات.

## لاندوهەر(سوپای وشکانی)

ئەو کارانەی ئەم ئەنجوومەنە پێی هەستا دامەزراندنی لاندوهەر(سوپای وشکانی) بوو، لە ١٧ی شوباتی ١٨١٣ بڕیاری ئەو سوپایەیان دا، هەروەکو بڕیارنامەکە ئاماژەی پێدەدات مەبەست لە دامەزراندنی ئەم سوپایە ڕێکخستنی سوپای یاخیبووەکانە وەکو سوپایەك لە دەرەوەی سوپای نیزامی، چونکە چینە باڵا دەستەکەی پروسیا تا ئێستاش دژی سەرباز و سوپا فەرمیەکەن، ئەمە ئەو خەسڵەتەی دواییەکانی سەدە بوو. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە و لەسەر ئەو بنەمایە ئەو سوپایەی (لاندوهەر) دەبێتە پاسەوانی هەرێم و ئامرازی شۆڕش بۆ حاڵەتی هێرشەکانی دوژمنان بۆ سەر هەرێم. مەرجی وەرگرتن لەو سوپایە دەبووایە لە نێوان تەمەنی هەژدە بۆ چل و پێنج ساڵ بووایە، ئەویش بە ڕێگەی تیروپشك خۆبەخشیان قەبووڵ دەکرێت، هەر چەندە ئەمە لە نێو پرۆژەی شتاین دا نەبوو، بەڵام ژەنەراڵ یورك و نوێنەری شارەکان ئەمەیان بەسەردا سەپاندن، کاتێکیش دەنگ لەسەر ئەم پرۆژەیە دەدرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت بێ ئەوەی گوێ بە ڕەزامەندی پادشا بدەن.

من دەپرسم چەند کاریگەری ئەم سوپای یاخیبوونە لەسەر هەرێمەکانی دراوسێی پروسیا هەبوو؟

یورك دوای ئەوەی پادشا لە ٢٢ی کانوونی دووەم لە کارەکەی و سەرۆکایەتی بڕیارە توندەکانی کونیکسبورگ دوور دەخاتەوە بەرلین جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە بریساو، بۆیە ئەم حکومەتە لاوازە کە خۆی ڕادەستی پادشا کردوە حکومەتێك لە نیشتمانپەروەرەکانی هەرێمی براندبورگ پێکدەهێنێت، ئەو دوو ژەنەراڵەی لە لووتکەی یاخیبوەکاندا بوون (یورك و بۆلۆف) لەگەڵ

فەرماندەی گشتی ( ویتگنشتین) ڕێکدەکەون کە لەشکرکێشی بکەنە سەر ڕوباری ئەودەر دژی فرەنسیەکان. بەهۆی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕیە پادشا ناچار دەبێت هەوڵی زیاتر بدات: لە ٣ی شوبات بانگی سەربازە یەدەگە خۆبەخشەکان دەکات بۆ زیادبوونی ژمارەی سوپا، لە ٩ی شوبات بڕیاری دەرکرد بە هەڵوەشاندنەوەی سەربازی پێنەکردنی ئەو کەسانەی بڕیاری تایبەتی دەیانگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان ١٧ بۆ ٢٤ساڵە، کاردانەوەی ئەو بڕیارە وەکو تایەکی گەرم وابوو بە جەستەی پروسیەکاندا دەهات.

## ڕێکخستنی لاندوهەر

ئەم سوپایە سوپایەکی سۆزداری پروسی بوو، لە چینە ڕۆشنفکرەکان بوو کە لێیانەوە هەستمان بە یەکەم میرنشینی نەتەوپی ئەڵمانی کرد، دەبینی بیرۆکەی جۆشدانی خەڵك بە هزری دژایەتی کردنی فرەنسیەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاوەوە پەیڕەو دەکرا، مامۆستاکانی زانکۆ ڕێخۆشی و ستایشی بڕیارەکەی خۆبەخشی لە سوپای یەدەگ دەکرد، لەم مامۆستایانە فیختە لە بەرلین وستیفانس لە بریساو، هەمان شێوەش لە زانکۆی هالیەو کونیکسبرگ تەنانەت لە پروسیای کۆنیش کە ئەمڕۆ لە ڕیزی دەوڵەتانی فرەنسا دێتە ئەژمار پیادە دەکرا.

لە ئیینا لە مانگی ئادار بزوتنەوەیەکی لاوان دادەمەزرێت، بەهۆیەوە زانکۆکان خاڵی دەبن کە هەموویان دەچنە ڕیزی ئەم بزوتنەوەیە. بورژواکان و چینی نەجیبزادەکان بەشداریان تێداکرد، جگە لەوان خەڵکانی ڕۆشنفکر و چینە باڵاکانیشی تیادا بوو:

ئەوکات دانیشتووانی بەرلین ١٥٠٠٠٠ کەس بوون لەو ژمارە ٦٠٠٠ کەس چووە ڕیزیانەوە، بەشێوەیەکی گشتی زانکۆکان خاڵی بوون، لە سیلیزیا ئیدارەی کۆلیژەکە داوای کرد سەرجەم خوێندکاران بچنە ڕیزی ئەم بزوتنەوەیە، لە جێگای ئەوان خوێندکارانی کۆلیژەکانی دیکە کارەکانیان ئەنجام بدەن. ژەنەراڵێکی گەنج هەبوو ناوی لوزۆتۆف بوو تیپێکی بەناوی (تیپی قەناس بەدەستە ڕەشەکان) دامەزراند بۆ لەخۆگرتن و کۆکردنەوەی خۆبەخشە ئەڵمانیەکان،

وای لێهات بزوتنەوەکە حکومەتی نیگەران کرد، بۆیە مترنیخ Klemens von MetternichKlemens von MetternichKlemens von Metternich مەترسیەکانی خۆی لەم بزوتنەوەیە نەشاردنەوە کە لە سیلیزیا و بوهیما و وستفالیا و تیرۆل سەریانهەڵداوە، بەو هۆیەوە لە ١٨ شوباتی ساڵی ١٨١٣ دەنووسێت:

(من لەم بزوتنەوەیە ناگەم کە بەناوی شەرەفی ئەڵمانیا و سەربەخۆییەکەی هەڵگیرساوە، دوورنییە کار بکاتە سەر پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان) مەترسیەکانی حکومەت لەم بزوتنەوەیە لەوەدا بوو کە ئەوەندەی نەمابوو ئەم بزوتنەوەیە ببێتە شۆڕشێك دژی حکومەت.

حکومەتی پروسیا لە ژێر فشار و سانسۆرەکانی خەڵکە هەڵچووەکە ناچار دەکرێت بە ڕووی شۆڕشگێڕەکاندا بتەقێتەوە، هەرچەندە پێی باش بوو خۆی لەم ڕووداوانە بە دوور بگرێت و تواناکانی لە نەمسا وەك خۆیان بمێننەوە، لەهەمان کاتیشدا لە ڕوسیا و قەیسەر بە گومان دەبێت، هاتنی شتاین بۆ بریساو فشاری خستە سەر فریدریك گەلیوم ناچاری کرد هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕوسیا ببەستێت، لە ٢٨ی شوباتی ١٨١٣ لە پەیماننامەی (کالیش) کە حکومەتی پروسیی پێ تەنگەتاو کرد ئەو پەیماننامەی ئەنجامدا.

چونکە قەیسەر پەیمانی دابوو پروسیا وەکو جارانی بەر لە ١٨٠٦بەهێز بکات، بەڵام بێ ئەوەی سنووری وڵاتەکەی بۆ ئەو کات بگێڕێتەوە ئەمەش بووە مایەی ئەوەی پروسیا تووشی سەرەڕۆیی ببێت، هاتنی قەیسەر بۆ بریساو لە ١٦ ی ئادار ڕێگەی لە فریدریك گلیۆم گرت کە دژی فەرەنسا شەڕ ڕابگەیەنێت، بۆیە لە ١٧ ئادار ئەم بڕیارە مێژووییە دەردەکات: گشتگیر کردنی سیستەمی لاندوهەر کە لە پروسیای ڕۆژهەڵات پیادە دەکرا، بەسەر سەرتاپای سنوورەکانی پادشانشین و زۆر بە توندیش، دواتر لە ٢١ی نیسان فەرمانی لاندشتورمی دەرکرد کە بریتیە لە فەرمانی گشتیی سەربازی بەزۆر کە پێشتر لە سەردەمی شەڕی فەرەنسی لە ١٧٩٢و ١٧٩٢ بەسەر پروسیا جێبەجێدەکرا.

ئەم بزوتنەوە پروسیە بزوتنەوەیەکی خۆڕسکی لێ دەردەکەوێت کە لە جۆری ڕەوشتی مۆراڵیی بە دوو چەشن دەبێت:

١/ یەکێکیان بریتیە لە بەرەنگاریەکانی نیشتمانی کە بەرەنگاری سوپای فرەنسیە.

٢/ بیرۆکەی بووژانەوە، واتە نوێکردنەوەی مۆراڵی، ئەمەش لە داهێنان و دەست پێشخەریەکانی هزرمەندە ئەڵمانیەکان بوو کە ئامانجیان هوشیار کردنەوە و هەستانەوەی ئەڵمانیا بوو بە گیانێکی نەتەوی.

لێرەدا ئەوە دەپرسین ئایا کۆمەڵگای پروسی بەتایبەتی و ئەڵمانی بە گشتی تا چەند بەشداریان لەم بزوتنەوەی دژ بە فرەنسادا کرد؟ وەڵامەکە لەو ڕێکخستنە سەربازیە دەستمان دەکەوێت کە لە پروسیا لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانە دامەزرا .

کاریگەری ئەو بڕیارانە چی بون، تا چەند خرانە بواری جێبەجێکردنەوە؟

لە خاڵی یەکەمدا دوو قەوارەی جیا دەبینین:

یەکەمیان/ خۆبەخشەکانن.

دووەمیان/ لاندوهەرە.

خۆبەخشەکان تیپی سەربازیی سەربەخۆیان دامەزراند کە خاوەنی سەرۆك و فەرماندەی تایبەتی خۆیان بوون، ئەوان تێکەڵ بە سوپا فەرمیەکە نەبوونەوە، هۆکارەکەی ئەوە بوو تا ئەوکات سوپا بەدەست چینێکی دەوڵەمەند و باڵادەستەوە بوو کە لەلایەن خەڵکەوە خۆشەویست نەبوون، لەبەر ئەم هۆکارە هاووڵاتیانی پروسی تیپی لەشکری سەربەخۆیان دامەزراند و تێکەڵ بە سوپا نەبوونەوە، ئەمەش یەکێک بوو لە دەستکەوتی چینی ڕۆشنبیر، بۆ نموونە لە مانگی ئادار و نیسان ١٥٠٠٠ خۆبەخش ناونووس کران، ئەمەش ژمارەیەکی کەم نیە لەو ژمارە نزیکەی هەشت هەزاریان لەوپەڕی ئامادەباشیدا بوون بۆ بەشداری کردن لە هەر ئۆپەراسیۆنێك لە مانگی ئایاردا ئەنجام بدرێت، بەڵام سوپای پروسی لە

ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ فرەنسیەکان لە بوتزن و لوتزن لەلایەن سوپای فرەنساوە تێکشکێندران، بەهۆیەوە ناچار دەبن لە ڕێگەی خۆبەخشەکانەوە ژمارەیان زیاد بکەن کە دەگاتە ٣٥٠٠٠ سەرباز.

بۆیە خۆبەخشەکان کە بە پیر بانگەوازی نیشتمانەوە چووبوون ژمارەیان زۆر دەبێت، بەڵام لاندوهەر لەسەرخۆ ڕێکدەخرێت ناگاتە ئاستی خۆبەخشەکان، ئەم دوو سوپایە سوپای نەتەویان پێکدەهێنا، لە ڕاستیدا لاندوهەر سیمایەکی هەرێمیی هەبوو چونکە لەلایەن ئەنجوومەنەکانی هەرێمەوە دامەزرابوون.

لیژنەیەك لە نەجیبزادە و نوێنەری هاووڵاتیان پێکهاتبوو بۆ دامەزراندنی ئەفسەران، ڕێکخستنەکانیش لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە جیاوازیان هەبوو، بۆ نموونە لە سیلیزیاو پروسیای ڕۆژئاوا واتە پروسیای پۆڵۆنیی کۆن ژمارەیەکی زۆری سەربازان ڕایاندەکرد و ڕیزەکانی سوپایان جێدەهێشت. هاووڵاتیانی بە ڕەگەز پۆڵۆنی لە ترسی سەربازی سنوورەکانیان دەبەزاند و ئاودیوی پۆڵۆنیا دەبوونەوە و ڕیزەکانی سوپایان جێدەهێشت، لە پروسیای ڕۆژهەڵات بە هەمان شێوە، لە بومیران هەروەها خەڵکانێکی زۆر لە کەنار دەریاوە سواری کەشتیەکان دەبوون و خۆیان دەگەیاندە سوێد یا دورگەکانی دانیمارك.

سیستەمی لاندوهەر لە پروسیا کارەکانی باش بەڕێوە دەچوون بەهۆی ئەوەی هاووڵاتیان بەر لەوەی نۆرەی تیروپشکیان پێ بگات ئەوان خۆیان دەچوونە ڕیزی سەربازی، ئەمەش نیشانەی نیشتمانپەروەریيان بوو. ئاستی نیشتمانپەروەری لای هەموو هاووڵاتیەك وەکو یەك نەبوو، هەندێکیان بە زۆر چووبوونە ڕیزی سەربازی و هەندێکیشیان بە خۆشی و داوای خۆیان. لە نێو ڕیزی لاندوهەردا چینی نەجیبزادە و بۆرژواکان دەستیان بەسەر پلەدار و ئەفسەرەکاندا گرتبوو بۆ خۆیان قۆرخیان کردبوو.

ژمارەی لەشکری لاندوهەر لە ١٢٠٠٠٠تا ٢٧٠٠٠٠ دەبوو، بەڵام کاتێك لە مانگی ئاب لە مەیداندا دەوەستان تەنها نیوەی ئەم ژمارەیە ئامادە دەبوون، ئەمە بووە مایەی گۆڕینی سیمای

سوپای پروسی، تا ئەوکاتیش هەموو چینەکان لە نێو سوپا نەتوابوونەوە بۆیە ئامانجەکانی سوپا ئامانجی نەتەوی و دیموکراسی نەبوون، بەڵکو ڕێکخراوێکی سەربازی بوو بۆ ئامانجی شەڕکردن دامەزرابوو. ئەوەی لە نێو لاندوهەر وەکو کارەکتەری نەتەوی و نیشتمانپەروەری دەبینرا تەنها خۆبەخشە کان بوون، بۆیە بزوتنەوەی پروسی بزوتنەوەیەکی ناتەواو بوو هەروەکو بەر لە چاکسازیە کۆمەڵایەتی و ئیداریەکانیش ناتەواو بوو کە حکومەتی پروسی و هردانبرگ پێی هەستابوون، بەهۆیەوە لاندوهەر وەکو ئامرازێکی سەربازیی دوور لە نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی مایەوە.

ئەمەبوو کاریگەریەکانی سەربازی لە پروسیا، بەڵام کاریگەریەکانی دەرەکیی چی بوون؟

شتاین و هاوەڵەکانی هەوڵی ئەوەیان دابوو کە یاخیبوونێکی سەرتاسەری لە ئەڵمانیا ئەنجام بدەن، بۆئەوەی ئەم بزوتنەوەیە ببێتە هۆکاری بەرپابوونی جەنگێکی سەرتاسەری دژی فرەنسا، بە ناوی هەردوو پادشاوە شتاین و نیسارود لە ١٩ی ئادار بەیاننامەیەك بەناوی (بانگێك بۆ ئەڵمانیا) بڵاودەکەنەوە، تیایدا ڕوونی دەکەنەوە کە مەبەست لەم جەنگە ڕزگارکردنی ئەلمانیایە لە چنگ فرەنسا، بۆ ئەم ڕزگار بوونەش بڕیارماندا یەکێتی ڕاین هەڵوەشێنینەوە، لە جێگای ئەو لیژنەیەکی کاتی دامەزرێنین بۆ ئیدارە پێدانی ئەو زەویانەی وردە وردە لە ژێر دەستی داگیرکەران ڕزگاریان دەکەین. ئەو لیژنەیەش لە دوو نوێنەری پروسیا و ڕوسیا و ئەو حکومەتانەی دواتر دێنە پاڵیان پێکدێت، شتاین وەکو سەرۆکی ئەو لیژنەیە دەستنیشان دەکرێت. ئەو لیژنەیە پڕۆژەیەکیان ئامادە کرد بۆ دابەشکردنی وڵات بەسەر پێنج بەشدا:

١/ ساکس

٢/ وستفالیا

٣/ میرنشینی پراگی مەزن

٤/ ناوچەكانی ليب

٥/ ناوچەكانی ئەيلەب و ميكولامبورگ.

هەر ميرێكی ئەڵمانی سەرپێچی ئەم بڕيارە بكات هەڕەشەی لەدەستدانی دەوڵەتی لەسەر دەبێت. لە ٢٥ی ئادار ژەنەراڵی ڕوسی كونوزوف كە فەرمانداریێتی ويتگنشتين ی جێهێشت ئەويش لەلای خۆيەوە بانگەوازێكی بڵاوكردەوە تيايدا دەڵێت:

(ئامانجی ئەم بزوتنەوەيە ڕزگاركردنی ئەڵمانيا و ميرەكانيەتی بە گێڕانەوەی ئابڕو و سەروەريەكانی گەلی ئەڵمانی كە لێی زەوتكراوە، بۆيە داوا لە هەموو ئەڵمانيەكی خاوەن ئابڕو و ويژدان دەكەين كە بە پير بانگەوازەكەمانەوە بێت)، هەر لەو بانگەوازەدا جەختی لە سەر ميرەكان و سەرجەم هاوولاتيانی ئەڵمانی كردەوە كە بە گيانێكی ئەڵمانيانە بەشداری بكەن بۆ گێڕانەوەی سەروەريەكانی ئەڵمانيايەكی يەكگرتوو بەهێزی جارانيەوە تا لە نێو نەتەوەكانی ئەروپادا ديار بێت، لەم دوو بانگەوازەی ١٩و ٢٥ی ئاداردا جۆرێك لە شۆڕشگێڕيەكی نوێ دەبينين. ئەڵمانيەكان ئەمەيان بە پەيمانی دووسەرە لێكدايەوە، پەيمانێك لە بەرژەوەندی ئازادی سياسەت، پەيمانێكيش لە بەرژەوەندی يەكێتی نەتەوی.

ئەم بزوتنەوە نەتەويە كە بانگی ئەڵمانيەكانی دەكرد، ئەمان بە شێوازێكی گورانی دەريانده‌بڕی، ژمارەيەك لە شاعيرانيش لەم پێناوەدا بەرهەمەكانيان خستە خزمەت ئەم سرووده، بەڵام حكومەتەكان هيچ هەڵوێستێكی خۆيان نەگۆڕی تا ئەو كاتەی بەر لە پايز شكستی ناپۆليۆن مسۆگەر دەبێت. لە باكوری ئەڵمانيا لە هامبورگ بزوتنەوە بە خێرايی بەرەو پێش دەڕوات كە لە ١٨ی ئادار دەست بە هەڵگيرساندنی شۆڕش دەكەن، لە ميكلامبورگ نزيكەی ٦٠٠٠ خۆبەخش ئامادە دەبن، لە باڤاريا تا ١٧ی ئەيلول كودەتا بەسەر ناپۆليۆندا ناكەن، لە ٨ی تشرينی يەكەم دەست بە شۆڕش دەكەن دواتر فورتنبرگ چاوەڕوانی لايبزگ دەكات كە لە ٢٣ تشرينی يەكەم ئەمانيش هەڵوێستی خۆيان لە ناپۆليۆن يەكلايی دەكەنەوە، هۆكاری دواكەوتنی

یەکلاییکردنەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتەکان چاویان لە نەمسا بوو نەك لە ڕوسیا و پروسیا.

ئەم بزوتنەوانە نەپەڕینەوە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا تەنها ڕۆژهەڵاتی گرتەوە، بەری ڕوباری ڕاین وەك خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە (بونیو) بەڕێوەبەری فرەنسی لە میرنشینی براگی مەزن دەنووسێت کە چینە باڵاکانی ڕینانی بە تێکشکانی سوپا لە ڕوسیا دڵخۆش دەبن، بەڵام چینە ڕەشوڕووتەکە بەم ڕوداوە دڵتەنگ بوون، کەچی ئیدارەی فرەنسی لە ناوچەی ڕینانی ئاسەواری مەزنی جێهێشتوە کە لە دوای ١٨١٥ بەدەر دەکەون.

بەرژەوەندیەکان و سوودە تایبەتیەکان نەیانتوانی ڕێگری لەم بزوتنەوە و شۆڕشە بکەن، بۆیە مترنیخ Klemens von MetternichKlemens von MetternichKlemens von Metternich بۆ خۆپاراستن خۆی گەیاندە شتاین و لیژنەکەی ( لیژنەی دبلۆماسی)، خاوەن بانکەکانی ئەڵمانیش تەگەرەیان دەخستنە بەردەم ڕێکارەکانی پێدانی قەرز کە بە ڕێژەی سوودی ٦٪ دیاری کرابوو، چونکە دەکرا بەم پارەیە خەرجیی ئۆپەراسیۆنە جەنگیەکان تەواو بکرێت، دواتر چەکدارە یاخیبووەکان لە ئەڵمانیا بەدوای سوپاکەی فرەنساوە نەبوون وەکو ئیسپانیا .

لە ڕاستیدا لە ئەڵمانیا لە زۆر شوێن بزوتنەوە و شۆڕش دژی فرەنسیەکان هەڵگیرسا بەڵام سەرتاپای ئەڵمانیای نەگرتەوە بۆیە ناتوانین بڵێین گشت ئەڵمانیا دژی ناپۆلیۆن ڕاپەڕی بەهۆیەوە ناپۆلیۆن شکستی هێنا. ماوە بڵێین سۆزی نەتەوایەتیی ئەڵمانی لە دژایەتی داگیرکاری فرەنساوە سەرچاوەی گرتبوو، پێویستە بپرسین و بڵێین ئەو پارتە نەتەویە هەڵگری چ فەلسەفە و هزرێکی نەتەوی بوو کە بەهۆیەوە چووە ناو پەیماننامەی ئاشتەوایی ١٨١٤؟.

شتاین لە یاداشتەکەی ساڵی ١٨١٢ کە دای بە قەیسەر، داوای ڕوباری موز و لوکسمبورگ و موزبیل ی کردبوو ببێتە سنوور، دواتر بەشێکی لە دانیمارکیش خستە سەری. لە ١٨١٤ پشتگیری لە داواکەی ڕوسیا کرد بۆ پێدانی پۆڵۆنیا و ساکس بە ڕوسیا، لە ڕووی ڕۆژئاواشەوە سنوورەکانی

ئەڵمانیای بەرفراوان کرد. لە ١٨١٥ لە هەوڵی ئەوەدابوو کە قەیسەر ئەلیکسەندەری یەکەم قایل بکات کە ئاسایشی ئەڵمانیا لەوەدایە سنوورەکەی ببێتە ڕوباری موز.

لەو یاداشتەیدا کە لە ١٨ی ئابی ساڵی ١٨١٥ نووسیویەتی، ئاماژە بەوە دەکات گوایە لویسی چواردەهەم نیازی وابووە لە کاتی شکستی شەڕی بۆماوەیی ئیسپانی لە دانوستانەکانیدا کە لە شاری جیرترویدانبورگ ئەنجامدرا ویستوویەتی دەستبەرداری ئەلزاس بێت.

یەکێك لە دامەزرێنەرانی نەتەوایەتیی ئەڵمانی بەناوی گورز ژمارەیەك وتار دەنووسێت، لە ڕۆژنامەی (مرکوری ڕینانی) لە ژمارەی ١٣و١٤ دا نووسیویەتی: (گەڕانەوەی فەرەنسا بۆ سنوورەکانی بەر لە ساڵی ١٧٩٢ چارەسەریەکی نادروستە. ئاسایشی ئەڵمانیا پێویستی بەوەیە سنوورەکانی ببنە فوج و ئاردین).

لە سەردەمی حوکمی سەد رۆژیدا ( حوکمی سەد ڕۆژی ناپۆلیۆن دوای گەڕانەوەی لە مەنفا) وتارێك بەناوی (فەرەنسای دابەشکراو یا فەرەنسای کەلەپچە کراو) بڵاودەکاتەوە تیایدا دەڵێت:

(ئەوروپا ئاسایش و ئارامی بەخۆوە نابینێ تا فەرەنسا نەکاتە دەوڵەتێکی پلە چوار)، هەروەها لە ژمارەی ١٢ دەنووسێت: [ ئەو ئاسایشە بۆ گەل نایەتە دی تا ئێمە بەهێز نەبین و ئەویش تێك نەشکێت (مەبەستی فەرەنسایە)، فەرەنسیەکان شایەنی ڕەوشت نین، گەوهەری ئەوەشیان تیا نیە پشتیان پێ ببەسترێت، دواجار پێویستە موڵکەکانی شارلیان لێ بسەنینەوە، ئەگەر وا نەکەین ئەلزاس و لورینمان لەدەست دەچێت].

ڕۆژنامەی (دۆچ بلاتر) داوای هەمو ئەو شوێنانەی دەکردەوە کە بە درێژایی ڕۆژگار لە ئەڵمانیا جیا کراونەتەوە وەکو:

(دانیمارك و وڵاتە نزمەکان و هەرێمەکانی بەلتیك و کورولاند و هەموو ئەو شوێنانەی چەند خانەوادەیەکی ئەڵمانی بەتەك یەکەوە دەژین لە ئەلزاس تا لیفونیا و لە گریز و نیشەوە تا شلیزڤیك)، ڕەوشت و کەلتووری ئەم زمان و گەلە ئەوەمان بەسەردا دەکاتە ئەرك کە گەلی خۆمان لە بەلژیك و هۆڵەند لە ڕۆژئاوا، لە باشور لە چیای ئەلب و تا مەجەر و ئەدریاتیك لە

ڕۆژهەڵاتیش چیای کاربات لە نێوان ئەم سنوورانەدا دەبێت تەنها یەك زمان و یەك ڕەگەز هەبێت. لێرە دەقێکی بیردۆزی هوردەر مان لەبەر دەستە کە زمان دەکاتە مەرج و ئامرازی نەتەوە بەڵام بە شێوەیەکی فراوانتر.

دەڵێین ئەوەی باسی لێوە دەکرێت، ئەمە خەسڵەتەکانی نەتەوایەتیی ئەڵمانین کە دەمانتوانی ناوی بنێین زانکۆی ئەڵمانی لەسەر بنەما و خەسڵەتەکانی ئاینیی، ئەوەتا دروشمی لاندوهەر ئاوا بوو: (لەگەڵ خودا، پادشا، نیشتمان)، لەگەڵ چوونی سەربازانی نوێ بۆ ڕیزی لاندوهەر بەرەو خزمەتی ئاینیان دەبردن، ژەنەراڵ بولو لە ئاداری ١٨١٣ بۆ برادەرێکی دەنووسێت و دەڵێت:

(منیش وەکو کرومویل دەتوانم کتێبێکی پیرۆز بە سەربازەکانم بدەم و لەگەڵ خۆیان هەڵیگرن). لە هەموو کەلیسە لۆسەریەکان لستێکی کوژراوانی شەڕ هەڵواسرابوو، لەو کاتەی ئەڵمانیامان بە کراوەیی بینی هەوڵی ئەوە هەبوون کە ئەڵمانیا بکەنە ئامرازێك بۆ خوداپەرستی.

-------------------

## شەڕی ڕزگاریخوازی لە وڵاتەکانی دیکە

وڵاتەکانی دیکە وەکو ئەڵمانیا هەمان کاردانەوەی توندیان نەبوو

### ١/ ئیسپانیا

بزوتنەوەی ڕزگاریخواز لە ئیسپانیا کارێکی سەربازیی ئینگلیزی بوو، لە بەهاری ساڵی ١٨١٣ بزوتنەوەی یاخیبووەکان لە بیسکای و نافاریا سەریهەڵدا و ژمارەیەك لە سەربازە فرەنسیەکانیان بە فەرماندەیی ژەنەراڵ کلوزویل گەمارۆدا. هێرشەکان بەم شێوەیە بوون ولنگتون زۆر ئازایانە بەرەو سالامنکا هێرش دەبات و لەلایەکەی دیکەشەوە دورو بەرەو گالیس بۆ یارمەتیدانی یاخیبووەکان هێرش دەبات، ئەم هێرشانە بوونە مایەی ئەوەی جوزیف ناچار بکەن لە مەدرید بکشێتەوە بەرەو ڕوباری لایبەر، کەنارەکانیش دوای ڕزگارکردنیان بۆ ئینگلیزەکان بوونە بنکەی سەربازی بۆ دابەزاندنی سەربازەکانی. ولنگتون توانیی لە فیتوریا لە ٢١ی حوزەیران سەرکەوتنێکی مەزن بەسەر سوپای فرەنسیدا وەدەستبێنێت، ئەم سەرکەوتنەی ولنگتۆن جۆزیف کە سەرپەرشتی سوپاکەی ناوەڕاستی دەکرد ناچاری دەکات بە تەواوی لە ئیسپانیا بکشێنەوە، بە هەمان شێوە سوپاکەی گالیس و کلوزیل، تەنها سوپاکەی سوشیە نەبێت بەرەو ڕوسیون هەڵکشا. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە ئیسپانیا بینیمان هاوکاریی نێوان هێزە نەتەویەکان و ئینگلیزەکان بوو.

لە باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپا شەڕەکان کۆتاییان پێ نەهاتبوو، تەنها ئەوە نەبێت کە دەنگۆی ڕووداوە سیاسیەکان و سەربازیەکانی ناوچەکە بوونە هۆکاری ڕزگاربوونیان. لە ڕووی دیرۆکیشەوە باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپا دوا بەدوای ڕزگاربوونی ناوەڕاستی ئەوروپا دێت. تەوەری سیاسیش کە لای ئێمە لە تەوەری سەربازی گرنگترە ئەویش لێکۆڵینەوەیە لە پرسی دروستبوونی نەتەوەکان.

## ٢/ هۆڵەندا

لە هۆڵەندا لوبرن حاکمی فرەنسی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨١٣ کۆنسۆلگەری کۆنی جێهێشت، بەرنامەی ئینگلیزەکان بۆ هێرش بردنە سەر هۆڵەندا بریتی بوو لەوەی برنادوت فەرماندەی سوپای هاوپەیمانان لەوپەڕی باکوری ئەوروپاوە هێرش بکاتە سەر هۆڵەندا و لە چنگ فرەنسایان ڕزگار بکات، ئینگلیزەکانیش لە کەنار دەریاوە بۆی بێن، بەڵام پێیان باش بوو کە هێرش ببەنە سەر هولشتاین لە پێناو درێژەدان بە پرۆسەی ئاشتەوایی و هەوڵی ئەوەشیاندا تا دانیمارك دەستبەرداری بێت. ئەمە بووە مایەی ئەوەی هۆڵەندیەکان بێ هاوکاری هیچ لایەنێك خۆیان لە فرەنسیەکان ڕزگار بکەن و هۆڵەندایان لێ پاك بکەنەوە. ڕزگارکردنی هۆڵەندیەکان بە هەوڵ و توانای خۆیان سیمایەکی نەتەوایەتیی بەخشی، لە ١٧ی تشرینی دووەم لە لاهای و ئەمستردام بەسەرۆکایەتی سیاسەتمەدارێك بەناوی هوخندورپ شۆڕش هەڵگیرسا و حکومەتێکیان دامەزراند، ئەو حکومەتە داوای هاوکاریەکانی لەندەنیان کرد. هاووڵاتیانی هۆڵەنداش بە خواستی خۆیان داوایان بۆ گەڕانەوەی خانەوادەی ئۆرەنج کرد. لە ٣٠ی تشرینی دوەمی ١٨١٣ میری هۆڵەندا لە سخێفنینگن دادەبەزێت، لەوکات فەرماندەی پروسی (پۆلۆ) لە یەکی کانوونی یەکەم لە ئوتریختەوە دێتە ناو هۆڵەندا، لەوێوە لە ٩ی هەمان مانگ بانگەوازێکی بۆ بەلژیکیەکان دا، فەرمانبەرە فرەنسیەکانیش لە مانگی تشرینی یەکەمەوە تا سەرەتاکانی کانوونی یەکەم دەستیان بە بەجێهێشتنی هۆڵەندا کرد و بەرەو وڵاتی خۆیان کۆچیانکرد. هەروەکو بینیمان ڕووخانی حوکمی فرەنسی لە هۆڵەندا کارێکی سەربازی نەبوو، سەرجەم پرۆسەی ڕزگارکردنی هۆڵەندا بریتی بوو لە گواستنەوەی بنکەو بارەگاکانی سەربازی فرەنسی لە هۆڵەنداوە بۆ بەلژیکا. خانەوادەی پادشایەتی ئۆرەنجی هۆڵەندی لەم میانەدا لایەنگری و خۆشەویستی هاووڵاتیانی هۆڵەندای بەدەستهێنا و هاووڵاتیان حکومەت و پادشا و نەتەوەی خۆیان خۆشویست.

### ٣/ بەلژیك

لەوکاتەی لە ڕێگەی کۆنکورتەکانەوە حوکمی ئاینی لە بەلژیکا پێگەکانی دادەکوتێ و چاکسازیەکانی کۆمەڵایەتی و ئیداریی فرەنسیش لە بەلژیکا ئەنجامیان دەبێت، هاووڵاتیان بەرهەمی ئەو چاکسازیە دەچننەوە، لەوکاتەوە بەلژیکیەکان حوکمرانی فرەنسیەکانیان پێ خۆش دەبێت و لێی بێزار نابن. هاووڵاتیانی بەلژیکی هیچ بیریان لە دەسەڵاتە بەسەرچووە کۆنەکەی جارانیان نەدەکردەوە چونکە حوکمی نەمساویی لەو وڵاتە حوکمێکی قورس بوو بۆیان، بۆیە سۆزیان بۆی نەبوو. ئەوان لەسەر دەستی نەمسایی و ڕۆحانیەکان چەوسانەوەی زۆریان بینیبوو و کەلیساش ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوو. لە سەردەمی نەمساییەکان هیچ شتێك بەناوی نەتەوایەتیی بەلژیکی بوونی نەبووە تا لە بیرەوەریەکانیاندا جێمابێت. بەڵام لە دوایین ساڵەکانی حوکمی فرەنسی و لە کاتی ڕووخانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت ئێمە نەخشەی نەتەویی بەلژیکیمان لێ دیار بوو کە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە کێشرابوو، ئەوانەی ڕۆڵیان لەو نەخشەسازیەدا هەبوو لە ساڵەکانی ١٨١٥-١٨٣٠ دەرچووی ئەم ڕووداوانە بوون بەتایبەت دوای شۆڕشەکەی ساڵی ١٨٣٠.

کارەکتەرە سەرەکی و بنەڕەتیەکەش ئۆپۆزسیۆنی ئاینی بوو کە بە ڕووی ئیمپراتۆریەتدا دەتەقێتەوە، هۆکارە سەرەکیەکەش دەستکاریکردنی پەروەردەی ئاینی ئیمپراتۆری بوو کە لەلایەن ڕۆحانیەکان و گەلی بەلژیك پەسند نەبوو. دواتر ناکۆکیەکانی نێوان پاپا و ئیمپراتۆر و چەوساندنەوەی پاپا بیوسی حەوتەم لەلایەن ئیمپراتۆرەوە هۆکاری تەقینەوەی کێشەکان بوون. لە ساڵی ١٨١٠بزوتنەوەیەکی توند سەریهەڵدا کە بووە مایەی نارەزایی کەلیسە و گەلی کاسۆلیکی، ئەم بزوتنەوەیە بە ڕابەرایەتی دوو ئەسقوفی فرەنسی دەبێت بەناوەکانی سیادە دوبروی ئەسقوفی شاری هاند و ئەسقوف سیادە هیرن ئەسقوفی تورنیە لەگەڵ هەردوو جێگرەکانیان. لە بەلژیکا یاخیبوونێکی ڕاستەقینەی ئەندامانی ڕۆحانی دەستپێکردبوو، لە زۆربەی ناوچەکانی بەلژیك ڕۆحانیەکان و قەشەو تەنانەت خوریەکانیش دژی ئیمپراتۆریەت

بانگەوازیان بۆ جووتیاران و هاووڵاتیان دەردەکرد، مژدە بەرانی ئاینی کریستی بە گەڕیدەیی لە گوندەکان دەخولانەوە و لە ژێر مانتۆکانیاندا نامیلکەیان شاردبۆوە و بەسەر جوواتیاراندا دابەشیان دەکردن، کە هەموویان دژی ئیمپراتۆر بانگەشەیان دەکرد. لەم دژایەتیەی ڕۆحانیەکان جەماوەر پشتیوانیی لێکردن و بەهۆیەوە دوورترین ناوچەی گرتەوە.

هۆکاری دووەم کە بووە مایەی بێزاری خەڵك لە حوکمی ناپۆلیۆن هۆکاری قەیرانی ئابوری بوو، ئەم هۆکارە سەرجەم چین و توێژەکانی گرتەوە، کاریگەریی لە کاریگەری ئاینی زیاتر بوو. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە لە بەلژیکا جگە لە ڕای گشتی کاسۆلیکی و دانیشتووانە سڤیلیەکان بەشێکی دیکەی دانیشتووان هەیە کە دژی ڕۆحانیەکانن و ئاقڵمەندانە بیردەکەنەوە.

ئەم دژە چینە لە بەلژیکا لە ڕووی هزرەوە دژ بەیەکن، دیارە ڕێچکەی ئەم دژایەتیەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای دروستبوونی پارتەکانی بەلژیکا لەسەر ئەم بیرکردنەوە جیایانە. بەهۆی قەیران و گەمارۆی ئابوری نەتوانرا کەرەستەی خاوی پیشەسازی لۆکە هاوردە بکرێت، بۆیە ئەم قەیرانە لە ١٨١٣ دەتەقێتەوە، دیارە ئەم پیشەسازیەش بە ڕێژەی لە ١٠٪ ی پیشەسازی وڵاتی پێکدەهێنا بۆیە خاوەن کارگەکان لە گاندی ناچار دەبن ١٣٠٠ کرێکار لە کارەکانیان دوور خەنەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و دابەزینی ئاستی داهاتی تاك و وڵات. ئەم قەیرانە دروستکردنی کووتاڵیش دەگرێتەوە، لە بروکسل لە کۆی ١٥٠٠٠ کرێکار تەنها ٩٠٠٠ کرێکار لەسەر کارەکانیان دەمێننەوە. ئیدی لە ساڵی ١٨١١ بەدواوە دیاردەی مایەپووچیی لە بانکەکان و بێکاری لە کارگەو بەندەرەکان سەرهەڵدەدات و قەیرانەکان قووڵتر دەبنەوە، بەهۆیەوە باری ژیان قورستر دەبێت وحکومەتی فرەنسی باجەکانی سەر هاووڵاتیان زیاتر دەکات. ئەو کاریگەریەی قەیرانی ئابوری کردیە سەر باری ژیانی هاووڵاتیان قورس و بە ئازار بوو. خەڵك لە تیروپشکی سەربازی زۆر بێزار ببوو، چونکە ڕێژەی زۆر کردبوو لە ١٨١١ لە کۆی دانیشتووانی بەلژیك ١١٠٠٠٠ کەسی لێ برابوو بۆ خزمەتی سەربازی، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە، لە ١٨١٢ ژمارەی ١٢٠٠٠٠ سەربازی لێ وەرگرت لە ١٨١٣ کردی بە ١٦٠٠٠٠ئەمە جگە لە ژمارەی ١٠٠٠٠ وەکو پاسەوانانی نیشتمانیی کارا لە خزمەتدا بوون،

بۆیە لاوان هەوڵی خۆدزینەوە و ڕاکردنیان دەدا لە خزمەتی سەربازی. بەهۆیەوە تیپی میلیشیا دادەمەزرێنن، بەهۆی بێزاری و خۆدزینەوەی خەڵك لە ١٨١٣ ڕووداوێك ڕوویدا، یاخیبووانی دژی خزمەتی سەربازی هێرش دەکەنە سەر سەرۆکی هۆبەی سەربازی کارنامەکانی دەدڕن و ئازاری خۆشی دەدەن. بێزاری خەڵك لە سەربازیکردن هەموو خانەوادەیەکی گرتەوە، منداڵانی بۆرژواکانیان دەبردن لە خوێندنگا سەربازیەکان پێیان دەخوێندن، هەژارەکانیش بۆ سەربازی. لە ساڵی ١٨١٣ ناپۆلیۆن بەسەر بۆرژواکاندا سەپاندی کە پاسەوانی شەرەف لە منداڵەکانیان پێکبێنن، بۆیە بێزاری ئەو چینەش دەگرێتەوە، چونکە دەوڵەمەندەکان لە پای بوردن لە منداڵەکانیان لە خزمەتی سەربازی پێنج تا شەش هەزار فرانکیان دەدا، بەڵام سەیریان کرد کە ئەم مافەشیان لێ سەندراوەتەوە.

هۆکاری سێیەمی بێزاربوونی خەڵك لە ئیمپراتۆریەتی ناپۆلیۆن، ڕژێمی پۆلیس بوو کە ببوە ڕژێمێکی ستەمکار، چاودێری تەواوی هزرەکانی مرۆڤی سڤیلیان دەکرد، خەڵکی لەو سانسۆر و چاودێریە بێزار ببوون.  لە ١٨١١ پۆلیسی گشتی لە بەلژیکا بە هەماهەنگی کۆمیسەرەکانی تری وڵات چاودێری تەواوی بەرپرسەکانیان دەکرد، بۆیە ئەوان هەستیان بە قورسایی ئەو سیخوڕیە دەکرد کە بە سەریانەوەیە، لە هەموو شوێنێك ستەم هەبوو، وێڕای ئەوەی بەلژیکیەکان زۆر پەیوەستی ئازادین ئەمەیان کردبووە بنەمایەکی نیشتمانی بۆ نیشتمانپەروەریان، لە دوا ساڵەکانی حوکمی ناپۆلیۆن کارێکی ڕیسوایی ڕوودەدات، ئەویش دەستبەسەرکردنی پارێزگاری شارئەنفرس(فیربروک) بوو بە تۆمەتی هاوکاری کردنی خەڵك لە شکاندنی گەمارۆی ئابوری سەر وڵات، دوای لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی، وێڕای ئەوەی بەڕێوەبەری پۆلیس دەبێتە (کفیلی) بەڵام بە فەرمانێکی ناپۆلیۆن لە کارەکەی دووردەخرێتەوە و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیدا دەگیرێت.  سەرەرای ئەوەی دادگای بروکسل پارێزگاری ئەنفرس ئازاد دەکات و پارێزەرێکی فرەنسیش بەرگریی لێدەکات کە لە گەورە پارێزەرەکانی فرەنسی دەبێت بە ناوی نیکولا، جەماوەر بە خۆپیشاندان پشتگیریان لەم بڕیارەی دادگا کرد کە پارێزگاری ئەنفرسی بە بێتاوان دەرکرد. بەڵام ناپۆلیۆن کە لەوکات بە شەڕێکی قورس لە

ساكس سەرقاڵ بوو فەرمانی بە ئەنجوومەنی پیران دا کە بڕیارەکەی دادگا هەڵوەشێننەوە و پارێزگار لە دادگایەکی تردا دادگایی بکرێت، دووبارە فیربروك درایەوە دادگا و خرایە زیندانەوە، بەهۆی ئەوەی کە بە ساڵاچوو بوو بەرلەوەی بدرێتە دادگا لە زیندان گیان لەدەست دەدات، لەوکاتدا بوو کە ئیمپراتۆریەت دەڕووخێت.

لە ژێر کاریگەری ئەم سێ هۆکارانە (ئاینی، ئابوری، سیاسی) لە ١٨١٣ و ١٨١٤ ڕای گشتی بەلژیکی لە فرەنسا هەڵدەگەڕێتەوە، سەرجەم چینەکانی گەل دژی فرەنسا دەوەستنەوە و لێی دەبن بە دوژمن، داوای حوکمی کۆن و سەربەخۆیی بەلژیکا دەکەن، داوا دەکەن فرەنسا بچێتە دەرەوە ئەوانیش بۆ سەردەمە کۆنەکە بگەڕێنەوە کە خۆشی و ئارامی باڵی بەسەر وڵاتا کێشابوو. هەندێکیان بە تایبەت چینە بە تەمەنەکە سۆزیان بۆ حوکمی نەمساوی هەبوو، یادی ئەو ڕۆژانەیان دەکردەوە کە حوکمیکی میهرەبان بووە. کاتێك پڕۆپاگەندە بڵاوبوونەوە بە کشانەوەی سوپای ڕوسی، بەڕێوەبەری پۆلیس پڕۆپاگەندەی ناڕەوای بڵاودەکردنەوە لەو ناوچانەی دەسەڵاتی فرەنسیی لێ باڵادەستە.

پارێزگاری بروکسل بڵاودەکاتەوە کە ئاسایشی گشتی لە دەوڵەتی سەربەخۆدایە، کاتێك لە نیسانی ١٨١٣ کونت دودیتو وەکو پارێزگاری نوێ بۆ برۆکسل دەنێرن، ئەم دەبینێت لە سەرجەم شەقام و کۆڵانەکان دروشمی ئاگرین دژی فرەنسا داکوتراون.

کاریگەری شۆڕشی هۆڵەندی لە بەلژیکا مەزن بوو، وەکو زانیمان لە ١٧ تشرینی دووەم شۆڕش هەڵگیرسا، لە ٢١ ی هەمان مانگ پارێزگاری هەرێمی دیل ئامادە نەبوو باجەکان بدات، دواتر ڕازی نەبوون سەربازیش بکەن، ئیدی یاداشتێک بەرزدەکەنەوە بۆ ناپۆلیۆن تیایدا ڕایدەگەیەنن کە ئامادە نین باج بدەن و بەشداری لە سەربازی فرەنسی دا بکەن. دواتر شارەوانیەکان (پاسەوانی مەدەنی) دا دەمەزرێنن بۆ بەرگریکردن لە خاکەکانیان دژی داگیرکەر. لە سەرەتای کانوونی یەکەم پێشەنگەکانی سوپای هاوپەیمانان لە بەلژیکا بیندران، سوپاش لە کانوونی دووەم گەیشت و لە مانگی شوبات چوونە ناو بروکسلەوە، بەم شێوەیە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە بەلژیکا بەردەوام دەبن تا مانگی ئادار .

بەڵام بەلژیکیە کان ئارەزووی چیان هەیە کە ئەمڕۆ دژی حوکمی فرەنسا لە یەك کۆبونەتەوە؟ کێشەی بەلژیکا لەسەر دەستی بەلژیکیەکان خۆیان چارەسەر نابێت، بەڵکو لەسەر دەستی هاوپەیمانان، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی ناوچەیی و هاوکێشەی سیاسی و پارسەنگی ئەوروپی بوو، کاتێك ژەنەراڵ پول ویستی بچێتە بەلژیکا لە ئوتریختەوە پەیامێکی بۆ بەلژیکیەکان نارد، هەروەها شازادە ساکس لە فیمار، کە بۆ یەکەمین جار کرایە حاکمی بەلژیکا لە ٧ی شوباتی ١٨١٤ لە بروکسلەوە بەیاننامەیەکی بۆ بەلژیکیەکان دەرکرد ئەمەی لەو بەیانەدا نوسیبو:

(حوکمی ستەمکاریی کۆتایی هات)، داوای لە بەلژیکیەکان کرد خۆیان ئازاد کەن، لە ڕاستیشدا گەل لە چاوەڕوانی کۆتاییدا بوو بێ ئەوەی بەشداری بکات، هیچیان چاویان لە شارەکانی ئەمستردام و لاهای نەکرد. ئەوەی هەڵوێستەکانی بەلژیکا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هۆڵەندیەکان بوون، ئەوان لە دۆخی سڕبووندا بوون، بەشداریان لە هیچ شەڕێکدا نەکرد، نە دژی فرەنسیەکان نە لەگەڵ ئەوان، دەستیان لە هەموو شتەکان بەردابوو تا خۆی کۆتایی دێت. بۆیە فەرماندەی هۆڵەندی (هۆخندورپ) زۆر بە سووکی باسی ئەو هەڵوێستەی بەلژیکیەکانی دەکرد، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٨١٤ دەنووسێت:

(ئەگەر بەلژیکیەکان هێزێکی سەربەخۆ و بەتوانا بوونایە خۆیان هێزەکانی فرەنسیان بکردایەتە دەر، ئەوا شایەنی ئەوە بوون خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بەڵام زۆر بە ڕاشکاوی لە هەموو لایەك پێت دەڵێن ئەوان دەیانەوێت ببینن سەربازانی هاوپەیمانان وڵاتەکەیان بۆ ڕزگار بکەن). خۆی لە ڕاستیدا لە نێو بەلژیکیەکاندا ناکۆکیەك لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا هەیە:

١/ بۆچونی پیرە کۆنەپارێزەکان لەگەڵ کۆبوونەوەی (سەندیکای نەتەوەکان) کە نوێنەرایەتی نەتەوەکانی بەلژیکایان دەکرد و بارەگاکەی لە بروکسل دەبێت، لەگەڵ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی برابان و ئەنجوومەنی هینوت داوای گەڕانەوەی ڕژێمە کۆنەکەیان دەکرد، لە مانگی شوبات سەردانی فرانسوی ئیمپراتۆری نەمسایی دەکەن، ئەو گفتی ئەوەیان پێدەدات

که دەکرێت بگەڕێنەوە ژێر تاجی نەمسایی چونکە نەمسا بەر لە شۆڕشی فرەنسی ئەم ناوچانەی بەدەستەوە بووە.

٢/ بۆچوونی بەشەکەی دیکەیان بە پێچەوانەی ئەوانەوە هی لاوەکان بوو کە حوکمی نەمساییان نەدیبوو، لەگەڵ خەڵکە پیشەسازکارەکان کە خاوەن بەرژەوەندی نوێ بوون، ئەوان لەگەڵ مافی مرۆڤدا بوون.

لە مەیدانیشدا هاوپەیمانان لە ڕێگەی فەرمانبەری نەمسایی حوکمی بەلژیکایان دەکرد کە گوایە ئەوان دەستکاری سیستەمی حوکمی فرەنسی ناکەن و دەیپارێزن، هەندێك لەو کارانەی هاوپەیمانان بریتی بوو لە دانانی خەڵکی ئەو وڵاتە لە شوێنی فەرمانبەرە فرەنسیەکان. لەکاتی پێویست زمانی فرەنسیان وەکو زمانی فەرمی بەکاردەهێنا لە ناوچە فلامەندیەکان، هەندێك جار دەقە فرەنسیە کانیان وەردەگێڕایە سەر زمانی فلامەندی. بڕیاری ٧ی ئاداری ١٨١٤ بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی کونکۆردات و پێدانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئاینی بە کەلیساکان. لە شێوازی نواندنی ئەم سیاسەتە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێزیان لە ئیرادەی گەل دەگرت و کارئاسانیان بۆ سەربەخۆیی وڵات دەکرد، ئەم شێوازە ئەوەندەی نەبرد هاوپەیمانان ئەرکی هاوڵاتیانیان قورستر کرد چونکە ئەوان بەوەیان دەزانی کە ڕۆژێك ئەم وڵاتە جێدەهێڵن، بۆیە کەمتەرخەمیان لە تاڵانکردن و وێرانکردنی وڵات نەدەکرد، وای لێهات داگیرکاری ئەوان لە هی فرەنسیەکان قورستر بوو بەسەر شانی هاوڵاتیانەوە.

لە ڕاستیدا بەلژیکیەکان وێڕای ئەم داگیرکاری و ستەمە بێدەنگ مانەوە و هیچ جووڵەیەکیان نەکرد. لەم ڕووەوە بارون فانسان کۆمیسەری گشتی و حاکمی نەمسا تا ڕۆژی یەکلاییکردنەوەکە دەڵێت: (بەلژیکیەکان ئەگەر خۆیان لە نێوان دوو بەرداشی دیموکراسیدا بینیەوە بۆ پرسە گشتیەکان زۆر بە هەران نەبادا دەسەڵات بکەوێتە مەترسیەوە، بەڵام ئەم جۆرە خەڵکانە ئەگەر هەستانەوە زۆر مەترسیدارن). بۆ سەلماندنی ئەم وتانە ئەو ناکۆکیە بەنموونە دەهێنمەوە کە لە نێو پارتی گەلی بەلژیکی ڕوویداوە لە نێوان خەڵکە کۆنەپارێزەکە و نەوەی نوێدا لە لاوان کە سۆزیان بۆ چاکسازیە فرەنسیەکان هەبوو. ئەم ناکۆکیە بووە مایەی

هێنانی کارەسات بەسەر بەلژیکیەکاندا، هەر چۆنێك بێت پێویستە ئێمەش وەکو کۆمسیۆنی فرەنسی لە بەلژیکا دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە هەردوو لایان ئامانجیان ئازادی بوو بەڵام بە شێوازی جیا، لە سەر ئاستێکی خۆجێی تەسك، چونکە ئێمە هیچ داخوازیەکی هەرێمیمان لێیان بەدی نەدەکرد داخوازیەکانیان بە زیادەوە نەتەوی بوون. ئەم دیاردەیە کە بەلژیکیەکان پێیەوە دەناسرانەوە هەستێکی نەتەوی بوو، هەستێك بوو لە پێناو ئازادی وڵات و تاك لێیان دەڕوانی، ئەوان مەبەستیان ئازادی بوو لە کارەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەیان چاویان لە زیاتر نەبوو.

لە بەلژیکا بەرژەوەندی دیکە هەبوون: بەرژەوەندی ئابوری و سڤیلی کە تا دوای دەرچوونی فرەنساش درێژەیان هەبوو، نەتەوەی بەلژیك بوونی نەبووە، ئەوەی لە دروشم و ئامانجەکانی ئەو دو پارتە بەدی دەکەین هیچ هەستێکی نەتەوایەتی بۆ دوارۆژ دروست ناکات.

**٤/ ئیتاڵیا:**

ئیتاڵیا نموونەی بەیەکهەڵپژانی پیلانە سیاسیەکانمان نیشاندەدات، بەڵکو هەندێك لەو پیلانانە سوودی بۆ ئیتالیەکان هەبێت بۆ دۆزی یەکێتیەکەیان، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ بیرۆکەی جەماوەر یەکناگرنەوە تا ئەو کاتەی لەسەر دەستی پسپۆرانی ئەم بوارە نەگەنە ئاستی تێگەیشتنێکی هزری کە یەکێتی ئیتالیا لە بیرکردنەوەیاندا بچەسپێت.

پسپۆرانی ئەم بیرۆکەیە لەو چین و توێژانە پێکهاتوون کە هەوڵیان داوە سوود لە خواستەکانی سیاسەتمەداران وەرگرن، هەندێك لەو کەسانە لە پەنای بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانەوە هەڵگری هزری نەتەوی بوون، بەڵام هەندێکی دی نەتەوەپەروەری ڕاستەقینە بوون، ئەم دوو توێژە لە دەوری (ئوجین بوهارنیە) کۆبوونەوە کە جێگری پادشای ئیتالیا بوو لە باکور یا لە مورات Jaochim Murat کۆببوونەوە لە ئیتالیای باشور. وێڕای ئەم توێژانەی هەڵگری هزری نەتەوی چەند تەڵە و پیلانێکی تێکهەڵپرژاویش هەبوون:

١/ تەڵەی ئوجین بوهارنیە .

٢/ تەڵەی مورات Jaochim Murat.

٣/ تەڵەی مترنیخ Klemens von MetternichKlemens von MetternichKlemens von Metternich.

یەکەمیان لە دووانەکەی تر خێراتر بوو کە تەڵەی ئوجین بوهارنیە بوو، دووانەکەی تر سەرەتا هاوکاری یەکتریان دەکرد دواتر بوون بە رکابەری یەکتر، کە تەڵەکانی مورات Jaochim Muratو مترنیخ Klemens von Metternich بوون.

سیاسەتی ئەم سێ بەرپرسە چارەنووسی ئیتالیای خستە بەردەست، ئەو دەوڵەتە کشوەریانەی بایەخیان بە پرسی ئیتالیا نەدەدا لێیان کردنە دەر، لە ساڵی ١٨١٣ وە کیشوەری ئەوروپا پرسی ئیتالیای بۆ نەمسا جێهێشتبوو، بەڵام دەوڵەتێکی دیکە هەبوو کە بایەخی بە پرسی ئیتالیا و خانەوادەی بوربون دەدا کە ئاوارەی سقلیە ببوون ئەویش دەوڵەتی ئینگلتەرا بوو. بەتایبەتیش باڵیۆزی ئینگلتەرا لە ناپۆلی (لورد بانتینیك) ئەو لە خۆیەوە و بێ پرسی حکومەتەکەی بەم ئەرکە هەڵدەستا، ئەوەبوو سامی خۆی بەسەر پادشای سقلیەدا سەپاندبوو تا سیاسەتی ئیتالیا ئاراستەی دژایەتیکردنی مۆرا بکات.

سیاسەتی ئۆجین سەبارەت بە ئیتالیای باکور ئەوە بوو کە دەستبەرداری پادشاکەی نەبێ و وەکو پادشایەکی هەمیشەیی بمێنێتەوە، ئۆجین دوای ڕووداوەکەی لایبزگ چووە ناو میلانۆ و فەرمانەکانی ناپۆلیۆنی شکاند کە ئیتالیای باکور جێبهێڵێت و بە فەرمانبەرە فرەنسیەکانەوە بگەڕێتەوە فرەنسا، هەرچەندە ئوجین نیازی نەبووە خیانەت لە ناپۆلیۆن بکات، بەڵام ئەو کەوتبووە نێوان دوو بەرداشی نەمساوی و فرەنسی تا دواجار خۆی ڕادەستی ژەنەراڵی نەمسایی(بیلگارد) دەکات لە ٢٦ی نیسانی ١٨١٤، لەم کاتەدا لە میلانۆ چەند پارتێك دادەمەزرێن:

١/ پارتی نەمسایی:

له کەسانی ئاشتیخواز پێکدەهات، جگە لە ئاشتی بە هیچ ئەڵتەرناتیفێکی دیکە قایل نەبوون. لە ڕووی سیاسیەوە کەسانی کۆنەپەرست بوون چاویان لە دەستکەوتە تایبەتیە کۆنەکانی جاران هەبوو، هەندێکیش لەوانە بە ئومێدی حوکمداری نەمسا بوون لە لومبارديا بۆیە پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکرد.

٢/ پارتی ئازادی ئیتاڵی:

زۆربەی نەجیبزادەکانی میلانۆ لەم پارتە کۆببوونەوە، ئەوان میلانۆیەکی سەربەخۆی پانوبەرینیان مەبەست بوو، واتە پادشانشینێکی ئیتالی لە ژێر تاجی هەر میرێکدا بێت گرنگ نەبوو بەلایانەوە، ئیتالی بێ یا نەمسایی یا ئینگلیز، ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو سەربەخۆیی پادشانشینەکە بە پایتەختی میلانۆوە بوو. سەرۆکی ئەم پارتە (کۆنفالونیری) بوو، کاتێك ناپۆلیۆن دەرووخێت ئەم پارتە هاووڵاتیان هاندەدات فشار بخەنە سەر ئەنجوومەنی پیران و دەستەی هەڵبژاردن تا کۆببنەوە، کە بووە مایەی تووڕەیی و هێرشی جەماوەر بۆ سەر وەزیری دارایی (برینا) لە ٢٠ی نیسانی١٨١٤و پارچەپارچەکردنی.

ئەنجوومەنی شارەوانی حکومەتێکی ڕاسپاردەیان پێکهێنا و (کونفالونیری)یان ناردە پاریس بۆ ڕاوێژکردن لەسەر سەربەخۆیی ئیتالیای باکورو دانانی دەستور، چونکە نەمساییەکان لەڕووی سەربازیەوە زیرەکتر بوون، زووتر دەگەن، بۆیە هاوپەیمانان بڕیاریاندا ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن بێ گوێدانە ڕاوبۆچوونی ئیتالیەکان، بیلگارد دەچێتە میلانۆ و گوتارێکی توند بۆ دانیشتووانەکەی دەدات، بەڵام پێشتر ئامادەباشی خۆی کردبوو بۆ خۆڕزگارکردن لەو ژەنەراڵانەی بۆنی بەرگریان لێدێت. خۆی ئەم پارتە ئەوە نەبوو ئەوەندە بەهێز بێت بەرەنگاری بکات، ئەگەر سەرجەم ئیتالیەکان بە جووڵانەوە هەڵنەستن، چونکە ئەم پارتە پارتێکی خۆجێیی بوو هەموو ئیتالیەکان لێی تێنەدەگەیشتن، ئەم پارتێکی سەربازی بوو ئامادە بوو دەستی هاوکاری بۆ دەسەڵات درێژ بکات ئەگەر سەربەخۆیی ڕاگەیاند، هەرچەندە ئەندامانی چاویان لە بوندقیە بوو بەڵام زیاتر لە میلانۆ بوو. کاتێکیش لیژنەکانی هەڵبژاردن کۆدەبنەوە دەنگدان تەنها ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە کە بە زمانی لومباردی قسە دەکەن.

**ئیتالیای باشور:**

له باشور ڕەوشەکان بە جۆرێکی دیکە بوون، ئەوان لە ناو بازنە و تەڵەکانی مورات Jaochim Murat و مترنیخ Klemens von Metternich دا بوون، ئومێد و بەرنامەکانیان لە هی میلانۆ بەرفراوانتر بوو، داواکانیان لە ئیتالیاش مەزنتر بوو، سەرەتا مترنیخ Klemens von Metternich داوای دەرچوونی ئیتالیای دەکرد لە ژێر دەسەڵاتی ناپۆلیۆن و جیاکردنەوەی مورات لە ئیمپراتوریەت بۆ ئەوەی لە ئوجین و فەرەنسیەکان ڕزگاری بێت کە حوکمی ئیتالیای باکور دەکەن، چونکە ئەمە بەرنامەکەی مترنیخ Klemens von Metternich بووە، بۆیە ئامادە بوو لەگەڵ مورات Jaochim Murat

ڕێککەون، بەڵام مورات Jaochim Murat پاش ئەوەی لە ڕوسیا دەکشێتەوە لە ٤ی شوباتی ١٨١٣ لە ناپۆلی دەمێنێتەوە. ئەوەی مورات Jaochim Murat دەیویست تەنها مانەوەی تاجەکەی بوو، چونکە ناپۆلیۆن هەڕەشەی لێسەندنەوەی لێکردبوو بۆیە ئامادە بوو لە پێناو مانەوەی تاجی پادشایەتیی دەستبەرداری ناپۆلیۆن بێت، ئەوەتا لەوکاتەی دەگەڕێتەوە بۆ ناپۆلی ئەمیر کاریاتی وەکو نێردەی خۆی دەنێرێتە ڤیەننا بۆئەوەی مانەوەی مسۆگەر بکات و ئامادەیی خۆی دەربڕێت لە پای مانەوەیدا ڕێگە بە سوپای نەمساش بدات بە ئیتالیادا هاتوچۆ بکەن.

هەندێك کەس لە دەوری مورات Jaochim Murat کۆبوونەوە تا فریوی بدەن، لەوانە نمایندەی شۆڕشگێڕەکان بوو، ئەوان ئەگەر کۆماری بن یا هەر شتێکی دیکە هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دژی هەمو سیستەمە کۆنەکان بن، نەیاندەخواست ئەو ڕژێمە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوانیشدا هەندێك نیشتمانپەروەری لایەنگرانی ئیتالیش هەبوون وەکو بۆرژکان کە لە هەوڵی ڕزگارکردنی ئازادیە مەدەنیەکان و چاکسازیەکاندا بوون، کە حوکمی فەرەنسی هێنابوویە ناو ئیتالیاوە، بە هەستێکی نەتەوایەتی جۆشدرابوون. ئەوان بە مورات Jaochim Murat یان دەوت ئەگەر شۆڕش بەرپا بێت نەمساییەکان کار بۆ گەڕانەوەی ڕژێمی نەمسایی دەکەن. دواتر دەبینین کە بانتیك باڵیۆزی ئینگلتەرا لە سقلیە دەست دەخاتە ناو کاروبارەکە و پەیوەندیی بە مورات Jaochim Murat وە کرد بۆئەوەی دژی فەرەنسا بەکاری

بهێنێت، پێی وت : ٢٥ هەزار سەرباز دەخەمە ژێر فەرماندەت بۆ هاوکاریکردن، بەمەرجێك گایت ڕادەستی ئینگلتەرا بکەیت تا سەربازەکانی لێ دابەزێنێت. لە ڕاستیدا لورد بانتینك فێڵی لە مورات Jaochim Murat کرد، چونکە ئەم لە بەرژەوەندی پادشا فەردیناند کاریدەکرد، بە شێوەیەك کاری لە مۆرات کرد کە هەست بکات ئینگلتەرا دژی ستەمکار هاوکاریی دەکات و دەیکات بە سونبولی ئیتالیا و ئیتالیاش لەسەر دەستی ئەم ڕزگار دەبێت. مۆرات تووشی ڕاڕایی هات، کاتێکیش ناپۆلیۆن بانگی دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەڵمانیا ئەم بێ سێ و دو پەیوەندیی پێوە دەکات و دەچێتە پاڵ ناپۆلیۆنەوە، بەڵام کاتێك ناپۆلیۆن دەڕووخێت و شکست دەهێنێت، ئەم لە ٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨١٣ دەگەڕێتەوە ناپۆلی و بە یەکجارەکی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناپۆلیۆن دەپچڕێنێت و کار بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی دەکات.



یواکیم مورات Jaochim MuratJoachim Murat

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨١٣ مورات Jaochim Murat داوا لە ناپۆلیۆن دەکات ئیتالیای بۆ یەکبخات.  جا ئەگەر ئەم پێشنیارەی بۆ ئەوە بێ بیکاتە پاساوی دابڕان لە ناپۆلیۆن یا ئەوەتا ویستویەتی خۆی ئەم ڕۆڵە گرنگە ببینێت، پێشنیارەکەش بەم شێوەیە بوو:

(ئامانجی پادشا ئیتالیایەکی سەربەخۆ بوو.. ئێوەی شکۆمەندیش نەتەوەی ئیتالیاتان پێکهێنا، زۆربەی ئیتالیەکان پێیان خۆشە کە قەوارەیەکی سیاسیان هەبێت).

ئەمە یەکەم جار بووە کە بیرۆکەی یەکێتی ئیتالیا لە مورات Jaochim Murat وە دەرچێت، نەمسا هەموو هەوڵەکانی بۆ دابڕاندنی مورات و دەرهێنانی ئیتالیا بوو لە ژێر چنگی ناپۆلیۆن. لەو کاتەی شەڕ دەستی پێکردبوو مترنیخ Klemens von Metternich لەگەڵ کارولینای هاوسەری مورات Jaochim Murat لە وتووێژدا بوو، کاتێکیش مۆرات بە ڕەزامەندی ڕوسیا و ئینگلتەرا دێتەوە ناپۆلی نەمسا ژەنەراڵ نیبرگ وەکو باڵیۆز بۆی دەنێرێت. لە ١٠ی تشرینی دووەم بڕیاری سەفەرکردنی دەرچوو ئەم لە ٣١ی کانوونی یەکەم دەگاتە ناپۆلی بە گەیشتنی باڵیۆز دانوستان لەگەڵ مورات Jaochim Murat دەستپێدەکات. بە خێرایی ئەم دانوستانە ئەنجامی دەبێت، بووە مایەی بەستنی پەیماننامە لە نێوان مورات Jaochim Murat و نەمسادا لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٨١٤، هاوپەیمانێتیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا دروستبوو، نەمسا پەیمانی پاراستنی تاجی بە مۆرات دا و پەیمانی ئەوەشی پێدا هەرچی لەدەستی دێت بۆ قایلکردنی هاوپەیمانان درێغی ناکات. لە تەك ئەم هاوپەیمانێتیە ڕێککەوتنێکی نهێنیش بەسترا کە بریتی بوو لەوەی نەمسا هەوڵ بدات خانەوادەی بوربون دەستبەرداری ناپۆلی بێت و ئینگلتەراش لەگەڵ مۆر هاوپەیمانی ببەستێت، قایلیش بوون کە ژمارەی دانیشتووانی مورا لە ناپۆلی بگاتە چوارسەد هەزار، ئەم ژمارەیەش لە زەویەکانی پادشا وەربگیرێت. خۆی مترنیخ Klemens von Metternich توانیی پەیمان لە نێوان ئینگلیز و مۆرا دروست بکات لە ٣ی شوباتا، لە بەرانبەردا مورات Jaochim Murat لە ١٤ی کانوونی دووەم پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناپۆلیۆن دەپچڕێنێت و شەڕی دژی ناپۆلیۆن ڕاگەیاند و لە ١٩ی کانوونی دووەما ڕۆما داگیردەکات، لە ٣٠ ی هەمان مانگدا سەربازەکانی توانیان بچنە ناو ئەنگوناوە و لە ٣١ ی مانگیش چوونە ناو پۆڵۆنیا، لەولاشەوە نەمساییەکان کۆمیسەرایەتی پاپایان داگیرکرد. بەم شێوەیە حوکمی فەرەنسی لە ئیتالیای ناوەڕاست کۆتایی دێت و دواتریش لە سەرتاپای ئیتالیای

باكور. کاتێکیش پاپا ئازاد دەکرێت دەگەڕێتەوە ئیتالیا و مورات Jaochim Murat دەستبەرداری بەشێك دەبێت.

تا ئەوکاتە جگە لە هەندێك پەیوەندیی تایبەتی دوور لە گرێبەستی سیاسی هیچ شتێك لە نێوان ئەو دوو کەسەدا نەبووە( مترنیخ Klemens von Metternich و مۆرات)، بەڵام دوای ئەوەی بە هاوبەشی کاریان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی فەرەنسا کرد لە ئیتالیا هەماهەنگی و بەرنامە دارێژی کەوتە نێوانیانیان. لەم میانەیەدا چاوتێبڕینەکانی مورات لە هەڵکشاندا دەبێت، مورات خەڵکی باشور بووە لە خەسڵەتەکانی ئەو ناوچەیەش کارکردنە لەسەر خەونەکان و خۆیان ڕادەستی خەیاڵ دەکەن، پێی وابوو هەرشتێك حەزی لێ بکات وەدەستی دێنێت و لە خۆیەوە دێتە بەردەستی، چونکە تا ئەوکات ژمارەیەك لە ئیتالیەکان لە دەوری کۆببوونەوە و یارییان بە هەستی دەکرد. لە ناپۆلی نوێنەری ڕۆما هاتە لای و داوای لێکرد کە دەستی بخاتە سەر شارەکەیان و پیرۆزی بکات. ماسۆنیەکانیش کە مورات ڕابەریان بوو کاریان لەسەر ئەوە دەکرد بیکەنە سونبولی ئیتالیا، لە پەنای ئەم هاندان و لە سەر بنەمای حەزو ئارەزووەکانی، مۆرات دەستیکرد بە چاکسازی لە دەستوری دەوڵەتدا، لەو ناوەدا هەموو ئەوانەی سوودیان لێ دەبینی هاوکاری و پشتگیریان لێکرد، بەتایبەت ئەوانەی بوونە کڕیاری سامانی دەوڵەمەند و کەلیسا فرۆشراوەکان لە ڕێگەی فرۆشتنی مزایەدەوە، مورات بە باڵیۆزی نەمسای وت:

(ئێوە سوود لەو دەوڵەتە بچووکانە نابینن کە بە نیازن لە ئیتالیا دروستی بکەن، وازیان لێ بێنن با ئازاد بن ئەم سوپا ٦٠٠٠٠ شەست هەزاریە لە خۆ مەگرە، بەم کارەت ئیتالیا و ئێوەش ئارام و ئاسوودە دەبن).

لەوکاتەدا پەیوەندی بە ناپۆلیۆنەوە دەکات کە لە دوورگەی ئەلبا دەبێت، لەگەڵ پاپاش کەوتە دانوستان، بۆ پێدانی بەشێك لە دەوڵەتی حبری بە پاپاو لە بەرانبەردا وەکو پادشا دانی پێدا بنێت . هەستی کرد بە ڕووخانی ناپۆلیۆن ئەم لاواز بووە بۆیە دوو بەرنامەی دارشتن:

یەکەم/ یا پشت بە هاوولاتیانی ئیتالیا ببەستێت و کۆیانکاتەوە لە خۆی و دەوڵەتی ئیتالیای یەکگرتوو ڕابگەیەنێت.

دووەم/ ئەگەر لەمەیاندا سەرکەوتوو نەبوو، بەرنامەی دووەمیان جێبەجێ بکات، ئەویش کار لەسەر ناپۆلی بە تەنها بکات و تاجی ناپۆلی لەسەر بنێت.

سەبارەت بە مترنیخ Klemens von Metternich کاتێك لە ناپۆلیۆن ڕزگاری دەبێت ئێستا بیر لە ڕزگاربوونی مورات دەکاتەوە، بەڵام ئەو لە ڕێگەی پەیماننامەیەکەوە گرێبەستی لەگەڵدا هەیە. لە لایەکی دیکەیشەوە نیازی وابوو دەست بەسەر کۆمیسەرانی حەبری دا بگرێت تا میرە نەمساییەکان لە شوێنیان دابنێت، ئەوەی مترنیخ Klemens von Metternich بە نیازی بوو لە ئیتالیا دروستی بکات دۆخێك بوو لە شێوەی دۆخی ئەڵمانیا: ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی یەکێتیەکی ئیتاڵی کە ئەندامەکانی میوانی سیاسەتی نەمسا بن، خاوەندارێتی پادشانشینی ئیتاڵیاش بۆ نەمسا بمێنێتەوە لە ژێر ناوی پادشانشینی لومباردیی بوندقیە. سەبارەت بە بیمونت دەکرێت کچی فیکتۆر ئەمانۆئیل بدرێتە شازادە کە لە ڕەچەڵەکی خۆیدا هیچ نێرینەی نیە، ئەگەر یاسای سالی هەڵوەشێندرایەوە کە تیایدا هاتووە ژن نابێت میراتی حوکمڕانی وەرگرن، ئەوکات ئەم شازادەیە دەبێتە پادشا بیمونت- ساردینیا، لە توسکانا و مودیناش میرە نەمساییەکان دەگەڕێنەوە سەر تەختی حوکمڕانی خۆیان. دوا جار تەنها ماریا لویزا ی ئیمپراتۆر دەمێنێتەوە. خانەوادەی بوروبونیش لە بارماوە دەتوانن شوێنەکانی خۆیان لە ناوەڕاستی ئیتالیا بگرنەوە، ئەم حکومەتە جۆراوجۆرانە کە هەموویان میوانی سیاسەتی نەمسان دەکرێت کۆیانکەینەوە لە یەکێتیەکدا.

کەواتە ئێمە لە بەردەم دوو سازیی ناکۆدایین: سازیەکەی مورات و سازیەکەی مترنیخ Klemens von Metternich، لە نێو ئەم دوو سازیەدا دەکرێت ئیتاڵیایەك دەرچێت یا پادشانشین بێت یا بە شێوەی یەکێتی، بەمەش شێوە سازیەك دەردەچێت کە هاوشێوەی نەبووە.



مترنیخ Klemens von Metternich

بەڵام ئەنجامەکان وا دەرنەچوون، مورات وای دەبینی بە گەڕانەوەی ناپۆلیۆن ئامانجەکانی دێنە دی، هەر لەو کاتەی ناپۆلیۆن پێکانی خستنە سەر خاکی فرەنسا، کە لە دوورگەی ئەلباوە ڕایکردبوو، مورات دەستی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی کرد، داوای لە مەترنیخ کرد ڕێگەی بۆ بکاتەوە تا دەستی بە سەربازەکانی فرەنسا بگات و دەستیان لێ بووەشێنێت، بەڵام مەترنیخ داواکەی ڕەتکردەوە و پێی ڕاگەیاند هەر پێشێلکاریەك دەبێتە مایەی بەزاندنی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان.

لە ١٩ی ئادار داوای لە پاپا کرد ڕێگەی پێ بدات لە خاکی ڕۆمانیاوە هێزەکانی بپەڕێنێتەوە، بەڵام پاپا ئەم داواکاریەی ڕەتدەکاتەوە، بۆیە مورات گوندەکانی ڕۆمانیا داگیردەکات. لە ٢٩ی هەمان مانگ هێڵەکانی سوپای نەمساش دەبەزێنێت و ڕۆما داگیردەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی پچڕانی پەیوەندیەکانی نەمسا، لە ٣٠ی مانگ لە ڕیمینی یەوە بانگەوازێك بۆ ئیتاڵیەکان دەدات، دەڵێت:

[ئەی گەلی ئیتاڵی کاتەکە گەیشت کە ئیتاڵیەکان سەروەری خۆیان بگێڕنەوە، پەیامی یەزدان پێتان دەڵێت کە دەبێت نەتەوەیەکی سەربەخۆ بن، لە ئەلبەوە تا سقلیە یەك دەنگ بەرز دەبێتەوە ئەویش (سەربەخۆیی ئیتاڵیایە)].. دواتر دەڵێت: (ئێستا ٨٠٠٠٠ ئیتاڵی لە ژێر فەرمانی

پادشاکەیاندان سوێندیان خواردووە پشوو نەدەن تا ڕزگارکردنی ئیتاڵیا) .. گوتارەکەی بەم بڕگەیە کۆتایی پێهێنا: (من داوا لە هەموو ڕۆڵە ئازاکان دەکەم لە دەورم کۆ ببنەوە بۆ خەبات و تێکۆشان). پۆڵۆنیای لە ٣ی نیسان داگیرکرد و مودینیاش لە ٤ی نیسان.

بەڵام ئەو جووڵەیەی مورات ویستی دروستی بکات ڕووی نەدا، ئەو هەستەی ئەو دەیویست مەگەر لای ژمارەیەك لە لاوانی خوێنگەرم هەبێت. مامۆستایەکی زانکۆی بولون چووە ڕیزی ئەم بزوتنەوەیە و کرا بە کۆمیسەری چوار هەرێم. کەسانی ئەم پارتە نەتەویە بریتی بوون لە ڕۆشنبیر و نەجیبزادە و هەندێك پیاوی سوپا.

بەهۆی ئەوەی ئەم گەلە بێ جووڵە وەستا بوو هیچ شتێک بەناوی بزوتنەوە بوونی نەبوو، بۆیە کاتێك هەوادارانی جووڵە ناکەن نەمسایییەکان بە ئاسانی دەتوانن بیڕووخێنن و شکستی پێ بهێنن، بۆیە ئەویش بە ناچاری دەگەڕێتەوە دەوڵەتەکەی خۆی و لەسەر دەستی ئینگلیز دەستبەرداری دەسەڵات دەبێت. لە ٢٠ی ئایار بەرەو کان و دواتریش بەرەو کۆسرسیکا بەڕێدەکەوێت، ماوەی چەند هەفتەیەك بە قاچاخی لەوێ دەمێنێتەوە تا دەستگیر دەکرێت و گولەبارانی دەکەن.

لە ڕاستیدا مورات پاڵەوانی پرسی ئیتالیا نەبوو، بەڵکو لە خۆیەوە وا هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەم پرسە بۆ ئەو وەکو پرۆژەیەك وابوو نیازی وابوو لەو ڕێگایەوە دەوڵەتێك بۆخۆی دروست بکات. ئەو پارتە نەتەویەی ئەم بانگەوازی بۆ دەکرد هیچ قەوارە و جووڵەیەکی نەبوو، جگە لە بیرۆکەیەك نەبێت.

شکستهێنانی مورات شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەهەمان شێوە کۆنفدراسیۆنە کەی مترنیخ یش شکستیهێنا، بۆیە ناچار دەبێت دەستبەرداری هەندێك لە ئامانجەکانی بێت و بە زوترین کات پەیماننامەی ڤیەننا مۆر بکات و ئەو ئومێدەشی نەما بتوانێت کۆمیسەرەکانی حبری دەستبەسەردا بگرێت، بۆیە بە ناچاری دەیانگێڕێتەوە بۆ کاردینالی کونسالفی وەزیرەکەی پاپا بیوسی حەوتەم.

دوای ڕوداوەکەی واترلو کەس لە پاپا نەدەترسا، بۆیە گیانی بەرەنگاریان زۆر بەهێز بوو لە بەرانبەر پەیامەکەی مەترنیخا گوێڕایەڵ بوون. بەهۆی ئەوەی ڕوسیا و فرەنسا ئامادەی هاوکاریکردن بوون، هێزە بەرەنگارخوازەکان پشتئەستوور بوون. بەم جۆرە دەبینین کە پاپا و پادشای ناپۆلی و پادشا بیتمونت سازیەکانی مەترنیخیان ڕەتکردەوە بە کۆنفدراسیۆنەکانیەوە، تەنانەت ئەو یەکێتیەی پۆستیشیان ڕەتکردەوە کە لەسەر پێشنیار و لەسەر دەستی ئەو ئەنجام دەدرا. ئیتر ئیتالیا بووە دەستەواژەیەکی جوگرافیی ڕووت تەنانەت لە دیدی مەترنیخ یشەوە.

پاش ئەوەی هاتینە سەر باسی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، ئێستاش چەند جیاوازیەك بە ڕوونی بەدی دەکەین:

١/ ئیتاڵیەکان خۆیان بەشداریان لە ڕزگارکردنی ئیتالیادا نەکرد، تاکە بەشداری ئەو پارتە میلانیە بوو کە دایانمەزراندبوو، ئەم لە کاتێکدا وەکو (پارتی ئیتالی) خۆی ناساندبوو بەڵام خۆجێی بوو.

٢/ ئەو سمبول و ئومێدانەی مورات لە خۆی کۆکردبوونەوە تەنها دروشم بوون و هیچ ڕەگێکیان نەبوو.

٣/ مەترسی هەبوون لە کاردانەوەی دژی هەموو ئەو کارانەی لە سەردەمی حوکمی فرەنسی ئەنجام دراون..

٤/ هزری نەتەوی ناڕوون بوو، تەنانەت لە لایەن هزرمەندە کانیشەوە کە زۆر لە چینەکانی دی پێشکەوتووتر بوون.

بۆیە ئێمە لە ئیتاڵیا زۆر دوورین لە هزری نەتەوی بە بەراورد لەگەڵ ئەڵمانیا.

له ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی ئەنجاممان دا بۆ دۆزینەوەی هزر و واقعەکان کە هاوکاریمان دەکات لە کاتی شۆڕش و ئیمپریالیەتدا بۆ ئاشکراکردنی نەتەوە تازە دروستبووەکان و نەتەوە دروستبووەکان، دەکرێت ئەم زانیاریانەیان لێ هەڵێنجین:

١/ نە شۆڕش نە ئیمپراتۆریەت هیچ سیاسەتێکیان لەسەر نەتەوەکان نەبوو. لێرەشدا دەڵێین سیاسەت ناڵێین بیردۆز.

٢/ ئەو نەتەوانەی پێشتر بوونیان هەبوو لەم سەردەمەدا پێشکەوتنێکی باشیان وەدەستهێنا لە ڕووی نکۆڵیکردن لە هوشیاری نەتەوایەتی، جا ئەمەش بە کاریگەری بیردۆزەکانی شۆڕشی فرەنسیەوە بێ یا بە کاریگەری ئەو گوتەیەی کە دەڵێت: (هەوڵی خەبات دەدەین کە شۆڕش دەرفەتی بۆ ڕەخساندین)، ئەمەش لە یۆنان و ئیرلەندا و پۆڵۆنیا ڕوویدا. لە ڕاستیدا هیچ یەك لەم سێ وڵاتانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، یا ئەوەتا چونکە هاووڵاتیەکانی لە هاوکاری بێبەش بوون یا سیاسەتی فرەنسی دەستبەرداریان بووە. لە وڵاتەکانی دیکە لە کاردانەوەی شۆڕشی فرەنسی و ئیمپراتۆریەت بەرگریەکی نەتەوی لە دایك دەبێت، بەم شێوەیە پێکهاتە ڕەوشتی و نەتەویی خۆیان دەپارێزن ئەمەش لەم وڵاتانە ڕوودەدات:

( ئیسپانیا، ڕوسیا، هۆڵەندا)، دواتر دیاردەیەکی دیکەیش بەدی دەکەین ئەویش بەکارهێنانی چەمکە نەتەویەکانە لە بواری هزریەوە بۆ بواری سیاسی، هەروەك لە ئەڵمانیا بە پلە یەك و ئیتاڵیاش بە پلە دوو بەدی دەکران. ئەو پرسەی لێرەدا دەمانەوێت بیزانین سۆزی نەتەویە چارەنووسی بە چی دەگات؟ کاتێك زەرورەتی بەرەنگاربوونەوە بوونی نامێنێت دەبێت هۆکاری مانەوەی پرسی داگیرکاری نەبێت.

٣/ ئەنجامە مادیەکان: حوکمی فرەنسا لە ئەوروپا ئاسەوارێکی کاولکاریی جێهێشت، دەزگا سیاسیەکانی ئەروپا وەکو ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، نەمسا هەمیشە وەکو جارانی بەر لە حوکمی فرەنسی ناگەڕێنەوە، چونکە ئیمتیازە تایبەتیەکانی نەجیبزادە و کەمینەکان نەمان. ئەو کۆسپانەش تەختکران کە ببوونە بەربەست لە نێوان پەیوەندیەکانی هاووڵاتیان و دەوڵەتاندا وەکو گومرگ و

باج هاتنه ناوەوە، چاکسازی کۆمەڵایەتی لە سەرجەم ئەوروپا ڕێگەی پێدرا بۆ نەهێشتنی جیاوازیەکانی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا، بەمەش یەکسانی و تەبایی هاتە کایە.

------------------------------

## بەشی پێنجەم

## ئەوروپا لە ١٨١٥

نابێت وا بیربکەینەوە کە ئەو کارانەی کۆنگرەی ڤیەننا ئەنجامیدان سازیەکی سیاسیی لە ساڵی ١٨١٥لە نێوان نەتەوەکاندا دروستکرد، هەروەها نابێت بیر لەوەش بکەینەوە کە ئەوەی ڕوویدا کارێکی هەڵکەوت و لە ژێر کاریگەری دۆخەکاندا بوو. یەکێك لەو ڕووداوانە گەڕانەوەی ناپۆلیۆنە لەو دوورگەی لێی دوورخرابۆوە بۆ فرەنسا، هیچی لە کارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا نەگۆڕی، تەنها ئەوە نەبێت کە پەلە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەدا کرا کە پەسندیان کردبوون. دواتر سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر دەسەڵاتە سەد ڕۆژیەکەی ناپۆلیۆن کە گەڕابۆوە بووە مایەی توندکردنی بڕیارەکانی سەر فرەنسا، بەڵام هیچ لەو حاڵەتانەی ئەوروپای نەگۆڕین کە لە ڤیەننا بڕیاریان لەسەر درابوو. ئەوەی شیاوی باسە ئەو ڕووداوە شتێك نەبوو ستەم لە ئەوروپا بکرێت بەڵکو مافێکی گشتی بوو. ئەگەر بمانەوێت ئاسەواری ئەو مەزهەبە لەسەر گەلان ببینین پێویستە سەرەتا لەو مەزهەبە بگەین:

### ئامانج و مەزهەب:

بۆ یەکەمین جار ئەوروپا خۆی لە بەردەم دەرفەتێکی مێژوویی بینیەوە، ئەویش لە ماوەی چەند سەدەیەکدا بوو کە بەم شێوەیە پێویستی بە بیناکردنەوە بێت لەسەر دیزاینێکی نوێ لە ئەنجامی سەقامگیر بوونی حوکمی فرەنسی کە دەسەڵاتەکانی بۆ ئەودیو ڕوباری فیستول دەڕۆیشتن، لە ڕوویەکی دیکەیشەوە زەرورەتێك خۆی بەسەر دۆخی ئەوروپادا سەپاندبوو، ئەویش بەهۆی

باڵکێشانی ئەو شەڕ و شۆقەوە بوو کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا لە ئەوروپا درێژەی هەبوو، هاووڵاتیان ئازارو مەینەتی زۆریان کێشابوو بۆیە پێویستیان بە سیستەمێکی نوێی پێکەوەژیان هەبوو بۆئەوەی جارێکی دی جەنگ و نائارامی بەرۆکی ئەوروپا نەگرێتەوە.

بەم هۆیەوە دەوڵەتە ئەوروپیەکان ناچار دەبن سیستەمێکی نوێ بۆ ئەوروپا داڕێژن، ئەوەتا لە سەردەمی فریدریکی دووەمەوە سیاسەتی هێزو ڕووتاندنەوە بەهۆکاری چاوتێبڕین پیادە دەکرێت. سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەوروپی پێوەر و ئامانجێکی دادپەروەرانەیان نەبوو لە مامەڵەکردنیاندا، بە بیانوی بیردۆزی ئەقڵەوە شۆڕشی فرەنسی بۆ گەیاندنی پەیام و مەرامەکانی هێز بەکاردێنێت، هەر زوو بینیمان چۆن لەم میانە و بۆ ئەم ئامانجە دەستبەرداری مەزهەب و بیروڕاکان دەبێت. سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپی لە سەردەمی فریدریکی دووەمەوە سیاسەتی دابڕاندن بوو، ئەوەتا خاکی پۆڵۆنیا دادەبڕێت و حکومەتی دیرکتوار بەهێزتر و بەرینتر دەکات. بەهەمان شێوە چاوتێبڕینەکانی ناپۆلیۆنیشمان بینی لە باشور، بۆیە پێویستە دووبارە سیستەمەکان دابڕێژرێنەوە و بنەماکانی سیاسەت پتەوتر بکرێن.

ئەلێکسەندەری یەکەم کە بە گەورە سیاسەتمەداری ئەوروپی دەژمێردرێت، لە دوای سەرکەوتنی ١٨١٤ لە سەرەتای حوکمڕانیەوە وایدەبینی کە ئەوروپا پێویستی بە بنیادنانەوە هەیە لە سەر بنەمایەکی دادپەروەرانە، ئەم بنیادنانەوەیە یەکێکە لە زەرورەتەکان دەبێت ئەنجام بدرێت. لەو ڕێنمایانەی دای بە گەورە نوێنەری وڵاتەکەی کە بۆ دانوستانەکان لەسەر تالب دەچووە بەریتانیا لە ١١ی ئەیلولی ١٨١٤ بەم شێوەیە بوو:

(پتەوکردنی بنەماکانی ئاشتی و ئارامی لە ئەوروپا بە شێوەیەکی پۆڵایین و هەمیشەیی) درێژەی دەداتێ و دەڵێت: (ئێمە ناتوانین بەم ئامانجانەمان بگەین ئەگەر نەتەوەکان پابەندی حکومەتەکانیان نەبن، چونکە بەم پابەند بوونەیان دەتوانین لەوە دڵنیا بین کە جەماوەر ڕێگەی ڕاستمان پیشاندەدات و دەبێتە پشتگیرمان لە کارەکانمان، بەهۆیەوە باشترین سوود بە گەلەکانمان دەگەیەنین، لە لاکەی دیکەوە ئەگەر توانیمان پەیوەندیەکانی دەرەوەمان لەسەر بنەمایەکی ڕوون و لە بەرژەوەندی حکومەتەکانمان داڕێژین ڕێز و بەرژەوەندی حکومەتەکانمان

مسۆگەر دەکەین، ئەم دەستکەوتانە هەمیشە ناتوانین وەدەستیان بێنین ئەگەر شوورەیەك لە دەوری حکومەتەکانمان دروست نەکەین لە دژی ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە ئارەزووی شێتانەی خۆیان سەرکردەکانمان بفەوتێنن، بەم کارەمان مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر دەکەین و دەپارێزین کەپەیوەندیەکانی نێوان گەلانی ئەوروپا ڕێکدەخەن لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست).

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم بیرۆکە و بەرنامانە پیرۆز و دروستن، بەڵام ئەوەی ئێمە لێی دەزانین قەیسەر دژی ئەم جۆرە بیرۆکانە بوو، بەتایبەت کاتێك لە سیاسەتە داگیرکاریەکەی ناپۆلیۆن بەشدار دەبێت، بەڵام ئەم هزر و بیرۆکانە لە ساڵەکانی ١٨١٤و ١٨١٥ دەکەونە مێشکی و بڕوایان پێدەکات، بۆیە ئەو سیستەمە نوێیەی ئەوروپا کە مەبەستیەتی دایمەزرێنێت پشت بە چەند بیرۆکەیەك دەبەستێت کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

**بیرۆکەی یەکەم:**

دەبێ سەقامگیر کردنی دۆخەکان لە سەر بنەمای هێز نەبێت، چونکە بەکارهێنانی هێز و داگیرکاری هیچ دادپەروەریەك ناهێنێتە کایە. ئەگەر میرێك لە میرەکان بە پێی یاسا خاوەندارێتی خۆی لەسەر وڵاتێك سەلماند، ئەوا دەبێت سەرۆکەکەی لە لووتکەی دەسەڵات بێتە خوار، لەم دۆخەدا دەستبەرداربوون و پابەندبوون بە یاسا دەبێتە مایەی بەرقەراربوونی دادپەروەری. ئەمە بیرۆکەی تالیران بوو کە هێنابوویە کۆنگرەی ڤیەننا و دەوڵەمەندتری کرد، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئەوە وەبیر بێنینەوە کاتێك سەرکردە ئەوروپیەکان هەرێمی ساکس یان دابڕی لە بەرژەوەندی ڕوسیا، هیچ بیرۆکەیەکی لەم شێوەیان لەبەردەستدا نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت پادشای ساکس خۆی بەم کارە قایل بوو کە بەشێك لە هەرێمی ساکس بدرێتە ڕوسیا، کاتێك تالیران بۆ یەکەم جار لەگەڵ گەورە نوێنەرانی وڵاتانی ئەوروپا یەکتر دەبینن ڕادەگەیەنێت کە:

(بۆ ئەوروپا زۆر پێویستە دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیە بن کە دەگوترێت: بە داگیرکردن دادپەروەری بەرقەرار دەبێت، پێویستە ئەوروپا پێشوازی لە شەرعیەت بکات کە تاکە بنەمای

سەقامگیریە). خۆ ئەگەر ئەو زەویە بێ خاوەنانەی لێ دەرکەین کە کەوتوونەتە بەری چەپی ڕوباری ڕاین ئەوا سەرکردەکانی نەمسا دەستیان بەسەر هیچ زەویەکی کشتوکاڵیدا نەگرتووە بەبێ پرس و ڕەزامەندی خاوەنەکانیان.

**ب بیرۆکەی دووەم :**

کە لە کۆنگرەی ڤیەننا لایەنگری هەبوو بریتی بوو لەوەی دانانی هەر ئەمیرێك لە هەرێم یا وڵاتەکان بە ڕەزامەندی هاووڵاتیانی بێت، دوا بڕیاری کۆنگرەی ڤیەنناش لە ١٩ی حوزەیرانی ١٨١٥ ئەوەبوو کە دانانی هەر میرێك بە ڕەزامەندی هەر هەشت دەوڵەتە مەزنەکان بێت، بۆیە دەوڵەتە مەزنەکان بوونە خاوەن دەنگی کاریگەر لەم کۆنگرەیە کە بە واژۆی ئەوان سنوورەکان دابڕێژرێن. ئەم حاڵەتە لە کاتی کۆتاییهێنان بە شەڕی قەرەم لە ١٨٥٦ ڕوویدابوو، هەروەکو ئەلبیر سوریل وتی: (خەمی مەزنی دبلۆماتکارەکان لە کۆنگرەی ڤیەننا بنیادنانی ئاشتی جیهانی بوو لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی) هەر کەسێکیش ئەم هێڵە ببەزێنێت دەرچوونە لە مافی گشتی.

**بیرۆکەی سێیەم:**

دەبێت پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەسەر بنەمای دادپەروەری و ڕێز لەیەکتر نان و ڕێزنان لە گشت بێت، واتە (مافەکانی مرۆڤ) کە ئەوکات ئەو مافانە هێشتا بە یاسا نەکرابوون بەڵام دواتر لە سەدەی نۆزدەهەم وردە وردە ئەنجامدرا. ئەوکات چەند ڕێنمایەك هەبوون کە لە ساڵی ١٨١٥ بە شێوەیەکی نوێ وەدەرکەوتن.

مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دادپەروەری و پەند وەرگرتن لە چاوتێبڕین، ئەمانە لەگەڵ سیاسەتەکانی ناپۆلیۆن ناکۆك بوون. ئەلیکسەندەری یەکەم لە دوای شەڕەکانی حوکمی سەد

ڕۆژەی ناپۆلیۆن کە لە واتەرلۆ لەناودەبرێت، لە پەیماننامەی  پیرۆز بەو بنەمایانە قایل دەبێت کە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕێزلەیەکتریگرتن و مافەکانی مرۆڤ ببەسترێت.



**ئەلیکسەندەری یەکەم (ڕوسیا)**

کەواتە کارە دبلۆماسیەکانی کۆنگرەی ڤیەننا ئەم هەنگاوە گرنگە دەنێت کە حوکمی پاراستنی مافەکانی گشتی شوێن حوکمی هێز بگرێتەوە. لەتەك ئەم بڕیارە پڕ بەهایەدا لە کۆنگرەی ڤیەننا چەندین بیرۆکەی کۆمێدیش هەبوون بۆ گاڵتەکردن بەو خەڵکە، وەکو بیرۆکەکەی تالیران کە بەناوی (بنەماکانی شەرعیەت) خستبوویە بەردەست.  لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨١٤ جیاوازی و ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان بۆچوونەکانی تالیران و ئەلیکسەندەردا بەدی کران.

کاتێك قەیسەر ویستی لەسەر سەقامگیربوونی دۆخەکان قسە بکات وتی:

( دەبێت هەموو کەسێك هەڵگری ئاداب و لێوەشاوەیی بێت).

تالیران وەڵامی دەداتەوە دەڵێت:

(هەموو کەسێکیش خاوەن مافە).

دواتر قەیسەر دژی دەوەستێتەوە و دەڵێت:

(ئەی ئەگەر تۆ ناتەوێت خەڵك هەڵگری ئاداب و لێوەشاوەیی بێت ئەی تۆ چیت دەوێت؟).

تالیران لەوەڵامدا دەڵێت:

(من ماف لە پێش ئاداب و لێوەشاوەییدا داوا دەکەم).

قەیسەر دەڵێت:

(ئادابی ئەوروپی خۆی مافە، ئەم شێوازە قسەکردنە هی ئێوە نیە خاوەن شکۆ! ئەمە لە ئێوە ناوەشێتەوە و ئەمەشتان لە دڵەوە نیە).

لە ڕاستیشدا قەیسەر ویستی لێوەشاوەیی لە نێوان ئاداب و مافدا بشارێتەوە. چونکە زەرورەت ئەمەی دەخواست، ئەوەی پێداگریش لەسەر چاو تێبڕینەکانی بکات دەبێت بە چارەسەری مامناوەنجی قایل بێت، ئەگینا ڕووبەڕووی شەڕ دەبێتەوە، چونکە ئەوروپاش تازە بە تازە دەستی لە جەنگ هەلگرتووە، نایەوێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ناو شەڕ و جەنگ. بۆیە تاکە ڕێگەچارە چارەسەری مامناوەنجیە، ئەمەش بە دەستبەرداربوون و سازشی دوولایەنە نەبێت ناکرێت.

ئەی کەواتە ئەم ڕژێمە چۆن و لەسەر چ بنەمایەك تێگەیەندرا؟

ئەگەر بمانەوێت سیستەمێك لەسەر بنەمای دادپەروەری بنیاد بنێین کە شوێن هێز بگرێتەوە، دەبێت لە ناپۆلیۆن و شۆڕش دوورتر بچین، بۆ ئەوەی بیرۆکەی کۆمەڵەی دامەزراندن ببینینەوە. بەڵام چەمکی دادپەروەری گشتیی لای دەوڵەتانی ١٨١٥ هەمان ئەو چەمکە نەبوو کە لای کۆمەڵەی دامەزراندن لە ١٧٨٩ هەبوو، چونکە ئەو دبلۆماتکارانە فەیلەسوف نەبوون، ئەمان پیاوی دەوڵەت و خاوەن ئەزموون بوون، وەکو(کاسلریگ)ی وەزیرە ئینگلیزەکە و پیاوە یاوەرەکانی کە ئاراستەی کۆنگرەیان دیاریدەکرد، وەکو (مترنیخ و ئەلیکسەندەری یەکەم و تالیران)، ئەمان کەسانێك بوون بڕوایان بە ئاشتی ئەوروپا هەبوو. چەندین جار ئەم بڕوایەیان سەلماند، لەوانە لە پەیماننامەی ٩ی حوزەیرانی ١٨١٣ وتیان ئێمە تەنها ئامانجمان ئارامی ئەوروپایە، بە پتەوکردنی

پارسەنگی هێز لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکاندا ئەم ئارامی و ئاشتیە دێتە دی. یەکەم بانگەوازیان بۆ فرەنسا لە ساڵی ١٨١٣ ڕایانگەیاند کە مەبەستیان (دۆخی ئاشتیە بە ئاقڵانە بەسەر وڵاتەکاندا دابەش ببێت)، هەروەها لە ڕێککەوتننامەی ٣٠ی ئایاری ١٨١٤ کە هاوپێچ بوو لەگەڵ پەیماننامەی پاریس، لە ماددەی یەکەمدا دەڵێت: (فرەنسا بەو پەیوەندیە نێودەوڵەتیە قایلە کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی ڕاستەقینە بنیاد دەنرێت).

ئەمە هەموو ئەو بیرۆکەیە بوو کە لە کۆنگرەکانی ئەو سەردەم باو بوو، بە تایبەتی لە ناکۆکیەکەی نێوان ڕوسیا و بروسیا لە لایەك، نەمساش لە لایەك، کە دواتر ئینگلتەرا دێ بە دیاری کردنی چاو تێبرینەکانی بروسیا لە ساکس و روسیاش لە پۆڵۆنیا پارسەنگەکە ڕاستدەکاتەوە. بیرۆکەی هاوسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتە ئەوروپیەکان ئاستی دەوڵەتانی ئەوروپیی دیار کرد، لە وڵاتە زلهێزەکان جگە لە ڕوسیا نەبێت ئەمیش پێێ گەورە و بە هێزتر نەبوو، بەڵکو گەڕایەوە سەر دۆخە کۆنەکەی جارانی.

ئەم بیرۆکەی هاوسەنگی هێزە بووە مایەی دروستبوونی وڵاتانێك لە پلەی ناوەنجی کە بە ئارامی ژیانی لێ بگوزەرێت و بتوانێت دژایەتی یا بەرەنگاری چاوچنۆکیەکانی ولاتانی زلهێز بکەن. دەبینین ئەم بیرۆکەیە لای دبلۆماتکاران خۆشەویست بوو، چونکە بووە مایەی دروستبوونی دەوڵەتی جیاکەرەوە لە سەر سنووری وڵاتە مەزنەکان کە هەمیشە مایەی مەترسی و هەڕەشە بوون بۆ دراوسێکانیان، بەهۆیەوە نەتوانن سنوورەکانیان ببەزێنن، لەم وڵاتانەش وەکو (پادشانشینی وڵاتی نزم لە باکوری فرەنسا). بۆ چەسپاندنی ئەم هاوسەنگیە وڵاتان لە ساڵی ١٨١٥ بڕیاریاندا وڵاتە بچووکەکان کە ژمارەیان زۆر بوون لە ئەوروپا هەڵوەشێننەوە.

ئەو ڕێگایەی ئەم بیرۆکەیان پێ جێبەجێکرد واتای تایبەتی خۆی هەبوو:

دەوڵەتان بە شێوەی میرات دابەشکردن بەش بەشێنیان لە نێوان خۆیاندا ئەنجام دا، لەسەر سێ بنەما بە بڕیار و پشتبەستن بە بۆچوونی (لیژنەی ئامار) وڵات دروستکران کە بریتی بوون لە:(ڕوبەر، داهات، دانیشتووان)، بەم سێ پێوەرە هاوسەنگی لە نێوان وڵاتەکان دروست دەکرا.

دروستکردنی دەوڵەت لەسەر ئەم بنەما میکانیکیە بووە مایەی دەستبەرداربوونی سنوورە سروشتیەکان، کەواتە بۆ دروستکردنی دەوڵەت دەبێت دەستبەرداری ئەوە بیت کە لە ڕێگەی گەشەی سروشتی دەوڵەت دروستبێت، هەروەها نەریتە مێژووییەکانیش بەهەند وەرنەگیران بۆ ودروستبوونی دەوڵەت. ئەوەتا دابەشبوونی دەوڵەتانی ئەسکەندەنافی کە تا ئێسا لەسەر هەمان دابەشبوون ماونەتەوە، گەلێك ناکۆکە چونکە ئەوکات فینلەندا کە بە سوێدەوە بەسترابۆوە درایە ڕوسیا و لێی جیا بۆوە، نەرویژ کە لەگەڵ دانیمارك یەك بوون درا بە سوێد، بەم شێوەیە هیچ بەهایەکیان بۆ ئیرادەی هاووڵاتیان دانەنا.  ئەمە ئەو هزر و بیرۆکانە بوون کەبەسەر کۆمەڵەی دامەزراندندا زاڵ بوو گوایە بیردۆزی نەتەویە پیادەی دەکەن.

هاوکێشەی هێز لە ئەوروپا بەم شێوەیە دروستکرا، پاساوی ئەم دابەش و پارچە بوونە لە دروستکردنی دەوڵەتان پاراستنی ئارامی و دورخستنەوەی شەڕ بوو لە ئەوروپا، کە بەهۆیەوە هێزە ئەوروپیەکان هاوسەنگ دەبن، هیچ وڵاتێك ناتوانێت وڵاتێکی دیکە داگیر بکات، لەکاتێکداا ئەم سیستەمە بۆ ئەو سەردەم کە کەوتبووە نێوان سیستەمە نوێکە و سیستەمە کۆنەکە کارێکی نامۆبوو، بەتایبەت چونکە لە ساڵی ١٨١٥ بزوتنەوەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات کە دبلۆماتکارەکان لێی بێ ئاگا بوون.

بەم شێوەیە زاڵبوون بەسەر سیستەمە کۆنەکە لە ڕێگەی هاوسەنگی هێزەوە بوو، ئەو دەوڵەتانەش کە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە دروستدەبن لەوە دەگەن هەروەکو پێشتر لە ساڵی ١٧٨٩ لێی تێگەیشتبوون. بەڵام ئەوکات لە ئەنجامی بزوتنەوەیەکی نوێ شۆڕشی فەرەنسی هەڵدەگیرسێت و لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەت دروستدەبن. ئەوەتا هەر دوای پیادەکردنی سیستەمی هاوسەنگی هێز لە ١٨١٥ بزوتنەوەی دیکە سەرهەڵدەدەن، ئەمجارەیان لە ئەڵمانیا بە دیدێکی دیکە، دەڵێت دەوڵەت قەوارەیەکی گیاندارە نەك ڕێکخراو، دەبێ هێزەکان یەك بگرن و لە ژێر سایەی یەك میردا ئاراستەو فەرمانداریتی بکرێن. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بێت، پێویستە ئەوروپا لەسەر بنەمای یاسا ڕێکبخرێت نەك بە پێسپاردن کە بۆتە هۆکاری ئەو نەهامەتیانەی بەسەریدا هاتووە.

ئەم خەسڵەتە لە ئەنجامی کاردانەوەی ڕووداوەکنی کۆنگرەی ڤیەننا وردە وردە گشتگیری بەخۆوە بینی، بەڵام ڕووداوی حوکمی سەد ڕۆژەی ناپۆلیۆن بووە مایەی ئەوەی وڵاتانی ئەوروپی هەڵوێستیان لە فرەنسا بگۆڕن کە پێشتر لە ١٨١٤ بە براوە سەیریان دەکرد، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە لە ١٨١٥ کە ١٢٠٠٠٠٠ کەس لە هەموو لایەکی ئەوروپاوە ڕوو لە باشوری فرەنسا دەکەن و واترلۆ دەگرن و ماوەی سێ مانگ ئەوپەڕی وێرانکاری و تێکدان و کوشتن و تاڵانی لێ ئەنجام دەدەن، بەهۆیەوە وڵاتانی ئەوروپی لێی دەکشێنەوە وپشتی تێدەکەن، دوای ئازاد کردنی فرەنسا و دەستگیرکردنی ناپۆلیۆن، لیژنەی ساغکردنەوە زیانەکانی بە ٦٨٢ ملیۆن فرەنك خەملاند.

ئەگەر بابەتی دابڕینی زەویەکانیشمان لێ دەرکرد کە بەهۆی ناڕەزابوونی قەیسەرو ئینگلیز دژی میرە ئەڵمانیەکان پانتاییەکانی کەم بوون، بەڵام خۆ دەبێ فرەنسا ژمارەی ١٥٠٠٠٠ سەرباز لەسەر خاکی خۆی لەخۆ بگرێت و بۆ ماوەی پێنج ساڵ خواردن و خەرجیان دابین بکات و ساڵانەش ٧٠٠ ملیۆن فرەنك وەکو خەرجی جەنگ بدات.  سەرباری ئەمەش دەبێت قەرەبووی ئەو هاووڵاتیانەش بکاتەوە لەو زیانانەی ئیمپراتۆر لێیداون، کە بە ملیار و نیوێك فرەنك خەملێندرا. دواجار ئەو تاڵانکاریەی لە مۆزەخانەکانی فرەنسا کرا زۆر پێی نیگەران بوو، ناچار چەند هەنگاوێکی خۆپاراستنیان لە دژی فرەنسا هەڵگرتن، لەوانە:

١/ هاوپەیمانان ئەو پەیماننامەیەی بەناوی (شومو) کە بە پەیماننامەی چوارقۆڵیی دەناسرا، لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٥ نوێیان کردەوە.

٢/ هەر بۆ بە ئاگا بوون و هوشیاری خۆیان باڵیۆزانی وڵاتانی هاوپەیمان هەفتانە کۆبوونەوەی دەوری خۆیان دەبەست بۆ ئاگادار بوون لە چۆنیەتی ڕەوشی فرەنسا و بەڕێوەچوونی بڕگەکانی بڕیارەکان لە فەرنسا، تا وای لێهات هاوپەیمانان ڕاستەوخۆ دەستیان لە کاروباری ناوخۆی فرەنسا وەردەدا و ڕێنما و ئامۆژگاریان بە پادشا دەدا بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات. دوا جار بەوە گەیشت کە سیمای کۆنگرەی پاریس سیمایەکی دژ بە فرەنسای وەرگرت کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەم مەبەستە نەبوو.

وڵاتان به گومانەوە لە فەرەنسایان دەڕوانی، ئەوروپا فەرەنسای بەشێوەیەك لە سووچێك ئاخنیبوو لە کۆنگرەی ئەیکس لاشبل لە ١٨١٨ وڵاتانی هاوپەیمان هێزەکانی خۆیان لە فەرەنسا دەکشێننەوە و بایەخی زیاتر بە هاوپەیمانە چوارقۆڵیەکە دەدەن بۆ چاودێریکردنی فەرەنسای شۆڕشگێڕ و لە دژی ئەو.

لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨١٨ لە هاوپەیمانێتیەکی دیکەی چوارقۆڵیی نوێدا پەیمان دەبەستن دژی پەلهاوێشتن تا جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە سەردەمی ناپلیۆن و ببێتە مایەی ناڕەحەتی و کاولکاری ئەوروپا، بەم شێوەیە نینۆکی فەرەنسایان کرد . دوای ئەم ڕووداوە هەر هاوپەیمانێتیەك لە ئەوروپا ببەسترێت دژی فەرەنسا بووە تا فەرەنسا پەراوێز دەخرێت، ئیدی فەرەنسا دەبێتە قەوارەیەکی دژی ئەوروپا بەهۆی سیاسەتی دبلۆماتکارە ئەوروپیەکان کە لە ساڵی ١٨١٥ دایانڕشت.

ئەنجامی دووەمی کۆنگرەی ڤیەننا ئەوەبوو کە پارتێکی نوێی بەهێز لە فەرەنسا دروست دەبێت، دەبێتە دەربڕی بیروبۆچوونی ئێستایی فەرەنسیەکان. لەم سەروبەندانەدا نووسەران و سیاسەتمەداران چەند نامیلکەیەك بڵاودەکەنەوە کە هەموویان باس لە ستەمی هاوپەیمانان دەکەن دژی گەلی فەرەنسی، لەوانە (سالفاندی، شیفەر)، ئەوەی لە نامیلکەکاندا دەهات هەمان شت لە ڕۆژنامەکان دەنووسران و خەڵکیش هەمان بۆچوونیان هەبوو.

یەکێك لە داخوازیەکانی نەتەوەپەروەرەکان دژایەتی پەیماننامەی ساڵی ١٨١٥ و ڕقبوونەوە لە خانەوادەی بوربون بوو، کە بەئۆتۆمبێلەکانی بێگانە گەڕابوونەوە فەرەنسا. ئۆپۆزسیۆنە نەتەویەکە بووە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی سوپای فەرەنسی هەر لە دوای شکستهێنانیان و گەڕانەوەی سەربازە کۆنەکان بۆ گوندەکانی خۆیان، دواتر سەربازە ئازاد کراوەکان لە خزمەتی سەربازی دەستیان بە پڕۆپاگەندە کرد دژی هێزەکانی هاوپەیمان و لە بەرژەوەندی نەتەوەپەروەران.

ئەندامانی ئەم پارتە نەتەویە لەو کەسە ئازادیخوازانە پێکهاتبوون کە داوای بەرفراوانکردنی دەستوری ساڵی ١٨١٧ یان دەکرد. پارتەکە بەناوی پارتی بێلایەنان بوو، پارتێکی ئازاد بوو بە

هەندێك بۆچوونی کۆماریخوازیەوە، داوای سەروەری گەلی دەکرد بێ ئەوەی پۆناپەرتی بێت، کەچی وێڕای کەسانی بێلایەن کەسانی بۆناپەرتیش چوونە ڕیزی ئەم پارتەوە. بەو هۆیەوە سیمای دەگۆڕدرێت، ئەمەش لەو هەڵبژاردنەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ١٨١٧ و ١٨٢٠ ئەنجامدرا بە کوشتنی شازادە دوبریێ(کوری شارلی دەیەم) و دامەزراندنی کۆمەڵەی خەڵوزوانان لە ١٨٢١و هەندێك لە پیلانە سەربازیەکانی ١٨٢١ و ١٨٢٢ زیاتر گەشە دەکات.

پاشان پۆناپەرتیەکان کەوتنە خۆ لە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە لە بەرژەوەندی ناپۆلیۆن پۆناپەرت تا وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕ نیشانی بدەن و شۆڕشی فرەنسی بکەن بە موڵکی ئەو، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نامیلکەیان بە چاپ گەیاندن. ئەوەتا لە دوورگەی پیرۆز لەسەر حوکمە سەد ڕۆژیەکەی ناپۆلیۆن نامیلکە دەردەکرێت و ستایش بۆ ئەو ڕۆژە دەکرێت، هەروەها لە دوورگەی (راس الرجاۂ الصالح) بە هەمان شێوە ستایشی مامەڵەکانی ناپۆلیۆن دەکرێت. دوای مردنی ناپۆلیۆنیش لە ٥ی ئایاری ١٨٢١ نووسین و نامیلکەکانی هەڤاڵانی لە ئاوارەیی و دوورخراوەیی دەردەچن، ئۆمیرۆ لە ١٨٢٢ نامیلکەیەکی بەناوی (ناپۆلیۆن لە دوورخراوەییدا) دەرکرد و چەندین چاپەمەنیی دیکە بە هەمان ڕێچکە و ئاراستە کاریان کرد.

بە شێوەیەك ناپۆلیۆن وێنە کرا کە پیاوێکی قارەمان و خاوەنی سەروەری فرەنسا و خاوەن بەرنامەیەکی نەتەوی و لەم بابەتانە بووە ئەمانە هەمووی بە ئاڵا سێ ڕەنگیەکە دە ڕازاندرانەوە.

پارتی چەپەکان بیرۆکەی جیرۆندیەکانیان داهێنا، کە بریتی بوو لەوەی فرەنسا بۆ گەلان ئازادیی هێناوە و بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان هاوکاری کردوون. دوای ئەوەی ڕووداوەکانی شۆڕش وئیمپراتۆریەتمان بینی ئێستاش شێواندنی ڕووداوەکان دەبینین.

بەڵام ئەو تێکەڵاویە لە نێوان ناپۆلیۆن و شۆڕش و هزری سیاسەتی فرەنسی کە ئەوروپیەکان داوای ئازادی دەکەن، پارتە چەپخوازەکانی فرەنسی لە سەرەتاوە پێشوازیان لێکردووە، بۆیە لە ١٨١٥ دۆخەکان لە فرەنسا لەبار دەبن بۆئەوەی داوای دۆخێکی جیا لەو دۆخە بکەن کە لەسەر بنەمای ئازادی و نەتەوی بنیاد نراوە.

دۆخێکی دیکە هاتە ئارا، بووە مایەی گۆڕینی ئاراستەکانی کۆنگرەی ڤیەننای ١٨١٥ سیمایەکی کۆنەپەرستانەی پێ بەخشی، ئەویش تێکەڵاوبوونی کارەکانی کۆنگرەی ١٨١٥ بە ڕژێمە کۆنەکە کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی لە نێوان ناپۆلیۆن و ئازادیدا. هۆکارەکەشی سیاسەتی مەترنیخ بوو، کە پێی وابوو (سیاسەت دەبێت بە هێوری بنیاد بنرێت)، بێگومان ئەوروپاش ئەم هێوری و لەسەر خۆییەی مەبەست بوو، چونکە تازە لە جەنگێکی بیست و پێنج ساڵی تەواو ببوو.

دواجار دەوڵەتی نەمسا دەوڵەتێکی دروستکراو بوو، تەنها بۆ چەوساندنەوەی فەرمانبەرەکان بوو، بۆیە بچووکترین بزوتنەوە لە نێو نەمسا دەبێتە هۆی کودەتا لەو وڵاتە. بەم ئەگەرەوە مترنیخ پیادەی هەندێك سیاسەتی دەکرد کە لە بەرژەوەندی نەمسادا نەبوو. ئەو سیاسەتەکانی خۆی بە هەندێك دەستەواژە کورت و سادە کردبوونەوە، دەیوت: (ئامانجەکان یەك شتن، ئەویش سەرەوژێرکردنی هەموو کارە شەرعیەکانە، بۆیە ئەو بڕوایەی کە دژایەتی پادشای پێ دەکرێت ئەوەیە کە دەست بە دەزگا و کارە شەرعیەکانەوە بگرین).

سیاسەتی مەترنیخ ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەوروپا هەبوو کە کۆنە پارێزی و حوکمی ڕەهایە، بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەم سیاسەتەش کۆنگرەی ڤیەننای کردە ئامراز، جا ئەگەر مەبەستی هاوپەیمانیی پیرۆز بێ یا هاوپەیمانیی چوارقۆڵی. مەترنیخ ئەم کارەی لە ڕێگەی کۆنگرەکان و چاوپێکەوتنی سیاسەتمەدارانی ئەوروپاوە جێبەجێکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان و کێشە گشتیەکان، کۆتاییەکەی بەوەهات کە بڕوایەکی نوێ بێتە مەیدان، ئەویش (مافی گشتی) بوو کە لە لێدوانەکەی ترۆپاو ڕایگەیاند لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٨٢٠ بەم ڕێگەیەوە توانیان دەستوەردەنە ناو کاروباری وڵاتانی دیکەەوە.

بە پشتبەستن بە بڕواکانی ئەوروپی و ڕێگە گرتن لە شەڕ و ناکۆکی کە هەڕەشە لە دەزگا کۆمەڵایەتیەکان دەکات، سەرکردەکانی ئەوروپی ئەم بڕیارانەیان دا:

١/ ئەو دەوڵەتەی لە هاوپەیمانی ئەوروپا دەردەچێت ئەو دەوڵەتەیە کە گۆڕانکاری لە ڕژێم و سیستەمی ناوخۆی ڕوودەدات، ئەمەش دەکرێت ببێتە هەڕەشە بۆ دراوسێکانی.

٢/ دژی هەر گۆڕانکاریەك دەبن کە لە دژی دەزگا شەرعیەکانی وڵاتان دروست دەبێت لە ئەنجامی کردەوەکانی بەدەر لە ئیرادەی ئازادی هاوڵاتیان.

٣/ هەوڵ دەدەن کە لە ئەنجامی هەر گۆڕانکاریەکی وڵاتان، مەترسیەکان وڵاتانی دیکە نەگرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە سەرەتا هەوڵ دەدەن هاوکاری ئەو وڵاتە بکەن تا بگەڕێتەوە ناو بازنەی هاوپەیمانێتی، ئەگەر ئەمە ئەنجامی نەبوو دەکرێت ئامرازی دیکە بەکار بێت، وەکو ئامرازی سەربازی بۆ گەڕاندنەوەی وڵاتە لە خشتە براوەکە بۆ ناو کۆدەنگی هاوپەیمانان.

ئەمەو لێدوانەکەی تروباو دوو شتی گرنگی تیا بوو :

یەکەم/ بۆ پاراستنی دۆخی ناهەمواری ئەوروپا زەمانەتی نێودەوڵەتیی کردە حاڵەتێکی سیاسی، لەم کارەیدا مەبەستی نەبوو تەنها دۆخە ناهەموارەکە زامن بکات، بەڵکو دۆخە سیاسیەکەش لە ناوخۆی هەموو دەوڵەتەکاندا سەقامگیر بکات.

دووەم/ ڕاگەیاندنەکانی تروپاو پشتگیری نێودەوڵەتی مسۆگەر دەکات.

ئەمانە زۆر نوێ بوون، ئەمە یەکەمین جارە پشتگیریی نێودەوڵەتیی هاوبەش بۆ پاراستنی مافە گشتیەکان وەدەست دەهێندرێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشوەچوونێکە لە بواری مافە گشتیەکاندا، بەڵام ئەمە بووە مایەی پاراستنی ڕژێمە ستەمکارەکان کە لە ناوخۆی وڵاتە ئەروپیەکاندا پیادە دەکرا. ئینگلتەرا یاداشتەکەی ترۆباوی ڕەتکردەوە و قایل نەبوو ئەم یاداشتە تا ئەو مەدایە دریژ بێتەوە، ئەوەتا لە بۆنەیەکی ئیسپانیدا لە ٥ی ئایاری ١٨٢٠ داوا دەکا دەست نەخرێتە ناو کاروباری ناوخۆی وڵاتان. فرەنساش بە هەمان شێوە بە یاداشتەکەی تروباو قایل نابێت، بەڵام بەهۆی بەشداریی لە کۆنگرەی لیباخ و فیرۆنە کە پشتگیریان لە دژایەتی ناپۆلی و ئیسپانیەکاندا کرد بەشداریی تێدا کردووە.

بەم شێوەیە کارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا لە ڕووی سیاسیەوە ئاراستەیەکی کۆنەپەرستانە وەردەگرن کە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

١/ پەراوێزخستنی فرەنسا و دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی دژ بە کارەکانی ساڵی ١٨١٥لە فرەنسا، ئەم پارتەش لە داهاتوودا لاساییکردنەوەیەکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی فرەنسا دەخولقێنێ.

٢/ هاوپەیمانی ئەوروپا بەرفراوان دەکات و حوکمی ڕەها دەپارێزێت، بەم کارە ئەوروپا دەبێتە خاوەن سیمایەکی تایبەتی و فرەنساش خاوەن سیمایەکی تایبەتیی جیا.

**بزوتنەوە ئازادیخوازیەکان:**

دژی پەیماننامەی ١٨١٥ لە ساڵەکانی دواتردا چەند بزوتنەوەی نەتەوی و ئازادیخواز دادەمەزرێن. ئەوەی شایەنی باسە سەبارەت بە بزوتنەوە نەتەویەکان ئازادی لە پێشینەی ئامانج و داخوازیەکانیان بوو. چونکە ئەو هەرەشانەی سیستەمە نوێکە لەسەر سەرچاوەکانی سوودبەخشین هەبوو فرە هەڕەشە بوون، جێگیربوونی حوکمی فرەنسی بووە مایەی گۆڕانکاری لە سیستەمی ناوخۆی وڵات بە شێوەیەکی زۆر خێرا: هەر لە یەکسانی یاسا وە تا ئازادیە تایبەتیەکان و ئازادیە ئاینیەکان و یەکێتی یاسا، و ڕێکخستنی ئیداری و سەربەخۆیی دادگا و هەمو بوارەکانی دیکەیش. هاوپەیمانان وەکو بڕوا دەستیان لەم چاکسازیانە نەدا، بەڵام کۆمەڵگای ئەوروپی کە بەهۆی ئەو چاکسازیانە لە دوای ١٨١٥ گەڕانەوە سەر هەمان تاس و هەمان بەزمی خۆیان، ئوروستوکراتەکان کاتێك لە ئاوارەیی دەگەڕێنەوە ئەوان لەو وڵاتانەی لێی ژیابوون بە هزری ستەمکاری جۆش درابوون، هەمان هزرو بۆچوونیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە و گەڕانەوە بۆ سەر هەمان ئیمتیازاتەکانیان، بە هۆیەوە حوکمی ستەمکاری ڕەها سەرتاپای ئەوروپا دەگرێتەوە، بۆیە لە نێو هەر دەوڵەتێك پرسێك دروست دەبێت، ئەویش پرسی ناکۆکی لە نێوان چاکسازیەکان و هزرە کۆنەپەرستیەکەی جاراندا دەبێت. لە لایەکی دیکەیشەوە گفت و پەیمانی هاوپەیمانان کە بە گەلانیان دابوو شکست دەهێنێت و خەونەکان دەڕمێن، پەیمانەکان لە بواری ئازادی و مافە

نەتەویەکان و چاکسازیەکان هیچیان بە دی نایەن، بۆیە هزری نەتەوی و بە هزری ئازادی تێکەڵ بەیەك دەبن، هەروەکو لە سەردەمانی سەرەتای شۆڕشی فرەنسی بزوتنەوە نەتەویەکان شێوەیەکی ئازادیی دەستوری وەردەگرن.

**ئەڵمانیا**

دەبینین لە ئەڵمانیا لە دوای ساڵی 1815 ئەو پارتە نەتەویەی لە 1813 دادەمەزرێت هەڵدەوەشێندرێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو ئەم پارتە هاووڵاتیانی بێئومێد کرد لەو ئامانجەی بۆی دامەزرابوو. یەکێك لەو ئومێدانەی ئەم پارتە بریتی بوو لە داخوازیەکانی پەیماننامەکان، پەیماننامەی پاریس پارتە نەتەویەکەی ئەلمانیای بێئومێد کرد چونکە دوور بوو لەو ئامانج و دروشمانەی بەرزی کردبوونەوە.

فرەنسا زۆر بە بێ زیان لەو شەڕە دەرباز بوو، ئەندامانی ئەو پارتەش سەرزەنشتی خۆپەرستی دەوڵەتە زلهێزەکانیان دەکرد بە تایبەتی ڕوسیا کە خۆی بە زل دەزانی و مافی دەستێوەردانی لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتان بە خۆ دابوو، لەوانە ئەڵمانیا بە تایبەتی، ڕەخنەشیان لە ئینگلتەرا هەبوو کە تەنها پرسە ئابوریەکانی خۆی پێ گرنگ و بە بایەخە و هیچ گرنگی بە بوژانەوەی ئەڵمانیا نادات. لەم هەڵوێستانەی وڵاتە مەزنەکان ئەم بۆچوونەیان هەڵچنی کە بەهۆی ئەوەی ئەڵمانیا لاوازە بۆیە وڵاتە زلهێزەکان ئەم هەڵوێستەی لێ وەردەگرن. ئەگەر ئەڵمانیا بەم شێوەیە لاواز نەبووایە بە دڵنیاییەوە ئەم وڵاتانە هەڵوێستێکی دیکەیان لێی دەبوو. ئەم بیر کردنەوەیەش زیانی بە نیشتمانپەروەری جیهانی گەیاند، بۆیە ترس و گومانیان لە هەموو هەنگاوێك هەبوو کە لەلایەن وڵاتانی بێگانەوە دەنران، لە نیاز و مەرامەکانی دەوڵەتان گەیشتن کە ئەوەی لای ئەوان گرنگە چەواشەکردن و گەوجاندنی وڵات و هاووڵاتیانە لە پێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیاندا.

لە گەڕانەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیش بێئومێد بوون کە خەونیان بە یەکێتی ئەڵمانیاوە دەبینی. لەم بوارە ئەرندت دەنووسێت (یەکێتی) تەنها یەکێتی هێز و پتەویی بۆ ئەڵمانیا

دەگێڕێتەوە، هەر یەکێتیە ئەڵمانیەکان مەبەستیانە، تەنها بە یەکێتی ئارامی و سەرووەری بۆ ئەڵمانیا دەپارێزرێت، لەم ڕووەوە نووسەر و ڕۆژنامەکان گەلێك بابەتیان بڵاوکردنەوە دەڵێن: ئەگەر ئێمەش ئیمپراتۆریەتێکمان هەبووایە پێگەی ئەڵمانیا لە نێو دەوڵەتان لە ڕیزی پێشەوە دەبوو. هەرچەندە گێڕانەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە نەمسا قایل نییە تاجی ئیمپراتۆریەت بۆ ئەڵمانیا بگێڕێتەوە و بروسیا بکاتەوە بە لووتکەی دەسەڵاتەکان، ئەوەی کۆنگرەی ڤیەننا ئەنجامیدا دروستکردنی کۆنفیدرالیزمی ئەڵمانی بوو کە ئەڵمانیای لەسەر شێوەی ئێستای کۆکردەوە و کردی بە دەوڵەتێکی ئاشتیخواز لە ناوەڕاستی ئەوروپا تا ببێتە وڵاتێکی بێ زیان بۆ دراوسێکانی. بەڵام بەهۆی مۆراڵی هەرێمایەتی لە ناوچەکە گەلی ئەڵمانی بێ جووڵە بوون، بۆیە تا ئێستاش گەل چاوی لە کۆنە پادشاکانیەتی، ئەوەتا کاتێك لاندگرف لە ترسی ناپۆلیۆن ڕادەکات و هەرچی سامان و خشڵ وزێڕ هەیە لەگەڵ خۆی دەیبات تا ئەوکاتەی ترسەکان دەڕەوونەوە، ئەوساش دەگەڕێتەوە وڵات و قەبووڵی دەکەنەوە. ئەوکات لە جووتیارێکی سادە دەبیستن کە دەڵێت (ئێمە دەزانین کە پیرەکەرێکە بەلام هەر دەمانەوێتەوە). دواتر ئەڵمانیەکان بە ژیانی سەختیانەوە کە لە ئەنجامی شەڕ تووشی هاتبوون شەکەت و ماندوو ببون، مەیدانەکانی شەڕ هێزی بەرهەمهێنەری لە ئەڵمانیا کز ولاواز کردبوو، دواتر بەهۆی کەمی بارانیشەوە بەرهەمەکانی ساڵی 1816 بووە نەهات، بۆیە لە زستانی 1817 برسێتی و قاتوقڕی بڵاودەبێتەوە لە ئەنجامدا دیاردەی ڕێگری و خەڵك ڕووتکردنەوەش سەر هەڵدەدات، لە کەمی بەرهەمهێنانی پیشەسازی کاڵاکان گران دەبن و باجی گومرگ لە سەر سنوورەکانی فرەنسا لە لایەن ڕوسیاوە زیاد دەکرێن، ئەمە دەبێتە دروستبوونی دۆخێکی نالەبار لە ئەڵمانیا دیارە چینی بۆرژوازیش تەنها خەم لە گوزەرانی خۆی دەخوات، کەسێك خەمی ڕەشوڕووتی ئەو وڵاتەی نەبوو.

هەر بە ئۆتۆماتیکی لە ئەنجامی دروستبوونی ئەم دۆخە پارتی نەتەوی دەستبەرداری ئامانجەکانی دەبێت و لە بەرانبەر ئەو پێویستیەکانی ناوخۆدا شکست دەهێنێت، هەموو ئەوەی ئەڵمانیەکان لەو پارتەیان بەدی کرد چەند پەیمانێك زیاتر نەبوون، کە ئەوانیش نە

هاتنەدی.

دەبا ئاماژەیەکیش بە بانگەوازەکەی شتاین و فریدریك گەلیومی سێیەم بدەین کە بەر لە دەستپێکردنی شەڕەکان لە 22ی ئایاری 1815 بانگەوازێك بۆ گەلەکەی دەدات، تیایدا پەیمانی دەستوورێکیان پێ دەدات بۆ وڵات ئەم دەستووره ( سیستەمی نەتەوی ڕێکبخات، ئەم ڕێکخستنە بوار بۆ هەموو پرسە نەتەویەکان دیاری دەکات و تەنانەت کاری باجیش ڕێکدەخاتەوە)، بەڵام بروسیەکان گومانیان لەو پەیمانانە هەبوون، لەوانە: فیختە کە لە ساڵی 1814 کۆچی دوایی دەکات، ترسی لەوە هەبوو کە پادشای بروسیا پەیمانەکانی بباتە سەر بەم بۆنەیەوە دەڵێت:

(کاتێک میرێکی ژێر دەسەڵاتی ناپۆلیۆن بانگەواز بۆ هاووڵاتیانی دەکات، ئەمە واتای ئەوەیە هەستن من مەزن بکەن نەك بێگانە مەزن بکەن، ئەمەش نیشانەی گەمژەییە، نابێت بانگەوازی پادشاکان ئەوکاتە بێت کە دڵنیا بن لەوەی هیچ ئامرازێك نییە بۆ بەکارهێنان و قایلکردنی هاووڵاتیانی جگە لە بانگەواز نەبێت، دواتر نابێت خوێنی ئەڵمانی لە پێناو ئیمتیازە تایبەتیەکاندا بێت). گورزیش هەمان بۆچوون و گومانی هەبوو ئەوەتا لە ژمارەی 25ی ڕۆژنامەی (میرکوری زئیانیە) دەنووسێت و دەڵێت:

(دەبێ ئاوا بیر نەکەینەوە کە ڕەوشەکە بە قسەکردن و پەیماننامەکان کۆتاییان دێت، گەل قوربانیی داوە و چاوەڕوانی پاداشتە).

لیژنەی کۆنگرەی ڤیەننا کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕەوشی ئەڵمانیا دەکرد، خۆی لە بەردەم پرۆژە دەستوورێکدا بینیەوە کە ماف کرابووە بنەمای دەستوور. لەم پرۆژەیەدا هاتبوو:

(دەبێت ئەنجوومەنەکانی دەوڵەت لە هەموو ڕوویەکەوە دەستووری بن)، نوێنەری لوکسمبرگ هەموارێکی ئەو دەستوورەی کردەوە و مافی دەستووری حکومەتەکانی تیادا پاراست. دەقی هەموارەکە دەڵێت:

ئەندامانی یەکێتی وایدەبینن کە دەبێت لە هەموو وڵاتانی یەکێتی دەستوور و ئەنجوومەنی خۆیان هەبێت. بە بوونی ئەو ئەنجوومەنانە دەستوور شەرعیەت وەردەگرێت و دەپارێزرێت، ئەنجوومەنەکان مافی ئەوەیان دەبێت ڕاوێژ بکەن، یاسای تایبەتی دارێژن و باجەکان دیاری کەن وبەسەر هاووڵاتیاندا بسەپێنن وسکاڵا بۆ پادشا بەرز بکەنەوە. بەڵام لەکاتی گوتوبێژ و لێکۆڵینەوە لەسەری، ئەم بابەتە بەرتەسك کرایەوە، تا دواتر دەگەنە ڕێککەوتنێك بەم شێوەیە دایدەڕێژن:

مادەی ١٣ (لە هەموو وڵات ئەنجوومەنی دەوڵەت دەبێت)، ئەم دەستەواژەی ئەنجوومەنی دەوڵەت دەبێت، لاوازو ناڕوونە چونکە ئاماژە بە دەستوور نادات، دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە ئەنجوومەنێك لە شێوەی ئەنجوومەنەکانی ساڵی ١٨٠٧ دروست بکرێت کە دەسەڵاتی ڕەهای نەبوو، دواتر دەهرقەکە دەڵێت: دەبێ، ناڵێت دەبێت هەیبێت، واتە فەرمان نیە، ئەوکات وەکو گاڵتەپێکردن وتیان ئەمە خوێندنەوەی واقع نیە تەنها هەست پێکردنێکە، لەوکاتەوە حکومەتەکانی باشوری ئەڵمانیا هەستیان کرد چارەنووسیان لە مەترسیدایە، بۆیە بە پێویستیان زانی پشت بە گەلەکەیان ببەستن. ماکسملیانی پادشای باڤاریا لە ٢٦ی ئایاری ١٨١٨ دەستورێکی بە گەلەکەی بەخشی، دوای ئەویش شازادەی بادی مەزن هەمان هەنگاوی نا، دواتریش گەلیومی فرتامبورگ یش پاش ئەوەی ماوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی گەلەکەی کەوتە دانوستان لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨١٨هەمان هەنگاوی نا، لە کاتێکدا ئەم لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو پارتی سەرجەم ئەڵمانیا بێتە ڕیزیان، بۆ ئەم هەنگاوەی قەیسەری ئەلیکسەندەری یەکەم پشتگیریی کرد، بەم شێوەیە سەرجەم پادشا و شازادەکان دەستوریان بە گەلەکانیان بەخشی.

## بروسیا

له بروسیا پەیمانەکان ڕوون بوون، کاردانەوەکانیش ڕاستەوخۆ بوون. فریدریکی گەلیوم چەند ڕاوێژکارێکی هەڵگری هزری کۆنەپەرستانەی لە خۆ کۆکردبوونەوە کە گیانی بروسیی کۆنیان هەبوو نەك گیانی نەتەوایەتی وەکو شمالتزو فیتگنشتاین کە کەسانی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ بوون، هاردنبرگ هەر زوو ڕەونەقی نیشتمانپەروەری لەدەست دەدات لە پێناو مانەوەی کورسیەکەیدا خۆی ڕادەستی کۆنەپەرستان دەکات. بەم شێوەیە نیشتمانپەروەرەکان کە ویستیان بروسیایەکی نوێ بخولقێنن ڕووبەڕووی کارەسات هاتنەوە، هەندێکیان تەنها لە سەکۆی گەشەکردن کەوتنە خوار، ئەمانە کەمترین زیانیان بەر کەوت، هەندێکیشیان زیندانەکان یا دوورخراوەیی بووە شوێنی حەوانەوەیان.

هەر لەم ڕووەوە ڕێگە لە دووبارە چاپکردنەوەی گوتارەکانی فیختە گیرا، ڕۆژنامەی (میرکوری ریناني)ش لە ١٣ی کانونی دووەمی ١٨١٦ قەدەغە دەکرێت. گوروز کە نامیلکەیەکی بە ناوی (ئەڵمانیای شۆڕش) چاپ کردبوو ناچار دەبێت ڕابکاتە دەرەوە بەرەو سویسرا، نووسەرەکانی دیکە وەکو ئارندت و شتاین و...هتد ناچار بوون خۆیان حەشار دەن. بەم شێوەیە سەرجەم نووسەر و کەسایەتیە شۆڕشگێڕ و نوێخوازەکانی دیکە بێدەنگکران و دەنگیان نەما.

دوای چەند مانگێك پارتی نەتەوی دەتوێتەوە، کەسەکان بێدەنگ کران یا خۆیان ونکرد، ئیتر ئەو بزوتنەوەیەی لە ١٨١٣ دادەمەزرێت لە ساڵەکانی دواتر هەڵدەوەشێتەوە و لەناودەچێت، کاتێکیش مەترنیخ لە ١٨١٨ دەچێتە کۆنگرەی ئەیاکس لاشبال وەکو فەرماندەیەکی سەرکەوتوو ئەڵمانیا دەبینێ و پێشوازیەکی گەرمی لێ دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بزوتنەوە لە نێو خوێندکاراندا سەرهەڵدەدات، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە خوێندکارانی زانکۆ لە ١٨١٣ یەکەم گروپی نەتەویان پێکهێنا کە چەك لەدەست بن، لە نێو ئەو خوێندکار و گەنجانەدا گیانی شەڕکەرە دێرینەکان زیندوو دەبوەوە، ناوەناوەش فەرماندەیەکی کۆنیان دەبوو وەکو (یاهین) خۆی کردە بانگخوازێکی پەروەردەی جەستەیی و چەند یانەیەکی وەرزشیی لە ئەڵمانیا دامەزراند. ئەو گەنج و خوێنکارانەی لە خۆی کۆکردەوە و ئەم دروشمەی پێ دەوتنەوە:

(هوشیاری، ئازادی، دڵخۆشی، برواداری)

ڕقی لە هەموو شتێکی فرەنسی دەبووەوە، کاتێکیش دەدوا دەبوایە بەو وشانە بدوێت کە هیچ ئاماژەیەك بە فرەنسی نەدا، ئەو دەستەواژانەشی بەکارنەدەهێنا کە سەرچاوەیان لە فرەنسیەوە بووە، وەکو زانکۆ ناوی نابوو یاریگای ئەقڵ، هەندێك بیرۆکەی سەیری هەبوون، وەکو:

دەبێت بیابانێك لە نێوان سنوورەکانی ئەڵمانیا و فرەنسادا هەبێت تیایدا دڕندە و کێویی بەخێو بکرێت بۆ ئەوەی لە شەڕی فرەنسا بەدوور بین. ئەو گەنجانەی لە دەوری یاهین کۆ ببوونەوە بە ڕۆحێکی میهرەبان پەروەردە دەکران هەستێکی ناسکیان بەرانبەر بە منداڵ هەبوو نەوەیەکی پەروەردە کردبوو کە جل و پۆشاکیان جیا بوو، جلی تەسك بە لەشیانەوە نووساوە کڵاوێکیان لەسەربوو گروپێك بوون تەنها مەزنی و سەروەری ئەڵمانیایان لا گرنگ بوو، دوور بوون لە سیاسەت، مەزنی ئەڵمانیایان لە پاککردنەوەی ئەڵمانیا لە بێگانەکان دەبینی، کەسانی ئالودەی خواردنەوە بوون بە کورتی گێرە شێوێن بوون لاسایی کەرەوەی کار و ڕێبازەکەی هوردر بوون.

بەڵام لە ڕێگەی لودینی مامۆستای زانکۆی ئەییناوە پاکسازیەکی باش لە ڕیزەکانی ئەم گێرەشێوێنانەدا کرا، چونکە ئەم زانکۆیە لە هەرێمی ساکس ئایمار بوو زانکۆیەکی ئازاد بوو لەو کاتەدا بوو کە گۆتە وەزیری زانست بووە، هەر لە ڕێگەی ئەو مامۆستایەوە کۆبەندی خوێندکاران بە ناوی (برشنشافت) دامەزرا ئەرکیان گێڕانەوەی خوێندکار و گەنجی لادەر بوون بۆ سەر ڕێبازەکەیان، ئەم کۆبەندە لە یادی دامەزراندنیاندا لە ١٨ تشرینی یەکەمی ١٨١٨ لە کۆشکی

فارتبورگ گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا تیایدا کتێبەکانی شاعیر و نووسەرە کۆنەپەرستەکانیان کۆکردنەوە وەکو( هالتر، ئەنسیللون،،کوتوزبو و لەگەڵ دارێکی عەریفی سەربازی وەکو سومبولی سەربازگەری کۆن) و گڕیان تێبەردان. لەم میانەدا لە سەر ئاستی سەرجەم زانکۆکان کۆبەندیان دامەزراند و لە نێویاندا زانکۆیەکی بەهێز دەردەچێت بە ناوی زانکۆی گیسنی بچووک لە میرنشینی هاس- کاسل، لەم زانکۆیە جەماوەرێکی ڕادیکال کۆدەبنەوە بە دروشمی زاڵبوون بەسەر ستەم و زۆرداریدا، خوێندکارەکان لە دەوری ئەم ڕێبازە کۆدەبنەوە و ناو لە خۆیان دەنێن (پێداگریەکان) ئەم گروپە وەکو کلپەیەکی ئاگر وابوون توندڕەو و پێداگر بوون، زۆر ڕقیان لە شاعیری گاڵتەجاڕ کوتزوبو دەبۆوە، ئەمیش هاوڕێی قەیسەر ئەلیکسەندەری یەکەم بوو کە مانگانە بە ڕاپۆرتێك هەواڵی شەقام و هاووڵاتیانی بۆ دەگواستەوە. جارێکیان ڕاپۆرتێکی دەکەوێتە دەست خوێندکاران ئەوانیش لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویدەکەنەوە، بۆیە ئەو داوا لەسەر فوللین ی ڕابەریان تۆمار دەکات. بزوتنەوەی دژایەتی کوتزوبو لە نێو خوێندکاران زیاد دەکات، یەکێك لە خوێندکارەکان کە ئاستی هوشیاریی نزم دەبێت، لە دەروێشەکانی فوللین دەبێت وا مەزندە دەکات بە کوشتنی کوتزوبو دەتوانێت ئەڵمانیا لە مەترسیەکان ڕزگار بکات، بۆیە لە ٢٣ی ئاداری ١٨١٩ هەڵدەستێ بە کوشتنی کوتزوبو، دواتر هەوڵی کوشتنی خۆیشی دا بەڵام سەرکەوتوو نابێت، دوای دەستگیرکردنی لە ٢٠ی ئایاری ١٨٢٠ لە سێدارە دەدرێت.

کوشتنی کوتزوبو بووە مایەی تووڕەبوون و هەراسانبونی شۆڕشگێڕەکان و کۆنەپارێزە ڕەشپێستەکان، لە کاتێکدا لە تەموزی ١٨١٩ هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیری ناسۆ درا لە لایەن یاریدەدەرێکی دەرمانساز، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و ئەمیش لە زیندانا خۆی دەکوژێت. لە ئەنجامی ئەم دوو کردەوەیە نوێنەری ساکس و بروسیا لە ئەنجوومەنی فرانکفۆرت پێشنیار دەکەن ڕێوشوێنی تایبەتی بگرێتە بەر بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە کردەوە تیرۆریە و ڕێگە لە چالاکیەکانی خوێندکارانی دانیشگاکان بگیرێت. لەم میانەیەدا چاوپێکەوتنێك لە نێوان فریدریک گەلیومی سێیەم و مەترنیخ ئەنجامدرا لە نوبلیتز لە مانگی تەموز هەروەها لە کارلسباد نوێنەری نۆ دەوڵەت لە ژێر سەرۆکایەتی مەترنیخ لە ٢٥ی تەموز کۆدەبنەوە و چەند ڕێنمایەك

دەردەکەن، دواتر ڕێنماکانیان گۆڕین بە بڕیاری ئەنجوومەنی فرانکفۆرت. یەکەم بڕیار شیکردنەوەی مادەی ١٣ لە دەستور بوو کە ئاماژە بە دەستوری یەکێتی دەدات بە لێکدانەوەی پادشا بۆئەوەی دەسەڵاتی دەستورەکانی یەکێتی دیاری بکرێت. بڕیارێکی دیکەیان ئەوەبوو کە هێزە فەرمیەکەی وڵات بکەوێتە ژێر فەرمانەکانی ئەنجوومەنی میرنشینەکان بۆ سەپاندنی یاسا لە تەك گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنە گشتیانەدا چەند بڕیاری تایبەتیشیان لەسەر زانکۆکان دا، لەو بڕیارانە:

١/ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یەکیتی وکۆبەندو سەندیکاکانی خوێندکاران، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی (برشنشافت).

٢/ بۆ هەر زانکۆیەك کۆمیسارێکیان لە تەك دانا بۆ ئەوەی بە سەریانەوە ببێتە چاودێر، دەسەڵاتی دوورخستنەوەی مامۆستا و داخستنی زانکۆکانیشیان پێدان، بەڵام ئەم چاودێریە تەنها لەسەر خوێندکارەکان بە کارهات بۆ ماوەی پێنج ساڵ جێبەجێکرا و بەدوای ڕەچەڵەکی بزوتنەوەکەدا دەگەڕان بۆ ڕیشەکێش کردنی.

لە ساڵی نوێی خوێندندا نوێنەری سەرجەم دەوڵەتە ئەڵمانیەکان کۆدەبنەوە و ئەو ڕێوشوێنە گیراوانە بە یاسا دەکەن، کۆی بڕیارەکان ئەوە بوون میرەکان باڵادەست و لە لووتکەی دەسەڵاتی میرنشینەکانیان بن و ئازادی زۆر بە گەلەکانیان نەدەن و دەسەڵاتی ئەنجوومەنە دەستوریەکانیشیان سنووردار کردن.

ئەو لیژنەیەی بۆ چاودێری دۆخی زانکۆکان دامەزراندبوو ناوی لیژنەی (ماینس) بوو، زۆر بەوردی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی لەسەر خوێندکارەکان دەکرد: لە بروسیا ژمارەیەك لە خوێندکاری دەستبەسەر کردبوون هەندێکیان بە ١٢ ساڵ حوکمدان هەندێکیش بە ١٥ ساڵ خرانە زیندانی قەڵاوە. هاین یان زیندانی کرد و ئەرندتیش لە کارەکەی دوورخرایەوە کە مامۆستای زانکۆی بۆن بوو. بەم شێوەیە زۆربەی سەرکردە و چالاکوانانی پارتە نەتەویەکە دوورخرانەوە یا دەستگیر کران یا خۆیان دوور خستەوە و لەبەر چاوان ون بوون. ئیتر بەسەر بزوتنەوەی نەتەویدا زاڵدەبن هەروەك چۆن بەسەر بزوتنەوەکانی دیکەدا زاڵبوون.

بەڵام بە پێی ئەو ڕووداوانەی دواتر ڕوویاندا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە بەر لەوەی بنیادی ئەڵمانیا بنێنەوە دەبێت ئازادیی سیاسی دەستەبەر بکرێت، هەروەها بە پێی ڕووداوەکانی دوای ١٨١٥ بڕوامان وایە کە نابێت بزوتنەوەی نەتەوی بەر لە ئازادی سیاسی ڕووبدات، بۆیە هزری ئازادی دەبێت بەر لە هزری نەتەوی بێت کە هەردووکیشیان تێکەڵاوی یەکن.

## ئیتاڵیا

ئیتاڵیا بزوتنەوەیەکی نەتەویی کەمتر لە بزوتنەوەی نەتەویی ئەڵمانیای لە ڕووی مۆراڵەوە نیشانداین، هەموو ڕووداوەکانی ئیتاڵیا دوای ڕووداوەکانی ١٨١٥ دەهاتن بەڵام ئاڵۆزتر لەوەی ئەڵمانیا.

لەڕووی هزرەوە وا وێنا دەکرا کە بە هیچ شێوەیەك ناگاتە ئاستی هزر و بیرکردنەوەکانی ئەڵمانیا، لە ڕووی سیاسیشەوە ئیتاڵیا هیچ پێگەیەکی نەبووە نە کاتی خۆی نە حاڵی حازری وەکو ئەڵمانیا بووبێت، بۆیە ئیتاڵیا لەو ماوەیەدا لە دۆخی تێکەڵاوی و نقوم بووندا بوو. ئەو خانەوادانەی دەگەڕێنەوە سەر کۆشکی حوکم هەمو خۆشەویستیەکانی گەلیان لەدەست دابوو، بەم هۆیەوە سام و هەیبەتی ڕژێمە کۆنەکەیان نەمابوو، بۆیە هیچ پابەندی و سۆزێك لە نێوان ئەوان و گەلەکانیاندا نەبوو، گەلەکانیان بە چاوی زۆردارێك سەیریان دەکردن، ئەوان لە ژێر سایەی حوکمی فرەنسی فێری گەلێك شارستانیەت ببوون تەنانەت لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم کەلیساش دەسەڵاتی نەمابوو.

بەم شێوەیە بنەماکانی ئاینی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتدا ڕووخابوو، خۆی حوکمی فرەنسا بۆ ئیتالیا ڕووخێنەر و تێکدەر بوو، هیچ بنەمایەکی بۆ نەهێشتبوونەوە کە هەستی نەتەوایەتیان بۆ ببوژێنێتەوە، هیچ هاوبەشییەك لە هەستی نەتەوایەتی لە ئیتاڵیا بوونی نەبوو، هاوڵاتیان و پارتەکانیش هیچ گیانی لێبوردەیی و یەکتری قەبووڵکردنیان نەمابوو، هەموویان وشك و توند بوون لەگەڵ یەکتردا، ململانێ بۆ گەیشتن بە حوکمڕان گەلێك لە هزرو بیرەکان باو تر بوو،

بەهۆی ئەوەی ئیتاڵیەکان زیاتر مەیل و ئارەزویان لە پیلان و داونانەوە بوو لە یەکتری، پارتەکانیشیان لە سەر شێوەی کۆمەڵەی نهێنی دامەزرابوون، بەهۆیەوە کاری ئەوان بریتی بووە لە پیلانگێڕان و کاری توندوتیژی، تەنانەت کاتێك بە کارێکی سیاسیش هەستاون هەڵگری هزری سیاسی نەبوون، لەم ڕووداوانەوە ئیتاڵیا پێمان دەڵێت ئەوەی لە ئیتاڵیا ڕوودەدات لە ئەڵمانیا ڕووی نەدا.

کەچی ئیتالیا لە ڕووی هزری نەتەویەوە لە دوای ئەڵمانیاوەیە، بەڵام ئەو کارانەی ئەو ئەنجامیدا گەلێك لە پێش ئەڵمانیاوە بووە. ئەوەتا لە ساڵی ١٨١٥ گردبوونەوەی ئازادی نەتەوی پێکدەهێنن لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی کۆنیان ڕەت نەدەکردەوە پێیان وابووە ئەو سەردەم دەربڕینی ناڕەزایی بووە دژی حوکمی فرەنسی.

ئەوانیش وەکو ئەڵمانیا پەیمانیان بە گەلی خۆیان دا، لەم ڕووەوە مەترنیخ پەیمان بە گەلی میلانۆ دەدات کە یاسای(پادشانشینی لومباردی – بوندقیە) لەگەڵ سیما و عورفەکانی ئیتاڵیا بگونجێنێت. فەردیناندی پادشای ناپۆلیش لە ٢٠ی ئایاری ١٨١٥ ڕایدەگەیەنێت کە لێبوردنێکی گشتی و دەستورێك بە چاکسازی کۆمەڵایەتیەوە ڕادەگەیەنم .شازادەی توسکاناش پەیمان دەدات کە باشترین دەستور بە گەلەکەی بدات.

بەڵام جگە لە هەردوو سقلیەکە دوای ئەوە هیچ کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوە لە ئیتاڵیا ڕوویان نەدان چونکە پادشا و هاووڵاتیان کەسانی باش و بە ڕەوشت بوون، بەڵام ئەوان نەیان توانی لە گەلەکانیان بگەن و پێیان بڵێن کە بە ئامادەنەبوونی ئەوان چەندە چاکسازی ئەنجام دراوە یا ئەوەی نەکراوە و ئەمڕۆ پێویستە دەبێت ئەنجام بدرێت. یەکێك لەو سەرکردانە (فرانسوا مۆدێنا) بوو پیاوێکی ڕاستگۆ و خۆش گوزەر و دڵپاك بوو، خەڵکانی پاك و بێگەرد و بەتوانای لە خۆ کۆکردبۆوە، لە پیرۆزترین ئەرکەکانی ڕزگارکردنی کۆمەڵگاکەی بوو لە دەست ئەو دۆخە داتەپیوەی تێی کەوتبوو، چونکە کۆمەڵگا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك لە مەزهەبی تێکدەر ببۆوە بە ئەرکی سەرۆك و کەلیساکانی دەزانی کۆمەڵگا بەرەو ئاراستەیەکی باش بەرن، دەڵێت:

(ئازادەکان گوناهبارن وازیان لێ بێنن تا پەشیمان دەبنەوە، دەبا سزای ئەو کەسانە بدەین کە تۆبەیان نەکردوە).

لە هەر شوێنیکی حکومەتە کۆنەپەرستەکە دەگەڕایەوە ڕژێمەکەش دەگەڕایەوە، لە پادشانشینی لومباردی – بوندقیە یاسای نەمسایی پیادە کرا نەك ئیتالی، پۆستە بالآکانیش قەتیس کران لە نێوان نەمسایی و ئەڵمانی و تیرۆلیەکان، دەرگای چوونە ڕیزی سوپای نەمساییشیان لەو خەڵکە کردەوە، کاتێك داگیرکارە نەمساییەکان لە شارەکان وەژوردەکەوتن دەستیان بە ستەم و زوڵم دەکرد، بۆیە لە پادشانشینی بیمونتیی- ساردی پادشا فیکتۆر ئەمانۆئێل لە هەموو نوێکاریەك ترسی هەبوو:

١/ ئیمتیازە کۆنەکانی دەرەبەگەکان و دادگای کەلیسای گێڕایەوە.

٢/ پروتستانت و جووەکانی لە یاسا وەدەرخستن.

٣/ ئەوەی لە حوکمی فرەنسی هێشتەوە و دەستی لێنەدا پرەنسیپەکان و ناوەندێتی بوو.

ئەوەندەی نەبرد فەرمانبەرە پلەدارەکان و ئەو موڵکدارانەی لە سەردەمی حوکمی فرەنسی بوونە خاوەن موڵك کەوتنە ژێر هەڕەشەی لەدەستدانی موڵکەکانیان.

لە دەوڵەتی ڕۆمانیش کونسالفیی ئەمینی دەوڵەتی بیوسی حەوتەم هەوڵی دا پشت بە نەجیبزادە و بورژواکان ببەستێت بۆ چەسپاندنی حوکم، بەڵام لەم هەوڵەیدا سەرنەکەوت.

لە ناپۆلیش موڵکی کۆچبەرەکان گەڕێندرایەوە بۆیان، پادشاش ئەو حوکمە ئۆتۆنۆمیەی هەڵوەشاندەوە کە لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیز بە سقلیە درابوو. بە پێی ئەو چەکی یەکێتی لە ساڵی ١٨١٦ سقلیە بە پادشانشینی ناپۆلیەوە بەسترایەوە. بەم شێوەیە لە سەرجەم ئیتالیا سیستەمی پرەنسیپی سیاسی پیادە کرا و ئیمتیازەکانی نەجیبزادە و ڕۆحانیەکانیش گەڕێندرایەوە، ئاراستەکانیش بەرەو ئەوە دەڕۆیشتن کە هەموو ئاسەوارەکانی حوکمی فرەنسی نەهێڵن کە لە ماوەی ساڵانی ١٨٠٠ تا ١٨١٥ لەو وڵاتە حوکمیان کردووە.

کەواتە لە سەرتاسەری وڵاتدا یەك سیستەم پیادە کرا، وا دەردەکەوت کە یەك بەرگری و یەکپارچەیی دروستبووە، ئەو یەکبەرگریەش لە دوو سەنتەردا بوونی هەبووە:

یەکەمیان/

لە ناپۆلی ڕوویدا چونکە بە هێز ترین ڕژێم حوکمی لێ دەکرد، دواتر چونکە ئەو کەسانەی حوکمیان دەکرد هی سەردەمی مورا بوون.

دووەمیان/

سەنتەری دووەمی حوکم پادشانشینی لومباردی- بوندقیە بوو، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنی سیاسی و هزری لەو پادشانشینە لە هەموو حکومەتەکان بەهێزتر بووە دواتر بەهۆی باشی پەروەردەی کۆمەڵگاوە بووە.

بۆیە ئاساییە ئەندامانی ئەم پارتە لەو کەسانە بن کە زیانیان بەر کەوتووە لە شۆڕشی فرەنسی، ئەمەش بۆرژوازیی باڵا بوون، بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی ئیمتیازەکان بۆ چینی نەجیبزادەکان بگێڕنەوە و بازرگانێتیەکانیشیان خرانە ژێر باری باج و گومرگێکی زۆرەوە. بۆیە کاتێك ئیمتیازو سامانەکانی ڕۆحانیان بۆیان دەگێڕدرێتەوە زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکەوێت، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە سوپای ئیمپراتۆر سوپایەکی دیموکراسی بوو، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە زیان بە سەربازەکانیش دەکەوێت. بە بەرچاوی ئەوان پلەی ئەفسەر و جێگرانی ئەفسەر بە نەجیبزادەکان دەدرا و کۆچبەرەکانیش پشکی شێریان لە پۆستە سەربازیەکان بەردەکەوت، ئەفسەرو سەربازەکان لەوە نیگەران ببوون کە کەوتبونە ژێر دەستی ئەفسەرە نەمسایییەکان لە کاتێکدا پێشتر ئازاری ژێر دەستی سوپای ئیمپراتۆریان چێشتبوو. دیارە ئەفسەر و بۆرژوازەکان و فەرمانبەرە پۆست لەدەستدراوەکان بەهۆی هاوبەشبوونیان لە زوڵم و ستەم چەشتندا پەیوەندیەکانیان خۆش دەبن، بە هەموویان چینێکی بێزار پێکدەهێنن. ئەوەی جێی سەرنج بوو کرێکارانی قەیسەر کاریان لەسەر ئازادی دەکرد، هەروەها گەشتیارە ئینگلیزەکانیش بە هەمان شێوە. بەم جۆرە خوێندنەوەکانی پەرلەمانی فرەنسی و ئینگلیزی جەختیان لەسەر پەروەردەی نەتەوی دەکردەوە،

ئیدی نەوەی پارتە نەتەویەکان و ئازادیخوازەکان لەم چین و توێژانە پێکهاتبوو، لانکەی سەرهەڵدانیان بریتی بوو لەم دوو شوێنە:

ا/ باشوری ئیتاڵیا

لەم هەرێمە نەتەوەخواز و ئازادیخوازەکان لە چوارچێوەی (کۆمەڵەی خەڵوزوانان) سەرهەڵدەدەن، ئەم کۆمەڵەیە لە سەرەتادا بریتی بووە لە چەند هزرێکی توندڕەوانە کە ناتوانین ئەندامەکانیان دەستنیشان بکەین، ئاخۆ لە پادشاخوازەکان بوون یا کۆماریخواز؟! بەڵام ئەوە دەزانین کە ئەمان دژی فرەنسا دامەزرابوون، چونکە حوکمی جوزیف بونابرت و مورا لە باشور ئەوانی هەراسان و بێزار کردبوو، ئینگلیز و فەردیناندی ناپۆلی هانی دەدان و پشتگیریی لێ دەکردن لە کاتێکدا هەندێك لە ئەندامانی هەڵگری هزری ئیتاڵی بوون. ئەوەبوو لەساڵی ١٨١٥ هەندێك هەوڵ دران بۆ ئەوەی ئیتاڵیا لە سەر دەستی مورا دابمەزرێت.

لە سەردەمی گەڕانەوەی حوکمی کۆنەپەرستی فەردیناند دژی کۆمەڵەی خەڵوزوانان وەستایەوە و دەربەدەری کردن، لە شوێن ئەمان کۆمەڵەی سفروانانی (نحاسین) دامەزراند. بەڵام کۆمەڵەی خەڵوزوانان لە کار و چالاکیە نهێنیەکانی نەوەستا و بەهۆیەوە میوانی زۆری بۆ دەهات لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە بۆ چاکسازی و دەرکردنی کەسانی بێ ڕەوشت لە نێو ڕیزەکانی خۆیان.

کاربۆناری یا کۆمەڵەی خەڵوزوانان بە گیانێکی سۆفیەتی کریستیی سۆشیالیزم ئاو درابوو، دەیانوت:

(عیسا یەکەم قوربانیی دەستی ستەمکار بووە)، لە هەموو بۆنەکانیاندا وێنەی عیسایان بە دیوارەوە هەڵدەواسی. هزرەکانی رۆسۆشیان تێکەڵ بە بیرو هزرەکانی عیسا دەکرد. ئەوەی کاربۆناریی بەڕێوەدەبرد چەند دادگایەك بوون کە دادگایەکی باڵاش سەرپەرشتیی دەکردن و یاسای تایبەتی خۆیان هەبوو، بەهۆی ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی نهێنی بووە دابەشی سەر چەند گروپێکی لەیەکتر بێ ئاگا بووە، کارێکی ئەستەم بوو بەشێك ئاگای لە هەموو ئیتاڵیا هەبێت، هەر بۆیە هەر کۆمەڵێکیان بەلای هزرێکەوە دەچێت، بەڵام هەمویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە

ئازادی وسەربەخۆیی ئیتاڵیایان مەبەست و ئامانجە. کەچی لەمەشدا ئاراستەی جیا هەبوون، هەندێکیان مەبەستیان بوو ئیتالیایەکی یەکگرتوو بە سەرۆکایەتی پاپا، هەندێکیشیان ئیتالیایەکی کۆماری یەکگرتوویان مەبەست بوو کە پایتەختەکەی ڕۆما بێت. ئەم کۆمەڵانە لە ناپۆلی و سقلیە و هەموو پارچەکانی ئیتاڵیا بڵاو بوونەوە.

ب/ باکوری ئیتاڵیا

لە باکوری ئیتالیا و بەتایبەتی لە پادشانشینی لومباردی – بوندقیە بزوتنەوەکە زیاتر هزری بوو وەك لەوەی لە ناپۆلی هەبوو، لە باکور چینی نەجیبزادە و بۆرژواکان لە پۆست و وەزیفەکان دوور خرابوونەوە، چونکە نەمساییەکان قۆرخی پۆستەکانیان کردبوو، بۆیە دۆخی ئەوان لەبار بوو بۆ پێکهێنانی گروپێکی ئۆپۆزسیۆن. دواتر لە باکور کۆچبەری ئینگلیز و فرەنسی زۆر بوون، هامشۆ لە نێوان ئەوان وئیتاڵیەکاندا خۆش بوو، باس و خواستیان لەسەر دەستور و هزرەکانی فرەنسی و ئینگلیزی بوو لەسەر حوکمرانی. لەتەك ئەم بزوتنەوە هزریانەدا بزوتنەوەیەکی دیکە لە نێو چینی بۆرژوا دروست دەبێت بە هزری شۆڕشی پیشەسازی و پەروەردەیی و هونەری، بەم هۆیەوە ئەو هزرانەی لە باکور گەڵالە دەبن لە شێوەی باشور نابن بە گوڕتر و بە تەوژمتر دەبن. سەنتەری ئەم جووڵانەوانە میلانۆ و بریشیا دەبێت، سەرۆکەکەشیان (کونفالونیری) بوو کە تواناکانیمان لە کاتی دامەزراندنی پادشانشینی جێگری پادشا ئوجین بوهارنێ بینی، هەرچەندە کانفالونیری بۆ ئەم پۆستە نەدەشیا چونکە ئەم پیاوێکی نیان و حەزی لە دەستور و یاسا بوو.

ئەو بزوتنەوەیەی لە باشور و باکور دادەمەزرێت دەکرێت ببێتە بناغەی دروستبوونی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی مەزن لە ئیتاڵیا، بەڵام ئەمە کاتی دەویست تا وڵات پێدەگات. وا ڕێککەوت لە ژێر کاریگەری دۆخەکاندا ئەم هزرە لە ماوەیەکی کورتدا کەوتە بواری جێبەجێکردن، لە یەکەم هەڵگیرساندنی شۆڕشەکە لە ساڵی ١٨٢٠ ئەم ڕووداوە دەبینین کە وا بە کتوپڕی و بە پێشوەختی دەتەقێتەوە ئەمە لە مێژووی ئیتالیادا تاك بووە.

دواجار بەهۆی قەیرانی ئابوریەوە دەنگی نارەزایی زیاتر بەرز دەبێتەوە و ژمارەی ئەوانەی ڕوو لەم کاربۆناریە دەکەن بە ڕادەیەك هەڵدەکشێت کە ئیدی ناتوانن خەڵکانی بێ توانا و گەندەڵ دەستبژێر کەن بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە.

لە باشوری ئیتالیاش پاسەوانیان دامەزراندن بۆ نەهێشتنی کاری نایاسایی، ژمارەی ئەوانەی بۆ ئەم مەبەستە دامەزران ٥٠٠٠٠ کەس دەبوون لە ژێر فەرماندەی کلابەری دا بوون، دواتر ئەمانیش چوونە ڕیزی کاربۆناریەوە. هاووڵاتیانی باشوریش زۆر ڕقیان لە سوپای نەمسایی دەبۆوە کە تا ساڵی ١٨١١٧ لەوێ مابوونەوە، هەروەها لە پادشا فەردیناند کە دەستی لە سەربەخۆیی ناپۆلی هەڵگرتبوو، دواجار سقلیەکانیش ڕقیان لە ناپۆلیەکان دەبۆوە، بۆیە نیازیان وابوو لێیان جیا بنەوە. بە کورتی ئەمە پێکهاتەی باشوری ئیتاڵیا بوو، کە هەستێکی هەرێمچێتییان هەبوو، کاریان بۆ جیابوونەوەی هەرێمەکەیان دەکرد. سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئیتاڵیا بۆ ئیسپانیا بووە مایەی بەرزبوونەوەی دەنگی ڕاپەڕین و هەڵگیرسانی شۆڕش لە نولا لە ٢ی تەموزی ١٨٢٠، دواتر کڵپەی ئەم شۆڕشە دەگاتە کابیتانات و بازیلیکات و میلیشیاکانیش هەموویان دەچنە ڕیزی بزوتنەوەی شۆڕش، تا لە ٥ی تەموز پادشا پەیمانی دەستورێك بە گەلەکەی دەدات، کاربۆناریش دەستوری ئیسپانیای ساڵی ١٨١٢ ی بەسەر پادشادا دەکاتە مەرج و بەسەریدا دەسەپێنێت.

لە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٢٠ پەرلەمان کۆدەبێتەوە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان لە کەسانی مەزهەبدار بوون گیانی سیاسیان نەبوو، بەم شێوەیە لە شۆڕشی ناپۆلی دوو شت بەدی دەکەین:

١/ لە کایەی کۆمەڵگای شۆڕشگێڕو نهێنیەوە.

٢/ لەکایەی بۆرژوازیانەی کە دەزگای سیاسی و ئیداری وڵات پێکدەهێنن. لە نێو ئەم دوو پارتە یا ئاراستەدا پادشا دەبێت دڵنیایی بدات.

لەو کاتەدا بوو کە بزوتنەوە لە سقلیە دەتەقێتەوە و بالرمو لە ١٤ی تەموزدا شۆڕش هەڵدەگیرسێنێت. نەجیبزادە و پیاوە دەوڵەمەندەکان لە دژیاندا چەتە و میلیشیا پێکدەهێنن، لەو

شوێنانەی بەرەنگاری هەبوو شۆڕش کاری تاڵانکردن و وێرانکاریی ئەنجامدا، داوای کارکردن بە دەستوری سقلیە یان دەکرد کە بە شێوەیەك بێت بتوانن لە ناپۆلی جیا ببنەوە، کەسانی توندڕەو و کۆنە پارێز بوون، لە بەرانبەریشدا کەسانێکی دیکە لە نێو ئەو بزوتنەوەیە سەرهەڵدەدەن، ئەمانیش بۆرژواکان و بەشێك لەو سەربازانەی پشتگیریان دەکردن لەگەڵ هەندێك لەو فەرمانبەرانەی خۆیان بە کەسانی ئازادیخواز دەزانی.

دواجار ترسیان لەو گێرەشێوێنی و بێ یاساییە لێ پەیدا بوو، بۆیە داوای خۆسەری و دەستورێکی ئازادی لە شێوەی دەستوری ئیسپانیان دەکرد، بەبێ جیا بوونەوە لە ناپۆلی. دەکرا لە ڕێگەی دانوستانەوە لەگەڵ ناپۆلی بگەنە ڕێککەوتن، بۆیە ناپۆلی پەیمانی پێدان و سوپایەکی بچووکی بۆ ناردن، بەڵام بالرمو بڕوای پێنەکردن و ڕووبەڕووی بۆوە، لە کاتێکدا سوپاکە توانیی لە ٥ی تشرینی یەکەم شارەکە داگیر بکات، دواتر لە ١٥ی تشرین ڕێکەوتنێك لە نێوان فەرماندەی سوپاکە و پیاوانی بالرمو مۆردەکرێت، بە شێوەیەکی کاتی شۆڕشی سقلیە دامرکێندرایەوە کە لە بەهارەکەدا خۆیان بۆ هەڵگیرساندنەوە ئامادە بکەن.

چەمك و هزری هەرێمایەتی و ئازادی بەسەر بیرکردنەوەکانی باشوردا زاڵ بوون، سەرجەم ئیتاڵیەکان دەمارگیریەکی پادشایەتییان هەبوو، سقلیەکانیش بەهەمان شێوە، بۆیە هیچ هەستێکی نەتەوایەتی لە ئیتاڵیا بەدی نەدەکرا.

لەو کاتەی شۆڕش لە ناپۆلی بەردەوام دەبێت، دەوڵەتان لە تروبای کۆدەبنەوە لەسەر ئەوە کۆك دەبن کە سەرکوتی شۆڕشی ناپۆلی بکەن و نەمساش بۆ ئەم ئەرکە سەرفراز دەکەن. پادشای ناپۆلی لە بەیاننامەیەکدا پارێزبەندی خۆی لەسەر ناپۆلی هەڵدەگرێت و ڕێگە بە نەمسا دەدات، پەرلەمانی ناپۆلیش دەست بە بیردۆزەکەی خۆیەوە دەگرێت و ڕێگە بە هیچ چاکسازیەکی فرەنسی نادات. ئیدی نەمسا دەستبەکار دەبێت لە یەکەم ئۆپەراسیۆنیدا لە ٨ی ئاداری ١٨٢١ لەناوبردنی حوکمی دەستوری دەبێت لە ناپۆلی، لە ٢٣ی ئادار نەمساییەکان بێ هیچ بەرگریەك دەچنە ناو ناپۆلی، بەمەش شۆڕشی ناپۆلی کپ دەکرێت.

ئەمە لە باشور، لە باکوریش ئەوەی بینیمان لە ساڵی ١٨٣١ ئەمە بوو، سەرهەڵدانی چەندین بزوتنەوە بێ ئەوەی هیچ هەماهەنگیەك لە نێوانیاندا هەبێت. ڕۆمانیۆ بۆ بزوتنەوە ئامادە دەبێت و داوا لە مارشی ناپۆلیۆنیەکان دەکات بەهانایانەوە بێن، میلانۆییەکانیش شۆڕشیان هەڵگیرساند و بیمونتیەکانیش لە ئامادە کاریدابوون. کاتێك ئەمان شۆڕش هەڵدەگیرسێنن لە ناپۆلی شۆڕش دادەمرکێتەوە و شکست دەهێنێت، ئەوەی لە باکوری ئیتاڵیا هەبوو هەستێك بوو کە لە باشور ئەمە نەبوو. پیاوەکانی کاربۆناری لە باکور کۆماریخواز نەبوون، ئەمان لە ڕقی سەربازە سپیەکان (مەبەست سەربازانی نەمسایی بوو، چونکە سەربازە نەمساییەکان جلی سپیان دەکردە بەر) لایەنگری پادشای بیمونتیان دەکرد. جوزیف دومیستری وەزیری پادشای بیمونت داوای دەکرد بوترسبورگ بخرێتە سەر بیمونتی ئیتاڵیای سەروو. ئەفسەرەکان ڕقیان لە نەمساییەکان دەبۆوە، بەڵام دەبووایە سەرەتا لە ڕێگەی شۆڕشەوە خۆیان ئازاد بکەن ئەوسا دژی نەمساییەکان بوەستنەوە و لە نێو خۆیاندا دەریانکەن، چونکە ئازادیی ناوخۆ مەرجی ڕزگاری نەتەوایەتیە. بۆیە دەبووایە سوود لە شۆڕشی ناپۆلی وەرگرن و دەستی هاوکاریان بۆ درێژ بکەن و ئەوسا میلانیەکان و کۆنفالونیریەکانیش دەست بە هەڵگیرساندنی شۆڕش بکەن، پاش ئەوەی سەربازگەی میلانۆ و بریشیا بە هۆی ناردنی سەرباز بۆ باشور لاواز دەبێت، هێرشیان دەکەنە سەر و ئەوکاتەی بیمونتیەکانیش سنوور دەبەزێنن، ئەوان داوای ئازادی و سەربەخۆیی میلانۆ دەکەن.

ئەم نەخشەیە بە ڕێککەوتن لەگەڵ میرێکی سافۆی دانرا ئەویش شارل ئەلبێرت بوو، شازادەی کارینیان، بەڵام لە دوا ساتەکانیدا شازادە لە پەیمانەکەی پاشگەز دەبێتەوە و دەستبەرداریان دەبێت.

لە ١٠ی ئادار لە ئەسکەندەریەش تەقیەوە، داوایان دەکرد پادشای بیمونت ببێتە پادشای ئیتاڵیا. لە ١٢ی هەمان مانگ خوێندکاران لە تۆرینۆ ڕاپەڕین، بەهۆیەوە پادشا بەوە ڕانەگەیشت دەستور ڕاگەیەنێت، ناچار دەستی لە تاجی پادشایەتی هەڵگرت بۆ شارل فیلکس ی برای، میری کارینیان شارل ئەلبیرتیش بووە پێسپێردراو، دوای ئەوەی بەدەر لە دەسەڵاتەکانی خۆی شارل ئەلبیرت دەستورێك بۆ بیمونت ڕادەگەیەنێت لە ١٨١٢، داوای یەکگرتنەوەی دەکات لەگەڵ

ناپۆلی و میلانۆ، بەڵام کاردانەوەکان نەخشەکەیان ئاوەژوو کردەوە چونکە شارل فیلیکس هەموو چاکسازیەکانی شارل ئەلربیرتی ڕەتکردنەوە، لومباردیەکانیش نەیان توانی هیچ جووڵەیەك بکەن تا بەر لە گەیشتنی هاوکاریەکانی بیمونتیەکان.

سانتا ڕۆزای سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنەکە نەیتوانی جووڵە بە هێزی سوپا بکات، بۆیە نەمساییەکان زۆر بە ئاسانی ئاگری بەرەنگاریان کوژاندەوە و بەسەریاندا زاڵ بوون. سوپای نەمسا توانیی لە ٨ی نیسان بەسەر سوپای دەستوریدا زاڵ بێت و تورینو و جنوە داگیر بکەن، بەمەش شۆڕش دەڕووخێت و کۆتایی بە بزوتنەوەکە دێت. بەڵام بزوتنەوەی باکور هاوشێوەی بزوتنەوەکەی باشور نابێت، لە باشور بزوتنەوەیەکی گەلەری بوو لەسەر بنەمای ئیتاڵیایەکی یەکگرتوو، بەڵام نەزاندرا ئاخۆ پایتەختەکەی کوێ دەبێت میلانۆ یا تۆرینۆ؟

بەم شێوەیە دەبینین لە هەر پارچەیەکی ئیتاڵیا سیاسەتێکی جیا دەبێت، بەڵام هەموو بزوتنەوەکان داخوازی ئازادی و گۆڕینی ئەو سیستەمەی ئێستایان دەکرد. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بڵێین ئیتاڵیا پێویستی بە هوشیارکردنەوەی نەتەوی و سیاسی هەبوو بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە بە سەرکەوتوویی ببڕێت.

بەهۆی ئەنجامەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەستنەوەی هزری نەتەوی بە هزری ئازادیەوە ئەنجامی جیای دەبێت، هەندێك وڵات هزری نەتەوایەتیی نیشتمانی سەری تیادا هەڵدا بە دەمارگیریەکی ئاوەها کە زۆر بە توندی دژی هەر داگیرکاریەکی بێگانە بوون، بەهۆی ئەوەی کە ئازادی هزرێکی هاوردەیە بۆیە لەگەڵ هزری نەتەوایەتی ناکۆك دەبێت، ئەوەیە کە هزرە دواییەکە پێداگری لە سەلماندن و بوونی خۆی دەکات بەرانبەر بە هزری ئازادی.

**ئیسپانیا:**

یەکەم وڵاتی لەم چەشنەی سەرەوە ئیسپانیایە،سەردەمی گەڕانەوەی حوکم کە لەسەر دەستی ئینگلیز و شۆڕشی نەتەوی دێتە ئەنجام، سەرەتای سەردەمی تۆڵەسەندنەوەیەکی بێشەرمانە بوو لەسەر دەستی فەردیناندی حەوتەم، هەموو ئەوانەی گومانی لێیان هەبوو لە پەیوەندی لەگەڵ فرەنسیەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وەلاینان یا لە ناوبردن، دەسەڵاتی حوکمیشی گەڕاندە دەست ڕۆحانیەکان و کۆشکی پادشا. بۆیە ئۆپۆزسیۆن لە بەرگی ماسۆنیەتدا کە لە سەردەمی حوکمی فرەنسی دامەزرابوون دژی دەوەستنەوە، هەندێك لە ئەفسەری سەرەڕۆ و گەنجی بێکار بەگەڕیان دەکەون، ئەو گروپە دژی هزرەکانی ڕۆحانی کاردەکەن و وردە وردە دەبنە هێزێکی کاریگەر بەتایبەت لە شارەکانی کەنار دەریا کە بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتدارانی لێ زیندووە.

ئەم گروپە دەستوری ساڵی ١٨١٢ یان کردە بەرنامەی کار کە ئازادیخوازەکان لە قادس دایان نابوو، لایەنگرانی هانی خەڵکی باشوریان دەدا تا بە هانای کۆلۆنیەکانی ئیسپانیەوە بچن لە ئەمریکا، بۆئەوەی شۆڕشەکە دامرکێننەوە. ئەم سوپایە دوو شۆڕشی هەڵگیرساند؛ یەکێکیان لە باشور لە دەوروبەری قادس بە سەرۆکایەتی ڕییگۆ، دووەمیان لە باکور لە دەوروبەری لاکورون لە ئاداری ١٨٢٠ . دوای دوو ساڵ توانرا ئەو دوو شۆڕشە دامرکێننەوە و جڵەوەکانی دەسەڵات لە دەستی سەربازانی فرەنسیدا توند بکەن. دژی ئەم ڕەوتە ئازادیخوازە هەموو ئەوانەی لە دەوری پارتە نەتەویەکە کۆببوونەوە دژیان وەستانەوە، هەر ئەو پارتەش بوو کە دژی هێزەکانی فرەنسی دەجەنگین و پیاوەکانیان حکومەتیان لە باکوری ئیسپانیاو دەوروبەری لاس ئۆرجیل پێکهێنا، لە کاتەلۆنیا ناوی سوپاکەیان نا (سەربازانی پەیامبەر) ڕۆحانیەکان لە پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەو ئۆپۆزسیۆنە بوون، دواتر جووتیار و هەندێك لە نەجیبزادەکانیش پەیوەندیان پێوە دەکەن، واتە هەموو ئەو توێژانەی دژی فرەنسیەکان بوون چوونە ڕیزی ئەم گروپەوە. بەم شێوەیە گەلی ئیسپانی توانیی لە ساڵی ١٨٣٣ بەسەر فرەنسیەکاندا زاڵ بێت، بەڵام ئەو پارتە نەتەویە گەلێك

کاری کوشتن و کاولکاریی دژی ئازادیخوازەکان ئەنجام دا، لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا ئەو کارە دڕندانەییانە بەردەوام دەبێت بە ڕابەرایەتی پادشا و هاوکاریی وەزیرەکەی بە ناوی کالومارد.

بەم شێوەیە ئیسپانیەکان لە واتای ئازادی گەیشتن، هەموو ئەو هزرانەی بە ناوی ئازادیەوە دەبیستران نەتەوەخوازەکان دژی دەوەستانەوە بە بیانوی ئەوەی هزر و نەریتی بێگانەن.

**ڕوسیا :**

ئەوەتا نموونەیەکی هاوشێوەی ئەو ڕووداوانە لە ڕوسیا لە ساڵەکانی ١٨١٤-١٨١٥ لە سەردەمی ئەلیکسەندەری یەکەم ڕوودەدات کە سیاسەتی مامناوەندی و ئازادی پیادە دەکات. هەر چەندە لە ئەوروپا سیستەمی نوێ لە وڵاتان پیادە دەکرێت هەروەك لە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا، لە پۆڵۆنیاش دەستورێکی نوێ دادەنرێت، لە ڕوسیاش بە شێوەی ئیسپانیا دۆخێکی نوێ و تایبەتی وەردەگرێت.

ئەو دەستورەی بۆ پۆڵۆنیا دانرا دۆخەکەی چارەسەر نەکرد، پۆڵۆنیەکان بە سیاسەتی ئەلەکسەندەر دڵنیا نەبوون و لێی ڕازی نەبوون، ئەو چاکسازیانەی ئەو لە دوژمندارێتی پۆڵۆنیەکانی بەرانبەر بە ڕوسەکان کەم نەکردەوە، بۆیە قەیسەریش لە هەڵوێستە نیانەکانی پەشیمان دەبێتەوە کاتێك لە ١٨٢٠ ئەنجوومەنەکانی بۆ پۆڵۆنیەکان کردەوە لە ڤارسۆفیا. ئەو بێئومێدیەکانی لە گوتارەکاندا دەردەبڕی، لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری ئەو سیستەمانە نەبوو کە پێی بەخشیبوون.

ئەو ئەفسەرانەی هاتبوونە ئەوروپا لە سەردەمی شەڕەکانی ناپۆلیۆن هەوای ئازادیان هەڵمژیبوو ڕەفتارەکانیان گۆڕدرابوون، تا ڕادەیەکیش ببوونە هەوادارى هزرەکانی فەرەنسی، کاتێك ئەو ئەفسەرانە دەگەڕێنەوە ڕوسیا کۆمەڵەو ڕێکخراوی ئازاد دادەمەزرێنن بەناوەکانی(یەکێتی ڕزگاری) و (یەکێتی کامەرانی) لە هەندێك شوێن پەیوەندیان لەگەڵ کاربۆناریدا بەست، لە لایەکی دیکەیشەوە هزری ماسۆنی لە نێو سوپا و نەجیبزادەکان گەشەی کردبوو.

بەڵام شۆڕشی دژ بە ناپۆلیۆن لە ١٨١٢ بە نوێنەرایەتی ڕوسیای کۆن و ڕوسیای پیرۆز لە سەرتاپای ڕوسیا تەوژمێکی نەتەویی خولقاند. لە سەر دەستی گلنکاو کوم:

١/ لە خوێندنگاکان کەلتووری خوێندنی ئاین گەڕێندرایەوە.

٢/ جووڵانەوەی ئەدەبی نەتەوی دەوروژێت.

٣/ لە بواری ئاینی، مەزهەبی ئەرسەدۆکس بەسەر مەزهەبەکانی دیکەدا زاڵ بوو.

٤/ لەسەر قەیسەریان کرد باقی کریستیەکانی دیکە بە پرۆتستانتەوە لە وڵات دەرکات.

٥/ (کۆمەڵەی کتێبی پیرۆز) قەدەغە کرا.

٦/ ڕەوتە ئاینیەکە گەشە دەکات و دەسەڵاتەکانی بەهێز دەبێت.

٧/ ئەو ئازادیخوازانەی لە دەوری قەیسەر کۆببوونەوە دەریاندەکەن.

ئەمە بووە بزوتنەوەیەکی کلاسیکی کە دوو کەس ڕابەرایەتیان دەکرد. یەکێکیان ئاراکتشێف وەزیری ناوخۆ کە لە ڕووی سیاسیەوە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی دەکرد، دووەمیان فوسیوس نوێنەرایەتی هزری ئاینیی دەکرد، بەم شێوەیە هەڵگرانی هزری ئازادیی دوورخرانەوە، لەوانە چارتوریسکیی پۆڵۆنی و کابو دیستریاس ئەمەیان ڕاوێژکاری قەیسەری یەکەم بوو.

کاتێکیش هزری نەتەوی گریکی لە ڕوسیا پەرە دەسەنێت بۆ بڵاوبوونەوە لە بەڵکان لە سەر حسابی تورکیا، ئەوکات کۆنەپارێزەکان بەهێز بوون، بۆیە بێ هاوکاری ئەلەکسەندەر دەتوانن لە بەرژەوەندی شۆڕش هاوکاریان بکەن.

بەڵام ئەم بزوتنەوە گەشە خوازە لە سەردەمی قەیسەر نیکۆلای یەکەم زیاتر بەهێز دەبن، بەم شێوەیە ئەو قەوارەیە دروستدەبێت کە پێی دەوترێت ڕەسەنایەتی ڕوسیا لە ئەوروپا.

ئازادی وەکو جەستەیەکی بێگانە و نامۆ دێتە ناو ڕوسیا، بۆیە هەروەکو ئیسپانیا هێزە نەتەویەکان بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی دەکەن. بەڵام پاش ئەوەی ئەلەکسەندەر لەو

هەڵوێستانەی پەشیمان دەبێتەوە کە لە سیاسەتی دەرەوەیدا نواندی و لە کۆنگرەشدا دەبێتە هاوشانی مەترنیخ، بەهۆیەوە ترسی تەواو لە هزرە ئازادیەکان پەیدا بوو، بۆیە دژی هاوکاریی گریك وەستایەوە و لە مەیدان بە تەنیایی جێیهێشتن.

بەڵام ڕوسیا و ئیسپانیا بەدەر بوون لەو وڵاتانەی کە بزوتنەوەی ئازادی و نەتەویمان لێ بینی، دەکرێت بڵێین هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم دوو وڵاتە خەریکە لە ئەوروپا دەردەچن و بە ئەوروپا ئەژمار نەکرێن تەنها هەندێك لە سیاسەتی گشتیان نەبێت، بە شێوەیەکی گشتی ستەمی ١٨١٥ سیماکانی ستەم و فشارەکانی حوکمی ناپۆلیۆنی سریەوە، ئەگەر بەراوردێکی پێ بکەین لەگەڵ سیستەمی لەناوبەر کە هاوپەیمانی پیرۆزو مەترنیخ بڕیاریان لەسەر دابوو، دەبینین لە نوێوە تێکەڵاویەك لە نێوان هزری ئازادی و هزری نەتەوی هەیە ئەمەش ئەنجامی یەکەمیەتی.

ئەنجامی دووەمیش،تێکەڵاوبوونە لە نێوان فەرەنسا و هزری نەتەوی، هۆکارەکەشی ئەو تێکەڵاویەیە لە نێوان ناپۆلیۆن و شۆڕش و ئەو دۆخەی کە فەرەنسا لە ساڵی ١٨١٥ بۆ ئەوروپای خولقاند، چونکە فەرەنسا تاکە دەوڵەتی دەستوریی پەرلەمانی بوو لە ئەوروپا. ئەمەش دۆخە نوێکەی فەرەنسا پێی بەخشیبوو بینیمان کە پارتێکی نەتەوی لە فەرەنسا دادەمەزرێت داوای پیادەکردنی سیاسەتی جیرۆندیەکان دەکات بە بەرفراوانکردنی پانتایی نەتەوەکان و فەراهەمکردنی داخوازیەکانیان. ئا لێرەدا دوبارە تێکەڵاویەکی دیکەیش دروست دەبێتەوە لە نێوان فەرەنسی وپرسی نەتەوی، هەروەک لە ١٧٨٩ دەرکەوتبوو. لە ئەوروپا کە لە ژێر کاریگەری بێدەنگی سیاسیدایە گوتوبێژەکان لە نێو پەرلەمانەکان و پارتە سیاسیەکاندا لە فەرەنسا بۆتە مادەیەکی پەروەردەیی پارتە سیاسیەکان کە لە ئەوروپا فێر دەکەن. هەرچەندە فەرەنسا بە هزری ئازادیەوە ناسرا بەڵام بەهۆی ئەو ڕۆڵەی ئەوروپا پێی بەخشی لە سەرکوتکردنی شۆڕشی ئیسپانی و بێدەنگکردنی ئازادیخوازەکان  بووە پیادەکەری سیاسەتی کۆنەپەرستانە، تەنانەت نەیتوانی پێشوازی لەو جووتیار و کرێکارە هەڵاتوانەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیاش بکات کە لەدەست زوڵم و ستەمکاری ڕوویان لە فەرەنسا دەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوانەشدا بەرژەوەندی فەرەنسا لە ئەوروپا بووە بەرژەوەندیەکی نەتەوی، چونکە ئەو هزر و هەستە نەتەویەی لە ئەوروپا سەریهەڵدا

له ئەنجامی داگیرکاری فەرەنسا و دژی هێزەکانی فەرەنسا ڕوویدا لە سەردەمی حوکمرانی ناپۆلیۆن، فەرەنسا بە دیدی ئەوروپیەکان بووە پاڵەوانی نەتەوی. لە بەرانبەردا هەر بەرژەوەندیەکی نەتەوی ئەوروپی هەبووایە لای فەرەنسیەکان بەرژەوەندی فەرەنسی بوون، کاتێکیش لە ساڵی ١٨٣٠ فەرەنسا دەکەوێتەوە سەرڕێ، ئەوکات پاریس دەبێتە پایتەختی ئازادیی ئەوروپی.

ئەوەی جێی سەرنجە دروستبوونی سیستەمی ستەمکاری گەڕانەوەی هزری دەوڵەت لە ١٨١٥ لە پێناو بوژانەوەی نەتەوایەتی تەواو دەبێت، کە ئەمەش چەند ساڵێك دەخایەنێت و دواجار لێرە و لەوێ گریکستان یەکەم دەوڵەتی نەتەوی دەبێت کە دروست دەبێت.

## بەشی شەشەم

## گریك وەكو یەكەم دەوڵەتی نەتەوی

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ناپۆلیۆنیدا، چەند گۆڕانكاریەك بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هاتن، ئەو گۆڕانكاریانە تەوژمی سیاسی لە ئەوروپاش گرتەوە، كە بریتی بوون لە بەشێك لە چاوتێبڕینەكانی ناپۆلیۆن و كێشەكانی نێوان ناپۆلیۆن و ئینگلیز لە لایەك، لە لایەكی دیكەیش چاوتێبڕینەكانی ڕوسیا بوون. لە ماوەی ساڵەكانی ١٨٠٢ تا ١٨٠٧ پێنج ساڵ شەڕ لە نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی درێژەی هەبووە، هەندێك جار خاو دەبۆوە و هەندێك جاریش توند. كاتێك ئەلیكسەندەری یەكەم دەبینێ لە لێواری ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ فرەنسا ناچار لەگەڵ عوسمانیەكان دەكەوێتە نواندنی نیانی، بەو هۆیەوە لە ٢٨ی ئایاری ١٨١٢ پەیماننامەی بوخارست لەگەڵ توركیا مۆر دەكات. بە پێی ئەو پەیماننامەیە ڕوسیا هەردوو میرنشینەكەی دانوبی بۆ توركیا گەڕاندەوە، بەڵام دەستی لە نسارابایا و تا ڕوباری ئەلبیرت بەرنەدا. هەر ئەوكات بوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوەوە لە دۆخێكی نا سەقامگیردا بوو، سربەكانی بەلەگراد بە سەرۆكایەتی جۆرج لە ١٨٠٤ەوە تا ١٨١٢ ڕاپەڕین بەڵام ڕوسیا هیچ هاوكاریەكی نەكردن، چونكە ئەوكات بوو كە پەیمانامەی بوخارێستی مۆر كردبوو بۆیە پشتی تێكرد. جگە لەمە شۆڕشەكانی كۆشكی سوڵتان سەلیمی سێیەم لە ١٨٠٦ەوە تا ١٨٠٩، بەهۆیەوە هەندێك لەو ویلایەتانە سەربەخۆییان وەرگرت، وەكو میسر لە سەردەمی محەمەد عەلی و وڵاتی عەرەب لەگەڵ وەهابیەكان و باشویەی عەكا و باشویەی كونیە لە بەغەدان(مولدافیا)، ئەم ویلایەتانە بەر لە

حوکمی ناپۆلیۆن لە ڕووی پراکتیکیەوە سەربەخۆ بوون. دوا پادشانشین کە شۆڕشی ڕاگەیاند پاشانشینی ڕۆژئاوا بوو لەسەر دەستی عەلی تیبلینی پاشای ئەلبانی.

ئەم ڕووداوانە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لاواز کرد، لەم ڕووداوانە هەریەك لە گریك و سربەکان سوودیان وەرگرت کە لە ساڵی ١٨١٢ شۆڕشەکەیان دامرکایەوە، بەڵام دووبارە ساڵی ١٨١٥ دەستیان بە شۆڕش کردەوە، ئەمجارەیان بە ڕابەرایەتی میلۆش ئۆبرینۆفیچ کە بەخێوکەری بەراز بوو. بەڵام جیاوازیەکی زۆر مەزن هەبو لە نێوان یاخی بوون( شۆڕش)ەکەی گریك و سربەکان، یاخیبوونی سربەکان شۆڕشێکی جووتیاری بوو دژ بە سوپای ئینکشاری تورك و دارودەستە و کرێگرتەکانی بوون. فەرماندەی شۆڕشەکەیان پیاوێکی فێلباز و زیرەك بوو، توانیی گرەنتی لە سوڵتانی عوسمانیەکان وەرگرێت کە چیتر پیاوانی تورك گەندەڵی نەکەن و دەسەڵاتەکانیان بە خراپی بەکارنەهێنن، لەگەڵ وەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی.

هەرچی یاخیبوونی گریکەکانە بە پێچەوانەی سربەکان بوون، ئەمان لە کەسانی لەخۆبایی و لە چینی ئوروستوکرات پێکهاتبوون، داخوازیەکانیان گەڕاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بوو پایتەختەکەی قوستەنتینیە بێت. لە داخوازیەکانی گریکەکان ئەوە تێبینی دەکەین کە خاوەن هزرێکی فراوان بوون نەك وەکو سربەکان، گریکەکان خۆیان بەخاوەنی پەیامێکی نەتەوی دەزانی، لەو کاتەوە لە ١٨٢٠ کاری بۆ دەکەن تا ئەوکاتەی دۆخەکان لە بار دەبن و دێنە دی.

## شۆڕش

لە ئەنجامی ئەو بزوتنەوەیەی لە دواییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا دروستبوو، یاخیبوونی ١٨٢٠ ی گریکستان کۆتایی دێت، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە بەم جیاوازیانەوە دەبێت:

یەکەم /

پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ دەرەوەدا دەبێت، بینیمان کە گریکەکان لە دواییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا پەیوەندی زۆریان لەگەڵ دونیای دەرەوەدا هەبوو، چ لە سەردەمی شۆڕشی فرەنسی یا لە سەرەدمی ناپۆلیۆن بە هەڵگری هزرەکانی شۆڕش و سیاسەتەکەی ناپۆلیۆنەوە. لەوکاتەوە ئەو ترسە لە دڵی گریکەکاندا نەما کە بەهۆی جیاوازی مەزهەبی ئەرسەدۆکسی گریکی و کاسۆلیکی ڕۆژئاواوە هەبوو. بۆیە پرسی گریکستان زیاتر دەناسرێت، لە کۆتایی سەدە چیرۆکی باوکە بارتملی هاتە ناسین کە بەناوی (گەشتی ئاناخارسیسی لاو لە گریکستان) بوو، هەروەها کتێبی بوفورلە ساڵی ١٧٩٩ لەسەر گریکستان و کتێبی (گەشتی خۆشبەخشی گریکستان) لە نووسینی شوازول گوفیە باڵیۆزی کۆنی فرەنسی لە قوستەنتینیە. لەم ڕوانگەیەوە چەندین بەرهەمی دیکە بۆ ناساندنی گریکەکان کە پێشتر نووسرابوونەوە، بە چاپ گەیەندران و بڵاوکرانەوە. دەرچوونی ئەم بەرهەمانە و هی تریش بوونە مایەی پتەوبوونی پەیوەندیەکانی نێوان گریکەکان و ئەوروپا، لە ئەنجامدا چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی مەدەنی تێکەڵاو لە گەلی هلینی و ئەوروپی دادەمەزرێن، لەوانە (کۆمەڵەی هاوڕێیانی نەتەوەی گریك)، (خانەی گریک)یش دەکرێتەوە بە سەرپەرشتی شوازول گۆفیە بۆ پێشوازیکردن لە گریکەکان. ئەم خانە بە ئیدارەی بازرگانێکی گریکی بەڕێوە دەبرێت بەناوی تساکالوف، جگە لەم کۆمەڵانە، ( کۆمەڵەی خۆشەویستانی هلینی) و (کۆمەڵەی خۆشەویستانی ئیلهام) هەبوون، مەبەستی ئەو کۆمەڵانە هاوکاری و ڕێنماییکردنی گەنجانی گریك بوو بۆئەوەی ڕوو لە ئەوروپا بکەن بۆ تەواو کردنی خوێندن. لە ئەسیناش هەندێك کۆنسولگەری هەمان کۆمەڵەیان دامەزراندن، لە ڕووی هونەریشەوە ڕێکلامیان بۆ پەخشی گۆرانیەکانی گریکی دەکرد لە ئەوروپا و بڵاویانکردنەوە. هەر لەم ڕووەوە لە زانکۆی سۆربونی فرەنسی یەکەم کورسیی ئەدەبی بێگانەیان دامەزراند، ئەو کۆمەڵەی فوریل لە ئەسینا دایمەزراند کۆمەڵەیەکی کەلتووری

وشوێنەواریی بوو، بەڵام ئەوەندە ناخایەنێت کە دەبێتە کۆمەڵەیەکی سیاسی، لە کۆنگرەی ڤیەننا کابودیستریاس قەبووڵی کرد دیبلۆپاتەکان هاوکاری گەنجانی گریکی بکەن بۆئەوەی ڕوو لە ڕۆژئاوا بکەن، ئەمە بێ ئەوەی هێشتا ڕەزامەندی لە کۆنگرەوە دەرچێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە دوورگەکانی ئەیونی.

ئێستا جیاوازیەکان بەدی کران، بزوتنەوە کارێکی وای ئەنجامدا کە گریکستان لە ئەوروپا باشتر بێتە ناسین و پێشوازیی باشتر لە گەنجانی بکرێت.

دووەم /

گواستنەوەی سەنتەری بزوتنەوەی نەتەوی بۆ ناو خاکی گریکستان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە میرنشینەکانی دانوبی و گەڕەکی فەنار لە لووتکەی ئەم بزوتنەوەدا نەبوون، هەر چەندە بایەخیان بە کەلتوور و فەرهەنگی گریکی دەدا، بەڵام بە ئیتاڵی و فرەنسی دەدوان. دانوبیەکان لە ڕێگەی کەلیساوە کەلتووری ڕومانی وەردەگرن هەرچەندە بە فەرهەنگ گریکی دەبن، بەڵام بە زمان ڕۆمانی دەبن. بەم هۆیەوە دڵسۆزی تورکەکان دەبن لەو کاتەوە هیچ یاخیبوونێك لەو هەرێمە ڕوونادات، ئەمەش بەهۆی سەرکردەکانیانەوە کە هەواداری تورکەکان دەبن، بەڵام چینە ڕەشوڕووتەکەی ئەو یاخیبوونانەی لە گریکستان ڕوویان دەدا هیچ بایەخێکیان پێی نەداوە، تەنانەت قەشەکانیش لایەنگری سوڵتانە عوسمانیەکان بوون، لەو قەشانە گریگور لە سەرەتای یاخیبوونەکەوە لەسەر داوای سوڵتان خواپەرستیی لە یاخیبووەکان قەدەغە دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ڕۆحانیەکان لە قوستەنتینیە لە بزوتنەوەی گریکی دابڕان، بەڵام کاتێك عوسمانیەکان گەورە ڕۆحانیەکەی قوستەنتینیەیان بەوە تاوانبار کرد کە بەرپرسیارە لە بزوتنەوەی یاخیبووەکانی گریکستان، لە شوێنی خۆیدا نەبوو. لە بەرانبەردا دوورگە گریکیەکان بوونە سەنتەری بزوتنەوە کە ئینگلیز پشتیوانیی لێ دەکردن و بە دڵنیایی ڕوسەکان لە ١٨١٥ بەدواوە بوونە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دەستوری ١٨١٧ یان پێدان کە لە دەستورەکەدا هاتبوو وڵات دوو ئەنجوومەن لە خۆ بگرێت:

ا/ ئەنجوومەنی پیران لە حەوت ئەندام پێك بێت.

ب/ ئەنجوومەنی یاسادانان لە چل ئەندام پێك بێت، لەو ژمارەیە ٢٩ یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاری بکرێن.

لەگەڵ جۆرێك لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ڕاپەراندنی کاروباری وڵات کە ئینگلیز دایاندەمەزرێنێت و ئەنجوومەنێکی دادوەریش.

واتە دوورگەکان حکومەتێکی نوێنەرایەتیان دەبێت، بەڵام دەسەڵاتە ڕاستەقینەکە لە دەست ئینگلیزدا بووە، چونکە جێنیشی ئینگلیزی لەو دوورگانە دەبێت بڕیارەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان پەسند بکات، لەگەڵ دامەزراندنی ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، هەمووی بە پارێزبەندی ئینگلیز. بەڵام ئینگلیز لەو دوورگانە بە شێوازێکی ستەم و زۆرداری حوکمی بەڕێوەدەبرد، لەگەڵ بوونی ناکۆکی لە نێوان گریکەکان خۆیاندا، ناکۆکی لە نێوان پارتی ئوروستوکراتی و پارتی ئازاد یا دیموکراتی کە پێێ دەوترا (پارتی پاڵتۆ کورتەکان).

ئەو دوورگە گریکیانە هەرچەندە ئازاد نەبوون، بەڵام نموونەی ئازادی گریکستان بوون، ڕۆڵێکی باشیان لە بواری فەرهەنگی گریکی دەبینی، خوێندگایەکی کۆنی مێژوونووسانی لێ بوو وەکو بابادوبولوس و سوماکیس و موستوکسزیس کە مێژووی بزوتنەوە یاخیبووەکانی سەدەی هەژدەهەمی گریکستان و مێژووی کەلتووری نەتەویان نووسیەوە. چەند کتێبێك لەسەر دەستی نووسەران وەرگێڕدرانەوە و چەندین گوتاربێژ و نووسەری بەناوبانگ وەدەرکەوتن. لە ساڵی ١٨٠٧ ئەکادیمیای ئەیونی دادەمەزرێت، بەم شێوەیە دوورگە ئەیونیەکان بوونە سەنتەری هزر و فەرهەنگی گریکی، هەروەك پێشتر نموونەی سیاسی بوون و ڕۆڵی باشیشیان لە ئابوریدا هەبوو، چونکە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان دوورگەکان و مورە دا بەردەوام بوو. هەروەها پەناگەیەکی باشیش بووە بۆ حەوانەوەی ئەو گریکانەی لە ئەنجامی بەشداریان لە بزوتنەوە یاخیەکان لێیان دەقەومێ و لەدەست تورکەکان ڕادەکەن و پەنای بۆ دەبەن. کەواتە ڕۆڵی ئەو دوورگە ئەیونیانە بۆ گریکستان وەکو بەخێوکەرێك وابووە، لە ڕووی سیاسیشەوە بۆ ڕۆمانیا ڕۆڵی بەنسلڤانیای دەبینی

که بنکەی بانگخوازی و پەناگەی شۆڕشگێڕان بوو، واتە بۆ گریکستان ڕۆڵی هوشیارکردنەوە یا نەتەوایەتیان لە ناوەوە دەبینی. هەر چەندە ئەم بزوتنەوە لە سەرەتادا لە هەموو شوێنێك ناسراو نەبوو، بەڵام دواتر لە هەموو کونجێکی وڵاتی گریکستان بڵاوبۆوە.

ئەم بزوتنەوەیە لە شێوەی کۆمەڵەیەکی نهێنی هاتە ناسین کە دوای پەیماننامەی ڤیەننا دادەمەزرێت بەناوی (کۆمەڵەی هیتەری)، هەروەکو لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و باقی ئەوروپا بینیمان کە بزوتنەوەی ئازادی لە شێوەی کۆمەڵەی نهێنی دەردەکەوێت، بۆیە لە گریکستانیش بە هەمان قۆناغدا دەڕوات و هەمان شێوە وەردەگرێت. کەسەکانی ئەم کۆمەڵە سیاسیە، پێشتر بە نهێنی لە نێو ئەو کۆمەڵە ئەدەبیانەدا بوون کە لە سەردەمی حوکمی فرەنسیدا دامەزرابوون، لێیان دەردەچوون و پەیوەندییان بەو کۆمەڵە سیاسیانەوە دەکرد.

خۆی بنەچەی هیتەری هێشتا نەدیارە، دەکرێت پێشتر کۆمەڵەیەك بووبن بەناوی (کۆمەڵەی دۆستان) وا پێدەچێت لە دەرەوە بووبن یا لە ئودیسیا یاخود لە پاریس، دواتر گواستبێتیانەوە بۆ قوستەنتینیە، هەر چۆنێك بێت کۆمەڵەی هیتەری لە لایەن سێ کەسەوە دامەزراوە:

بازرگانێك بە ناوی سکوفاس خەڵکی ئەرتا بووە، لەگەڵ دوو گەنجی دیکە خەڵکی باتموس بوون، ئەوانیش ئیزاکالۆف و کزنتۆس بوون، هەمووشیان ماسۆنی بوون. ئێستا ئەو پەیوەندیەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێشتر ئاماژەمان پێ دابوو لە نێوان ماسۆنیەکان کە هەڵگری هزری ئازادیخواز بوون، مەبەست و ئامانجی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە و ئەو گەنجانە ئەوەبووە گریکیەکی نوێ دامەزرێنن لەسەر بنەمای دژایەتی بۆ تورك. هەرچەندە لە سەرەتادا بەشداربووانی ئەم کۆمەڵەیە کەم بوون، دامەزرێنەرانی هەموو ئامادەباشیەکیان وەرگرتبوو وەکو کۆمەڵەیەکی نهێنی هەموو کەسێکیان لە ڕیزەکانی خۆیاندا وەر نەدەگرت تا پاش لێکۆڵینەوە و وەدەستهێنانی نهێنیەکانی سەر ئەو کەسە. کۆبونەوەکانیان لە شێوەی کۆمەڵەی خەڵوزوانان نهێنی بوون، پێکهاتەی کۆمەڵە بریتی بوو لە ئەندامی کۆنسۆل و دادگا و ڕوناکبیر، هەموویان لە شێوەی حکومەت بەیەکەوە بەسترابوونەوە، ئەو حکومەتەش لەو سێ کەسە پێکهاتبوو کە تساکۆلۆف و کزانتۆس و

سکۆفاس بوون. دواتر ورده ورده کەسانی دیکەیان چووە ڕیز تا بوون بە ٢٥ کەس کە ئەم بزوتنەوەیان بەڕێوەدەبرد.

لە ساڵی ١٨١٨ تسۆکاف (ستافی ستونی هیتەریی ) گواستەوە قوستەنتینیە، بەڵام دواتر خۆی کۆچی دوایی دەکات، ئەم ستافە گەنجێکی زۆر لە نێو خوێندکارەکان لە پایتەخت و دەوروبەری دەدۆزنەوە. هەرچەندە هەنگاوی هەندێکیان لە جێی خۆیدا نەبوو، بۆ نموونە گالاتیس بە دوای گریکیەکاندا دەڕوات بۆ ڕوسیا تا پەیوەندیان پێوە بکات و لەوێ پۆلیس دەستگیری دەکەن، بەڵام بەختێکی باشی هەبو کە کابودیستریاس لای قەیسەر ناسراو و دۆستایەتیی هەبوو، توانیی هەوڵی بۆ بدات و ئازادی بکات. هەروەها هیتەریەکانی قوستەنتینیە پەیوەندییان بە جۆرجەوە کرد کە کاتی خۆی سەرۆکایەتی بزوتنەوەی سربیای دەکرد و لە شکست هێنانەکەیاندا ڕووی لە قوستەنتینیە کردبوو، هانی دووبارە یاخیبوونەوەیان دا، کاتێکیش گوێڕایەڵیان دەبێت و دەگەڕێتەوە بەلگراد بۆ هاندانی ئەو خەڵکە بەڵام پادشای بەلگراد لەو هوشیارتر دەبێت و پێی دەزانێت و دەستگیری دەکات، دواتر لە سێدارەی دەدات.

بەرنامەی هیتەریەکان گەڕاندنەوەی بیزەنتیە (بازیلیا) بوو بە پایتەختەکەیەوە کە قوستەنتینیە بوو، دەبێت بەتریرك ئاگای لە هیتەری بووبێت ئەگەر لەگەڵیان بەشدار نەبووبێت.



گریکستان/قەڵاو شوورەی دوورگەی ڕۆدوس، مەزنترین بەرگری دژی سوپای سوڵتان لەم قەڵایە کراوە

ئەو ڕێکخراوە بە یەکجارەکی لە ساڵی ١٨٢٠ دادەمەزرێت لە ڕێگەی کەسێکی گریکی بەناوی برۆفۆس ناسرابوو، سەربە کۆمەڵەی ڕیگاس بوو لە بیلوبونیز، بۆ پڕۆپاگەندە سپێردرابوو، بەو هۆیەوە پەیوەندی بە فەرماندە مانیا مافرو میخالیسەوە دەکات بەهۆی نامەیەکی پشتگیری بەتریرك گریگورەوە دەبێتە جێی متمانەی مانیا، بۆیە دەتوانێت کار بکاتە سەر چەندین گەنج و لە خۆیان کۆکاتەوە و چەند فەرماندەیەکی ئەو بزوتنەوەشیان لێ دروست بکات، وەکو: تیۆدۆر کۆلۆکۆترۆنیس و بوتزاریس فەرماندەی سۆلۆنیەکان، واتە شاخەوانەکان کە لە باشوری ئەبیروس دادەنیشتن بەرانبەر بە دوورگەکانی ئەیونی. پیاوەکانی هیتەریش لە دوورگەی سیکلادۆ سبۆرادۆ دوورگە ئەیونیەکان و کەناری ئاسیای بچووك و قودس دەخولانەوە، پەیوەندی بە کۆچبەرە

گریکیەکانەوە دەکەن کە لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە ئودیسیا و مەرسیلیا نیشتەجێ ببوون. هەموو بازرگانە گریکەکان ئاگاداری کار و چالاکیەکانی بزوتنەوەکە بوون و هاوکاری مادییان دەکردن.

لە پاریس تساکالۆف ئەو کۆمەڵە ئەدەبیەی پێشتر باسمان لێیەوە کرد خستە ژێر خزمەتی هیتەریەکان، لە میرنشینەکانی دانوبیش یەکێك لە ئەندامانی هیتەری بە ناوی ئەرشمیندت کە سەرۆکی دێرێك بوو لەلای گریکەکان توانیی چەند کەسایەتی یەکی کاریگەر بێنێتە ڕیزی کۆمەڵەکەیان، لە ناویاندا خانەوادەی هوسبوداری کۆنی قوستەنتینیە یبسیلانتی. منداڵانی ئەلیکسەندەر و دیمترویسیش چوونە ناو ئەو کۆمەڵەیە و هەندێك لە ڕۆحانیەکانیش وەکو ئەسکوفی ئەفلاق. بەم شێوەیە سەرجەم هەواداران چوونە پاڵیان، ئامانجی سیاسیی ئەم کۆمەڵەیە دووبارە بنیاد نانەوەی ئەگریکە لە بەرینترین سنوورەکانیدا کە سەرجەم خاکی گریک بگرێتەوە.

دوای ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەیە دادەمەزرێت، پێویستی بە فەرماندەیەك دەبێت بە پراکتیکی بەڕێوەی ببات، بۆ ئەم بیرۆکەیە سەرەتا بیریان لە هەندێك سەرکردەی هەرێمی دانوب کردەوە بە ڕەگەز خەڵکی گەڕەکی فەنار بوون، وەکو شازادە کاراجا و شازادە موروزی و ئەلیکسەندرە مافرو، دواجار گەیشتنە ئەو بڕوایە ڕوو لە ڕوسیا بکەن، بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە فەرماندەکانی پرۆپاگەندەی بیلوبونیزیە ناوی باباریگو بولو بە یاوەری کزانتوس یان ناردنە سەنپترسبورگ، ئەمان یەکەمین جار بیریان خستە سەر کابودیستریاس و داوایان لێکرد ئەرکی بەڕێوە بردنی بزوتنەوە بگرێتە ئەستو بەڵام وەزیر لەوە دڵنیا بوو کە قەیسەر ئامادە نیە پشتگیری شۆڕش بکات، بۆیە داواکەیانی ڕەتکردەوە و هانی دان بۆ بەردەوام بوون لە کار و چالاکیەکانیان، کەچی یاریدەدەری سەربازگەی قەیسەر ئەلیکسەندەر یبسیلانتی قایل بوو بەڕێوە بردنی بزوتنەوەکە بگرێتە ئەستۆ، بەم قایلبوونە بزوتنەوە بەهێز دەبێت بەتایبەتی لە نێو گریکە ڕوسەکان، بۆیە چەندین فەرماندە ڕوو لە بزوتنەوە دەکەن لە نموونەی بابا ریگو بولوو کزنتوس و مانتوس دێنە ئودیسیا و پەیوەندی بە بارەگاکەی بزوتنەوەوە دەکەن.

ئەم ئاراستە كردنەی ڕوسی بۆ بزوتنەوەی گریکی وەکو بە هاناهاتنێکی پراکتیکی وابوو، لەگەڵ ئەوەشدا سنووربەزاندن و زێدەڕۆیی بوو چونکە ڕۆڵی هەرێمی دانوب لە یاخیبوون ڕۆڵێکی شەرمنانە و بێ هەڵوێستی بوو، هەندێك لە كۆنسۆلە ڕوسەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ هیتەریەکان کاریاندەکرد لەمانە شازادە بینی. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیان بە سربەکانەوە کرد بەڵام میلوش ئوبرینوفیچ ڕەتی کردەوە کار لەگەڵ بزوتنەوەی گریکیدا بکات یا هاوکاریان بکات، هەروەها پەیوەندی بە ڕۆمانیەکانی ڕۆژئاوای ئەفلاقیشەوە دەکەن لە هەرێمی ئولتینا کە فەرماندەیەکی خۆجێیی لێ بوو بەناوی تیودور فلادیمێریسکو ڕۆڵی باشی دەگێڕا لە شیرش، لە ئودیساش لە ١ی تشرینی یەکەمی١٨٢٠ ئەنجوومەنی جەنگ کۆدەبێتەوە تیایدا فەرماندەیەکی هیتەری هەبوو بۆ مەبەستی داڕشتنی بەرنامەی جەنگ کە بڕیار بوو لە بەهاری ساڵی داهاتوو بەرپا بکرێت.

لە ڕاستیدا هیتەری لە ڕووی وردبینی و ڕوونیدا لە پرۆژەکانیان کەموکوڕییان هەبوو، سەرکردەکانیان زۆر کارا نەبوون، زانیاری باشیان لەسەر هێزی پێویست و سۆزی هاووڵاتیان نەبوو، نەیان دەزانی چۆنچۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا بکەن، زانیاریان لەسەر داهاتی بزوتنەوە نەبوو، تەنانەت یبسیلانتی خۆشی نەیدەزانی چۆن کاربکات و چی دەکات بۆیە لە دواجاردا واز دەهێنێت، خۆی وەکو ئیمپراتۆری بیزەنتی و ئیمپراتۆری قوستەنتینیە دەبینی، لە کاتێکدا ئامرازە مادیەکانی زۆر کەم بوون، بەهۆیەوە بزوتنەوە سیمایەکی دیکە وەردەگرێت، لە ڕاستیشدا بزوتنەوە هی گریکەکان بوو بە گریکەکانەوە بەڕێوەدەچوو.

یبسیلانتی کە لە حوزەیرانی ١٨٢٠ ڕابەرایەتی بزوتنەوەی دەکرد بڕیاریدا ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە تشرینی دووەم دەست پێ بکەن، بەڵام بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانرێت، جێبەجێ نەکرا و لە سەرەتای ئاداری ١٨٢١ قڵیشایەوە.

لە ٦ی ئادار یبسیلانتی خۆی و براکانی و جۆرج کانتا کوزین و سوپایەکی بچووك لە ڕوباری ئەلبیرت پەڕینەوە و گوتارێکی پڕ لە یادگاری خۆشی بۆگریکەکان دا، تیایدا وتی:

(تورك له نەوەی داریوش و کەیخوسرەوی دڵپیسن، زاڵبوون بەسەریاندا ئاسانتر دەبێت له زاڵبوون بەسەر فارسە کۆنەکاندا).

پەیمانی ئەوەشی پێدان کە دەوڵەتە مەزنەکان هاوکاریان دەکەن، خەڵکەکەش دەوڵەتە مەزنەکانیان بە ڕوسیا لێکدایەوە، ئاگاداری هەڤاڵانی کرد کە دوو تیپی ڕوسی گەیشتوون. دوای ئەم گوتارە یبسیلانتی ڕوو لە یاسی دەکات، هوسبودار میخائیل سوتزو هەرێمەکەی ڕادەست دەکات، ئەم ڕادەستکردنە بە کوشتنی چەندین تورك لە یاسی و گالاتس تەواو دەبێت.

بەڵام دوژمنداریەکە ڕووبەڕووی یبسیلانتی بۆوە، ئەم پێویستی بە پارە هەبوو بۆیە باجی خستە سەر خەڵك بەتایبەت خاوەن بانکەکان، بزوتنەوە هیچ دەنگ و سەدایەکی لە نێو خەڵکدا پەیدا نەکرد. متروبولیت بە تەوسەوە پیرۆزبایی لە شۆڕشگێڕەکان دەکات، دانیشتووانەکەی لە چاوەڕوانی هاتنی سوپای ڕوسدا بوون بەڵکو هاوکاریان بکات و ستەم و زوڵمیان لەسەر کەم کاتەوە، بەڵام بە هاتنی سوپای ڕوس بێئومێد دەبن، بۆیە دەکەونە دەربڕینی ناڕەزایی لە کردارەکانی سوپا و بزوتنەوە، تەنانەت هەندێك لە نووسەران بە نووسین و بڵاوکردنەوە ئەم ناڕەزاییەیان دەردەبڕی لەوانە شاعیری بەغەدانی (مولداڤیا) بیلدیمان کە بە شیعر شۆڕشگێڕەکانی نەفرەتباران دەکرد.

وا دەردەکەوت کە بزوتنەوە بە هەڵە هەنگاوەکان دەنێت، ئیبسیلانتی خۆی و سوپاکەی گەیشتنە ئیفلاق و بەرەو بوخارێس هەنگاویان دەنا، ڤوتچانی یان داگیر کرد، بەڵام خەڵکی بلویستی قایل نەبوون دەرگای شارەکەیان بۆ سوپای هیلینی بکەنەوە. لە ڕۆژئاوا لە ئولتینیا ڕۆمانیەکان بەرگریەکی توندیان دەکرد چونکە تیودور فلادیمێریسکۆ فەرماندەی ئولتینیا بە هەماهەنگی لەگەڵ نەجیبزادەکان لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٢١ شۆڕشی دژی تورکەکان ڕاگەیاند، ئەم دوو بزوتنەوە نەیانتوانی کار لەگەڵ یەکتریدا بکەن، بۆیە تیودور فلادیمێریسکۆ ڕێگە بە یبسیلانتی نادات بچێتە ناو بۆخاریستەوە لەم ڕووەوە وتی:

(من ئامادە نیم خوێنی ڕۆمانیەکان لە پێناو گریکستاندا بڕێژم، لە نێو بۆخاریستدا کۆچبەری گریکی هەبوون بەم وتەیە هەستیان دەبزوێت و پشتگیری لە شۆڕش دەکەن و لە دەوری جینادیوس کۆ دەبنەوە، کاتێکیش گریکەکان لە نێو بۆخارێست بەوە دەزانن کە سوپای هیتەری گەیشتۆتە قەراخ بۆخاریست، دەست دەکەن بە وتنەوەی سروودی ڕیگاس و کتێبەکانی خۆیان دەسووتێنن و بەتالیۆنی سەربازی پێکدەهێنن بە ناوی (کەتیبەی ئەسپارتی)،لە ئەسپارتیەکانی ژێر و ژوور کە ژمارەیان لە ٥٠٠ کەس پێکدەهات، بەڵام لە ئۆپەراسیۆنەکانی داهاتوودا ٣٠٠ یان لێ دەکوژرێن.

هەرچەندە کۆچبەرە گریکەکان سەرجەم دانیشتووانی بۆخارێستیان پێك نەدەهێنا، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئیبسیلانتی لە ٢٩ی ئادار چووە ناو بۆخاریستەوە، بەهۆی ئەوەی پێویستی بە پارە بوو گرێبەستێکی قەرز وەرگرتنی مۆر کرد و لێی چووە دەرەوە. لەو کاتەوە بۆ فلادیمیر یسکۆ ڕوون بۆوە کە قەیسەر دان بە یبسیلانتی نانێت چونکە لە ٢٢ی نیسان نامەیەك بۆ یبسیلانتی دەنێرێت و نارەزایی لە بزوتنەوەی هیتەری دەردەبڕێت و دەڵێت:

(چیە ئەو شتەی داسیەکان و هیلانیەکان کۆدەکاتەوە؟، داسیەکان چاوەڕوانی چی لە دەوڵەتە باشەکەی هیلانی دەکەن ؟)، دواتر هەڕەشە لە یبسیلانتی دەکات تا وڵات جێ بهێڵێت و وتی:

(گەلێکی هەژار ناتوانێت پشتگیری لەو سوپایە بکات کە هەمیشە لە دەستپێکردن دوا دەکەوێت).

تورکەکان نەیانتوانی دان بە بزوتنەوەی ڕومانیدا بنێن، تیودور فلادیمیر یسکو یان لە بۆخاریست دەرکرد، دواتر جووتیارەکان دەستگیری دەکەن و ڕادەستی یبسیلانتیی دەکەن، ئەویش لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا دەیکوژێت.

بۆ بەدبەختی یبسیلانتی، ئەوکات قەیسەر لە کۆنگرەی لیباخ بوو زۆر بە توندی سەرزەنشتی کرد و ئیدانەی کارەکەی کرد، لە ١٩ی ئاداریش ئەم نامەیەی بۆ دەنووسێت:

(کارێکی شەرمەزاریە بۆ ئیمپراتۆرێك بناغەی تورکیا مینرێژ بکات بەو کردارە شەرمنانەی ڕێکخراوێکی نهێنی)، باڵیۆزی ڕوسیاش لە قوستەنتینیە فەرمانی پێگەیشت کە لە ژێر فەرمانەکانی سوڵتاندا بێت بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش.

وا دەردەکەوت کە بزوتنەوە کەوتە دۆخێکی نەخوازیارەوە، لەم دۆخانەدا سەرکەوتن ئەستەمە. سوپای هیلانی لە ٧و ١٩ی حوزەیران لە سەر ڕوباری ئالوزا تێکدەشکێندرێت، یبسیلانتیش بەرەو نەمسا ڕادەکات، بەڵام لەوێ دەستگیری دەکەن و دەیخەنە زیندانەوە، بە گرتنی دەستبەرداری پاشماوەی هیتەریەکان دەبێت کە لە بەغەدان (مولدافیا) بە فەرماندەی کانتا کوزین مابوونەوە. ئەمانیش لە ١٩ی حوزەیران لە سەر کەنارەکانی ئەلبرت لە سکولینی تێکدەشکێندرێن، دوایین پاشماوەی بەرەنگاری لەو بزوتنەوەیە لە دیرۆنسفو لە دواییەکانی تشرینی یەکەم لەناودەبردرێن.

دوا ئەنجامی پرۆژەکەی یبسیلانتی ئەوە بوو کە پرسی گریکی لە پێش چاوی حکومەتەکان گڵاو کرد و هاوکاریەکانی دەرەکیی قەیسەریشی لەدەست دان. لە ڕوویەکی دیکەیشەوە بووە مایەی ڕێگە خۆشکردن بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی ڕۆمانی و بەهێزبوونی خۆی. هەرچەندە بزوتنەوەکە لە سەردەستی یبسیلانتی سەرناکەوێت بەڵام دواتر لەسەر دەستی گریکەکان خۆیاندا سەردەکەوێت.

ئەوەتا ئەو هاوکاریانەی کە هەرێمی دانوب بە گریکی دان لەناو چوون، هەروەها ئومێدەکانیش لەناو چوون کە ئەو خەڵکە لەسەر پادشای یانیای شۆڕشگێڕ دروستیانکردبوو کە دژی سوڵتان ڕاپەڕیبوو.

تبلین لە ساڵی ١٨٠٣ وە هەستێکی دوژمنکاریی لەگەڵ گریکەکاندا هەبوو ئەو کاتەی سولین سەردەبڕن. ئینگلیزەکان لە بەرژەوەندی ئەواندا لە ١٨١٩دەستبەرداری شاری بارگا دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك دژی سوڵتانی عوسمانی دەجەنگن پەنا بۆ گریکەکان دەبەن و لە ڕێگەی بەتریك باتراسەوە پەیوەندی بە هیتەریەکانەوە دەکەن. لە ئەنجامدا لە ١تا ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٢٠ پەیماننامەیەك مۆردەکەن لە نێوان بوتزاریسی فەرماندەی سولینیەکان و ئەواندا، بەڵام فەرماندەی تورك غالب عەلی پاشا لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٨٢١ بەسەریاندا زاڵدەبێت و

لەناویان دەبات. پاش ئەوەی یانینا دەگیرێت لە کاتی ڕاکردندا دەکەوێتە کەمینی تورکەکان و لە ٥ی شوباتی ١٨٢٢ دەکوژرێت.

کە هەواڵی شۆڕش دەگاتە قوستەنتینیە هاووڵاتیان کاردانەوەی توندیان دەبێت، بۆیە دەزگا حکومیەکان دەکەونە ئامادەباشی، لەم ئامادەباشیانە دەستگیرکردنی ئەندامانی هەندێك لە گەورە خانەوادەکان و ڕاکردنی هەندێك و زیندانیکردنی هەندێك. لەم کاتەدا بەتریرك گریگور لەگەڵ بەتریرکی قودس و چواردە لە گەورە ئەسکوفەکانی دیکە کۆدەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەسکوف کیە بەشداریی لە شۆڕشدا نەکردبوو، بەڵام لە ڕۆژی جەژنی فسح لە ١٦تا٢٩ی نیسانی ١٨٢١ لەگەڵ ١٢ ئەسکوفی دیکە دەستگیردەکرێت و دواتر لە سێدارە دەدرێت و بە دەرگای کەلیساوە هەڵدەواسرێت. بۆ ڕێگە گرتنیش لەو بزوتنەوەیە سەری چەند ئەسکوفێکی دیکەیان پەڕاند، لەوانە میخائیل، ئانوس، تیۆدور، مۆروزی. لە شارەکانی سالۆنیك و ئەدرنە و ئەزمیریشا هەشتا ڕۆحانی لە سێدارە دران، ئەم کارە توندوتیژیانە بوونە هۆی دووبارە نەبوونەوەی یاخیبوون و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە قوستەنتینیە. ئا بەم شێوەیە بزوتنەوەی گریکستانیان سەرکوت کرد کە تا ماوەیەکی زۆر سەرهەڵنەداتەوە، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی گریکەکان ئیتر بیر لە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی بیزەنتی نەکەنەوە کە پایتەختەکەی قوستەنتینیە بێت.

کەواتە گریکەکان دەبێت بە تەنیا و پشتبەستن بە خۆیانەوە کار بۆ دۆزی خۆیان بکەن. هیتەری کاری توندوتیژیان بەربڵاو کرد بە شێوەیەك شۆڕش هەموو جێگایەك بگرێتەوە، لە گریکستان ئەکلیروس و چەندین مەتران و خوری لە کار و چالاکیەکانیاندا بەشدار بوون. لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی ئەسکوفەکان پێکهات، هەریەك لە باتراس و نونیمبازی و خریستیانۆبۆلۆس، ئەرشمیندت نیکایۆس ببووە ئەندامی پەیوەندیەکان لە نێوان هیتەری و ئەسکوفەکان. هەر ئەوەندە نا، بەڵکو خەڵکی گوندەکان و جوتیار و پیشەسازکارەکانیش بەشدارییان تێداکردبوو، هاووڵاتیانانی گریکی لە دوورگە ئەیونیەکان هەموویان تێدا بەشدار بوون .

ئەو کاتەی هەواڵەکان دەگەن کە یبسیلانتی لە ڕوباری ئەلبرت پەڕیوەتەوە ئەو لیژنەیەی کە ئەسکوف باتراس بەڕێوەی دەبرد داوا لەو خەڵکە دەکەن هاوکاری شۆڕش بکەن، ئیدی ئەمان لە

ڕۆژی مژدەکە کە دەکەوێتە ٢٥ی ئادار بە سەربانی کەلیسا دەکەون و بانگەوازی هیلانیەکان دەکەن:

[دەبا خۆمان ئامادە بکەین بۆ خەباتێك لە پێناو سەربەخۆیی، هەموو ئاوات و ئامانجە کانمان لەم چەند وشانەدا کۆبوونەتەوە (باوەڕ، ئازادی، نیشتمان)].

دوای سێ ڕۆژ واتە لە ٢٨ی ئادار ئاگاداری وڵاتان دەکەنەوە کە شکۆی تورکەکانیان خستە خوار، دەسەڵاتەکە لە دەست ستوونی یاخیبووەکاندا مایەوە لە شاری کالاماتای بچووك. لە لاکۆنیا ئەنجوومەنێکی پیرانیان دامەزراند، لە ترسی یاخیبوونی گریکەکان کە لە چیاکانەوە دەستپێکرد تورکەکان خۆیان لە شارەکان گیرساندەوە، بەڵام گریکەکان گەمارۆیان دان.

باتراس کە دەکەوێتە دەروازەی کەنداوی کورانت، لێیان گرتن و نزیکەی ١٥٠٠٠ کەسیان لێ کوشتن، کولوکوترونیس پادشا لە ٢١ی ئایاری ١٨٢١ مورەی لە فالتیزی بەزاند کە ئەمە بە یەکەم و گەورەترین سەرکەوتنی گریکەکان دێتە ئەژمار، دوای ئەوە گریکەکان بنکەی مۆرایان گەمارۆدا. بۆ ئەوەی کار و چالاکیەکان یەکخەن، ئەنجوومەنی پیرانیان لە بیلۆبونیز لە ٥ی حوزەیران دامەزراند، ئەم ئەنجوومەنە لە هەشت کەس پێکدەهات بە سەرۆکایەتی دیمترۆبوسی برای یبسیلانتی برای فەرماندەی یاخیبووانی بەغەدان.

گریکەکان ئەو چوار ئەسکوفەیان لە بیر نەکردن کە تورکەکان گولەبارانیان کردبوون، بەڵام ئەوان کاتێك دەستیان بەکاری کوشتن کرد هەشت هەزار کەسیان لە تۆڵەی ئەوان لە موسوڵمانەکان کوشتن.

گریکەکان ئەسینایان گرتەوە جگە لە ئەکرۆپۆل کە بەدەست تورکەکانەوە مایەوە، بۆ ئەم بزوتنەوەیە کۆنسولی ڕوسیا و ئینگلیز پشتگیری بزاوەکەیان دەکرد، دوای ئەوە و شاری نۆپۆلی بۆ ماوەیەك بەدەست تورکەکانەوە دەمێنێتەوە، کە شارێکی بەندەری بوو.

## یاخیبوون لە باکوری ڕۆژهەلات دەستپێدەکات:

فەرماندەی یاخیبووەکان ئەنتیم غازیس ئەنجوومەنێکی نەتەوەیی دامەزراند و نیمچەدوورگەی خالسیدیکی داگیرکرد، دواتر دەستی بەسەر شاری سالۆنا و لوکرید و ئەنفیسبادا گرت، بەڵام تورکەکان بەرگەی هێرشەکانیان نەگرت و کشانەوە دواوە. ئەم بزوتنەوەیە بە فەرماندەی ڕاوێژکارێکی باڵیۆزخانەی پاریس بوو بە ناوی تیۆدۆر نیگری. دواتر ئەنجوومەنێکی سەرۆکایەتی شۆڕشیان لە ڕۆمەلی پێکهێنا.

لە ڕۆژئاوا لە دوورگەکانی ئەیونیەوە شۆڕش هەڵگیرسا بە سەرپەرشتی کۆچبەرانێك کە لە ئیتاڵیاوە هاتبوون، بە تایبەتی ئەلکسەندەر و مافرو. شۆڕشگێڕەکان ئارتا و میسۆلۆنگیان دەست بەسەردا گرت کە مەزنترین شاری گریکستانە، دەکەوێتە سەر کەنداوی کورنت لەوێش ئەنجوومەنێك دامەزرا بۆئەوەی سەرپەرشتی بزوتنەوە بکەن و ئاراستەی بزوتنەوەش بەرەو هەرێمی کارنانیا وئیتۆلیا بەرن.

دواتر لە دوورگەکانیش لە دوورگەی هیدرای بچووك هەریەك لە کوردۆ ڕیۆتیس و بولگاریس بانگی یاخیبوونیان بە ناوی یاخیبوونی پیرۆز لە ٢٨ی نیسان دەرکرد، هەر لەو کاتەوە کەشتیوانەکان دەگۆڕدرێن و دەبنە ڕێگری چەتەی دەریاوانی، هێرش دەبەنە سەر کەشتیە تورکەکان بە ئاگر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. لە هەموو لایەکەوە هێرش کرایە سەر کەشتیەکەی سەرۆکی گەمیەی تورکەکان قەرە عەلی، دواتر هەریەك لە ساموس و سیرا و سبتزیا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، تەنها کیو لە ژێر دەستی تورکەکاندا مایەوە، دواجار دوورگەی کریتیش دەچێتە ڕیزی بزوتنەوە و شۆڕش ڕادەگەیەنێت. چەند مانگێکی نەبرد کە دەریاکە دەکەوێتە دەست گریکستان، ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوام دەبن، دواتر کورنت لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٨٢٢ بەهۆی بڵاوبوونەوەی برسێتی و قاتوقڕیەوە دەکەوێتە دەستیان.

ئەم سەربەخۆییە چەند مانگێکی بەسەردا چوو کە ناکۆکیە ناوخۆییەکان سەرهەڵدەدەن و هەوڵەکان بەفیڕۆ دەچن، هیچ بەرنامەیەکی تۆکمەی ئەم بزوتنەوەیە بەدی نەدەکرا، لەم میانەدا دوو دیاردە سەرهەڵدەدەن:

یەکیان/ فەرماندەی چەتەکان کە ئاراستەی شەڕەکانیان دەکرد بە سەربەخۆیی دەجووڵانەوە .

دووەمیان/ سیاسیەکان کەسانی هزروان بوون زۆربەیان فەناری بوون، ئامانجیان لە چوارچێوەی خۆجێیەوە مەزنتر بوو داوای سەربەخۆییان دەکرد.

بۆیە دەبووایە سنوورێك بۆ بەفیڕۆدانی هەوڵەکان دابنرێت، ئەوکات گریکستان هیچ پایتەختێکی سیاسیی نەبوو تریبۆلیتزا وێرانکرابوو، ئەرگوس نوبلی بەسەریدا زاڵ بوو کە سەربە تورکەکان بوو. کورنت لە کشوەرەکە دابڕاوە، بۆیە گوندێکی کەوناریان دەستنیشانکرد کە خاوەن مێژوویەکی دێرین بوو بەناوی گوندی بەندا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی لێ ئەنجامدەن، کە نوێنەری گریکستانی تیابوو لە ژێر سەرۆکایەتی مافرو کورداتودا بوو، لە ١تا١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٢٢ ئەنجوومەن سەربەخۆیی گریکستانی ڕاگەیاند و نوێنەرانی گریکستانیش واژۆیان لەسەر کرد.

ئەم ئەنجوومەنە حکومەتێکیان پێکهێنا لەسەر بنەمای بیردۆزە دیموکراسیەکان بە تێکەڵاوی لەگەڵ هەندێك لە تێگەیشتنی ئینگلیزی، ئەم حکومەتە بە سەرۆکایەتی مفرو کورداتو بوو، چونکە ئەو شارەزایی لە سیاسەت و مەرجی حوکمڕانیدا هەبوو. ئەم حکومەتەش لە ئەنجوومەنی گەل پێکدەهات کە حەفتا ئەندامی هەبوو، هەموو دەسەڵاتەکانیشیان خستنە دەستی، دەسەڵاتەکانی چاودێری و یاسادانان، بەڵام دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنیان دایە دەست لیژنەی ڕاسپاردن کە لە پێنج ئەندام پێکدەهات، هەشت وەزیریان پێوە دەبەسترایەوە بۆ ڕاپەراندنی کاروباری وڵات، سەرۆکی لیژنەی ڕاسپاردن مافرو کورداتو بوو. دیارە ئاساییە ئەم کارە یبسیلانتی بێزار بکات چونکە لە ئەنجامی شکستی براکەی و پەراوێزخستنی خۆی بووە، هەروەها فەرماندەی

سەربازی کۆلوکوترونیس بە هەمان شێوە لەم کارە بێزار دەبێت، بۆیە چەند گروپێکی میلیشیا و چەتەی بۆخۆی دامەزراند بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی نیزامی.

دواتر فەرماندەکانی دیکە دەچنە ڕیزی ئەو گروپەوە. نیگری کە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی باکوری ڕۆژهەڵاتی دەکرد و وەزیری کاروباری دەرەوەیان بوو، هەروەها کولیتیس کە فەرماندەی شەڕیان پێ سپاردبوو، بەهۆی ئەوەی کارەکان دەکەونە سەر سکەی خۆی ئەنجوومەنی پیرانی مۆرە و ئەنجوومەنی ڕۆمەلی و ئەنجوومەنی ڕۆژئاوا هەڵدەوەشێندرێنەوە.

ئەنجوومەنی ئەبیدو هەندێك بڕیاری دەرکرد:

١/ بەیاننامەیەکیان ئاراستەی ئەمریکا کرد تیایدا وێڕای ڕێز و ستایشی دەوڵەتە مەزنەکەی ئەمریکا دەڵێت چاومان لە هاوکاریەکانی ئێوەیە.

٢/ بڕیاریاندا کۆرنت بکەن بە پایتەختی وڵات.

٣/ ئاڵای هیتەری کە ڕەنگی ڕەش و نەخشێندراو بوو گۆڕیان بە ئاڵای نەتەوی کە بریتی بوو لە خاچێکی سپی لەسەر پاشخانێکی شینی ئاسمانی کە تا ئێستاش هەمان ئاڵای گریکستانە.

ئەم حکومەتە هەندێك کاری ئەنجامدا لەوانە:

١/ لە ٢٧ی نیسان لە بەیاننامەیەکدا ئاگاداری دەوڵەتانی کردەوە کە شۆڕشە کەیان شۆڕشێکی شەرعیی گەلی گریکستانە.

٢/ گەمارۆی خستە سەر دوورگەکانی گریکستان، ئەم گەمارۆیە تا دەریای ئیجە و سبودار و کریت و سەرجەم بەندەرەکانی گریکستانی گرتەوە لە ئەبریسەوە تا سالۆنیکا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بزوتنەوە داوای سەرجەم ئەو شوێنانە دەکات و خۆی بە خاوەنی دەزانێت کە گریکەکان لێی نیشتەجێن. ئەم لێدوانانە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. دواجار گریکەکان لە ٢١ی حوزەیران ئەکرۆپۆل و ئەسینا دەگرن، نۆبەلیش لە ئادار دەڕووخێت، بە ڕووخانی نۆبەلی باتراس و ئارتا کە دەکەونە ڕووەکەی دیکەی کەنداو دەکەونە دەست بزوتنەوە.

کاردانەوەی تورکەکان بەرانبەر بەم یاخیبوونە توند دەبێت، لە زستاندا تورکەکان هێرش دەکەنە سەر کەنارەکانی مۆرە بەڵام شکست دەهێنن. حکومەتی تورکی لە ڕاگەیاندنەکەی ئەبیدار تووڕە دەبێت، بەهۆیەوە لە ٢٥ی شوباتی ١٨٢٢ سوڵتان کۆبوونەوەیەك دەکات، لەو کۆبوونەوەیەدا زانا و فەرماندەی ئینکشاریەکان بەشدار دەبن، تیایدا باسی لەناوبردنی گریکستان دەکات لە ڕێگەی ڕەشەکوژیەوە. ئەوەبوو لە کیو ئەو ڕەشەکوژیە ئەنجامدرا، کاتێك هەندێك ڕووداو لە نێوان تورك و هاووڵاتیاندا ڕوودەدات، کۆنسولی فرەنسا و نەمسا دەکەونە ناوبژیوان و دۆخەکە ئارام دەکەنەوە. بەڵام گەمیەی تورکی لە ١١تا ٢٢ی نیسان ١٨٢٢ دەگاتە کیو، تا ئەوکات تورکەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە هاووڵاتیانیان دەکوشت، کەلیسای شارەکەیان ئاگر تێبەردەدا. ئەم ڕەشەکوژیە چەند مانگێك بەردەوام دەبێت، ژمارەی قوربانیەکان بە ٢٥٠٠ مەزندە دەکراو ٤٥٠٠٠ کەسیشیان وەکو کۆیلە فرۆشت، ئەوانەی دیکە بە گەیشتنی دەریاوانانی گریکەکان ڕزگاریان دەبێت، بە گەیشتنی کەشتیەکانی گریکی هاووڵاتیان بە فەرماندەیی کانارپس هێرش دەبەنە سەر گەمیەی تورکی و قەرە عەلی کە لەوێ ماونەوە، بە قونبەلە و چەك ئاگریان تێبەردەدەن، دواتر گریکەکان هەموو کەشتیەکانی تورکەکانیان ڕاونان، لە دوورگەکانی دیکە بە تایبەت لە دوورگەی میتیلین کەشتیەکی زۆریان لەناوبردن، گریکەکان نیازیان وابوو بە یەکجارەکی تورکەکان لەناوبەرن.

بەڵام لە وشکانی تورکەکان سەرکەوتن بەدەستدێنن، خورشید پاشا لە حوزەیران دوو لەشکر پێکدەهێنێت: یەکێکیان لە تیسالیا ئەویتریان لە ئەبیروس.

لەشکری تورك هێرش دەباتە سەر شارەکان لە ١٨ تەموز دەگاتە ئەرگوس، لەو کاتەی تورکەکان ئەرگوس گەمارۆ دەدەن لەشکرێکی گریکی لەو لەشکرەی لە تیسالیا پێکهاتبوو بە سەرپەرشتی کۆلۆکۆ ترونیس لە دواوە هێرش دەکاتە سەر لەشکری تورك ناچاریان دەکات بکشێنەوە کورنت، لە مانگی ئاب تورکەکان لە کورنت بوون.

لەشکری دووەم ئەبیروس ڕابەری بوو، ئەو لەشکرە هێرشی کردبووە سەر تیبیلن، ڕەشید پادشای فەرماندەی تێکدەشکێت و بەرەو باشور ڕادەکات. بەم شێوەیە هەردوو لەشکرەکەی تورك لە

کورنت یەکدەگرنەوە.  دواتر مافرو کوردانو پەرچە هێرش دەکاتە سەر تورکەکان، لێرەولەوێ هێرش و بەرەنگاریەکان لە نێوان تورك و گریکەکاندا بەردەوام دەبن بە درێژایی ساڵی ١٨٢٣. گریکەکان هەوڵی گرتنی ئەوبیان دەدا کە تورکەکان پێی دەڵێن (نیگروبون). لە باکوری ڕۆژئاوا تورکەکان دەستیان بەسەر سۆلی دا گرت، تەنها میسۆلۆنگی بەهۆی ئەو بەرگریە بێ وێنەیە نە کەوتبووە ژێر دەستیان، کە ئەویش دواجار لە شەڕێکدا لە نزیك شار لە ٢٦ی ئابی ١٨٢٣ دەکوژرێت.

دواجار شەڕ لە کریت بەردەوام دەبێت بە فەرماندەیی تومبازی کە خەلکی هیدرای گریکستان بوو، ئەم فەرماندەیە شەڕێکی توندی دژی پیاوەکانی محەمەد عەلی والیی میسر دەکرد.

گریکەکان لە گەشەپێدانی شۆڕش و سەرکەوتنی بێئومێد دەبن چونکە تەنها لە دوو شوێن بەرگری هەبوو، ئەوانیش: میسۆلۆنگی و ئەسینا بوون. لە ساڵی ١٨٢٣ گریکەکان دواجار خۆیان بەوە ڕزگار دەکەن کە سەربەخۆیی خۆیان لەو شوێنانە ڕادەگەیەنن کە بە دەستیانەوە ماون، ئەوانیش مۆرە و دوورگەکان بوون.

دەوڵەتانی دەرەوە بەرانبەر بەم بزوتنەوەیە بێ هەڵوێست و بێدەنگ بوون، ئەمە یەکەم جارە ڕووبەڕووی پرسێکی نەتەوی دەبنەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتان لە ڕوانگەی سیاسیەوە گریکستانیان دەبینی نەك لە ڕوانگەی نەتەوی.

ئەوەی لای دەوڵەتە ئەوروپیەکان جێی بایەخە کێشەی ڕوسیا و تورکیایە کە لەسەر هەرێمەکانی دانوب هەیانە نەك لەسەر کێشەی گریکستان. ئەو کاتەی یبسیلانتی یاخی دەبێت هەواڵەکە دەگاتە کۆنگرەی لیباخ، مەترنیخ ڕاستەوخۆ هەڵوێستی خۆیان ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:

(ئەو گریکانە یاخین) واتە شۆڕشگێڕ نین، هەر ئەو کاتە قەیسەری ڕوسیا ئەلەکسەندەر پشتگیری لە بۆچوونەکەی دەکات و لەگەڵیدا هاوڕا دەبێت، ئەمەش چونکە ئەلەکسەندەر دژی کردارەکەی یبسیلانتی بووە، کاتێکیش ئەلەکسەندەر لە کۆنگرەی لیباخ دەگەڕێتەوە سنبتروسبورگ دەبینێ بزوتنەوەیەك لە ڕوسیا سەریهەڵداوە پشتگیری لە گریکەکان دەکات، لە

دەوروبەری خۆی کەسانی گریکی دەبینێت یا کەسانی بەڕەگەز فەناری بە ژمارەیەکی زۆریشەوە، لە نێویاندا ئەلیکسەندەر ستوردزا و کابو دیستریاس کە ڕاوێژکاری قەیسەر بوو خاوەن لایەنگرانێکی زۆر بوو، هەروەها گەورە ڕۆحانیی بەهۆی ڕوداوێك لە بەرژەوەندی گریکەکان کاری دەکرد ئەویش کوشتنی گریکورا بوو، کە دەنگ و سەدایەکی زۆری لە ڕوسیادا دابۆوە. لە قوستەنتینیە باڵیۆزی ڕوسیا سترۆگۆنۆف لە ٢٥ی نیسان هەوڵیدا کار بکاتە سەر هاوەڵانی بۆ ئەوەی بانگێشتی ئەو گەمیانە بکەن کە لە گەڵ قوستەنتینیە هاوپەیمانن. بەڵام باڵیۆزەکان ڕێگەیان پێی نەدا بە تایبەت باڵیۆزی ئینگلیز (سترانگفۆرد)، ئیدی دەسەڵاتدارانی ڕوسیا ناچار دەبن ڕێگە بە گریکەکان بدەن هاوکاری بگەیەننە هاو نەژادەکانیان.

بەم هەڵوێستەی ڕوسیا خۆی لەبەردەم دووڕیانێکی ناکۆکدا بینیەوە لە ڕووی سیاسیەوە، لەلایەك دەیەوێت هەموو گومانەکان لەسەر هاوکاریکردنی شۆڕشگێڕەکان بڕەوێنێتەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە نایەوێت لایەنگرانی لە نێو ئەرسەدۆکسیە گریکەکاندا لەدەست بدات. وا دەردەکەوێت دواجار قەیسەر ڕادەستی ئەوانە دەبێت کە لەدەوریدان، لەم ڕووەوە لافرونیە باڵیۆزی فەرەنسا لە تەموزی ساڵی ١٨٢١ نامەیەك بۆ حکومەتەکەی دەنووسێت، دەڵێت:

(قەیسەر بۆ ئەم دۆخە هەوڵی زۆری داوە، قەیسەر پیاوێکی ڕۆحانیە زیاتر لەوەی ئیمپراتۆر و سەرکردە بێت، وا بۆی دەچم کە داوای لێ کرابێت ببێتە فەرماندەی شەڕە نوێکەی سەلیبیەکان. ئەوکات خواستەکان زیاتر ئاینی بوون، ڕاگەیاندنی شەڕ دژی ئیمپراتۆریەتی تورکی مەبەستی تورکەکان بوو نەك موسوڵمانان، سوێندی خواردوە ئەوانەی کریستیەکان دەچەوسێننەوە تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە، دەبێت ئەوانەی ئاینی عیسا دەچەوسێننەوە لە ئاسیا دووریان خەینەوە). قەیسەر مەبەستی هەرێمی دانوب بووە، ئەوەی لە دوای بزاوتنی کێشەی گریکستانە هەرێمی دانوبە کە ڕوسیا چاوی لێیەتی.

لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٨٢١ سترۆگۆنۆڤ باڵیۆزی ڕوسیا لەڕێگەی نامەیەکەوە گەف لە تورکیا دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت:

١/ دەبێت ئەو کەلیسانەی تێکدراون تورکیا چاکیان بکاتەوە.

٢/ ڕێگە بە ئازادی ئاینپەرستی بدرێت.

٣/ دەبێت تاوانبار لە بێ گوناە جیابکرێتەوە.

٤/ سوپای تورکیا لە هەردوو هەرێمەکانی دانوب بکشێتەوە.

٥/ دوو هوسبوداری نوێ دابمەزرێنێت بۆ بەڕێوە بردنی دوو هەرێمەکە.

کاتێکیش تورکەکان ئەو داواکاریانە ڕەتدەکەنەوە، ستڕۆگانۆڤی باڵیۆزی ڕوسیا لە ١٠ی ئاب قوستەنتینیە جێدەهێڵێت. حکومەتی ڕوسیا لە دەوڵەتانی پرسی لەم دۆخەدا کە تورکیا قایل نابێت داواکاریەکانمان جێبەجێ بکات، ئەگەر دۆخەکە بە شەڕ گەیشت ئێوە هەڵوێستتان چییە دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی؟

دەوڵەتان مەبەستیان بوو ئاڵۆزیەکە بەبێ شەڕ کۆتایی بێت، چونکە ئەگەر ئەم شەڕە ڕووبدات ئەوا کێشەکە زۆر ئاڵۆز دەبێت، بەتایبەت چونکە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لاواز بوو دەکرا بە ئاسانی بڕووخێت، ئینگلیز و نەمسا لەسەر ئەم هەوڵانە ڕێککەوتن:

١/ کاسلریگ و مەترنیخ بە وردی کەوتنە کارکردن بە پشتیوانی فرەنسا.

٢/ سترانگفوردی باڵیۆزی ئینگلیز لە قوستەنتینیە هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکانی دا و مەبەستی بوو کێشەکە لە نێوان ڕوسیا و تورکیا بە ئاشتی و دانوستان چارەسەر بکرێت.

٣/ مەترنیخ لە کۆنگرەکانی ڤیەننا و ڤیرونە فشاری خستە سەر ئەلیکسەندەر، لەم میانەدا چاوپێکەوتنێك لە نێوان ئیمپراتۆر فرانسا جوزیف و قەیسەر لە چیرنوفیتری ئەنجامدرا. بە هەوڵی ئەم کەسانە کێشەکە لەسەر ئەم بنەمایانە چارە سەرکرا:

١/ حکومەتی تورکی دەبێت ڕێگە بدات لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کارانە بکرێت کە سەربازە تورکەکان ئەنجامیان داوە و سەربازی سووچدار دەبێت بە سزای خۆی بگات.

٢/ سوپای تورك دەبێت وردە وردە بكشێتەوە لە هەردوو دووڕگەی دانوب بە شێوەیەك بوونی سوپای تورك لەو دوو میرنشینەی دانوبدا نەمێنێت.

٣/ دوو هۆسبوداری نوێ بۆ بەغەدان (مولدافیا) و ئەفلاق دیاری بكات.

بەڵام ئەمجارەیان گەڕەكی فەناریان لە گریكستان نەسەندەوە، لە ئوروستوكراتە بویاردیە خۆجێیەكان سەندەوە.

بەم شێوەیە بۆ یەكەم جار پرسی گریكستان بۆ چارەسەری كێشەیەكی نەتەوی بۆ ڕۆمانەكان دەبێتە چارەسەر بێ ئەوەی خۆیان داوای بكەن. ئیتر دانوستانەكان بەردەوام دەبن بۆ چارەسەری كێشەكان و چۆنیەتی پەڕینەوەی كەشتیە ڕوسیەكان لە تەنگاوەكاندا، بەڵام دواجار ڕوسەكان باڵیۆز بۆ قوستەنتینیە نانێرن، تەنها كەسێك بۆ ڕاپەراندنی كاروبارە بازرگانیەكان دەنێرن بە نیازی ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە ڕێخۆشكەر بۆ بەستنی پەیوەندیی دبلۆماسیی باشتر.

لەم هەموو چارەسەری و دانوستانانە ناوی گریك نابیستین نەك هەر ئەوەندە بەڵكو پەراوێزیشی دەخەن، بۆیە حكومەتی گریكستان لە ٢٩ی ئابی ١٨٢٢ نامەیەك ئاراستەی كۆنگرەی فیرونی دەكات، تیایدا داوا لە دەوڵەتە كۆبووەكان دەكات باس لە پرسی گریكستان بكرێت، ڕەخنەش لە وڵاتان دەگرێت كە دانوستان لەگەڵ سوڵتان دەكەن بێ ئەوەی باس لە پرسی گریكستان بكەن، پێداگری لەوە دەكات كە گریكستان لە داهاتوودا لە ژێر ئەم جۆرە فشارانەدا ڕادەست نابێت، بۆ ئەم مەبەستە شاندێك بە سەرپەرشتی ئەندرێ میتا كساس و یاوەری كۆلۆنێلی فرەنسی جوردان كە لە خزمەت سوپای گریكستاندا كاریدەكرد، دەنێرێتە كۆنگرە بۆ ئەوەی گوێبیستی دوا قسەی وڵاتان بێت، شاندەكە دەگەنە بەندەری ئەنگونە كە شارێكی ڕۆمانی سەر بە پاپایە، ئەو شارە لە ژێر پارێزبەندی كورسیی پیروزدا بوو، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتان قایل نابن لە فیرۆنە پێشوازی لەو شاندە بكەن بۆیە هەر لە ئەنكۆنە دەمێننەوە، كورسیی پیرۆز ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی ڕێككەوتنێكی سەیریان لەگەڵدا ئەنجام بدات، ڕێككەوتنەكە لە ١٠ی تەموزی ١٨٢٣ لە نێوان

کونسالفی دەستی پێکرد لە نێوان گریکستان و ڕەبەنە ڕۆحانیەکان (لە سەر شێوازی مالتی) هەردوو لا لەسەر ئەم خالانە ڕێکدەکەون:

١/ حکومەتی مالتە دان بە سەربەخۆیی گریکستان دەنێت.

٢/ حکومەتی مالتە دەستبەرداری خاکی نیگروبونتی و مۆرە دەبێت.

٣/ حکومەتی مالتە هاوکاری و قەرز بە گریکستان دەدات.

٤/ حکومەتی مالتە مەزهەبی ئەرسەدوکسی وەکو سیستەمی حوکمڕانی قەبووڵە.

٥/ گریکستان دەستبەرداری ڕۆدۆس و دوو دوورگەی بچووکی دیکە دەبێت بۆ مالتە.

ئەم ڕێککەوتنە بەهۆی دوژمنکاریی نێوان ئەرسەدۆکس و کاسولیکەوە لەناو دەچێت. بەم جۆرە سەرەڕۆییەکانی گریکستان و کارە دزیویەکانی دەسەلاتدارانی عوسمانی هیچ بەهایەکیان بۆ دەوڵەتان دانەنا، بۆیە ئەوانیش زیاتر ڕقیان لە گریکستان بۆوە.

دواجار پرسی گریکستان خرایە بەردەم دەوڵەتانی دەریای سپیی ناوەڕاست کە ئینگلیزەکان بوێرانە و بێ ترس دانیان پێدا نا.

ئەوەتا باڵیۆزی ئینگلیز لە قوستەنتینیە سیرچارلس باگوت و نێردەی ئینگلیز بۆ فیرۆنە ئاوا بە باڵیۆزی فەرەنسا دەڵێت:

(ئێمە ئەوەی پێمان کرا بۆ ڕوسیا بەدەستمان هێنا... بەڵام ئەوەی بۆ ئێمەی ئەوروپی گرنگە ئەوەیە ئەم دەوڵەتە زەبەلاحە جێ بە وڵاتانی ئەوروپی تەنگ نەکات لە دەریای ناوەڕاست، ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە دڵنیاتان بکەینەوە کە ناتوانێت جێپێی خۆی بکاتەوە).

ئینگلیزەکان هەوڵیان بۆ ئەوە بوو ڕوسەکان نەگەنە تەنگاوەکانی دەریای ناوەڕاست، ئەم بۆچوونە لە مافرو کورداتو بە ڕوونی بیسترا کە هەڵوێستە فەرمیەکەی ئینگلیز دەبێت، بۆ ئەم ڕێگری و ئامادەباشیە ئینگلیز پێویستی بە گوژمەی دارایی هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە لە حوزەیرانی ١٨٢٣ شاندێك دەنێرێتە ئەو دەوڵەتانەی کەنار دەریای ناوەڕاست، ئەو مەترسیانەیان بۆ دەخاتە ڕوو کە

نابێت لەم ئان و ساتەدا کە خەریکە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەڕووخێت ڕوسەکان ئەم بۆشاییە پڕکەنەوە بەڵکو دەبێت بە دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتوی بەهێز پڕ کرێتەوە ئەویش دەوڵەتی گریکستانە. هەر لەم ئاگاداریە لە مەترسیەکانی ڕوس داوادەکات کە دەبێ لە دەریای ناوەڕاست ڕێگە لە بەردەم بازرگانە ئینگلیزەکان واڵا بکرێت، لەم کاتەدا کاسلریگ دەمرێت و لە شوێن ئەو کەسێکی چالاك و زیرەك دادەنێن کە کاننگ بوو، کاننگ دانی بە گریکەکاندا نا وەکو جەنگاوەر، نەك چەتەو ڕێگر چونکە گریکەکان ئەگەر وەکو جەنگاوەر دانیان پێدا بنرێت ئەوا لە ناوزەد کردنیان بە ڕێگر و چەتە دوور دەکەونەوە.

لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٨٢٤ ڕێگەیان بە گریکەکان دا کە بە گوژمەی ٨٠٠٠٠ جونەیهی ئیستەرلینی بە سوودی٥٪ لە بانکەکانی لەندەن قەرز وەرگرن، بەڵام دواتر ئەم سوودە بۆ ٥٠٪ بەرز دەبێتەوە.

ئەم هاوکاری و ئاسانکاریانەی ئینگلیز سەرچاوەیان لەو مەترسیانە وەرگرتبوو کە لە ڕوسەکان هەیانبوو، چونکە قەیسەر بڕیاری دابوو بە شێوەیەکی سەیر چارەسەری کێشەی گریکستان بکات، کە بریتی بوو لە پرۆژەی (سێ بەشەکە) کە لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٨٢٤ بڕیاری لەسەر درابوو، لە پرۆژەکەدا دەیوت: مەبەستیەتی گریکەکان لە شەڕی موسوڵمانەکان بپارێزم، بەڵام دەوڵەتی گریکی لەو چەتانە دروست ناکەم. بۆ ئەم مەبەستە گریکستانی بەسەر سێ بەشدا دابەش کرد:

١/گریکستانی ڕۆژئاوا، ئەم ناوچانە دەگرێتە خۆ: کەنارەکانی ئەدریاتیك، ئەبیروس، ئەکارنانیا.

٢/گریکستانی ڕۆژهەڵات پێکدێت لە: تساليا، بيوسيا، ئاتيكا.

٣/گریکستانی باشور پێکدێت لە : مۆرە و کریت.

ئەم بەشانە سیستەمێکی حوکمڕانی لە شێوەی سیستەمی میرنشینەکانی دانوبیان پێ دەبەخشرێت، واتە مافی ئۆتۆنۆمیان دەبێت (خۆسەری)، حاکمێکیان دەبێت لە شێوەی حوکمی بەغەدانی (مولدافیا) و ئەفلاق، دوورگەکانیش بە سیستەمی شارەوانی بەڕێوەدەبرێن، ئەم

دەوڵەتانە ئەو مافانەیان پێ دەدرێت کە تورکیا دەستبەرداریان دەبێت، لە قوستەنتینیەش گریکستان لە ڕێگەی بەتریرکەوە نوێنەری دەبێت.

ئەم ڕەفتارانە گریکستان دەوروژێنێت، بۆیە لە ١٢تا ٢٤ی ئابی ١٨٢٤ یاداشتێکی ناڕەزایی ئاراستەی کاننگ دەکەن. دەبووایە سەرۆکی ئەو میرنشینانەی ڕوسیا پێشنیاری کردبوون فەناری بوونایە و لە ژێر پارێزبەندی قەیسەردا بوونایە. ئەم پڕۆژەیە لە لایەن دەوڵەتانەوە هاتە گوتوبێژکردن لەو کۆبوونەوەی لە حوزەیرانی ١٨٢٤ و سەرەتاکانی ١٨٢٥ لە سانبتروسبورگ بەسترا، دیارە دەوڵەتەکان پێیان خۆش نەبووە ئەم قەوارەیە لەسەر دەستی ڕوسیا بێتە دامەزراندن، بۆیە کاری دانوستانکارەکان ئەوەبووە ئەم کارە هەڵواسن و تەگەرەی بۆ دروستکەن بۆ ئەوەی جێبەجێ نەکرێت.

دیارە ئەم پڕۆژەیە لە بەرژەوەندی گریکستاندا دەبێت، چونکە بۆ گریکەکان باش بوو گۆڕانکاری لە دۆخەکەیاندا بکرێت، دواتر مەترنیخ بەو قەوارە نوێیەی گریکستان قایل بوو، دیارە لەم حاڵەتەشدا گریکستان لە چاوەڕوانی هیچ هاوکاریەکی دەوڵەتانی ئەوروپیدا نابن، تەنها لە چوارچێوەی دبلۆماسیدا نەبێت.

**قەیرانی گریکستان و دەستێوەردانی ئەوروپی:**

ئەو دۆخەی تا ئەوکات بۆ گریکستان گونجاو بوو ئێستا لە ساڵی ١٨٢٤ سەرتاپای دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانکاریەش لە سەر حسابی گریکستان دەبێت لە ڕووی دبلۆماسی و سەربازیەوە. لە ١٨٢٤ لە دەولەتانی دراوسێش بزوتنەوەیەکی ڕای گشتی دروستدەبێت کە لە بەرژەوەندی گریکستاندا بووە، ئەم بزوتنەوەیە بەم هۆکارانە دۆخەکانی گۆڕی:

هۆکاری یەکەم/

ڕووخانی گریکەکان، بەهۆی مەرجەکانی کێشەی گریکستان گریکەکان لە ناوخۆوە سەرکەوتوو بوون، تەوژمێکی پاڵەوانیی بە پیاوەکان دابوو، دواتر بەهۆی ئەوەی تورکەکان سوپایەکی ڕێکوپێکیان نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گریکە بێ دەسەڵاتەکان نەیان توانیوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان پێکبهێنن. ئەم ڕاستیە ئەمیراڵ دوریینی فەرماندەی بنکەی فرەنسی لە ڕۆژهەڵات دانی پیادا نا، کاتێك ووتی: ئەوەی ناوی دەبەن بە حکومەتی گریکستان شتێکی جادوکەریە.

فەرماندەی تاکەکەسی بە ژمارەیەکی زۆر هەبوون، دەتوانین بڵێین خەسڵەتی گریکەکان خەسڵەتی دەوڵەت و شاری سەربەخۆیە، ئەنجوومەنی گشتیی گریکستان کۆبوونەوە کە ژمارەیان سێ ئەوەندەی ئەنجوومەنی ئەبیدور دەبوو، لەو ئەنجوومەنە نوێیەی کە لە بەهاری ١٨٢٣ کۆبۆوە سێ پارتی ڕکابەر بوونیان هەبوو:

١/ پارتی عەسکەریەکان ئەمانە لە دەوری کۆلۆ کوترونیس کۆ ببوونەوە.

٢/ پارتی ئەرخونتس واتە سەرکردە سڤیلیەکان، فەرماندە (مانیا پترۆ) لەگەڵ ئەماندا بوو.

٣/ پارتی دبلۆماتکارەکان، ئەمانە فەناری بوون.

دواجار لە نێو هەرسێکیاندا یەکێکیان کرد بە سەرکدە ناوی( بترو بەغ ) واتە بترو مافرو سەرۆکی مانیا، بەڵام کاتێك کۆلۆ کوترونیس ویستی بچێتە ناو حکومەت ئەم حکومەتە سێ قۆڵیەی کرد بە حکومەتێکی پێنج قۆڵی و مافرو کورداتوشیان کرد بە سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان، کە بارەگاکەی بووە ئەرگوس، بەڵام کۆلۆ کوترونیس هێرشی کردە سەر ئەم ئەنجوومەنە و بڵاوەی پێکردن، لەم کارەیدا عەسکەرەکانی لەگەڵدابوو، بۆیە حکومەتێکی نوێی بەسەرۆکایەتی تریبو لیتزا پێکهێنا، دواتر لە هیدرا هاووڵاتیان حکومەتێکی جیایان بۆ خۆ پێکهێنا.

ئەوکات شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتە گریکیەکاندا ڕوودەدات، کۆلۆ کوترونیس لە کورنس دواتر لە ناوبلیا دەردەکرێت، لە حوزەیرانی ١٨٢٤ ئاگربەستێك ڕادەگەیەندرێت، کوندو ریوتس خەڵکی هیدرا بوو لە جێگەی ئەو دەکرێتە سەرۆکی حکومەتە کە، بەم هۆیەوە پەیوەندی لە نێوان

دانیشتووانی دوورگەکان و کشوەردا دەبەسترێتەوە، کەسێك بە ناوی کولیلتیس دەکرێتە فەرماندەی سوپا، بۆیە کولو کوترونیس دووبارە دەستدەکاتەوە بە شەڕ دژی حکومەت بەڵام ئەم هەوڵەیان بێ سوود دەبێت، بەم هۆیەوە کوڕەکەی دەکوژرێت و خۆی زیندانی دەکرێت.

دوای ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی دیکەیش ڕوو دەدات، کە فەرماندەیەکی کشوەری بە ناوی ئودیسوس فەرماندەی ڕومەلیەکان، لەگەڵ تورکەکان دەکەوێتە دانوستان و ویستی حوکمی دوورگەی ئوبیە و نیگروبون بە تورکەکان بدات، بەڵام گریکەکان لە کاردانەوەی ئەو هەوڵەیدا هێرشی دەکەنە سەر و بەم بڕیارەی قایل نابن، ئیدی لە نیسانی ١٨٢٥ دەستگیری دەکەن و لە ئەسینا دەیکوژن.

گریکەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ناتوانن حوکمڕانی بگێڕن تا یەکێکی بێگانە حوکمیان نەکات، دیارە پێشتریش گریکەکان لە ١٨٢٣ پەیوەندیان بە فرەنسیەکانەوە کردووە و ئەوانیش کۆلۆنیل فابیە یان بۆ ناردووە تا حوکمیان بکات لە کانوونی یەکەمی ١٨٢٣ . دیسان ئینگلیزێك بەناوی لورد بایرون حوکمڕانیان دەکات کە ئینگلیزەکان بە سامانێکی بچووکەوە هێنایانە ناو سولینیەکان تا حوکمی ئەوان بکات، چونکە ئەوان سەرۆکیان نەبوو بەو نیازە هێنایان تا پردێکی مەزن لە سەر کەنارەکانی ئەبیروس و کەنداوی کورنت دروست بکات، بەڵام بێئومێد دەبن لەم کارەیاندا، چونکە گریکەکان لە نێو خۆیاندا پڕ کێشە و ڕێکنەخراو بوون. ئەم بە نەخۆشی جێیان دەهێڵێت و لە میسو لونگی کۆچی دوایی دەکات. دوای ئەوە پێشنیار بۆ کەسێکی گریکی دەکرێت بە ناوی تیۆدور نیگری، پاشان پێشنیار دەکرێت یەکێك لە شازادەکان بکرێتە حاکمی گریکەکان کە تەمەنی شانزە ساڵ دەبێت بە ناوی (شازادە نومور)، تا مانگی ئایار دانوستان لەسەر ئەم ناوە دەکرێت، تا نیسانی ١٨٢٥ قسەو باس لەسەر ناوی ئەم شازادەیە بوو کە خاوەنی کەسایەتی و ناسیاو بوو وەکو کولیلتیس مافرو میخائیل، گریکەکان مەرجیان ئەوە بوو کە فرەنسا پەیمان بدات بە پشتیوانیکردنی ئەم شازادەیە و پارە و سوپایەکی زۆریشی لەگەڵدا بنێرێت، بەڵام حکومەتە گەڕاوەکەی فرەنسا ئەمەی نەدەویست و بەمە قایل نەبوو، نەك هەر ئەمە دواتر چاو پۆشیشی لەو پێشنیارە کرد کە ئەم شازادەیە بکاتە حاکمی گریکستان.،دواتر دۆخێکی دیکە دەخولقێت لە

نێو کۆمەڵگای گریکیدا، ئەویش دامەزراندنی پارتێکی لایەنگری فەرەنسا و پارتێکیش لایەنگری ئینگلیز و یەکێکیش لایەنگری ڕوسیا.

جگە لەم ناکۆکیانەی نێوان پارتەکان ناکۆکیەکی دیکەیش سەرهەڵدەدات ئەویش ناکۆکیی نێوان کاسۆلیکی لاتین و ئەرسەددۆکسەکان بوو، دورگەکانی کاسۆلیکی وەکو:

سیرا، ناکسوس، تینوس، سانتوران بەشدارییان لە بزوتنەوە نەکرد، لەم ڕووەوە بۆفۆمیل دەنووسێت:

(مەزنترین دوژمنەکانمان ئەو موژدەهێنەرە لاتینیانەن کە ڕاوی لادەرەکان دەکەن).

لە نێو ئەرسەدۆکسەکاندا کاسۆلیکەکان نامۆ و پەراوێز بوون، خۆی لە مامەڵەکانیشیان دەترسان لەگەڵ ئەواندا لەوەی ئاینەکەیان لەدەست بدەن، لەم ڕووەوە داوای زۆریان لێ دەکرا، بۆیە خۆیان خستبووە ژێر پارێزبەندی فەرەنسیەکان، ئەوەبو دۆرینی فەرماندەی گەمیەی فەرەنسی ناچار دەبێت خۆی و هێزەکەی لە سیرا جێگیر ببێت بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت لە نێوان هەردوو مەزهەبەکەدا، لە ١٨٢٧ ناچار دەست وەردەداتە ناو حکومەت بۆ پاراستنی کاسۆلیکەکان، فۆریل کە لەگەڵ ڕێی هاوڕا بوو دەڵێت: گریکەکان لە هەوڵی ئەوەدان کاسۆلیکەکان ڕیشەکێش بکەن.

ئەم ئاژاوەگێڕیە هەمووی لە بەرژەوەندی تورکەکاندا بوو، هەرچەندە تورکەکان لە ڕووی لەشکریەوە ڕێکنەخرابوون بەڵام ئەوان خاڵێکی بەهێزیان هەبوو، ئەویش ئەو سوپا بەهێزە بوو کە محەمەد عەلی پاشای میسر لە سەر لە دەستی فەرەنسیەکان ڕێکی خستبوو، سوڵتان بڕیار دەدات ئەم سوپایەی میسر دژی گریکستان بەکار بهێنێت، لە ساڵی ١٨٢٢ دوورگەی کریت بە محەمەد عەلی پادشا دەدات، ئەویش زاواکەی خۆی بۆ دەنێرێت بەڵام لەوێ کۆچی دوایی دەکات، لەشوێنی ئەو تورکێك دادەنێن بەناوی حسین بەگ، لەو دوورگەیە دژی تومبازی جەنگا، بەم هۆیەوە سوپای میسر بێ کێشە دێتە ناو دوورگەی کریت و یاخیبووەکان لە ناو دەبات و بەشێك لە دانیشتووانی

کریت دەگوازێتەوە میسر، ئەم ڕووداوە کە گریکەکان پێی دەڵێن (کارەساتی کاندیا) کاندیا ناوی کریتە بە تورکی.

محەمەد عەلی پادشا لەلایەن تورکەکانەوە ناونرا (سیراسکیە) واتە فەرماندەی گشتیی موریە. لە ٩ی شوباتی ١٨٢٤ پادشا سوپایەکی ٨٠٠٠٠ کەسی پێکدەهێنێت و داوا لە فرەنسا دەکات کەشتیی پێبدا بۆ گواستنەوەیان.

دوای ئەم ڕوداوە خەسرەو پادشا دەریای ئیجە دەبڕێت و لە بسارا دادەبەزێت، بسارا دوورگەیەکی بچووکە لە پانتایی ئەتیکا، لە ترسی دەستگیرکردن خەڵکەکە خۆیان دا لەئاو بۆ ئەوەی نەکەونە دەست پادشا و ڕزگاریان بێت، تەنانەت بەشێکی زۆریش لە دانیشتووانەکەی لە ترسی تورکەکان ڕایانکرد، ئەمەش پێی وترا کارەساتی بسارا کە دوای کارەساتی کاندیا دێت. شەڕ لەو دوورگانە لە نێوان سوپای تورك و سوپای میسری لەلایەك و سوپای گریکی لە لایەکی دیکەوە ڕوودەدات، سەرکەوتنەکان هەمەجۆر بوون بۆ نموونە: گریکەکان لە تێکشکاندنی بەشێکی زۆر لە گەمیەی خەسرەو پادشا سەرکەوتنیان وەدەستهێنا، بەڵام لە دوورگەی موریە نەیانتوانی ڕێگە لە هاوکاریەکانی میسر بگرن کە بۆ سوپاکەی دەنارده ئەو دوورگانە.

ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا لە موریەوە لە ٢١ی ئاداری ١٨٢٥ خۆی و ١٢٠٠٠ سەرباز لە دوورگەی سفاکتیریا دادەبەزێت، فەرماندەی گریکی میائولیس نەیتوانی ڕێگری لێ بکات، لە ١٨ی ئایاریش نافارینوی داگیرکرد، لەم هێرشانەدا گریکەکان زیانی زۆریان بەردەکەوێت، یەکێك لەو زیانانە کوشتنی سانتا روزا بوو فەرماندەی شۆڕشی بیمونتی لە ١٨٢١ کە خۆی خستبووە خزمەت گریکەکان. تورکەکانیش پلاتفورمێك دروستدەکەن لە نافارینوو بەندەری مودون و کورون، لەوێ شەڕێکی سەخت ڕوودەدات، ئیبراهیم پاشا دەست لە کەس ناپارێزێت، هاووڵاتیانی سڤیل بێ ئەژمار دەکوژێت و ژمارەیەکیشیان بۆ میسر دەگوازێتەوە، دواتر شارەکان یەك لە دوای یەك داگیردەکات، لەوانە بلیبۆنیز و کالاماتا و ئەرگوس و دواجار ناوبلیا کە بارەگای حکومەتی گریکیی لێ بوو.

له سنووری کشوەریدا تەنها دوو شوێن بەدەست گریکەکان دەمێننەوە ئەوانیش مسیولونگی و ئەسینا بوون، بەڵام ئەم دوو شارەشیان لەیەك دابڕین بە داگیرکردنی بیوسیا و سالونا، دواتر سوپایەکی بەهێزی تورك بە فەرماندەی ڕەشید پاشا لە ٢٥ نیسان مسیولونگی داگیردەکەن، دوای گەمارۆدانی شارەکان و هێرش و بەرەنگاریە دژوارەکان لە هەردوو لاوە، لە ٢٢ی نیسان تورکەکان دەتوانن هێزەکانی گریکەکان بشکێنن و دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن. بە گەیشتنی سوپای تورك بۆ ناو شار کوشتارگەیەکی بێ وێنەیان ئەنجامدا لە ڕیزی دانیشتووانەکە لەم تاوانە دڕندانەدا سەری ٣٠٠٠ کەسیان بڕی و سەرەکانیان ناردە قوستەنتینیە و ژمارەی ٣٠٠٠ کەسی تریشیان بە دیلی دەستگیرکردن بە شێوەیەکی گشتی هەزارو هەشت سەد کەسێك لە مسیولونگی ڕزگاریان بوو، ئەوکات ئیتر هەردوو فەرماندەکەی تورك و میسری لەیەك جیا دەبنەوە و ئیبراهیم پادشا دەگەڕێتەوە موریە و درێژە بە داگیرکاریەکانی خۆی دەدات، ڕەشید پاشاش گەڕایەوە ئەسینا، لەوێ کۆلۆنێل فابیە لە ناوی دەبات، هەندێك ئەفسەری دەریاوانیی ئینگلیز بە هاوکاری چەند سەربازێکی پیادە هەڵمەتێکیان دژی ڕەشید پاشا بەرپاکرد، لەو ڕووداوە لە ئەسینا کارەسات دەقەومێت تا لە ٥ی حوزەیرانی ١٨٢٦ ئەسینا ڕادەست دەبێت.

ئەوکات دەوڵەتی گریکەکان بریتی بووە لە ناپۆلیا و هەندێك خاڵ لەسەر چیاکان، لە کشوەر و موریە هیچیان نامێنێت، ئەو دوورگانەی مابوونەوە لە ژێر هەڕەشەی داگیرکردندا بوون. هیدرا پایتەختی دوورگەکان بوو چونکە ئەمیش لە ژێر هەڕەشە دابوو دانیشتووانەکەی چۆڵی دەکەن بەرەو گریکستان و لەوێشەوە بۆ ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکیە ناوخۆییەکانی گریکستان هێور نەببونەوە، ئەوانەی لە میسلونگی مابوونەوە لە کێشە و ململانێدا بوون لەگەل ئەوانەی لە ناپۆلیا بوون. تورکەکان زۆر لە خۆبایی ببوون سەرکەوتنەکانیان یەك لە دوای یەك بوون، بەم هۆیەوە وەزیری دەرەوەی تورکەکان ڕەیس ئەفەندی لە ٢٠ی شوباتی ١٨٢٧ بە باڵیۆزی ڕوسیا دەڵێت: ساڵی داهاتوو ئەوەی ماوە دەستی بەسەردا دەگرین و دەبێتە ساڵی سەرکەوتن.

بەڵام بەر لەوەی پیلانەکەی تورك سەربگرێت گریکەکان بە هاوکاری ئەوروپیەکان لەم پیلانەیان رزگاریان دەبێت، هەرچەندە ئەم هاوکاریە لە ئەنجامی دوو سال لە گفتوگۆ و دیالۆگ لە کاری دبلۆماسی ئەم بەرهەمە دێتە ئەنجام و ئەوروپا ئەو بڕیارە بدات و بە هانای گریکستانەوە بچێت.

لەو ساڵانەی کە گریکەکان شەڕی تورکەکانیان دەکرد دژی داگیرکاری، بزوتنەوەیەکی ئازادی لە ئەوروپا سەرهەڵدەدات ئەویش بزوتنەوەی خۆشەویستانی هلینی بوو لە ئەوروپا. ئەم بزوتنەوەیە جیاواز بوو لەگەڵ بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی ئیتالیا و ئیسپانیا لە ساڵەکانی ١٨٢٠و ١٨٢١دیارە فاکتەرەکانی هەست بزوێنی خەڵکیش جیاواز بووە، هەموومان دەزانین کە پرسی نەتەوایەتی چەندە پرسێکی ئاڵۆزە و چۆن بە قۆناغەکانی هزری و هەستیدا تێدەپەڕێت، دواتر گریکەکان خۆیان بە نەوەی میلتیاد و تیمستوکل دەزانی ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ مێژو، بینیمان کە ناپۆلیۆن لە ١٧٩٦و ١٧٩٧چۆن یاریی بە هەستی نەتەوایەتیی گریکەکان دەکرد و پیایدا هەڵدەدان، هەر لەم ڕووەوە هونەرمەندان و سیاسەتمەداران تواناکانیان بۆ زیندووکردنەوەی مێژووی گریکستان دەخەنە گەڕ، شاعیر و سیاسەتمەدار هەموویان لە خۆشەویستی هلینی درێغی ناکەن و لە هەوڵی زیندووکردنەوەی مێژوودا دەبن.  ئەمە لە ناوەوەی گریکستان، لە دەرەوەش دۆست و هەوادارانی بۆ پرسی گریکستان چالاکی و تواناکانیان خستبووە گەڕ، بۆ نموونە لە فەرەنسا یەکەم ڕۆژنامە کە هەڵمەتی پشتیوانیی بۆ گریکەکان ڕاگەیاند ڕۆژنامەی (دەستوری) بوو هەروەها (پۆستی فەرەنسی) و دواتریش ڕۆژنامە ئازادەکان هەمان هەنگاویان نا، لە مینبەری پەرلەمانەکان یەکەم کەس کە گوتار لە بەرژەوەندی گریکەکان دەدات بنیامین کۆنستانت بوو لە ١٤ی ئایاری ١٨٢١ دواتر ژەنەرال فورا، ئەمان هزری ئاینیان تێکەڵ بە هزری شۆڕشگێڕی دەکرد، ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەوانەی لە هەڵمەتی بزوتنەوەی خۆشەویستانی هلینی بەشدار بوون لە هەموو توێژ و پێکهاتەکان بوون، ئەرسەدۆکسیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و لە ڕوسیا، کاسۆلیکەکان لە فەرنسا و پرۆتستانتەکان لە ئینگلتەرا و لە ژنیف، بەم شێوەیە کێشەی گریکستان وەکو کێشەی کریستیەکانی لێهات کە شەڕی سەلیبیەکان بوو دژی موسوڵمانان.

له ١٨٢٣ دەستكرا بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەوانەی زوو بەشداریان لە هەڵمەتەکانی گریکستاندا کردبوو، بەسەرهاتەکانیان دەکردن بە ڕۆمان و بەرهەمی ئەدەبی، گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەکو ئەکتەری زیندوو بوون، گێڕانەوەی پاڵەوانێتیەکانی دەریاوانان و بەرگریەکانی قارەمانان تاموچێژی تایبەتی خۆی هەبوو، لە ١٨٢٤ (مێژووی نوێبوونەوەی گریکستان) بە چاپ گەیەندراو بڵاوکرایەوە، وێڕای گێڕانەوە و هۆنینەوەی شیعر و بەسەرهاتەکان هەندێك لەو شیعرانە کرانە گۆرانیی، ئەمانە کاریگەری خۆیان هەبوو بۆ پەیداکردنی پشتگیریەکان و بەرزکردنەوەی مۆراڵی نەتەوایەتی بۆ کێشەی گریکستان لە ئەوروپا.

ئەم بزوتنەوەیە لە ڕاستیدا بزوتنەوەیەکی بیروبۆچوون نەبوو، بەڵکو لە ڕووی مەیدانیشەوە خەلکانی خۆبەخشی ئامادە دەکرد و بۆ بەرگری کردن لە خاکی هلینی دەنێردرانە بەرەکانی جەنگ. لەم ڕووەوە یەکەم دەستەی خۆبەخشی جەنگاوەر لە ئەوروپاوە بەرەو مەرسیلیا بەڕێکەوتن لە ١٨ی تەموزی ساڵی ١٨٢١ بوو کە پێکهاتبوون لە هەشتا خۆبەخش چوونە ڕیزی سوپا بۆ بەرگری کردن و جەنگین دژی داگیرکەران، ئەم خۆبەخشانە هەندێکیان ئەفسەر و ئەوانی دیکە لەسەر ڕێنماکانی جەنگ ڕاهێنرابوون. ئەم چالاکیانە لە لیژنەیەك یەکخرابوون هەموویان بەیەکەوە بەسترابوونەوە بەناوی خۆشەویستانی هلینی، بارەگاکەی لە پاریس بوو، کاری یەکخستنی چالاکیەکان لە کۆکردنەوەی پیتاك و هاوکاری مادی و یەکخستنی خۆبەخشەکان بوو، دواتر کاری ئەم لیژنەیە بوو بە گەڕاندنەوەی کۆچبەرانی گریکی، ئەوەی مەبەستی بووایە بگەڕێتەوە زێدی خۆی هاوکاری و کارئاسانیان بۆ دەکرد لە گەیاندن و کۆکردنەوەی جلوبەرگ و پەیدا کردنی پێداویستیەکانی دیکەی ژیان و دابەشکردنی بە سەریاندا. کۆی ئەو هاوکاریانەی لە ئەوروپاوە گەیەندرانە گریکستان بە ٦ ملیۆن فرەنك مەزندە دەکرا، جگە لەوەی ملیۆن و نیوێك فرنك بە کاش پێیان درا.

کاریگەری بزوتنەوەی خۆشەویستانی هلینی بەسەر حکومەتە کانیانەوە زۆر بوو، وەکو فشارێك بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بوو بۆ دەرباز بوونی گریکستان لەو کێشەیەی تێیکەوتبوو، هاوکاریکردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە، بەم گیانی هاوکاریە دەتوانن گریکستان لەو کێشانە ڕزگار

کەن. ئەم بزوتنەوەیە تەنها لە ئەوروپا بڵاو نەبۆوە، بەڵکو لە ئەمریکاش لە شاری بۆستن کار و چالاکیەکانیان بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریەکان دەست پێکردبوون، داوایان لە حکومەتی ئەمریکا دەکرد نوێنەرایەتی شۆڕشگێرەکانی گریکی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێتەوە وەکو دان پێدانانیکی فەرمی بەو وڵاتەدا، لە نامەکەی مۆنروی سەرۆکی ئەمریکا  لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٢٣ ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرهەمی ئەو فشارانەی ڕێکخراوە مەدەنیەکان چەندە بووە کاتێك ڕادەگەیەنێت کە کێشەی گریکستان کێشەیەکی دادپەروەرانەیە، هەرچەندە ئەمریکا دەستی لە کاروباری ئەوروپا وەرنەداوە، بەهەمان شێوە ئەوروپاش دەستی لە کاروباری ئەمریکا وەرنەداوە، بەڵام تیپێکی دەریاوانی بە فەرمانددەی کۆمۆدۆر (رودگز) دەنێردرێتە دەریای ئەرخەبیل بە بەردەوامی لەو ناوە دەخولێتەوە بە درێژایی هاوینی ١٨٢٥ . ئەروپیەکانیش لە بەرژەوەندی گریکەکان دەجووڵانەوە، بە تایبەت دەریاوانەکان کە پێشتر بەهۆی ناحەزییان لە چەتە گریکەکان و دژایەتیان بۆیان دژیان بوون، بەڵام بە هۆی کاریگەری ڕێکخراوەکانی مەدەنی و فشاری حکومەتەکانیان، ئەوکات پشتیوانییان لە بەرژەوەندیەکانی گریکەکان دەکرد، هەڵوێستیان بەرانبەر بە گریکەکان دەگۆڕێت، بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی تورکەکان لە گریکەکانی دەکەن ئەوانیش بە چاوی خۆیان دەیبینن، لە ڕێگەی هاوکاریەکانیانەوە توانیان لە ڕێگەی کەشتیە فرەنسیەکانەوە حەوت هەزار گریکی لە دەست تورکەکان ڕزگار بکەن و نەیەلن بکەونە دەستیان، فرەنسیەکان شوێنی حەوانەوەو پێداویستیەکانیان بۆ دابین کردن، دواتر ئەوەی کەشتیوان و دەریاوانە ئەوروپیەکانی تووڕە کرد ئەو ڕاگواستنەوەی تورکەکان بوو کە دژی گریکەکانیان بەکار دەهێنا و بۆ میسریان بە زۆرە ملی دەگواستنەوە، بەهۆیە ئەورپیەکان زیاتر تووڕە دەبن و هەستیان بەرانبەر بە گریکەکان دەجووڵێت. هەر لەم ڕووەوە ئینگلیز زۆر لەو پرۆژەیەی محەمەد عەلی بێزار دەبێت کە لە کانوونی دووەمی ١٢٦ بۆ ڕاگواستنی دانیشتووانی بیلوبونزی دایڕشتبوو بۆ ئەوەی هەموویان بۆ میسر بگوازێتەوە، ئەو کات یەکێك لە فرەنسیەکان لە ڕیزی سوپای میسر کار دەکات بەناوی کۆلۆنێل سیف کاتێك ئەو زوڵم و ستەمە دەبینێت ئەم نەژادی خۆی لە بیرناچێت، بۆیە ئەو زوڵمەی پێ قەبووڵ ناکرێت، ناچار لێیان وەردەگەڕێتەوە و گواستنەوەی

بەشێك لە دانیشتووانی ئاکالیسی لە ئەستۆی خۆی دەگرێت و کارەکەی بە کەشتیوانە فرەنسیەکان سپارد. ئەو پەیوەندیە باشەی لە نێوان میسرو فرەنسادا هەبوو توانرا لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی گریکدا بخرێنە گەڕ، بەم شێوەیە فشاری ئەو خەڵکە لە ئەنجامی دڵ پێوە بوونیان بە گریکەکان کاری کردە سەر حکومەتەکان تا هاوکاری گریکەکان بکەن، لە مانگی تەموزی ١٨٢٦ ئەمیرال دوربنی فەرماندەی سوپای فرەنسی لە ئاوەکانی ڕۆژهەڵات لە کێشەی گریکستان ڕەشبین دەبێت، پێی وابووە کاتەکە بەسەر چوون بۆیە دەڵێت:

(دەبێ کاتی ئەوە نەهاتبێت کە سیاسەت ئامۆژگاری مرۆڤەکان بکات؟) هەر لەم ڕووەوە کاتێك ئەو ستەم و زوڵمەی تورکەکان دەبینێت دەڵێت:

(تورکەکان دەتوانن کۆمەڵکوژی بکەن، بەڵام ناتوانن دۆخەکە ئارام کەنەوە) کەواتە پێویستە دەست وەردەنە ناو دۆخەکان.

ئەمە هۆکاری یەکەمی دەستێوەردانی ئەوروپیەکان بوو لە کێشەی گریکستان. هۆکاری دووەم:

ئەو بانگەوازەی گریکستان بوو کە ئەوکاتەی ئەوەندەی نەمابوو گریکستان بە یەکجارەکی لەناو ببرێت، داوای لە ئەوروپیەکان کرد فریای کەون وهاوکاریی بکەن بۆ ڕزگارکردنیان، ئەم داواکاریە لە لایەن ژمارەیەك لە گەورە ڕۆحانی و مامۆستای زانکۆ و ڕۆشنبیر و فەرماندەی سەربازی لە ٢٦ی تەموزی ١٨٢٥ درایە ئینگلتەرا و داوایان لێ کرد دەست بخەنە نێو ئەم کێشەیە و هاوکاری گریکستان بکەن، چونکە ئینگلیز تاکە دەوڵەت دەبێت دڵی لای کێشەی گریکستانە بۆیە ئاراستەی ئەوان دەکرێت، داوای لێدەکەن بیانپارێزن، بانگەوازەکە بەم شێوەیە دەبێت:

(نەتەوەی گریکی بە قایلبوونی خۆی داوا لە ئینگلیز دەکات بیخاتە ژێر پارێزبەندی تاجی پادشایەتی خۆی، بۆ ئەوەی ئازادی و سەروەری پیرۆزی خۆمان بپارێزین).

بەڵام ئەم داواکاریە لە لایەن ڕوسیا و نەمسا نارەزایی لێ دەکەوێتەوە، قەیسەر هەڕەشەی داگیرکردنی مولدافیای کرد ئەگەر ئینگلیز بە پیر داخوازیەکەی گریکستانەوە بچێت، لە لایەکی دیکەیشەوە بەشێك لە گریکەکان دژی ئەو داواکاریە بوون، لەوانە مافرو کوردانو، کولیتس،

دیمترویس یبسیلانتی، لە بەرانبەر ئەم نارەزایەتیانە کاننگ بڕیار دەدات ئەم داواکاریە ڕەتکاتەوە و ئینگلیز بە بێلایەن لەم کێشەیەدا بوەستێت و لە ئاستی دانان بە شەرکەرە گریکەکان بمێنێتەوە.

کاتێک ئینگلیز داواکەیان ڕەتدەکاتەوە ئەوسا داوای لێ دەکەن میانگێڕیی لە نێوان ئەوان و تورکەکاندا بکات. ئەم داواکاریە ئەوکاتە دەدرێتە دەست باڵیۆزی ئینگلیز سترافورد کاننگ لە قوستەنتینیە، کاتێك لە مانگی نیسانی ساڵی ١٨٢٦ لەڕێگەی چوونی بۆ بارەگاکەی لە قوستەنتینیە بە نێو ئاوەکانی گریکستاندا تێدەپەڕێت. بۆ ئەم داوایە ئەنجوومەنی نەتەوایەتیی ئەبیدور پشتگیرییان لێکردن، گریکەکانیش بەو مەرجە قایل بوون کە باج بدەنە سوڵتان لە بەرانبەردا لە سەر خاکی ئەوان نەمێنن، نە بارەگا نە ئیدارە نە سوپای تورك لەو شوێنانە نەمێنن کە خاکی گریکەکانە، ئەم داوایەیان لە ئینگلیز کرد کە ناوبژیوانییان بۆ بکەن ئەمەش ببێتە دانوستانێك هەموو گریکستان بگرێتەوە. وا دیارە گریکەکان دەستبەرداری هەندێك لە داخوازیەکانیان بوون کاتێك بە دانی باج بە سوڵتان قایل دەبن، بەڵام لەوەیان کە تورکەکان لە سەر خاکی ئەوان نەمێنن ئەمە یەکێك بووە لە نەگۆڕە نەتەویەکان، بۆیە پێداگریان لێ کردووە.

سوڵتان بە ناوبژیوانی هیچ دەوڵەتێك قایل نابێت، بۆیە کاتێك باڵیۆزی ئینگلیز ئەم بابەتە باس دەکات داواکەی ڕەتدەکرێتەوە، بەتایبەت بەوەی ئینگلیز ببێتە ناوبژیوان، ڕێگە نادات کەس دەست بخاتە نێو کاروباری ناوخۆیانەوە. پێی وابوو کە ئەوان بە تەنیا لە گریکەکان بەرپرسیارن بۆیە کەس بۆی نییە باس لە چارەنووسی ئەوان بکات.

گریکەکان هەستیان کرد کە ئەوەی لێیان کەمە نەبوونی ڕێکخستن و سازی ناوخۆیە، بۆیە تەکانێکیان بە خۆیان دا و ئەنجوومەنێکی یانزە کەسیان لە ئەبیدور دامەزراند بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی هەموو ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکاندایە. لەم ئەنجوومەنەدا نوێنەری سەرجەم پێکهاتە و ناوچەکانی تێدابوو، لە ڕاستیشدا ئەم ئەنجوومەنە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، بۆیە چەکدارە بەکرێگیراوەکان لە سولین و روملیین دەستیان بەسەردا گرت و لە ناویان برد و هەندێك لە ئەندامانیان خستنە زیندانەوە. دواتر لە ئایاری ساڵی ١٨٢٦ ئەنجوومەنێکی دیکە لە تریزین دادەمەزرێت، دەستورێکی کاتییان لە سەدو پەنجا ماددە دانا کە هەموو مافە

سیاسیەکانی تیادا دەستەبەر کرابوو. بە پێی ئەو دەستورە ئەنجوومەنێکی پیران دادەمەزرێت لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیرانێك، ئەم کارە فەرمی بوو لە حکومەتەوە پشتگیریی لێ دەکرا.

گریکەکان هەستیان کرد کە ئەو حکومەتەی سەرۆکەکەی لە گریك دەبێت، نە لە ناوەوە و نە لە دونیای ئەوروپیدا دانی پیادا نانرێت و پشتگیریی لێ ناکرێت، بۆیە کۆنە وەزیرێکی قەیسەر کرا بە سەرۆکی گریکستان کە دبلۆماتکارێکی ڕوسی بوو، بەڵام بە ڕەگەز گریکی دەبێت، ناوی کابو دیستریاس بوو، ئەو دبلۆماتکارە لە جنیف دەبێت تا دەگاتە بارەگای کارەکەی ئەنجوومەنی ڕاسپاردە کە لە سێ کەس پێکهاتبوون ئەو پۆستە بەڕێوەدەبەن، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو ناکۆکیش کەوتبووە نێوان عەسکەری و مەدەنیەکان بەهۆیەوە ئاژاوە و ناسەقامگیری لە وڵاتدا بڵاودەبێتەوە. ئەمە هۆکاری دووەمی دەستێوەردانی ئەوروپا بوو لە کاروباری گریکستاندا.

هۆکاری سێیەم:

هۆکاری سێیەمی دەستێوەردانی ئەوروپا لە کاروباری ناوخۆی گریکستان گەیشتنی قەیسەر نیکۆلا بوو بۆ لووتکەی دەسەڵاتی حوکمی ڕوسیا. نیکۆلای یەکەم لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٢٥لە شوێن ئەلیکساندەری یەکەمی برای دێتە سەر تەختی قەیسەری، سەرەتا تا ماوەیەك بە کاری لەناوبردنی شۆڕشگێڕەکانەوە خەریك دەبێت کە لە ڕوسیا سەریهەڵدابوو، دیدو بۆچوونەکانی نیکۆلا لەگەڵ دید و بۆچوونەکانی براکەی (ئەلیکسەندەر) لەسەر سیاسەتی ڕوسیا جیا بوون:

١/ نیکۆلا دژی تەبایی بوو لەگەڵ ئەوروپا، لە کاتێکا ئەلیکسەندەر لە پێناو ئەم ئامانجەدا قوربانی زۆری دابوو، لەوانە پرسی گریکستان.

٢/ نیکۆلا سیاسەتی میتافیزیکیی پێ ڕاست نەبوو، بۆیە دوور بوو لێی، بەڵام براکەی بڕوای پێ بوو و لەسەری دەڕۆیشت.

٣/ نیکۆلا بە سیاسەتی واقیعانە کاری دەکرد.

٤/ بیرۆکەی داگیرکردنەوەی بەڵکانی هێنایەوە گۆڕێ، لە سروشتی ئەم سیاسەتەش ئەوە بوو کە دەبێت لە بەرژەوەندی گریکستان دەستێوەردان بکات.

٥/ بۆ چارەسەری کێشەکان دەبووایە خۆی کارەکان ئەنجام بدات، بە کەسی نەدەسپارد.

لەم سیاسەتە دەوڵەتان بە ئاگا هاتنەوە، بۆیە کاریان لەسەر ئەوە کرد کە ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتەوە گەشە نەکات و ڕێگەی لێ بگیرێت، ئینگلیز بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەسەڵاتەکانی ڕوسیا بگرێت لە ڕۆژهەڵات بڕیاریدا ببێتە میانگیر، بەڵام لە هەموو دۆخەکان ئەمە ڕێگر نابێت لە بەردەم ڕوسیادا، کاتێکیش ئەمە ڕوودەدات دەبێ ئینگلیز هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا بکات تا بە هیچ ڕێگایەك ئەم کارە ئەنجام نەدرێت.

ڕوسیا مەبەستی بوو کێشەکانی لەگەڵ تورکیا یەکلایی بکاتەوە، بۆیە گرنگیی بە کێشەی گریکستان نەدەدا، کێشەی گریکستان لای ڕوسەکان ئەوەندە گرنگیی نەبوو بە ڕادەی کێشەی دانوب. نیکۆلا بە باڵیۆزی نەمسای وت ئێمە لە پێناو یاخیبووەکان ناجەنگین، بە هەمان چاو سەیری گریکستان دەکات کە ئەلیکسەندەری برای سەیری دەکردن، هەروەها بە هەمان دیدی مەترنیخ، بەڵام دەبینین لە لایەکی دیکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا شەڕی تورکەکان دەکات ئەگەر پێویست بکات. بۆ ئەم مەبەستە هۆشداریەك لە ١٧ی ئاداری ساڵی ١٨٢٦ دەداتە سوڵتان کە بە زوترین کات هەرێمی دانوب ڕادەستی ڕوسیا بکەنەوە و پەیماننامەی بوخارێستی ساڵی ١٨١٢ لە بەرژەوەندی سربیا جێبەجێ بکەن.

بۆ چۆڵکردنی هەرێمی دانوب مۆڵەتی شەش هەفتەی بە تورکەکان دا ئەگەر جێبەجێی نەکەن نوێنەری خۆیان لە سانبوتروسبورگ بکێشنەوە، ئەم هۆشداریەی ڕوسەکان بۆ چۆڵکردنی دانوب بێ ئەوەی باس لە گریکستان بکات ئەوروپیەکانی پێ سەرقاڵ و نیگەران کرد. دیارە مەترسیان لێ پەیدا دەبێت، بۆیە فەرەنسا ئامۆژگاری تورکەکان دەکات بۆ ئەوەی لە فیتنەی شەڕ دوور بکەوێتەوە و فەرمانەکە جێبەجێ بکات.

دوای دانوستانێکی زۆر لە نێوان ڕوسەکان و تورکەکاندا لە ٦تا٢٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٢٦ لە ئاکرمان گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنە:

١/ حکومەتی تورك دوو هۆسبوداری نوێ بۆ بەغەدان (مولدافیا) و ئەفلاق (فلاشیا) دابنێت بە ڕەزامەندی ڕوسیا.

٢/ ڕێگە بە ڕوسەکان بدرێت کەشتیەکانیان لە دەریای ڕەش هاتوچۆ پێ بکەن و بە بێ کێشە لە تەنگاوەکانی بپەڕنەوە.

سربەکانیش ئەو پەیمانەی پێیان درابوو لە ساڵی ١٨١٢ سەربەخۆییان وەرگرت، ئەوەتا تا ئێستاش باس لە کێشەی گریکستان ناکرێت، چونکە مەبەست هەرێمی دانوب بوو کە لای ڕوسەکان گرنگ بووە.

لە پێناو پەرە نەسەدنی ڕوسەکان بەم شێوەیە ئینگلیز دژی ئەم سیاسەتە وەستایەوە چونکە دروستبوونی شەڕ لە نێوان تورکیا و ڕوسیا بەدووری نەدەزانی کە ئەنجامەکەی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبێت، ئەوکات کارەسات ڕوودەدات. بۆ ئەم مەبەستە ئینگلیز بەوە قایل بوو کە ڕوسەکان لە پرسی دانوب ئازاد بن، بەڵام پرسی گریکستان بەو بسپێرن بۆ یەکلاییکردنەوەی لەگەڵ لایەنە کێشەدارەکاندا. لەسەر ئەم لێکتێگەیشتنە لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٨٢٦ هەردوو لا پرۆتۆکۆلێکیان واژۆ کرد کە ببێتە بنەمای چارەسەرکردنی کێشەی گریکەکان و تورکەکان، بەم جۆرە ئینگلیزەکان بە پشتگیری ڕوسەکان میانگێڕییان کرد، هەردوو لا ڕایانگەیاند کە چاویان لە خاکی هیچ وڵاتێک نییە، بەم جۆرە چارەسەری کێشەی نێوان گریك و تورکەکان کرا، کە بەهۆیەوە سنوورەکانی ڕوسیا دیاری کران و وڵاتانی ئەوروپیش لە چاوتێبڕینەکان دڵنیا بوونەوە و ڕێگە لە دەستێوەردانی ڕوسەکان لە گریکستان و دەریای سپی ناوەڕاست گیرا، ئەمەش دوای ئەو پرۆتۆکۆلەی نێوان ڕوسیا وئینگلیز هات.

ئینگلیز بەربەست لەبەر دەم ڕوسەکان دادەنێن چونکە ئەوەندە گرنگی بە پرۆتۆکۆلەکە نادەن، ئەوان توانیان مەرامەکەی خۆیان بپێکن لە ڕێگەگرتن لە بەردەم چاوتێبڕینەکانی ڕوس لە

ڕۆژهەڵات و دەریای ناوەڕاست. ئەم دانوستانانە ماوەی ١٥ مانگی خایاند، فرەنسا لە هەموویان زیاتر پێیەوە سەرقاڵ دەبێت، بەشداریکردنی فرەنساش لەم دانوستانانە لە ژێر فشاری دەوڵەتانی پەیوەندیدار دەبێت، هەرچەندە فرەنسا ئەوەندەی دڵی لای ئینگلیز بوو لای گریکەکان نەبوو، خۆی فرەنساش کاری بە کارتی میسری دەکرد چونکە لەوە دەترسا کاردانەوەی لە لایەن ڕوسەکان لێ بکەوێتەوە کە ئەنجامەکەی باش نابێت و کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بۆیە دەیویست هەموو دەوڵەتەکان بەشداری لەم دانوستانە بکەن کە زۆر لەسەرەخۆ بەڕێوە دەچوو. دواجار ئەو پرۆتۆکۆلەی نێوان ڕوسیا و ئینگلیز بووە پەیماننامەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان: (فەرنسا، ڕوسیا، ئینگلیز). نەمسا و بروسیا پێیان باش بوو لە دەرەوەی ئەو پەیماننامە یا پرۆتۆکۆلەدا بن کە ٦ی تەموزی ١٨٢٧ واژۆ کرا.

پەیماننامەکە دەڵێت:

١/ یەکلاییکردنەوەی کێشەی گریکستان بە مەرجێك سوڵتان تیایدا باڵادەست بێت. ٢/ ئەم یەکلاییکردنەوەیە دەبێت بە دانی باجی ساڵانە کۆتایی بێت کە لە لایەن گریکە کانەوە بدرێتە سولتان.

٣/ کاروباری وڵاتی گریکستان دەبێت خۆیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەڕێوەی ببەن، بەڵام دەبێت تورکەکان دەستیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکەکەیدا هەبێت.

٤/ پرسی موڵکەکانی تورکان لە وڵاتی گریکستان یەکلایی بکرێتەوە بە قەرەبووکردنەوەی خاوەن موڵکەکان.

٥/ سنووری گریکستان لە نێوان هەرسێ لایەنی پەیماننامە و لایەنی پەیوەندیدار لە سنوورەکان یەکلایی بکرێتەوە.

٦/ هەوڵەکانی یەکلاییکردنەوەی کێشەکە پێویستە بە کۆمەڵ بێت.

٧/ دەبێت هەردوو لا نیازپاکیی خۆیان دەربڕن و پەیوەندی باش لەگەڵ یەکتری ببەستن.

٨/ ئەو بڕیارانەی لیژنەی یەکلاییکردنەوە دەیدەن دەبێت جێبەجێ بکرێن، ئەگەر لایەنی تورکی بە بڕیارەکان قایل نەبوو ئەوا وڵاتانی ئەوروپی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ لایەنی گریکی ئاسایی دەبێت لە بواری بازرگانی و سیاسەتدا تا ئەوکاتەی تورك قایل دەبن.

٩/ ئەگەر شەڕکەرەکان قایل نەبوون چەك دانێن، پێویستە دەوڵەتە ناوبژیوانەکان ڕێگە نەدەن شەڕ هەڵگیرسێت بۆ ئەوەی خۆیان بەشداری شەڕەکان بکەن.

خاڵە لاواز و نا دروستەکانی ئەو پەیماننامە ئەوە بوو:

١/ لە ٦ی تەموزی ساڵی ١٨٢٧ واژۆ کراوە ئەمەش کاتێکی درەنگ بوو، ئەوکاتەی ئەم پەیماننامەیە واژۆکراوە ئەسینا داگیر کرابوو، هیچ شوێنێك بەدەست گریکەکانەوە نەمابوو لە کشوەر تەنها ناوبلیا و بەشێك لە دوورگەی سیکلاد نەبێت. .

٢/ ئەم پەیماننامەیە باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی گریکستان ناکات، ئەو قەوارەی دروستی دەکات لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتاندا دەبێت، واتە هیچ سەروەریەکیان بۆ دەستەبەر ناکات.

٣/ دەوڵەتان نە بە زمانی مرۆڤایەتی نە بە زمانی نەتەوایەتی دیالۆگیان نەدەبەست، هەمووی لە چوارچێوەی سیاسەتدا بوو، چ جۆرە سیاسەتێك، سیاسەتی خۆپەرستی و بەرژەوەندی و نامرۆڤایەتی.

ئەم جۆرە سیاسەتە بوو کارەکانی بەرێوە دەبرد تا ڕووبەڕووی کارەسات و شەڕ و پێکدادان بوو.

کاتێکیش لە ١٨ی ئابی ساڵی ١٨٢٧ کاننگ وەزیری دەرەوەی ئینگلیز کۆچی دوایی دەکات ئیتر ئیگلیز ئەو ڕۆڵەیان نابێت، چونکە کەسێکی وەکو ئەو چالاك ئەو پۆستە وەرناگرێت. لە کۆتایی ساڵی ١٨٢٧ هەڵبژاردنەکان لە فرەنسا  وەزارەتی فیلیل دەڕووخێنن، لەو وەزارەتەی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٢٨ دادەمەزرێت لافیرونیە وەزارەتی دەرەوە دەگرێتە دەست و بەهۆیەوە ڕۆڵی حکومەتی فرەنسا بەهێز دەبێت، بۆ ئەم کێشەیە لەگەڵ سیاسەتی گونجاندن و سیاسەتی

پادشادا بوو، کاتێکیش کێشەکە چارەسەر دەکرێت ڕۆڵی یەکەم بۆ فەرەنسا دەبێت و ڕۆڵی ئینگلیز لە ئاوابووندا دەبێت.

دوای ئەوەی حکومەتەکان دەگۆڕدرێن هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکان دەچنە قۆناغێکی دیکەوە، وڵاتە ئەوروپیەکان قایل دەبن بە ناوبژیوانی وڵاتە خاوەن کێشەکان، بۆ چارەسەری کێشە لە نێوان سوڵتان وگریکەکان، بۆیە بە یاداشتێك ئاگاداری سوڵتان دەکەنەوە کە نیازی ناوبژیوانیان بۆ ئەم کێشەیە هەیە، کاتێکیش باڵیۆزانی فەرەنسا و بەریتانیا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوڵتانی عوسمانی لە قوستەنتینیە کۆدەبنەوە و یاداشتەکەی پێ دەدەن، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕەیس ئەفەندی داواکەی باڵیۆزەکان ڕەتدەکاتەوە، ئەمانیش هەڵدەستن و وەزیر بە تەنیایی لەسەر کورسیەکەی دەمێنێتەوە. لەم دەستێوەردانەی وڵاتە مەزنەکان سوڵتان زیاتر تووڕە دەبێت.

لە ٣١ی ئابی ١٨٢٧ باڵیۆزەکان یاداشتێکی دیکە ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی سوڵتان دەکەن، پێی ڕادەگەیەنن کە ئەوان ڕێگەی دی دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ئەم دوژمنکاریە ڕاگرن، بۆ ڕۆژی دوایی ڕێنماکانیان بەدەست دەگات، باڵیۆزی فەرەنسا گیمینو کە پەیوەندیی لەگەڵ تورکەکان خۆش بوو هەوڵی زۆری دا تا ئەم گرفتە بە نیانی و بە بێ کاری توندوتیژی دەربازبێت و لە مەترسیەکانی ئاگادار کردنەوە ئەگەر گوێڕایەڵی نەبن بەڵام سوودی نەبوو، دواجار ئەنجوومەنی وەزیرانی سوڵتان ئەم ڕاگەیاندنەی پێدان؛

(وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە هەرگیز نامانەوێت گوێ لە هیچ هەوڵێك بگرین لە بەرژەوەندی گریکەکاندا بێت، ئەم ڕاگەیاندنەش دوا بڕیارمانە).

لە ٤ی ئەیلول ڕێنماکان درانە بەرپرسەکان کە ڕێگری لە بەرپابوونی ئەو شەڕە بکەن، هەرچەندە وەکو کاردانەوەی پراکتیکی ڕاستەوخۆ هیچ نەکرا، بەڵام دەولەتانی هاوپەیمان زۆر بە زیرەکانە جووڵانەوە و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکەکان نەپچڕاند، بەڵام تورکەکان کەوتنە خۆئامادەکردن، گەمیەی ئامادە لە میسرەوە لە بەندەری ئەسکەندەریە لە ئامادەباشیدا بوو بۆ

هێرش کردنە سەر گریکەکان، لە یەکی ئابی ١٨٢٧ بۆ ئەم مەبەستە لە ئەسکەندەریەوە جووڵە بە گەمیەکە کرا، لە ٧ی ئەیلول گەیشتە بەندەری نافارینو لە تەك گەمیەی تورکیدا.  لەو بەندەرە سەرجەم کەشتیەکانی تورکی و میسری کۆبوونەوە ژمارەیان بووە ١٢٦ کەشتی، لە هەمان کاتیشدا سوپاکەی ئیبراهیم پاشا بەردەوام بوو لە داگیرکردن و سووتاندنی شار و گوندەکانی گریکی، فەرماندەی هاوپەیمانانیش لە نێو کەشتیەکانیانەوە ئاگر و دووکەڵی سووتانی گوندە گریکەکانیان دەبینی.

لە ٢١ی ئەیلول کەشتیەکانی فرەنسی و ئینگلیزی لە دوورگەی زانت یەکدەگرن، لە ١٣ی تشرینی یەکەمیش هەندێك لە کەشتیی ڕوسیش پێیان دەگەن، مەبەستی ئەم یەکگرتنەی کەشتییەکان تەنها بۆ ڕێگەگرتنی کەشتیەکانی میسری و تورکی بوو لە گەمارۆی دوورگە گریکیەکان.

لە ئەسکەندەریە محەمەد عەلی لەگەڵ فرەنسیەکان لە هەوڵی ئاشتەوایی و سازانێکدا بوو، بەڵام محەمەد عەلی و ئیبراهیم پاشا بە فەرمانی سوڵتان دەجووڵانەوە، بۆیە دەکرا بە نافەرمی لەگەڵ ئیبراهیم پاشا ڕێککەون تەنها بۆ هێور کردنەوەی تووڕەیی هاووڵاتیان.

لە ٢٥ی ئەیلول باڵیۆزی هاوپەیمانان بە فەرمی ئیبراهیم پاشایان ئاگادار کردەوە کە لەمە زیاتر ئەوان قایل نابن شەڕ بەرپا ببێت، بۆیە کەشتیەکانی هاوپەیمانان لە نافارینو کۆکرانەوە.

لە یەکەم ڕۆژی تشرینی یەکەم کەشتیەکی تورکی هەوڵ دەدات هاوکاری بگەیەنێتە کەشتیە تورکەکان لە باتراس لە دەروازەی کەنداوی کورنت، بەڵام کەشتیەکانی هاوپەیمانان بە دوایدا چوون و ناچاریان کرد لە ٥ی هەمان مانگدا بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێی هاتبوو، ئەم جموجووڵە تێکدەریانە هێزەکانی هاوپەیمانانی نیگەران کرد و ئوقرەیان نەما، بەو هۆیەوە هەردوو فەرماندە، دوریني و کودرینگتون بڕیاریاندا هەردوو گەمیەی تورکی و میسری لە یەك جیاکەنەوە و هەریەکەیان بۆ ئەسکەندەریە و ئەویدیکەشیان بۆ قوستەنتینیە بگەڕێتەوە، ئەگەر نەچوون هێرشیان بکەنە سەر.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە ٢٠ی تشرینی یەکەم گەمیەکانی هاوپەیمانان چوونە ناو دوورگەی نافارینو کە لە بەرانبەر ٢٥ کەشتیی هاوپەیمانان ٩٠ کەشتیی میسروی و تورکی هەبوون. لەوکاتەدا ڕووداوێك ڕوودەدات کە تورکەکان تەقە لە بەلەمیکی هاوپەیمانان دەکەن و ئاگری تێ بەردەدەن کە سەر بە دەستەی دانوستانەکان بوو نقومی دەکەن، لە کاردانەوەی ئەم ڕووداوەدا هەر لە ماوەی چەند کاتژمێرێك هاوپەیمانان هەرچی کەشتیی میسری و تورکی هەبوون لەو ناوە لەناویان بردن یا نقوم بوون یا سووتان و لە بەر چاوان ون بوون. بەم شێوەیە توانای تورکەکان لەناو دەبرێن، توانای ئەوەیان نابێت هەڕەشە لە گریکەکان بکەن و دوورگەکانیان لێ داگیر بکەن.

لە ڕوویەکی دیکەوە شەڕی نافارینو دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆی کێشەی گریکەکان و تورکەکان بوو، کە بووە مایەی گۆڕینی هەڵوێستی وڵاتە ئەوروپیەکان لەو کێشەیە و بەرزبوونەوەی ورەی گریکەکان و بڕوابوون بە ڕەوایی کێشەکەیان لە درێژەی هەڵوێستیان خۆیان ڕێکدەخەنەوە و هێرش دەبەنە سەر دوورگەکانی کاندیاو کیو، هەروەها کۆلۆنیل فابیە هێرش دەکاتە سەر کەنداوی ئارتا و دەروازەی کورنت. ئەمیراڵی ئینگلیز چورچ کە لە خزمەت سوپای ئەوان کاری دەکرد هێرش دەکاتە سەر بریفوزا، لە ڕووەکەی دیکەیشەوە کاریان بۆ ڕێکخستنەوەی حکومەت دەکرد، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٨٢٨ کابو دیستریاس گەیشت و وەکو ئەنجوومەنی دەوڵەت(بانهلینو) حوکمی گرتە دەست. فەرماندە سەربازیەکان دادەبەزن بۆی و بە حوکمڕانیی قایل دەبن و پشتگیریی لێ دەکەن، بەم هەڵوێستەش نافارینۆ مێژوویەکی پڕ سەروەری لە ئەوروپا تۆماردەکات.

یەکێکی دیکە لە ئەنجامەکانی ڕووداوی نافارینو تێکدانی پەیوەندی نێوان عوسمانیەکان و دەوڵەتە ئەوروپیەکان هەروەها تێکدانی پەیوەندیەکانی دەوڵەتان لە نێو خۆیاندا.

هەرچەندە بە یاداشت وڵاتانی هاوپەیمان نیازپاکی و دۆستایەتی خۆیان بۆ سوڵتان دەربڕی، بەڵام ئەو ئەم جۆرە دۆستایەتیەی قەبووڵ نەبوو. لە ١٠ی تشرینی دووەم وڵاتانی هاوپەیمان یاداشتێکی دیکە دەدەنە سوڵتان پێیڕادەگەیەنن کە ئەوەی ئەنجامیاندا لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پەیماننامەی لەندەن بوو کە بۆ هێور کردنەوەی دۆخی نێوان گریکەکان و تورکەکان بووە، ئێمە بیر لە هیچی دیکە ناکەینەوە، دیارە ئاساییە باڵیۆزەکان ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی توندی تورکەکان

بنەوە لەم یاداشتە، بۆیە لە ئەنجامی هەڵوێستی توندی تورکەکان، باڵیۆزەکان لە ٨ی کانوونی یەکەم قوستەنتینیە جێدەهێڵن، لە ٢٠ هەمان مانگ سوڵتان شەڕی پیرۆزی موسوڵمانان (جیهاد) دژی ئەو دەوڵەتانە ڕادەگەیەنێت.

کاتێک شەڕی نافارینو پەیوەندیەکانی هاوپەیمانان و تورکیا تێکدەدات بە هەمان شێوە نێوان دەوڵەتانیش تێکدەدات، بەهۆی ئەو یاداشتەی کە تیایدا هاتبوو ئەوەی کراوە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پەیماننامەی لەندەنە، ئەم دەستەواژەیەش بووە مایەی فرەهەڵوێستی و تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان. لەو ڕووداوەی نافاریا ئینگلیز و نەمسا سەرکەوتوو بوون، چونکە مەرامەکانیان هاتە دی لەوەی کەس لە گریکستان باڵادەست نەبێت و ڕێگەش لە ڕوسیا بگیرێت لە ڕۆژهەڵات پێگەی خۆی قایم بکات.  بەڵام ڕوسیا کەوتە دڵەڕاوکێ لە بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی لە دەریای ڕەشدا، بەهۆی ئەوەی مەترسیان لێ پەیدا بوو چونکە لە کاردانەوەی ئەم کێشەیە تورکەکان پەیماننامەی نێوان خۆیان و ڕوسیایان هەڵپەسارد. لە هەمان کاتدا ڕوسیا هەڵوێستی توند بوو لە ڕاگەیاندنی شەڕی جیهادی موسوڵمانان دژی وڵاتانی هاوپەیمان، بەم هۆیەوە گوتوبێژ و دیالۆگ لە نێوان وڵاتان دروستدەبێت.  لە ٢٦ی شوبات ڕوسیا داوا دەکا بەیەکەوە هاوکاری بکەن بۆ چارەسەری کێشە دەرهاوێشتەکانی ئەو ڕووداوە، ئەگەر هاوکاری نەکەن ڕوسیا ناچارە بە تەنیا بجووڵێتەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی خۆی بکات، هەرچەندە وتی کە دەکرێت و گونجاوە پەیماننامەی لەندەن بەسەر سوڵتاندا بسەپێنین. بە هەرحاڵ ڕوسیا لە ٢٦ی نیسانی ١٨٢٨ شەڕ دژی سوڵتان ڕادەگەیەنێت، سوپای ڕوسی لە ٧ی ئایار ڕوباری ئەلبریت دەبەزێنێت.

لەم ناکۆکیەی نێوان بەرژەوەندیەکانی وڵاتاندا گریکەکان سوودیان لێ وەرگرت، لەم میانەدا قەیرانی ڕوسیا و ئینگلیز لە لێواری تەقینەوەدا بوو، فەرەنسا ناچار دەبێت ڕۆڵی ناوبژیوان بگێڕێت، بۆ ئەم مەبەستە لافیرونیە چالاکانە لە لەندەن و ستراسبورگ دەکەوێتە جموجووڵ، بۆ چارەسەری و دەرهێنانی فتیلی شەڕ ئەم نەخشەڕێگایەی دانا:

١/ ڕوسەكان ئازاد بن لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی كێشەكەیان لەگەڵ سوڵتاندا لەسەر ڕوباری دانوب. چونكە جگە لەم ڕێگایە هیچ ڕێگایەكی دیكە نییە، بەڵام با ڕوسەكان ئەمە بە دۆكۆمێنت بكەن بە شێوەیەكی مكوم، بەمەرجێك هەردوو دەوڵەتەكەی دیكە دەبێت هاوكاری مۆراڵی ڕوسەكان بكەن بۆ چارەسەری كێشەی گریكستان.

٢/ ئۆپەراسیۆنەكانی ڕوسیا تەنها لە گریكستان دەبێت، هەموو دەریای ناوەڕاست ناگرێتەوە. كاتێك بەریتانیا قایل نابێت هاوكاری و بەشداری لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەكاندا بكات لە گریكستان، ئەوكات فەرەنسا ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت كە لە جیاتی هەردوو وڵاتی ئینگلتەرا و ڕوسیا ئەم ڕۆڵە ببینێت. ئەم بڕیارانە بوونە پەیماننامەی سێ قۆڵی لە ١٩ی تەموزی ١٨٢٨، لەو كاتەشدا ئاگاداری سوڵتان كرایەوە كە ئەو لە بەرژەوەندی تورك و گریكەكان ئەم كارە دەكات.

لە ناوەڕاستی مانگی ئاب كەشتیەكانی فەرەنسی بە سەرۆكایەتی ژەنەراڵ میزون لە بەندەری تولونەوە جووڵەیان كردكە ١٥٠٠٠ سەرباز دەبوون، ڕێنماكانیش وا بوون كە تا ئەو كاتەی تروسكاییەك ئومێد مابێت شەڕ نەكرێت و ئاشتی بپارێزرێت. هەر لەوكاتەدا حكومەتی فەرەنسا لە لای محەمەد عەلیەوە كاری بۆ ئەم ئاشتەواییە كرد بۆئەوەی پرۆسەكە بێ كێشە سەربگرێت. دیارە هاوكاریەكانی نێوان محەمەد عەلی و فەرەنسیەكان بوونە هۆی بەدیهێنانی چارەسەری ئاشتیانە بۆ كێشەی گریكی، بە كشانەوەی محەمەد عەلی لە كێشەكە لە سەر داخوازی فەرەنسیەكان.

لە سەرەتای مانگی تەموزدا ڕێككەوتنێك لە نێوان دورینی و ئیبراهیم پاشادا ئەنجام دەدرێت، كاتێكیش ژەنەراڵ میزون دەگاتە ئەوێ، ئەوسا ڕێكەوتن لە نێوان ئەمیراڵەكان و پاشا ئەنجام دەدرێت، مەرجی ڕێكەوتنەكە:

١/ دەرچوونی سوپای میسری لە بیلوبونیز.

٢/ سوپای ئیبراهیم پاشا بە كەشتیەكانی هاوپەیمانانی لە ٨ی ئەیلول دەستیان بە كشانەوە كرد لە نافارینو بەو مەرجەی وردە وردە بكشێتەوە میسر، بە چاودێری و تەمویلی هاوپەیمانان.

٣/ قەڵاكانی بەردەستی ئیبراهیم پاشا لە بیلوبونیز دوای مانۆڕێکی شەکلیی سەربازی یەکە یەکە ڕادەستی سوپای فەرەنسی بکرێنەوە.

دوای ئەم هەڵمەتە سەرجەم سوپاکەی فەرەنسا کشایەوە جگە لە پێنج هەزار سەرباز بۆ پاراستنی ئارامی دۆخەکە.

نیمچەدوورگەی موریە و دوورگە دراوسێکانی و دوورگەی سیکلان لەسەر دەستی سوپای فەرەنسی ئازادکران. بەم شێوەیە هەروەکو نافاریەکان لە دەریا ئاشتیان سەپاند، سوپای فەرەنسیش لە وشکانی ئاشتیی سەپاند. ئەم ئۆپەراسیۆن و ئاشتی سەپاندنە کوشتارێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە چونکە فەرەنسا کارەکانی لە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستان بەڕێوە دەبرد، کاتێکیش ئۆپەراسیۆنەکان کۆتاییان دێت حکومەتەکانی تورکیاو گریك ڕێز و ستایشیان بۆ فەرەنسا هەبوو، لە مامەلە کردنی فەرەنسا خۆشحال بوون، لە هەمان کاتدا سەروەریەکی مەزنیش بوو بۆ فەرەنسا و فەرماندەکەی.

کارەکانی پەیماننامەی لەندەن کۆتاییان دێت کە بۆ چارەسەری کێشەی گریك و تورکەکان ئەنجام درابوو، بەڵام کێشە ڕاستەقینەکەی گریکی هەر بە هەڵپەسێردراوی مایەوە.

کاتێک پرۆسەی ئاشتەوایی تەواو دەبێت تورکەکان بە هاوپەیمانان ڕادەگەیەنن کە بڕیارەکانی کۆنگرەی لەندەن شاش و ناڕونن، باڵیۆزی هاوپەیمانان بە تورکیا ڕادەگەیەنن کە لە دوورگەی بوروس ئامادە بن بۆ کۆتایهێنان بە کێشەی گریکەکان، بەڵام تورکەکان ئامادە نابن بێنە ئەوێ، دەڵێن تەنها لە قوستەنتینیە دەتوانین باس لە کێشەی گریکستان بکەین. ئیدی باڵیۆزی هاوپەیمانان بە تەنها لەگەڵ نوێنەری گریکەکان دادەنیشن. لە ٢٣ ئەیلول گریکەکان بە یاداشتێک داوای خاوەندارێتی بتساليا و بەشێك لە ئەبیروس و ئەوبیە و کاندیا دەکەن، باڵیۆزەکان باسیان لە گەلێك خالی تایبەت بەم کێشەیە کرد، هەرچەندە بیروبۆچوونەکانیان یەك نەبوون بەڵام دواجار دانیان بە حکومەتە واقعەکەی گریکەکاندا نا. لەو کاتەی بۆچوونەکان یەك نابن لەسەر بۆ چوونەکانی باڵیۆزی فەرەنسا یەك دەبن، لە ١٢ی کانوونی یەکەم باڵیۆزەکان یەکەم

یاداشتیان بەرزکردەوە تیایدا ئەو ڕێکەوتنانەیان ڕاگەیاند کە لە دانیشتنەکاندا لەسەری پێکهاتبوون:

١/ پێشنیاریان کرد گریکستان ببێتە خاوەن سنوورێکی جوگرافی خۆی لە کەنداوی ئارتاوە دەست پێبکات لەسەر دەریای ئەدریاتیك لە باشوری ئەبیروسەوە تا کەنداوی فولو لە سەر دەریای ئیجە کۆتایی بێت، لە باکوریش ئوبیە و لە ڕووی نیمچەدوورگەی موریە و ئەتیکا و بیوسیا و ئاکارنیا، لە لایەکەی دیکەیشەوە سکیلاد بگرێتە خۆ.

٢/ داواشیان کرد ساموس و کریتیش بخرێتە سەریان.

٣/ گریکستان لە ژێر ڕاسپاردنی عوسمانیەکاندا بێت و ساڵانە ملیۆن و نیوێك قورش باج بداتە سولتانی عوسمانی.

٤/ گریکستان قەرەبووی ئەو موڵکانە بداتەوە کە عوسمانیەکان دەستی لێ هەڵدەگرن و بۆ ئەوانی جێدەهێڵن.

٥/ سەرۆکی دەوڵەتیش لەلایەن سوڵتانەوە پەسند بکرێت.

دواتر چۆن لە نێوان باڵیۆزەکاندا ناکۆکی هەبوو، بە هەمان شێوە لە نێوان دەوڵەتەکانیشدا ناکۆکی لە سەر شێوەی بڕیار و چارەسەریەکان پەیدا بوو، لە سەر دوورگەی بوروس ناکۆکی هەبوو کە مافی ئەوە بە هاووڵاتیان بدرێت بمێننەوە یا کۆچ بکەن، بڕیاری لێبوردنی گشتیش بۆ ئەو کەسانە دەرچوو کە لەسەر پرسی شەڕ سزا درابوون. بەم شێوەیە دەولەتێکی بەرتەسکی گریکستانیان دروستکرد لە ژێر فەرمانڕەوای سوڵتانی عوسمانیدا.

دیارە لەم چارەسەریە تورکەکان خۆیان بە زەرەرمەند دەزانی، بۆیە دەوڵەتان لە هەوڵی قایلکردن و بێدەنگکردنی تورکەکاندا بوون، سەرەتا فەرەنسا شاندێکی دبلۆماسیی بە سەرۆکایەتی ئەمیدیك جوبیر ناردە تورکیا، داواشی لە باڵیۆزەکان کرد کاتێك لە ١٨ی حوزەیرانی ١٨٢٩ دەگەڕێنەوە

قوستەنتینیە دانوستان بکەن، بەڵام تورکەکان پێداگریان لەسەر ڕەتکردنەوەی بڕیارەکان کرد و بە هیچیان قایل نەبوون.

ئینگلیز پێی وابوو گریکستانیان زۆر مەزن کردووە، مەبەستی وابوو کە تەنها نیمچەدوورگەی موریە و چەند دوورگەیەکی دیکە بگرێتەوە، تورکەکانی خۆیان ئامادە نەکردبوو بۆ شەڕکردن لەگەل ڕوسیا، ڕوسەکانیش لە چاوەڕوانی کەسدا نەبوون بۆ شەڕکردن، ئەوان بۆ گریکستان شەڕیان نەدەکرد بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بوو ئەویش هەرێمی دانوب بوو. ڕوسەکان لە سنوورەکانی قەوقازەوە دەستیان بە شەڕ کرد و سەرکەوتنیان لێ بەدەستهێنا. لە ١٨١٨ بەشێکیان لە ئەرمینیای تورکی دەست بەسەرداگرت و گەیشتنە ئەرزەرۆم، ڕوسەکان لە ١٨٢٨ ەوە لە ئەوروپا جموجووڵیان هەبوو بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێك وەدەست بێنن، بەبێ ئەرك و بە ئاسانی هەرێمی دانوبیان گرت و گەیشتنە سەر ڕوباری دانوب، بەهۆی بەربەست و بەرینی ڕوبارەکەوە لەوێ وەستان. نەیانتوانی سیلیستریا و شوملا بگرن، بەڵام فارنایان لە باشوری دەلتا گرت، لە زستانەکەی ناچار دەبن بکشێنەوە باسی، ساڵی ١٨٢٨ تێپەڕی بە بێ ئەوەی هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ڕووبدات، دوای ئەوە فەرماندەیەتی سوپای ڕوسی درایە دەست دیبیچ کە سەرکەوتنی باش بەدەستدێنێت. لە بەهاری ١٨٢٩ ڕوسەکان بەرەو بەڵکان دەکشێن و چەند ناوچەیەکی دیکە دەست بەسەردا دەگرن، کاتێك سوپا بەرەو بەلکان هەنگاو دەنێت گریکەکان دووبارە دەستدەدەنەوە چەك و هێرش دەکەنە سەر دوورگەی کریت بەڵام سەرناکەون، لە ١٣و١٤ی ئابی ١٨٢٨ لە کاندیا بەو هۆیەوە کوشتارگەیەکی مەزن ڕوودەدات. لە کشوەریش تواندرا کەنداوی کورنت بگرن و لە مسیولونگی نزیک ببنەوە، لە سەرەتای پایز دیمتریوس توانیی یبسیلانتیی تورك لە بەترا ببەزێنێت، بەم سەرکەوتنانە ئەتیکا و بیوسیاش لە دەست تورکەکان ڕزگار دەکرێن، لە بەرەی لای ئەرزەرۆمیش تا ترابزون دەگیرێت، لە ١٩ ئاب ئەدەرنە خۆی بەدەستەوە دەدات، سوارەکانی ڕوس دەوری قوستەنتینیەیاندا، ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی تورکەکاندا دروستدەبێت.

بەم شکست و فشارانە تورکەکان ناچار دەبن لە داواکانیان لەسەر لە گریکستان بێنە خوار. لە ٧ ی تەموز سیستەمێکی هاوشێوەی سیستەمی هەرێمی دانوبیان بە موریە بەخشی،

دوورگەکانیش سیستەمی شارە ئازادەکان یان پێ بەخشین، کاتێکیش ڕوسەکان گەیشتنە ئەدرنە و بەشداریان لە پەیماننامەی ٦ی تەموزدا کرد، بەگرتنی ئەدرنە تورکەکان نەرمی دەنوێنن، ناچار دەبن داخوازیەکانی ڕوسەکان بسەلمێنن لە پەیماننامەی ئەدرنەی ١٤ی ئەیلولی ١٨٢٩، بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە لەسەر ماف و داخوازیەکانی ڕوسەکان دەبن، کە بریتی بوون لە:

١/ چەسپاندنی مافە ئیمتیازەکانی دوورگەی مولدافیاو فلاشا.

٢/ دوو هوسبوداری بۆ هەتاهەتایی دابمەزرێن.

٣/ دەبێت تورکیا دان بە سەربەخۆیی سربیادا بنێت.

٤/ دەبێت تورکیا دەستبەرداری دەروازەکانی دانوب بێت لەگەڵ ئازادی بازرگانی لە دەریای ڕەش و تەنگاوەکانی. دواجار چەند پانتاییەکی زەویشیان لە قەوقاز و ئەرمینیا وەدەستهێنا.

٥/ سەبارەت بە گریك دەبێت تورکیا بەشدار بێت لە پەیماننامەی ٦ی تەموز و برۆتۆکۆلی ٢٢ی ئاداری ١٨٢٩.

ئا بەم شێوەیە دوای سێ ساڵ لە کێشمەکێش و مشتومڕییەکی زۆر دانیان بە گریکستاندا نا، نەك بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی ئاینی یا مەزهەبی یا نەتەوی یا مرۆڤایەتی، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی دبلۆماسی.

## پێکهێنانی پادشانشینی گریکستان

ئەوەی ماوەتەوە ڕێکخستنی ئەو دەوڵەتە و کردنی بە پادشانشین بوو، لە ڕاستیشدا گریکستان بە هۆی ئیرادەی پۆلاینی گریکەکان دامەزرا، دوای ئەوەی بە فەرمی وەکو دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیەنن، ئەوساش نە یاسایەکیان هەبوو نە سیستەم، نە هیچ سیمایەکی دەوڵەتیش، تەنها هێزێکی مۆراڵیی عەوداڵ بەدوای دامەزراندنی دەوڵەتیان هەبوو. هەندێك هەوڵ بۆ پێدانی

قەوارەیەکی سیاسی و یاسایی دەوڵەت دران، لەم ڕووەوە چوارچێوەیەکی سەختیان بۆ کێشابوو، ناکۆکی لە نێوان هەردوو فەلسەفەی میتافیزیکی گریکی و دبلۆماسیدا هەبوو، دواجار دوای خەباتی چەندین ساڵە ئەم پرسە بە جۆرێکی دیکە دێتەوە مەیدان بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەت.

خۆی دەبووایە بەر لە هەموو شتێك پێناسەی دەوڵەت بکرێت و سنوورەکانی دیاری بکرێت، بۆیە کێشە کەوتە نێوان گریکەکان و دەوڵەتە دراوسێکانیان لەسەر دیاری کردنی سنوورەکان، چەمکی دەوڵەت لای گریکەکان چەمکێکی نەتەوی بوو، بەرنامە کەشیان کە بەرنامەی ڕێگاس بوو نەتەوی بوو، یا بڵێین ئەو بەرنامەیە بوو کە لە گەمارۆکەی ساڵی ١٨٢١ دیاریکرابوو، سەرجەم خاکەکانی گریکیی دەگرتەوە، واتە ژیاندنەوەی دەوڵەتی بیزەنتیی کۆن بوو، بەڵام ئەو دۆخەی بەسەریاندا هات ناچار بوون دەستبەرداری هەندێك لە داخوازی و بەرنامەکانیان بن لەوانە:

١/ کردنی قوستەنتینیە بە پایتەختی دەوڵەتی گریکیی نوێ.

٢/ داواکردنی باکوری دەریای ئیجە لە تورکیا، بەڵام بۆ داخوازیەکانی دیکەیان پێداگر بوون، بۆ نموونە بۆ سێ ئەنجوومەنە نەتەویەکان ئەندامیان لە سەرجەم شوێنە گریك زمانەکان هێنابوو، کابو دیتریاس لە نامەیەکدا بۆ ئینگلیز بەم شێوەیە پێناسەی نەتەوەی گریك دەکات:

(نەتەوەی گریك لەو کەسانە پێکهاتوون کە لە سەردەمی ڕووخانی قوستەنتینیەوە ئاین پەرستی ئەرسەدۆکسن و بەزمانی باب و باپیرانیان دەدوێن و لە ژێر کەلیساکانی ڕۆحی و سەردەمی دەژێن و فەرمان وەردەگرن، جا ئەمانە لە هەر کوێیەک بژێن ئەگەر لە تورکیاش بن هەر لە نەتەوەی گریکین، سنوورەکانی گریك بەر لە چوار سەدە کێشراوە نە سەردەم نە هیچ هێزێك ناتوانێت لە ناویان ببات).

ئەمە ڕۆحی داواکاریەکانی سەرجەم گریکەکان بوو، هەمان ناوەرۆک دراوەتە باڵیۆزەکان لە ٢٣ی ئەیلولی ١٨٢٨.

لە وەڵامی نامەی وڵاتاندا گریکەکان گلەیی دەکەن و ئەم تێبینی و داواکاریانەیان هەبوو:

١/ له پرۆتۆكۆلی لەندەنی ٣٠ی ئایاری ١٨٢٩ باس له كاندیا و ساموس نەكراوە .

٢/ خۆیان به زوڵملێكراو دەزانن كه ڕێگەیان پێ نەدراوە له هەڵبژاردنی شازادەی وڵاته كەیاندا بەشدار بن.

٣/ داوا دەكەن ئەو شازادەیەی بۆ وڵاتەكەیان دەستنیشان كراوە له مەزهەبی ئەرسەدۆكس بێت كه ئاینی نەتەوییانە.

٤/ هەروەها داوا دەكەن دەستورێكی ڕاشكاویان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

٥/ گلەییان له دابڕینی بەشێك له زەویەكانیانە چونكه ئەوان به مافی خۆیان دەزانن ئەو دەوڵەتەی هەیانە سەروەریی بەسەر هەموو پانتایی خاكەكانیاندا هەبێت. دیاره ئەو هزرو بیركردنەوانه هەموو له بیردۆزی فرەنسی لەسەر نەتەوەكان هاتبوون.

بەڵام دەوڵەتان به پێچەوانەی بۆچوونەكانیان بوون، ئینگلیزەكان دژی ئەو دەوڵەته بوون له كاتێكدا بەشداریان له سنووردار كردنیدا كرد. ئەم دژایەتیەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە كه ئینگلیز دژی ڕوسەكان بوون، بۆیه پێیان خۆش بوو گریكەكان له ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بن تا هەمیشه بۆ ڕوسەكان تەگەره و گێچەڵ بنێنەوە و گریكەكانیش به لاوازی بمێننەوە، نەبادا ببێته نێچیری ڕوسەكان، بۆیه مەبەستی بوو بگەڕێنەوە بۆ پەیماننامەی ١٨٢٦و دابڕینی ئوبیه و ئەتیكا له گریكەكان و تەنها موریه و هەندێك دوورگەی بۆ بمێنێتەوە. ئینگلیزهیچ كاتێك ڕێگەی نەدەدا گریكستانێك دروستبێت سنوورەكانی بكەونه سەر كەناری ئەدریاتیك و ئەبیرۆس، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو سەردەمانێك ناوی گریكیشی لەو شوێنانه قەدەغه كردبوو، چونكه پێی وابوو ناونانی ئەو شوێنانه زیاتر هانی گریكەكان دەدات بۆ داواكردنی. ئەوە بوو دیاریكردنی سنوورەكانی بەستبۆوە به دیاریكردن و هەڵبژاردنی شازاده له كاتێكدا هەموو پاڵێوراوەكانی فرەنسا و ڕوسیای ڕەتكردبوونەوە، له بەرانبەر ئەو نارەزاییانەی ئینگلیز وەزیره زیرەكەكەی فرەنسا گیمینو پاكێجێكی دیكەی بۆ چارەسەری كێشەكان پێشكەش كرد، كه بەم شێوەیه بوو:

(ئەگەر سنوورەکانی گریکستان بەرتەسك بکرێنەوە دەبێت مافی سەربەخۆیی پێبدرێت، سەرەتا ئینگلیز لە ١٠تشرینی دووەم بەم پێشنیارە قایل دەبێت، دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە ٣ی شوباتی ساڵی ١٨٣٠ بەم پرۆتۆکۆڵەی لەندەن قایل دەبن کە بە پێی ئەو پرۆتۆکۆڵە سەربەخۆیی بە گریکستان دەبەخشرێت لە ڕووی ئیداریەوە و لە ژێر سایەی تورکەکاندا بمێنێتەوە، سنوورەکانیشیان بەم شێوەیە دیاری کردن، لە باشورەوە داکشانە خوارەوە لە کەنداوی ئارتاوە تا ئەو شوێنەی ڕوباری ئەسبروتو تاموس لە دەریا دەکاتەوە واتە تا گۆشەی کەنداوی کورنت، لە لای دەریای ئیجە سنوورەکان گەیشتنە کەنداوی فولو واتە تا گۆشەی کەنداوی ئاویە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گریکستانی کشوەری ئەتیکا و بیوسیا ناگرێتەوە، بەمە قایل بوون کە هەردوو دوورگەی ئوبیە و سکیروس بە گریکستان بدەن بێ کاندیاو ساموس.

حوکمی وڵاتیشیان بە شاهانەی ویراسی بڕیار لەسەر دا و تاجی پادشایەتیان خستە سەر لیوبولد دوسکاس-کوبورگ، فرەنساش دەستی لە پاراستنی کاسۆلیکەکان لە گریکستان هەڵگرت بەو مەرجەی هەموو مافەکانیان دەستەبەر بکرێن و مافی وەرگرتن و پێدانی هەموو پۆستەکانیان هەبێت. ئەو پرۆتۆکۆڵەی لەندەن کە لە ٣ی شوباتی ١٨٣٠ دەرکرا لە ٨ی نیسان گەیشتە دەست ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوانیش لە ٢٤ی نیسان بێ سێ و دوو ڕەزامەندیان لەسەر دا و پەسندیان کرد. ئەم بڕیار و پەسندنامانە گەیەندرانە دەست باڵیۆزی وڵاتان و بە تێبینی تیایدا هاتبوو کە ئەم بڕیارە هیچ ڕەتکردنەوەیەك هەڵناگرێت، ئەمەش جۆرێکە لە هۆشداری، بۆیە گریکەکان هیچ بوارێکیان بۆ گفتوگۆ نەبوو، یا داواکردنی خاکە دابڕێندراوەکانیان.

ئەم پرۆتۆکۆڵ و ڕێکارانە  لە دوو لاوە ناڕەزایی لێ کەوتەوە:

ناڕەزایی نەتەوی و ناڕەزایی سیاسی.

١/ ناڕەزایی نەتەوی چونکە سولیەکان و ڕوملیەکان لەوە ناڕازی بوون کە لە خاکی نەتەوایەتیان لە گریکستان دوورخراونەتەوە، بۆیە دەستدەکەن بە خەبات لە پێناو داخوازیەکانیان، کە ئاستی

چالاكیەكانیان بە دۆخێكی مەترسیدار دەگات دەوڵەتان لە ئاستیدا دەستەوەستان دەمێننەوە و پرسەكە دەكەنە قوربانیی.

٢/ نارەزاییە سیاسیەكە لەوەوە هاتبوو كە گریكەكان كەلتوورێكی كۆماریخوازانەیان هەبوو، بەڵام پرۆتۆكۆلەكە شێوە حوكمی پادشاییان بەسەردا دەسەپێنن واتە كۆنە پارێزی، بۆیە پێی قایل نابن. بەم هۆیەوە یاداشتێك بەرز دەكەنەوە تیایدا دەڵێن كەلتووری پادشایی لەگەڵ ئێمە ناگونجێت و وێڕای ئەوەی كە تێچووی حوكمی پادشایی زیاترە لە تێچووی كۆماریی و گریكستانیش وڵاتێكی هەژارە بۆیە پێی قایل نین، بەڵام دەوڵەتە ئەوروپیەكان ئەم داخوازیەیان ڕەتكردەوە. گریكەكان هیچیان پێ نەما ئەوە نەبێت داوا لە لیوبولد بكەن پادشایەتی ڕەتكاتەوە بەڵام ئەو لە ٢٨ی شوبات قەبووڵی كرد و تاجی پادشایەتیی نایە سەر و نامەیەكی بۆ كابو دیستریاس نارد تا ئامۆژگاری و ڕێنماكانی پێ بدات، ئەویش لە ٦ی نیسان بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە و پێی وت:

١/ لە بارەی سنوورەكان زوڵمتان لێ كراوە.

٢/ متمانە بە توركەكان مەكە.

٣/ نابێت لەو شوێنانە بكشێنەوە كە بڕیارە گریكەكان لێی بكشێنەوە، ئەگەر سوپای تورك لێی نەكشێتەوە.

٤/ پێویستە پەیماننامەكان لەلایەن ئەنجوومەنی نەتەوەیی گریكیەوە پەسند بكرێن.

٥/ داوا بكە دان بە شكۆی نەتەوەیی بنێن.

٦/ پارە و سامان بۆ گریكەكان دابین كە.

٧/ دواجاریش دەڵێت ئاینت بگۆڕە.

دوای ماوەیەكی كەم ئەنجوومەنی پیران نامەیەك بۆ شازادە دەنێرن ڕەخنەی لێ دەگرن كە سووكایەتیی سەر رومیلی و كریت و ساموسی قەبووڵ كردوە و داوایان لێكرد دان بە مافی نەتەوەكاندا بنێت، كە چوار ئەنجوومەنی گریكیی یەك لە دوای یەك دانیان پێدا ناوە.

بەم شێوەیە گریکەکان لە ڕووی سیاسی و نەتەویەوە ڕەخنەیان لە پرۆتۆکۆلەکە گرت، هەرچەندە لیوبورد هەوڵیدا لەم میانەدا داخوازیەکانی لە وڵاتان جێبەجێ بکات، بەڵام بۆی نەچووە سەر، لە ڕووی سنوورەکانەوە داواکەی ڕەتکرایەوە، بۆ داوای قەرزیش بە هەمان شێوە، کاتێك هیچ هاوکاریەك نابینێت ناچار دەبێت لە ٢١ی ئایار تاجەکە ڕەتکاتەوە، کابو دیستریاس لە یەکی حوزەیران پێی زانی، ئینگلیز باکی بەم بیانووانە نەبوو پاساوی بۆ پرۆتۆکۆلەکەی لەندەن هێنایەوە، ئەم بێنەوبردەیە لەو کاتانەدا بوو کە لە تەموزدا شۆڕش لە فرەنسا بەرپا دەبێت و دواتریش لە بەلژیکا، ئیدی کێشەی بەلژیکا دەبێتە کێشە مەزنەکەی وڵاتان و بەهۆیەوە پرسی گریکستان پشتگوێ دەخرێت.

چونکە گریکەکان هەستیان بە زوڵم دەکرد هیچ چاکەیەکی وڵاتانی ئەوروپایان نەدەهاتە بەرچاو، گریکستان بەو بچووکیەیەوە بەهۆی سستی تورکەکان لە جێبەجێ کردنی پرۆتۆکۆلەکە و کشانەوەی بە شێوەیەکی هێواش و لە سەرەخۆ لە پەیمانەکانیان پەشیمان ببوونەوە لەم خاڵانەدا: فەراهەم نەکردنی ئازادی بیروڕای ئاینی، بەو هۆیەوە جۆرێك لە ناسەقامگیری و بێ متمانەیی بەرانبەر بە حوکمڕانی وڵات بڵاوبووەوە.

هەرچەندە جان ئەنتوان کابو دیستریاس ئەو کەسە بوو کە وڵاتان دەستنیشانیان کردبوو بۆ سەرۆکایەتی وڵات، بەڵام ئەم لەگەڵ هاووڵاتیانی گونجاو نەبوو، ئەو بەر لەوەی کەسێکی گریکی بێت زیاتر کەسێکی ئەوروپی و فەرمانبەرێکی ڕوسی و دبلوماسیەکی ئوروستوکراتی بوو، کەسێکی ئازاد بوو، بەڵام دیموکراسی نەبوو، کەسێک بوو لەخۆبایی و نامۆ لەو وڵاتە کاتێك هێنایان بۆ حوکمڕانی بە خەڵکەکەی وت:

(من ئێوە دەناسم ئێوە کەسانێکی چەتەو ڕێگر و درۆزنن).

بەڵام کەسێکی لێزان بوو بۆ ڕاکێشکردنی سەرنجی خەڵك و لەخۆ نزیککردنەوەی کەسانی کاریگەر بە شێوازی تایبەتی خۆی لەو کەسانەی کە لە ئەوروپا جێگەی متمانەن، هەر چەندە

کەسێکی لە خۆبایی و خۆبەزلزان بوو، بەڵام دڵسۆز بوو بۆ گریکەکان، کەسێکی بە توانا و داهێنەر بوو.

کابو بە ئاگر و ئاسن حوکمی کرد، ویستی ببێتە حاکمێك بۆ خێر و خۆشی و لەهەمان کاتیشدا حاکمێکی توندو زاڵم، دەستوری تریزینی دانا و لە تەموز و ئابی ساڵی ١٨٢٩ لە پیاوەکانی خۆی چەند کەسێکی هەڵبژارد بۆ ئەنجوومەنی چوارەمی نەتەوی لە ئارگوس، ئەنجوومەنێکی پیرانیشی لە ٢٧ کەس هەڵبژارد، لەو ژمارەیە ٢١ کەس خۆی دەستنیشانیکردن. دوای ئەوە ئەنجوومەنی نەتەوی دەست لە کارەکانی هەڵدەگرێت و ئەنجوومەنی پیران شوێنی دەگرێتەوە، ئەنجوومەنێکی وزاریشی لە سێ کەس دامەزراند کە لە نێو ئەنجوومەنی پیران دەرهێنابوون، لەگەڵ ئەمینێکی دەوڵەت، لە جیاتی دەستوری دیموکراتیش ئەنجوومەنی تریزینی دانا. بەم شێوەیە حکومەتێکی ستەمکاری دامەزراند بە یەك ئەنجوومەنەوە وەکو ئەنجوومەنی دەوڵەت ناو دەبرا، ئەندامانی لە سەرۆکە بێلایەنەکان بوون. بەم شێوەیە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و شارەوانیەکانی دامەزراند و بەڕێوەی بردن.

بڕوای بە دواڕۆژی گریکستان هەبوو، یارمەتی هەژارانی دەدا و جووتیارانی لە ڕێگران دەپاراست و بایەخی بە کشتوکاڵ و چاندنی جۆرەکانی ڕووەك دەدا و خوێندگا و نەخۆشخانەی لە گوندەکان دروستکردن، ڕێگاوبانەکانی لە سەر شێوازی ئەوروپی ئاوەدان کردنەوە، چەندین جۆرە خوێندگا و فێرگەی دامەزراندن، چاپخانە و مۆزەخانەی نەتەوی و چەندین دەزگای هاوچەرخی وڵاتی دروستکردن، لە هەمان کاتدا لە هەوڵی چاککردنی باری ئابوری وڵاتدا بوو. بەڵام دوای هەشت ساڵ گریکەکان کەوتنە دۆخێکی ناهەمووارەوە بەهۆی تێکچوونی شارەکانی تریبولیتزا و بەسەر یەکدا ڕمانی کە تەنها ٥٠٠ خانوو لە ئەسینا بە پێوە مانەوە، ئەو گریکستانەی نەخشەی بۆ کێشرابوو هەژار و بێدەرامەت بوو دوورگە و ناوچە و هەرێمە دەوڵەمەندەکان بەر گریکستان نەکەوتبوون، بۆیە ببووە وڵاتێکی هەژار نەتوانرا ئاوەدان بکرێتەوە و بخرێتەوە سەر پێ، وڵات بێدەرامەت بوو، دەرامەتە نەتەویەکانیش بەدەست تورکەکانەوە بوو، هەروەها دەرامەتە ئاینیەکان کە بریتی بوون لە زەویەکان بە ڕێژەی نیوەی خاکی گریکستان دەبوو داهاتی هەمووی

بەدەست تورکەکانەوە بوو، کابو بانکێکی نەتەوی لە ئیجین دادەمەزرێنێت، بەڵام پارەکەی هیچ بەهایەکی نەبوو، باجەکان لەسەر هاووڵاتیان قورس بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ داهاتێکی نەبوو، هەموو داهاتی وڵات بریتی بوو لە گومرگی هێنان و دەرکردنی بەرهەمەکان کە بە ڕێژەی لە ٣٠٪ وەردەگیرا.

لە بەرانبەر ئەم قەیران و کێشانەدا کابو دیستریاس ناچار دەبێت پشت بەبێگانە و وڵاتانی دەرەوە ببەستێت، بۆ نموونە مامۆستای لە فرەنساوە بۆ سەربازەکان هێنا، لەم ڕووەوە هەوڵی زۆری دا بەڵام هەموو هەوڵەکان ڕووبەڕووی ناڕەزایی داب و کەلتووری گریکەکان دەبوونەوە. گریکەکان فێر نەبوون لە ژێر سایەی حوکمێکدا بجووڵێنەوە، ئەوان فێری ئازادی هەڵسوکەوت ببوون، ئەم پابەندنەبوونە بە یاساکان کێشە و سەرئێشەی بۆ کابو دروستکرد، بۆیە ئەویش بێئومێدیەکی لێ کەوتەوە بەهۆیەوە سەرکردەکانی پارتی سەربەخۆ لە مەیدان دەکشێنەوە. باکۆ لە کاردانەوەی ئەم هەڵوێستانە دژی هەموو چالاکی و هەستێکی نەتەوایەتی هەنگاو دەنێت تا دواجار سەرجەم سەرکردەکانی لە ساڵی ١٨٣٠ لە هیدرا کۆدەبنەوە و پاش ئەوەی لە شوێنەکان دەکشێنەوە دژی حکومەتە ستەمکارەکەی کابو دەوەستنەوە و داوای ئازادی دەستوریی لێ دەکەن.

بەو هۆیەوە چەند ڕۆژنامەیەکی بە جۆش و ئازاد دەردەچن، لەوانە ڕۆژنامەی (ئابولون) و (شەبەق). لە ئایاری ساڵی ١٨٣١ لە باکوری بەشی کشوەر شۆڕش هەڵگیرسا، بەڵام زۆر بە دڕندانە دامرکێندرایەوە. چەتە و ڕێگر لە چیاکان دروستبوون ڕێگریان لە کاروانی گەشتیاران دەکرد و ڕووتیاندەکردنەوە.

ئەو شۆڕشەی مانگی تەموز لە پاریس هەڵدەگیرسێت هانی شۆڕشگێڕەکانی گریك دەدات، دەبێتە پشتگیری بۆ داواکانیان، ئەوانیش ئاڵا سێ ڕەنگیەکەی فرەنسا هەڵدەدەن، شۆڕشی تەموز بۆ کێشەی گریکەکان زۆر مەترسیدار بوو چونکە ئەگەر دەست و پێوەندەکانی ڕوسیا لە گریکستان خۆیان لە کابو دیستریاس دەبینیەوە ئەویش بە چارەسەریەکی ستەمکارانە کۆتایی دێت، ئەمەش واتای کپکردنی دەنگی وڵاتە لیبرالەکانە لە ڕۆژهەڵات و هەموو دەریای ناوەڕاست. حوکمی کابو دیستریاس بۆ گریکەکان بووە حوکمێکی ستەمکارانەی قورس بەسەر شانیانەوە، بەهۆیەوە

ئازادیەکان بەرتەسك بوونەوە و ئازادیە دەستوریەکان هەڵپەسێردران، ئازادی ڕۆژنامەگەری سەرکوت کرا بە داخستنی چەندین ڕۆژنامە، شارەوانیەکان کە گریکەکان دەستیان پێوە گرتبوو داخران، دادگای تایبەتی دامەزران، ئەم توندوتیژیە بە پشتبەستن بە هێزەکانی ڕوسی ئەنجام دەدرا. هەرچەندە باڵیۆزانی فرەنسا و ئینگلیز هەوڵی زۆریاندا نێوانی دەسەڵات و سیاسەتمەدار و دپلۆماتکارەکان ئاسایی بکەنەوە بەڵام بێ سوود بوو.

ئۆپۆزسیۆن لە هیداری حکومەتێکی ئازاد پێکدەهێنێت، کابو دیستریاس بڕیاریدا بە دەستێکی پۆڵایین لەم حکومەتە بدات، کاتێك کەشتیەکان بۆ هێرش بردن جووڵە دەکەن ڕێگریان لێ دەکرێت، بەڵام ڕوسیا هاوکاری دەکات، بۆیە فرەنسا و ئینگلیز دەست دەخەنە نێو کارەکە بۆ وەستاندنی توندوتیژی. کاتێك فرەنسا و ئینگلیز ڕێگری دەکەن کابو دیستریاس قایل دەبێت داوا بکات ئەنجوومەنی نەتەوی هەڵبژاردن بکات، بەڵام هەڵبژاردن لە دۆخێکی نائارام ئەنجامدرا، ئاساییە لەم جۆرە دۆخانەدا ساختەکاری بکرێت بە بیانووی ئەم ساختەکاریەوە ئۆپۆزسیۆنەکان دەستگیر دەکرێن و بە تۆمەتی ناپاکی مەزن دەدرێنە دادگا، ئەو ئەنجوومەنەش بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان کابو و ئۆپۆزسیۆنەوە نەیانتوانی کۆببنەوە. بەم شێوەیە بزوتنەوەی نەتەوی یەکەم حکومەتی گریکی سەرەوژێر کرد.

ناکۆکیەکانی کابو دیستریاس بووە مایەی شەڕێکی ناوخۆی دوو ساڵی، لەم ماوەیەدا دوو حکومەت دادەمەزرێن، یەکەمیان حکومەتی ئوگستنی برای کابو دیستریاس کە ژمارەیەك لە نوێنەران پشتگیریان دەکرد لەگەڵ کولوکوتریس، حکومەتە کەی دیکە لە هیداری دامەزرا و خەڵکی پشتگیریان لێی دەکرد. لە بەرەکەی دیکە گروپێکی ڕوملی بەسەرۆکایەتی کولیتیس پەیدا دەبن پشتگیری لەو حکومەتە دەکەن و پێیان وایە ئەو حکومەتە بەرگری لە مافە سیاسیەکان دەکات و دژی ستەمکارانە، ئیدی لە هەموو لایەك شەڕ دروستدەبێت، تەنانەت دژی فرەنسیەکانیش لە موریە، گریکە ڕەسەنەکان پشتیان بە ڕوسەکان بەستبوو، لە هەموو لایەك بووە ئاژاوە و ناکۆکی، ئوگستن کابو دیستریاس لە سەرەتای نیسانی ساڵی ١٨٣٢ ڕادەکات، ئەم هەوڵە دوا هەوڵی حوکمی نەتەویی گریکەکان بوو.

لەم میانەدا کۆنگرەی لەندەن دەستپێکرد و کێشەی گریکستان یەکێك بووە لە خاڵەکانی کۆنگرە. هەمیشە باسیان لەوە دەکرد کە کەسێك دەستنیشان بکەن بۆ سەرۆکایەتی گریکستان یا پادشایەتیی کە لای ئەوروپیەکان پەسند بێت. ئەمجارە لە شوباتی ١٨٣٢ ئوتون بافاریا دەستنیشان کرا وەکو شازادەی گریکەکان، ئوتون کوڕی دووەمی پاشای لویسی یەکەم بوو، ئەو کەسێك بوو هلینیی خۆش دەویست، وا پەروەردە کرابوو کە خۆشەویستیی بۆ هلینیەکان هەبێت و کەسێکی دڵسۆز و کارا بوو، بەڵام تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو هێشتا نە ببوو بە هەژدە، بۆیە دەستەیەکی سێ کەسییان وەکو دەستەی ڕاسپاردە دیاریکرد بۆ بەڕێوە بردنی وڵات تا ئەوکاتەی شازادە تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵ، دەستەکەش لە بافاریەکان بوون، یەکێکیان ئارمانسبورگ فەرماندەی بافاریای ئازاد بوو، ماوریو وەزیری دادی پێشوو، هایدک کۆنە ژەنەراڵێك بوو، باڤاریەکان بۆ قەبووڵکردنی شازادە مەرجی ئەوەیان هەبوو کە هاوکاری مادیی بکرێن وەکو مەرجی قەبووڵکردن و شازادەش وەکو پاشا بناسرێت. دواجار لە ٧ی ئایاری ١٨٣٢ پەیماننامەیەك لە نێوان ئەمیراڵ و وڵاتان بەسترا و شازادە وەکو پاشای وڵات هاتە دیاریکردن و گوژمەی شەست ملیۆن قروش قەرزی پێ بدرێت و سنوورێکی بەرینتریش بە گریکستان بدرێت، لەگەڵ قوستەنتینیە کەوتنە گفتوگۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە، لە ٢١ی تەموزی ١٨٣٢ سنووری گریکستان دیاریکرا، لە کەنداوی ئەرتاوە تا کەنداوی فولوو تورکەکانیش قەرەبو بکرێنەوە.

لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٨٣٣ پاشا گەنجەکە دەگاتە ناوبلیا، بە فەرمیش لە ٦ی شوبات دێتە ناو شارەکە و پێشوازیەکی باش و شایستەی لێ دەکرێت. کاری زۆر لەبەر دەم حکومەتدا هەبوو، کێشەی یەکلایی نەکراوە کێشەی دوورگە نەگەڕێندراوەکان، کێشەی زەوی وزارەکان و قەرەبووی تورکەکان، ئەمانە هەمووی لەبەردەم پاشا بچووکەکەدا بوون. چەندین شوێن لە ژێر دەسەڵاتی تورکیادا مانەوە خۆی بەڕێوەی دەبردن و داهاتەکەی لوش دەدا، چەندین دوورگەی مەزن لە دەرەوەی دەسەڵات و حکومەتەکەی گریك و سنوورەکانیدا مانەوە، کە بەردەوام لە ڕێگەی یاداشت و کۆنگرەکانەوە داوای دەکردنەوە. دوورگەی ساموس بە سیستەمێکی تایبەتی مایەوە خەڵکی دوورگەکە خۆیان حوکمی خۆیان دەکرد بە هاوکاری و پشتیوانی دەوڵەتان، لەم کارەیدا

ساموس سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە بە سەربەخۆیی مایەوە. ئەم ئازادی و سەربەخۆییە ئەوکاتە بەرقەرار دەبێت کە بە پشتیوانی دەوڵەتان تورکیا هێزەکانی دەکێشێتەوە و نیمچە سەربەخۆییەکی پێ دەبەخشێت، لە بەرانبەردا تورك باجی ساڵانە وەردەگرن کە ٤٠٠٠٠٠ قروش دەبوو، بەو مەرجەی سوڵتان خۆی میرێکی کریستی هەڵبژێرێت، ئەم قەوارە تایبەتیە بووە میرنشینێکی عوسمانی و بەشێك لە تورکیا وەکو دەوڵەتێکی بچووکی نیمچە سەربەخۆ، ئەم دۆخە بەم شێوەیە مایەوە تا ئەوکاتەی بە تەواوی دۆخی گریکەکان دەگۆڕدرێت.



سوڵتان مستەفاخانی چوارەم ١٨٠٨-١٨٣٩

بەڵام دوورگەی کریت بەهۆی ئەوەی سوڵتان ڕێگەی بە محەمەد عەلی پاشا دابوو سەرپەرشتی بکات، بەو هۆیەوە کێشەی ئەویش دەمێنێتەوە، چونکە محەمەد عەلی ئامادە نەبوو دەستبەرداری بەشەکەی خۆی بێت، محەمەد عەلی پاشا لەوە دڵنیا بوو کە بەهۆی قەیران و کێشەی

گریکستان ناتوانێت قەرەبووەکە وەرگرێت، بۆیە نیازی نەبوو دەست لە دوورگەی کریت هەڵگرێت. سوڵتان بۆچارەسەری ڕێگەیەکی دیکەی هەبوو، ئەویش گۆڕینەوەی کریت بە سوریە بوو، بەڵام محەمەد عەلی پاشا بەم پێشنیارە قایل نابێت و کێشە دەکەوێتە نێوان سوڵتان ومحەمەد عەلی پاشا، بەو هۆیەوە کێشەی دوورگەی کریتیش بە هەڵپەسێراوی دەمێنێتەوە و بێ پشتگیر دەبێت.

لە کێشەی ئەم دوو دوورگەیە دەبینین کە گفتوگۆکان لە نێوان ئەوروپا و گریکەکان بوو، بەڵام لە دوورگەکانی دیکە کە دەکەوتنە بەرانبەر کەنارەکانی تورکیا بە جۆرێکی دیکە بوو چونکە گریکەکان نەیاندەتوانی لەو شوێنانە شۆڕش بەرپاکەن، بەڵام لە کریت شۆڕش بەردەوام بوو، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم شۆڕش و بەرگری هەبوو.

دوورگە ئەیونیەکان کەوتنە دەرەوەی کێشەی گریکستان، دۆخەکان لەوێ زۆر خراپ بوون، بە تایبەت چونکە ئەو شوێنانە سەنتەری هزری هلینی و نەتەوایەتی بوون هەمیشە خەبات و هزرکردنەوە درێژەی هەبووە، هەرچەندە ئینگلیز و دەوڵەتە لیبراڵەکان هەموو هەوڵەکانیان ئەوە بوون لەو شوێن و دوورگانە سەرکوتی هزری نەتەوی و بزوتنەوەکان بکەن، بۆیە بە شێوەیەکی ستەمکارانە ئەم دوورگانەیان بەڕێوەبردووە.

دیارە سەرکردە ئازادیخوازەکان لە پەرلەمان ئەم هەڵوێستانەیان ئاشکرا کردووە و پەردەیان لەسەر نهێنی بەڕێوەبردنەکان هەڵداوەتەوە، بەڵام حکومەتی ئینگلیز هەمیشە ئەم لێدوانانەی پەردەپۆش کردووە و شاردونیەتەوە، هەر لە سەرەتای بزوتنەوەی سەربەخۆیی، ئینگلیز سەرجەم بزوتنەوەکانی ئەو دوورگانەی سڕ کردووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٢١ هەموو ئەو کەسانەی هاوکاری بزوتنەوەکانی ئەو دوورگانەیان کردووە دووری خستنەوە و سامان و سەروەتەکانی لێ زەوت کردوون، لە هەموو شوێنێك دادگای سەربازیی دامەزراندووە، چەندین حوکمی لە سێدارەدانی بە کۆمەڵی دەرکردوون، بەڵام کاتێك بزوتنەوە لە دوورگەی زانت سەرهەڵدەدات، لە سێدارەدان ڕادەگیرێن.

حوكمی سێدارەدانی بۆ هاوڵاتیانی دوورگەی سیریگو دەرکرد بە تۆمەتی ئەوەی ویستویانە دەست بەسەر  کەشتیەکی تورکیدا بگرن، فەرمانیان دەرکرد کە هەر کەسێك پەیوەندی بە یاخیبووەکانی گریکەوە بکات حوکمی لە سێدارەدرانی دەدرێت. ئەم کارە توندوتیژیانە کەمێك هێور دەبنەوە کاتێک لە ١٨٢٣ حکومەتی کاننگ دان بە کێشەی گریکدا دەنێت، هەرچەند ە ئینگلیزەکان هەندێك سۆزیان بۆ گریکەکان پەیدا بوو، لە هاوکاری کردنیان بەڵام هەمیشە دژی هەر هەوڵێك بوون کە دوورگەکانی ئەیونی بە گریکستانەوە ببەسترێنەوە.

کاتێکیش لە ئەنجامی دەستبەسەردا گرتنی کەشتیەکی گریکی لەلایەن دوورگەیەکی ئەیۆنیەوە گریکەکان نارەزایی دەردەبڕن، لە کاردانەوەی ئەو نارەزاییە حاکمی دوورگەکە زۆر بە توندی وەڵامی کابو دیستریاس دەداتەوە و پێی دەڵێت من هیچ حسابێک بۆ لایەنێك ناکەم کە ناوی لە خۆی ناوە دەوڵەت و کەس دانی پێدا نانێت.

کاتێک هەواڵەکان وا بڵاودەبنەوە گوایە لە دوورگەکانی گریکی دەنگۆی هەڵگیرساندنی شۆڕش هەیە، ئەوکات ئینگلیز چەندە تەنگەتاو دەبێت و بە نوێنەری خۆی ڕادەگەیەنێت کە بەم شێوەیە قسە لەگەڵ کابو بکات و پێی بڵێ: (کارێکی شێتانەیە ئەگەر گریکەکان ئەو دۆخە سیاسیەی ئێمە دروستمان کردوە دەستکاری بکەن، بەتایبەت ئەگەر ئەو دەستکاریە پەیوەندیی بە بەرژەوەندیەکانی ئینگلیزەوە هەبێت).

حکومەتی ئینگلیز بەم شێوەیە پشتگیری لە ڕژێمێکی ستەمکار لە ناوەوە کرد و  خاوەندارێتی دوورگەکانی بە مافی خۆی دەزانی.

دوورگە و خاکی گریکەکان لە ژێر دەستی بێگانەدا بوون، هەمیشە خەباتیان لە پێناو گەڕاندنەوەیدا دەکرد، بۆ دوورگەکانی ئیوانی تا ساڵی ١٨٦٩ خەبات و بەرەنگاربوونەوە هەبووە، بۆ دوورگەی تسالیا تا ١٨٨١ خەباتیان کردووە و لە ١٨٩٨توانیانە ڕزگاری بکەن، بۆ دوورگەی ساڵۆنیك تا ١٩١٢ تێکۆشاون.

گریکستان یەکەم دەوڵەت بووە لە ئیمپراتوریەتی عوسمانی دەرچووە و یەکەم دەوڵەتی ئەوروپا بووە لە ساڵی ١٨١٥لە سەر بنەمای نەتەوی دامەزراوە، دروستبوونی ئەو دەوڵەتە کارێکی ئاسان نەبووە چاکە و قارەمانێتیەکەی بۆ خەڵکەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان وای کردوە داخوازی و مافە نەتەویەکانیان پشتگوێ بخرێن و حسابی بۆ نەکەن، ئەمەش کاری خەبات و بزاوتنی ئازادی و نەتەویی قورستر کردوە، گریکستان بۆتە قوربانی بەرژەوەندی و ململانێکانی وڵاتە زلهێزەکانی وەکو ڕوسیا و ئینگلیز و فەرەنسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خاکی بەرتەسك کراوەتەوە و پارچەپارچە کراوە و جیاوازی ئەتەنی و ئاینیی بۆ دروستکراوە، ئەمانە هەموویان بوونەتە هۆکاری بە ئامانج نەگەیشتنی خەباتی ئازادی و ڕزگاریخوازی نەتەوی و سیاسیی گریکەکان. دەوڵەتە ڕکابەرەکان بە هەوەست و ئارەزووی خۆیان سیستەمی حوکمیان بەسەردا سەپاندووە، هەر بەم هۆیانەوە ئەو دەوڵەتەی لە ١٨٣٢ دروستکرا دەوڵەتێکی تەواو نەبوو، لەسەر بنەمای نەتەوی دروست نەکرابوو، چونکە داخوازیە نەتەویەکانیان نەهاتبوونە جێ، هەروەها لەسەر بنەمای سیاسیش دروست نەکرابوو، چونکە دەبووایە ئەو حکومەتەی هاوردەیان لەگەڵ پێکهاتە و کەلتوورە نەتەویەکە بگونجاندبا، بەم جۆرە گریکستان ئەزموونێکی نێودەوڵەتیی مەزن بوو.

مێژووی دروستکردنی گریکستان لەبەر چەند هۆیەك پڕ بایەخ بوو، بەردەوامیی تایبەتمەندیەکانی نەتەوایەتیی گریکستانمان نیشاندەدات. ئەوەی بینیمان لەو ئەزموونە پارچە کردن لە لایەك، تاکڕەوی لە ڕادەبەدەر لە لایەك، گیانی دەمارگیری حزبایەتی لەلایەك، ئەمانە خەسڵەتی گریکە کۆنەکانن تا ئەوکات مابوونەوە و دەستیان پێیەوە گرتبوو. بۆمان دەردەکەوێت کە هلینیە نوێکان نەوەی گریکە کۆنەکان و ئەسبارتیەکان و بیوسیەکانن، ئەمەش ئەو بڕوایەمان پێ دەبەخشێت کە بڵێن هەمان نەفسیەتە بەهێزەکەیە درێژەی هەیە، ئەمەش یا بەهۆی خەسڵەتی ڕەگەز یا خەسڵەتی دۆخەکان کە بەسەر گریکەکاندا سەپێندراوە، دەردەکەوێت هەمان خەسڵەتن کە لە گریکە کۆنەکاندا هەبوون.

دواجار ئەزموونی دروستکردنی گریکستان تەنها خزمەتی گریکەکان ناکات بەڵکو: ١/ نموونەیەك دەبێت کە نەتەوەکانی دیکە پەندی لێ وەرگرن.

٢/ ئەم ئەزموونە هێزێکی وای بە هزری نەتەوی بەخشی کە هەرگیز سەرکوتکردنی ئەستەم و شکست خواردووە.

٣/ ئەوەشی سەلماند کە هەماهەنگی و یەکدەنگی ئەوروپی بە هەماهەنگی و یەکدەنگی حکومەتەکانیان دروستدەبێت.


٤/ بزوتنەوەی نەتەوایەتیی گریکیش بەهێزترین فاکتەری ئەوروپا بوو بۆ دابەشکردنی پەیماننامەی پیرۆز.

بەرگی یەکەم تەواو بوو

٢٠١٧/٦/٥

کاتژمێر ١٦،٥٠

## کورتە سەربوردەیەکی وەرگێڕ



خالید عومەر میکائیل ناسراو بە ( خالید هەرکی)

- لە پایزی ساڵی ١٩٥٤لە هاوینەهەواری سەلاحەدین (سەربەن، پیرمام) لە دایك بووە.
- باری کۆمەڵایەتی: خێزاندارو خوداپێداوی دوو کچ و سێ کوڕە (جووتیار، شەنگار، بژار، پاڵە، هێرۆ).
- باری زانستیی: بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسیەکان.

- باری ئەدەب و پیشەیی: نووسەر و وەرگێڕ، یەکەم نووسینی لە ساڵی 973 بووە لە ڕۆژنامەی برایەتی، لە دوای ڕاپەڕین لە نووسینی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەردەوامە، تا ئێستا خاوەنی هەشت کتێبی وەرگێڕدراوی بە چاپ گەیەندراوە، دووانیش لە ژێر چاپدان بەناوی (ماکسیم گۆرکی) ئەوی دیکەیان لە نووسینی خۆی بەناوی (دەوڵەتداری، دامەزراندن و بەڕێوە بردنی). چاپکراوەکان
- ١/ دیگۆل، پیاوی سیاسەت و حوکمڕان .
- ٢/ مێژووی هاوچەرخ، ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی.
- ٣/ ترۆتسکی.
- ٤/ کورد و ئەرمەن، پەیوەندیە مێژووییەکانی.
- ٥/ کوردستان و کوردەکان.
- ٦/ مکیافیللی،،سێبەری شەیتان لەسەر زەوی.
- ٧/ نوری سعید، پیاوی ئەرکە قورسەکانی بەریتانیا.
- ٨/ گیڤارا.
- لە ژێر چاپەکان . ١/ ماکسیم گورکی .٢/ دەوڵەتداری دامەزراندن و بەڕێوە بردنی (لە نووسینی خۆم)
- ژیانی سیاسیی :
- لە ساڵی ١٩٧٠ وە دەست پێدەکا لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانەوە.

- له 1974 بەشداریی له شۆڕشی ئەیلول کردووه.
- له شوباتی ١٩٧٦ دەچێته ڕیزی کۆمەڵه که باڵێکی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووه.
- له مایسی ١٩٧٧ ئەوکاتەی فەرمانبەری بانکی کشتوکاڵی شەقڵاوه بووه بەهۆی ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکانیان دەگیرێت و به ١٠ ساڵ زیندانی حوکم دەدرێت، له ئابی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.
- دوای ئازاد بوونی بۆ چەند ساڵێك ڕوو له شاخ دەکات و دەبێته پ.م .
- ئێستاش به بواری نووسین و وەرگێڕانەوه خەریکه.

-----------------------------------

سوپاس بۆ کاک عەباس حەمه شاری بۆ پێداچونەوەی به کتێبەکەدا

--------------------

## پێڕسك


پێشكەش

پێشەكیی وەرگێڕ

بابەتی یەكەم، نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری

**بەشی یەكەم**، پرەنسیپەكانی بنەمای نەتەوایەتی

ا/ قوتابخانەی فەلسەفەی فرەنسی

ب/ قوتابخانەی مێژوویی ئەڵمانی

**بەشی دووەم**،ڕەچەڵەكی مێژوویی نەتەوە ئەوروپیەكان

پۆڵۆنیا

هەنگاریا

ئەنجوومەنەكانی هەنگاری:

گریك

كەلیسا

شارەوانیەكان

ئیرلەندا

ئامرازەکانی حوکمرانی ئینگلیز لە ئیرلەندا چین؟

١/ سیستەمی سیاسی-

٢/ کەلیسای ئینگلیکانی

٣/ موڵکدارەکان

**بەشی سێیەم**،شۆڕشی فرەنسی و نەتەوە ئەوروپیەکان

مەزهەب و سیاسەتی شۆڕش

کاریگەری شۆڕش لەسەر وڵاتە دراوسێکان

١/ ئیتالیا:

٢/ سویسرا

هەرێمی ڕینانی

کاریگەری شۆڕش لەسەر وڵاتە دوورەکان

٣/ پۆڵۆنیا

٤/ ئەڵمانیا

یەکەم بزوتنەوەی نەتەویی گریکی

بڵاوبوونەوەی هزری شۆڕشگێڕی

کوریە

ئیرلەند

یاخیبوونی ١٧٩٨

**بەشی چوارەم**، ئەوروپای ناپۆلیۆنی و نەتەوەکان

هزرو سیاسەتی ناپۆلیۆن

کاریگەری ئیمپراتۆریەت لە ئەڵمانیا :

هەموارکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی جیرمانی لە ٢٣ی شوباتی ١٨٠٣

کاریگەری ئیمپراتۆریەت لە ئیتالیا

کاریگەری ئیمپراتۆریەت لە پۆڵۆنیا:

کاردانەوەی نەتەوایەتی دژی حوکمی فەرەنسی:

١/ ئیسپانیا

سوپای نیزامی

گەل

چینی نەجیبزادەکان

ڕۆحانیەکان

هوشیاری هەستی هەرێمچێتی

٢/ ڕوسیا

٣/ هۆلەندا

٤/ باڤاریا

٥/ پروسیا

دامەزراندنی سوپا

چاكسازی حكومەت و ئیداره:

چاكسازی كۆمەڵایەتی:

بەرەنگاریەكانی تاكەكەسی:

بزوتنەوە تیرۆلیەكان:

كۆمەڵەی چاكە:

نیشتمانپەروەری ئەدەبی

فیختە

زانكۆكان:

پیاوانی كار

شتاین

٦/ ئیتالیا

ژیانی هزری و مۆراڵی: ٧/ پۆلۆنیا

٨/ پروسیای ڕۆژهەڵات

لاندوهەر(سوپای وشكانی)

ڕێكخستنی لاندوهەر

شەڕی ڕزگاریخوازی لە وڵاتەكانی دیكە

١/ ئیسپانیا

۲/ هۆڵەندا

۳/ بەلژیك

/ ئیتالیا:

ئیتالیای باشور:

**بەشی پێنجەم**، ئەوروپا لە ۱۸۱۵

ئامانج و مەزهەب:

بزوتنەوە ئازادیخوازیەکان:

ئەڵمانیا

بروسیا

ئیتالیا

ئیسپانیا:

ڕوسیا :

**بەشی شەشەم**، گریك وەکو یەکەم دەوڵەتی نەتەوی

شۆڕش

یاخیبوون لە باکوری ڕۆژهەڵات دەستپێدەکات:

قەیرانی گریکستان و دەستێوەردانی ئەوروپی :

پێکهێنانی پادشانشینی گریکستان

کورتە سەربوردەیەکی وەرگێڕ

سوپاس

پێڕسك